تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

دەزگای
چاپ و
پەخشی

کوردستان

لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی وناوچەییدا
1932-1890

کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین
(کامەران مەنتک)

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردي , عربي , فارسي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

کوردستان

لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی و ناوچەییدا
1932-1890
توێژینەوەیەك لە مێژووی سیاسی و ئابووری

کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین

---------------- سلێمانی 2000 ----------------

- ناوی کتێب: کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی وناوچەییدا 1932-1890
- بابەت: توێژینەوە
- نووسینی: کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین
- مۆنتاژی کۆمپیوتەر: ئاسۆ سەعید
- چاپی یەکەم: 2000
- تیراژ: 1100 دانە
- ژمارەی سپاردن: (236)ی 2000
- چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (75)

ناواخن

لاپەڕە	بابەت
12-5	پێشەکی
30-13	دەروازە
93-31	**بەشی یەکەم :** کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا جەنگی جیهانی یەکەم .
49-31	**باسی یەکەم :** کوردستان و کاریگەری گۆڕانی باری ئابووری و سیاسی نێو دەوڵەتیی .
71-50	**باسی دووەم :** کوردستان لەنێو بازنەی ململانێی دیپلۆماتیکی هێڵی ئاسنی (بەرلین-بەغدا)دا .
93-72	**باسی سێیەم :** کورد و شوێنی کوردستان لە ڕێکەوتننامەو هاوپەیمانەتیە نێو دەوڵەتیی و ناوچەییەکاندا .
135-94	**بەشی دووەم :** کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم .
113-94	**باسی یەکەم :** کوردستان وەك گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەو لەیەکدانی لایەنە شەڕوانەکان.
135-114	**باسی دووەم :** کورد لەنێوان دۆزی نەتەوەیی و بەرژەوەندی لایەنە شەڕوانەکان.
188-136	**بەشی سێیەم :** کوردستان لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم.
163-136	**باسی یەکەم :** ناکۆکی و ململانێی لەسەر بەرژەوەندیەکان دوای جەنگ و چارەنووسی کوردستان .
188-164	**باسی دووەم :** پەترۆل و شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان وەك دوو تەوەری ململانێ.

بەشی چوارەم : هێزە ناوچەییەکان و ململانێیان لەسەر کوردستان. 233-189

باسی یەکەم : ململانێی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی تورك لەسەر کوردستان. 210-189

باسی دووەم : ململانێی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی عەرەب لەسەر کوردستان. 233-211

بەشی پێنجەم : بزاڤی کورد لەنێوان هێزە ناوچەیی و نێو دەوڵەتیەکاندا. 279-234

باسی یەکەم : بزاڤی کورد لە ساڵەکانی دوای جەنگ تا کۆتایی 1925. 260-234

باسی دووەم : بزاڤی کورد لەنێوان هاریکاری هێزە ناوچەیی و نێو دەوڵەتیەکاندا 1926-1932. 279-261

ئەنجام 285-280

بیبلۆگرافیا 321-286

پاشکۆکان 360-322

پێشەکی

توێژینەوە لە بابەتی ململانێی نێو دەوڵەتی ناوچەیی لەسەر کوردستان، ئەگەر خۆی لەخۆیدا کارێکی گرنگ و پێویست بێت، ئەوا ئەرکێکی ئێجگار سەخت و دژواریشە. بەتایبەتی لە ماوەیەکی مێژوویی تژی ئەژواری و گۆڕانکاریدا ١٨٩٠-١٩٣٢. کە زۆر گۆڕانی گەورەی ئابووری وسیاسی لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی روویاندا، بووە هۆی ئەوەی سیاسەتی زلهێزەکان بەردەوام لە گۆڕانێکی بەلەز دابێت، ئەمە وایکرد ململانێیەکە بەشێوەیەکی گشتی لە رۆژهەلاتی ناڤین و بەتایبەتی لەسەر کوردستان چڕتربێتەوە. بۆیە توێژەر ئەگەر بەووردی و ئاگاداریەوە مامەڵەیان لەگەڵ نەکات، رەنگە دوچاری زۆر هەڵە بێت.

دەشێ لەیەکەم چاوپیاخشاندا پرسیارێك لای خوێنەر سەرهەڵبدا. کە بۆچی ساڵی ١٨٩٠ کراوە بەسەرەتایەك بۆ توێژینەوە؟ لەراستیدا ئێمە خۆشمان لەو بڕوایە داین دیاریکردنی ساڵێك بەووردی بۆ رووداوی مێژوویی شتێکی لەبار نیە! وەلێ ئەم ساڵە تایبەتمەندیەکی تارادەیەك تایبەتی هەیە. تەنانەت هەندێك بەسەرەتای سەدەی بیستەمی دەژمێرن [١٨٢]. وەك لەدوو توێی ئەم توێژینەوەیەش دەردەکەوێ، ئەو گۆڕانە ئابووری سیاسیانەی لەم پێواژۆکەدا روویاندا، کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر چارەنووسی کوردستان هەبوو. بابەتەکەش زێتر تایبەتە بە ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەیی لەسەر کوردستان، نەك مێژووی کورد، لە مێژووی پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی نێو دەوڵەتیش ئەم ساڵەیان بە دەستپێکی پێواژۆکی ئیمپریالیزم داناوە، کە هاوکات بە پێواژۆکێکی نوێش دەژمێردرێ لە ململانێی نێو دەوڵەتی لەسەر کوردستان. بۆیە بە پێداویستیەکمان زانی ئەم ساڵە بکەین بەسەرەتایەك بۆ

دەستپێکی توێژینەوەکە. هەرچی دەربارەی ساڵی دیماهی توێژینەوەکەیە، هەر لەو ساڵەدا دوا راپەڕینەکانی کورد لەو ماوەیەدا بەهاریکاری نێو دەوڵەتیی و ناوچەیی لەهەموو پارچەکانی کوردستان سەرکوتکرا. هاوکات هەندێك لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر پارڤەکرا، بە شێوەیەکی یاسایی دانیان پیانراو وەکو ئەندامێك لە کۆمەڵەی گەلان وەرگیران. بەمەش پێواژۆکێك لە مێژووی کورد دیماهی هات و پێواژۆکێکی تر دەستی پێکرد.

ماوەیەك بوو گەرەکم بوو لەسەر بابەتێکی ئیوها بنووسم، بۆ وەرام دانەوەی چەندین پرسیار، کە رەنگە مەژی زۆر لە رۆڵەکانی کوردی خەریك کردبێ، ئایا کورد بۆ دەوڵەتی نیە؟ بۆچی پارڤەکراوە؟ بۆچی بەم چەشنە رەفتار لەگەڵ کورد دەکرێت؟ ئایا کەم وکوڕی لە خودی کەسایەتی مرۆڤی کورد دایە، وەك لەلایەن دوژمنانی کوردەوە بەگەرمی پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت، یاخود لەبەر دەوڵەمەندی و گرنگی و بایەخی شوێنی کوردستانە؟! دەستپێکی توێژینەوەکە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بوو لەسەر مێژووی کورد نووسراوە، پاشان مێژووی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر پارڤەکراوە. بۆئەوەی بە چاوێکی نوێ سەیری مێژووی کورد بکەین، بەبێ ترس و دوور لەکاریگەری ئەو مێژووەی کە بەشێواوی لەلایەن دوژمنانی کورد نووسراوەتەوە. هاوکات بەتەنیا رووداوەکان رێز نەکەین، بەڵکو هۆکارەکانی روودانیان و پەیوەندیان بەیەکتر روون بکەینەوە. ئەنجامی شەونخونی و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر، ئەم توێژینەوەیە هاتە بەرهەم، کە لەدەروازەیەك و پێنج بەش پێکهاتووە. لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانە خراوەتە روو کە توێژەر پێی گەیشتووە.

دەروازە: هەوڵدراوە ئەو زەمینەیە بگورێنرێ کە توێژینەوەکەی لەسەر بیناکراوە. باس لەسەرهەڵدانی هێزی نوێ و چڕبوونەوەی ململانێیەکە دەکا لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، بەشێوەیەکی ووردتریش لەسیەکانی سەدەی نۆزدەهەم تاکۆتایی هەمان سەدە. کاریگەری ململانێیەکە لەسەر بزاڤی کورد و رووخانی میرنشینە کوردیەکان روونکراوەتەوە، لەگەڵ کاریگەری ئەو ململانێیە نێو دەوڵەتیە لەسەر کپ کردنەوەی راپەڕینەکانی کورد لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا.

بەشی یەکەم: بۆ ماوەی ١٨٩٠ تاجەنگی جیهانی یەکەم تەرخان کراوە، لە سێ باس پێکهاتووە.

باسی یەکەم: باسی ئەو گۆڕانە ئابووری و سیاسیانە دەکا کە لەو ماوەیەدا روویانداو کاریگەریان لەسەر کوردستان و دۆزی کورد هەبوو، هاوکات ئاماژە بۆ هاتنە ناوەوەی زلهێزی تر بۆسەر گۆڕەپانی ململانێیەکە دەکات، بە پلەی یەکەمیش ئەڵەمانەکان.

باسی دووەم: باسی کوردستان دەکا لەنێو بازنەی ئەو ململانێیە دیپلۆماتیکیەی لەسەر پرۆژەی هێڵی ئاسنی (شەمەندەفەر) بەرلین - بەغدا هاتە ئارا، کە زۆربەی ئەو هێڵانە بەسەر خاکی کوردستان دا تێدەپەڕی. واتە کوردستان ببووە ئەو چەقەی لە ڕێگای ئەوەوە تۆڕی هێڵە ئاسنەکە، زۆربەی رۆژهەڵاتی بە ئەوروپا دەبەستەوە.

باسی سێیەم: تایبەتە بە کورد و شوێنی کوردستان لە ڕێکەوتننامەو هاوپەیمانیەتیە نێو دەوڵەتیی و ناوچەییەکاندا، هەروەها لە هەوڵی ئینگلیزەکان دەدوێ بۆ ئابلووقەدانی چالاکی ئەڵەمانەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان لەم ڕێگایەوە. لەگەڵ هەوڵی ئەڵەمانەکان بۆ شکاندنی ئەو ئابلووقەیە. هاوکات باسی کورد و ئەو شەڕ و ناکۆکیانە کراوە، کە وەك رەنگدانەوەیەکی ئەو ململانێیە لە نێوان ئێرانی و عوسمانیەکان روویدەدا.

بەشی دووەم: باسی کوردستانە لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەم، لە دوو باس پێکهاتووە.

باسی یەکەم: لە شوێنی کوردستان توێژراوەتەوە وەك گۆڕەپانێکی ململانێی چەکداری و ئەو رووبەڕوو بوونەوانەی لەسەرخاکی کوردستان روویاندا. کە بەشێکیان چارەنووسی شەڕەکانی بەرەی رۆژهەڵاتی دیاریدەکرد، وەك شەڕی سەری قامیش، هاوکات ئاماژە بۆ ئەو ماڵوێرانی و دەردەسەریە کراوە، کەوا گەلی کورد لە ئەنجامی ئەم جەنگەدا دوچاری هات.

باسی دووەم: باسی کورد دەکا لە نێوان بزاڤی نەتەوایەتی، واتە هەوڵەکانی لەپێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی، لەگەڵ هەوڵی لایەنە شەڕوانەکان بۆئەوەی کورد لەپێناو ئامانجەکانی خۆیاندا لەم جەنگە بەکاربێنن.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە باری کوردستان لە دوای جەنگ، لە دوو باس پێکهاتووە:

باسی یەکەم: لەو ملمڵانێ و ناکۆکیانە توێژراوەتەوە کە دوای جەنگ هاتە ئاراو ڕۆڵی کاریگەریان لە دیاریکرنی چارەنووسی کوردستان بینی. باسی هەوڵی زلهێزەکان کراوە بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ناوچەییانەی کە کوردستانیان بەسەر پارڤەکرا. شوێنی کوردستان و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لەم بوارەدا روونکراوەتەوە.

باسی دووەم: باسی ئەو ملمڵانێیە دەگرێتە خۆ کەلەسەر پەترۆل و شوێنی جیوپۆلەتیکی کوردستان سەری هەڵدا. کە بوو بەتەوەری ملمڵانێی سەر کوردستان. هاوکات لەو رایانەش توێژراوەتەوە کە لەم بارەیەوە نووسراون، لەگەڵ هەوڵدانێك بۆ هەڵسەنگاندنیان.

بەشی چوارەم: لەم بەشەدا ملمڵانێی ناوچەیی لەسەر کوردستان خراوەتە روو، کە خۆی لەبنەڕەتدا، ملمڵانێی تورك و فارس و عەرەب دەگرێتەوە. وەڵێ لەبەرئەوەی فارسەکان نەچوونە ناوجەنگەوە، دواتریش ئینگلیزەکان هەوڵیاندا بەهەموو شێوەیەك لەم ملمڵانێیەیان دووربخەنەوە، ملمڵانێیەکەش زێتر لە باشوری کوردستان بوو، کە بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریای عوسمانی پێشوو، ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو بەمیسۆپۆتامیای بلکێنن، ملمڵانێیەکە لەم پێواژۆکە زێتر لەنێوان تورك و عەرەب بوو لەسەر کوردستان. بۆیە رۆڵی فارسەکان باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکرا، بەڵکو لەدووتوێی بەشی سێیەم و بەشی پێنجەمدا، کە باسی بزاڤی کورد دەکرێ رۆڵی فارسەکان روونـدەکرێتەوە، بۆیە ئەم بەشە لە دوو باس پێکهاتووە.

باسی یەکەم: دەربارەی ملمڵانێی دەسەڵاتداری ناسیونالستی تورکە لەسەر کوردستان. باس لە سەرهەڵدانی بزاڤی کەمالیستەکان و قۆناغەکانی ملمڵانێیان لەسەر کوردستان کراوە، هاوکات ئاماژە بۆ دەسەڵاتی داتەپیوی عوسمانیەکان دەکرێت کە چۆن هەوڵیاندەدا کورد فریو بدەن و وابکەن وەك ئەنجامی دۆڕاندنیان لە جەنگ کوردستانیان لێ جوێ نەکرێتەوە.

باسی دووەم: باس لە ملمڵانێی دەسەڵاتداری ناسیونالستی عەرەب دەکرێت لەسەر کوردستان، کە چۆن بەشێکی زۆری کوردستانیان وەك پارچەیەکی جوێ نەکراوە لە نیشتمانی عەرەبی حسێوکردووە! هەروەها ئاماژە بۆ هاتنی فەیسەڵ و هەوڵەکانی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی بۆ لکاندنی بەشێکی گرنگی باشوری کوردستان بە مسیۆپۆتامیاوە دەکرێ.

بەشی پێنجەم: تەرخانکراوە بۆ بزاڤی کورد لە نێوان هاریکاری نێو دەوڵەتی و ناوچەیی، لە دوو باس پێکهاتووە:

باسی یەکەم: باسی هەوڵەکانی کورد خۆی دەکرێت لەدوای جەنگەوە تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٥. لەو راپەڕینانە توێژراوەتەوە کە لەو ماوەیەدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان دایسان، هەروەها پەیوەندی و کاریگەریان لەسەر یەکتر روونکراوەتەوە، هاوکات باسی هەوڵەکانی داگیرکەران کراوە بۆ سەرکوتکردنەوەی ئەو راپەڕینانە.

باسی دووەم: باسی ئەو رێکەوتننامەو هاریکاریە ناوچەیی و نێو دەوڵەتیانە دەکرێت، کە لەدوای دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بەلکاندنی باشوری کوردستان بە میسۆپۆتامیا گرێدران لەپێناو لەناوبردن و نەهێشتنی بزاڤی نەتەوایەتی کوردی. هاوکات باسی راپەڕینەکانی کورد دەکرێت لەنێو تەونی ئەو رێکەوتننامانە. ئەم باسە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٥ بەخۆوە دەگرێ تا ساڵی ١٩٣٢. کە دوا باسی توێژینەوەکەیە.

ئەنجام: پوختەی ئەو خاڵانەی تیا روونکراوەتەوە، کە توێژەر لەئەنجامی توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە.

ئەو ئەستەنگانەی رووبەڕووی توێژەر هاتن گەلێك زۆرن، رەنگە لەپێشەوەی هەموویان بەکارهێنانی زمانی کوردی بێت ! لەبەرئەوەی دوای نۆ ساڵ لە راپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستان و لە هەرێمی کوردستانی ئازاد دا، ئەوە یەکەمین نامەیە بەزمانی کوردی دەنووسرێت، زمانی کوردیش وەك دەزانین نە لەرووی رێنووسەوە یەکیەتی هەیە، نە لەرووی زمانەوە. واتە نووسین بەو زمانە دەوڵەمەندو ... ناگزووره ! لە بابەتێکی ئەکادیمی مێژوویی، کە هێشتا کەس کاری پێ نەکردووە، هەنگاوێکی سەخت و تژی ئەستەنگ بوو، وەلێ وەك دەڵێن رێگای هەزار میل لەیەك هەنگاوەوە دەست پێدەکات، هەرچۆنێك بێت بە باشمان زانی بەهەموو کەم و کوڕیەکەوە ئەم هەنگاوە هەڵێنین و شەرەفی نووسینەوەی یەکەم نامەی ئەکادیمی لە بواری مێژوودا بەزمانی کوردی وەدەست بێنین. تا خوێنەریش دوچاری ئەستەنگ نەبێت، وامان بەگونجاو زانی کە لەپاشکۆکان، فەرهەنگۆکێك بۆ ئەو وشانە بکەین کە لەوانەیە لای خوێنەرێکی ئاسایی نامۆ بێت. بەمەش ئەگەر بۆ کەمێکیش بێت ئەرکی خوێندنەوەی سووکتر بێت. لە ئەستەنگەکانی تر نەبوون، یاخود کەمی ئەو سەرچاوانەی لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە. هاوکات هەژاری کتێبخانەکانی کوردستان لەم جۆرە بابەتانە. هەروەها لەبەردەست نەبوونی

بەڵگەنامەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ، کەبەداخەوە لە کوردستان تا ئێستا شوێنی تایبەت بەپاراستنی بەڵگەنامەکان دانەمەزراوە. سەرباری ئەمە ئەو بەڵگەنامانەی هەن، لەبەردەستی ئەو دەوڵەتانەدایە کە کوردستانیان بەسەر پارچەکراوە و یادەستیان ناگاتێ، یا بەئەستەنگ دەستیان دەگاتێ !

یەکێك لە ئەستەنگەکان چۆنیەتی بەکارهێنانی زاراوەکان بوو، لەبەرئەوەی بەشی زۆری مێژووی کورد لەلایەن دوژمنانیەوە نووسراوە، بۆیە هەموو هەوڵێك دراوە ئەم مێژووە بشێوێنرێ، ویستوویانە ناوی کوردستان لە نێو ململانێیەکان بسڕنەوە. یاکوردستانیان بە بەشێك لەو دەوڵەتانە ژماردووە و شوێنی کوردستانیان بەئەنقەست گوم کردووە، یاخود زاراوەی وایان بەکارهێناوە کە رووی راستەقینەی شتە بنەڕەتیەکان بشارێتەوە. بۆ وێنە لەجیاتی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)یان بەکارهێناوە ! جا ئەگە ربێت و باشوری کوردستان بەکاربێنین، ئەوا زاراوەکە لەواتاکەی خۆی فراوانتر دەبێت و بەشی باشوری رۆژهەلاتی کوردستانیش دەگرێتەوە، کەجیایە لەو دەوڵەتەی بەشەکەی تری باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ)ی بەرکەوتووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئەژوارییە هەوڵماندا ئەگەر مەبەستمان باشوری کوردستان بەواتا فراوانەکەی بێت، ئەوا وەکو خۆی بەکاری بێنین، ئەگەر مەبەستیشمان ویلایەتی موسڵ بێت، ئەوا باشوری کوردستان، لەو شوێنانەی پێویستیش بێت، - ویلایەتی موسڵ - کەی لەتەك بنووسین، تاسەر لە خوێنەر نەشێوێ و بابەتەکانی لێ تێکەڵ نەبێت.

ئەو بەڵگەنامەو سەرچاوانەی دەستمان کەوتن ئەو روانگەیان لەکن چێکردین، کە ئەو وولاتانەی کوردیان بەسەر پارچەکراوە، زۆر رەگەزپەرستانە مامەڵەیان لەگەڵ کورد کردووە، بەهەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە ناسنامەی کورد بوونی گەلی کورد بسڕنەوە. ئەو دروشمە بریقەدارانەی کە بۆ برایەتی و هاوئاینی بەرزکراوەتەوە زێتر بۆ فریودان بووە. ئەمە وایکرد زۆر راستەقینە هەیە پێویستە وەکو توێژەرێك بینووسین و ئەگەرنا پێمان وادەبێ لەدەست پاکی مێژوویی لاماندا وە. کە لەئەنجامدا دڵنیاین ئەگەر لە روانگەیەکی مێژوویی و ئەبستراتیکەوە سەیر نەکرێن رەنگە بەشێوەیەکی تر وەدیارکەون ! هەرچۆنێك بێت توێژینەوەی ئەکادیمی پێویستە راستەقینە مێژووییەکان بدرکێنرێ و نەخزێتە بن باری روانگەی سیاسیەوە.

هەوڵماندا بەگوێرەی توانا بەنەرمی مامەڵە لەگەڵ بەڵگەنامەکان بکەین، ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامانەمان لەدووتوێی کتێب، یا ئەو نامانەی ماستەر و دکتۆرا وەرگرتووە کە لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر پارچەکراوە، بەتایبەتی لە زانکۆکانی عێراق وەرگیراون.

بۆ نووسینەوەی ئەم بابەتە پشت بەژمارەیەکی زۆر لەسەرچاوە بەستراوە، لەوانە ئەو کتێبانەی کورد خۆیان نووسیویانە، کەبەداخەوە ژمارەیان زۆر کەمەو بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەتایبەتی لەماوەی بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم کە چەند کتێبێك هەیە ئاماژە بۆ ئەو سەردەمە دەکات، لەوانە یاداشتەکانی زنار سلویێ. یاخود ئەو کتێبانەی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، لەوانە کتێبەکەی لازاریف (کێشەی کورد)، کەیەکێکە لەکتێبە دانسقەو نایابەکانی لەسەر کورد نووسراوە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم. ئەم کتێبە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی روسی بەستووە. بۆیە لە رێگای ئەم کتێبەوە توانرا ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی روسی بەسەر بکرێتەوە. هەرچی لە ماوەی جەنگ و دوای جەنگە، سوودمان لەو یاداشتنامانە وەرگرت کە لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراوە کە لەو رۆژگارەدا ژیاون و کەم یا زۆر بەشداری رووداوەکانیان کردووە. لەوانە یاداشتنامەکانی رەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی و حەسەن هوشیار و شێخ لەتیف. هەروەها کتێبەکانی ئەحمەد خواجە. هاوکات سوود لە یاداشتنامەی ئەو کوردانە وەرگیراوە کە بە زمانی فارسی نووسیویانەتەوە، وەکو یاداشتەکانی (شێخ رەئوفی ضیایی)، یاخود مەردۆخی کە لەدووتوێی کتێبەکەی کورد و کوردستان ئاماژەی بۆ کردووە.

هەروەها سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە کە بەزمانی عەرەبی نووسراون، یاخود وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی. لەوانە کتێبەکانی (الحسنی) وەکو (العراق في ظل المعاهدات) و (تاريخ الوزارات العراقيه) و... هتد، کە لە رێگایانەوە ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقی بەسەر کراوەتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا سوودێکی زۆرمان لە کتێبەکانی عەبدولعەزیز سلیمان نەوار وەرگرت. وەکو (المصالح البريطانية في انهار العراق و تاريخ العراق الحديث ...). کە پشتیان بەژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەی دانسقەی بەریتانی بەستووە. ئەمە سەرباری ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانەی کە لەبیبلۆگرافیاکە ئاماژەیان بۆ کراوە.

لەگەڵ ئەمانەدا پشت بەژمارەیەك لەسەرچاوەی فارسی بەستراوە، یاخود ئەوانەی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی، لەو کتێبە پڕ بایەخانەی کەسوودی لێ وەرگیراوە، کتێبەکەی کاوە بیات، (شورش كردهاى تركيه و تأثيرآن بر روابط خارجى ايران) بوو. کە پشتی بەژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەکانی شالیارگەی هەندەرانی بەریتانی بەستووە. هەروەها

کتێبێکی تری هەمان نووسەر، (ایران و جنگ جهانی اول)، کـە تایبەتـە بـە ژمارەیـەکی زۆر لـە بەڵگەنامەکانی شالیارگەی ناوەخۆی ئێرانی لە کاتی جـەنگی جیـهانی یـەکـەمدا. کـە نووسـەری ناوبراو کۆی کردۆتەوە، بەتایبەتی بۆ بەشی دووەمی توێژینەوەکـە سـوودی لێ وەرگـیراوە، کـە بەراستی بەڵگەنـامـەی پـڕبایەخیـان بـەخۆوەگـرتووە دەربارەی باری رۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یـەکەم. یاخود ئەو بەڵگەنامە ئینگلیزیانەی وەگێڕدراونەتە سەر زمـانی فارسی، وەکـوّ ((اسـناد محرمانـۀ قـرارداد ۱۹۱۹)). ئەمـە جگـە لـەو بەڵگەنامـە ئینگلیزیّانـەی وەگێڕدراونەتە سەر زمـانی عـەرەبی، وەکـو کتێبەکـەی ولیـد حـەمدی ((الکـرد وکردسـتان في الوثائق البریطانیة، یاخود ئەو بەڵگەنامەی د. ئەحمـەد عوسمـان لـەژێر نـاوی ((کردسـتان في عـهد السلام)) بەزنجیرە لە گۆڤاری (الثقافة)ی بڵاوکردۆتەوە. لەپاڵ ئەو بەڵگەنامـە بەریتانیانـەی عزیـز الحاج کە لەدووتوێی کتێبەکەی (القضیـــة الکردیـە في العشـرینات) بـڵاوی کردۆتـەوە. ئەمـە سەرباری ئەوەی سوود لەژمارەیەك لەسەرچاوەی تورکـی وەرگـیراوە، وەکـو (NUTUK)ەکـەی مستەفا کەمال و (ISTIKLAL SAVAS VE LOZAN)ەکەی عیسمەت ئینونۆ، کە سـەربردەکانی کۆنگرەی لـۆزان بـاس دەکـات. هـەروەها پشـت بـە ژمارەیـەکیش لـە سـەرچاوەی ئینگلـیزی بەستراوە کە لەبیبلۆگرافیاکە ئاماژەی بۆ کراوە.

لە کۆتاییدا ئەوە مـاوە بڵێـم، ئەگـەر هـەم و کـورِی و ناڕاسـتیەك لـەم توێژینەوەیـەدا هەبێت، بەهیچ کڵۆجێك ئەنجامی کەمتەرخەمی نیە، ئـەوەی زانـراوە کـراوە، مرۆڤیـش هـەرگیز نـاتوانێ هـەموو کـەم و کورِیـەکانی خـۆی پڕبکاتـەوە، ئـەوەی وابزانـی کـەوا نـەزانی خـۆی پڕکردۆتەوە، ئەوا لە گۆماوی نەزانیەکی تاریك و قـووڵ مەلـەدەکات. هیواداریـن توانیبێتمـان راژەیەکی مێژووی کورد بکەین ئەگەر کەمیش بێت.

دەروازە

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بەشێوەیەکی گشتی ململانێ لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات. دوو هێزی تر لە گۆڕەپانەکە ڕۆڵیان دیارترو بەرچاوتر کەوت. ئەوانیش فەڕەنگ و ئینگلیزەکان بوون.

دوای ئەوەی ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٩٨ میسری داگیرکرد. بەریتانیەکان مەترسیان لەسەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین پەیداکرد. ئەمەیان بە سەرەتایەك زانی بۆ گەفی فەڕەنگەکان لە هیند. رای کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لەم بارەیەوە زۆر ئاشکرابوو. لە نووسراوێکی لیژنەی نهێنی سەر بەم کۆمپانیایە کە لە ١٨ حوزەیرانی ١٧٩٨ دا نووسراوە، روونیان کردۆتەوە کەوا لە مەترسی فەڕەنگەکان بۆ سەر هیندستان هەڵدەلەرزن، ئیمپراتۆریاکەیان لە ڕۆژهەڵات شتێك بووە فەڕەنگەکان بە بەردەوامی ئێرەییان پێ بردووە. هەروەها ئەوە نیشان دەدەن زانیاریان لابووە کە حکومەتێکی پێشوویان هێویەکی ترسناکی هەبووە، گەرەکی بووە لە ڕێگایەك بگانە هیندستان لە ڕێگای ترۆپکی هێوی باش" رأس الرجاء الصالح" کورتر بێت [٤٨:٨٤]. کەواتە ئینگلیزەکان مەترسی ئەوەیان دەکرد فەڕەنگەکان بەکورترین ڕێگا بگەنە هیندستان و زەبرێك لە بەرژەوەندیەکانیان بوەشێنن. بێگومان کورتترین ڕێگاش ڕێگای فورات بوو ! ئەمەش ئەوە دەردەخا کە ئەو هەوڵەی فەڕەنگەکان پەیوەندیەکی پتەوی بە کوردستان هەبوو. بۆیە ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی کۆسپیان بۆ چێ بکەن، هەر لەهەمان ساڵدا کۆمیساریەکیان لەبەغدا کردەوە، بەم جۆرە کوردستان کەوتە نێوان سێ جەمسەری ململانێ، یەکێك لە میسرو یەکێك لەبەغدا ئەوەی تریشیان لە هیندستان، بەر لەویش ئێران بوو، کە بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە لکێنرابوو. بۆ هەمان مەبەست دەبینین لەنێوان ساڵانی ١٨٠٠-١٨٠٧ کۆمەڵێك ڕێکەوتننامە لەنێوان روس و فەڕەنگ و ئینگلیزەکان گرێ دەدرێت.

فەڕەنگەکان هەر بەوە نەوەستان لەگەڵ روسەکان رێکەون، بەڵکو هەوڵیاندا لە بەغداش جێ پێی ئینگلیزەکان لەق بکەن، بۆیە کاتێك سلێمان پاشای بچووك (١٨٠٨-١٨١٠) بووە والی بەغدا، لێپرسراوە بەریتانیەکان دوچاری دڵە ڕاوکێیەك بوون، گومانیان لەوە پەیدا کرد، والی نوێ لەسەر حسێوی بەریتانیەکان سیاسەتی نزیك بوونەوە لە فەڕەنگەکان بگرێتە بەر. بەتایبەتیش دامەزراندنی ئەم والیە لە ئەنجامی هەوڵەکانی باڵوێزی فەڕەنگ لە ئەستانە دا هاتبوو [٨٤:٩٠]. دوای ئەو هەنگاوانەی فەڕەنگ، ئینگلیزەکان راشکاوانەتر بۆ ناوەوەی کوردستان واژی بوونەوە. لەساڵی ١٨٢٠ ریچ گەشتێکی بۆ کوردستان کرد. ئەمە زەندەقی عوسمانیەکانی برد. چونکە دەیانزانی ئینگلیزەکان لە کوردستان شتێکیان لەبن سەردایە. دوای ئەو گەشتەی ریچ، هەر چەندە سلێمانی بەناوچەیەکی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەژمێردرا، مەحمود پاشا بڵاوی کردەوە کە لەبن دەسەڵاتی شای ئێران دەبێت. بۆ بارمتەش کوڕێکی خۆی نارده کرماشان. خالفین وای بۆ دەچێ ئەم بڕیارەی بەپێی ئامۆژگاریەکانی ریچ ئەنجام دابێ، چونکە لەو کاتەدا ئێران پتر لەبن دەسەڵاتی ئینگلیزەکان دابوو، بۆیە فراوان بوونی ئێران لەسەر حسێوی عوسمانیەکان لە سوودی ئەواندا بوو، لەلایەکی تر خۆشکردنی ئاوری دوژمنداری لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتە رێگای ناوبژیوانی بۆ ئینگلیزەکان خۆشدەکرد [٥٠: ٥٠-٥١]. ئەم پێنگاوانە بووە سۆنگەی ئەوەی لە ساڵی ١٨٢٢ شەڕ لەنێوان ئێرانی و عوسمانیەکان دایسێ، ساڵێك دواتر پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم گرێدرا.

روودانی گۆڕان لە تەرازووی ئەم هێزانەو ئەو ئەژواری و تەنگژەیەی لەو دەڤەرەدا سەری هەڵدا، بەرایێ لە بەرژەوەندی کورد دابوو، توانی سود لەو ململانێیە نێو دەوڵەتیەدا وەرگرێ. وەك فرایزەر دەڵێ : "بوژانەوەی راستەقینەی میری سۆران لەکاتی شەڕی نێوان روس و ئێران دەست پێدەکات. کاتێك ئێرانیەکان ناچار بوون سوپاکانیان بۆ بەرامبەر ئەو دوژمنە بکێشنەوە کە مەترسی لەسەر وڵات زێتر بوو. میر ئەو هەلەی قۆستەوەو هەموو ئەو زەویانەی گێڕایەوە کە ئێرانیەکان لێیان بێ بەش کردبوو. بگرە زۆر ناوچەی تریشی خستە بن رکێفی خۆیەوە" [١٥٣: ١١-١٢] تەنانەت رۆڵی کورد لەو ململانێیەدا تا ئەو رادەیە بەرز بووەوە، ئەو دەوڵەتانە کوردیان بە سۆنگەی هەموو شەڕو ئاژاوەیەکی نێوان خۆیان دەزانی. لەو نامەیەی ئێرانیەکان بۆ باڵوێزی بەریتانی لە ئەستانەیان نارد، شەڕو شۆڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، واتە ئێران و عوسمانیەکانیان "لەڕەفتارو کرداری کوردانی بەد نیهادو دانیشتوانی ئەولای سنوورەوە" [٢٦:١١٨] دەزانی !.

ئێرانیەکان ئەو نامەیان بەهەر مەبەستێك و لەسایەی هەر پاساوداتێك نووسیبێ، ئەوە دەسەلمێنی کورد رۆڵی دیاریان لە رووداوەکاندا هەبووەو هەوڵیانداوە ئاشتی و شەڕەکان بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بزوێنن، هاوکات کاریگەریشیان لەسەر نەخشەی سیاسی ئەم دوو هێزەدا هەبووە، چونکە زۆر لەمیرە دوورخراوەکان لە ئەستانە یاخود لە تەوریز بوون، واتە لە مەڵبەندی دەسەڵاتەوە نزیك بوون، بۆیە هەمیشە لایەکیان لە مەژی سیاسەتوانانی ئەم دوو دەوڵەتە داگیر کردبوو، منشیء بەغدادی دەڵێ : "ئەو پاشایانەی لەکار خرابوون، لەبەغدا ژمارەیان دەگەیشتە هەزار سوار" [٣٤:٢٤٧].

هەر چۆنێك بێت کوردەکان رقێکی زۆریان بەرامبەر عوسمانی و ئێرانیەکان هەبوو. ئەمە وایکردبوو هەر هێزێکی نوێ سەرهەڵبداو بێتە ئەو دەڤەرە پشتگیری بکەن. بۆیە کاتێك شەڕی تورکی - روسی ١٨٢٨-١٨٢٩ دایسا، کورد هەوڵیاندا خۆیان لەو شەڕە بدزنەوە. میرنشینەکانی هەکاری و بۆتان بەشداری شەڕیان نەکرد، بەهلوول پاشا کوردێکی بایەزید بوو هەوڵیدا هاوپەیمانیەتی لەگەڵ روسەکان گرێ بدا، کەچی سەرنەکەوت، فینشسکی دەڵێ : "لەکاتی شەڕی روسی - تورکی، کورد سەرداری هەڵوێست بوون" [١٧٨:١٤٢]. تەنانەت کاتێك سوپای روسی لە ساڵی ١٨٢٩ ئەرزەرۆمی گرت، ئەو شارە زۆرینەی کورد بوون، وەك پۆشکین، شاعیری گەورەی روسی کە وەك رۆژنامە نووسێك بەشداری ئەم شەڕەی کرد، نووسیویەتی : "ئەم شارە موسڵمانە کە لەلایەن ١٠ هەزار سەربازەوە گیراوە، تاقە کەسێکیش لە دانیشتوانی بۆ جارێکیش نەهات بێزاری دەربڕێ، بەرامبەر بە کردەوەی ناهەمواری سەربازێك" [٨٧:٣]. لە ساڵی ١٨٣١ کاتێك دوو میسینێری ئەمەریکایی لە کوردستان دەگەڕان، شوانێکی کوردیان تووش هات. شوانە وای زانی ئەوانە روسن، بۆیە ئەمەی بەهەلێکی لەبار زانی و پێی راگەیاندن فەرمانڕەوای ئەوان زۆردارەو زوڵمیان لێ دەکات. هەروەها پێی گوتن ئەمە زێدی کوردانەو داوای یارمەتی لێ کردن لەدەست فارسە قزڵباشەکان رزگاریان بکەن [٢٢:٦٣].

زێدە بوون و چڕبوونەوەی ململانێی نێو دەوڵەتی، وەك ئاماژەی پێکرا، کاریگەری گەورەی لەسەر بزاڤی نەتەوەیی کورد هەبوو، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا چەندین میری بەناوبانگ وەدەرکەوتن، کە جێگای دیاریان لەمێژووی کوردا گرتۆتەوە.

وەك ئاشکرایە هەر لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا رۆڵی ئینگلیزەکان روو لە زێدەیی و رۆڵی فەڕەنگەکان ڕوو لە کزی بوو، روسەکانیش تا دەهات رۆڵیان لەدوتوێی

ململانێیەکە کاریگەرتر بوو. کاتێك محەمەد عەلی لە میسر ئەستێرەی بەختی کەوتە درەوشانەوە، فەرەنگەکان بەهەلێکی لەباریان زانی بۆ گەڕاندنەوەی نفوزی لەدەست چووی خۆیان، ژەنرال کیلگنو، باڵوێزی فەرەنگ لە ئەستانە، لە ساڵی ١٨٢٥ گوتی : "گێڕانەوەی نفوزی سیاسی و بازرگانیمان لە رۆژهەلات لەسەر پەیوەندیمان بە محەمەد عەلی وەستاوە" [١٠١:١٧٤] "محەمەد عەلی"یش کاتێك بەرەو شام هات، لە کوردستان نزیك کەوتەوە. ئەو سەرکەوتنانەی محەمەد عەلی وەدەستی هێنا وای کرد کلیلی باکورو رۆژئاوای کوردستانی بکەوێتە دەست، یاخود ئەگەر هەر نەبێت ئەو دەڤەرەی لە دەوڵەتی عوسمانی لاتەریك کرد [١٩٨:٢١٥]. لەو کاتەدا میرنشینی سۆران لەترۆپکی بەهێزیدا بوو، گەیشتبووە پێواژۆکی پێگەیین و فراوان خوازی. ئەمەش پەیوەندیەکی پتەوی بەم گۆڕانە نێو دەوڵەتیانەوە هەبوو ناشێ لێی جوێ بکرێتەوە. هەندێك لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن کەوا پەیوەندی لەنێوان میری سۆران و سوپاکانی محەمەد عەلی لەشامدا هەبووە، حوسێن حوزنی باسی چەند نامەیەك دەکات لەنێوان میری رواندزو محەمەد عەلی ئالۆگۆڕ کراوە، کە لەدوای گرتنی ئامێدی و زاخۆ و ژەنگار پەیمانی یارمەتی دانی یەکتریان گرێداوە. بەپێی ئەو پەیمانە لەشکرەکانی میسر روو بە سوریەو ئەدەنە بچێتە خوار، میریش روو بەمێردین و ئامەد (دیاربەکر) لەشکرکێشی بکات [٦٨:١٦]. یەکێکی وەکو ساڵح قەفتان لەم بارەیەوە نووسیویەتی : محەمەد عەلی داوای لەمیری رواندز کرد پەیمانێك گرێ بدەن و خاکی عوسمانی لەنێو خۆیاندا پارڤە بکەن، وەلێ ئینگلیزو فەرەنگەکان ئەمەیان ژنەوت و رێگایان نەدا [٢٥:٣٧٠]. لەراستیدا ئەگەر مشت و مڕێکیش لەسەر دەقی نامەکان و مێژووەکانیان دا لە ئارادا بێت [٨٢:١٦٠] گومان لەوەدا نیە کرداره سەربازیەکانی هەردوولا ئەوە دەسەلمێنن کە بەرەو یەك رووگە کاریان کردووە، نەك بەتەنیا میری رواندز بەڵکو تیماوی بەگ، سەرۆکی هۆزی مللی و نەوەی تەیمور پاشا، لەگەڵ ئیبراهیم پاشا رێکەوت و پاڵپشتی سوپای میسری کرد بۆ گرتنی شاری مێردین و نەیهێشت هێزەکانی عوسمانی بەرەو ئەو شارە بکشێن [٢٣:١٣٣]. تەنانەت هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن سوپاکەی ئیبراهیم پاشا لەسەر گۆشتی مەڕی کوردستان دەژیا [١٥٩:١٢].

ئینگلیزەکان لەوە دەترسان میری سۆران ساتێك لە ساتەکان بێ هێوی بێت و لە رقی عوسمانیەکان میرنشینەکەی بخاتە ژێر فەرمانڕەوایی میسری. بۆیە دەیانویست وابکەن میسریەکان بەشداری ئەژواریەکەی میری سۆران نەکەن. بۆ ئەوەی ململانێیەکەش تەنگژەیەکی گەورەی لێ نەکەوێتەوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندیان بەمیری سۆران

کردو ریچارد وودیان R.Wood ناردەلای، تا میر رازی بکات مل کەچی سوڵتان بێت و گوێ نەداتەدنەدانی فارسەکان. بەو هێویەی باڵویزخانەی بەریتانی لە ئەستانە لەکن سوڵتان مشوری بۆ بخواو لێبوردنی بۆ وەرگرێ و بەپێی فەرمانێکی سوڵتانی، جارێکی تر بەسەر بەرزی بینێریتەوە سەر میرنشینەکەی خۆی [١٠٧:٢١٥].

ئەمە ئەوە روون دەکاتەوە بەرژەوەندی ئینگلیزەکان لەدوولاوە کەوتە مەترسیەوە، هاتنی ئیبراهیم پاشا بۆ شام، کە بەدەست و فیتی فەرەنگەکانیان دەزانی، لەگەڵ بەرزبوونەوەی رۆڵی میری سۆران. ئەو دوو هێزە مەترسی راستەوخۆیان لەسەر رێگای ووشکانی هیندستان و رێگای فورات هەبوو. کە فەرەنگەکان هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ئاواتی وەدەست هێنانی ئەو رێگایەیان لە ئەندێشەدا بوو، وەك لەنامەیەکی ناپلیۆن بۆ تەزاری روس هاتووە : "رێگای فورات نەخشەی دوا رۆژ دەنەخشێنی" [٣٧:٩٧]. بۆیە لەکاتی ئەو تەنگژانەدا ئینگلیزەکان هەوڵی وەدەست هێنانی جیاوکی روباری فوراتیان داو لەساڵی ١٨٣٤ ئەو ئاواتەیان بەئەنجام گەیشت. هنری . ب. لینچ کە خۆی رێگای فوراتی پشکنی، لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە فراوان کردنی چوارچێوەی نفوزی بەریتانیەکان لەم ناوچەیەدا توانای ئابووری و سیاسیان لە میسۆپۆتامیا زێدە دەکا، هەروەها پێی وابوو هەبوونی کەشتی بەریتانی لە فورات دەبێتە بەرپەچدانەوەیەکی بەهێز بۆ نفوزی روسەکان لە باشوری کوردستان و میسۆپۆتامیاو کەنداوی فارس، کە لەزێدەبووندا بوو. هاوکات دەبووە خاڵی بەیەکەوە گەیاندنی کەشتیگەلی بەریتانی لەکەنداوی فارس و دەریای سپیدا. هەروەها کونسوڵەکانی بەریتانی کە لە شارە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بڵاو بووبونەوە، بەیەکتری دەگەیاند. ئەمەش دەبووە سۆنگەی ئالوگۆڕکردنی زانیاری و رێکخستنی کارەکان لەنێو خۆیانداو، کاری دیپلۆماتیکی ئینگلیزەکانی ئاسان دەکرد [٦٢:٢١٦]. بەم جۆرە ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو لە رێگای کوردستانەوە دەریای سپی بە کەنداوی فارس ببەستنەوە.
بەم پێنگاوەش بەبەردێك دوو چۆلەکەیان دەکوشت، لەلایەك رێگایان لەزێتر تەشەنە کردن و پەڵاوێشتنی میسریەکان دەگرت، لەلایەکی تر لەرێگای کەنداوی فارسەوە ئەو دەروازەیان لەرووی روسەکان دادەخست کە تیایدا خەونی لە مێژینەیان دەهاتە دی، ئەویش گەیشتن بوو بەئاوە گەرمەکان، لەهەردوو باریشدا دەبووە سۆنگەی بە پەراوێز کردن و لاتەریك کردنی میرنشینە کوردیەکان، کە ئەو کاتە لێدان و لەناو بردنیان ئاسان دەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە دەوڵەتی عوسمانی بەهێز بکەن، تا بتوانێ ئەم کارەیان بۆ ئەنجام بدا. وەك ژەنراڵ

ئاوساند Thausand لە بیرەوەریەکانیدا نووسیبووی : "هیچ گەلێك نیە قەرەبووی تورکەکان بکاتەوە، بۆیە پێویستە بەبێ هێزی لەسەر ڕێگای هیندستان بهێڵرێنەوە و نەشێن هیچ زیانێکمان پێ بگەیەنن" [١٦٠: ١٤٧-١٤٨]. لەپێناو هێنانەدی ئەم مەرامانە، هەردوای پەیمانەکەی "کیوتاخ" لە ئایاری ١٨٣٣ و پەیمانەکەی "هونکیار سکەلەسی" * لە تەموزی هەمان ساڵدا، دۆخی جیهانی ئیمپراتۆریای عوسمانی باشترو پتەوتر بوو. سوڵتان مەحمود بڕیاریدا بەر لە هەموو شتێك حسێو لەگەڵ کوردەکان پاك بکاتەوە، ئەوە بوو لەساڵی ١٨٣٤ بەسەرکردایەتی ڕەشید پاشا، بیست هەزار تورك بە ئاوروو ئاسن کوردستانیان تەنی [٤٥:٤٨].

میری ڕواندز، لەو کاتەدا وەك دکتۆر ڕوز دەڵێ : "زۆر ئارەزووی دەکرد پەیوەندی نێوان ڕوسیاو ئێران بزانێ [١٥٣:٢٣]. لەساڵی ١٨٣٥ میر هێرشی بردە سەر هەندێك لە دەڤەرەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەبن دەسەڵاتی قاجاریەکاندابوو، بەو نیازەی بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دوای ئەوەی بەسەر ئەو هێزانەدا سەرکەوت کە لە "خوی"یەوە کرابووە سەری، توانی ناوچەی قوتور تا نزیك سنوور بگرێ [١٣٩:٣٠٥]. ئەو هێرشەی میری سۆران لەم پێواژۆکەدا، پەیوەندیەکی ووردی بە ململانێیە نێو دەوڵەتیی و ناوچەییەکەوە هەبوو، چونکە میر لەکاتێکدا ئەو هێرشەی کرد کە زێتر پێویستی بەدۆستایەتی ئێرانیەکان هەبوو ! بۆیە ئەم پێنگاوە چەند گریمانێك بەخۆوە دەگرێت، لەلایەك دەشێ هەوڵێکی پاشای گەورەبێ بۆ نزیك بوونەوە لە ئینگلیز، کە لەوانەیە ئینگلیزەکان خۆیان دەستیان لەم کارەدا هەبووبێت ! بۆ ئەوەی لەلایەك دوژمنداری بخەنە نێوان میری سۆران و ئێرانیەکان. لەلایەکی تر عوسمانی و ئێرانیەکان لەیەکتر نزیك بکەنەوە ! لەدوایشدا ئەوەیان بۆ هاتە دیی. هەرچەندە میر محەمەد پەیوەندی بەشای قاجار کردو تەبەعیەتی ئێرانی قبووڵ کرد، بەرامبەر بەکارێکی هاوبەش دژی عوسمانیەکان [١٤٧:١٦٠] وەلێ ئێرانیەکان بەمە ڕازی نەبوون و کەوتنە هاریکاری عوسمانیەکان. لەنامەیەکدا مەسعود خان، شالیاری هەندەرانی

---

* بەستنی پەیماننامەی هونکیار سکەلەسی لەنێوان عوسمانیەکان و ڕوسەکان، نفوزێکی مەزنی دا بەتەزاری ڕوس لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی. ڕوسیا بەڵێنی بە دەوڵەتی عوسمانیدا سوپای بداتێ لەکاتێکدا ئەگەر هێرشی کرایە سەر. بەمەش ڕوسیا تەنیا دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆی وەك کۆلۆنیالەك مسۆگەر نەکرد، بەڵکو دەروازەکانی "دەریای ڕەش"یشی بۆ خۆی دابین کرد [١٠٦:١٧٤].

ئێران، بۆ زێرەڤانی کاروباری هەندەرانی دەوڵەتی عوسمانی ناردووە، تیایدا دەڵێ : "لەم چەند ساڵەدا چەندین جار لەلایەن میری رواندز دەست درێژی کراوەتە سەر خاکی ئەم خاوەن دەسەڵاتەو زیانی گەورەشی پێگەیاندووە. بۆ تەمێکردن و بەرپەچدانەوەی ئەم یاخییە، بەهۆی پەرەسەندنی دەست درێژی زۆریەوە بۆ سەر سنوورەکانی هەردوولا، هەردوو دەوڵەت، ئالو گۆڕکردنی کاربەدەستانی خۆیان زیدە کردووە، تاوەکو ئەم یاخییە سەرکوتبکەن" [٧٥:٦٤].

بەم شێوەیە هەردوولا کەوتنە هاریکاریکردن بۆ لەناو بردنی میرنشینی رواندز. ئینگلیزەکان بەگەرمی کاریان بۆ ئەو هاریکاریکردن و لەیەکتر نزیك بوونەوەیە دەکرد، لەنامەیەکی شالیاری موختاری ئینگلیز بۆ میرزا مەسعود خان هاتووە : "ئینگلیزەکان زۆر بە پەرۆشەوەن بۆ ئەوەی ئەو کارو بارانەی پەیوەندیان بە سنووری ئێران و رۆمەوە هەیە، بەیەکگرتوویی و خۆشی چارەسەر بکرێن. هەر وەختێك بۆ تەمێکردنی تێکدەر، یا رێگرێك لەشکرکێشی پێویست بێ، هەردوو دەوڵەت بەیەکەوە رێکەون بۆ لێدانی ئەو تێکدەرە" [٢٦: ١٢٦-١٢٧]. بۆ ئەم مەبەستەش بەرژەوەندی ئینگلیزەکان لەدەست پیاهێنانەوەو بەهێزکردنی سوپای عوسمانیەکاندا بوو، ئەگینا وەك (ڤون مۆلتکە)* لە بیرەوەریەکانی خۆی نووسیویەتی "ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرامبەر پارڤە بوون خۆی ناگرێ"، هەروەها نووسیویەتی : "ناچێتە ناوەزەوە ئیمپراتۆریای عوسمانی زۆر بمێنێتەوە، ئەگەر لە سنوورە سروشتیەکەی خۆی نەوەستێ، لەوە زێتر بەردەوام نابێ. هەرچەندە داواکانی سوڵتان راست بێت، ئامەد (دیاربەکر) و روها (ئورفە)و بەغدا وەکو دورگەیەك وایە لەنێو دەریایەکی کوردی - عەرەبی نامۆدا بێت" [١٧٧: ٢٠٠]. سەرباری ئەوە راوێژکاری پروسی ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە لەماوەی هێرشەکانی ساڵی ١٨٣٧ بۆ سەر ژەنگارو جزیرە، دوو ئەفسەری ئینگلیز لەبارەگای عوسمانیەکان دا بوون، یەکەمیان کۆلۆنیل کۆنسایدی ئەوەی تریان کاپتن کێجیل بوو

---

* هلموت ڤون مۆلتکە Moltke, Helmuth Von (١٨٠٠-١٨٩١) سەرکردەیەکی سەربازی ئەڵمانی بوو بە پلەی "فیلد مارشال" (مهیب) لە ساڵی ١٨٢٢ چووە سوپای پروسیا، ٦٦ ساڵ راژەی کرد، لە ساڵی ١٨٣٥-١٨٣٩ بوو بە راوێژکاری سەربازی تورکەکان [١٢٧: ١٠٧]. مۆڵتکە لە زۆر لەو هێرشانە بەشداری کردووە کە کراوەتە سەر میرنشینەکانی کوردو لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ئاماژەی بۆ کردوون.

[۱۹۰:۱۲] ئەوانە هاریکاری عوسمانیەکانیان دەکرد، نەخشەی چۆنیەتی گرتنی قەلاو شارەکانیان بۆ دادەنان. بەم جۆرە ئەگەر هاریکاری ئینگلیزەکان نەبوایە میرنشینە کوردیەکان وا بەئاسانی نەدەڕوخان، بۆیە بەراشکاوی دەتوانین ئێژین دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی، شەڕو ئاشتیان بەدەست خۆیان نەبوو، هەڵوێستەکانی حکومەتی فارس ئەوەمان بۆ دەردەخەن کەوا شا گەمەیەك بوو بەدەستی روس و ئینگلیزەکان. نەدەشیا بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە بدات [۳۱:۱۰۳].

ئینگلیزەکان پێیان وابوو دەبێ بەشی شێریان لە کوردستان هەبێ، بەتایبەتی لە باشوری کوردستان. هنری راولسون، کە لە ساڵانی ۱۸٤۰ کونسوڵی بەریتانی بوو لە بەغدا، لەم بارەیەوە دەڵێ: روس و فەڕەنگ رقیان لە ئینگلیزەکان دەبێتەوە، لە سۆنگەی ئەو سەرکەوتنانەی لە ئاوی کوردستان * وەدەستیان هێناوە، سیاسەتوانی گەورەی فەڕەنگسی "گیزو" بەریتانیەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە رێگای دەریاوانیان لەدوو رێگای کورتی جیهانی مونۆپۆل کردووە، رێگای میسر و رێگای فورات [۲۱٦: ٦۵-٦٦].

لە سۆنگەی ئەو تەنگژە بەردەوامەی نێوان عوسمانی و ئێرانیەکان و دەست تێوەردانی روس و ئینگلیزەکان، هەلێکی لەبار بۆ میری بۆتان رەخسا، توانی بەماوەیەکی کەم ناوچەیەکی فراوانی کوردستان ئازاد بکات، نفوزی میر بەدرخان، وەك دکتور رایت و مستەر بیرپ دوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵیدا باسی دەکەن، لەرۆژهەڵاتەوە دەگەیشتە سنووری فارسەکان. لە رۆژئاواوە تا میسۆپۆتامیا**، لە دەروازەی ئامەدەوە تا دەروازەی موسڵ، ناوبانگیشی لەهەموو شوێنێك بڵاو ببووەوە [٦۲:۳۱۲]. بۆیە نوێنەرانی روس و ئینگلیز و فەڕەنگ، هانی عوسمانیەکانیاندا پەلاماری میری بۆتان بدەن، عوسمانیەکانیش دەیانویست پەیوەندی نێوان کوردو نەستووریەکان تێکبدەن. پاشای موسڵ لەنامەیەکی بۆ مارشیمون هەرێی ئەوەی پێدا ئەگەر دژی کوردەکان بجوولێتەوە پشتی دەگرێ [۳۹:۲٤۵] گەیشتنی "گرانت"یش ئەگەرێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی هەڵوێستی نەستووریەکان بگۆڕێ. کە بەئارامی

* بەداخەوە زۆر لەمێژوونووسان بۆ شاردنەوەی راستەقینە ئاوەکانی عێراق بەکاردەهێنن. کە ئەو کاتە عێراق بوونی نەبوو.

** رەنگە مەبەستی لە ناوچەکانی نێوان خاپور و فورات بێت.

لەبن سایەی دەسەڵاتی کورددا دەژیان. "گرانت" وای لێکردن دژی کوردەکان ڕاست بنەوە، سەرباری ئەمەش بەناوی دامەزراندنی مەڵبەندێکی میسینێری دەستیکرد بەدروستکردنی نیمچە قەڵایەك، تەنانەت شوێنی ئازووقەو بەرگری کردنی تیا چێکردبوو [٢١٥: ٣١٠-٣١١]. بێگومان ئەم ڕەفتارانە سیاسی بوون و ئەگەر جیاوازی ئاینیش لە ئارادا بووبێ، هیچ پەیوەندیەکیان بە ئاینەوە نەبووە.

لە ئەنجامدا میری بۆتان بۆ تەمێ کردنیان سوپای کردنە سەر، دەوڵەتی عوسمانیش ئەگەر ماوەیەك بەر لەو کاتە مانەوەی میر بەدرخانی بەکەم و کورپەك لە دەسەڵاتی ناوەندی دەژمارد، ئەو کاتە مانەوەیانی بەجێگای شەرم دانا [٢٤٥:٦١]. بۆیە هەمدیس گەمەکەی میری سۆران دەستی پێکردەوە، لەلایەك کەوتنە هاریکاری دەوڵەتی عوسمانی، لەلایەکی تر هانی ئێرانیاندا دژی میری بۆتان بوەستێ و ئەگەر هەر نەبێت دڵدەیان نەدات. ئەنجامی ئەمەش، کاتێك هەندێك لە سەرۆکە کوردە ڕاپەڕیوەکان پەنایان بۆ کاربەدەستانی ئێران بردو پرسی ئەوەیان کرد، کە ئەگەر هاتوو سەرنەکەوتن دڵدەیان دەدات ؟! ئێرانیەکان بەراشکاوی گوتیان : ئەگەر بەرەو ڕووی هێزەکانی عوسمانی بینەوەو بەرگری بکەن، ئەوا وەك دوژمن سەیریان دەکەن و چاوەڕوانی ئەوە نەبن بە دەنگیانەوە بێن، خۆ ئەگەر بێ تەق و تۆق جزیرە چۆڵ بکەن ئەوا پەنایان دەدەن [٢٤٧:١٢]. بەم چەشنە میرنشینی بۆتانیش کەوتە نێو دانەی ململانێیە نێو دەوڵەتی و ناوچەییەکەو بووە گوری بەرژەوەندی زلهێزەکان. لە ساڵی ١٨٤٧ میرنشینەکەی بۆتانیش دیماهی پێ هێنرا، هەر ساڵێك دوای ئەوە شۆڕش زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە، پەتای ئەم شۆڕشانە گەیشتە موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە باڵکان [٢٧١:١٥٦]. لەراستیدا کاریگەریان لەسەر کوردستانیش کەم نەبوو، بۆ وێنە هەردوای شۆڕشی ١٨٤٨ ئیتاڵیا، کوردستان بووە پەناگەی ئەو هاونیشتمانیە ئیتاڵیانەی لەبەر ئەگەری سیاسی ناچار بوون زێدی خۆیان جێ بهێڵن [٢٦٢:٢٤٨]. دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی بۆتان، لە سۆنگەی ئەو گۆڕانە بەلەزانەی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە هاتە ئارا هاوکات قووڵبوونەوەی تەنگژەکان و تێکچوونی باری ناوەخۆی دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، وردە وردە لەکوردستان ڕەگی ڕاپەڕینێکی تر پنجی داکوتا. لەو کاتەشەدا دەوڵەتی عوسمانی و ئێران هەردوولا ڕوو لەکزی بوون. بێ هێزی ئەم دوو دەوڵەتە وایکرد گۆڕانێك بەسەر

سیاسەتی زلهێزەکان دا بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. دوودڵی و بێ بڕوایی جێگای متمانەو بڕوا بوونی گرتەوە. ڕکابەرەکان لەیەکتر دەسەنگرینەوە ! ئینگلیزو فەڕەنگەکان لەوە دەترسان ڕوسەکان دەست بەسەر گەرووەکاندا بگرن. هەرچی ڕوسەکان بوون لەوە دەترسان دەوڵەتی عوسمانی لەناکاو بڕوخێ و ئینگلیزەکان بتوانن نفوزو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین بسەپێنن. بۆیە هەر دیاردەیەك لە دیاردەکانی بێ هێزی دەوڵەتی عوسمانی ترسی هەردوولایانی زیاتر دەکرد، هەر ڕووداوێکی تایبەت بەدەوڵەتی عوسمانی هەردوولای دەوروژاندن [١٦٥:٢٧١]. لەنێو ئەم دوودڵی و بێ متمانەییەدا ڕوسەکان پێیان باش بوو دەوڵەتی عوسمانی پارچە بکرێت و لەم دڵەراوکێیە ڕزگاریان بێت، بۆ ئەم مەبەستەشیان، لەلایەك هەوڵیاندا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئێران پتەو بکەن، لەلایەکی تر زیاتر لەکورد نزیك ببنەوە. بایەخ پێدانی حکومەتی تەزاری بە کوردەکان کە بە نەتەوەیەکی ئازاو شەڕکەر ناسرابوون، بۆ ئەوە بوو تا دژی شای ئێران و حکومەتی عوسمانی شەڕیان پێ بکا، یاخود بەلایەنی کەمەوە بێلایەن بن و دژی ڕوسیا نەجەنگێن [٣٠:٤٨].

ئەم کاودانە نوێیە وایکرد لە تشرینی دووەمی ١٨٥٣ ڕوسەکان دژی دەوڵەتی عوسمانی شەڕ ڕابگەیەنن. ئەگەری پۆلەتیکی بنەڕەتیش، مکوڕ بوونی ڕوسەکان بوو لەداگیرکردنی ئەستانەو چارەسەر کردنی دۆزی ڕۆژهەڵات [٣٠:١٧٨]. ئەم شەڕەش وەکو هەموو شەڕەکانی تری نێوان عوسمانی و ڕوسەکان یەکێك لەبەرەکانی شەڕ بەرەی قەوقاز بوو، بۆیە ڕوسەکان لەو بەرەیەدا دەستیان بە پەلاماردان کرد، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٥٤ "بایەزید"یان گرت، هاوسۆزی کورد لەگەڵ ڕوسەکان زیاتر بوو، هەروەها کاریگەری زۆری لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەبوو. چونکە کورد بەبەردەوامی لە هەلێك دەگەڕان قەوارەی لەدەست چووی خۆیان بگەڕێننەوە، عوسمانیەکان ئەگەر شیابوون میرنشینە کوردەکان لەناوبەرن، نەشیابوون گیانی ئازادیخوازیو سەربەخۆیی لەناخی کوردا کپ بکەنەوە. لەهەمان کاتدا ڕوسەکانیش زیاتر لەکورد هاتنە پێشەوە. وەك مینورسکی لەکتێبەکەی تێبینی و ووردبوونەوە نووسیویەتی : "هەر کاتێك شەڕ لەدوای قەوقاز دایسابوایە، ئێمە زیاتر بایەخمان بەکورد دەدا، هەر سەرۆکی بزووتنەوە کوردیەکان خۆیان ئاگاداریان دەکردینەوە، پەیوەندیمان باش بێت لەگەڵیاندا، ئەم بارە بەردەوام بوو، بەتایبەتی لەساڵی ١٨٥٣" [٤٤:١٧٤].

سەرکەوتنی روسەکان لەبەرەی قەوقاز ترسی خستە دڵی ئینگلیزەکانەوە، بۆیە هەوڵیاندا لە پەنای خۆتێهەڵقورتاندنێك چەند ئامانجێك بهێننە دی. لەوانە سنوورێك بۆ نفوزی روسەکان لە رۆژهەلاّت دا بنێن و لەناوی بەرن. هەروەها لەرێگای لایەنگیری کردنی خەلیفەی موسڵمانان باری گرژی هیندستان هێور بکەنەوە. سەرباری ئەمەش گەرەکیان بوو ئەو شەڕە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی نفوزی خۆیان لە کەنداوی فارس پتەو بکەن [١٨٢:٢٧١]. تەنانەت بەر لەدایسانی شەڕی "کریم"یش، ئینگلیزەکان دەیانزانی روسەکان گەرەکیانە بەتەنیا دەوڵەتی عوسمانی پارڤە بکەن. لەو یاداشتنامەی کە راولسون (Rawlson) لە ١٣ حوزەیرانی ١٨٥٣ بۆ سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری هەندەرانی نارد، تیایدا باسی توانای پارڤەبوونی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد. بۆیە وولاّتەکەی هاندەدا لە رێگای هێزی سەربازیەوە دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرێ کە دەکەوتە نێوان زێی بچووك و دەریای سپی [٩٧: ٦١-٦٢]. ئاشکرایە ئەم ناوچانە باشوررو باکوری رۆژئاوای کوردستان دەگرێتەوە، سۆنگەی ئەمەش ئەوە بوو ئینگلیزەکان دڵنیابوون ئەگەر روسەکان لە باشوری قەوقازەوە بەرەو خوار واژی بینەوە، لە دوولاوە مەترسیان بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەبێت. لەلایەك لەکەنداوی فارس، لەلایەکی تر لە دەریای سپی. ئەوەی مەترسیەکانی ئینگلیزی زێتر دەکرد، ئێران هێزێکی زۆری لە کرماشان کۆکردبوەوە. کە ئەمە ئەگەر مەترسی پەلاماردانیشی لێ نەکرا بوایە، عوسمانیەکانی ناچار دەکرد هێزێکی زۆری بەرامبەر گل بدەنەوە [٢١٦: ١٠٥-١٠٦]. هەرچی عوسمانیەکان بوون، بۆ ئەوەی بەرپەچی ئەم پێنگاوانەی ئێرانیەکان بدەنەوە و ناوچەکانی بابان و سۆران بە سوپای کورد بتەنن، عەبدوللاّ بەگی بابانیان بانگهێشت کرد، کە لە ئەستانە لە تاراوگە بوو، تا هێزی کورد کۆبکاتەوەو بەرگری لەناوچەکەی خۆی بکات، دوای ئەمەش رەسول پاشای دوا میری سۆرانیان ناردە کەرکوك تا لەوێ هێلەکانی بەرگری بەهێز بکات [٣٤٤:٢١٥]. شایەنی ئاماژە پێکردنە عوسمانیەکان تا ئەو کاتەش بۆ ئەوەی هێوی بابانەکان نەبڕن و لەکاتی پێویست سوودیان لێ وەرگرن. زوو زوو ئەو فەرمانڕەوایانەیان دەگۆڕی کە لەم دەڤەرەدا دایاندەنان. بۆ وێنە قادری بابان دەڵێ: "بەکورتی تا ئێستا هەردوو ساڵ جارێك لەلایەن دەوڵەتی رۆمەوە فەرمانڕەوایەك بەسەر وولاّتی باباندا فەرمانڕەوایی دەکات" [١٣٧:٢٩]. بەم جۆرە شەڕ زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستانی گرتەوە، لەو کاتەدا، "یەزدانشێر" باری شەڕی "کریم"ی قۆستەوەو دژی دەوڵەتی

عوسمانـی راپـەڕی، یەزدانشێر لەگەڵ روسەکان هاوسۆز بوو، چەند جارێك نامەی بۆ نـاردن و داوای هاریکاری و یارمەتی لێکردن.

ئەو ناوچانەی راپەڕینەکەی تیا دایسا، دەکەوتە نێوان هێزەکـانی روس و دەریـای سـپی ناڤین. بۆیە مەترسی کەوتە سـەر بـەرژەوەندی ئینگلیزەکـان، کـە توانیـان فەرەنگـەکان بـۆ لای خۆیـان رابکێشـن و بـە جووتـە دژی روسـەکـان بکـەونـە شـەڕەوە. ئـەوە بـوو شـەڕی "کـریـم" بە شکستی روسەکان دیماهی هات، لـە ئاکـامدا پەیماننامـەی پـاریـس * لـە شـوبات و مارتی ١٨٥٦ لەژێر سەرکردایەتی شالیاری هەندەرانی فەرەنگسا ویلوسکی Wulewski کـوڕی نـایـاسایـی نـاپـلیـۆن گـرێدرا بۆ چارەسەر کردنـی دۆزی رۆژهـەلات لـەدوای شـەڕی کریـم [١٢٧: ١٦٥-١٦٦]. ئینگلیزەکان لـەم شـەڕەدا بەتـەنیا یارمـەتی عوسمانیـەکانیان نـەدا دژی روسەکان، بەڵکو یارمەتیان دان بۆ لێدان و سەرکوتکردنەوەی راپەڕینەکەی "یەزدانشـێر"یـش، وەك خالفین نووسیویەتی : "داوا لە سەرۆکەکانی ئینگلـیز لـە رۆژهـەلاتی تورکیـا کـرا، بەهـەر جۆرێك بێت راپەڕینی کوردەکان لەناو بەرن، بۆ ئەمەش زێڕ کەوتـە کـار، نوێنـەری کونسـوڵی ئینگلـیز لـە موسـڵ (راسـام) کەوتـە گفتوگۆکـردن لەگـەڵ یەزدانشـێرو سـەرکردەکانی تـری راپەڕین. بەناوی ناوبژیوانیەوە توانی ناکۆکیـان لـەنێوان چـێ بکـا، لـە ئـەنجامدا چـەند سـەرۆك هۆزێك خۆیان لەجەنگ کێشایەوە [٥٠: ١٠٩-١١٠]. هەرچی روسەکان بوون ئەوا لەجیاتی یارمەتی، نامەیەکیان بۆ یەزدانشـێر نـاردو پێیـانگوت : "سـوارەکانت دامرکێنـەوەو خـەریکی ئیش و کاری خۆت بە" [٥٠:١٠٣]. دەتوانین ئێژین ئەمـە هەڵوێسـتی راستەقینەی روسـەکان بوو بەرامبەر بەکورد تا جەنگی جیهانی یەکەم.

---

* بەگوێرەی پەیماننامـەی پـاریس ١٨٥٦ دەریـای رەش بەبێلایـەنی مایـەوە، گـەرووەکان بـۆ کەشـتیە بازرگانیەکانی هەموو دەوڵەتان ئاوەلا کران، جگـە لەکەشـتیە جەنگیـەکان، لـەناو ئەوانـە کەشـتیەکانی روسیاو دەوڵەتی عوسمانیش، وەلـێ دەربارەی کەشتی جەنگی دوو هـەلاوێردنی تیـا بـوو : ١- هـەموو دەوڵەتێك کە نوێنەری دیپلۆماتیکی لەکن تورکەکان هەبوو بۆی هەبوو کەشـتیە جەنگیـە سـووکەکانی تێپەڕێت. ٢- ئەو دەوڵەتانەی ئەندام بوون لە لێژنەی ئەوروپی بـۆ دانـوب مافیـان هـەبوو دوو کەشـتی جەنگی بنێرن بۆ پاسەوانی کردنـی دانـوب، یـاخود بـۆ پاسـەوانی کردنـی کـەنارەکانی، هـەروەها ئـەو پەیماننامەیە لە تورکیا و روسیای قەدەغە کرد دامەزراوی سەربازی و دەریـایی لەسـەر کـەنارەکان چـێ بکەن [١٥:١١٥].

هەرچەندە روسەکان لەشەڕی کریم دوچاری شکست بون، چاویان لەخەونە فراوان خوازیەکەی خۆیان نەپۆشی. لەساڵی ١٨٥٨ بارون کونفلند بەراشکاوی رایگەیاند : "ئامانجی روسەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین ئەوەیە بگەنە کەنداوی فارس، هەوڵدەدەن بە پێنگاوی یەك لەدوای یەك ئەم ئامانجەیان بهێننە دی. بۆ ئەمەش چەند ڕێگایەك هەیە دەتوانن بیگرنە بەر. ئەو هێڵەی لە "کارس"ەوە بەرەو فورات و میسۆپۆتامیا دەڕوات. لەگەڵ ئەو هێڵەی لە ڕەوانەوە ** بەرەو دەریاچەی وان، پاشان موسڵ لە دۆڵی دیجلەو دواتریش میسۆپۆتامیا. هێڵەکەی تریش لە تەورێزەوە بۆ شوستەر [١٧٧: ١٦٩-١٧٠]. بۆ گەیشتن بە ئاوی کەنداو، لەو ڕێگایانەوە دەبوایە کوردستانیان لەبن دەست بێ.

ئەو شەڕو شۆڕانەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، ئەو هەموو ڕاپەڕینانەی کورد دژی جەوروستەمی داگیرکەران، باری داتەپیوی ئابووری هێندەی تر نالەبار کرد. لەگەڵ ئەوەش ئەم دوو دەوڵەتە بۆ بەهێزکردنی خۆیان بەردەوام بوون لە کۆکردنەوەی باج و رووتاندنەوەی دانیشتوانی چەوساوەی کوردستان. ئەگەرچی برسیەتی و قات و قڕیەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئایری بوو، وەلێ بەگشتی هەموو کوردستانی تەنیبوو. لەپاڵ ئەم کاودانە ئەستەنگە، عوسمانیەکان، بەفیتی ئینگلیزەکان هەمدیس پەلاماری سنوورەکانی ئێرانیاندا، لە ساڵی ١٨٦٢ کاتێك لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە کەوتەوە کار، عوسمانیەکان قۆڵیان لێ هەڵماڵی و لەژێر سەرکردایەتی مێژووری ئینگلیزی "فردریك ملینگن" کە لە لەشکری عوسمانی ناوی "سەیف بەگ"ی لەخۆی نابوو، دووبارە ناوچەی قوتوریان داگیر کردەوە [٥٠:١٢٩].

لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، وورده وورده هێزی تر دەهاتە سەر شانۆی ململانێیەکە، وەکو ئەمەریکا. لەلایەکی تر رۆڵی فەرەنگەکانیش زێتر بەرز دەبوەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە بوو، هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی کەوتبوونەژێر باری قەرزێکی گەورەی بیانیەوە. لە ساڵی ١٨٧٢ رۆیتەر جیاوکێکی گەورەی لە ئێران وەدەست هێنا، بۆ ئەم مەبەستەش بەتایبەتی چاوی بە "پسمارك"ی راوێژکاری ئەڵەمانی کەوت، تا بەیەکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی لە رووی ئابووریەوە سوود لە وولاتی فارس وەرگرن. وەلێ پسمارك ئەم پێشنیارەی رەتکردەوە، چونکە نەیدەویست پەیوەندی لەگەڵ روسەکان تێك بچێت. کە بەتوندی دژی ئەم جیاوکە بوون [١٠١: ٢٠-٢١].

** ڕەوان Rewan = یەریڤان .

هەرچەندەی هێزی نوێ و زیتر دەهاتنە سەر گۆڕەپانی ململانێیەکە باری کوردستان هێندەی تر رژدترو سەختتر دەبوو، دەربارەی ئەو کاودانەی بەسەر کورد هاتبوو، بەپلەی یەکەم ئینگلیزەکان بەر پرسیار بوون، لە ساڵی ١٨٧٣ کونسوڵی روس لە ئەرزەڕۆم بۆ باڵویزی گشتی روسی لە ئەستانەی نووسی : "لەبارەی کوردەکانەوە، رۆڵی بنەڕەتی ئینگلیزەکان وازی دەکەن نەك تورکەکان" هەروەها ئەوەی روونکردەوە کەوا کونسوڵی ئینگلیز کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەرکوتکردنەوەی راپەڕینەکانی کورد. هەتاوەکو کونسوڵەکانیان خۆیان لیستی ناوی سەرۆك کوردەکانیان تەیار دەکردو دەیانارد بۆ باڵویزی ئینگلیزی لە ئەستانە. ئەویش هەڵدەستا بەدوورخستنەوەی ئەو کوردانە لە کوردستان [٥٩:٢٤٥]. بۆ وێنە کونسوڵی ئینگلیز لە ئەرزەڕۆم گەشتێکی بۆ کوردستان کرد بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی ئەو سەرۆکە کوردانە کۆ بکاتەوە کە جێگەی مەترسی بوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی، لەڕێی دیاری و بەڵێنەوە هەوڵیدا ئەو سەرۆکانە بۆ لای خۆیان رابکێشێ [٤٨:١٣].

هەمدیس نێوان عوسمانی و روسەکان بەرەو گرژی دەڕۆیشت، بۆ روسەکانیش ئاسان بوو پاساودانێك بدۆزنەوە تا پەلاماری دەوڵەتی عوسمانی بدەن، چونکە لەساڵانی ١٨٧٥-١٨٧٦ عوسمانیەکان زۆر دڕندانە راپەڕینەکانی باڵکانیان سەرکوتکردبووەوە. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ئەوڕوپاو گەلانی دیانی لە باڵکان زویر کردبوو. هاوکات دەوڵەتی عوسمانی لەناوەوە دوچاری دارزان و تەنگ و چەڵمە ببوو، بەڕادەیەکی وا نەدەشیا ئارامی و ئاسایشی خۆی بپارێزێ [٤٠١:٢٤٠]. ئەوە بوو لەساڵی ١٨٧٧ هێرشیان کردە سەر عوسمانیەکان و جەنگ دایسا، ئەو جەنگەی لە مێژوودا بەجەنگی تورکی - روسی ١٨٧٧-١٨٧٨ ناسراوە. لەم جەنگەدا کورد هەمدیس لە سۆنگەی شوێنی جوگرافیەوە نەیدەتوانی بێلایەن بمێنێتەوەو بەشداری نەکا. هەر لە ساڵی "١٨٧٦"ەوە گەلێك لە سەرۆکە کوردەکان ئەوەیان بۆ روسەکان دەرخست کەوا گەرەکیانە بچنە پاڵ ئەوان. وەلێ روسەکان دەستیان بەروویانەوەنا [٥٣:٤٥]. لەگەڵ ئەوەش مینورسکی نووسیویەتی : "لەساڵی ١٨٧٧-١٨٧٨ تیپێکی میلیشیای کورد کە لە (١٣٠٠) کەس پێکهاتبوو شەڕیان بۆ کردین، ئەگەرچی ئەو تیپە گرنگیەکی جەنگیی ئەوتۆی نەبوو، وەلێ دەربارەی رەوشتی سەربازەکان گەلێك راپۆرتی چاك لە سەرۆکەکانیانەوە نووسراوە" [١٧٥:٤٤]. بەم چەشنە کوردەکان ئەگەر بەژمارەیەکی کەمیش بووبێ هەندێکیان لەپاڵ روسەکان بوون، وەلێ زۆرینەی دژی روسەکان جەنگان، لایەنی ئاینیش رۆڵێکی کاریگەری لەم بوارەدا هەبوو. هاوکات بەشێکیش لەکورد ئەم شەڕەی بەهەلزانی و دژی دەوڵەتی عوسمانی راپەڕی. لەدەرسیم ژمارەیەك لە سەرۆکە کوردەکان راپەڕین

و بەنهێنی پەیوەندیان بە روسەکانەوە کرد کە لە ئەسکەندەرپۆل گرد ببوونەوە [٢٧:١٥٦].
ئەم بارەی کوردیش ئەوە دەگەیەنێ بزاڤی کورد لەدوای راپەڕینەکەی (یەزدانشێر)ەوە تا ساڵی ١٨٨٠ وەکو گەمیەکی بێ لێخوڕ بوو لە دەریایەکی بێ کەنار، پێلەکان بە ئارەزووی خۆیان گەمەیان پێدەکرد. کوڕەکانی بەدرخان پشتی گەڕانەوەیان لەو شەڕەدا هەوڵیاندا شتێك بکەن، وەلێ زوو فریویان خواردوو کەوتنە داوەوە [١٣: ٧٣-٧٧]. تورکەکان لەو جەنگەدا باریان لەنگ و گلۆلەیان کەوتبووە لێژی. روسەکان بەماوەیەکی کەم زۆر شوێنیان لەناوچەکانی خوارووی قەوقاز داگیر کرد. لە ١٧ مارت ئەردەهانیان گرت و لە ٣٠ نیسان ژەنراڵ (ترکوکاس) توانی بایەزید داگیر بکا [١٢٥:١٣٤]. تورکەکان زۆر شەڕی خۆ بەکوشت دانیان کرد. عوسمان پاشا هەر بۆ ئەوەی سەربازەکانی لە برسان نەمرن هێرشێکی کرد لە ئەنجامدا ٤٠ هەزار سەربازی بەدیل گیرا [٤٠١:٢٤٠]. ئەم شکستانە سوڵتانی عوسمانیان ناچار کرد داوای وەستانی جەنگ بکات. ئەوە بوو پەیمانی سان ستیڤانو گرێدرا، ئەم پەیمانە بە لەگوێنێك لە بەرژەوەندی روسەکان دابوو، لەنگی خستە هاوسەنگی هێزەکان لە ئەوروپا. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە کارس و ئەردەهان و ئەرزەرۆم کەوتە دەست روسەکان. کە ئەمە ئینگلیزەکانی دوچاری نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەك کرد، ئەوەی لەروانگەی ئەوان جێگەی مەترسی بوو، ئەگەرچی زێدە ڕۆیشیان تیادا دەکرد، ئاسان بوونی گەیشتنی روسەکان بوو بە باشوری کوردستان و کەنداوی فارس * . هاوکات ئەم فراوان بوونەی روسەکان مەترسی دەخستە سەر رێگاکانی گواستنەوەی بەریتانیا چ لە میسرو چ لە کوردستان بۆ سەر هیندستان [٢١٧: ٢٩٩-٣٠٠]. ئەم هۆکارانە بوونە ئەگەری شلەژانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان و نێوان زلهێزەکان بەرەو گرژی چوو. بۆیە لەسەر پێشنیاری (پسمارك)ی راوێژکاری ئەڵەمانی لە حوزەیرانی ١٨٧٨ کۆنگرەی بەرلین گرێدرا. کە ئێرانیش هەوڵیدا بەشداری ئەم کۆنگرەیە بکا. بۆ ئەم مەبەستە ناسرەدین شا، فەرمانی بە شالیاری موختاری ئێران دا لە لەندەن تا زەمینە خۆش بکا ئێران لەو کۆنگرەیەدا بەشداری بکا. کەچی هەر لە سەرەتاوە روسەکان رووێکی خۆشیان نیشان نەدا. هەرچەندە ئێرانیەکان بەنهێنی لەگەڵیاندا رێکەوتبوون و رێگەیان پێدا بوون کارە سەربازیەکانی خۆیان لە تەوریزو کرماشان ئەنجام بدەن [٦٩:٣٢٢].

---

* لەم بارەیەوە روسەکان تیورێکیان هەیە steppein stone ، گوایە هەر لەسەردەمی پەترۆسی گەورەوە (petter) سیاسەتی روسیا ئەوە بووە بگاتە پارچەیەك لە ئاوە گەرمەکان لە ناوچەی کەنداو. بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەو رووداو دەهێننەوە [٢٧:٣٣٨].

لەو کۆنگرەیەدا پەیماننامەیەك گرێدرا، بەگوێرەی بەندی (٦٠) دەبوایە دەوڵەتی عوسمانی دەست بەرداری ناوچەی قوتوری کوردستان بێت بۆ ئێرانیەکان [٣٣:٣٢٢]. هەرچی بەندی (٦١) بوو دەبوایە چاکسازی لەویلایەتە ئەرمەن نشینەکان بکرێت، هەروەها ئەرمەنەکان لە کوردو چەرکەسەکان بپارێزرێت [١٣٦:١١٣]. شایەنی باسە ئەم بەندە کوردی زۆر نیگەران کرد، چونکە زۆر لەو ویلایەتانەی ئەرمەنەکان بەهی خۆیان دەزانی کورد بەزێدی رەسەنی باب و باپیرانی خۆیان دادەنا. دەڵێن کاتێ شێخ عوبێدوڵلا بەناوەڕۆکی ئەو بەندەی زانی، گوتی : "چی دەژنەوم ؟ واتە ئەرمەنەکان گەرەکیانە وولاتێکی سەربەخۆ لە (وان) دامەزرێنن و نەستووریەکان بەیداخی ئینگلیز بەرز بکەنەوە، من هەرگیز مۆڵەتی شتی ئیوها نادەم، ئەگەر ناچاریش بم چەك بەژنان هەڵگرم" [٢٢:٢٤]. لەم بارەیەوە جەلیلی دەڵێ : "هەرچەندە کوردەکان شوێنێکی گەورەیان لە سیاسەتی عوسمانی و بەریتانیاو روسیاو دەوڵەتانی تردا هەبوو، وەلێ نە لەرۆژانی شەڕو ناکۆکی، نە لەکات و ساتی گفتوگۆ ئاشتی خوازەکەی سان ستیڤانو، نە لە کۆنگرەی بەرلیندا دۆزی کورد بەرەو پێشەوە نەبزواو بەشێوەیەکی جیا سەیر نەکرا" [٦٠:١٣]. بارو دۆخی کوردستان دوای کۆنگرەی بەرلین، بە بەردەوامی خراوتر دەبوو، گەیشتە رادەیەکی وا گەلی کورد چیتر بەرگە نەگرێ و توانای دان بە خۆداگرتنی نەمێنێ. لەو کاتەدا وەك کونسوڵی روس لە ئەرزەڕۆم نووسی : "بڕوام وایە کوردستان بیر لەراست بوونەوە دەکاتەوەو خۆی بۆ تەیار دەکات" [٥٥:١٣]. هەر لەساڵی ١٨٧٨، باڵوێزی روسیا لە تاران ژنەوتبووی شێخ عوبێدوڵلا خەریکی کۆکردنەوەی هاوکارەکانیەتی بۆ جەنگ دژی تورکیا. بۆ رزگارکردنی کوردستانی عوسمانی و دانانی حکومەتێکی سەربەخۆ، کە پایتەختەکەی موسڵ بێت [١٦٧:٥٠].

ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو بەلەزی مشوری ئەوە بخۆن راپەرینەکەی کورد سەرنەگرێت، نەیاندەویست ئەو دەوڵەتەی تازە لەبەر دەستی روسەکان رزگاریان کردبوو، دوچاری ئەژواری و تەنگژەی ناوەخۆ بێت و پارچەیەکی گرنگی لێ جوێ بێتەوە. بۆیە لەهەموو لایەکەوە دوژمنانی کورد هەوڵیاندەدا رووێکی دزێو بۆ شێخ و شۆڕشەکەی چێ بکەن. بۆیە (ئابۆت) کاتێك چاوی بە شێخ کەوت، دەڵێ : "ئەو کەسە ترسناکە نەبوو کە نووسراوەکان وێنەیان کێشابوو" [٥٦:٢٧٨]. ئاشکرایە ئینگلیزەکان ئاگاداری زۆربەی ئەو نامانە بوون کە شێخ بۆ ئەم لاو ئەولای دەنارد. ئەو نامانەش بۆنی جوێ بوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیان لێ دەهات. لەو نامەیەی لە ٢٢ ئەیلولی ١٨٨٠ بۆ ئیقبالودەولەی فەرمانڕەوای وورمێی نارد، ئەم راستەقینەیەی تیا درکاندبوو، شێخ بەراشکاوی نووسیبووی :

"کورد چیتر نایانەوێ و ناتوانن بەپارچە بوویی لەنێوان تورکیاو ئێران دا بژین، ئەوان ناتوانن ئەو بێ ڕیزییە قبوول بکەن، بۆیە بڕیاریان داوە یەکگرن و لەدەوڵەتێکدا پەرای خۆیان بکەن" [٥٩:٦١].

ئینگلیزەکان بەرایێ هەوڵیاندا هەمان ئەژواری میر بەدرخان بۆ شێخ عوبێدوللا چێ بکەن، ئەویش ئەژواری ئاسوریەکان بوو. وەلێ شێخ زیرەکانە خۆی لەو کۆسپە وەلادا. لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵیدا دەوڵەتە گەورەکان دەرگای بەرروودا بکەنەوە. بۆیە کاتێك هێزەکانی بەسەرکەوتوویی چوبوونە ناوەوەی ئێران، شێخ بە (ئابۆت)ی ڕاگەیاند "یەك ووشە لە ئینگلیزەکان بەسە بۆ ئەوەی هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە" [٥٧:٢٧٨]. هاوکات لەو نامەیەی شێخ بۆ میسینێری ئەمەریکایی لە وورمێی نارد هێوی ئەوەی دەخواست روسەکان یارمەتی بدەن. هەروەها چاوی لەوە بوو دەوڵەتە گەورەکان لە ڕەوشی کوردستان بکۆڵنەوەو ئاگاداری ئەو هەموو زوڵم و زۆرەبن کە لێیان کراوە [٥٩:٦٦].

لەراستیدا راپەڕینەکەی شێخ عوبێدوللا ترسێکی زۆری بۆ سەر پەیوەندی نێو دەوڵەتان هەبوو، کە لە کۆنگرەی بەرلین بڕیاری لەسەر درابوو، وخەریك بوو سەقامگیر دەبوو. روسەکان ئەگەرچی لەم کۆنگرەیەدا بڕێك لەدەست کەوتەکانی سان ستیڤانۆیان لەدەستدا، لەگەڵ ئەوەش وەکو هێزێکی لە قەوارەی خۆیان زلتر هاوسەنگە ئەورۆپاییەکەیان تا ڕادەیەك لەنگ کردبوو، هاوکات ئەو نزیك بوونەوەیان لە ئێران، کە لەسەر داوای ئەوان ناوچەی قوتور درا بە ئێران، جێگەی مەترسیەکی گەورە بوو بۆ بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لە رۆژهەڵاتی ناڤین، چونکە ئێران وەکو بەربەستێك وا بوو لەنێوان بەرژەوەندیەکانی روس لەباکورو بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لە باشورو کەنداو. ئەمانە تەنگژەیەکی سیاسی و دەروونیان بۆ ئینگلیزەکان چێکردبوو. لەگەڵ ئەوەش سەرهەڵدانی راپەڕینێك بەم ئاستەی راپەڕینەکەی شێخ عوبێدوللا، ئەوەی لێ ڕەچاو دەکرا روسەکان خۆیان تێ هەڵقورتێنن و لە بەرژەوەندی خۆیاندا بیقۆزنەوە ! لەلایەکی تر ئەو بارەی لە کوردستان گورابوو، نە ئەوان و نەدەوڵەتی عوسمانی نەدەشیان بەهێز کپی بکەنەوە، بۆیە باشترین پێنگاو کە پەرای بەرژەوەندیەکانی ئینگلیزی دەکرد ئەوە بوو وا لە راپەڕینەکە بکەن رووەو ئێران کلپە بسێنێ. لەم بارەیەوە لازاریف جوانی بۆ چووەکانێ نووسیویەتی : "دەوڵەتی عوسمانی بەنهێنی پشتگیری ئەم هەوڵەی شێخ عوبێدوللای دەکرد، لەمەشدا نیازی ئەوەبوو تەوژمی بزاڤی کورد ئاراستەی ئێران بکات. سەرئێشەو ئەژواریش بۆ روسیای کۆنە دوژمنی چێ بکات" [٤٥:٥٥]. هاوکات بۆ ئەوەی

ڕیزی شۆڕشگێڕان لەیەك بترازێنن پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد گوایە سوڵتان نیازی وایە لە ئەرزەڕۆمەوە تا وان و دیاربەکر و موسڵ، هەرێمێکی تایبەتی کوردستان پێکبهێنن و عەبدوڵلا پاشای خەڵکی سلێمانی، کە داردەستی خۆیان بوو بکەنە سەرداری ئەو هەرێمە [١٣:١٣٤]. هەرچی دەربارەی هەڵوێستی ئێران بوو، ئەوا وەك لەنامەیەکی عەباس میرزادا هاتبوو، پێیان وابوو، : "مەژی ئەو شێخە لە ئاوەز لایداوەو تێکچووە، گەرەکیەتی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست و ببێتە خودانی (کوردستانات)" ! * [٣٣١: ٣٤-٣٥].

ئەگەر ئەم دەستپێکەی شۆڕشگێڕان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بووە سۆنگەی ئەوەی بەلەزی ناوچەیەکی فراوان ئازاد بکەن، هاوکات هۆکارێکی گرنگیش بوو بۆ ڕووخان و لەناوچوونی ڕاپەڕینەکە ! هەرچەندە ڕاپەڕینەکە مەترسیەکی وای بۆ ناسرەدین شا چێکرد، ناچار بوو بروسکە بۆ ئەسکەندەری دووەم، تەزاری ڕوس لێ بداو تکای لێ بکا بۆ پاراستن و سەلامەتی سنوورەکانی ئازربایجان چی بەپێویست دەزانێ بیکا [١٣:١٤٩] لەپاڵ ئەمەدا داوای هاریکاری لە ئینگلیز و دەوڵەتی عوسمانیش کرد، بۆیە وەك سافراستیان دەڵێ: "شێخ عوبێدوڵلا دەیتوانی تەورێزو ئازربایجانیش بن دەست بکات ئەگەر ڕێکەوتنی تورك و ئێران نەبوایە، بەهاندانی ڕوس و ئینگلیز بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی" [٥:٤٠]. تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی مەترسی ئەوەیان دەکرد پێشمەرگەکان بەرەو تاران بڕۆن ! [٢٣٥:٢٣٩]. بەم جۆرە ئینگلیزو عوسمانیەکان بەمەرامی خۆیان گەیشتن و توانیان مەترسیەکان لەخۆیان دوور بکەنەوە، لەهەمان کاتدا وابکەن ڕوسەکانیش هاریکاریان بکەن.

ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبێدوڵلا کە لەناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویدا، بەڕوونی ململانێی نێو دەوڵەتییو ناوچەیی لەسەر کوردستان نیشاندەدا، ئەگەرچی لەدوای ئەو زۆر هەوڵی تر درا بۆ ڕاپەڕین، وەلێ دەشێین ئێژین تا دوای جەنگی جیهانی یەکەم، هیچ ڕاپەڕینێکی تر بەو فراوانیەی شێخ عوبیدوڵلا نەهاتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەش ململانێ لەسەر کوردستان نەوەستا. هەر لەدوای ئەو ڕاپەڕینەش، ڕۆڵی هەندێك هێزی تر کەوتە درەوشانەوە. لەوانە ئەڵەمانەکان کە سیاسەتی کشان بەرەو ڕۆژهەڵاتیان گرتە بەر، بەم چەشنە ململانێ لەسەر کوردستان لە قۆناغێکەوە پێی نایە قۆناغێکی تر...

---

* مەبەستی لە کوردستانی گەورەیە.

بەشی یەکەم

کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا جەنگی جیهانی یەکەم

باسی یەکەم : کوردستان و کاریگەری گۆڕانی باری ئابووری و سیاسی نێو دەوڵەتیی

گۆڕانکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، لەهەموو چاخ و سەردەمێك کار لەیەکتری دەکەن. ئەو پێشوەچوونەی لە سایەی شۆڕشی پیشەسازیەوە هاتە ئارا، کار لەیەکتر کردنەکەی گەورەترو بەلەزتر کرد. جیهان بوو بە ناوچەیەکی بچووك، ململانێ لەسەر بەرژەوەندیەکان گەیشتە هەموو شوێنێك.

ناوچەی دەریای سپی بەشێوەیەکی گشتی و رۆژهەلاتی ناڤین بەتایبەتی، بووە گۆڕەپانی گرنگترین و قووڵترین ململانێی نێو دەوڵەتی. شوێنی ستراتیژی ئەو ناوچەیە بایەخێکی زێتری پێ بەخشیبوو، کە خاڵی بەیەکگەیاندنی هەرسێ کیشوەری ئاسیاو ئەفەریکاو ئەوروپا بوو، ئەلقەی بەیەکگەیاندنی رۆژهەلات و رۆژئاوا بوو [١٧٥:٢٢١]. وەك برونسنیش دەڵێ : "کوردستان، وولاتی کوردان، ناوچەیەکی ستراتیژی رۆژهەلاتی ناڤینەو گرنگترین بەشەکانی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا پێکدەهێنێت" [٤٧:٢٩]. بۆیە کوردستان هەمیشە بایەخێکی گەورەی هەبووە، سەرە رێگاو مەڵبەندێکی ترانزێت بووە لەنێوان دەریای رەش، قەزوین، دەریای سپی ناڤین و کەنداوی فارسدا [١٩:٥٥]. بەشێك لە بازرگانی ئەورووپی کاتێك لەرێگای بەسرەوە دەگەیشتە بەغدا، بەهۆی کاروانچیەکانەوە سنووری دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دەبڕی، پاشان بۆ کرماشان و هەمەدان، تا دەگەیشتە تاران. لەو دەڤەرانەدا سێ رێگا ئەو دوو دەوڵەتەی بەیەکتر دەبەستەوە، رێگای ئەهواز، خانەقین، سێیەمیان رێگای هەولێرو رانیە بوو [٩٧:٥٨]. کەواتە ئەو رێگایە شادەماری رێگای ووشکانی هیندستان بوو. ئەو هیندستانەی ئینگلیزەکان هەر لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە ململانێیان لەپێناو دەکردو بەگەوهەری تاجی بەریتانیای مەزنیان دادەنا. دزرائیلی وای بۆ دەچوو ئەستانە کلیلی رێگای هیندە. بۆیە لەساڵی ١٨٧٥ پشکەکانی خدێوی (ئسماعیل)ی لەکەناڵی سویس کڕی، وەك

ڕێگا خۆشکردنێك بۆ ئەوەی بەریتانیەکان دەست بەسەر ئەو کەناڵە دابگرن و بەرپەرچی هەموو باڵادەستیەکی روسەکان لە گەرووی بۆسفۆڕو دەردەنیل بدەنەوە [٢١٧:٢٩٦]. باڵا دەستی روسەکانیش لە گەرووەکاندا گەفی لە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەکرد لە رۆژهەلاتی ناڤین بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. چونکە روسەکان لە ئێرانیش نفوزیان زۆر بوو، و باڵا دەست بوون. بەم جۆرە کوردستان دەکەوتە نێو ئەو بازنەیەی لە دوولاوە پەنجەی روسەکان خنخنۆکەی دەگرت، لە باکورو رۆژئاواوە.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئینگلیزو فەڕەنگەکان، دواتر ئینگلیزو روسەکان. لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمیشدا ئەڵمانەکان وەك هێزێکی نوێ، بە چوستیەوە هاتنە سەر شانۆی ململانێیەکە. ئاشکرایە دوا بەدوای شەڕی سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی یەکێتی ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٧١، پێشوەچوونی زۆر گەورەو بەلەزیان بەخۆیانەوە بینی، بەتایبەتی لە بواری ئابووریەوە. ئەمە لە کاتێکدا سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیادا سەری هەڵدا *. بۆیە ئینگلیزەکان لەو کاتەدا لەخەڵکی تر زێتر پێویستیان بە کەرەستەی خاو هەبوو. کەرەستەی خاوی کوردستانیش لە مێژ بوو سەرنجی ڕاکێشابوون. لە ساڵی ١٨٧١ پرۆژەی پاڵاوتنی پەترۆلیان لە باقوبە ئامادە کرد، وەلێ ئەم پرۆژەیە سەرکەوتنی وەدەست نەهێناو شکستی خوارد. لەو کاتەدا وڵاتە ئەوروپاییەکانی تریش داوایان پێشکەش دەکرد بۆ وەبەرهێنانی پەترۆل لە مەندەلی و گەیارەدا. هەر لەهەمان ساڵدا پسپۆڕەکانی ئەڵمانیش هاتنە ئەو دەڤەرە [٥٦:١٨٨].

ئەو گەشە سەندن و پێشوەچوونەی ئەڵمانەکان وای لە سیاسەتوانە سەرمایەدارەکانیان کرد بیر لە پەیداکردنی زەوی نوێ بکەنەوە. کەچی کاتێك لەم دەرگایەیاندا، ئینگلیزو

---

* سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمدا بەر لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی تر سەری هەڵدا، زێدەبوونێکی بەرچاو لە هەموو بوارەکانی بەرهەم هێنان بەدی دەکرا، هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەرهەمە چێکراوەکانی ئینگلیزی هەموو بازاڕەکانی جیهانی گرتبوو، لەکاتێکدا دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی تر هێشتا لەرووی پیشەسازیەوە پێشوە نەچوو بوون. لە ساڵی ١٨٧٠ ئینگلیزەکان ٢/٣ کۆی بەرهەمی پیشەسازی هەموو جیهانیان بەرهەم دەهێنا، بۆیە بەکارگەی جیهان ناوزەند دەکران [١٢١:٥٥].

فەڕەنگەکان هەموو شوێنە لەبارەکانیان مونۆپۆل کردبوو، بۆیە چاویان بریە دەوڵەتی عوسمانی. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگایەکی وایان گرتە بەر پێویست بە تێچوونی سەربازی نەکات، هاوکات ڕوو بەڕووی بەرهەڵستیەکی ئاشکرا نەبنەوە لەلایەن دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی ترەوە [٣٨:١٤٨]. لەگەڵ ئەوەش وەك دکتۆر سەمعان پەترۆس دەڵێ: "بەلەزی پێشوەچوونی ئەڵەمانەکان لەلایەك، تەنگی بوارەکانی دەرەوەی فراوان خوازی ئیمپریالیزمی لەلایەکی تر، بووە سۆنگەی ڕوو بەڕوو بونەوەیەکی سیاسی توند لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیداو بەدایسانی ئاوری جەنگی جیهانی یەکەم دیماهی هات [١٥:١٨٢]. کەواتە گۆڕانە ئابووریەکان گۆڕانی سیاسی بەدواوە هات، هەردوو بوارەکەش، کاریگەری گەورەی لەسەر کوردستان هەبوو. وەك شەمزینی دەڵێ: "کوردستان وەك دەوڵەمەندترین ناوچە پەترۆلیەکانی دوو ڕۆژهەڵاتی ناڤین و نزیك، سەرنجی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانی ڕاکێشاو کۆنترۆڵکردنی بوو بەیەکێك لە ئامانجەکانیان. سەرەنجام کوردستان بووە گۆڕەپانی ململانێیەکی توندو تیژی نێوان ئەڵەمانیاو بەریتانیاو ڕوسیای تەزاری. بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو فریودانی کورد، سیخوڕانی ئینگلیزو ئەڵەمان ڕوس خزانە ناو کوردستانەوەو هەریەکەیان لاف و گەزافی ئەوەی لێدەدا وڵاتەکەی مافی گەلان دەسەلمێنێ و پشتیوانی لە داخوازیەکانی گەلی کورد دەکا" [٩٨:٢٨]. لە کاتێکدا هەر ئەو ململانێیە بوو، لە سی و چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بووە سۆنگەی مانەوەی چەوسێنەران و داگیرکەرانی کوردستان، واتە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، تەنانەت ئەو ململانێیەی ڕوس و ئینگلیز بوو ڕێگای دابووە ئێران "کەمێك لەسەر بەخۆییەکەی خۆی بپارێزێ" [٢٧:٩٦]. ڕوسەکان بەکامی دڵ حەزیان دەکردو هەوڵیاندەدا ئێران وەکو دەوڵەتێکی بێ هێزو لاواز بمێنێتەوە، تا دەسەلاتیان لەم دەڤەرە بەردەوام بێت و بازاڕەکانی کوردستان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەلڤێریێف یاریدەدەری کونسوڵی ڕوس لە (وان) نووسیویەتی: "پێویستە بەهەموو توانایەکمانەوە بازاڕەکانی کوردستان بۆ خۆمان ڕاکێشین و ڕێگا نەدەین بکەوێتە بن باڵ و سایەی ئەڵەمانیاوە. بەم جۆرە کوردستان بۆ ڕوسەکان واتاو گرنگیەکی تایبەتی هەبوو. بازاڕێك بوو کەل و پەلیان تیا دەفرۆشت و سەرچاوەیەکیش بوو بۆ کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی. ئەم پەلهاویشتنە ئابووریەش، دەبوایە دەسەلاتی سیاسی بەدوادا بێت کە بایەخێکی گەورەی بۆ ڕوسیای تەزاری هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا [٧٢:٤٥]. هەروەها کوردستان لای ئینگلیزو ئەڵەمانەکانیش بایەخی خۆی هەبوو،

بۆیە هەموو ئەو لایەنانە بەردەوام زیرەڤانی یەکتریان دەکـردو لـە تەشـەنەکردنی نفوزی یـەکتر دەسڵەمینەوە، لـەم بارەیـەوە کونسـوڵی فـەرەنگ لـە ئـەرزەڕۆم نووسـیویە : "هـەر هێنـدەی کونسوڵێکی روس سەردانی ئەم یان ئەم سـەرۆکی کـوردی بکردایـە، کونسـوڵێکی ئینگلیـزی خێرا سەردانی دەکرد، کونسوڵەکانی بەریتانیا هەمیشە وەك سایەی کونسـوڵەکانی روس بـوون و لێیان جویێ نەدەبوونەوە" [٤٥:١٥٧].

هاتنە ناوەوەی ئەڵەمانەکان بۆ رۆژهەڵات و کوردستان بەتایبـەتی، بـاری ململانێیەکـەی رژدتر و ئاڵۆزتر کرد. ئەوەی هەڵزنانی ئەڵەمانیای بەرەو ئـەو دەڤـەرە ئاسـانتر دەکـرد ئـەوە بـوو سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەو پێیەی خەلیفەی موسڵمانان بوو، پێـی وابـوو ئەڵـەمانیا تاکـە هێزە هاوسۆز بێت لە وەدەست هێنانی کۆمەڵەی ئیسلامی (الجامعە الأسلامیە) کە ئەو هەوڵی بۆ دەدا و دەیویسـت وەکو ئامرازێك بەکاریبێنێ لەپێناو وەدیـهێنانی مەرامـە سیاسـیەکانی خـۆی. هەروەها ئەڵەمانەکان هیچ پارچەیـەکیان لـەزێدی موسـڵمانان داگیر نـەکردبوو، هاوکـات لـەو دەمـەی پـەیوەندیان لەگـەڵ گرێدابـوون، ئەڵەمانـەکان نیازپـاکی خۆیـان سـەلماندبوو، سیاسەتوانەکانیان، لە پسمارکی راوێژکارەوە تـا ئیمـپراتۆر ولهـەمی دووەم، رایاندەگـەیاند کـە ئامـانجی ئـەوان بەتـەنیا ئابووریـەو هیـچ چاوتێـبڕینێکی سیاسـیان لـە دەوڵـەتی عوسـمانیدا نیـە [٩٧:١٥٩]. هەر لەساڵی (١٨٧١)ەوە سیاسـەتێکی خۆپارێزیـان گرتـە بـەر. لـەنێوان سـاڵانی ١٨٧١-١٨٩٠ گـەرەکیان بـوو ئـەو دەستکەوتانەیان بپـارێزن کـە وولاتەکـەیان لەشـەڕی (١٨٦٦-١٨٧١) وەدەستی هێنا بوو، بۆیە لەو کاتەدا لەگەڵ بیرۆکەی وەدەست هێنانی زەوی نوێـدا نـەبوون [٤٣:١٤٣]. لەگـەڵ ئـەوەش سـەرهەڵدانی هـێزێکی وا، هـەر دەبوایـە لەگـەڵ بەریتانیەکان روو بـەڕوو ببێتـەوە، بێگومـان ئـەم روو بەڕووبونـەوەش هـەر لـەبواری ئـابووریدا نەدەمایەوە، چونکە پێشبڕکێ لەسەر بازرگانی دەرەوە، رەنگدانەوەی لەسـەر سیاسـەتی دەرەوەی هەردوو وولاتدا هەبوو. هاوکات ئەم پێشوەچوونە ئابووریەی ئەڵـەمان، دەبوایـە ئەستوندەیەکی دەسەلاتی سیاسیشی لەگەڵدا بێت، کە دەیکرد وەدەست هێنانی کۆلۆنیاکان، یـاخود بەلایـەنی کەمەوە ناوچەی نفوز، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دەبووە سەرەتایەك بـۆ ئـەوەی ئینگلیزەکـان بـالا دەستیان لـە جیـهاندا لەدەسـت بـدەن. ئـەو بـالا دەسـتیەی لـە کۆتـایی شـەڕەکانی نـاپلیۆن و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا وەدەستیان هێنابوو [١٨٢:٦٧].

ئەو گۆڕانە ئابووری و سیاسیانە کاریگەری گرنگیان لەسەر پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان هەبوو. بۆ وێنە شەڕی روسی – تورکی ١٨٧٧ ململانێی روس و ئینگلیزەکانی لەسەر ناوچەکانی ئاسیای ناڤین بەلەزتر کرد. بەریتانیەکان پتر بایەخیان بەزێدەکردنی نفوزی خۆیان دا، لە کوردستان و فارس و ئەفغانستان. لە ساڵی ١٨٧٦ جێگری پاشای هیند، لورد لیۆن (Leon) لەسەر ئەوە مکوڕ بوو کە سنوورەکانی باکوری هیند فراوان بکرێت. بۆیە دەیویست لە رۆژهەلاتی ناڤین زەوی تر داگیر بکەن، بەو ئامانجەی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە نیمچە کیشوەری هیندی لە مەترسیٚ روسەکان خاترجەم بکات. لە ساڵی ١٨٧٩ دزرائیلی رایگەیاند : "ئێستا هیند سنوورێکی دیاریکراوی نیە !". هەر بۆیە ئینگلیزەکان لەنێوان ساڵانی (١٨٤٩–١٩٠٠) (١١٠) شەڕیان لەسەر سنوورەکانی باکوری هیندستان کرد. (٦٤) شەڕیان بەتەنیا لەنێوان ساڵانی (١٨٧٠–١٨٩٨) بوو [٥٦:١٢١]. "کرزن"یش پێی وابوو سنووری هیندستان لە فوراتەوەیە ! ئەمەش ئەوەی دەسەلماند کوردستان وەك دڵی رۆژهەلاتی ناڤین، هەر لایەك دەستی بەسەر دابگرتایە، دەشیا دەست بەسەر دەڤەرەکانی تریش دابگرێ. بۆیە باڵا دەستی روسەکان لە کوردستان، بەتایبەتی لە رۆژهەلات و باکوری رۆژهەلاتی کوردستان، دەست وەشاندنێك بوو لە بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لە رۆژهەلات بەگشتی و هیندستان بەتایبەتی. چونکە وەك ئاماژەی پێکرا، دابەزینی روسەکان بەرەو ئاوە گەرمەکانی کەنداوی فارس و دەریای سپی ناڤین. لەرێگای کوردستانەوە بوو ! .

دۆڕاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی (١٨٧٧) و داگیرکردنی بەشێك لە خاکەکەی لە لایەن روسەکانەوە، کە چەند دەڤەرێکی سنووری کوردستانیشی لەگەڵدا بوو، وەك بایەزید. هەروەها گرێدانی پەیمانامەی (سان ستیڤانۆ) بە ئاشکرا بووە سۆنگەی لەنگ بوونی تای تەرازووی هێزەکان لە رۆژهەلاتی ناڤین بەگشتی و ئەو دەڤەرە بەتایبەتی. چونکە سان ستیڤانۆ دەریای سپی بۆ روسەکان ئاوەڵا کرد، ئەمەش مەترسی بۆ ئینگلیزەکان چێکرد لە هەڵزنانی روسەکان بەرەو رێگای هیند. بۆیە بەرژەوەندیەکان روو بەرووی یەکتر بوونەوەو مەترسی دایسانی شەڕ هاتە ئارا. لەو کاتەدا ئەڵمانەکان خۆیان تێ هەڵقورتاندو بەسەرۆکایەتی پسمارك کۆنگرەی بەرلین گرێدرا، کە بەهۆیەوە ئینگلیزەکان توانیان باری دۆڕانی عوسمانیەکان کەمێك سووکتر بکەن و روسەکان لە دەریای سپی دوور بخەنەوە [٩٣:٢٦٦]. ئەو پەیماننامەیە بەچاکسازی ئەرمەنی لە ئەناتۆلیای رۆژهەلات ناسراوە، کە روسەکان سەرباری دەریای سپی، لە

کەنداوی فارسیش دوور خرانەوە. ئینگلیزەکان دوای ئەوە دەستیان کرد بە پیادەکردنی سیاسەتی فراوان خوازی لە دەوڵەتی عوسمانی و ڕێگای هیندیشیان خستە ژێر سایەی خۆیانەوە [۱۰۵:۳۳۲]. بۆیە دەتوانین کۆنگرەی بەرلین بەخاڵی وەرچەرخان دابنێین لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، وەك ئاماژەی پێکرا. سەرەتای لەیەکتر دوورکەوتنەوەی عوسمانی و ئینگلیزەکان لەم خاڵەدا دەست پێدەکات، هەروەك چۆن سەرەتایەکیشە بۆ پتەوبوونی پەیوەندی دۆستایەتی و هاریکاری لەنێوان عوسمانی و ئەڵمانەکان. هەرچەندە پسمارك لە کۆنگرەی بەرلین ڕایگەیاند کە ئامانجی سەقامگیربوونی ئاسایشە لە ئەوروپا، وەلێ دوای ئەو کۆنگرەیە پەیوەندی نێوان روس و ئەڵمانەکان تێکچوو، روسەکان چەند کارێکی نادۆستانەیان بەرامبەریان ئەنجامدا. بۆیە ئەڵمانەکان پێشوازیان لە "دۆستایەتی" تورك کرد. ویستیان دەوڵەتی عوسمانی بەهێزبکەن تا وەکو هاوپەیمانێك دژی روسەکان بەکاریان بهێنن. ئەگەر دژی ئەوان شەڕیان ڕاگەیاند [۱۲۵: ۹۳-۹٤]. لەهەمان کاتدا پەیوەندی ئەڵمانەکان لەگەڵ ئێرانیەکانیش بەرەو باشی دەچوو. نوێنەری پسمارك و خودی پسمارك خۆی، هیوای ڕوودانی چاکسازیان دەربارەی ئێران نیشاندا، هاوکات پەیوەندی و نامەگۆڕینەوە لەنێوان پسمارك و ناسرەدین شا لە ئارادا بوو [۳۲:۳۲۲].

ئەو بارە نوێیەی سەری هەڵدا وایکرد ئینگلیزەکان واز لە سیاسەتی پاراستن و هێشتنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بێنن. لەگەڵ ئەوەش خۆیان وەدوور دەگرت لە تێکەڵ بوونی هەر پرۆژەیەکی نێو دەوڵەتی بۆ نەهێشتنی دەوڵەتی عوسمانی، نەبادا ئەو کارە ببێتە سۆنگەی ئەوەی بەشە گرنگەکانی بکەوێتە دەست روسیا، کە بێگومان کوردستان بەشێکی گرنگ و پڕ بایەخ بوو بەگوێرەی روسیا. لە ئادگارەکانی سیاسەتی نوێی ئینگلیزیش ئەوە بوو لەساڵی ۱۸۸۲ میسری داگیر کردو لەهەمان کاتیشدا کەوتە جەنگ دژی نفوزی دەوڵەتیی عوسمانی لە کەنداوی فارس [۲۷٤:۲٥۲]. نەوەك روسەکان لە سۆنگەی بێ هێزی عوسمانیەکان بتوانن جێ پێیەك لە کەنداودا بکەنەوە. لەبەر ئەوەی یەکێك لە ڕێگاکانی هاتنی روسەکان بۆ کەنداو ڕێگای فورات بوو، بۆیە بایەخی سیاسی و سەربازی فورات بووە بابەتێکی زۆر ترسناك، پەیوەندیەکی پتەوی نەك تەنیا بەدەوڵەتی عوسمانیەوە هەبوو، بەڵکو بە وولاتی فارس و هەموو ئەو دەڤەرانەی دەکەوێتە نێوان دەریای سپی و دەریای قەزوین و ئۆقیانووسی هیندی هەبوو[۱۳٥:۱٥۷]. کە ئەمەش بە ووردی شوێنی ستراتیژی کوردستان دیاریدەکا وەك چەقی ململانێیەکە، بۆیە ئەو گۆڕانانە کاریگەری ترسناکیان لەسەر کوردستان و مرۆڤی کورد

هەبوو. سەرباری گەمەی ئەو زلهێزانە، کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبن دەستی هێزە ناوچەییەکاندا بوو، کە هێندە لاوازو چرووك بوون، وەك ئاماژەی پێکرا تەنیا بەرژەوەندی لایەنە ڕکابەرەکان سەربەخۆی هێشتبوونەوە! ئەوانە لەپاڵ دواکەوتوویی خۆیان کوردستانیان بەتەواوی پشتگوێ خستبوو، تەنیا بەسەرچاوەیەکیان دەزانی بۆ گرتنی سەربازو کۆکردنەوەی باج، زۆربەی ئەو تەنگژە ئابووریانەی دوچاری ببوون کەوتبووە ئەستۆی ئەو کشتیارانەی دوور لە سەنتەر دەژیان [٢٥٧: ١٠٠]. کە ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی کوردستانی دەگرتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا ئەڵمانەکان جموجۆڵەکانیان گەشە پێدەدا، قۆناغی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم سەرەتایەك بوو بۆ وەبەرهێنانی ئەڵمانیا لە دەرەوە. لەو دەمەشدا داوای وەبەرهێنان لە ئەناتۆلیا لەنێو ئەڵمانەکان بەرز دەبوەوە، بەو پێیەی بوارێکی لەبار بوو بۆ ئیمپریالیزمی ئەڵمانی [١٠٦: ١٤٩]. بۆیە نێردەکانیان کەوتنە پشکنینی کوردستان و ڕاپۆرتیان دەربارەی بەرز دەکردەوە، لەساڵی ١٨٨٤ کاتێك کوردستان لەبن باری قات و قڕی و برسیەتی دەیناڵاند، نێردەیەکی ئەڵمانی لە کەرکوك و دەوروبەری خەریکی توێژینەوەی جیولۆجی بوون. ڕاپۆرتێکیان نووسی، تیایدا ئاماژەیان کرد کەرکوك دەڤەرێکی پەترۆلی گەورەیەو کێڵگە پەترۆلیەکانی لە رووی زەویەوە نزیکن [١٩٩: ٧٥-٧٦]. دەوڵەمەندی کوردستان و بوونی ئەو هەموو سامانە تیایدا، لەپاڵ شوێنە ستراتیژی و جیوپۆلەتیکیەکەی، وایکردبوو هەریەك لە لایەنە ڕکابەرەکان هەوڵبدات ئەوانەی تر لە کوردستان دوور بخاتەوە. ئەگەر هەرنا هەوڵی ئەوە بدات سەرەداوی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەبن دەستی خۆیدا بێت. بۆیە بە بەردەوامی کێشەیان بۆ یەکتر دەنایەوە، گەلێك جارانیش دەیانویست هێزی تر بخەنە ناو ململانێیەکەو هاوسەنگی هێزەکانی پێ ڕابگرن. بۆ وێنە ڕوس و ئینگلیزەکان کاتێك لەسەر سنوورەکانی ئاسیای ناڤین و ئەفغانستان تێکچوون، ئینگلیزەکان داوایان لە ئەڵمانەکان کرد ناوبژیوانی بکەن. وەلێ پسمارك لەنیازی ئینگلیزەکان گەیشتبوو، دەیزانی بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە ناکۆکی بخەنە نێوان هێزەکان و دژی یەکتریان بەکاربێنن [١٢٦: ١٥٩]. لەگەڵ ئەوەش ئەو ڕکابەرایەتیەی نێوان ڕوس و ئینگلیزەکان، لەسەرەتادا یارمەتیەکی زۆری ئەڵمانەکانیدا بۆ هاتن بەرەو ڕۆژهەڵات و کوردستان. لەساڵی ١٨٨٣ لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمید نێردەیەکی سەربازی ئەڵمانی بەسەرۆکایەتی ڤون گوڵتز، بۆ ڕێکخستنی کاروبارە سەربازیەکان هاتە دەوڵەتی عوسمانی، ئەم نێردەیەش ناوبەناو ڕاپۆرتی دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی دەنارده وولاتەکەی [١٧٧: ٢١٣].

هاتنی ئەو نێردەیە ئینگلیزەکانی خستە مەترسیەوە، پێیان وابوو هانی دەوڵەتی عوسمانی دەدا بەرەنگاری بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرلین بێتەوە، کە لەلایەن دەوڵەتە

ئەورووپاییەکانەوە دەرچوو بوو [١٢٥: ٩٤-٩٥]. ئەوەی زێتر مەترسی لە دڵی ئینگلیزەکان گوراند، لەو ماوەیەدا، لە تشرینی یەکەمی ١٨٨٤ نێردەیەکی تری ئەڵەمانی گەیشتە ئێرانیش کە بەو پەڕی گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا. ناسرەدین شا رایگەیاند باوەڕی پتەوی بەوە هەیە کە پێویستە پەیوەندی لەگەڵ بەرلیندا هەبێت، هەروەها رێگای بە نێردەکەدا بەشێوەیەکی کاتی لە یەکێك لە کۆشکەکانی ئەودا بمێننەوە. لە دوو مانگی یەکەمدا نێردراوی ئەڵەمانی چەندین جار چاویان بە خودی شا کەوت [٩٥:٥٢].

لە ئەنجامی ئەم هەوڵ و کۆششانەو لەپێناو پتەوتر کردنی جێ پێی ئەڵەمانەکان لە رۆژهەلاتی ناڤین و وەدەست هێنانی چەند جیاوکێك، لە ساڵی ١٨٨٩ تەزاری ئەڵەمانی گەشتێکی بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد. بە پێچەوانەی خوونەریتی رۆژهەلاتی، خێزانەکەی خۆی لەتەك خەلیفەی موسڵمانان، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، سواری ئەو گالیسکەیە کرد کە بۆ تەزارو سوڵتان تەیار کرابوو [١٠٦:٢٦٦]. کە ئەمە چەند عوسمانیەکانی سەرسام کرد، زێتر بەریتانیەکانی ترساند، بگرە روسەکانیش زەندەقیان چوو. بۆیە لەهەمان ساڵدا هەوڵیاندا خۆیان لە سەرۆکە کوردەکان نزیك بکەنەوە. نیکۆلای دووەم بانگهێشتی جافەر ئاغای شکاك و عەبدولڕەزاق بەدرخان و سەید تەهای نایری کرد. زۆر دیاری پێ بەخشین و بەڵێنی هێندە خۆشی دانێ، کە گەلی کورد زێتر هانبدات بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی ! [٣٩:١٩].

هەر دوای سەردانەکەی ئیمپراتۆری ئەڵەمانی، سوڵتان عەبدولحەمید فەرمانێکی * دەرکرد. بەپێی ئەو فەرمانە دەڤەرە پەترۆلیەکانی کوردستانی خستە سەر خەزێنەی تایبەتی خۆیەوە. بۆ ئەوەی لەلایەك ببێتە موڵکی ئەو لەلایەکی تر لەدەستی دەوڵەتە ئەورووپاییەکانی تری دوور بخاتەوە [١٩٩: ٨٢-٨٣]. دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٩٠ گولبنگیان **، کە

---

* مێژووی دەرچوونی ئەم فەرمانە بۆتە جێی مشت و مڕی مێژوونووسان. هەندێك لەو بڕوایەدان سوڵتان ئەو فەرمانەی لە ساڵی ١٨٨٨ دەرکردووە، بەشێکی تر ١٨٨٩ بەراست دەزانن. کەچی ئەو راپۆرتەی لێژنەی بازرگانی فیدراڵی سەر بە ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکی کە لەساڵی ١٩٥٢ دەریکرد، ساڵی ١٨٩٠ بەراست زانیوە [١٩٩: ٨٢-٨٣]. بەرای ئێمە ئەو دوو مێژووەی دوایی لەراستی نزیکترە، چونکە کاریگەری سەردانەکەی تەزاری ئەڵەمانی پێوە دیارە. ئەو فەرمانە لە ساڵی ١٨٩٨ نوێکرایەوە، واتە لەو ساڵەی ئیمپراتۆری ئەڵەمانی گەشتی دووەمی بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد.

** کالوست سرکیس گولبنگیان. بەوە دەناسرا شارەزاییەکی زۆری لەنهێنیەکانی دیپلۆماتیك و سیاسەتی هەندەران دا هەیە، تەنانەت بەتالێرانی پەترۆل ناوزەند دەکرا. دواتریش بەمستر ٥٪ . رۆڵێکی

ئەندازیاریکی زیخی بەرەچەڵەك ئەرمەنی بوو، راپۆرتیکی بەنهێنی و راستەوخۆ دا بە سوڵتان عەبدولحەمید. تیایدا بەشێوەیەکی سەرنج راکێش باسی کێڵگە پەترۆلیەکانی کوردستانی دەکرد لەگەڵ چۆنیەتی سوود لێ وەرگرتن و پێشخستنی. هەروەها باسی ئەوەی دەکرد چۆن سەرمایەی گەورەی بێگانە بۆ وەبەرهێنانی بێنن ! لەم راپۆرتەدا ئەوەشی روونکردبووەوە کە ئەم پرۆژەیە قازانجێکی وای تیایە لەبن نایەت [٧٢:١٦١]. ساڵێکیش دوای ئەوە والی کرماشان کاتێك خاترجەم بوو پەترۆل لەناوچەکەیدا هەیە، پەیوەندی بەیەکێك لە لێپرسراوە فەرەنگەکان کرد بەناوی ژاك دی مورگان Jac gues demorgan ، بۆ ئەوەی کاربکاو لەم بابەتە بتوێژێتەوە، ئەویش ساڵێك بەدوای ئەوە، واتە لە ساڵی ١٨٩٢ بڵاوی کردەوە کەوا پەترۆل لە قەسری شیرین دا هەیە [١٢:٣١٤].

ئەو گۆڕانانە بایەخی کوردستانیان زێتر کرد. بۆیە لە ساڵی (١٨٩٠)ەوە دۆزی کورد لە روانگەی بەریتانیەکانەوە پایەکی تری وەرگرت، بۆ ئەوەی وەکو چەکێك دژی روسەکان بەکاری بێنن [٧٠:١٨٠]. بێ سۆنگە نیە هەر لەهەمان ساڵیشدا دەوڵەتی عوسمانی سوارەی حەمیدی دامەزراند. کە ئەڵەمانەکان رۆڵی گەورەیان لەمەدا هەبوو، بۆ ئەوەی ئەو دەڤەرە لەژێر نفوزی عوسمانیەکان بهێڵنەوەو روس و ئینگلیزەکان نەپرژێنە سەر ئەوەی لەم رۆچنەیەوە خۆیان لە کاروباری عوسمانیەکان هەڵقورتێنن. روسەکانیش لەم بارەیەوە درێغیان نەدەکرد، لە کانونی دووەمی ١٨٩١ ژەنرال ئەبرۆچێت داوای لە زینۆڤێف کرد، کە سەرۆکی بەشی ئاسایش بوو لە شالیارگەی کاروباری هەندەراندا، بە ووردی ئاگای لە دۆخی ئەناتۆلیای رۆژهەڵات بێت کە زۆربەی کوردستان دەگرێتەوە. هێزەکانی لەوێ پتەو بکات و پەل و لقی سوارە پێکبهێنێ[٤٥: ١٤٦-١٤٧]. هەر دووساڵیش دوای ئەوە روسەکان رێکەوتننامەیەکیان لەگەڵ ئێرانیەکان مۆر کرد، بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە ئێران دەستی کرد بەگوێزانەوەی دوو هەزار خێزانی کوردی جەلالی بۆ ناوچەکانی ناوەوەی ئێران [٢١٥:٣٢٤].

کوردستان بەتەنیا گۆڕەپانی ململانێی روس و ئینگلیزو ئەڵەمانەکان نەبوو، بگرە ئەمەریکاییەکانیش گەرەکیان بوو خۆیانی تێخزێنن، کوژرانی (لینتسی)یان کە میسینێرێکی ئەمەریکی بوو. لەساڵی ١٨٩٥ کردە بیانگەیەك و کونسوڵخانەیەکیان لە ئەرزەرۆم کردەوە، خۆیان تەیار کرد لە خارپوتیش یەکێکی تر بکەنەوە، هەرچەندە تورکەکان لەسەرەتا

گەورەی لە دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کۆمپانیا پەترۆلیە بێگانەکان وازی کرد [٧٣:١٦١].

رووگرژیان نواند، وەلێ لە ئەنجامدا دوای ئەوەی هێزیان پێ نیشاندرا، ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی [٤٥: ١٦١]. شایەنی باسە لەو کاتەدا سیخوڕەکانی ئینگلیز بە ووردی لە کوردستان دەگەڕان و نەخشەی ڕێگاویان و لایەنی تۆپۆگرافی کوردستانیان دەکێشا [٣٤٦: ١٣٧]. ئەوانیش هەوڵیاندەدا وەکو ئەمەریکاییەکان کێشەی ئەرمەنەکان بقۆزنەوە. بۆیە داوایان لە روسیا کرد رازی بێت کەوا کەشتیگەلی ئینگلیزی بێتە ئەستانە، تا سوڵتان ناچار بکەن داخوازی ئەرمەنەکان جێبەجێ بکات، تەزاری روس ترسا ئەوە ببێتە سۆنگەی زێدەبوونی دەسەڵاتی بەریتانیەکان لە دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە بەهاوکاری فەرەنگە هاوپەیمانەکانیان ئەم پێشنیارەی ئینگلیزەکانیان رەتکردەوە [٣٤٧: ٢٠٤-٢٠٥].

لەو کاتەدا کە هیچ یەکێك لە پاشاکانی ئەوروپا ئامادە نەبوو ناوی خۆی لەکەدار بکاو سەردانی سوڵتانی سوور بکات *. لەساڵی ١٨٩٨ ئیمپراتۆری ئەڵمانی سەردانی دووەمی بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد. کە ئەمە بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەبوو [١٣٢: ١٥٣-١٥٤]. جێگای ئاماژە پێکردنە تەزاری ئەڵمان لەو کاتەدا لە سیاسەتی هەندەراندا دەستی ئاوەڵاتر بوو، چونکە ساڵێك بەر لەو کاتە (پۆلۆ) ببووە راوێژکاری ئەڵمانیا، کە کابرایەکی مل کەچی ئەو بوو، سەرباری ئەوەی سیاسەتی دەست بەسەرداگرتنی جیهان مەژی ئەویشی داگیر کردبوو [٣٤٤: ١٠٧].

ئەم رووداوانە ئەوە روون دەکاتەوە کەوا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ سەردەرهێنانی سەردەمی ئیمپریالیستی رۆڵی کوردستان لە رووی سیاسەتی جیهانیەوە تا رادەیەکی زۆر پەرەی سەند [٤٥: ٩٦]. لەم پێواژۆکەدا روسەکان گەرمتر کەوتبوونە خۆ بۆ هێنانەدیی خەونە دێرینەکەیان بەکردنەوەی پێگەیەك لە کەنداوی فارس، بۆیە دەبوایە دەسەڵاتیان لە کوردستان، بەتایبەتی باشوری کوردستان، کە دەکەوێتە سەر دەروازەیەکی کەنداو لەناوچەی لورەکانەوە بچەسپێنن. لەساڵی ١٩٠٠ ئەم ئاواتەیان هاتە دی و لەنگەر گرێکیان بۆ کەشتیەکانیان لە کەنداو وەدەست هێنا. ئەم هەنگاوەی روسەکان ئینگلیزەکانی دوچاری دڵەراوکێیەك کرد. کرزن پێی وابوو ئەمە دەبێتە سۆنگەی تێکشکانی بازرگانی و لەنگ بوونی هاوسەنگی هێزەکان، لەهەمان کاتدا دەمارگیری لەنێو فەرمانڕەوایانی ناوچەکە دروست دەکرد. لەم بارەیەوە گوتی : "روس و ئینگلیزەکان لەکوێ دەجەنگن با بجەنگن،

---

* دوای کوشتاری ئەرمەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ئەوروپا بە سوڵتانی سوور ناوزەند دەکرا، چونکە دەستی بەخوێنی ئەرمەنەکان سوور بوو.

وەلێ نابێ لەکەنداو بواری ململانێی خوێناوی بدرێ" [١٠:٢٧٥]. کەچی روسەکان مکوڕ بوون لەسەر هەوڵەکانی خۆیان، بەبێ ئەوەی بواری روو بەڕوو بوونەوەی راستەوخۆی سەربازی بدەن لەگەڵ ئینگلیزەکان. لە ساڵی ١٩٠٢ ئەفسەرێکی روسی بەناوی "سیکلۆڤنیکوف"یان لەگەڵ نێردەیەك نارده ولایەتەکانی میسۆپۆتامیا، دوای تەواو بوونی گەشتەکەی پەڕتوکێکی گرنگی نووسی، کە زۆر هەواڵ و زانیاری تۆی بایەخی دەربارەی باری سیاسی ئەو دەڤەرەو کەنداوی فارس بەخۆوە گرتبوو، ئەوەی روونکردبوەوە کەوا ئەو شوێنەی ئینگلیزەکان لە میسۆپۆتامیا هەیانە پەیوەندیەکی پتەو و راستەوخۆی بە کۆنتڕۆڵی راستەقینەیان هەیە لە کەنداوی فارس [٣٤٦:١٤١]. ئینگلیزەکانیش پێیان وابوو روسیا تەنیا بەشێکی ئێرانی گەرەك نیە، بەڵکو هەموو ئێرانی گەرەکە، وەلێ بەلەزی ئەو کارەی ئەنجام نەداو ئەو نیازەی ئێستا ناخاتە روو [٣١٦: ٧-٨]. فەڕەنگەکانیش بەهەمان جۆر تا دەهات زێتر بایەخیان بە کوردستان دەدا. کونسوڵەکانیان لە بەغدا هەوڵیاندەدا ناکۆکی لە نێوان نەستووریەکان و کاپۆلیکەکانی کوردستان دایسێنن، هەر لەم کاتەدا لە باخچەی فەڕەنگەکان، یاخود یانەی فەڕەنگەکان لە بەغدا پێشوازی گەرمی شوێنەوار ناسەکانیان دەکرد [١٨٨:١١٨]. کە بێگومان ئەمانە زۆربەیان سیخوڕو چاو ساغ بوون و لەژێر پەردەی شوێنەوارناسی خۆیان حەشار دابوو.

سەرباری مەترسی سیاسی ئەو ململانێیە لەسەر کوردستان و چارەنووسی گەلی کورد، ئەو گۆڕانکاریانە لە رووی ئابووریەوە کوردستانیان کردبوو بە بازاڕێکی گەورەی کاڵای بێگانە. کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی پیشەگەریە کۆنەکەی کوردستانی لەناو دەبرد، شتێکی ئەوتۆ، بەهەمان لەزی لەناو بردنەکە جێگای نەدەگرتەوە. بۆ وێنە کاتێك مارك سایکس چووە سلێمانی بینی ئەوانەی لە پیشەسازی تفەنگ دروست کردندا کاریان دەکرد، ژمارەیان لە ١٥٠ کەس کەمتر نەبوو، وەلێ دوای ئەو وەك ئەدمۆندز دەڵێ ئەو پیشەیە شوێنەواری نەمابوو [٢٣٦:٦٨].

فەڕەنگەکان مقۆمقۆی ئەوەیان بوو ئەو لاتەریکیە بشکێنن، کە ئەڵمانەکان هەر لە سەردەمی (پسمارك)ەوە بەسەریاندا سەپاندبوون. بۆ ئەم مەبەستە سیاسەتی خۆیان بە سیاسەتی هەندەرانی روسەکانەوە گرێدابوو، روسەکانیش مەبەستیان ئەوە بوو لە پاڵ هێنانە دی مەرامە ئیمپریالیستیەکانی خۆیان، رادەیەك بۆ زێدەبوونی نفوزی ئەڵمانەکان دابنێن، سەرەنجامی ئەم هەموو ململانێ و بگرەو بەردەیەش لە رۆژهەڵاتی ناڤین مالوێرانی زێتری گەلی کوردو دادۆشینی زێتری کوردستان بوو.

ئاشکرایە کە وەك ئەنجامێکی ئەو گۆڕانە ئابوری و سیاسیانە، پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان پێویستیان بە سەر لەنوێ رێکخستنەوە دەکرد. بۆیە ماوەی نێوان نەوەدەکانی

سەدەی نۆزدەهەم تا ساڵی ١٩٠٢، بە ماوەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان دەژمێردرێت. فەرەنگەکان لە هێنانەدی ئەم مەبەستە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، بەتایبەتی دوای ژێر کەوتنەکەیان بەرامبەر ئینگلیز لە فاشودە. لەهەمان کاتدا خاترجەم بوون لەوەی ئەڵەمانەکان ناوچەی (ئەلزاس و لۆرین)* یان بۆ ناگەڕیننەوە، نەشیاندەتوانی بەتەنیا روو بەڕووی ئەڵەمانەکان ببنەوە، کە گەورەترین هێزی زەمینی یان هەبوو لەجیهان، یاخود بەرەو ڕووی ئینگلیزەکان ببنەوە، کە گەورەترین هێزی دەریاییان هەبوو لە جیهان [٩٧:١٢٤]. بۆیە هەوڵیاندەدا خۆیان لە روسەکان نزیك بکەنەوە، کە ئەمەش دەبووە سۆنگەی بەهێزبوونی تای تەرازووی روسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پێچەوانەی خواست و بەرژەوەندی ئەڵەمان و ئینگلیزەکان بوو. هەرچی روسیای تەزاری بوو، لە دوا دوایی سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕانێکی تەواو بەسەر سیاسەتی هەندەرانی داهاتبوو بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین. لە ئاسیای بچووك و بەشە ئەوروپاییەکەی تورکیا تەنیا ئەوەی گەرەك بوو ئەو مافەی هەبێت پاپۆڕە جەنگیەکانی بچنە نێو دەریای سپی و بگەڕێنەوە. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە لە ئێران و ئەناتۆلیای ڕۆژهەڵات، لەگەڵ کاودان و هەڵوێستی ناوەوەی ئازربایجانی ئێران و کوردستان و ئەرمینیای تورکیا، ڕۆڵێکی گەورەیان لە سیاسەتی هەندەرانی روسەکاندا دەبینی و بەلایانەوە زۆر گرنگ بوو بۆ پاراستنی سنوورەکانیان [١٢٤:٤٥]. کە لەو کاتەدا مەترسی زۆریان لەسەر بوو. لەلایەك بەهۆی کوشت و کوشتاری ئەرمەنەکان کە ناو بەناو رویدەدایەوە، لەلایەکی تر وەرگرتنی جیاوکی پەترۆلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لەلایەن دارسی Darcy، کە ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گەفی لە بەرژەوەندی روسەکان دەکرد لە کوردستان و کەنداوی فارس، چونکە ئینگلیزەکان بەم کارەیان شیان بەر بەستێك لە بەردەم پێشوەچوونی روسەکان بۆ کەنداو دابنێن و ڕێگایان لەتەشەنەکردنی نفوزیان گرت لەو دەڤەرەدا [٣١٥: ٢٠٣-٢٠٤]. سەرباری ئەمە وەرگرتنی ئەم جیاوکە ڕەچاوی ئەوەی لێدەکرا ئینگلیزەکان بە بیانگەی پاراستنی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێزی سەربازی بێننە ئەو دەڤەرە. هاوکات دەستکەوتنی پەترۆل لە شوێنێکی وا ستراتیژی و گرنگ، بەهێزبوونی باری ئابووری ئینگلیزەکانی بەهێز دەکرد. لەگەڵ ئەوەش بنکەیەکی لەبار بوو بۆ پەلهاویشتن و فراوان خوازی لە هەموو دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. چونکە کەنداو وەکو کلیلێك بوو بۆ کوردستان و ئێران و میسۆپۆتامیاو هیندستان. ئینگلیزەکان دەیانتوانی لەرێگای کوردستانەوە بەرەو سنوورەکانی روسیا هەڵزنێن. کە ئەمە

---

* دوو ناوچەی سنوورین لەنێوان ئەڵەمانیاو فەرەنگسا. زۆر لە شەڕەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەسەر ئەو ناوچە دەوڵەمەندە بووە.

هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی لە ڕوسەکان دەکرد. وەك یەکێك لە مێژوونوسەکانی ڕوس نووسیویەتی : "چاوپۆشینمان لەو جیاوکەی ئینگلیزەکان وەدەستیان هێنا - مەبەستی جیاوکی دارسی بوو - یەکەمین پێواژۆکی شکست هێنانی ئابووری و سیاسی ئێمە بوو لەسەرەتای جەنگی ژاپۆنی - ڕوسیدا، تەنیا چەند ساڵێك کات گەرەك بوو تا حکومەتی ئێمە هەست بەم شکستە بکات" [٣١٥: ٢٠٣-٢٠٤].

بەم جۆرە ئینگلیزەکان زیرەکانە کاریان بۆ ئەوە دەکرد تا هەوساری هەموو ناوچەکە لەدەست ئەوان بێت، قاڵ بوونەوەیان لەبواری ئیمپریالیستی و سیاسەت، وایکردبوو بە ووردی باری نێو دەوڵەتی هەڵسەنگێنن و تێی بگەن. جگە لەمەترسی ڕوسەکان، ئەوان لەنیازی پرۆژەی ھێڵی ئاسنی بەرلین - بەغداش گەیشتبوون. بۆیە دەبینین دوای جیاوکی دارسی، ئەڵمان و ئەمەریکاییەکانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاتنە نێو گۆڕەپانی ململانێ لەسەر پەترۆلی کوردستان [٤٢:١٩٦]. بەندەکانی ئەم جیاوکە وای لە یەکێك لە نووسەرە بێلایەنەکان کرد کە بەسەیرترین جیاوکی سالوخدان بکات لەمێژووی نوێ، چونکە ئەو مۆنۆپۆلە مەزنە وایکرد بەریتانیا بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری مەزن لە ئێران و کوردستان وەدەست بێنێت. لە ڕووی کرداریشەوە ئەم دەڤەرە بخاتە ژێر سەرپەرشتی خۆیەوە، هەروەها ڕێگای بۆ ڕێکەوتنامەی ڕوسی - ئینگلیزی ساڵی ١٩٠٧ خۆشکرد [٧٤:١٧١]. بەریتانیەکان بۆ پاراستنی ئەم جیاوکەو بەرژەوەندیە زیندووەکانی تریان لەم ناوچەیە، لە ساڵی ١٩٠٥ ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ خانەکانی بەختیاری مۆرکرد. بەپێی بەندی یەکەمی ئەم ڕێکەوتنامەیە مافی چاڵ هەڵکەندن و ڕێگا کردنەوەو ڕاکێشانی بۆڕی پەترۆل لەناوچەکانی بەختیاری درا بەدارسی، کە دەبوایە بۆ ماوەی پێنج ساڵان ئەم کارانە ئەنجام بدات، هەروەها خانەکانی بەختیاریش بەڵێنیاندا داوای نرخی ئەو زەویانە نەکەن کە نەچێنرابوون، وەلێ بەگوێرەی جێگا چێنراوەکان، خاوەن جیاوك بۆی هەبوو نرخێکی ڕەواو گونجاویان بۆ دابنێ. لەبەر ئەوەی پاراستنی بۆڕیەکانی پەترۆل خرابووە ئەستۆی بەختیاریەکان، بەپێی بەندی پێنجەم دەبوایە هەر زیانێك لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ئەوان ڕوویدا بوایە، ئەوا کۆمپانیاکە بۆی هەبوو داوای قەرەبویان لێ بکات [٣١٥: ٢٠٩-٢١٠]. دوای ئەو دەستکەوتانە سیاسەتی بەریتانیەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەو ناوچەیەدا ئەوەبوو بارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەیەت [٦٨:٣٠٩]. بۆیە زیرەڤانی هەموو هەڵس و کەوتەکانی

ركابەرەكانیان دەكرد لە كوردستان. لەم بارەیەوە شالیاری هەندەرانی بەریتانی داوای هەندێك زانیاری كرد دەربارەی دكتۆری ئەڵەمانی هۆگوگرۆپ. كە لە ساڵی ١٩٠٦ وولاتەكەی جێ هێشتبوو، دوای ئەوەی زۆر شوێن لە ئاسیای ناڤین گەڕا، لە ڕێگای روهاوە (ئورفە) گەیشتە بەغدا. ماوەیەك میوانی ئیبراهیم پاشای مللی بوو [١٨٧:٩٧]. هەر هەمان دكتۆر لە تشرینی دووەمی ١٩٠٧ سەردانی كرماشانی كرد، ئەم زانایە لە رۆژهەلاتی ناڤین كەرەستەیەكی زۆری دەربارەی دۆخی ئابووری و سەربازی كۆكردەوە، بەتایبەتی لەو دەڤەرانەی خێڵە كوردەكانی تیادا دەژیا [٤٥: ١٧٥-١٧٦]. بەگوێرەی رای كونسوڵی گشتی روسیا لە حەلەب، ئەڵەمانەكان وەكو یەكەم هەنگاو دەیانویست دەسەلاتی خۆیان بە دەوڵەتی عوسمانی بلاوبكەنەوە، پاشان نێوان روس و توركەكان تێكبدەن ! [٣٢٩:٤١]. ئینگلیزەكان بۆ ئەوەی پێنگاوەكانی ئەڵەمانەكان چرووك بكەنەوە، بەلەزی سەردانی ئەو دەڤەرانەیان دەكرد كە ئەڵەمان و روسەكات ئەسپی سیخوڕێتی خۆیان تیا تاودەدا. لەم روانگەیەشەوە (مارك سایكس)ی گەڕۆك ! خێرا خۆی گەیاندە شێخی شەمدینان، توانی ئاخاوتنەكەی لەگەڵ روسەكان تا رادەیەك چرووك پێ بكات [١٦٨:٤٥]. دوای ئەوەش خۆی گەیاندە ئیبراهیم پاشای مللی كە ئەڵەمانەكان سەردانیان كردبوو [٣١:١٣٣].

چالاكی ئەوروپاییەكان لە كوردستان لەو ماوەیەدا گەیشتبووە ترۆپك و كوردستان ببوو بە مۆڵگەی سیخوڕێتی. ئەگەر سەیری پەرتووكەكەی سۆن (گەشتێكی دەمامكدار بۆ میسۆپۆتامیا - رحلە متنكر الی میسوپوتامیا) بكەین زۆر شتی سەیرمان بەرچاو دەكەوێت ! كە چۆن سیخوڕی ئەڵەمانی و روسی و ئینگلیزی و ... هتد لە كوردستان تەراتێنیان دەكرد [١٨٠: ٣١٠-٣٢٤]. سەرباری ئەو كەسانەی وەكو سیخوڕ دەهاتنە كوردستان، كە ژمارەیان ئێجگار زۆر بوو لەبن زۆر پەردەدا كاریان دەكرد، لەوانە میسینێر، كە تەنیا میسینێرە پڕۆتستانەكان لە دەوڵەتی عوسمانی ژمارەیان دەگەیشتە ٤٥٠ كەس، لەگەڵ چەند سەد كەسێك لەیاریدەدەرەكانیان [٩٦:١٩٧]. كونسوڵەكانیش، هەمان ئەركی سیخوڕێتییان ئەنجامدەدا. بۆ وێنە كونسوڵەكانی بەریتانی لەنزیك كەنداو دوو ئەركیان هەبوو، لەلایەك راپۆرتیان بۆ نووسینگەی هەندەران دەنارد، لە لایەكی تر هەر كارێك پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبوایە ئەنجامیان دەداو دەبوایە بەراپۆرت بۆ حكومەتی هیندی بەرزبكەنەوە [١٠٦:٣٣٩]. هەر لەو ماوەیەشدا بوو چیستەری ئەمەریكی هاتە دەوڵەتی عوسمانی و چەند جیاوكێكی وەدەست هێنا،

هەندێك وای بۆ دەچن خودی سەرۆك رۆزفلت، سەرۆكی وولاتـە یـەكگرتووەكانی ئەمەریكا لەدوای ئەم كارەوە بوو، بۆ ئەوەی هەندێك مافی پێشینەی پـەترۆل لـە باشوری كوردستان بـۆ خۆیان مسۆگەر بكەن [١٩٩: ١٢٤-١٢٥]. هاوكات بۆ ئەوەی مكوڕی و راستگۆیی خۆیان بۆ توركەكان نیشـان بـدەن، ٢٠ هـەزار لیرەی توركیـان لـە بـانكی توركـی دانـاو كۆمپانیـای عوسمـانی - ئەمـەریكاییان بەسـەرمایەی ٦٠٠ هـەزار دۆلاری ئەمـەریكی دامـەزراند [٣١٤: ١٨٠]. وەلێ بۆ بەختی رەشیان، چەنـد هەفتەیـەك دوای ئەوەی چیستەر ئەو جیاوكەی وەرگرت، سوڵتان عەبدولحەمید لە ئـەنجامی كودەتـای توركـە لاوەكـان دەسـەڵاتی لەدەسـت دا. سەرچاوەكانی پەترۆل كە ببووە موڵكی تایبەتی سوڵتان گەڕایـەوە بـۆ دەوڵـەت ! [٣٢٨: ٧٦-٧٧].

هاتنە ناوەوەی ئەو هێزانە وایكرد ئینگلیزەكان سەودا لەسەر هەندێك شت بكـەن بۆیـە بەماوەیەكی كەم بەر لەوەی پـەترۆل لـە (مسجد سلیمان) بدۆزرێتـەوە، ئامادەیی خۆیـان بـۆ ئەڵەمانەكان نیشاندا كـە دەستیان بەرهـەڵدا بكـەن لـەو ناوچانـەی دەكەوێتـە نێـوان توركیـا و باكوری بەغدا - كە دەكاتە كوردستان - بەرامبەر ئـەوەی ئەڵەمانـەكان دەسـتی ئـەوان بەرهـەڵدا بكەن لەو بەشەی دەكەوێتە باشوری بەغدا تا كەنداو [١٧:٢٧٥]. ئەمەش ئـەنجامی ئـەو گۆڕانـە سیاسیانە بوو كە لـە پەیوەندیـە نێـو دەوڵەتیـەكان روویـاندا، دوا بـەدوای كودەتاكـەی توركـە لاوەكـان لـە سـاڵی ١٩٠٨. جێگـای سـەرنجە دوای ئـەو كودەتایـە شلەژانێك پەیوەندیـە نێـو دەوڵەتیەكانی گرتەوە. ئینگلـیزو فەرەنگـەكان جێگایـان هاتـە پێشـەوەو ئەڵەمانـەكان گەڕانـەوە دواوە. روسەكانیش هەڵوێستیان بەرامبەر بە توركەكان گـۆڕا. ئـەم هەڵوێسـتەش بـەرروونی لـەو راپۆرتـە دەردەكـەوێت كـە مسیۆ بۆمبـارد Bombard بـالوێزی فـەرەنگ لـە ئەسـتانە لـە ١٩٠٩/٧/٢٦ بۆ شالیارگەی هەندەرانی وولاتەكەی نارد. كە تیایدا باسی ئەوەی دەكرد چۆن بـالوێزی روسیا پێـی راگـەیاندبوو ئـەركی ئـەو لـە توركیـا ئەوەیـە پـەیوەندی نێـوان روس و توركەكان بەرەو باشی بەرێ و نیازی دۆستانەی روسەكان بۆ توركیا روون بكاتەوە، تا متمانـەو بڕوا بەیەكتر پەیوەندیەكانیان بگرێتەوە. هەروەها هەموو توانایەكی دەخاتـە كـار تـا متمانـە لای توركـەكان چێبكـات، كـە روسـەكان هـاو سـۆزن لەگـەڵ سیستەمە دەسـتوریە نوێیەكـەیان [١٤٨: ٣٤٠]. ئەڵەمانەكانیش لەو كاتەدا پێیـان لەسـەر ئـەوە دادەگـرت كـە هیـچ ئامـانجێكی سیاسیان لەم دەڤەرە پەشۆكاوە نیە، تەنیا گەرەكیانە سیاسـەتی دەروازەی والا سـەقامگیر بێـت،

بۆ ئەوەی بازرگانیەکەیان وەهەرمێن کەوێتەوە، کە لە سۆنگەی خراوی ڕێگاو بان و تاریفەی روسەکان زیانێکی زۆری پێگەیشتبوو* [١٧٩:١٨١]. کەف و کوڵ و خوێن گەرمی تورکە لاوەکان بۆ گیانی نوێکردنەوەو ئازادی تەمەنی کورت بوو، زۆری نەبرد کۆنە پارێزی و شۆفینیستی جێگای گرتەوە، یەکێك لە دیاردەکانی ئەمەش کوشتاری ئەرمەنەکان بوو لە ساڵی ١٩٠٩. ڕۆژنامەکانی ئینگلیزو فەرەنگ نارەزاییان بەرامبەر ئەو ڕووداوانە دەربڕی، کەچی ئەڵمانەکان خۆیان لێ بێدەنگ کرد [١٥٧: ١٤٣-١٤٤]. بەم جۆرە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان بەرەو رووگەی پێشینی خۆی ڕێگای گرتەوە بەر.

ئەمەریکایەکان دوای ئەوەی لە ڕێگای هەوڵەکانی چیستەر نەیانتوانی لە باکوری کوردستانەوە بێنە ژوورەوەی ململانێیەکەی سەر کوردستان، هەوڵیاندا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. لە ساڵی ١٩١١ ویستیان لە ڕێگای ناردنی نێردەکەی (مورگان چوستەر)ەوە بەرژەوەندیەکانیان دابین بکەن. چوستەر لە ئایاری ١٩١١ لەگەڵ نێردەکەی گەیشتە تاران. مافی سەرپەرشتی هەموو کاروبارێکی دارایی گرتە ئەستۆ، تەنانەت سەرپەرشتی زۆر لە دامودەزگا حکومەتیەکانی دەکرد. مافی ئەوەی هەبوو فەرمانبەر دامەزرێنێ ! چوستەر کارەکەی لەپێناو زێدەکردنی نفوزی وولاتەکەی بەکار دەهێنا. چالاکیەکانی تا رادەیەکی زۆر سنووری کارەکەیان بەزاندبوو، پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکەکانی بەختیاری و سەرۆك هۆزەکانی ئەم ناوچەیە پەیدا کرد. بە بیانگەی کۆکردنەوەی دارایی و باج سوپایەکی دوانزە هەزار کەسی بەیەکەوە نا، هەروەها قسوریشی نەکرد لەوەی هەوڵبدا ناکۆکی بخاتە نێوان روس و ئینگلیزەکانەوە [٩٤: ٥٢-٥٣]. بەم جۆرە ئەمەریکاییەکان هەوڵیاندا خۆیان لە دەڤەرە پەترۆلیەکانی کوردستان نزیك بکەنەوە، کە ئەمە لەلایەك زیانی بە بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز دەگەیاند - ئەگەرچی روسەکان پێیان وابوو، ئینگلیزەکان دەستیان لەهاتنی ئەو نێردەیەدا هەیە - [٥٦٢:٣٢٣]. لەلایەکی تر گەفی لە بەرژەوەندیەکانی روس دەکرد، بۆیە بەگەرمی کەوتنە کار بۆ دوور خستنەوەی ئەو نێردەیەو لە ئەنجامیشدا سەرکەوتنیان

---

* لەو ماوەیەدا پیشەسازی ئەڵمانەکان پێشوەچوونی زۆر بەلەزی بەخۆیەوە دەبینی. لەنێوان ساڵانی ١٨٨٨-١٩١٣، ژمارەی ئەو ئەڵمانانەی لە بواری پیشەسازی و بازرگانیەوە کاریان دەکرد لە ٢٠ ملوێنەوە گەیشتە ٣٥ ملوێن. بەرهەمی ئاسن لە ٥ ملوێن تۆن گەیشتە ١٥ ملوێن تۆن. خەڵووز لە ٧٠ ملوێن تۆن گەیشتە ٢٠٠ ملوێن. بەشداری کردنی ئەڵمانیا لە بارکردنی جیهانی لە ڕێژەی ٦٪ گەیشتە ١١٪، بایی بازرگانی دەرەوەی لە ٨٠٠ ملوێن دۆلار گەیشتە ٢٠٠٠ ملوێن. واتە دوو ملیار [٣٨٩:٢٤٠].

وەدەست هێنا. هەرچی فەڕەنگەکان بوون، بۆ پتەوتر کردنی جێی پێی خۆیان زیتر گرنگیان بەهەوڵ و تەقەلاّی سیاسی دەدا، ئەوان زیتر چاویان بڕیبووە باشوری کوردستان و لەسیاسەتی ئینگلیزەکانیش بەرامبەر ئەو دەڤەرە بێزار ببوون [٣٥: ٢٨-٢٩].

باری کوردستان لەبن باری گرانی ئەم ململانێیەدا تا رادەیەکی زۆر پەشۆکا بوو، وەك لەیەکێك لە راپۆرتە بەریتانیەکاندا هاتبوو : "ناتوانین لەکاتی ئێستادا ئێژین باشوری کوردستان ناوچەی نفوزێکی دیاریکراوە. تا ئێستا ئەو پرسیارە لە ئارادایە کە ئایا دەکەوێتە بن نفوزی فەڕەنگەکان لە سوریا، یاخود ئەڵەمانەکان کە هەمیشە هەوڵدەدەن ڕێگایەکی بۆ بدۆزنەوە، یاخود روسەکان کە نفوزی خۆیان بۆ باکوری رۆژهەلاّتی ئەو ناوچەیە فراوان دەکەن" ! [٢٢٨: ٨٩-٩٠]. بۆیە ئینگلیزەکان بۆ پارێزگاری کردنی بەرژەوەندیەکانیان و سەپاندنی دەسەلاّتیان لە ناوچەکەدا، لەنیسانی ١٩١٣، زۆر بەنهێنی پرۆژەی بەیەکەوەلکاندنی کۆمپانیای پەترۆلی ئەنگلۆ – فارسی و کۆمپانیای پەترۆلی تورکیان خستە روو. دوای دانوستانێکی زۆر ئەم پرۆژەیە سەرکەوتنی وەدەست هێنا. هەردوای ئەوەش جیاوکی پەترۆلیان وەرگرت. لەکاتی دانوستانەکاندا، شالیاری هەندەرانی بەریتانیا یاداشتنامەیەکی دایە بالوێزی تورکیا لە لەندەن، تیایدا هاتبوو : "حکومەتی خاوەن شکۆ پشت بە سوڵتانی عوسمانی دەبەستێ، بۆ ئەوەی هەموو کارێکی پێویست ئەنجامبدا بەبێ گیرۆ بوون [٩:٣٠٠]. تورکەکانیش دەیانویست ئەو بارە ئالۆزە بقۆزنەوە تا گەورەترین سوود وەدەست بێنن، بۆیە لەسەر چەند پەتێك گەمەیان دەکرد. لەکاتێکدا لەسەر پەترۆلی کوردستان دانوستانیان لەگەڵ ئینگلیزەکان دەکرد، هاوکات پشی پشیان بۆ ئەڵەمانەکان دەکردو وەکو کارتێکی جەخت بەکاریان دەهێنان. ئەڵەمانەکانیش دەیانزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پێنگاوە دیپلۆماتیکیانە بکەن، لەو کاتەدا ژەنڕاڵ (لیمان ڤون ساندرز) (Liman Von Sanders)یان هەڵبژارد بۆ ئەوەی سوپای تورکەکان ڕێکبخاتەوە، سەدان ئەفسەری تیپ و ئەفسەری ئەرکانی گشتی ئەڵەمانی لەگەڵدا چوو، کاتێکیش هاوپەیمانەکان نارەزاییان بەرامبەر ئەم کارە نیشاندا تورکەکان وەرامیان دانەوە کەوا کەشتیگەلەکەیان ئەفسەری بەریتانی مەشقیان پێدەکا. ژاندارمە چەکدارەکانیشیان ئەفسەری فەڕەنگسی، پەیوەندی سەربازیشیان لەگەڵ ئەڵەمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵ لەمەو بەر [١٥٧: ١٤٧-١٤٨]. جەمال پاشا لە یاداشتەکانیدا دەربارەی هاتنی ئەو نێردەیە نووسیویەتی : "گەیشتنی ئەو نێردەیە سەرەتایەك بوو بۆ ئەوەی لەلایەن روس و فەڕەنگ و ئینگلیزەوە هێرشی توندمان بکرێتە سەر. روسەکان بیانگەیان ئەوە بوو ئەگەر گەرووەکان بکەوێتە ژێر نفوزی ئەڵەمانەکان لەوانەیە پتەوتری بکەن و لەمەشدا مەبەستیان روسیایە، بەهەرحاڵ واتای ئامانجێکی بەدومانی ئەو دەوڵەتەی تیایە. ئینگلیزو فەڕەنگەکانیش ڕێچکەی روسەکانیان گرت [١٥٤: ٨٣]. لەراستیدا وەدەست هێنانی گەرووەکان بۆ ئەڵەمانەکان واتایەکی گەورەی هەبوو،

دەیانتوانی بیکەن بەبنکەیەکی دەریای بۆ ئەوە هێڵە ئاسنەی وەکو مار بەناو خاکی کوردستان دەخشی و ئەستانەی لە ڕێگای کوردستان بەتاران دەبەستەوە، کە ئەمە باڵا دەستی ئەڵەمانەکانی دەگەیاند لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین. بەمەش زیانێکی گەورەی لە بەرژەوەندی هەموو لایەنە ڕکابەرەکان دەگەیاند. سۆنگەی دەسپێکی روسەکانیش لەو نارەزاییە، ئەوە بوو کەل و پەلەکانی ئەوان لەرێگای کوردستانەوە دەگەیشتە ئەو دەڤەرەو بۆ بازارەکانی جیهان دەرۆیشت. مونۆپۆل کردنی ئەو گەرووانەش لەلایەن ئەڵەمانەکان، کە هاوکات لەرێگای پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین – بەغدا خۆیان لە سنوورەکانی ئەوان نزیك دەکردەوە، مەترسیەکی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرا.

سەرباری ئەو گرژی و ئاڵۆزیە نێو دەوڵەتیەی لەسەر دەڤەرەکە هاتبووە ئارا، کاودانەکە نەدەگەیشتە ئەو رادەیەی ململانێی چەکداری جێگای ململانێی سیاسی و دیپلۆماتیکی بگرێتەوە. بەتایبەتی ئەڵەمانەکان لە هێورکردنەوەی بارەکە رۆڵێکی بەرچاویان دەگێڕا، چونکە ئارامی و ئاسایش زێتر لە بەرژەوەندی تەواوکردنی پرۆژە ئابوریەکانی ئەواندابوو. کە مەبەستی سیاسی و ستراتیژی زۆر گەورەیان لەپەنا حەشاردابوو. گەرەکیان نەبوو بەرژەوەندیە بنەڕەتی و سەرەکیەکانیان بکەنە گوری شتە سادەو لاوەکیەکان. ئینگلیزەکانیش لەو ماوەیەدا هەمان مەبەستی ئەڵەمانەکانیان هەبوو. چونکە ئەوان کەنداوی فارس، کلیلی ناوچەکەیان لە رووی دەریاییەوە لەبەر دەست دا بوو، هاوکات کۆمپانیا پەترۆلیەکانی ئەوانیش لەکێڵگە پەترۆلیەکانی کوردستان باڵا دەست بوون. کە هەر ئەمەش بوو خەریك بوو دەبووە سۆنگەی گرژبوونەوەو تەنگژە لەنێوان کۆمپانیا پەترۆلیەکانی ئینگلیزو ئەڵەمانەکان. لەو کاتەدا لایەنە ڕەسمیەکانی هەردوولا خۆیان تێ هەڵقورتاند. لە ١٩ مارتی ١٩١٤ لە شالیارگەی هەندەرانی بەریتانی، ڕێکەوتننامەیەك گرێدرا لەنێوان نوێنەری هەردوو حکومەتی بەریتانی و ئەڵەمانی، هەروەها نوێنەری بانکی عوسمانی و کۆمەڵەی رویال دویچ و دارسی. بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەبوایە هیچ یەکێك لەو لایەنانە هەوڵی ئەوە نەدا بەتەنیا جیاوك لە پەترۆلی کوردستان وەدەست بێنێ [١٧١: ١٤٠].

جێگەی سەرنجە لە ئێرانیش نفوزی ئەڵەمانەکان لە زێدەبووندا بوو. ماوەیەك بەر لەدایسانی جەنگ باڵێکی لیبراڵی لە ئێران سەری هەڵدا، داوای ئەوەیان دەکرد پێویستە هاوسەنگیەك لەنێوان زهێزەکان لە ئێراندا هەبێت. تا بۆ ئاسانکردنی کاروباری وڵات سوودی لێ وەربگرن. هەندێك لە سیاسەتوانان بۆ هێنانەدی ئەو هاوسەنگیە داوایان دەکرد پشت بە ئەڵەمانەکان ببەسترێ [٢٦٤: ٢١]. هەر لەو کاتەشدا خەریك بوو گەلە کۆیەك دژی روسیا لەدایك دەبوو. چونکە ڕێبازی گشتی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە باکوری کوردستان لەم پێواژۆکەدا، بریتی بوو لە بەرهەڵستی کردنی روسیا. پێیان وابوو روسیا بەتەنیا دەتوانێ جێ

پێی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناڤین بکاتەوە [٤٥:٢٨٧]. لەمەشدا بەهەڵە نەچووبوون. ئەو راپۆرتانەی لە سیخوڕو چاوساغەکان بەرزدەکرانەوە، ئەوەیان دەسەلماند کەوا ئاسایشی گشتی لە کوردستان نەماوە، روسەکان لەناوچەکانی ئەرزەڕۆم و وان هانی کوردەکانیان دەدا داوای سەربەخۆی بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیان دەدانێ [٢٢٨: ٩٣-٩٤]. لە هەموو سەیرتر ئەوە بوو کاتێك عەبدولڕەزاق بەدرخان بەهاریکاری سمکۆ لە شاری (خوی) خوێندگایەکیان بۆ زارۆکانی کورد کردەوە، بووە هەرا ! رۆژنامەکانی تورکی و ئەرمەنی هەواڵی کردنەوەی ئەو خوێندگایەیان بڵاو کردەوە. هەر یەکەشیان ئامانجەکەیان بەجۆرێك لێکدەدایەوە. تورکەکان لەوە تۆقیبوون کەوا کاریگەری روسەکان لەسەر کورد زێتر دەبێت. هەر بۆیە بەلەزی دەنگیان بەرزکردەوەو رایانگەیاند کە ئەوانیش پارە بۆ کردنەوەی خوێندگای کوردی تەرخان دەکەن. وەلێ ئەو دەڤەرە سنووریانەی کە تورکەکان بۆ خوێندگاکانیان هەڵدەبژارد، ئامانجی راستەقینەی وەدەردەخستن ! هاوکات کونسوڵی ئەڵمانەکانیش دەستی بەگەڕان کرد لە کوردستان، لایەنگری خۆی دەربڕی بۆ بەرەو پێشوەبردنی رۆشنبیری کوردان. رایگەیاند دوای ئەوەی کونسوڵخانەیەك لە وان دەکەنەوە، خوێندنگایەکیش بۆ زارۆکانی کورد دەکەنەوە [١٥٥:١٨١]. بەم چەشنە ئەڵمانەکان ئامانجەکانی خۆیان لە هاتنە ناوەوەی کوردستان لەبەرچاو دەگرت. ناکۆکی نێوان روس و ئینگلیزەکانیشیان لەم بارەیەوە دەقۆستەوە. هاوکات هەوڵیاندەدا ناکۆکی لەنێوان کورد و نەتەوە بن دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بگوڕێنن، وەك ناکۆکی نێوان کوردو ئەرمەن، تا لەلایەك نفوزی خۆیان لە پەنایەوە زێدە بکەن، لەلایەکی تر لە شەڕەکانی داهاتوویان بەکاریان بێنن. چونکە ئەڵمانەکان نەیاندەویست سەربازەکانی خۆیان لە رۆژهەڵات بەکوشت بدەن. وەك تەزاری ئەڵمانی دەیگوت : "ئامادە نەبوو هێسکی یەك سەربازی ئەڵمانی بەهەموو دۆزی رۆژهەڵات بگۆڕێتەوە [٧٢:٢٥٩].

بەم جۆرە ئەو گۆڕانکاریە ئابوری و سیاسیانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا روویاندا، ململانێیان لەسەر کوردستان چڕتر کردەوە. هەوڵە دیپلۆماتیکیەکانیش نەدەشیان بەتەنیا ئەو ململانێیە رێکخەن و بەرێوەی بەرن، بۆیە ململانێیەکە شێوازێکی تری وەرگرت. ناکۆکی نێوان بەرژەوەندیەکانی ئەو هێزانە لە هەموو جیهان روو بەرووی یەکتر بووەوە. ئەوەش بووە سۆنگەی بڕینی زمانی دیپلۆماتیك و دانوستان و وەگەڕخستنی زمانی چەك. لە حوزەیرانی ١٩١٤ جەنگی جیهانی یەکەم دایسا، کوردستانیش وەك چۆن بووە گۆڕەپانی ململانێیە سیاسی و ئابوریەکە لە رۆژهەڵاتی ناڤین. بەهەمان لەگوین بووە گۆڕەپانی بەیەکدادان و شەڕو کوشتار.

باسی دووەم : کوردستان لە نێو بازنەی ململانێی دیپلۆماتیکی هێڵی ئاسنی (بەرلین-بەغدا) دا.

شان بەشانی پێشکەوتنەکان هۆکارەکانی گواستنەوەش بەرەو پێشەوە دەچن ، داهێنانی هێڵی شەمەندەفەریش یەکێك بوو لەو ئەفراندنانەی گۆڕانێکی چلۆنایەتی بەسەر گواستنەوە داهێنا . تەنانەت لە سیەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ بەریتانیەکان ببووە مێردەزمەیەك و گەفی لە بەرژەوەندیەکانیان دەکرد !

سەرکەوتنەکانی محەمەد عەلی لە میسر و بەهێزبوونی میرنشینە کوردیەکان ، ببووە سۆنگەی زێدەبوونی نفوزی روس و فەڕەنگەکان ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا جێ پێی ئینگلیزەکانی لەق دەکرد . بۆیە پێشوازیان لەهیچ هۆکارێکی گواستنەوەی بەلەز نەدەکرد لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا . لەبەرئەوەش بوو هیچ زامن کردنێکیان نەدا بەو پرۆژەیەی ئەسکەندەروونەی بە قاهیرە و کەناڵی سوێس دەبەستەوە . چونکە پالمرستون پێی وابوو سەرباری لایەنە باشەکانی ئەم پرۆژەیە ، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا ببێتە کێشەیەکی تژی مەترسی بۆ بەریتانیەکان [١٢٤:١٥٧] . هۆکارەکانی گواستنەوە لەپاڵ ئەرکە ئابووریەکەی ، ئەرکی سیاسی و ستراتیژی و سەربازیشی دەکەوتە ئەستۆ ، لەلایەك رۆڵی گەورەی لە هاتنە ئارای یەکێتی دەوڵەتەکان دەبینی ، وەکو یەکێتی ئیتالیا و ئەڵمانیا لەلایەکی تر دەبووە بابەتی پێشبڕکێی ململانێی ئیمپریالیستی .

بەریتانیەکان هەرچەندە لە پرۆژەکانی دامەزراندنی هێڵی ئاسن دەترسان ، دوای ئاژاوەکانی ئەفغانستان و کەنداوی فارس لە ساڵی ١٨٣٧ ئارەزووی دامەزراندنی ئەو هێڵەیان پەیداکرد ، کە بە کوردستان و میسۆپۆتامیاوە تێپەڕبێ ، چونکە ئەو ئاژاوانە گەفیان لە شوێن و پایەی ئینگلیزەکان دەکرد لە هیندستان . [٢٧٦:٢١٥] . لە ساڵی ١٨٤٣ ئەلکسەندەر کابیل ، پرۆژەی هێڵی ئاسنی ئینگلتەرا – هیندی خستەروو ، بەمەرجێك ئەو هێڵە بە دۆڵی

فوراتدا بڕوات ! [٣٥٥:١٨٧] . لەگەڵ ئەوەش بەریتانیەکان بەرهەڵستی هەموو پڕۆژەیەکی هێڵی ئاسنیان دەکرد کە بەغدا بە ئەستانە* ببەستێتەوە ، چونکە پێیان وابوو هێزێك دەبەخشێتە دەوڵەتی عوسمانی و وای لێدەکا کەمتر بکەوێتە بن جەختی ئینگلیزەکان . [٩٨:٢١٦] . لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە جیاوازیەك هەبوو لە نێوان هەڵویستی حکومەتی ئینگلیزی لەگەڵ سەرمایەدارە ئینگلیزەکان، کە بەوپەڕی خوێن گەرمیەوە پڕۆژە لەدوای پڕۆژەی هێڵی ئاسنیان پێشکەش دەکرد . زۆربەی هەرە زۆری ئەو پڕۆژانەش پەیوەندیان بە کوردستانەوە هەبوو . لە ساڵی ١٨٤٩ جۆن رایت پڕۆژەیەکی بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسن خستەروو، کە بە دۆڵی فوراتدا تێپەڕبێ . دوای سێ ساڵ هەندێك سەرەڕۆیی تر ، وەك جسنی و مەکنیل و هی تریش ، کۆمپانیای هێڵی ئاسنیان دامەزراند بۆ راکێشانی هێڵێك کە دەریای سپی بە کەنداوی فارس ببەستێتەوە . بۆ وەدیهێنانی پڕۆژەکەیان کارتی مەترسی هاتنە ناوەوەی روسەکانیان بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین بەرز کردەوە ، لەگەڵ ئەو سامانە زۆرەی لە کوردستاندا هەبوو، تا ئەو رادەیەی تورکیا و هیندیش دەیانتوانی سوودی لێ ببینن ! [٣٥٥:١٨٧] . یەکێك لە ئینگلیزەکان بە ناوی (ولیەم ئەندریو Sir Willim andrew) بایەخی پڕۆژەی هێڵی ئاسنی فوراتی لە چەند خاڵێکدا روونکردەوە . یەکێك لە خاڵەکان ئێرانیەکانی لە جەختی روسەکان رزگار دەکرد و دەیانتوانی لە رێگای دەریای سپیەوە دەروازەیەك بۆ بازرگانی لەگەڵ ئەوروپادا بکەنەوە ، هەرزانتر بێت لەو رێگا دووروو درێژەی بە دەریای رەشدا تێدەپەڕی، کە لەبن دەسەڵاتی روسەکاندا بوو تێچوونیشی زۆرتر بوو . [١٢٧:٩٧] . هەر بۆ هەمان مەبەست لە ٣ حوزەیرانی ١٨٥٧ ئەندریۆ نامەیەکی بۆ پالمرستون ، سەرۆك شالیارانی ئەودەمی ئینگلیزەکان نارد ، تیایدا ئاگاداری کردەوە ئەگەر ئینگلیزەکان ئەو ئەرکە نەگرنە ئەستۆی خۆیان ، رێگای فورات دەکەوێتە بن دەستی خەڵکێکی تر . [٢٤٤:١٧٧] . لەو گفتوگۆیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەوا نیازی سیاسی و بەرگری روسەکان دەست بەسەرداگرتنی فورات بوو، نیازی رکابەرەکانیشی ئەوەبوو فورات نەکەوێتە دەست روسەکانەوە . لەسەر ئەم بنەمایە بایەخی هێڵی ئاسنی لەم وڵاتەدا ، کە ئەنتاکیا بە کەنداوی فارس دەبەستێتەوە بایەخێکی گەورەی هەبوو . تاکە رێگا بوو بۆ تەیارکردنی سوپای پێویست لە فورات ، یاخود باشوری کوردستان ، بۆ پەلاماردانی باڵەکانی سوپای روس و رێگا

---

* ئەستەمبۆل

گرتن لە پێشوەچوونی . چونکە ئەو پێشوەچوونەی روسەکان بەتەنیا گەفی لـە ئـێران و تورکیـا نەدەکرد ، بەڵکو مەترسی بۆ ئەو هێزەش هەبوو کە دەبوو لە کـاتی تەنگانـەدا یارمـەتی ئـەو دوو دەوڵەتە بدات ، بۆیە دەبوایە ناکۆکی لە نێوان روس و ئینگلیزەکان لەسەر ئەو دەڤەرە پـەیدابێ . لـەم ناکۆکیـە سەربازیەشـدا ، هێڵی ئاسـنی فـورات بایـەخێکی وای دەبـوو نەدەخـەمڵێنرا ، دامەزراندنی دەبووە سۆنگەی بەرەنگاربوونەوەی روسەکان لە ئاسیا . [٧٦:١٩٧] .

لەو ماوەیـەدا دوو رووداوی گرنـگ روویـاندا ئینگلیزەکانیـان هوشـیارکردەوە و وای لێکردن هۆکارەکانی گواستنەوەیان لەگەڵ هیند بە پێداویستیەك بزانن ، ئەویش شـەڕی کریـم و شۆڕشی سیپۆی Sepoy بوو لە هیند لە ساڵی ١٨٥٧، هاوکـات وای لـە ئینگلیزەکـان کـرد هەست بەوە بکەن کە پێویستە ئیمپراتۆریەکەیان زێتر بەهێزبکەن بەرامبـەر روسـەکان . لەگـەڵ ئەوەش، هەرچەندە سەرمایەدارە ئینگلیزەکـان زۆر بەووریاییـەوە پرۆژەکانیـان دەخسـتە روو ، حکومەت پشتگیری نەدەکردن . پالمرستون کـەوتبووە ژێـر کاریگـەری نـاپلیۆنی سـێیەم ، کـە لەبەرئەوەی (شام)ی بەناوچەی نفوزی فەرەنگـەکان دەزانـی ، نەیدەویسـت هێڵی ئاسـنی پیـادا تێپەڕ ببێت . [١٦٤:١٧٧-١٦٥] . دوای ئەوە جیسنی بـەزۆر شـێوازی تـر ویسـتی سـەرنجی حکومەتەکەی بۆ ئەم پرۆژەیە ڕاکێشی ، تا ڕازی بێت پشتگیریان بکات . رایگەیاند کە ئەگـەر ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدرێ ئەوا لۆکـەی (الس ایلنـد) لـە دەڤـەری موسـڵ لەسـەر دەسـتی راسام Rassam* بەلەزی بڵاودەبێتەوە ، ئەمـە سەربـاری برێکـی زۆر لـەگـەنـم و جـۆو بـەرهـەمی تر ، کە بۆ پیشەسازی و بازرگانی بایەخێکی زۆریان هەبوو. [٢٧٧:٢١٥] .

لەشەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بایەخ بە هۆکارەکـانی پـەیوەندی و گواسـتنەوە زێـتر بوو . لە حوزەیرانی ١٨٦١ ئەو هێڵە تەلەگرافەی بەغدا و ئەستانەی بەیەکدەگەیاند ئـەنجامدرا . لە ساڵی ١٨٦٤ هێڵکی تر لەبەغداوە بەرەو خانەقین کرایەوە . [١١٥:٩٧] . ئامانج لەو هێڵانە بەیەکەوە گرێدانی دەڤەرەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین بوو ، هێڵی تەلەگراف کـە لـە ئەسـتانەوە بـەرەو بەغدا دەچوو دەبوایە بە کوردستان تێپەڕێت ، واتە ئامەد (دیاربـەکر) و ئـەوجا موسـڵ و دواتـر بەغدا . هەروەها لەبەغداوە بەرەو خانەقین ، پاشان کرماشان و هەمەدان و دواتـر بـەرەو تـاران . ئەمە ئەوە دەردەخات کە هیچ هۆکارێکی گواستنەوە لە رۆژهەڵاتی ناڤین بەئەنجام نەدەگەیشت ، ئەگەر بەسەر خاکی کوردستان تێپەر نەبوایە !

---

* هەمان راسام بوو کە ئینگلیزەکان بەکاریان هێنا بۆ فریودانی یەزدانشێر .

ئەم کاودانە نێو دەوڵەتیەی هاتە ئارا ، ئینگلیزەکانی ناچارکرد ئاوڕ لە پڕۆژەی هێڵی ئاسنی فورات بدەنەوە . لە ساڵی ١٨٧٠ پەرلەمانی ئینگلیزی بایەخێکی مەزنی بەم پڕۆژەیە دا ، بۆ ئەم کارەش لێژنەیەکی هەڵبژێردراویان تەرخان کرد . [٧٢:١٣١] . لە راستیدا ئەگەر ئەو پڕۆژەیە لەو کاتەدا ئەنجام بدرایە ، ئەو دەڤەرەی دەبوژاندەوە ، بایەخی پێشووی دەگەڕاندەوە کە دوای کرانەوەی کەناڵی سوێس لە دەستی دابوو ، چونکە لەگەڵ کرانەوەی کەناڵی سوێس ، ئامەد و موسڵ و حەلەب زۆر لە ئادگارەکانی خۆیان لە دەستدا ، بەو پێیەی ڕێگای ووشکانی باکور بوون بەرەو رۆژهەلات [٤٥:١٨٠]. سەرمایەدارە ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو بەهەرجۆرێك بێت ئەم پڕۆژەیە ئەنجام بدەن . پاساودانیشیان لەهەموو قۆناغەکاندا هەریەك بوو ، ئەگەرچی شێوازی داڕشتنەکەی گۆڕانی بەسەردا دەهات . ئەوان تەنیا دەوڵەتی عوسمانیان بە دەروازەیەك نەدەزانی بۆ هاتنە ناوەوەی کوردستان ، بەڵکو وولاتی فارسیش دەروازەیەکی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان بوو .

ئەو پڕۆژانە ئەگەرچی سیمایەکی ئابووریان هەبوو ، وەڵی لە ئامانجی سیاسی و ستراتیژی وەدوور نەبوون . بۆیە هەرچەندە لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە دەخرانەروو ، دەبووە جێگای مشت و مڕو ململانێی دەوڵەتەکان و ئەوان خۆیان تێهەڵدەقورتاند. بۆ وێنە کاتێك رۆیتەر لەساڵی ١٨٧١ هەندێك جیاوکی لە ئێران وەدەست هێنا، کە پڕۆژەی دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەریشی تیابوو ، ئێران ناچاربوو لەبن جەختی روسەکان ئەم جیاوکە رەتبکاتەوە . تەنانەت حکومەتی بەریتانیا خۆشی بەم جیاوکە رازی نەبوو . واتکین Watkin بەڕێوەبەری کۆمپانیای باشوری رۆژهەلاتی ئینگلیزی لە ١٤ مارتی ١٨٧١ نامەیەکی بۆ شالیاری هەندەرانی بەریتانی لورد کرانڤیل Lord Cranville نارد ، تیایدا داوای روونکردنەوەی کرد دەربارەی پڕۆژەی دامەزراندنی هێڵی ئاسنی ئێران ، بەو پێیەی ئامرازێك بوو بۆ پارێزگاری کردنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە هیند . هەروەها پرسیاری کرد کە ئایا ئەگەر پڕۆژەکە قبووڵ کرا ، بەریتانیا ئامادەیە خۆی تێهەڵقورتێنی و پشتگیری بکا ؟ کرانڤیل بەکورتی وەرامی دایەوە کەوا پێویستە لەم بارەیەوە رای خۆی لەگەڵ شالیاری کاروباری هیندستان بگۆڕێتەوە . هاوکات گوێی بۆ بالوێزی بەریتانی لەتاران رادێری ! [٩٢:٢١٧-٢١٨]. دەربارەی جیاوکەکەی رۆیتەریش کرانڤیل گوتی : "لە کاتێکدا حکومەتی بەریتانیا بەخۆشحالیەوە هەواڵی ئەو هەنگاوە پۆزەتیڤانەی رۆیتەر دەژنەوێ ، دەربارەی راکێشانی هێڵی ئاسنی و

وەبەرهێنانی کەرەستەی سروشتی لـە ئـێران ، وەلێ بەشێوەیەکی رەسمی خۆی لـە پارێزگـاری کردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەم کۆمپانیایە هەڵناقورتێنی لەم جیاوکەدا" [٩٢:٢٢١] .

دوای نوشوستی هێنانی پـرۆژەی هێڵـی ئاسـنی فـورات، کامـیرون Commander L. Cameron لەساڵی ١٨٨٠ پرۆژەی هێڵی ئاسنی هیندسـتان - دەریـای سـپی نـاڤینی پێشـکەش کرد . بەگوێرەی ئەم پرۆژەیە هێڵی شەمەندەفەرەکە لـە کـەنارەکانی تـەرابلوس لـە شـام دەسـتی پێدەکردو بەرەو باکوری رۆژهەڵات تا حەلەب و دوای ئەویش روها و مێردین ، پاشـان رووەو باشوری رۆژهەڵات لەگەڵ کەناری رۆژئاوای دیجلە دەڕۆیشت تا دەگـەیشتە مـوسڵ ، لـەوێوە بۆ بەغدا و پاشان بۆ کوت ، لێرەوە بـەرەو رۆژهـەڵات وەردەچەرخایـەوە تـا مـەندەلی و پاشـان بەرەو ئەهواز دەچوو [١٧٧:٢٤٥] . بەم جۆرە تا ساڵانی ١٨٨٠ بە پلەی یەکـەم سـەرمایەدارە بەریتانیەکان بایەخیان بە پرۆژەکـانی هێڵـی ئاسـنی دەدا لـە کوردسـتان و سـەرجەم رۆژهـەڵاتی ناڤین. دوای ئەوە بەرژەوەندی فەڕەنگەکانیش سەریان دەرهێنا و بایــەخیان بـەم بـوارە دا . ئـەم بایەخدانەش ئینگلیزەکانی ترساند و بە گەڤێکی راستەوخۆیانزانی بۆ سـەر بەرژەوەندیـەکانیان . چونکە کەناڵی (سوێس)یش لەدەست فەڕەنگـەکان بـوو ، لەگـەڵ ئـەو پـرۆژەی هێڵـی ئاسـنە ، واتای دەست بەسەرداگرتنی رێگای هیندستان بوو ، بۆیە بەهـەموو شـێوەیەك هـەوڵیاندا پلانـی فەڕەنگەکان چرووك بکەنەوە . [٢٤١:٢١-٢٢] . هەر ساڵێك دوای ئەوەش ئەڵەمانەکان هاتنە گۆڕەپانی ئەم ململانێیەوە . بـۆ ئـەم مەبەستەش چـەند کەسـێکیان هاتنـە دەوڵـەتی عوسمـانی و بەنـهێنی لەگـەڵ لێپرسـراوان کۆبونـەوە . تورکـەکان خۆشـیان ئارەزوویـــان دەکـرد دەسـتی ئەڵەمانەکان بۆ ئەو دەڤەرە رابکێشن ، ئەوان سەرنجی ئەڵەمانەکانیان بۆ پرۆژەی هێڵی ئاسنی لـەو ناوچەیـەدا راکێشـا . دوای ئـەوەی ئەوانـە گەڕانــەوە وولاتەکـەیان پـەیوەندیان بـە دکتـۆر ستراوسپورگ کرد و پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدایان خستە بەرگوێی . ئەویش بەنهێنی پـەیوەندی بەخاوەن بانك و سەرمایەدارە ئەڵەمانەکان کـرد و پێشـنیاری ئـەم پرۆژەیـەی بـۆ کـردن . وەلێ ئەوان بەساردیەوە بەرەو پیلی چوون ، چونکە جیاوکەکە (زەوی)دانی لەگـەڵ نـەبوو، هـەروەها پارێزگاری پێویست بۆ کار و کرێکارەکان نـەبوو ، لـەپاڵ ئەمەشـدا بازاڕەکـانی روسـیایان بـە لەبارتر و باشتر دەزانی . [١٢٥:٩٦] . ئەمە بووە سۆنگەی ئەوەی ئەم هەوڵە سەرنەگرێ . بۆیـە تا ساڵی ١٨٨٧ پرۆژەی هێڵی ئاسنی لەبەردەستی ئینگلیز و فەڕەنگـەکاندا مایـەوە . وەلێ دوای ئەوە ئەڵەمانەکان جیاوکی دامەزراندنی هێڵی ئاسنی سـکتور و ئـەزمیریان وەدەسـت هێنـا ، کـە درێژیـەکەی (٩١کم) بوو . [٩٧:١٥٢] . هەمان رێکەوتن مافی ئـەوەی پێ بەخشین رێگـای

ئەستانە و ئەزمیر بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ بەکاربهێنن ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمپانیای ئـەناتۆلیا کـە بـۆ وەبەرهێنانی ئەم پرۆژەیە دامەزرابوو ، کۆمپانیای هێڵی ئاسنی بەغدای دامـەزراند . ئـەو هێڵـەی واچاوەڕوان دەکرا بەدرێژایی ئەناتۆلیا بڕواو ئـەوروپا بەکـەنداوی فـارس ببەسـتێتەوە . درێـژی هێڵی ئەو پرۆژە نوێیە ٤٥٠٠کم بوو ، هێڵە سەرەکیەکەی درێژی ٢٧٠٠کم بوو، لقەکانیشی ١٨٠٠کم . [٩٩:١٧٩] . بەم جۆرە ئەو هێڵە هەموو موڵکەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی دەبـڕی و دەڤەرەکانی بەیەکتر دەبەستەوە ، لە سنوورەکانی نەمسا و مەجەر لە باشوری رۆژهەڵاتی ئـەوروپا ، تا کەنارەکانی کەنداوی فارس و باشوری رۆژئاوای ئاسـیا ، هـەروەها ئەستانەشـی دەبـڕی کـە دڵی ژیانی بازرگانی بوو لە نێوان دەریای رەش و کەنارەکانی دەریای سپی ناڤین ، کە شـوێنێك بوو لە گرنگترین شوێنە جەنگیەکان لە جیهان . ئەو هێڵە بە سوریا و میسۆپۆتامیا و کوردستان و ئەناتۆلیادا رەتدەبوو ، لەگەڵ نیـمچە دورگەی سینا کە دەکەوتە کەنارەکانی کەناڵی سـوێس ، بەم جۆرە بەشێکی زۆر لە وولاتە عەرەبەکانیشـی دەگرتـەوە . [٦٦:١٩٧] . ئینگلیزەکـان لـەم پێنگاوانـەی ئەڵەمانـەکان سـەنگرینەوەو بەشێوەیەکی پڕەنسـیپی دژی وەسـتان . بۆیـە کـاتێك دکتۆر ستراوسپۆرگ لە دەوڵەتی عوسمانی خەریکی هەوڵدان بوو بـۆ وەدیـهێنانی ئـەم جیاوکـە ، ئینگلیزەکان پڕوپاگەندەیان دەکرد کە ئەو کابرایە کەسێکی قەللۆشەو لـە بـەرژەوەندی تورکیـا و بازرگانی بەشێوەیەکی گشتیدا نییە ئەم کارە گەورەیە بدرێتە ئەم جۆرە کەسە ! [٩٦:١٢٥] . وەڵی وەك ئامـاژەی پێکـرا ، تورکـەکان بـۆ بەرابـەری کردنـی ئینگلیزەکـان و روسـە کۆنـە دوژمنەکانیان ، خۆیـان دەستی ئەڵەمانەکانیان بۆ ئەو دەڤەرە رادەکێشا . بۆ ئەم مەبەسـتە سـوڵتان عەبدولحەمید نێردەیەکی بەسەرۆکایەتی راوێژکارەکەی خۆی (عەلی نـەزمی) نـاردە بـەرلین . لـە رواڵەتدا وایان خستەڕوو کاری ئـەو نێردەیـە ئەوەیـە مـەدالیای (نیشـانی ئیمتیـاز – Nishan Imtiaz) بەخشیـتە ئیمپڕاتۆری ئەڵەمانی ، وەڵی لەبنەوە دەیانویسـت سـەرمایەدارە ئەڵەمانـەکان رازی بکەن کۆمپانیایـەك دابمەزرێنن بۆ راکێشانی هێڵی ئاسنی بەغدا . پێیان راگـەیاندن ئەگـەر کۆمپانیاکە ئەڵەمانی بێت سوڵتان ئامادەیە بەدرێژایی هێڵەکە زەوی باشـیان پێبەخشـێت ، کـە لە سکوتاریاوە دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە بـەغدا . [٩٧:١٢٥] . بـەم جـۆرە لـە ١٦ مـارتی ١٨٨٩ کۆمپانیای عوسمـانی بـۆ هێڵـی ئاسـنی ئـەناتۆلیا دامـەزرا Ottoman Company Of Anatolian Rail Way ، کە یـەکەم کۆمپانیـای ئەڵـەمانی بـوو مـافی جێبـەجێکردنی پـرۆژەی هێڵی ئاسنی لە دەوڵەتی عوسمانی پێدرا [٩٧:١٥٤] . ئەڵەمانەکان بەهەمان لەگوین لـە ئـێرانیش لە کاردابوون بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان . ئەو بارە تایبەتیەی لەو ماوەیـەدا ئـێران پێیـدا

تێدەپەڕی ، ڕێگای بۆ هاتنە ناوەوەی بەرژەوەندی ئەڵمانەکان سووك و ئاسانکرد .
ئێرانیەکانیش وەکو عوسمانیەکان گیرۆدەی دەستی ململانێی روس و ئینگلیزەکان بوون، ئەوانیش چاویان بڕیبووە هێزێکی تر بێتە گۆڕەپانەکەو گۆڕانێك، ئەگەر کەمیش بێت بەسەر باری سیاسیان دابهێنێت . بۆیە سەرهەڵدان و ڕچەگرتنەکەی ئەڵمانیا بۆ ڕۆژهەڵات بۆ ئەوانیش هەلێکی لەبارو گونجاو بوو ، ئەوانیش شوێن پێی تورکە دوژمنەکانیان هەڵگرت .
سەرۆك شالیارانی ئێران (ئەتابك ئەعزەم) لەساڵی ١٨٨٩ پێشنیاری بەرلینی کرد ئەگەر قەرزێك بدەنە ئێران ، ئەوا ئێران جیاوکی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنیان دەداتێ لە تارانەوە تا سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی [٩٤:٤٤] . کە بەشێکی زۆری ئەو هێڵە لەسەر خاکی کوردستان دەبوو ، چونکە ئەڵمانەکان گەرەکیان بوو ڕۆچنەیەك بۆ خۆیان لەسەر کەنداوی فارس بدۆزنەوە ، هەروەها دەریای سپی بە کەنداوی فارس و لەم سەریشەوە بە دەریای قەزوێن ببەستنەوە ، کە ئەمەش واتای دەست بەسەرداگرتنێکی تەواوی خاکی کوردستان بوو ، هاوکات کۆنترۆلکردنی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوو ! ئەڵمانەکان وەك رودلف کلن (١٨٦٤-١٩٢٢) ، کە یەکەم کەس بوو سنووری ئەوسای ئیمپراتۆریای ئەڵمانی دیاریکردووە ، پێی وابوو "سنووری ئیمپراتۆریای ئەڵمانی لە ڕۆژئاواوە پێویستە لەسەر بەندەری دەنکرکی فەڕەنگسی لەسەر کەناڵی ئینگلیزی دەست پێبکات و بگاتە شاری (ڕێگای) پایتەختی کۆماری لاتڤیا لەسەر دەریای بالتیك لە ڕۆژهەڵات و بەندەری هامبۆرگی ئەڵمانی لە باکورەوە ، لە باشووریش تا شاری بەغدا" [٥٦:٢١-٢٢] . بەم چەشنە کوردستان دەکەوتە چوارچێوەی ئەو ئیمپراتۆریا مەزنەی لە مەژی ئەڵمانەکاندا بوو . بۆ هێنانە دی ئەو خەونانەیان ، سەرباری کەنداوی فارس ، دەبوو شوێن پێی خۆیان لە بۆسفۆریش بکەنەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند پێنگاوێکیان هەڵێنا ، کە بووە سۆنگەی بەرزبونەوەی ململانێ لەسەر ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی - کە دەکاتە کوردستان - لەنێو دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا . بۆیە روسەکان کەوتنە منجە منج و ناڕەزایی دەربڕین . ڕایانگەیاند کە ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی لە ئەناتۆلیاوە بۆ سوریا لەگەڵ خواستەکانی ئەواندا ناگونجێت کە گەرەکیان بوو لە ڕێگای کوردستانەوە بگەنە ئەسکەندەروونە ، ئەو ڕێگایەی وایدەکرد کالای روسی بەدرێژایی ساڵ بگاتە ئاوە گەرمەکان . [٦٣:١٠٨] . لەبەر ئەم هۆیانە ، واتە لەبەر هۆی سیاسی و ئابووری و ستراتیژی ، روسەکان هەرلەسەرەتاوە دژی هێڵی ئاسنی بەرلین -بەغدا بوون و بەرهەڵستیان کرد . ڕاکێشانی هێڵەکە بۆ دەڤەرەکانی قەوقاز ، هەروەها گەیشتنی هێڵەکە بەدەڤەری خانەقین ، بوارێکی تری بۆ

رکابەری بازرگانی روسی دەکردەوە لە ئێران و ئەفغانستان . لەهەمان کاتدا سوود وەرگرتن لەسامانی پەترۆلی باشوری کوردستان ، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو سامانەی روسەکان لەو دەڤەرە دەستیان دەکەوت . وەلّی لەگەلّ ئەوەش هۆی راستەقینەی بەرهەلّستی روسەکان بۆ ئەم هێلّە سیاسی و ستراتیژی بوو . [١٤٠:١٨٢] . ئەم هەولاّنەی ئەلّمانەکان وای لە بالّوێزی روسیا لە تاران کرد پەیوەندی بە حکومەتی شاوە بکات و بەلّێنی ئەوەی لێوەرگرێ کە بۆماوەی پێنج سالّ هەرێی هیچ جیاوکێك نەداتە کەس، واتە لە سالّی ١٨٨٩ بەدواوە . هەر لەهەمان سالّدا بانکی روسیان لە تاران کردەوە . رۆژنامەکانیشیان پەیتا پەیتا ئاماژەیان بۆ پرۆژەی ئەو هێلّە ئاسنە دەکرد کە روسەکان نیازیان وابوو لە تارانەوە تا سەر کەنداوی فارس رایبکێشن ، وەلّی حکومەتی روس خۆی هانی ئەم جۆرە پرۆژانەی نەدەدا . [١٢١:٥٨] . ئەوەی وای لە روسەکان دەکرد زیاتر لە پرۆژەی هێلّی شەمەندەفەری ئەلّمانەکان بسەنگرێنەوە ، وای بۆ دەچوون ئەو هێلّە ئاسنینەی کوردستان و سنوورەکانی قەوقاز ، یارمەتی تورکەکان دەدات بەلەزی هێزەکانیان بگوازنەوە ئەو دەڤەرانە . تەنانەت روسەکان سۆنگەی سەرکەوتنی خۆیان لەشەڕی ١٨٧٧ بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە تورکەکان نەیانتوانی تیپەکانی پێنج و شەشی بەغدا و دیمەشق بگوازنەوە دەڤەرەکانی شەڕ ، هەرچەندە هەولّیاندا لە رێگای رۆیشتنی خێراوە بگەنە ئەو ئامانجەیان ، وەلّی ئەو هێزانە نەیانتوانی رۆلّێکی کاریگەر ببینن و نەیەلّن شاری کارس بکەوێتە دەست روسەکانەوە . [٢٤١:١٢٠-١٢١] .

هەرچی ئینگلیزەکان بوون ، وەك ئاماژەی پێکرا ، لە ناخەوە دژی ئەو پرۆژەیە بوون و ئامانجی ئەلّمانەکانیان لەلا روون بوو ، لەگەلّ ئەوەش لەم پێواژۆکەدا بەرهەلّستی خۆیان بەئاشکرا دەرنەدەبڕی ، بەلّکو پێنگاو بەپێنگاو زیرەڤانیان دەکرد . خاترجەم بوون لەوەی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وا زل پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە ، بۆیە لە جیاتی رووترش کردن و خۆگیف کردنەوە ، جێ پێی خۆیان لەو دەڤەرانەدا پتەودەکرد کەوەکو پشتێنەیەك وابوو بۆ ئەو شوێنانەی ئەلّمانەکان چالاّکیەکانی خۆیان تیا ئەنجام دەدا . ئەوان لەو کاتەدا زیادەبوونی نفوزی روسەکانیان بە مەترسیدارتر دادەنا ، چونکە روسەکان وەکو سەنگ و دەولّەت هاوسێی کوردستان و ئەو دەڤەرانە بوون کە بەرژەوەندی راستەقینەی ئینگلیزەکانی تیادابوو ، بۆیە کاتێك روسەکان لە سالّی ١٨٨٩ بانکی روسیایان لە تاران کردەوە ، ئینگلیزەکان بەسەرمایەی ئینگلیزی بانکی شاهانەیان لەتاران دامەزراند . [٩٤:٤٤] . هاوکات کە باسی پرۆژەی هێلّی ئاسنی روسەکان دەکرا لە تارانەوە تا خانەقین لە کوردستان ، کرزن

حکومەتی لەندەنی لە مەترسی ئەو پرۆژەیە ئاگادارکردەوە ، بەو پێیەی هەڕەشەی لە بازرگانی بەریتانیا دەکرد لەو دەڤەرەدا ، ئەمە سەرباری ئەوەی نفوزی روسەکانی دەگەیاندە سەر کەنداوی فارس . [٥٩:١٢١] .

لەگەڵ گرنگیدان بە پرۆژەی هێڵی ئاسنی ، گرنگیدان بە پەترۆلی کوردستان لە زیادەبووندا بوو . بۆیە ئەڵمانەکان هەوڵیاندا لەگەڵ پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا ، جیاوکی پەترۆلی کوردستان وەدەست بێنن ، بەم چەشنە لە رێگای بانکی ئەڵمانیەوە، لە ساڵی ١٨٩٠ توانیان جیاوکی پەترۆل وەدەست بێنن ، لەگەڵ مافی کانزاکاری لە ٢٠کم لەم بەرو ئەوبەر بەدرێژایی هێڵە ئاسنەکە . [٥٩:٢٣١] . وەلێ لەسۆنگەی ئەوەی بەپێی فەرمانێکی سوڵتانی دەڤەرە پەترۆلیەکانی کوردستان خرابوونە سەر خەزێنەی تایبەتی سوڵتان ، تەنگژەو ئەژواری بۆ ئەنجامدانی ئەم جیاوکە دەهاتە چێکرن ، لەگەڵ ئەوەش دەتوانین ئەمە بە لێدانی زەنگی بایەخدان بە پەترۆلی کوردستان لەقەڵەم بدەین ، کە دواتر کاریگەری زۆری لەسەر ئایندەی کورد و کوردستان هەبوو، بۆیە هەندێك لە مێژوونووسان ساڵی (١٨٩٠)یان ، واتە ئەو ساڵەی جیاوکی پەترۆلی تیا وەرگیرا بە سەرەتایەك دادەنێن لە مێژووی جیاوکەکانی پەترۆل لە کوردستان، ئەگەر چی هیچ پێنگاوێکی کرداریش لەم بارەیەوە نەنرا بۆ سوود وەرگرتن لە پەترۆلەکە[٥٢:١٩٠]. ئەم جیاوکە مەترسیەکی راستەوخۆی خستە سەر بەرژەوەندی ئینگلیزەکان بۆیە ئەمجارەیان بەئاشکرا بەرهەڵستیان کرد ! لە کۆتایی کانونی یەکەمی ١٨٩٢ باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستانە کلافورد SIR CLARFORD رایگەیاند: کە باشتر وایە هیچ پێنگاوێگ بۆ برپاری دیماهی جیاوکی هێڵی ئاسنی بەغدا نەنرێت، تا رای حکومەتی بەریتانیاش لەم بارەیەوە وەرنەگیرێ. گەفی ئەوەی کرد کە دانی ئەم جیاوکە راستەوخۆ دەبێتە سۆنگەی وروژاندنی رای گشتی بەریتانی لە لەندەن دژی تورکیا. لە ٦ کانونی دووەمی ١٨٩٣ هەواڵی ئەو گەفەی باڵوێزی بەریتانیا گەیشتە بەرلین و دەست بەجێ هەرایەکی توندی گوراند. باڵوێزی بەریتانیان لە بەرلین گاز کرد، پێیان راگەیاند کە ئەو نارەزاییەی کلارفورد داویە بە سولتان عەبدولحەمید کارێکە هیچ هاورێیەتیەکی ئەڵمانەکانی رەچاو نەکردووە. هەروەها پێیان راگەیاند داوای بەریتانیەکان بۆ رەتکردنەوەی ئەم جیاوکە سوکایەتی کردنە بە خودی تەزاری ئەڵمانیا ! [٢٤١:٣٤-٣٦]. ئەڵمانەکان لە پاڵ ئەوەی خەریکی ئەم دمگۆیە دیپلۆماتیکیە

بوون، کەمتەرخەمیان نەدەکردو بە گورجی کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا. لە ساڵی ١٨٩٣ کاری راکێشانی هێڵی ئاسنی ئەنقەرەیان تەواو کرد. لە کوردستان دەست بەکارکرا بۆ گەیاندنی هێڵەکە لە ڕێگای سیواس و ئامەدەوە بۆ بەغدا. وەڵێ روسەکان بە توندی بەگژ ئەم کارەدا چوونەوە، بەو بیانگەی هێڵەکە نزیك سنوورەکانی قەوقازە. [١٥٧:١٣٩]. ئەم ئاڵۆزییە وایکرد ئەڵەمانەکان واز لە بیرۆکەی گەیاندنی هێڵەکە بۆ ئامەد بهێنن، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت، هەر بۆیە کاری کۆمپانیاکە بۆ دوو ساڵێ وەستا. [١٨٨:٦٣]. دوای ئەو مشتومڕە ئینگلیزەکان نەیانویست هەڵوێستیان لەگەڵ ئەڵەمانەکان گرژتر بێت، لە بری ئەوە کەوتنە کار بۆ ئەوەی نفوزی خۆیان لەو ناوچانە زێتر بکەن کە هێڵەکەی تیادا دیماهی دەهات، واتە لە بەسرە. بۆیە بازرگانی بەسرەیان خستە بن کۆنترۆڵی خۆیان، لە ساڵی ١٨٩٥ ئەو کاڵا بەریتانیانەی دەهاتنە بەسرە، ٣٥ جۆر بوو، هەمووی بایی ١/٣٩٩/٤٦٥ پاوەنی ئیستەرلینی بوو. [٢٢٨:٤٥]. هەروەها دەست پێشخەری بەریتانیەکان لە(کوێت)یش، کە دەکەوێتە سەر کەنداو، بەردەوام لە زێدەبوون دابوو، هەموو توانایەکیان خستبووەگەڕ بۆ وروژاندنی میری کوێت.[١١٩:١٩٧]. لەکاتێکدا لەو دەڤەرە جێی پێی خۆیان دەچەسپاند، لە سنوورەکانی باکوری کوردستان لە هەموو ئەو چاکسازیانە پەژیوان دەبوونەوە کە بڕیار بوو بە گوێرەی بەندەکانی پەیماننامەی بەرلین جێبەجێ بکرێن. بگرە کاتێکیش لە کوردستان ئاژاوە پەیدابوو، تورکەکان قەڵاچۆکردنی ئەرمەنەکانیان دەست پێکرد. ئینگلیزەکان هەڵوێستێکی یەکلایی کەرەوەیان نەبوو، سەیر لەوەدایە لە کاتێکدا ئینگلیزەکان داوای هێوربوونەوەیان لە ئەرمەنەکان دەکرد، تورکەکان زۆر بە ڕێکخراوی بە لێدانی کەڕەنای دەستیان بە کوشتنی ئەرمەنەکان کردو بە هەمان شێوەش دیماهیان پێ هێنا*. نەك ئینگلیزەکان، بگرە ئەڵەمان و

---

* یەکێك لە گەڕیدە ئینگلیزەکان بەشێوەیەکی زۆر نزیك لە رووداوەکان باسی کوشتاری ئەرمەنەکان لە ئەرزەڕۆم دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بەر لەوەی کوشتارەکە دەست پێ بکات ئافرەتی تورك بە تورەگەی خاڵیەوە خۆیان دەئاخنیە ناو شار بۆ تاڵانکردنی گەڕەکە ئەرمەنەکان، بە لێدانی کەڕەنای دەستکرا بە کوشتاری ئەرمەنەکان، دوای چوار پێنج کاتژمێر، هەمدیس بە لێدانی کەڕەنای دیماهی بە کوشتارەکە هێنرا [١٥٧:٣٤٦].

تورکەکانیش واتێدەگەیشتن روسەکان دەستیان لە هاندان و وروژاندنی ئەرمەنەکان دا هەبوو، لەو کاتەدا لەیەك نزیك بوونەوەی تورك و ئەڵەمانەکانیش لەسەر گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیدا، وای لە ئەڵەمانەکان دەکرد بایەخ بە پاراستن و سەلامەتی دەولەتی عوسمانی بدەن. بۆ سوود وەرگرتن لە توانا ئابووریە گەورەکەی، ئەمەش لە رێگای جیاوکی هێڵی ئاسنی بەغدا، بۆیە لایەنگری هەڵوێستی ئەرمەنەکان نەبوون. [١١٣:١٣٧]. کەواتە دەتوانین بڵێین کوشتاری ئەرمەن کەم یا زۆر پەیوەندی بە هێڵی ئاسنی بەغداوە هەبوو. چونکە ئەرمەنەکان ئەو رەگەزە بوون کە لە دەڤەرە سنووریەکانی روسیا دەژیان و دەتوانرا لەکاتی پێویست سوودیان لێ وەربگیرێ. بۆیە وەك نووسەرە ئەڵەمانەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، دەبوایە ئەو دەڤەرانە لە ئەرمەنەکان چۆڵ بکرێت و لە میسۆپۆتامیا پەرتەوازە بکرێن، تا لەلایەك بە کشتوکاڵەوە خەریك بن لەلایەکی تر لە پڕۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا کاریان پێ بکەن. لەهەمان کاتدا ئەرمەنستان لە نفوزی روسیا پاك بکەنەوە. [١١٣:٢٧٤]. لە پێناو لابردنی ئەو مەترسیەش دەستیان کرد بە هاندانی تورکەکان بۆ قەلاچۆکردنی ئەرمەنەکان . تورکەکانیش ئەو هەلەیان قۆستەوە و نیازەکانی خۆیان هێنایەدی ، کە ئەمە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر کورد و مێژووی کورد هەبوو ، چونکە بەشێك لە کارەکان بە سوارەی حەمیدی ئەنجامدرا ، کە لەپاڵ عەرەب و چەرکەس و نەتەوەکانی تر ، کوردیش رۆڵی خۆی تیا دەگێرا . بۆیە بەهەمان چەشن دەتوانین بڵێین ، دامەزراندنی سوارەی حەمیدی ، لەپاڵ گۆڕانە سیاسی و ئابوریەکانی تر ، تا رادەیەك پەیوەندیی بە پڕۆژەی هێڵی ئاسنی بەرلین – بەغداشەوە هەیە .

وەك ئاماژەی پێکرا ، لە ساڵی ١٨٩٨ ئیمپراتۆری ئەڵەمانی سەردانی دووەمی بۆ دەوڵەتی عوسمانی کرد. رایگەیاند کە ئەڵەمانیا لەپشت سوڵتان و هەموو موسڵمانانە . هەر ئەم سەردانە رێگای خۆشکرد بۆ وەدەست هێنانی جیاوکی هێڵی ئاسنی بەغدا ، کە هێڵەکە چەند دەڤەرێکی ئەناتۆلیای دەبڕی و پاشان دەگەیشتە موسڵ و دواتریش بۆ بەغدا ، لقێکشی لێدەبوەوە دەریای سپی بەکەنداوی فارس دەبەستەوە [٧٦:١٥٠]. سەیر لەوەدایە ئەمجارەیان ئینگلیزەکان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و بەگەرمی پێشوازی پڕۆژەکەیان کرد ! سالزبوری رایگەیاند کە بەریتانیا پێشوازی لەم جیاوکانە دەکات ، چونکە دەبێتە ئەگەری ئەوەی ئەڵەمانیا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەواندا لەکەنداو لەیەك ریز بوەستێ . لەم بارەیەوە

ڕۆژنامەی تایمز نووسی : "مادامەکونێ پرۆژەی هێڵی ئاسنی نەکەوتە دەست بەریتانیا بۆ ئێمە واباشترە لەدەست ئەڵەمانەکاندا بێت ، نەك دەوڵەتێکی تر". تەنیا نمایندەی شالیارگەی هەندەران رووی راستەقینەی هەڵوێستی بەریتانیای دەربڕی کاتێك گوتی : "بەریتانیا مکوڕە لەسەر ئەوەی پارێزگاری باری ئێستا بکا لە کەنداوی فارس" [١٤:١٥٧]. هۆی راستەقینەی ئەم دوو روویی و هەڵوێست لاوازیەی بەریتانیا ئەوەبوو لەو کاتەدا لە باشوری ئەفەریکا خەریکی شەڕی بۆیر* بوون و نەیاندەویست بەرەیەکی تریش لە رۆژهەڵات بکەنەوە.

ئەگەر سەیری شوێن و ڕێگای ئەو هێڵە ئاسنینانە بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە هۆکاری سەرەکی ئەو ململانێیە، سامان و شوێنی ستراتیژی کوردستان بووە، واتە لە بەغداوە بۆ بەسرە، ئامانج تیایدا تەنیا ئەوەبوو کەرەستەی خاوی کوردستان لە ڕێگای کەنداوەوە بنێردرێتە دەرەوە، بەتایبەتیش پەترۆڵەکەی. یاخود لەوێوە هێز بۆ ناوەوەی کوردستان بێنن، کە وەك لە باسەکانی تر ئاماژەی پێکرا بنکەیەکی لەباربوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین. یەکێك لە مەبەستەکانی تری ئەو هێڵانە بەهێزکردنی دەسەڵاتە ناوەندیەکان بوو، ئەمەش واتای لێدان و بێ هێزکردنی بزاڤە رزگاریخوازیەکەی کوردی دەگەیاند. ئەگەرچی لەلایەکی ترەوە، لە رووی رۆشنبیری و شارستانیەوە دەبووە سۆنگەی پێشوەبردنی کوردستان. ئەمە جگە لە مەبەستە ئابوریە سەرەکیەکەی کە کێڵگە پەترۆلیەکانی کوردستان بوو. لەبەر ئەم هۆکارانە بوو، کوردستان ببووە چەقی تۆڕی ئەو هێڵەی کە ببووە جێی ململانێی دیپلۆماتیکی و ئابووری نێو دەوڵەتی. لە ڕێگای کوردستانەوە هەموو دەروازە دەریاییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین بە یەکتر دەبەسترانەوە. هەموو لایەنەکانی ململانێیەکەش هەوڵیاندەدا ئەم رووەی هێڵەکان ڤەشێرن و بە پرۆژەیەکی ئابووری ئاسایی بخەنە بەرچاو. بۆیە لە سەرەتای دانوستانەکانی

---

*دوای ئەوەی ئینگلیزەکان نەیانتوانی بنە هاوپەیمانی ئەڵەمانەکان، هەوڵیاندا لە سێ ڕێگاوە لە بەرژەوەندی ئەڵەمانەکان بدەن. لەلایەك ڕێگا نەدەن پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا تەواوبکەن، لەلایەکی تر هەردوو کۆماری بۆیر لە باشوری ئەفەریکا لەناوبەرن، هاوکات ڕێگا نەدەن کەشتیگەلی دەریاییان پەرەپێبدەن، بۆ هێنانەدی مەبەستی دووەمیان بڵاویانکردەوە کەوا پەیوەندیەکی ترسناك لە نێوان بۆیر و ئەڵەمانەکاندا هەیە. ئەمەشیان کردە بیانگەیەك بۆ لێدان و لەناوبردنی هەردوو کۆماری بۆیر و لەساڵی ١٨٩٩ ئەم ئاواتەیان هێنایە دی. [٢١٧:٣٤٣-٣٤٤].

١٨٩٨-١٨٩٩ دكتۆر ڤون سيمون لەوە نيگەران بوو، و نارەزايى دەربڕى كە باڵوێزى ئەڵمانى دەيويست ئەم پرۆژەيە بە سەركەوتنێكى ديپلۆماتيكى و بازرگانى لە قەڵەم بدات.
بەهەمان چەشن هاوكارەكانيشى لە هەوڵەكانى حكومەتى ئەڵمانيا دڵگران بوون، كە گەرەكيان بوو حسێوى زێتر بۆ لايەنى ستراتيژى پرۆژەكە بكرێت. نەك لايەنە ئابووريەكەى، ئەگەرچى لە ئەڵمانيا و لە ئەوروپاش بيروباوەڕێكى وا هەبوو، كەوا نووسينگەى هەندەرانى ئيمپرياليزمى پرۆژەى هێڵى ئاسنى بەغداى بەڕێوە دەبرد [٣٤٠:١٢٠-١٢١]. هەرچى دەربارەى هەڵوێستى فەرەنگەكان بوو، وەك حكومەت پشتگيرى ئەو پرۆژەيانى نەدەكرد، وەڵێ سەرمايەدارەكان مگێزيان لێ‌بوو بەشدارى بكەن. كەچى حكومەتى ئينگليزى هاتبووە سەر ئەو رايەى پێويستە بەشدارى لەو پرۆژەيە بكا. عوسمانيەكان لە نياز و ئامانجى ئينگليزەكان دەترسان. واى بۆ دەچوون گەرەكيانە لە رووى ووشكانيەوە ميسر بە هيندستان ببەستنەوە، بە دووريان نەدەزانى ئينگليزەكان دەست بەسەر هەموو ئەو دەڤەرانەدا بگرن كە دەكەوێتە نێوان ئەم دوو شوێنەوە.
لە لايەكى تر ئەوان خۆشيان گەرەكيان بوو، وەك ئاماژەى پێكرا، ئەڵمانەكان بێننە نێو ئەو ململانێ‌يەوە. تا بيانكەن بە كۆسپێك و ڕێگا لەبەردەم چاوتێبڕينى ئينگليزەكان لەم دەڤەرەدا بگرن. [١٨٢:١٣٧-١٣٨]. ئينگليزەكانيش لەوە دەترسان ئەڵمانەكان دەست بەسەر ئەو دەڤەرەدا بگرن. بە تايبەتيش تا دەهات پرۆژەى هێڵى ئاسنى بەرلين-بەغدا شێوازێكى رەسمى بەخۆوە دەگرت، بۆيە دەبينين لەو ماوەيە بەدواوە بەرهەڵستى بەرامبەر پرۆژەكە دەنوێنن.
بەرايى دەيانگوت نابێت لە بەسرەوە زێتر بچێت، پاشان گوتيان نابێ لە بەغدا هەورازتر بچێت. لەراستيدا بەريتانيەكان ئەو هێڵەيان "بەسەرە نيزەيەك دەزانى ئاراستەى هيندى بەريتانى كرابێت" [٢١٧:٣٤٩]. بەتايبەتيش دواى سەردانەكەى دووەمى ئيمپراتۆرى ئەڵمانى بۆ دەوڵەتى عوسمانى، لێژنەيەكى ئەڵمانى هاتە ئەو دەڤەرە بۆ ئەوەى لەو ڕێگاو بانانە بكۆڵێتەوە كە هێڵەكەى پيادا تێدەپەڕێ و راپۆرتيان لە بارەيەوە بنووسێ. هاوكات لەگەڵ ئەوەدا يەكێك لە پاپۆرە جەنگيەكانى ئەڵمان لە كەنداو سەرى دەرهێنا. كە ئەمە وايكرد بەريتانيەكان زێتر گومان لە پرۆژەكە پەيدا بكەن. بۆيە كاتێك ديپلۆماتەكانى تورك و ئەڵمان كۆدەبونەوە، شاليارگەى بەريتانياو حكومەتى هيندى بەو پەڕى بايەخەوە زێرەڤانيان دەكردن [١٨٨:٦٣].
تا دەهاتيش سياسەتى بەريتانيەكان بەرامبەر عوسمانيەكان توندوتيژتر دەبوو، وەڵێ هەڵوێستى روسەكان كارەكەى ئاڵۆزتر كردبوو، لە تشرينى يەكەمى ١٨٩٩ شاليارى هەندەرانى

عوسمانیەکان بە باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستانەی ڕاگەیاند، ڕوسەکان هەوڵدەدەن لە کەنارەکانی ڕۆژهەلاتی کەنداوی فارس، کە بەشێکی لوڕستانی کوردستان دەگرێتەوە، لەنگەرگرێك وەدەست بێنن، وەکو خاڵێکی کۆتایی بۆ هێڵی ئاسنی ڕوسی! هەر لەو کاتەش کەشتیەکی جەنگی ڕوسی بەناوی (گیلاکی) هاتە کەنداو و لە بەندەری کوێت لەنگەری گرت، کە باڵوێزی ڕوسی لە بەغدای تیابوو لەگەڵ شێخی کوێت کەوتە گفتوگۆ. [۱۲۱:٦٠]. ئەم هەڵوێستەی ڕوسەکان وایکرد ئینگلیزەکان هەرچەندە ئەڵمانیایان بە مەترسیەکی تازە گوراو دەزانی، چاوێکی تر بە هەڵوێستی ڕوسەکان بخشێننەوە.

کەواتە لەم پێواژۆکەدا لەدوو لاوە گەف لە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەکرا لە ڕۆژهەلاتی ناڤین. لەلایەك ڕوس و لەلایەکی تر ئەڵمانەکان. ئەم بارە وایکرد کرزن ووتارێکی تژی کەف و کوڵیداو تیایدا پرسی: "ئایا ئێمە ئامادەین دەست بەرداری سەروەرێتیمان بین لە کەنداوی فارس، یاخود سەروەرێتیمان لە ئۆقیانوسی هیندی لەگەڵ خەڵکی تر دابەش بکەین؟ ئایا ئێمە ئامادەین هێڵی ئاسن بە دۆڵی فوراتدا تێپەڕێت؟ یاخود پرۆژەی لەم چەشنە کە ئەستەنگە بۆ بەریتانیەکان؟ ئایا بەغدا دەبێتە شارێکی نوێ بۆ ڕوسەکان لە باشور؟ ئایا ئێمە ڕازی دەبین بنکەیەکی دەریایی بێگانە چەند ڕۆژێك لە کراچیەوە دوور بێت؟" [۱٣٦:۱٥٧]. ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی ئەو مەترسیانە دوور بخەنەوە، هەوڵیاندا لە ئەڵمانەکان بچنە پێش. بۆ ئەم مەبەستەش شالیاری هەندەرانی بەریتانیا بە باڵوێزی ئەڵمانیای لە لەندەن ڕاگەیاند کە : "ئەوان بە چاوێکی نا دۆستانە سەیری پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدایان نەکردووە، وەڵێ ئەگەر جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە پێویستی بە پاڵپشتی و هەوڵی خێرخوازانەی ئەوان هەبێت، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بن پشکێکیان لەم پرۆژەیە دەست کەوێ! کە یەکسان بێت لەگەڵ ئەوپشکەی بەر دەوڵەتانی تر کەوتووە" [۹٧:۱٦٦]. ئینگلیزەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ڕوسەکان دوو ڕێگایان گرتەبەر، یەکیان ڕێکەوتن بوو لەگەڵ میری کوێت، و ئەوەی تریان ڕێکەوتن بوو لەگەڵ عوسمانی و ئەڵمانەکان. سەرباری ئەوەی بەهۆی ئەو ڕێکەوتنانەوە کۆنترۆڵی دەروازەی کەنداویان کرد، بەم لەیەکگەیشتنە سێ قۆڵیە دابینکردنێکی نێودەوڵەتیشیان وەدەستهێنا [۱٧٧:٢٥٤]. بەرامبەر ئەو هەولانەی ئینگلیز، ڕوسەکانیش چالاکانە کەوتنە کار بۆ پاراستنی سنوورەکانیان لە مەترسی هێڵی ئاسنی بەغدا، زینوڤیف باڵوێزی ڕوسەکان نارەزاییەکی دا بە عوسمانیەکان، تێپەڕبوونی هێڵی ئاسنی بە ناوچەکانی باکوری ئەرمەنستان بە گەفێك دەژمارد لە سەلامەتی ڕوسیا. [۲٤۱:۱۱٨]. دوای ئەوە نزیك

بوونەوەیەك لەنێوان روس و عوسمانیەکانیش سەری هەڵدا، دواتر گەیشتنە رێکەوتننامەیەك کە بەرێکەوتننامەی نزمایەکانی دەریای رەش (**حوض البحر الاسود**) ناسرا. لەم بارەیەوە شالیارگەی هەندەرانی عوسمانی له۱۹۰۰/۳/۳۱ نووسراوێکی دا بە باڵویزی روسیا، تیایدا هەرێی بە روسەکان دا کە جیاوکی هێڵی ئاسن لەلایەکانی دەریای رەش نەداتە هیچ دەوڵەتێکی ئەوروپی، لەو دەڤەرانەی دەکەونە باکوری رۆژهەڵاتی ئەو هێڵەی لە نێوان ئەرگەلی، ئەنقەرە، قەیسەری، سیواس، خارپوت، وان، درێژ دەبێتەوە. ئەو هێڵە یا بەخۆی دایدەمەزرێنێ، یاخود جیاوکەکەی دەداتە کۆمپانیا روسەکان. [۱٦۱:٤٥-۲٦]. لەهەمان کاتدا روسەکان توانیان مافی تەنیا بوون لە جیاوکی هێڵی ئاسنی لە دەڤەرەکانی دەریای رەش بەرەو ئێران وەربگرن. لەدەقی جیاوکەکە هاتبوو کە ئەم کارە جگە لە روسەکان ناشێ کەسی تر ئەنجامی بدا. تەنانەت تورکەکان خۆشیان، ئەگەر روسەکان نەیانتوانی ئەنجامی بدەن. [٢٤١:٥٥]. لە راستیدا ئەم پرۆژانە زێتر کارێکی تیوری و دیپلۆماتیکی و سیاسی بوون، چونکە روسەکان لە سۆنگەی نالەباری باری ئابووریەوە نەیاندەتوانی ئەم جۆرە کارانە جێبەجێ بکەن. ئامانجی سەرەکیشیان لەمەدا ئەوەبوو کوردستان لە نفوزی ئەڵەمانەکان وەدوور گرن. لەلایەکی تریش کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا. ئەڵەمانەکانیش بەهەمان لەگوین گەرەکیان بوو دەستی روسەکان لەم دەڤەرە دوورخەنەوە، بۆیە کاریان بۆ ئەوە دەکرد لەلای تر ئەژواریان بۆ چێ بکەن. لە ساڵی ۱۹۰۱ هەوڵیاندا لە رۆژهەڵاتی دوور، لەسەر دەڤەرەکانی مەنشوریاو کۆریا، روسەکان لەگەڵ ژاپۆن تووشی شەڕ بکەن! [۱۲٤:۱۰۰]. ئەو سیاسەتەی ئەڵەمانەکان لەو پێواژۆکەدا لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیزەکان رێك و کۆك بوو. فەرەنگەکانیش کە روسەکانیان بە دوژمنی ئەڵەمانەکان دەزانی بەردەوام لێیان نزیك دەبوونەوە. ئەوانیش دژی پرۆژەی دامەزراندنی هێڵی ئاسنی بەغدا بوون، بۆیە کاتێك لە ٥ی مارتی ۱۹۰۲ جیاوکی کۆتایی دامەزراندنی هێڵەکە لە نێوان ئەڵەمانیا و تورکەکان مۆرکرا، ئەندامێکی پەرلەمانی فەرەنگسی بە راشکاوی هێرشی بردەسەر ئەم پرۆژەیەو ئەوەی درکاند کەوا ئەو پرۆژەیە گەف لە پلەو پایەی فەرەنگەکان دەکات لە رۆژهەڵاتی ناڤین، هەروەها گەفیش لەخاترجەمی روسەکان دەکات لەناوچەی قەوقاز [٢٤١:٩٧]. هەرچی ئەڵەمانەکان بوون، بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی ئەو پێنگاوەیان کرد، لەبەر ئەوەی ئامەدو خارپوت و هەندێك لەناوچەکانی تری لێ هەڵاوێردرابوو، پێیان وابوو بەرهەڵستی روسەکان ناوروژێنێ، لەگەڵ ئەوەش دەیانزانی لە سۆنگەی گەیشتنی بە کەنداو ئینگلیزو فەرەنگەکان بەرهەڵستی زێتری دەکەن [۲۷۲:٦۱]. لە

راستیدا کارکردن بۆ وەدەستهێنانی ئەم جیاوکە بە شێوەیەکی ئێجگار نهێنی ئەنجام دەدرا. بۆیە کاتێك هەواڵی وەرگیرانی راگەیەنرا ئەوروپای دوچاری سەرسامیەك کرد، لەو کاتـەوە پـڕۆژەی هێڵی ئاسنی بووە جێ چاوی هێزە جیهانیەکان بەشێوەیەکی سەرنج راکێشتر. دەبوایە لە سـاڵی ١٩٠٣ دەست بەکاربکرێت بۆ ئـەنجامدانی پـڕۆژەی هێڵـی ئاسـنی بـەغدا. [٣٣٢:١٠٧]. کـە دەبووە سۆنگەی ئەوەی ئەڵمانەکان خودان پەیڤ بن لە کوردستان و هەموو رۆژهـەڵاتی نـاڤین، چونکە کاتێك لایەنی سیاسی و ستراتیژیان مسۆگەر دەکرد، کلیلی ئابووری ئەو ناوچەیەشـیان دەکەوتە دەسـت، کـە ئەمـە مەترسـی بـۆ خـڕ لایەنـە رکابـەرەکان هـەبوو لـەو دەڤەرەدا. بۆیـە ئەڵمانـەکان لـەو کاتـەدا دەیانویسـت وا نیشـانبدەن، کـە ئـەو پڕۆژەیـە تـەنیا پڕۆژەیـەکی ئابووریەو هیچی تر. لە ساڵی ١٩٠٣ دکتۆر رۆهبراخ رایگەیاند "پلان و ئامانجەکانی ئەوانەی ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ دەکەن لەدۆزی دیپلۆماتیکی و رامیاریەوە دوورە". هەروەها رایگـەیاند "هەرچەندە لـەو پڕۆژەیـە سـەرمایەی ئەڵـمانی وەکـاردەخرێ، وەڵێ چ لەلایـەنی حکومـەت، چ لەلایەنی بەشداربووان، هیچ هـەوڵێك لـە ئـارادا نییـە بـۆ هـیچ جۆرە رێکـەوتنێکی سیاسـی" [٣٤٠:١٢٠-١٢١]. بەم چەشـنە پاساودانیان بـۆ پڕۆژەکـە دەهێنایـەوەو رووی راستـەقینەی ئامانجە سیاسی و ستراتیژی و دوورەکانیان دەشاردەوە. سەرباری ئەوەش ململانێکـە تـا دەهـات رووتر دەچوو قووڵتر دەبوەوە! تەنگژەکە بە تەنیا لەنێوان حکومەتەکان نەمایـەوە، بـەڵکو کەوتـە نێـو سـەرمایەدارانی ئـەو دەوڵەتانـەش، بـە تایبـەتی دوای ئـەوەی ئەڵمانـەکان هـەوڵیاندا کەشتیەوانیش لە هەردوو رووباری دیجلە و فورات بـۆ خۆیـان مسۆگەر بکـەن، بـۆ ئـەوەی لـە پەرای پڕۆژەی هێڵە ئاسنیەکەی بەکاربێنن. کە ئەمەش واتای قەڵلۆش بوونـی کۆمپانیـای لینچـی دەگەیاند، کە کۆمپانیایەکی ئینگلیزی بوو، جیاوکی کەشتیەوانی لەم دوو رووبارە، واتە دیجلـە و فوراتـدا هـەبوو. بۆیـە بـە تونـدی نارەزاییـان دەربـڕی، ئینگلیزەکـان هـانی کۆمپانیـای (مەکەنزی)یان دا، کە کۆمپانیایەکی تری بەریتانی بوو بۆ ئـەوەی هاریکـاری کۆمپانیـای لینـچ بکات بۆ دەست بەسەرداگرتنی کۆمپانیـای حـەمیدی، کـە کۆمپانیـەکی کەشـتیەوانی دەوڵـەتی عوسمانی بوو، بەرلەوەی بکەوێتە دەست ئەڵمانەکان. [٢١٦:١٩٥]. ئـەوەی زێـتر تەنگژەکـەی ئاڵۆز کرد، ئەوەبوو ئەڵمانەکان رۆژ بەرۆژ دەستکەوتی زێتریان وەدەست دەهێنا، ئەمە لە لایەك دەبووە زێـتربوونی نفوزی ئەڵمانـەکان، لەلایـەکی تـر پـەردەی لەسـەر مەبەستە شـاراوەکانیان هەڵدەدایەوە، کە لە پەنای پڕۆژەی هێڵەکەدا، گەرەکیان بـوو وەدەسـتبێنن کـە لـەپاڵ مەبەسـتە سیاسی و ستراتیژیەکان سامانی کوردستان بوو. دکتـۆر رۆهـەر لـەو کتێبـەی بـەناوی رێگـای

بەغدا دانابوو، دەربارەی پەترۆلی کوردستان نوسیبووی : "خۆم سەردانی سەرچاوە پەترۆلیەکانی کەرکوکم کرد، هەروەها سەردانی سەرچاوەکانی تریشم کرد لە دەوروبەری بابەگورگوڕ. لە هەردوو دەڤەرەکەدا ئەو دیاردەیەم بینی کە شایەنی بایەخ پێدانە، پێویستە ئێمە بایەخێکی گرنگ بەو کاودانە بدەین کە وایکردوە هێلی ئاسن بە نزیك ئەو دەڤەرە پەترۆلیەدا بچێ! ئەوەی من لێی دەترسم ئەوەیە ئاڵتوونیَ بێگانەو ئەوانەی بە دوای شوێنەواردا دەگەڕێن، سەرکەوتن لە مافی لە پێشەوەبوون وەدەست بێنن لە پەترۆلی کوردستان، بەرلەوەی ئێمە (ئەڵمانەکان) دەست پێشخەریەکی کاریگەر ئەنجام بدەین [٣٢٨:٩١-٩٢]. ئەوەی ئەڵمانەکانی زێتر ترساند، روسەکان داوای جیاوکی هێلی ئاسنیان کرد لە (وان)ەوە تا بەغدا، وەك شالیاری هەندەرانی عوسمانی لە تەموزی ١٩٠٣ بە ئەڵمانەکانی راگەیاند. [١١٣:٢٤١]. ئینگلیزەکان ئەگەرچی تا ئەو کاتەش روسەکانیان بە یەکەمین رکابەری خۆیان دادەنا، وەڵی لە ئەنجامی ئەم پرۆژەیە، ئەڵمانەکانیان بە ترسناکترزانی! لەو یاداشتنامەیەی کە یەکێك لە لێپرسراوە ئینگلیزەکان لە ٢٥ کانونی دووەمی ١٩٠٥، پێشکەش بە لێژنەی بەرگری لە ئیمپراتۆریای کرد The Committee Of Imperial Defence نوسیبووی: "ئێمە رووبەرووی پرۆژەیەك بووینەتەوە، ئەگەر لە سایەی ئەڵمانەکان جێبەجێ بکرێت، زیانێکی گەورە بە بازرگانیمان دەگەیەنێ، لە ئەنجامدا کاریگەری سیاسیمان لە باشوری فارس و دۆلی دیجلە و فورات تێکدەشکێنی. ئێمە سۆنگەی بنەڕەتیمان هەیە رێگای ئەوە نەدەین هێلەکە لە بەغداوە بگاتە کەنداو. [١٧٨:٩٧]. بۆیە لەم پێواژۆکە بەدواوە ئینگلیزەکان هەوڵدەدەن ئەژواریەکانیان لەگەڵ روسەکان چارەسەربکەن. سەرباری ئەو هەموو تەنگژە ئابووری و سیاسی و ستراتیژیەی لە نێوانیاندا هەبوو. رۆژنامەی تایمزی لەندەنی لەم بارەیەوە ووتارێکی بلاوکردەوە، کە تیایدا هاتبوو: "هەڵکشانی روسەکان بەرەو باشوری کوردستان و گەف کردنیان لە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا، بە رێگای ئاشت بوونەوە و رێکەوتن نەبێت بەهیچ لەگوێنێك چارەسەر ناکرێت" [١٢١:٦٦-٦٧]. ئینگلیزەکان داخیان بۆ ئەوە دەخوارد کەوا چۆن هەلی کارکردن لەم جۆرە پرۆژانەیان لە دەست داوە. یەکێك لە پسپۆڕەکانیان بە راشکاویەوە گوتی : "گەمژەیی سیاسەتوانانی ئێمە بوو دوچاری ئەو تەنگژە ناخۆشە بووین، ئەو گەمژەییەی جسنی بەهەموو بلیمەتی خۆی نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێ و شکستی هێنا. [١٧٧:٢٤٦]. لە پاڵ ئینگلیزەکان ئەڵمانەکانیش هەوڵیاندا لە روسەکان نزیك ببنەوە، روسەکانیش دوای ئەوەی لە شەڕەکەیان لەگەڵ ژاپۆن دۆڕاندیان، هەمان ئارەزووی

ئەڵەمانەکانیان هەبوو، بۆیە پێشنیاریان کرد کە بەرهەڵستی پڕۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا ناکەن، ئەگەر ئەڵەمانەکان هەرێیان پێ بدەن کەوا یارمەتیان دەدەن لە دەست بەسەرداگرتنی گەرووەکان، وەڵێ لەبەر ئەوەی ئەڵەمانەکان خاترجەم بوون روسەکان ناتوانن هیچ ئەستەنگێك بخەنە بەردەم پڕۆژەکەیان، پێشنیارەکەیان رەتکردەوە. [١٨٢:١٤١]. کەچی دوای ئەوە کاتێك ئینگلیزەکان هاوپەیمانەتیان لەگەڵ ژاپۆن نوێکردەوە، ئەڵەمانەکان خۆیان پێشنیاری رێکەوتنیان کرد لەگەڵ روسەکان. [٢٩٧:١٦٢]. داوایان کرد ئەگەر بازرگانی ئەڵەمانەکان ئازاد بێ و یارمەتیان بدەن هێڵی ئاسن لە تارانەوە رابکێشن بۆ خانەقین لە کوردستان، ئەو کاتە ئەوان ئامادەن یارمەتی ئێران بدەن و پشتی بگرن لە دامەزراندنی هێڵی ئاسن لە شارەکان و کردنەوەی رێگای تازە [٣٢٣:٥٦٩]. وەڵێ روسەکان لە نزیك بوونەوەی ئەڵەمانەکان دوو دڵ بوون. لە تشرینی یەکەمی ١٩٠٦ شالیارگەی هەندەرانی روسیا بە هاوکوفی خۆی لە ئەڵەمانیای راگەیاند : "ئەوان هیچ بەرهەڵستیەکی پڕۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا ناکەن، وەڵێ ئەستەنگە لەگەڵ ئەڵەمانەکان بگەنە هیچ رێکەوتننامەیەك، ئەگەر لە ئێران و لە کوردستان خاترجەمیان نەکەن". هەروەها لەو یاداشتنامەیە، کە واژۆی شالیاری هەندەرانی روسی لەسەر بوو، هاتبوو : "روسیا ئارەزووی هەیە داوا لە ئێران بکات بەبێ رەزامەندی ئەوان هیچ پڕۆژەیەکی هێڵی ئاسنی لەسەر خاکی خۆیدا دانەمەزرێنێ" [٢٤١:١٢٣]. هاوکات لەگەڵ ئەمە ئەڵەمانەکان گەرەکیان بوو ئەژواریەکانیان لەگەڵ ئینگلیزەکانیش چارەسەربکەن. لە تشرینی دووەمی ١٩٠٧ ئیمپراتۆری ئەڵەمانی سەردانێکی بەریتانیای کرد. شالیاری بەرگری بەریتانی پێی راگەیاند کە: "لە توانادا هەیە بەریتانیەکان بەرهەڵستی ئەو پڕۆژەیە نەکەن، ئەگەر مافی دامەزراندنی ئەو پارچەیان بدرێتێ کە دەکەوێتە نێوان بەغدا و کەنداوی فارس". هەرچەندە ئیمپراتۆر رەزامەندی خۆی بۆ ئەم داوایەی ئینگلیزەکان دەربڕی، کەچی ئینگلیزەکان ئەوەیان خواست کەوا روس و فەرەنگەکانیش بەشداری دانوستانەکانیان بکەن، بەرلەوەی بگەنە هیچ رێکەوتنێکی دیماهی. ئیمپراتۆر پێی وابوو ئەمە سەرباری ئەوەی دانوستانەکە دوچاری نوشوستی دەکات، ناکۆکیەکانیش قووڵتر دەکاتەوە. [٩٧:١٩٧].

لەوکاتەدا لە نێو دەزگا سیاسیەکانی ئەوروپا بڕوا وابوو بواری فراوان خوازی و تەشەنەکردنی ئەڵەمانیا لە دەوڵەتی عوسمانی و بەشێوەیەکی تایبەتی لە ئەناتۆلیا و عێراقە ! [٢١٧:٣٦٠]. ئەناتۆلیا دیارە مەبەستی لە باشوری رۆژهەلاتی ئەناتۆلیایە کە دەکاتە باکوری

کوردستان، بەهەمان چەشن باشوری کوردستانیش دەگرێتەوە. لەگەڵ میسۆپۆتامیا بـە پلەیـەکی دواتر، بەم جۆرە لە روانگەی هێڵەکانی ئاسنەوە بۆمـان دەردەکەوێت، کـە مەبەسـتی سـەرەکی ئەڵەمان لەم پڕۆژەیە، بە پلەی یەکەم کۆنترۆڵکردنی کوردستان بوو !

لەساڵی ١٩٠٨ کاتێك لە پەرلەمانی عوسمانی باسی دامـەزراندنی هێلێـك کـرا، کـە لـە بـاکوری کوردسـتانەوە، بـە موسـڵ دا بـەرەو کـەرکوك بـڕوات. چیسـتەر، کـە ئـەدمیراڵێکی ئەمـەریکی بـوو، بەلـەزی خـۆی گـەیاندە ئەسـتانە. دوای دانوسـتانێك کـە سـاڵێکی خایـاند، جیاوکێکی وەدەست هێنا کە دامەزراندنی بەندەرو هێلی ئاسنی بەخۆوە گرتبـوو. [٢٣٧:٣٧-٣٨]. ئـەوەی پـەیوەندی بـە پـڕۆژەی هێڵـە ئاسـنەکەوە هەیـە، ئـەوا هـەمووی لەسـەر خـاکی کوردسـتان بـوو. خـاڵێك لـە خارپوتـەوە، لـەڕێگای ئەرغـەنی و ئامـەدو بەدلیسـەوە دەگەیشـتە دەریاچەی وان. هێلێکی تر لە یورمورتالیك تا هێڵی یەکەم. هێڵەکـەی تریـش لـەوێوە دەسـتی پێدەکـرد لـەڕێگای موسـڵ و کـەرکوك بـەرەو سلێمانی و سنوورەکانی ئـێران دەڕۆیشـت. [٣١٤:١٨٠]. شایانی ئاماژە پێکردنە ئەو دەوڵەتانـەی دەیانویسـت هێڵـەکان رابکێشـن، بـالأ دەست دەبوون لە هەموو ئەو دەڤەرانـەی هێڵەکـەی پیـادا رەتدەبـوو. [٣٣٢:١١٠]. وەلێ ئـەو گۆڕانانەی دوای کودەتاکەی ١٩٠٨ روویاندا، کۆسپیان خستە بـەردەم ئـەو جیاوکـەو هـەموو جیاوکەکان بە شێوەیەکی گشتی، بۆیە تورکەکان دوای ئەوە کەوتنە پـەلپ گرتـن لـە پـڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا، بە بیانگەی ئەوەی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواو نەبووە. کـەچی نەیانتوانی ئەو (١٠٠) هەزار لیرەیە بدەنەوە کە ئەڵەمانەکان لە پڕۆژەکە خەرجیان کردبوو، بۆیە ئەڵەمانەکان گوێیان نەدایە تورکەکان و بەردەوام بوون لەسەر کارەکانی خۆیـان. [٣٢٨:٧٧-٧٨]. ئەمە وایکـرد ئینگلیزەکـان مەترسـیەکانی خۆیـان راشکاوانەتر دەربـڕن، داوایـان کـرد پڕۆژەکە بەنێو دەوڵەتی بکرێ ئەڵەمانەکان رازی نـەبوون، ئەمـە خـەریك بـوو تەنگژەیـەکی نێـو دەوڵەتی بگورێنێ. تورکەکان بۆ ئەوەی بارەکە هێور بکەنەوە وایـان بەباشـزانی بەشـی باشـوری هێڵەکە، واتە لە بەغداوە بۆ کەنداو خۆیان ئەنجامی بدەن. ئینگلیزەکان بەمە رازی بوون، چونکە سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ ئەوان، ئەوەی دەگـەیاند کـە ئـەو پڕۆژەیـە هـەرگیز تـەواو نـابێ و جێبەجێ ناکرێت. کەچی ئەڵەمانەکان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی خۆیان ئەو بەشەش ئەنجام بدەن. هەرچەندە دواتر هەڵوێستیان بەرەو نەرمی چوو. لە٢٦ تەموزی ١٩١٠ بە شـالیاری هـەندەرانی تورکیا رەفعەت پاشایان راگەیاند، کەوا حکومەتەکەیان بەبێ گفتوگۆو دانوستان ناتوانێ دەست بەرداری مافەکانی خۆی بێت. [٢٤١:٨٣-٨٤].

روسەکانیش لەم گاڤەدا گەرەکیان بوو لە ئەڵمانەکان نزیك ببنەوە، ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە، وەك ئاماژەی پێکرا بەرهەڵستی ئەو پرۆژەیان دەکرد، نەك بە تەنیا لەبەر ئەوەی هێڵەکان بە باکوری کوردستاندا رەتدەبوون و مەترسیان لەسەر سنوورەکانیدا هەبوو، بەڵکو هێڵەکانی باشوری رۆژهەڵاتیش، کە لە تارانەوە دەهاتە خانەقین لە کوردستان و پاشان بەرەو شارە پیرۆزەکانی عێراق (نەجەف و کەربەلا) دەچوو. دەبووە سۆنگەی ئەوەی شالاوی حاجیانی ئێرانی بکەوێتە سەر ئەو رێگایە، کە ئەمەش ئابووری ئێرانی لاواز دەکرد [٣٢٣:٥٦٨-٥٦٩]. هاوکات زیانی بە بازرگانی روسەکانیش دەگەیاند. لەگەڵ ئەمەشدا لە کۆنفرانسی شالیارگەی هەندەران کە لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٠ لەژێر سەرۆکایەتی سازانۆف گرێدرا. تیایدا باسی دۆزی ئێران کرا، شالیاری هەندەران سازانۆف بە هاریکارەکانی خۆی گوت کەوا نامە گۆڕینەوە لە نێوان ئەوان و ئەڵمانەکان ئەنجامدرا. ئەوان- روسەکان- بەڵێنیان داوە بەرهەڵستی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا نەکەن، هەروەها ئەڵمانەکانیش هێڵی ئاسنی بەغدا بە هێڵی ئاسنی ئێران نەبەستنەوە ئەگەر روسیا رەزامەندی لەسەر نیشان نەدا، لە پاڵ ئەمەدا ئەڵمانەکان رابگەیەنن کە هیچ بەرژەوەندیەکی سیاسی و سەربازیان لە ئێراندا نیە. [٣٢٣: ٥٧٠]. دوای ئەوە بەپێی چەند مەرجێك هەردوو دەوڵەت لە ٤ تشرینی دووەمی ١٩١٠ گەیشتنە رێکەوتننامەیەك، سەرباری ئەو خاڵانەی ئاماژەی پێکرا، لەسەر ئەوە رێکەوتن ئەڵمانیا پرۆژەی ئەو هێڵە ئەنجام بدا کە لە تارانەوە بەرەو خانەقین دەچوو، لەوێشەوە بەهێڵی ئاسنی بەغدای ببەستێتەوە. بارتەقای ئەوەش ئەڵمانەکان دان بە بەرژەوەندیەکانی روسدا بنێن لەئێران و هەوڵی ئەوە نەدەن جیاوکی دامەزراندنی هێڵی ئاسنی لەناوچەکانی نفوزی ئەواندا وەرگرن [٩٤: ٥٢]. ئەو کارەی ئەڵمانەکان بۆ ئەوە بوو روسەکان لە ئینگلیزەکان دابڕن، ئەگەرچی دوای هەڵقولانی پەترۆل لە(مسجد سلێمان) ئینگلیزەکان رازی بوون دەستی ئەڵمانەکان لە کوردستان بەرهەڵدا بکەن، بەرامبەر ئەوەی ئەوانیش دەستی ئینگلیزەکان لە باشوری بەغداو کەنداو بەرهەڵدا بکەن ! [١٧:٢٧٥].

رژدبوونەوەی مڵملانێیەکان وایدەکرد گۆڕانی بەلەز بەسەر پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا بێت، لەیەکترازان دوورکەوتنەوە، هاوکات بۆ یەکتر هاتن و نزیك بوونەوە، بە بەردەوامی و بەلەزی روویاندەدا. لە شوباتی ١٩١٣، ئەندازیارێکی روسی بەناوی م.پادگۆرسکی جیاوکی هێڵی ئاسنی لە ئێران وەدەست هێنا، کە راکێشانی هێڵی ئاسنی لە جلفا تا تەورێزی تیابوو، هێڵەکە تا (وورمێ)ش دەهات، ماوەی جیاوکەکە ٧٢ ساڵ بوو، هاوکات مافی کانزاکاری و گەڕان بەدوای پەترۆڵی تیابوو بە ٩٦کیلۆمەتر لەم بەرو ئەو بەری

هێڵەگەو بەدرێژایی پڕۆژەکە. [٣٢٣:٦٤٩]. هەر لە هەمان ساڵدا عوسمانی و ئینگلیزەکانیش دەستیان بە دانوستان کرد، لە ٢٩ تەموزی ١٩١٣ لە کۆنگرەی لەندەن ڕێکەوتننامەیەکیان گرێدا، ئەوەی پەیوەندی بە پڕۆژەی هێڵی ئاسنی بەغداوە هەبوو لەو ڕێکەوتننامەیە، حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی ئازاد بوو لە ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی لە بەغداوە بۆ بەسرا، یاخود بۆ هەر لایەکی تر لەو دەڤەرەدا، هەردوولایان لەسەر ئەو تەگبیرانە ڕێکەوتن کە پێویست بوو بگیرێتەبەر، بۆ پاراستنی هێڵەکان و شوێنی وەستانی شەمەندەفەرەکان. یا هەر دامودەزگایەکی تر کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبوو. [١٤٨:٤١]. دوای ئەوە فەڕەنگەکانیش بۆ ئەوەی جیاوکی هێڵی ئاسنی لە سامسونەوە بۆ سیواس و لەوێشەوە بۆ ئامەد وەرگرن، کەوتنە خۆ نزیك کردنەوە لە ئەڵەمانەکان، هاوکات ئارەزووی خۆیان نیشاندا بۆ ڕاکێشانی هێڵێکی تر لە ئامەدەوە بۆ ئەرزنجان ERSINGJAN. [٢٤١:١٠٧]. وەك ئاشکرایە ئەم ناوچانە بەناوچەی نفوزی ڕوسەکان دەژمێردران، وەڵێ لەبەر ئەوەی فەڕەنگەکان هاوپەیمانی خۆیان بوون، واتە هی ڕوسەکان، بۆیە ڕوسەکان ئامادەبوون دەست بەرداری جیاوکی هێڵی ئاسنی بن لەم ناوچانەدا بۆ فەڕەنگەکان. لە١٤ شوباتی ١٩١٤ کارسازە ئەڵەمان و فەڕەنگەکان گەیشتنە ڕێکەوتننامەیەك، کورتەکەی ئەوەبوو، فەڕەنگەکان جیاوکی ڕاکێشانی هێڵە ئاسنەکانی کوردستان وەربگرن، تا دەگاتە سنوری ئەرمەنستان، بارتەقای ئەمەش فەڕەنگەکان دان بە نفوزی ئەڵەمانەکان بنێن لەو شوێنانەی هێڵی ئاسنی بەغدای پیادا ڕەتدەبوو. [١٨٢:٢٧٣]. ئەم پێنگاوە نەك بە تەنیا سەرمایەدارە فەڕەنگەکان، بەڵکو حکومەتەکەشیانی ڕازی کرد، چونکە دوای ئەو ڕێکەوتننامەیە فەڕەنگەکان سیاسەتێکی هەندەرانی سەربەخۆیان گرتەبەر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، دوور لە سیاسەتی ڕوسەکان. [٢٤١:١١٢-١١٣]. هەر لە هەمان ساڵدا ئینگلیزەکانیش لەگەڵ ئەڵەمانەکان دەستیان بە دانوستان کرد. لە ئەنجامدا ئەوانیش گەیشتنە ڕێکەوتننامەیەك، بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە وازیان لەو بیرۆکەیە هێنا بەندەرێکیان لەسەر کەنداو هەبێت، بارتەقای ئەوەش ئینگلیزەکان هەرێ یان دا چیتر کۆسپ نەخەنە بەردەم پرۆژەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی بەغدا. هەروەها دانیان بە نفوزی ئەڵەمانەکان نا لە ئەناتۆلیا و باکوری سوریاو باکوری میسۆپۆتامیا، کە دەکاتە کوردستان! بەو پێیەی ئەڵەمانەکانیش دان بەو بارەدا بنێن کە لە باشوری میسۆپۆتامیاو کەنداوی فارس لە ئارادابوو [١٣٥:١٤٣]. ئەو ڕێکەوتننامانە ئەگەرچی لە سوودی هەموولایەکدا بوو، کەچی ئەو ئارامیەی لە ئەنجامیدا دەهاتە ئارا، بە پلەی یەکەم پەرای بەرژەوەندیەکانی ئەڵەمانیای دەکردو سوودی ئەوانی تیابوو. بەرژەوەندیەکانی لە کوردستان و ڕۆژهەڵات زێتر دەچەسپا. پەیوەندیەکانیشیان لەگەڵ عوسمانیەکاندا سەقامگیرتر دەبوو. هەر بۆیە کاتێك دەوڵەتی عوسمانی لە تشرینی دووەمی ١٩١٤ چووە ناو شەڕەوە، کۆی

وەبەرهێنانی بێگانە جگە لە قەرزەکانی گەیشتە ٦٣,٤٤٤,٠٠٠ جونەیهی ئیستەرلینی، کە پشکی پرۆژەی هێڵی ئاسنی تیایدا ٣٩,١٦٣,٠٠٠ بوو. [١٥٦:١٠٦]. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ، هێڵی ئاسنی بەرلین - بەغدا، سەرباری بایەخە سیاسی و ستراتیژیەکەی، بایەخێکی ئابوری گەورەی هەبوو. شایەنی ئاماژە پێکردنە هەر لە سەرەتای شەڕدا ئەڵمانەکان کەوتنە خۆ بۆ ئەنجامدانی ئەو هێڵانەی کوردستانیان بە میسۆپۆتامیاوە دەبەستەوە، ئەو پارچانەیان تەواوکرد کە دەکەوتە نێوان بەغدا و بەسرەوە. تەنانەت ژمارەیەکی زۆر کرێکاری کوردیشیان بۆ ئەم کیارە بەکرێ گرت، ئەندازیارە ئەڵمانەکان پێیان وابوو کرێکارە کوردەکان باشترین و ئیشکەرترین کرێکارن. [٣٥:٩-١٠].

بەم چەشنە پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا بوو بە کێشەیەکی دیپلۆماتیکی نێو دەوڵەتیی، شالیارگەی هەندەرانی زۆر وولاتانی خەریك کرد، بوو بە کارێك خاوەن بانکەکان بایەخی پێ بدەن. [٥٠:١٧٨]. ئەڵمانەکان کردیانە داردەستێك بۆ ئەوەی سیاسەتی جیهانگیریەکانی پێ بهێننە دی. وەك پرینس لیکۆنۆفسکی، باڵوێزی پێشووی ئەڵمانیا لە لەندەن نووسیبووی : "ئەو پرۆژەیە یەکێك بوو لەو هەڵە دیپلۆماتیکیانەی کاریگەریەکی گەورەی لە دایسانی جەنگ هەبوو" [١٣٩:٣٤٠]. لە هەمان کاتدا کاریگەریەکی گەورەی لەسەر کورد و کوردستان هەبوو. یەکێکیش بوو لەو ئەگەرانەی وایکرد زۆربەی شەڕەکانی بەرەی رۆژهەلات لەسەر خاکی کوردستان رووبدات. تەنانەت ترسناکی و کاریگەری ئەو پرۆژەیە هێندە گەورە بوو. هەندێك لە نووسەران بە "تارمایی سەدەی بیستەمیان ناو دەبرد" [٨٩:١٣١].

باسی سێیەم: کورد و شوێنی کوردستان

لە ڕێکەوتننامە و هاوپەیمانیەتیە نێو دەوڵەتیی و ناوچەییەکاندا

قووڵبوونەوەی ململانێی نێـو دەوڵـەتی لـە ڕۆژهـەڵاتی نـاڤین بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبـەتی، لەگـەڵ خۆتـێ هـەڵقورتاندنی زلهێزەکـان لـە هـەموو کـارو بـارێکی ئـەو دەڤـەرەدا، تـا دەهـات کاودانەکـەی زێـتر بـەرەو گـرژی و ئـاڵۆزی دەبـرد. بۆیـە شـەڕ و ئـاژاوەی نێـوان دەوڵەتـە ناوچەییەکان، وەکو ئێرانی عوسمانیەکان، زنجیرەیەکی نەپساوە بوو، و هـەرگیز بنـەبڕ نـەدەبوو. دوای هەر شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش ڕێکەوتننامەیان مۆر دەکـرد، لەوانـە ڕێکەوتننامـەی ئەماسـیا (١٥٥٥)و نـەورۆز (١٥٩٠) و زەهـاو (١٦٣٩) و ئـەرزەڕۆمی یەکـەم (١٨٢٣) و ئەرزەڕۆمی دووەم (١٨٤٧). جێ پەنجەی زلهێزەکان چـەندە لەشـەڕ و شـۆڕەکان بـەدی دەکـرا، هێندەش لەو ڕێکەوتننامانە دیار بـوو. وەك پـالـمرسـتـون بـاڵـوێـزی بـەریتـانیا لـە پترسبورگ گوتی: "بـە بڕیـارێکی ئارەزوومەندانـە نـەبێت لەلایـەن بـەریتانیای مـەزن و ڕوسـیای تـەزاری، کێشـەی نێـوان ئـێران و تورکیـا هـەرگیز بـە شـێوەیەکی دیمـاهی چارەسـەر نـاکرێت" [١٨٩:١٥٧]. دیارە لە هەموو ئەو ڕێکەوتننامانـە دۆزی کـورد بابـەتێکی بنـەڕەتی و سـەرەکی بوو، چونکە زۆربەی ئاژاوەکان پەیوەندیان بە دەڤەرە سنووریەکانی ئەم دوو دەوڵەتـەوە هـەبوو، ئەو دەڤەرانەش لە هەردوو دیوی ئەم دەوڵەتانە، بە درێژایی سنوور، تەنیا بەشێکی کـەمی باشـور نەبێت، ئـەوەی تـر هـەموو خـاکی کوردسـتان بـوو لـە نێوانیـان پارڤـە کرابـوو. هـەر لایـەیان هەوڵیدەدا چۆن و بەچ لەگوێنێك ڕەفتار لەگەڵ کوردەکـانی بـن دەسـتیان بکـەن. بـۆ وێنـە لـە بەندی یەکەمی پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی یەکەم کە لەساڵی ١٨٢٣ لە نێوان ئێرانی و عوسمانیەکان گرێدرا هاتبوو کە هیچ لایـەکیان تێکـەڵ بـە کاروبـاری نـاوەخۆی دەوڵەتەکـەی تـر نـەبێت و دەسـت لـە کاروبـاری دامـەزراندنی میـرە کوردەکـان وەرنـەدا کـە لـە بـەغداوە دادەمـەزران و ئێرانیـەکانیش پێشـوازی لـە میـرە کوردەکـان نەکـەن. [١٨٩:٥٨]. کاریگـەری ڕوس و ئینگلیزەکـان، فەڕەنگـەکانیش بەرادەیـەکی کـەمتر، گەیشـتبووە ڕادەیـەك زۆر جـاران ئـەوان ڕەشنووسی پەیمانامەکانیان دادەناو کۆنگرەکان لەسەر داوای ئەوان گرێ دەدران. لە کۆنگـرەی ئەرزەڕۆمی دووەم بەریتانیەکان پێشنیارەکانیان پێشکەش کرد، پێشینەش پێیان وابوو کێشـەی سلێمانی لـە بـەرژەوەنـدی عـوسمـانیەکـان و کێشـەی خـوڕەم شەهـر (محمـرە)ش لـە

بەرژەوەندی ئێرانیەکان تەواودەبێ. [١٢٧:٢١٤]. دوای مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە لـە بـەندی هەشتەمیـدا هـاتبوو: "هەردوو دەوڵـەتی پـەیمان بەسـت هـەرێی ئـەوە دەدەن هـەموو شـێوازێك بگرنە بەر بۆ سزادان و نەهێشتنی نژدی و دزی لەلایەن ئەو نەتەوانەی لەسەر سنوور نیشتەجێن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە شوێنی لەبارو گونجـاو سـەربازەکانیان دابنێـن" [١٨٩:٦٥-٦٦]. وەڵێ لە سۆنگەی روودانی گۆڕان لە تەرازووی هێزەکان چ نێودەوڵـەتی یـاخود ناوچـەیی، ئـەو رێکەوتننامانە یا جێبەجێ نەدەکران، یاخود بۆ ماوەیەکی کەم کاریان پێدەکرا. بۆیە ناوە ناوە مشت ومڕ لەسەر کورد.و خاکی کوردسـتان دەگورایـەوە، کـە بـۆ شاردنەوەی دۆزی کـورد، هەرچەندە دۆزی کورد نەبوو دۆزی دوژمنانی کورد بوو، چونکە ئەوان چاویان بڕیبووە خـاکی کوردستان، بە کێشەی سنووریان ناودەبرد.

لە ئـەنجامی دووبـارە بوونـەوەی ئـەو ئەژواریانـە، لـە سـاڵی ١٨٦٩ لـە ئەسـتانە چارەسەرکردنێکی کاتی دانرا، کە بریتی بوو لە هێشتنەوەی باری ئێستا وەکو خۆی. بەپێی ئـەم چارەسەرکردنەش دەبوایە ئەو زەویانەی مشت ومڕیان لەسەر بوو وەکو خۆی بهێڵرێتەوە. تا بـە شێوەیەکی دیماهی چارەسـەریان دەکـرا، لـە سـایەی ئـەو دەوڵـەتـەی زەویەکـەی بەردەکـەوت. [١٤٩:٢٤١]. دوای ئەوەش لە نێوان ساڵانی ١٨٦٩-١٨٧٥ ئێران ناوە ناوە داوای یـارمـەتی لە هەردوو دەوڵەتی ناوبژیوان دەکرد، لە ساڵی ١٨٧٤ لە تورك و فارسەکان لیژنەیەك پێکهات، وەڵێ کارەکانیان وەستا. چونکە فارسەکان داوایـان کـرد لیژنەکـە بـە گوێـرەی رێکەوتننامـەی ئەرزەرۆم کارەکانی ئەنجامبدا، هەرچی تورکەکان بوو رێکەوتننامەی زەهاویان پەسندتر کرد. لـە ساڵی ١٨٧٥ دوو ئەندامی رێ پێدراوی روس و بەریتانی لە لیژنەکە زیدەکران، کەچی شـەڕی روسی - تورکـی ١٨٧٧ کارەکـانی ئـەم لیژنەیەشـی وەسـتان. [٢٢٥:١٢]. لـەو گاڤـەدا ململانێیەکە رژدتر و گرژتر بوو لەسەر ناوچەی قوتور، کـە دەکەوێتـە نزیـك چاریق و دواتـر بوو بە مەڵبەندی بزاڤی نەتـەوەیی کـوردی لـەبن سـەرکردایەتی سمایل ئاغـای شـکاك (سمکۆ). هەریەکە لە دەسەڵاتدرانی ئێران و عوسمانی ئەو ناوچەیان بەهی خۆیان دەزانی، سەیر لـەوەدابوو هیچ لایەکیان بە زێدی کوردانیان نەدەزانی! بەگوێرەی رێکەوتننامەی سان سـتیڤانۆ و بـەرلین لە ساڵی ١٨٧٨، دەبوایە تورکەکان ناوچەی قوتور بۆ ئێرانیەکان چۆڵ بکەن. لە سـاڵی ١٨٨٠ لیژنـەیەکـی تێکەڵاوی ئـەنگلـو - روسی هێڵی سنووریان دیاریکرد، کەچی ئەمەش جێبەجێ نەکرا. [١٨٤:١٢٦]. دوای کۆنگرەی بەرلین، وەك لە باسەکانی تر ئامـاژەی پێکـرا گۆڕانێـك بەسـەر پەیوەندیـە نێـو دەوڵەتیـەکان داهـات. ململانێش لەسـەر ئـەو دەڤـەرە چڕتربـۆوە، ئـەو

کێشـەیەش کـە بـە کێشـەی سـنوور دەناسـرا کەوتـە چـوار چێوەیـەکی فراوانـترەوە، ئـەویش چوارچێوەی هاوپەیمانیەتیە نێو دەوڵەتیـەکان بـوو. چونکـە زۆربـەی مێژوونوسـان لەسـەر ئـەوە ڕێکن سالانی ١٨٩٠-١٩١٤ بە پێواژۆکێکی نوێ دابنێن لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، ئـەو پێواژۆکـەی زلهێزەکـان بـەگوێرەی بەرژەوەندیـەکانیان لـە یـەکتر نزیـك دەبوونـەوەو دوور دەکەوتنەوە! ئاکامەکەشی جەنگە ماڵوێران کاریەکەی یەکەمی جیهان بوو.

کوردستان لـە سۆنگەی شوێنە ستراتیژیەکەی دەکەوتـە چـەقی ئـەو ڕێکەوتننامـە و هاوپەیمانیەتیانـەی بـە شـێوەیەکی گشـتی دەربـارەی ڕۆژهـەڵاتی نـاڤین گـرێ دەدران، لایەنـە ڕکابەرەکان حسێبیان بـۆ جیۆسـتراتیژی و سامانە زۆرەکـەی کوردستان دەکـرد، بـۆ ئـەوەی بیکەن بە ناوچەی نفوزی خۆیـان، لـەم بـوارەدا ئینگلیزەکـان ڕیـزی پێشـەوەیان گرتبـوو، کـە ئەوکاتە بۆ چارەسەرکردنی کێشـەی بێکـاری و پـەیداکردنی نـان بـۆ برسـیەکانیان، دەگـەڕان زەوی نـوێ وەدەست بێنن. لـە لایەکـی تـر بـازاڕ بـۆ کـاڵاکـانیان بدۆزنـەوە. لـەو گاڤـەدا سیاسـەتوان و سـەرمایەدارانیان پێیـان وابـوو، بـۆ ئـەوەی خۆیـان لـە شـەڕێکی نـاوەخۆ وەدووربگرن، پێویستە بنە ئیمپریالیزم ! [١١:٢٣٩].

ڕەهێی ئەو هاوپەیمانەتیە نێـو دەوڵەتیانـە، لـە ڕاستیدا لـە پەیماننامـە نێـو دەوڵەتیەکانـەوە دەست پێدەکات، کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هـەڵدا. بـۆ وێنـە لە ساڵی ١٨٨١ ڕوسەکان هاوپەیمانەتیەکان لەگـەڵ ئەڵـەمان و نەمسـاویەکان مۆرکـرد، کـە بـە هاوپەیمانیەتی سێ پەتریك دەناسرێ (**حلف الاباطرة الثلاثة**). بەمەش ڕوسـەکان سنوورەکانی ڕۆژهـەڵاتیان مسـۆگەرکرد، بۆیـە لـە ئاسیا دەستیان ئـاوەڵابوو، چـاڵاکی فـراوان خوازیـان چڕتربـوو، زەوی نـوێ یـان خستە سـەر ئیمپراتۆریـا فراوانەکـەیان. ئـەم پەهاوێشتنەی ڕوس، ئینگلیزەکانی دوچـاری دڵـە ڕاوکێیـەك کـرد، نـەك بەتـەنیا لـە هیندسـتان، بـەڵکو لـە وڵاتـە هاوسێکانیشی بە تایبەتی لە ئەفغانستان و ئێران*. لە سـاڵی ١٨٨٤-١٨٨٥ پـەیوەندی نێـوان ڕوس و ئینگلیزەکان دوچاری تەنگژەیەك هات. [١٥٨:١٢٦]. بۆیە لەو کاتـەدا ئینگلیزەکـان هەوڵیاندەدا ئەڵەمانەکان بخزێننە ناو کێشەکانیانەوە لەگەڵ ڕوسەکان. کە ئەمەش بەرز بوونەوەی ڕۆڵی ئەڵەمانەکان نیشاندەدا لەسەر گۆڕەپانی ململانێی نێو دەوڵەتی، کە ڕۆژ بەڕۆژ زێتر دەبوو،

---

* کە باسی ئێران دەکرێ، ئەوەی پەیوەندی بە مەترسی ڕوسەکانەوە هەیە، ئـەوا ناوچـەکانی ڕۆژئـاوای ئێرانـە، کـە دەکاتـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان. چونکـە لـەوێوە مەترسیان بـۆ سـەر ڕێگـای هیندسـتان چێدەکرد.

تا ئەو رادەیەی لە ساڵی ١٨٩٠ بووە مەترسیەکی گەورە لەسەر رۆژهەڵاتی ناڤین، ئەمەش بە پتەوکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، کە ئینگلیز و فەڕەنگەکانی ناچارکرد واز لە پرەنسیپە کۆنەکەیان بهێنن دەربارەی پاراستنی یەکیەتی ئیمپڕاتۆریای عوسمانی. تەنانەت هەردوو دەوڵەت بەمەبەستی گۆشەگیرکردنی ئەڵەمانیا و پارڤەکردنی دەوڵەتی عوسمانی بەگەرمی کەوتنەکار. [٤٥:١٢٣-١٢٤]. ئەڵەمانەکان نەك بەتەنیا دەوڵەتی عوسمانی، بگرە گەرەکیان بوو ئێرانیش بکەنە کۆلۆنیایەکی گەورە، بە ئامانجی پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتە جیهانگیریەی کە نەخشەیان بۆ کێشابوو. بۆیە بەهێزبوون و مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەم لەگوێنەی بەرژەوەندی ئەوان دەیخواست، خاڵێکی بنەڕەتی و گرنگی ئەو سیاسەتە بوو. پڕۆژەی هێڵی ئاسنی (بەرلین – بەغدا)ش، لەپاڵ هەموو ئامانجە ئابووری و سیاسی و ستراتیژیەکانیان، بەتوندی پەرای ئەو ئامانجەی دەکرد. ئەنجامی رووبەڕوو بوونەوەی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتە زلهێزەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین، واتە سیاسەتی هێشتنەوەو پارڤەکردن، زۆر گەل و نەتەوە بوونە گوری، لەوانەش کورد و ئەرمەن. هەوڵدرا کورد وەکو ئامرازێك بەکاربهێنرێ بۆ بەهێزکردنەوەی بەرەی ناوەخۆی دەوڵەتیی عوسمانی، لەلایەکی تر بیکەن بە ئامرازێك بۆ پەلاماردانی ناحەزەکانیان، بە تایبەتیش روسیا و ئێران. بۆیە لە ساڵی ١٨٩٠ سوڵتان عەبدولحەمید زۆر لە بەگ و سەرۆك هۆزە ناودارەکانی بانگهێشتەی کۆشکی یەڵدزکرد، دەسەڵاتی زۆری پێ بەخشین و بەڵێنی گەورەی پێدان. بێگومان سوڵتان گەلێك مەبەستی لەمەدا هەبوو، دەیویست لەلایەك دژی بزاڤە نەتەوەییەکانی کوردیان بەکاربهێنێ، لەلایەکی تر هەموو هۆزەکانی دەخستە بن زێرەڤانیەکی توندی حکومەت. چونکە ئەوان بەر لە هەموو شتێك گەرەکیان بوو کورد لە ئاسیای ناڤیندا بتوێننەوە. [١٥٦:٤٣-٤٤]. سەرباری ئەم خاڵانە سوڵتان دەیویست کورد لەبن کاریگەری روس و ئینگلیزەکان دووربخاتەوە. چونکە ئەوانیش بەپێی خۆیان هەوڵیاندەدا سوود لە کورد وەربگرن. هەر ساڵێك بەر لە دامەزراندنی سوارەی حەمیدی، وەك لە باسەکانی تر ئاماژەی پێکرا نیکۆلای دووەم، تەزاری روس، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکە کوردەکانی بانگهێشت کرد و زۆر وادەو هەریی دڵخۆشکەری پێدان.

هەڵوێستی روسەکان بەرامبەر کورد هەڵوێستێکی دوو روو بوو، لە لایەك بانگهێشتەی کوردیان دەکرد، لە لایەکی تر دژی بزاڤی کورد دەوەستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە مانەوەی حکومەتی قاجاری بەو بێ هێزیەی تیایدا بوو، هۆکارێك بوو بۆ باڵا دەستی روسەکان لەو ناوچەیە، کە هەر لەکۆنەوە بە ناوچەیەکی نفوزی خۆیان دەزانی. بەم لەگوێنە بۆمان

دەردەکەوێ ساڵی ١٨٩٠ کە بە سەرەتایەك دادەنرێ بۆ پیلاژۆکێکی نوێ لە پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، کاریگەریەکی دیارو بەرچاوی لەسەر کورد و کوردستان هەبوو. هەر ساڵێك دوای ئەمەش ئاژاوە و پەشێوی لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا دەستی پێکرد، کە دەکاتە کوردستان. ئەم ئاژاوەیە لە سوودی عوسمانیەکاندا بوو، چونکە سادەترین ئاژاوە بۆ ئەوان بیانگەیەکی لەباربوو تا پەلاماری ئێران بدەن. بۆیە سنوورەکانی ئێرانیان بە سوپای حەمیدی تەنی، سەرۆکەکانی حەمیدیش کەوتنە پڕوپاگەندە کردن لە نێو کوردەکانی رۆژهەڵات. ئەوەی زێتر زەندەقی ئێرانیەکانی برد گەڕاندنەوەی کوڕەکانی شێخ عوبێدوللا بوو، کە لە ئەستانە دەست بەسەر بوون. بۆیە ئێران کاتێ لە مەبەستی عوسمانیەکان گەیشت، داوای یارمەتی لە روسیا کرد. [١١٩:٤٥]. عوسمانیەکان سەرباری ئەوەی دەیانویست کورد لە پێناو مەبەستەکانی خۆیان بەکاربێنن، هاوکات لەوەش دەترسان کورد بکەن بە سەرباز! یەکێك لە سەرکردە سەربازیەکانیان لە ئەرزەڕۆم لەم بارەیەوە گوتی : "کورد ئەگەر کران بە سەرباز ئارەزووی جەنگیان نوێ دەبێتەوە، دانی چەك و فێرکردنی تەکتیکی نوێی جەنگی کەم و کوڕیەکانی کورد پڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ راپەڕن" [١٧٣:١٤٢]. ئەو هەڵوێستەی عوسمانیەکان، کە بەدەست لە پشتدانی ئەڵمانەکان بوو، فەڕەنگ و روسەکانی لە یەکتر نزیك کردەوە. لە ساڵی ١٨٩١ دۆستایەتیان بەست و دوای سێ ساڵ بوو بە هاوپەیمانیەتی، لەگەڵ ئەوەی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان سیستەمی فەرمانڕەوای هەردوولایان هەبوو، فەڕەنگەکان کۆماری و روسەکان فەرمانڕەوایی رەهایان هەبوو. [٦٧:١٨١]. هەرچی ئینگلیزەکان بوون، پشی پشی یان بۆ ئەڵمانەکان دەکرد و هەوڵیاندەدا خۆیان لێ نزیك بکەنەوە، بۆ ئەوەی رکابەری بەرژەوەندیەکانی روسیان پێ بکەن لە رۆژهەڵاتی ناڤین، یاخود بە شێوەیەکی تر بیکەن بە کۆسپێك لەبەردەم نفوزی روسەکان لە ئێران و کوردستان و میسۆپۆتامیا. هەرچەندە لە سۆنگەی پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا زیانیان لێدەکەوت، کەچی هیچ رووێکی ترش و گرژیان نیشان نەدا، چونکە لەم پیلاژۆکەدا گەڤی راستەوخۆ لەسەر بەرژەوەندیەکانیان لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی لەلایەن روسەکانەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هاتنە ناوەوەی ئەڵمانەکانیشیان هەروا بە ساویلکەییەوە وەرنەگرت، بەڵکو پێنگاو بە پێنگاو زیرەڤانیان کردن، لە رێگای رێکەوتننامە نێو دەوڵەتیی و ناوچەییەکانەوە، دەیانویست پشتێنەیەك لە چواردەورەی ئەو دەڤەرانە چێ بکەن کە ئەڵمانەکان چالاکیان تیا ئەنجامدەدا. کوردستانیش چەقی بازنەی ئەو چالاکیانە بوو. هاوکات ئابلوقە دانێك بوو بۆ بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسی و ستراتیژیەکانی خۆیان، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پەترۆل و شوێنی ستراتیژی کوردستانی

دەگرتەوە. لە راستیدا ئەو پێنگاوانەی ئینگلیزەکان بە تەنیا بۆ گەمارۆدانی ئەڵەمانەکان نەبوو کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا لە ئایندەیەکی نزیکدا ببنە مەترسی و گەفێکی زل لەم ناوچەیە، بەڵکو بۆ خڕ ئەو هێزانە بوو کە گەرەکیان بوو زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەوان بگەیەنن.

پێنگاوەکانی ئینگلیز شان بە شانی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا و چالاکیەکانی تری ئەڵەمانەکان دەچووە پێشەوە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتیان بە هێزی دەریاییان بەستبوو، بۆیە هەوڵیاندەدا بە باشی جێ پێی خۆیان لە کەنداو پتەو بکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی بۆیان روون بوەوە کە ئەڵەمانەکان گەرەکیانە وایان لێ بکەن بەهەر جۆرێك بێت حسێبێکیان بۆ بکەن، ئەمەش دوا بەدوای ئەوەبوو کە ئەڵەمانەکان بڕیاریاندا کەشتیگەلیەکی جەنگی دامەزرێنن. چونکە ئەڵەمانەکان پێیان وابوو ئەگەر بیانەوێ ئینگلیزەکان حسێبێکیان بۆ بکەن پێویستە کەشتیگەلیەك دامەزرێنن لە توانایدا هەبێ بەرامبەر کەشتیگەلی بەریتانی بوەستێ. ئەو کاتە ئینگلیزەکان ناچار دەبن دانوستانیان لەگەڵدا بکەن و جێگایەکیان لەبن خۆر بۆ بکەنەوە [٢٩:١٤٣]. لەو ترسە بوو ئینگلیزەکان کاریان بۆ ئەوە دەکرد خۆیان لە کەنداو پتەو بکەن، هەرچی لە دەڤەرەکانی تر بوو هەوڵیاندەدا ئاژاوە بۆ عوسمانیەکان بنێنەوە. بەتایبەتی لە سنوورەکانی قەوقازیا، واتە سنوورەکانی باکوری کوردستان. ئارەزووشیان نەدەکرد لەو پێنگاوانەدا تەنیا بن، بۆیە تا بۆیان بلوایە روس و فەڕەنگەکانیشیان تێوە دەگلاند، بۆ وێنە لە ئایاری ١٨٩٥ هەرسێ دەوڵەت، روس و فەڕەنگ و ئینگلیز، یاداشتنامەیەکیان دا بە دەروازەی باڵای عوسمانی و داوای چەند چاکسازیەکیان کرد لە دەڤەرە ئەرمەن نشینەکان، سەرباری ئەوەی روانگەو بیرو بۆچوونی هەریەکەیان لەگەڵ ئەوانی تر ئایری بوو لە بارەی ئەم دۆزەوە. روسەکان دەیانزانی سەربەخۆ بوونی ئەرمەنەکان لە دەوڵەتیی عوسمانی، ئەرمەنەکانی خۆشی لێ راست دەکاتەوە، بۆیە بەشداری کردنیان لەم یاداشتنامەیە بەشداری کردنێکی رووکەشانە بوو، لە تەموزی هەمان ساڵدا رایانگەیاند کە ئامادەنین لە پێناو چاکسازی لەم دەڤەرانەدا چەك بەکاربێنن. فەڕەنگەکانیش لەسەر هەمان رچەی روسە هاوپەیمانەکانیان دەڕۆیشتن. [٢٦٣:٢٩٩–٣٠٠]. وەلێ ئینگلیزەکان تەنیا ئەوەیان گەرەك بوو بەشداری کردنێك هەبێت لە یاداشتنامەکەدا، کە هەرچیەکی لە پەنا حەشاردرابوایە، لە روخساردا دۆستی و هاریکاری لە نێوان ئەو هێزانەدا نیشان دەدا. ئەوەبوو لە ٢٠ تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا عوسمانیەکان روونکردنەوەیەکیان راگەیاند کە باسی چاکسازی دەکرد لە ئەرمەنستان![٢٦٣:٢٩٩–٣٠٠]. کەچی دواتر لە سۆنگەی خۆکێشانەوەی ئەو دەوڵەتانە، یاداشتنامەکە بووە بیانگەیەك بەدەست عوسمانیەکانەوە تا سیاسەتە ترسناکەکەیان لە قەڵاچۆکردنی ئەرمەنەکان پیادەبکەن. چونکە بوونی ئەرمەنەکان لەو دەڤەرەدا هەروەك چۆن

ئەگەر چاکسازیەکان ئەنجام درابوایە، دەبووە گەفێك بۆ روسەکان، بە هەمان لەگوین ئەرمەنەکانی تورکیاش مەترسیان لەسەر یەکپارچەیی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو. هۆکارێکی بەهێزیش بوون بۆ ئەوەی روسەکان لەو ڕێگایەوە دەست لەکاروباری ناوەخۆی عوسمانیەکان وەربدەن. بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەڵمانەکاندا نەبوو. کە گەرەکیان بوو دەوڵەتی عوسمانی بەهێزبێت و بەیەکپارچەیی بمێنێتەوە. هاوکات چوونی لقەکانی هێڵی ئاسنی بەغدا لە کوردستانەوە بۆ سنوورەکانی قەوقاز، کە دەڤەرەکانی ئەرمەنستانیشی دەگرتەوە، وای گەرەك بوو ئەو دەڤەرە ئارامی تیا سەقامگیر بێ، بەم جۆرە کەوتنە قەڵاچۆکردنی ئەرمەنەکان. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەست وەشاندنێك بوو لە بزاڤی نەتەوایەتی کورد، هەوڵدانێك بوو بۆ لادانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی و لادانی لە ڕێگای راستەقینەی خۆی، کە خەبات کردن بوو بۆ ئازادی و سەربەخۆ بوون. ئەوەی ڕێگای سەرکەوتنی بۆ ئەو پلانەی تورکەکان ئاسانتر کرد، داواکردنی ئەرمەنەکان بوو لە کۆنگرەی بەرلین بەو شەش ویلایەتەی کورد بە زێدی رەسەنی باب و باپیرانی خۆیان دەزانی. ئەمە کاریگەریەکی ترسناکی هەبوو، وایکرد کورد بە چاوی گومانەوە سەیری بزاڤی نەتەوەیی ئەرمەنی بکەن، ئەگەر چی چەندین ساڵ بوو لە نێو دەست و دەمی یەکتر دەژیان و زۆر لە گەڕیدەکان باسی برایەتی و تەبایی دەکردن.

هەوڵدانی کورد لەو گاڤەدا بۆ نزیك بوونەوە لە روسەکان، مەترسی گەورەی بۆ سەر ئەڵمان و ئینگلیزەکان هەبوو، بێگومان دەوڵەتی عوسمانیش لە پاڵ ئەوان. بۆیە لە ساڵی ١٨٩٨ ژمارەیەك لە بەدرخانیەکان گیران، بە گومانی ئەوەی خۆیان بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەری تەیار دەکرد، لەنێو ئەوانیش بە پلەیەکی تایبەت عەبدولڕەزاق بەدرخان بە دیارکەوت، کە هەوڵیدەدا پەیوەندی بە روسەکانەوە بکات، چونکە بە پارێزەر و دۆستی کوردیان تێدەگەیشت لە ئایندەدا. [٤٨:١٥٦]. تورکەکان بۆ ئەوەی ئەو مەترسیە بنەبڕ بکەن، دەیانویست دوژمنداریەك لە نێوان کورد و روسەکان بگوڕێنن، بە تایبەتی ئەو هۆزانەی لە دەڤەرە سنووریەکان دەژیان. بۆ ئەم مەبەستەش هانیان دەدان سنوورەکانی روسیا ببڕن و لەو دیو، واتە لەناو روسیا ئاژاوە بنێنەوە. روسەکان لە هەمان ساڵدا، ١٨٩٨، دەوڵەتی عوسمانیان لەم بارەیەوە ئاگادارکردەوە. ئەگەرچی تورکەکان هەرێ یان پێدان رادەیەك بۆ ئەم جۆرە کارانە دابنێن، وەڵێ وەك (زینوڤیف) باڵوێزی روسی لە ئەستانە نووسی : "سوڵتان داوای لە کاربەدەستانی ئەو دەڤەرانە کرد دڵی کوردەکان نەڕەنجێنن!" [١٣٦:٤٥].

وانەبێ کورد تەنیا ئامێرێك بووبن بەدەست لایەنە رکابەرەکان و وەکو تۆپێك بە مگێزی گەمەزانەکان بزوابن، بەڵکو لەپاڵ هەوڵی ئەو لایەنانە کە ئارەزوویان دەکرد چۆنیان گەرەك بێت واکاریان بۆ بکات، خەباتوان و رۆشن هزرانی کورد، رووگەی راستەقینەی بزاڤی

نەتەوەیی خۆیان گوم نەکردبوو، بۆیە دەبینین هەر لەم ساڵەدا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی ((کوردستان)) دەردەچێت، لە پاڵ ئەمەشدا سیاسەتوانانی کورد لە ئەوروپا، بەلاڤۆکیان بڵاودەکردەوە و دەیانویست لەو ڕێگایەوە نەتەوەکەیان هوشیاربکەنەوە. تیایدا باسی ئەوەیان دەکرد چۆن تورکەکان ڕەنجی ئەوان دەبەن و ستۆکەچیان دەکەن.[١٥٥:٨٣-٨٤]. دوای ئەمەش لە ساڵی ١٨٩٩ ژمارەیەکی تر لە بەدرخانیەکان گیران، بە تاوانی ئەوەی داوای بڵاوبوونەوەی خوێندەواریان دەکرد لە کوردستان ! [٢٤٥:١٠٢]. ئەوەی جێگای سەرنجە بزاڤی نەتەوەیی کورد، بە گوێرەی سەختی ململانێیەکەو گەورەیی هێز و توانای لایەنە ڕکابەرەکان، نەدەشیا ڕۆڵێکی دیار بگێڕێ. یەکەم لەبەرئەوەی کورد قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بەخۆی نەبوو، دووەم باری ڕۆشنبیری کورد لە ئاستێکی نزمدا بوو، سەرباری ئەوەی ژمارەی ئەوانەی ڕۆشنبیر بوون و خۆیان بە سیاسەتەوە خەریك کردبوو، لە چاو ژمارەی نەتەوەی کورد زۆر کەم بوون. بۆیە لەگەڵ پێلەکانی ململانێیەکە دەلەرینەوە و گەمەیان دەکرد.

ئەو گۆڕانانەی لەسەر تەرازووی هێزە نێو دەوڵەتیەکاندا ڕوویدەدا، وایدەکرد هاوپەیمانیەتیەکان تا سەر نەبن و لە ئاستێکدا سەقامگیر نەبن، بۆ وێنە ڕوسەکان هەرچەندە بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ناکۆك بوو، ولە ململانێیەکی سەخت دابوون. کەچی فراوان خوازیەکەی ئەڵەمانیا و هەڵزنانیان بەرەو ڕۆژهەڵات بێزاری کردبوون. دەیانزانی هۆکارێکە و دەڤەرەکە بەرەو بارێکی ترسناك دەبات. فەڕەنگەکان کەدوای شەڕی یەکیەتی خوازی ئەڵەمانەکان ١٨٧٠-١٨٧١، لە سۆنگەی سیاسەتی ئەڵەمانەکانەوە لاتەریك ببوون، دەیانویست ئەو بێزاریەی ڕوسەکان بقۆزنەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٩ جیاوکی پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدایان وەدەست هێنابوو. بۆیە هەردوو دەوڵەتی ڕوس و فەڕەنگ، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن دەستکاری هاوپەیمانەتیەکەی ساڵی ١٨٩٤ بکەن لە پێناو پاراستنی هاوسەنگی ئەوروپی. هاوکات فەڕەنگەکان هەوڵیاندا لە ئینگلیزەکانیش نزیك ببنەوە. [٩٨:١٢٤]. هەرچی ئینگلیزەکان بوون لەبنەوە تەونی خۆیان دەچنی، وەك لە باسەکەی تر ئاماژەی پێکرا، کاریان بۆ ئەوە دەکرد کلیلی دەریایی ئەو دەڤەرە بگرنە دەست. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٨٩٩ ڕێکەوتننامەیەکیان لەگەڵ میری کوێت، موبارەکی کوڕی سەباح گرێدا. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەبوایە میری کوێت بەبێ ڕەزامەندی پێشینەی بەریتانیەکان هیچ نماینەدەیەك، یاخود نوێنەری هیچ دەوڵەت و حکومەتێك، لەکوێت یا لەهەر

شوێنێکی تر لـه چوارچێوەی ئـەو دەڤـەرەدا پێشـوازی نەکـەن. هـەروەها هیـچ پارچەیـەك لـە زەویەکانیان نەبفرۆشن و نەبەکرێ بدەن و نەلەبارتەقای (رهن) دابنێن، یـاخود بەهـەر ئامـانجێك بێـت بـۆ وەبـەرهێنان بیـدەن بـەهیچ حکومـەتێك یـاخود هـاوولاتی هیـچ دەسـەلاتێك. [١٣١:١٤٣-١٤٤]. ئەو ڕێکەوتنە بەدڵی ڕوس و ئەڵمانەکان، تەنانەت فەرەنگەکانیش نەبوو، کە لەو گاڤەدا تارادەیەکی زۆر سیاسەتی هەندەرانی خۆیان بە سیاسەتی ڕوسەکان گرێدابوو، تـا بتوانن بەرپـەچی سیاسـەتی لاتـەریك کردنەکـەی ئەڵمانـەکان بدەنـەوە. ڕوسـەکانیش بەهـەمان چەشن هەوڵیاندەدا جێ پێیەك لە کەنارەکانی ڕۆژهەلاتی کەنداوی فارس بکەنـەوە. لـە تشرینی یەکەمی ١٨٩٩ شالیارگەی هەندەرانی عوسمانی، باڵوێزی بەریتانیای لە ئەستانە ئاگادارکردەوە، کە ڕوسەکان لەگەڵ فارسەکان ڕێکەوتوون، بۆ ئـەوەی لەنگـەر گەیـەکیان لەسـەر کـەنارەکانی ڕۆژهەلاتی کەنداوی فارس بدەنـێ. [١٢١:٦٠]. عوسمانیـەکان لـەو هەڵوێستـەی ئینگلیزەکـان بەرامبەر شێخی کوێت دڵگیربوون. چونکە هیچ بایەخێکیان بە سـەروەرێتی دەوڵـەتی عوسمـانی نەدابوو. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەڵمانەکان لەپشتەوە هانیـان دەدان! بۆیـە بـاری نێـوان هـەردوو دەوڵەت بەرەو گرژی چوو، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی خەریك بوو ڕووبەڕووبوونەوەی سـەربازی ڕوویدا. وەڵێ دواتر عوسمانیەکان ڕێگای دیپلۆماتیکییان گرتەبەر، لـە ٤ ئـابی ١٨٩٩ سـوڵتان عەبدولحەمید نامەیەکی بۆ باڵوێزی بەریتانی لە ئەستانە نووسی، تیایدا ڕێزی خـۆی نیشـاندا بـۆ بایەخی کەنداوی فارس بەگوێرەی بەرژەوەندی بەریتانیەکان، وەك ڕێگایەکی بازرگانی لەگـەڵ هیندستان. ئەوەی دەربـڕی کـە ڕێگـا نـادا جگـە لـە بەریتانیـەکان هیـچ دەوڵـەتێکی ئـەوروپی جیـاوکی بازرگـانی لـە کـەنداو دەسـت کـەوێت [١١٩:٢٠٣]. لـە ڕاسـتیدا ڕێکـەوتنی بەریتانیـەکان لەگەڵ شێخی کوێت پەیوەندیەکی پتەوی بە کوردستانەوە هەبوو! یەکـەمین ئەڵقـە بوو کە ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو لە دەوری چالاکی ئەڵمانـەکانی چـێ بکـەن، کـە زۆربـەی کوردسـتانی دەگرتـەوە. ڕاستە کـەنداوی فـارس ڕێگـای بازرگـانی ئینگلیزەکـانی دەخسـتە مەترسیەوە، وەڵێ ئەو پێداگرتنەی بەریتانیەکان بە درێژایی مێژووی نوێ، لەسەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، دەربارەی بایـەخی هیندسـتان بـە گوێـرەی بەرژەوەندیـەکانی ئـەوان، زێدەڕۆیی و زلکردنێکی تیایە. وەك پەردە دادانێك بووە بەرووی نیازە ڕاستەقینەکانی ئینگلـیز لە ڕۆژهەلاتی ناڤین بەگشتی کوردستان بە تایبەتی. واتە ئەگەر ئینگلیزەکان لەرووی دەریاییـەوە چـوار دەوری بازنـە گەورەکـەی ڕۆژهـەلاتی ناڤینیـان کۆنـترۆل کردبـێ، ئـەوا لـە ڕێگـای کوردستانەوە دەشیان چـەقی بازنەکـەش لـەرووی ووشکانیەوە کۆنترۆل بکـەن. بـەم لەگوێنـە بایەخی کوردستان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لە ڕۆژهەلاتی ناڤین هەرگیز لە بایـەخی

هیندستان کەمتر نەبوو ! هەر لەو سۆنگەیەش بوو لە ساڵی ١٨٩٩ ماوەیەك ململانێ لەسەر دەروازەی دەریایی کوردستان بوو لە باشور، چ لە رۆژئاوا کە دەیکردە کوێت، چ لە رۆژهەڵاتەوە کە دەیکردە کوردستان، لە ناوچەی لوڕەکان، کە بەشێکی گەورە و گرنگی کوردستانن*. ئەڵمان و روس و ئینگلیزەکان بەهەموو توانایەك هەوڵیاندەدا جێ پێی خۆیان لەو دەڤەرەدا بکەنەوە و پتەوی بکەن. تورکەکان بە پاڵپشتی ئەڵمانەکان لەسەر ئەم دەڤەرەدا لە کێشمەکێشم و ململانێ دابوون، بۆیە دەیانویست سنوورەکانی باکوریان لەگەڵ روسەکان هێوربکەنەوە. بەو نیازەش کەوتنە هەوڵی خۆ نزیك کردنەوە لێیان، روسەکانیش ئەمەیان بەدڵ نەبوو، چونکە لە لایەك دەیانویست بەرژەوەندیەکانیان لە باشور وەدەست بێنن، لە لایەکی تر وابکەن جیاوکی هێڵەکانێ ئاسنی نزیك قەوقاز کە دەیکرد کوردستان لەبن دەستی ئەڵمانەکان دووربکەنەوەو بۆ خۆیان بێت، یاخود ئەگەر هەرنەبێ رێگا لە هەڵزنانی ئەڵمانەکان بگرن بەرەو ئەو دەڤەرە. بۆیە لێژنەیەکیان لە هەردوو دەوڵەت، واتە عوسمانی و روس پێکهێنا، بەو مەبەستەی هەراو شەڕ و ئاژاوەکانی سەر سنوور نەهێڵن، هەرچەندە ئەو لێژنەیە ئەنجامی نەبوو، وەڵێ لەسەر ئەوە رێکەوتن ژمارەی هێزەکانیان لەسەر سنوور کەم بکەنەوە. [٤٥:١٣٧]. لەو گاڤەدا تورکەکان گەرەکیان بوو لەگەڵ ئێرانیەکانیش سنوورەکانیان ئارام بێت. چونکە ئەنجامدانی پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا پێویستی بە ئارامی و سەقامگیری بارەکە هەبوو.

ئینگلیزەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پلانانە نەدەشیان دەستەوەستان دانیشن، بۆیە ئەوانیش هەوڵیاندا سود لە کورد وەربگرن، عوسمان پاشای بەدرخانیش بۆ مەبەستەکانی ئەوان

---

* لەبەرئەوەی ئەو دەڤەرە دەروازەیەکی دەریایی گرنگی کوردستانە، دوژمنانی کورد هەمیشە هەوڵیانداوە لوڕەکان کە لقێکی گەورەی کوردن، لە کورد دابڕن و بەکوردی نەژمێرن، مەبەستیشیان نەهێشتنی ئەو دەروازە دەریاییە بووە کە بایەخێکی ژیاری و ستراتیژی بۆ کوردستان هەیە. شایانی باسە لوڕەکان دانیشتووی باشوری رۆژهەڵاتی کوردستانن، لوڕستان "بریتییە لەو هەرێمە چیاییەی لە کەوانەی چیای زاگرۆسەوە خۆی دەنوێنێ، سەرەتا لە چیاکانی کرماشان لە باکورەوە هەتا گۆشەی باکوری رۆژهەڵاتی کەنداوی فارس درێژدەبێتەوە. لوڕەکان پێنج هۆزی گەورە پێکدەهێنن، لەوانە بەختیاریەکان. کرزن سنووری ئەو هەرێمەی بەو چەشنە کێشاوە. لوڕستان ئەو پشتێنە چیاییە ناوخۆییە دەگرێتەوە کەلە دەشتی دەم دیجلەو چیاکانی سنووری عێراق و ئێران لە رۆژئاواوە، لە رۆژهەڵاتیشەوە دەگاتە سنووری ئەسفەهان و فارس. لە باکوریشەوە لە ویلایەتی کرماشان و هەمەدانەوە تا دەشتەکانی خوزستان لە باشور درێژدەبێتەوە. روبەری ئەو هەرێمە خۆی لە ١١,٠٠٠کم٢ دەدا" [٦٩:٩٠].

کەسێکی لەباربوو. عوسمان پاشا لە ساڵی ١٩٠٠ لە سلانیك چووە لەندەن، لەوێ ڕۆژنامەی ماتین Matin چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازکرد، عوسمان پاشا لە چاوپێکەوتنەکەدا ڕایگەیاند کەوا چەند ساڵێکە بەبێ ووچان کۆشش دەکات بۆ ئەوەی کورد و ئەرمەن لە یەکتر نزیك بکاتەوە. تا بەرەنگاری جەور و ستەمی سوڵتان و پیاوانی ببنەوە، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کەوا کورد و ئەرمەن بەنهێنی چەکدارکراون و چاوەڕێی فەرمانی ئەو دەکەن. هێرشێکیان لەبەردەستدایە هێندە بەترس و کاریگەرە مێژووی عوسمانیەکان بەخۆیەوەی نەدیوە [١٤١:١٥٥]. بێگومان بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە چاوپێکەوتنانە چاوسوورکردنەوەیەك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، هەردوای ئەو گەف کردنەش، لە ئابی ١٩٠١ کەشتیگەلیە جەنگیەکانی بەریتانیا گەیشتنە کوێت، ڕایانگەیاند هەرچەندە بەریتانیا پاراستنی خۆی لەسەر کوێت ڕاناگەیەنێ، وەڵێ بەهەموو شێوەیەك بەرگری لە کوێت دەکات دژی هەر دەستدرێژیەك، ئەگەر بگاتە ڕادەی چەك بەکارهێنانیش. [٢١٠:١١٩].

تا ئەو دەمانەش ئینگلیزەکان مەبەستی سەرەکیان ئەوەبوو مەترسی ڕوسەکان لە ڕۆژهەلاتی ناڤین نەهێلن، یاخود کەمی بکەنەوە، هاوکات ڕێگای ئەوەیان لێبگرن لە ئەڵمانەکان نزیك ببنەوە. کاودانەکەش لەبەرژەوەندی ئەواندابوو. چونکە دوای ئەوەی شەڕەکانیان لە باشوری ئەفەریکا دیماهی هات، هەڵوێست لەبەرژەوەندی ئەواندا شکایەوە. هەر بەهەمان مەبەست، لە ٣٠ کانونی دووەمی ١٩٠٢ ئینگلیزەکان هاوپەیمانیەتیەکیان لەگەڵ ژاپۆنیەکان گرێدا. ئەم گۆڕانانە کاریگەری زۆریان لەسەر سیاسەتی هەندەرانی بەریتانیەکان هەبوو، چونکە لە ڕۆژهەلاتی دوور تای تەرازووەکە لە بەرژەوەندی ڕوسەکاندا نەما. [١٢١:٦٥-٦٦]. ئەو هاوپەیمانەتیە ژاپۆنی - بەریتانیە، هێندە کاریگەر بوو، تا ئەو ڕادەیەی هەندێك بەسەرەتایەکی نوێی دادەنێن بۆ دیپلۆماتیکی نێو دەوڵەتی! وەکو بەرپەچدانەوەیەکی سیاسەتە جیهانگیریەکەی ئەڵمانەکان. هەروەها سەرەتایەك بوو بۆ سیاسەتی بەخۆوەگرتنی ئەڵمانەکان. لەگەڵ ئەوەش ئەڵمانەکان وای تێ نەگەیشتن، بگرە ئیمپراتۆر و شالیارەکانی پیرۆزباییان لە یەکترکرد، بەو پێیەی شیاون لە تەڵەی ئینگلیزەکان دەربازبن و ڕوس و ئینگلیزیش بۆ هەتا هەتایە ڕقیان لەیەکتربێتەوە. [١٢٤:١٠١]. هەرچی ڕوسەکان بوون لە نیازی ئینگلیزەکان گەیشتن بۆیە هەوڵیاندا خۆیان لە ئەڵمانەکان نزیك بکەنەوە. واتە ئەو پێنگاوەیان نا کە ئینگلیزەکان زەندەقیان لێی چووبوو. لە ئایاری ١٩٠٣ شالیاری هەندەرانی بەریتانیا ڕاگەیاندنە بەناوبانگەکەی بۆ ڕوس و ئەڵمانەکان ڕاگەیاند و گوتی :

"بەریتانیای مەزن دروست بوونی هەر هێزێکی تر بە گەفێکی ترسناك دەژمێرێ بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی خۆی. بۆیە بە هەموو ئامرازێکی کە هەیەتی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات" [١٣١:٧١]. ئەوەی مەترسی بەریتانیەکانی زێتر دەکرد لەو گاڤەدا ئەڵمانەکان بە گەرمی کەوتبوونە خۆ بۆ دامەزراندنی کەشتیگەلیە جەنگیەکەیان، خاترجەم بوون کە ئەو پێنگاوە سەرئێشەیان بۆ چێ دەکات. چونکە ئەگەر ئەو پرۆژەیەی ئەڵەمان سەرکەوتنی وەدەست هێنابوایە، ئەوا تیوری باڵا دەستی بێ هاوتای هێزی دەریایی بەریتانیەکانی تێکدەشکاند [٢١٧:٣٤٩]. بۆیە لە بەریتانیا نائارامیەك سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەڵەمانیا و مەرامەکانی هەست پێدەکرا. [٣٤٤:١٠٧].

لەم پێواژۆکەدا بەریتانیەکان سەرداری کەنداو بوون بەبێ هاوشان. ئەو رێگایەش پێویستی بە پاراستن هەبوو. نەك تەنیا بۆ دەڤەرە دەریاییەکە بەڵکو بۆ هەموو ئەو دەڤەرانەی دەریای سپی و دەریای سوور و کەنداوی فارسی بەیەکتر دەبەستەوە [٢٥٣:٣٩-٤٠]. واتە کوردستان بەشێکی سەرەکی و گرنگی ئەو دەڤەرانەی پێکدەهێنا کە ئەرکی پاراستنی کەوتبووە ئەستۆی کەشتیگەلی بەریتانی.

سەرباری ئەو هەوڵانە، ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو فشار بخەنە سەر ئێرانی و عوسمانیەکان، تا لە رێگای ئەوانەوە دەست لە بەرژەوەندیەکانی روس و ئەڵەمانەکان بوەشێنن. بۆیە دەیانویست بزاڤی کوردی دژی روسەکان ئاراستە بکەن، هاوکات پەرە بە ناکۆکی نێوان کورد و ئەرمەن بدەن. بەتایبەتی دوای هاوپەیمانیەتی ژاپۆنی - بەریتانی، پروپاگەندەی توندیان دژی روسەکان دەکرد، هەواڵی شکستەکانیان بەرامبەر ژاپۆن لە ساڵی ١٩٠٤ بە فراوانی لە کوردستان بڵاودەکردەوە. [١٥٦:٥٣]. هەروەها بۆ زێتر پتەوکردنی جێ پێی خۆیان، سیخوڕ و چاوساغەکانیان لە کوردستان بە بەردەوامی لەکاردابوون. لەبن چەندین پەردەدا دەهاتن، وەك بازرگان و گەڕیدە و گەشتیار و میسینێر. ئینگلیزەکان لەم بوارەدا تەنیا نەبوون بەڵکو هێزەکانی تریش بە هەمان چەشن! بۆیە کوردستان بوو بە گۆڕەپانی چاوساغی و سیخوڕی. بێگومان ئەمەش کاریگەری خراوی لەسەر کورد و کوردستان هەبوو، زۆرجاران ئەژواری گەورەی دەنایەوە. بۆ وێنە لە ٨ مارتی ١٩٠٤ میسینێری ئەمەریکی لاباری Benjamin B. Labaree و هاوکارەکەی لە ناوچەکانی باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی هۆزە کوردەکان کوژران، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو چالاکیە فراوانەبوو کە بۆ دیانچیەتی دەیکرد. ئێران نەشیا بکوژانی دەستگیربکا، ئەمەریکاییەکان بە راوێژکردن لەگەڵ بەریتانیەکان

یاداشتنامەیەکی نارەزایی یان بۆ حکومەتی ئێران بەرزکردەوە، داوایان لێکرد دەست بەجێ کارێك بکات دژی ئەوانەی پلانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دانابوو. [٦١:٩٥]. ئەم رووداوە بە جۆرێکی وا گەورەبوو هەردوو دەوڵەت، ئێرانی و عوسمانیەکان هێزیان بەرامبەر یەکتر خڕکردەوە. شەڕکردنی ئەم دوو دەوڵەتە لەو کاتەدا لە بەرژەوەندی روسەکاندا نەبوو، چونکە نەیاندەتوانی لەیەك کاتدا لە دوو بەرەدا بجەنگن، واتە بەرەی ژاپۆن و بەرەی رۆژهەڵات، بۆیە چەند ئامۆژگاریەکیان بۆ ئێرانیەکان نارد، تیایدا سیاسەتی خۆیان روونکردەوە، وایان نیشاندا کە سیاسەتی ئەوان بە بەردەوامی ئەوەیە ئەو ئەژواریانە چارەسەربکەن، بەمەرجێك ئینگلیزەکان لووتی تێوە نەژەنن. [١٥٢:٤٥]. ئەگەر ئینگلیزەکان لە ناوەوەی کوردستان وا چالاکانە کاریان دەکرد، ئەوا لە چواردەوری کوردستانیش لە رێگای رێکەوتننامە و هاوپەیمانیەتیەوە بەردەوام بوون لە چنینی ئەو پشتێنەی کە گەرەکیان بوو لە چواردەوری بازنە گەورەکەی کوردستانی چێ بکەن. لە نیسانی ١٩٠٤ رێکەوتننامەیەکیان لەگەڵ فەرەنگەکان مۆرکرد. ئەمەش مەترسی زێدەبوونی نفوزی ئەڵمانەکانی لە دەریای سپی دوور خستەوە و هەڵوێستی بەریتانی بەهێز کرد. ئەڵمانەکان لە نیازی شاراوەی ئینگلیزەکان گەیشتن، بۆیە بانگهێشتی روسەکانیان کرد بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەتیەکیان لەگەڵ گرێ بدەن. لەمەشدا مەبەستیان ئەوەبوو هاوپەیمانیەتیەك دژی ئینگلیزەکان چێ بکەن. وەلێ فەرەنگەکان دژی ئەو هاوپەیمانەتیە وەستان. گەفیان لە روسیا کرد ئەگەر ئەو کارە ئەنجام بدا هەموو یارمەتیەکی ئابووری لێدەبڕن. روسیا دۆستایەتی فەرەنگەکانی لەکن پەسندتربوو، بۆیە داوای ئەڵمانەکانی پشتگوێ خست [٢٩٧:١٦١]. بەم چەشنە ئینگلیزەکان لە رێگای ئەو رێکەوتننامەیان لەگەڵ فەرەنگەکان توانیان دووەم دەروازەی دەریایی ئەو ناوچەیە، کە دەروازەی دەریای سپی ناڤین بوو لە رووی ئەڵمانەکان دابخەن و بۆ خۆیانی مسۆگەربکەن، ئەمەش وای لێکردن ئازادانەتر و بە بالادەستی زێتر لە ناوەوەی بازنەکە رەفتاربکەن. بۆیە لەگەڵ ئەمەریکاییەکان فشاری زێتریان خستە سەر ئێران بۆ ئەوەی بکوژانی میسینێر بنیامین لابەری بەدەستەوە بدەن. لەم کاودانەدا، لە ساڵی ١٩٠٥ ئێران ناچاربوو هێزێك بنێرێت بۆ بەدواداچوونی بکوژانی بنیامین کە رایانکردبووە باکوری کوردستان. ئەو هێزانە چوونە ناو سنووری عوسمانیەکان، ئەمە بووە ئەگەری زیاتر بەیەکاچوونی سنووری لە نێوان ئێران و عوسمانیەکان [٦٢:٩٥]. تورکەکان هێرشیان کردو چەند دەڤەرێکی تری رۆژهەلاتی کوردستانیان بن دەستکرد. کوردەکانی ئەو دەڤەرانە دژی تورکەکان جەنگان، پێ یان وابوو روسەکان ئێران دەپارێزن و ئەوانیشیان لە تورکەکان بە ئەمەکتر دەزانی، ئەو تورکانەی کە هەمیشە باجی نوێیان لەسەر زێدە دەکردن. [٨٥:١٥٦].

کورد بە شێوەیەکی گشتی دژی ڕەفتاری هۆڤیانەی تورکەکان بوون. بۆیە لە ساڵی ١٩٠٥ کاتێك ڕاپەڕینی دەرسیم ڕوویدا، لە لایەن کورد و ئەرمەنەکانەوە پشتگیری کران [٥٧:١٥٥].

ئاژاوە و پەشێویەکانی کوردستان دەستی ئەڵەمانەکانیشی تیابوو، گەرەکیان بوو لەو گاڤەدا باری نائارامی ناوەخۆی ڕوسیا بقۆزنەوە. تا جێ پێی خۆیان پەوتر بکەن، کە ئەمە ڕوس و ئینگلیزەکانی هەراسان کرد، چونکە پلان و داوەکانی ئەڵەمان بۆ خۆتێ هەڵقورتاندن لە کاروباری کوردستان و هەڵتەکاندنی پلەو پایەی ڕوس و ئینگلیز لەو شوێنە سێزاتیژیە، کاریگەریەکی زۆری لەسەر سوڵتان عەبدولحەمید هەبوو. [٦٢:١٥٦]. ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە هەرچەندە شەڕ و ئارامی لە کوردستان بەدەست کورد نەبووە، کەچی هەمیشە کورد باجەکەی داوە. ئەو ململانێیەی نێوان زلهێزەکان کەخۆی لە شەڕەکانی تورك و فارس دەنواند، کوردیان دوچاری کاودانێکی زۆر سەخت کرد. برسیەتی و قات و قڕی زۆر ناوچەی کوردستانی گرتەوە. تەنانەت لەهەندێك شوێنی کوردستان تورکەکان کچی‌کوردیان لەجیاتی باج وەردەگرت و لەبری موچە دەیاندا بە فەرمانبەرەکانیان ! [٥١:١٩٣]. لە دەڤەرێکی وەکو هەمەدانیش کۆلێرا بە لەگوینێکی واسەخت بڵاوبووەوە، شارەکەی تووشی مەترسیەکی زۆر گەورە کرد، ڕۆژانە بەسەدان خەڵك گیانیان لەدەست دەدا، دەوڵەمەندەکان بۆ خۆپاراستن لەو پەتایە شاریان جێ دەهێشت و بەرەو دەڤەرە چیاییەکان دەڕۆیشتن. لە گوندی شاڤارین Savarin، کە چوار میل لە باکوری ڕۆژهەلاتی هەمەدان بوو، بارەکە لەهەموو شوێنێك سەختتر بوو. [٨٨:١٥٩].

لە سۆنگەی سەرکەوتنی تەزاریەکان بەسەر شۆڕشی ناوەخۆی ڕوسی ١٩٠٥، ڕوسەکان لەو ململانێیەدا، هەمدیس ڕۆڵیان بەرزتر بۆوە. زێتر لە جاران بایەخیان بە کوردستان دا، گەرەکیان بوو کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، تا ڕاپەڕینێك لە باشوری کوردستان و لە دەرسیم بەرپابکەن. لەو ڕێنمایانەی کە لە ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٠٦ بۆ سەرۆکی ئەرکانی گشتی لە قەوقاز نێردراوە، هاتووە: "کە بایەخ بە سوپای حەمیدی و ژمارەیان و شوێنی کۆبونەوەیان بدرێ" [٥٣:١٥٦]. ئەگەرچی ڕوس و ئینگلیزەکان لەو کاتەدا تادەهات زێتر لەیەك نزیك دەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەش نەیاندەویست لەگەڵ ئەڵەمانەکان ڕووبەڕوو ببنەوە. وەلێ لەبەرئەوەی ئەڵەمانەکان بەگەرمی کەوتبوونە خۆ بۆ ئەوەی هێڵێکی کەشتیەوانی لە نێوان بەندەرەکانی خۆیان و کەنداوی فارس دابمەزرێنن. هەر لە ساڵی (١٩٠٧)یش بانکی ئەڵەمانی کۆمەڵێك جیاوکی پارە لێدان و هی تریان لە ئێران وەدەست هێنا، ئەمە وایکرد

ڕووبەڕووی بەرهەڵستیەکی توندی ڕوس و ئینگلیزەکان بنەوە، [٣١٧:١٦٨-١٦٩]، بەتایبەتیش ئینگلیزەکان، بۆیە لە ٥ ئایاری ١٩٠٧ ئاگاداری نامەیەکیان دا بە ئەڵمانەکان. هەروەها شالیاری هەندەران لە کۆبونەوەیەکی جڤاتی لۆردان (مجلس اللوردات) گوتی: "دامەزراندنی پایەگای دەریایی یاخود بەندەری پتەو لە کەنارەکانی کەنداوی فارس لە لایەن وولاتێکی بێگانەوە، گەفێکی توندە بۆ بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لەم کەنداوە، بۆیە ئێمە بەهەموو توانایەکمانەوە بەرەنگاری دەبینەوە" [٣١٧:١٦٨-١٦٩]. ئەم هۆکارانە ڕوس و ئینگلیزەکانی زێتر لەیەك نزیك کردەوە. لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد. لە ڕاستیدا ئەو ڕێکەوتننامەیە بە گوێرەی کوردستان بایەخێکی گەورەی هەبوو، چونکە بەر لەهەموو شتێك دیماهی بە ڕکابەرایەتی نێوان عوسمانی و ئێرانیەکان هێنا، ئەو ڕکابەرایەتیەی مانەوەی عوسمانیەکانی دابین کردبوو [٣١٣:٧٨]. سەیر لەوەدابوو کە هەرچەندە ئەو ڕێکەوتننامەیە باسی سەربەخۆیی و سەلامەتی ئێرانی دەکرد، کەچی ئێرانیەکان لە مافی بەشداریکردن و ڕاوەگرتن بێ بەش کردبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانی لە ناوچەی نفوزی هەردوو دەوڵەت کزکردبوو [٣١٤:١٧]. لەم بارەیەوە **ئارثەر** نیکسۆن کە یەکێك بوو لەوانەی بەشداری دانوستانەکانی ئەو ڕێکەوتنامەی کرد، گوتی: ئاشکرابوو سوودی پاراستنی سەربەخۆیی و سەلامەتی ئێران و ئەفغانستان لە بیانگەیك زێتر بوو، تا ئەگەر بیانگەیەکیش بوایە، ئەو بەرپرسیاریێتی یەمانی بۆ دەردەخست، کە دەمانی گەیاندە هیواکانمان. [٣٧:٢٥٣]. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئێران کرا بە سێ ناوچە، ناوچەی نفوزی ڕوسەکان لەسەرەوە، لە خواریشەوە ناوچەی نفوزی بەریتانیەکان، بەشی ناڤینیش ناوچەیەکی بێلایەن مایەوە. واتا ناوچەیەکی ئازاد بۆ بازرگانی هەردوولا. کەواتە دەتوانین ئەم پارڤە بوونە بە سەرەتایەك بۆ پارڤەکردنی نوێی کوردستان لە قەڵەم بدەین لە سەدەی بیستەمدا. ئینگلیزەکان لە ژێری و ڕوسەکانیش لە ژووری، لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان گەرەکیان بوو هەر چۆنێك بێت دڵی کوردەکان ڕابگرن. لە ناوچەی ناڤینیش لەبەرئەوەی حکومەتی ئێران هێندە بێ هێز ببوو، دەشێین ئێژین ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕۆژانەدا نیمچە ئازادیەکی بەخۆوە دەبینی.

بایەخی ئەم ڕێکەوتننامەیە لەلایەنی نێو دەوڵەتیی و هاوپەیمانیەتیەوە ئەوەبوو دوا ئەڵقەی ئەو پشتێنەیە بوو کە ئینگلیزەکان بۆ ئابلووقەدانی ئەڵمانەکان کاریان بۆ دەکرد. دەروازەی دەریای سپی لە ڕۆژئاواوە لەبن دەستی فەڕەنگە هاوپەیمانەکانیان بوو، کەنداوی فارس لەژێری لەبن کۆنترۆلی خۆیاندا بوو، دەمایەوە باڵی باکور و ڕۆژهەڵاتی ئەو بازنەیە، کە دەیکردە ئێران و سنوورەکانی ڕوسیا، ئەویشیان لە ڕێگای ئەو ڕێکەوتننامەیە دابین کرد. بەم لەگوینە دەبینین

لەگەڵ ئابڵوقەدانی ناوچەی چالاکی ئەڵمانەکان، کوردستانیش ئابڵوقەدرا،تەنیا رۆچنەیەکی کەم مایەوە لە ناوچەی بێلایەن ئەڵەمانەکان دەشیان دزەی تیابکەن و دەست لە بەرژەوەندیەکانی ئینگلیزەکان بوەشێنن لە هیندستان. ئەو ناوچە بێلایەنەش بەشێکی زۆری رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی کوردستانی دەگرتەوە. پشکی ئینگلیزەکان لەم رێکەوتننامەیە لە پشکی روسەکان کەمتر بوو. وەڵێ دەڤەرێکی پەترۆلی و ستراتیژی گرنگیان کەوتە دەست. لەگەڵ ئەوەش هەندێك پێیان وابوو ئەو رێکەوتننامەیە هیچ سوودێکی بەریتانیای تیانیە ! چونکە ناوچەی نفوزی روسەکان کرماشان و ئەسفەهان و تارانی پێتەختی ئێرانیشی گرتەوە، ئەگەر پەترۆلمان لێ دەرهاویشتایە، ئەوا زۆربەی سەرچاوەکانی تری سامان دەکەوتە دەڤەری نفوزی روسەکانەوە. [١٧٢:٧٠]. هەربۆیە نوێنەری ئەمەریکاییەکان لە تاران دەربارەی ئەو رێکەوتننامەیە نووسی : "وورچی روسی پشکی شێری بەریتانیەکانی وەرگرت" [٩٥:٧٦]. هەرچەندە پشکی ئینگلیزەکان کەم بوو، وەڵێ ئەوان دوو ئامانجی گرنگیان پێکا. لەلایەك مەترسی روسەکانیان لە کەنداو دوورخستەوە، لە لایەکی‌تر ئابڵوقەی چالاکی ئەڵەمانەکانیاندا. کەچی سەرباری ئەو رێکەوتننامەیەش بەریتانیەکان هێشتا متمانەو باوەڕیان بە روسەکان نەبوو. ئەمەش لەو راپۆرتەدا دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٩٠٨ پێشکەشی پەرلەمان کرا، کە تیایدا هاتبوو: "باشتر وایە حکومەتی خاوەن شکۆ ئەوە لە یاد نەکا ئەگەر ئەم جۆرە رێکەوتننامەیە روسەکان لە ناوەڕاست و باشوری ئێران دووربخاتەوە و نەهێڵی لەو رێگایەوە بگەنە کەنداوی فارس، ئەمە بۆ یەك چرکە روسەکان گیرۆ ناکات، بەڵکو پەلەشیان لێدەکات لە رێگای دۆڵی فورات و بەغداوە بەرەو هەمان ئامانج بڕۆن" [١٧٧:٢٥٦]. ئەو ترسەی ئینگلیزەکان تارادەیەکی زۆر ئەندێشەیی و بێ بناغە بوو، چونکە ئەگەر روسەکان ئەو رێگایەیان بگرتایە، رووبەڕووی عوسمانیەکان و بەرژەوەندی ئەڵەمانەکان دەبونەوە. ئەمەش لە بەرژەوەندی ئینگلیزەکان خۆیاندا بوو! بێگومان سیاسەتوانانی ئینگلیز دەبێ حسێبێکیان بۆ ئەم لایەنەش کردبێ!

بەم جۆرە شوێنی کوردستانمان لە پەیوەندی و هاوپەیمانەتیە نێو دەوڵەتیەکان بۆ دەردەکەوێ. مینۆرسکی ئەم بایەخەی بە شێوەیەکی زۆر وورد دەست نیشان کردووە کاتێك نووسیویە: "کورد نیشتەجێی ئەو ناوچەیەن چوار دەوری باکوری میسۆپۆتامیای داوە، هیچ گومانێکیش لە پێشوەچوونی ئابووری و بایەخی سیاسی باکوری میسۆپۆتامیادا نیە، کە بۆخۆی مەڵبەندی گەلێك دیاردەی کاریگەرە. هەرلایەك هێڵی شەمەندەفەر دروست بکات،

ئەو هێڵە هەردەبێ بەویدا تێپەڕێت. ئەوێ شوێنی پێشبڕکێی بازرگانی ئەوروپایی و شانۆی نەریتی تورك و ناوچەی بزاڤی جیابوونەوە خوازی عەرەب و لە کۆتایشدا هەرێمی بڵاوبوونەوەی ئێمەیە لە باکورەوە. هەموو هەوڵێکیش بۆ چەسپاندنی ئەو دیاردانە دەبێتە هۆی قوتبوونەوەی کێشەی کورد بەهەموو تواناوە. کورد تەنیا دیوارێك لەنێوان باکور و باشوری ناوچەکە پێکناهێنێ، ئەوان بەرەو رۆژهەڵات تاقوولایی ئێران و هەموو بانی ئەرمەنستان و تا ناوچەکانی سنووری روسیا دەکێشن. لەبەرچاو گرتنی ئەم دیاردانەو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و هێمن بۆ ئەو کوردانە بریتی‌یە لە یەکێك لەگرێ هەرەگەورەکانی دوارۆژ لە ئاسیای نزیکدا" [٤٥:١٢٦].

رێکەوتننامەی ١٩٠٧ گۆڕانێکی بەسەر سیاسەتی نێو دەوڵەتیی داهێنا. ئەڵمانەکان لەو ساڵە بەدواوە کەوتنە هەوڵی ئەوەی ئەو پشتێنەیە بشکێنن کە ئینگلیزەکان ئابڵوقەی چالاکیەکانی ئەوانیان پێدابوو، ئەو جموجۆڵەی ئەڵمانەکان دەیاننواند بۆ ئەو مەبەستە، بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئێرانەوە، روس و ئینگلیزەکانی خستبووە ترس و گومانەوە. ئەڵمانەکان گەرەکیان بوو رقی ئێرانیەکان بەرامبەر ئەو رێکەوتننامەیە بقۆزنەوە، کە خودی رێکەوتننامەکە خۆشی ئەنجامی زیدەبوونی نفوزی ئەڵمانەکان بوو. چونکە لەو ماوەیەدا دەوڵەتی عوسمانی، کە بە تەواوی کەوتبووە بن کاریگەری ئەڵمانەکانەوە، لە ساڵانی ١٩٠٥-١٩٠٧ توانیبوویان ناوچەیەکی زۆری رۆژهەلاتی کوردستان داگیربکەن. [٢٨:٨٥]. هەربۆیە وەك هرشلاغ دەڵێ: لە دوای ئەو رێکەوتننامەیە ئەستەنگ دەبێت سەیری چالاکی و بەرژەوەندی بێگانەکان بکەین لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەبێ ئەوەی باسی مێژووی فارسی هاوسێی بکەین [٧١:١٧٩].

نزیك بوونەوەی روس و ئینگلیز، سەرباری ئەوەی بووە سۆنگەی پارچەبوونی کوردستان و ئێران، زەندەقی عوسمانیەکانیشی برد. لە ٩و١٠ حوزەیرانی ١٩٠٨ کاتێك کۆنگرەی (ریڤال – Rival) لە نێوان ئەدواردی حەوتەم پاشای ئینگلیز و تەزاری روس نیکۆلای دووەم گرێدرا، تورکەکان لەوەترسان ئینگلیزەکان بەرامبەر هەندێك چاوتێبڕینەکانی روس لە رۆژهەلاتی ناڤین بەرهەڵستی نەنوێنن. [١٣٢:١٤٧]. کە ئەمەش هانی روسەکانی دەدا بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەرئەوان و ئەو ناوچانە داگیربکەن کە چاویان لێی بوو، زۆربەی ئەو ناوچانەش دەکەوتە باکوری کوردستان.

ئەڵمانەکان بۆ شکاندنی ئەو ئابلووقەیەی ئینگلیزەکان بەسەریاندا سەپاندبوون دوو ڕێگایان گرتەبەر، لەلایەك خۆیان لە ئێران نزیك کردەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆلیژێکی نوێیان لە ئێران کردەوە و مامۆستای ئەڵمانیش وانەیان تیا دەگوتەوە، بەمەش سەرکەوتنی گەورەیان وەدەست هێنا لە چوونە ناوەوەی ناوچەی نفوزی بەریتانی و ناوچەی بێلایەن. [١٥٧:١٤٥]. لەلایەکی تر هانی عوسمانیەکانیان دا بۆئەوەی پەلاماری ئێران بدەن و ئاژاوە بنێنەوە. بۆیە عوسمانیەکان سەرلەنوێ هێرشەکانیان دەست پێکردەوە. لە کانونی دووەمی ١٩٠٨ گەمارۆی مەهابادیان دا. لە شوباتی هەمان ساڵدا شارەکەیان بن دەستکرد. ئەگەرچی دوای سێ هەفتە چۆڵیان کرد. [١٩٤:٤٥]. ئەمەش وای لە روسەکان کرد وەکو کونسوڵەکەیان لە تەورێز گوتی : "بە پلەی یەکەم نفوز و دەسەڵاتیان لەسەر دانیشتووە کوردەکان بەهێزبکەن، تا بەگوێرەی ئارەزووکانی خۆیان بەکاریان بێنن" [٦٠:١٥٦].

لە تەموزی ١٩٠٨ تورکە لاوەکان کودەتاکەیان بەرپاکرد، کە ئەمە کت و مت بە دڵی ئینگلیزەکان بوو، روسەکانیش مگێزیان لێبوو، کوردیش ئەو کودەتایەیان بە رۆچنەیەك زانی کەتیایدا خۆری ئازادیان بگاتێ. بلەج شێرکۆ گوتەنی : "خەڵکی بەهەموو مانای وشەوە چاوەڕوانی ئەوەبوون لەسەر دەستی نەوەکانی مەغۆل دەوڵەتێکی دیموکرات و هاوچەرخ دامەزرێ !" [١١:٥٤]. وەڵێ هەر مانگەکانی دوای کودەتاکە دەنگی نارەزایی لەنێو کوردان بەرزبوەوە، چونکە تورکە لاوەکان لە چەوساندنەوەو جەور و ستەمی زێتر هیچی تریان بۆ کورد پێنەبوو. بە ماوەیەکی کەم ئەو رۆژنامانە داخران کە لەلایەن کوردەکانەوە دەردەچوو، هاوکات کرداری راگوێزانی کورد بۆ ئێران بەرەو زێدەبوون چوو. بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان داوای پاریزگارییان لە روس کرد. تەنانەت عەشیرەت هەبوو بەتەواوی رەگەزنامەی روسیان قبووڵ کرد [٦٩:١٥٦]. لە هەمان کاتدا لە زۆر دەڤەری کوردستان راپەرین دایسا، وەك دەڤەرەکانی دەرسیم بارزان و ناوچەی سلێمانی. بەم چەشنە باری ناوەخۆی عوسمانیەکان بەشلەژاوی مایەوە، ئیتحادیەکان بۆ ناردنە دەرەوەی ئەژواریەکانیان باری شلەژاوی ئێرانیان بەهەلزانی، کە لە سایەی شۆڕشی دەستوری دوچاری ببوو، لە ساڵی ١٩٠٩ هێزەکانیان سەرلەنوێ ئەو دەڤەرانەیان گرتەوە کە مشت و مڕیان لەسەر بوو. ئۆردووی تورکی لە دەڤەرەکانی قوتور و خوی و سەلماس و مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و برادۆست دانرا. هەرچی مەهاباد، ئەوا بە بیانگەی ئەوەی پشتێنەی زەویەکانی سنوورەکەیانە بن دەستیان کرد، لە کرماشانیش توانیان کەمێك بچنە ژوورەوە، وەڵێ لە مەریوان و هەورامان سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا [١٢٧:١٨٨]. ئەم هەڵوێستە دوژمنکاریەی عوسمانیەکان

روسەکانی نیگەران کرد، لەوە ترسان ئەو ئاژاوەیە سنوورەکانی ئەوانیش بگرێتەوە. بۆیە تورکەکانیان ئاگادارکردەوە، وەك هەموو جارێك ئەستانە هەرێی ئەوەی پێدان کە رێگا نادات هیچ کردەوەیەکی دوژمنکارانە لەسەر سنووری ئێران دژی روسیا روویدات. هەروەها سوپای تورك خۆی لە کاروباری ناوەخۆی ئێران هەڵنەقورتێنێ! [٣٠٥:٤٥]. وەك ئاماژەی پێکرا ئەڵمانەکان دەستیان لەم رووداوانەدا هەبوو، دیپلۆماتێکی ئەڵمان بەگەرمی کەوتبووە کار بۆ دابڕینی روسەکان لە ئینگلیز. کەچی لەو کاتەدا بێ هێزی روسەکان وایکردبوو نەشێن دەست بەرداری ئینگلیز و فەرەنگەکان بن. [٢٩٦:٢٣٠]. هاوکات ئەو هێرشانەی تورکەکانیان لە بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانی، لە حوزەیرانی ١٩١٠ شالیاری جەنگی روسەکان، نامەیەکی بۆ سەرۆك شالیارانی خۆیان نارد، تیایدا دەیگوت : "داگیرکردنی ناوچەکانی ئێران لە لایەن تورکیاوە و بەهێزبوونی تورکیا لەسەر حسێوی لاوازبوونی ئێران بەدڵی ئێمە نیە، ئەو هەوڵانەی تورکیاشمان بەدڵ نیە کە دەیدا بۆ کۆکردنەوەی هەموو خێڵە شەڕوانەکان لەبن دەسەڵاتی خۆیدا. چونکە لە دیماهیدا دەبێتە سۆنگەی ئەوەی کوردستانی ئێرانیش بکەوێتە بن سایەی عوسمانیەکان ... جا لەجیاتی ئەوەی هەوڵی چەسپاندنی ئاسایش بدەین لەناو خێڵە کوردەکان، باشتر وایە بۆلای خۆمانیان رابکێشین و بە سەدان سوار لە خێڵە کۆچەرەکان پێکبهێنین" [٢٩٥:٤٥]. لە لایەکی تر چەندەی روس و ئینگلیزەکان لە یەکتر نزیك دەبوونەوە، ئەڵمانەکان ئاوری نێوان عوسمانی و ئێرانیەکانیان خۆشتردەکرد. بۆیە لەو گاڤەدا تورکەکان داوایان لە روسیا کرد هێزەکانیان لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکێشنەوە، کە داگیریان کردبوو. ئەڵمانەکان لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان دەستیان لەم کارانەدا هەبوو، رایاندەگەیاند ئەوان هیچ ئامانجێکی سیاسیان لەو دەڤەرە پەشۆکاوەدا نیە، تەنیا گەرەکیانە سیاسەتی دەروازەی والا سەقامگیر بێت، بۆ ئەوەی بازرگانیەکانیان وەهەرمێن کەوێتەوە، کە لە سۆنگەی خراوی رێگاوبان و تاریفەی روسەکان زیانێکی زۆری پێگەیشتبوو. سازانوڤ وەرامی دانەوە کەوا ئەستەنگە روسیا هێزەکانی لە باکوری ئێران بکێشێتەوە، تا ئەڵمانەکان دەست لە پرۆژەی هێڵی ئاسن و گەیاندنە تەلەگرافیەکان هەڵنەگرن لە ناوچەکانی نفوزی ئەوان [١٨١:١٧٩]. هەر لەم ساڵەشدابوو روسەکان کونسوڵخانەیەکیشیان لە موسڵ کردەوە. [١٧٣:٨٩].

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٠ و سەرەتاکانی ١٩١١ ئەڵمان و روسەکان کەوتنە دانوستان بۆ ئەوەی بگەنە رێکەوتنێکی تایبەت بە پرۆژەی هێڵی ئاسنی بەغدا و رۆژهەڵاتی ناڤین. [١٣٤:٢٤١]. ئەنجامی ئەو دانوستانانە لە ١٩ ئابی ١٩١١، لە سان پترسبورگ، رێکەوتننامەی (پۆتسدامیان) مۆرکرد. بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەو رێکەوتننامەیە ئەڵمانیا بە

شێوەیەکی نێواخنی دانی بە ناوچەی نفوزی روسەکان نا، ئەو ناوچەیەی لە رێکەوتننامەی ١٩٠٧ روسی – ئینگلیزی دیارکرابوو، ئەگەرچی وەك لینچوفسکی دەڵێ: "ئەو رێکەوتننامەیە شتێکی وای بە روسەکان نەبەخشی، وەڵێ زۆر شتی تژی بایەخی دا بە ئەڵەمانەکان. بۆیە ئەو رێکەتننامەیە بە رازیکردنێکی ئەڵەمانەکان دەژمێردرێت لە لایەن روسەکانەوە، ئەمەش بووە ئەگەری دڵەڕاوکێیەك بۆ بەریتانیەکان. [٦٨:١٥٨]. کە بە ووردی زێرەڤانی هەموو پێنگاوەکانی روس و ئەڵەمانەکانیان دەکرد. لە ٦ کانونی دووەمی ١٩١١ رۆژنامەکانی لەندەن رەشنوسی رێکەوتننامەکەیان بلاوکردەوە. [٨٨:٢٤١]. لەندەن وای حسێوکرد ئەم رێکەوتننامەیە تیرێکەو ئاراستەی دڵی ئیمپراتۆریای بەریتانی کراوە لە هیندستان. [٢٨:١٠١]. ئەو رێکەوتننامەیە تورکەکانیشی تووشی نیگەرانی و سەخڵەتیەك کرد و بەرامبەر دۆستە ئەڵەمانەکنیان تێ هەڵچوون. وایان سالوخدان کردن کە هیچ گیانێکی باوەڕ پێکردن و دۆستایەتیان تیا نیە. [٨٨:٢٤١]. هاوکات تورکەکان وەك نارەزایی دەربڕینێك دەستیان کردەوە بە پەلاماردانی دەڤەرەکانی باکوری رۆژهەلاتی کوردستان، کە روسەکان بە ناوچەی نفوزی خۆیان دەزانی. لەو پەلاماردانە زۆر هۆڤیانە لەگەڵ کوردان رەفتاریان کرد. لە ساڵی ١٩١١ نوێنەرێکی روسی لەم بارەیەوە نووسی : "چەکدارەکانی تورك بە شێوەیەکی دڕندانەو بێ بەزەییانە کەوتنە گیانی کورد هەر کەسێکیان دەستکەوت لەناویان برد و فەوتاندیان" [٢٨:١٢٣]. لەگەڵ ئەوەش، روسەکان هەروەك چۆن هاوڕێیەتی ئەڵەمانەکانیان پێ خۆش بوو، گەرەکیان نەبوو لەسەر کوردەکان دڵی تورکەکان بڕەنجێنن. بۆیە کاتێك عەبدولڕەزاق بەدرخان چووە کنیان داوای یارمەتی لێکردن، وەك لە راپۆرتی کونسوڵی روس لە (وان) هاتووە، کە لە ٢ نیسانی ١٩١١ نووسیویەتی : "لە یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ عەبدولڕەزاق پێم راگەیاند من لە شوێنی خۆم بەهەموو ئارەزوویێك گوێی بۆ رادەدێرم، وەڵێ تکام لێکرد دۆستایەتی روسیا و تورکیا لە یاد نەکات" [٦١:١٥٥]. تورکەکان هەربەوە نەوەستان خۆیان کورد بەکاربێنن، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی بەرهەڵستکارە ئێرانیەکانیشیان دا ! بۆ وێنە لە بەهاری ١٩١١ سالار ئەلدەولە لە کوردستان سەری بەرزکردەوە، بە یارمەتی تورکەکان هەوڵیدەدا کوردەکان بۆخۆی رابکێشی، لەناوەڕاستی تەموز خۆی کردە فەرمانڕەوایی هەموو کوردستان، لەگەڵ محەمەد عەلی شای لێخراو کەوتە خۆ تەیارکردن بۆ هێرش بردنە سەر ئێران. وەڵێ کوردەکان زوو هوشیاربوونەوەو لایەنگیریان نەکرد، چونکە بۆیان دەرکەوت کە سەر بە تورکەکانە. [٧٦:١٥٦]. ئەو نزیك بوونەوەی ئەڵەمان و روسەکان وای لە ئینگلیزەکان کرد بەلەزی کاربکەن بۆئەوەی لە لایەك ناکۆکیان بخەنە نێوان، لە لایەکی تر خۆیان لە روسەکان نزیك بکەنەوە، باشترین رێگاش بۆئەمە ئەوەبوو شەڕ و هەراکانی کوردسان

نەهێڵن، کە مەترسیەکی زۆریان بۆ روسەکان چێکردبوو، هێورکردنەوەی ئەو ناوچانە هەردوو ئامانجی ئینگلیزەکانی دەپێکا. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو لیژنەیەیان خستەوەکار کە بە لیژنەی سنوور دەناسرا، وەك ئاشکراشە ئەو لیژنەیە هەر لە سەرەتاوە لە نوێنەری هەر چواردەوڵەت، روس و ئینگلیز و عوسمانی و ئێرانیەکان پێکدەهات. بەم جۆرە لە ۲۱ کانونی یەکەمی ۱۹۱۱ پرۆتۆکۆلی تاران مۆرکرا. کە لە پێنج بەند پێکهاتبوو. بەپێی بەندی یەکەم دەبوایە لیژنەیەك لەهەردوو دەوڵەتی ناکۆك پێکبێت و لە ئەستانە کۆببێتەوە. بە گوێرەی بەندی دووەم، دوای ئەوەی بەڵگەنامەکان دەدرانە هەردوولا، دەبوایە بە دڵسۆزیەوە هێڵی سنوور نیشان بکەن. هەرچی بە گوێرەی بەندی پێنجەم بوو، ئەگەر نەشیابوان خۆیان کێشەکە چارەسەربکەن، دەبوایە بیدەن بە دادگای نێو دەوڵەتیی لە لاهای. [۲٤۳:۱٤۹]. سەیر لەوە دایە هاوکات لەگەڵ ئەو لە یەکتر نزیك بوونەوەیە، کوردیش هەوڵیدا یەکیەتیەك بۆ خۆی بگورێنێ. لە مارتی ۱۹۱۲ ژمارەیەك لە سەرکردەکانی کورد لە ئەستانە کۆبونەوەیەکی گشتیان بۆ هەموو کۆمەڵەو، رێکخراوە سیاسیەکان و کۆمەلایەتیەکان سازکرد. هەموو لەسەر ئەوە رێکەوتن کە پێویستە یەك پارتی کوردی هەبێ و نوێنەری هەموو کورد بێت. هەر لەو کۆبونەوەیەدا ئامانجە سیاسی و بنەڕەتیەکان و چۆنیەتی کرداری یەکگرتنەوەیان دیاریکرد. [۱۹۲:۱٥٥]. بێگومان ئەمە کاریگەری و مەترسی ئەو لەیەکتر نزیك بوونەوەی ئێران و عوسمانیەکانی پێوە دیارە. لەلایەکی تر ئینگلیزەکان لە هەوڵەکانی خۆیان نەکەوتن بۆ ئاشتکردنەوەی تورك و فارسەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان. دوای ئەوەی پرۆتۆکۆلی ۱۹۱۱ نەگەیشتە ئەنجام. هەمدیس روس و ئینگلیزەکان وەك ناوبژیوان بەشداریان کردەوەو دانوستانی چوار قۆڵی دەستی پێکردەوە. لە ۱۷ تشرینی دووەمی ۱۹۱۳ گەیشتنە مۆرکردنی پرۆتۆکۆلێك لە ئەستانە. روسەکان پەیتا پەیتا داوایان لە تورکەکان کرد کە رازی بن بۆ گەڕانەوە بۆ کۆنگرەی ئەرزەڕۆمی دووەم، بۆیە تورکەکان لە ۳۱ مارتدا یاداشتنامەیەکیان نووسی بۆ نەهێشتنی ناکۆکی لەگەڵ روسەکان و نیاز پاکیان بەرامبەر ئێرانیەکان دەربڕی. [۲٤۷:۱٤۹]. لەو گاڤەدا جەنگی باڵکان کە بەپێی پەیماننامەی ئاشتی لە ۱۸ تشرینی یەکەمی ۱۹۱۲ دیماهی پێهاتبوو، ببوە ئەگەری ئەوەی عوسمانیەکان ناوچەیەکی زۆر لە ئیمپراتۆریاکەیان لە دەست بدەن. [۳۳۲:۱۲۰]. ئەمە نفوزی ئەڵمانەکانی لە ئەستانە زیتر کرد. بۆیە تورکە لاوەکان لە ساڵی ۱۹۱۳ توانیان کودەتایەك بەرپا بکەن، هەر لە ئایاری هەمان ساڵدا داوای نێردەیەکی سەربازیان لە ئەڵمانەکان کرد، بۆ ئەوەی هاریکاریان بکەن لە رێکخستنەوەی سوپای تورکی. ئەڵمانەکانیش نێردەیەکیان لە باشترین پسپۆرە جەنگیەکانیان بە سەرۆکایەتی لیمان ڤۆن ساندرس Liman Von Sandrz بۆ ناردن. [۳٤۸:۲٦۳].

ئەگەر ئەو گۆڕانانە بووە سۆنگەی پتەو بوونی نفوزی ئەڵمانەکان لە ئەستانە، ئەوا پڕۆتۆکۆلی (١٩١٣)یش نفوزی بەریتانیەکانی لە کوردستان پتەوترکرد، چونکە ئەم پڕۆتۆکۆلە وایکرد سنور لەلایەن لیژنەیەکی نێو دەوڵەتی‌یەوە بچەسپێ، ئەمە سەرباری ئەوەی کۆتایی بە ناکۆکی سنوری، واتە ناکۆکی لە سەر کوردستان هێنا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت. دیاریکردنی سنوورەکانی باشور بایەخێکی زۆری بۆ بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز هەبوو لە میسۆپۆتامیا، چونکە کێشەی سنووری ناوچە پەترۆلیەکانی چارەسەر کرد [٢٧٢:٢١٢]. لە ١٧ کانونی یەکەمی ١٩١٣، قەسری شیرین کە بەشێك بوو لە نزمایيانەی جیاوکی پەترۆلی دارسی دەیگرتەوە، لەگەڵ خانەقین کە تایبەت بوو بە کۆمپانیای پەترۆلی ئەنگلۆ-ئێرانی، درا بە عوسمانیەکان، ئەو ڕێکەوتننامەش بە ڕێکەوتننامەی زەویە گوێزراوەکان ناسرا. [٣١٤:٢٠].

هەرچی دەربارەی کوردە، لەو ئاژاوەو ململانێیەی کە لەسەر خاکی ئەو بوو، وبە کێشەی سنوور باس دەکرا، شێخ مەحمود و هەندێك لە هاوەڵەکانی لە باشوری کوردستان هەوڵیاندا دەنگیان بگەیەننە لیژنەی سنوور، وەڵێ بەگوێرەی گەورەیی دۆزەکە هەوڵەکەی ئەوان زۆر بچووك بوو. [٦٠]. لەبەر ئەوەی هیچ لایەك لەلایەنە رکابەرەکان لەگەڵ کورد راست نەبوون. لە هەمان کاتدا کورد دەزگایەکی سیاسی نەبوو کە داکۆکی لە مافەکانی بکات. بۆیە لە کۆتایی ١٩١٣، کاتێك عوسمانی و ئێرانیەکان خەریکی ڕێکەوتن بوون، روسەکان ئیتر پێویستیان بەو سەرۆکە کوردە بچووکانە نەما. بۆیە پێیان باشتر بوو دەست بەرداری ئەو جۆرە سەرۆکانە بن، کە ناو و شۆرەتیان جێگای گومان بوو. [٤٦:٥٤٠]. شایەنی ئاماژە پێکردنە خەباتی کورد لەو ماوەیەدا پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینی بوو، راپەڕین زۆربەی ناوچەکانی گرتبۆوە، وەك بەدلیس و بارزان و شێخ مەحمودیش لە دەڤەری سلێمانی خەریکی خۆ سازدان بوو. وەڵێ دایسانی جەنگی جیهانی یەکەم ئەو هەوڵانەی کپ کردەوە.

بەشی دووەم

کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم

<u>باسی یەکەم :</u> کوردستان وەک

گۆڕەپانی رووبەڕوو بوونەوە و لەیەکدانی لایەنە شەڕوانەکان.

ماوەیەك بەر لە دەستپێکی جەنگ، کوردستان ببووە مۆڵگەی چاوساغی و سیخوڕیەتی، لایەنە رکابەرەکان بەگەرمی کەوتبوونە خۆو زانیاریان دەربارەی کوردستان خڕ دەکردەوە. هەر لە ژمارەی هۆزەکان و ژمارەی ئەندامەکانیانەوە تا دەگەیشتە خوو نەریت و جۆری چەکەکانیان و شوێنی جوگرافی و جیۆپۆلەتیکی. بۆیە لەیەکەم ساتەکانی شەڕەوە کوردستان بووە گۆڕەپانی راستەقینەو چارەنووس ئامێزی بەرەکانی رۆژهەڵات. وەك لازاریف دەڵێ : "یەکەم تەقەی جەنگی جیهانی یەکەم لە رۆژهەڵاتی نزیکدا، لە رۆژهەڵاتی کوردستان – کوردستانی ئێران – دەستی پێکرد" [٥٦٢:٤٦]. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێزەکانی عوسمانی و ئەڵمانەکان لەو دەڤەرەدا بەتەنیا گەفیان لە رێگای هیندستان نەدەکرد، کە بەریتانیانیەکان بەرژەوەندیەکانی خۆیان تیادا دەدۆزیەوە، بەڵکو گەفیان لە کێڵگە پەترۆلیەکانی باشوری کوردستان و هێڵی دەریایی پاشایەتیش دەکرد [١١٤:٣٣٩]. لەو سۆنگەیەش بوو کاتێك دەوڵەتی عوسمانی چووە شەڕو لە ٥ تشرینی دووەم کرداره سەربازیەکان دەست پێکرد، رۆژنامە ئینگلیزەکان دەستیان کرد بەبڵاو کردنەوەی روونکردنەوەی وا کە تورکیا چی بەسەر دێت و چارەنووسی چی دەبێت. لە ٢٣ هەمان مانگدا رۆژنامەی دێیلی مێیل Daily mail نووسی : تورکەکان بەزەبری شمشێر چوونە خاکی ئەورووپاییەکان، بەزەبری شمشێریش لەناو دەبرێن [٥٩:١٧٨].

دەربارەی بایەخی ستراتیژی کوردستان لەم جەنگەدا، لایەنە شەڕوانەکان هەریەکەی لە روانگەی خۆیەوە سەیری دەکردو بەگوێرەی باری سەربازی و جیۆپۆلەتیکی خۆیەوە تێی دەڕوانی. روسەکان کە گەرەکیان بوو بگەنە گەرووەکان، کوردستان بۆ ئەوان، بەتایبەتی دەڤەرەکانی دەوروبەری تەڕابزۆن و ئەرزەڕۆم و وان و بەدلیس، بایەخێکی گەورەی هەبوو، هاوکات کوردستان شوێنێکی سەرەکی بوو بۆ پارێزگاری کردن لە قەوقاز [١٠:٩٨]. چونکە

یەکێك لەمەبەستە گرنگەکانی ئەڵەمانەکان بۆ ڕاکێشانی عوسمانیەکان بۆ جەنگ ئەوە بوو لەم بەرەیەدا هێزەکانی ڕوس خەریك بکات و توانای یارمەتیدانی بەرەکانی ڕۆژئاوایان لاواز بکات. هەر بۆیە لەگەڵ دایسانی جەنگ، هێزەکانی هەردوولا، تورك و ڕوس بەرەو ئەو دەڤەرە ڕۆیشتن. هێزەکانی ڕوس لە تشرینی دووەمی ١٩١٤ شیان بەرەو وان و ئەرزەڕۆم پێشڕەوی بکەن، وەلێ هێزەکانی تورك ڕایانگرتن و بەرەو سەری قامیش گەڕاندیانەوە. پاشان فەرماندەی ئۆردوی سێی عوسمانیەکان (حەسەن عیزەت پاشا) فەرمانی کشانەوەیدا بۆ ئەرزەڕۆم و لەوێ هێڵێکی بەرگری دامەزراند. بڕیاریدا بە هەموو توانایەك و هەرچەندەی تێبچێ، پەلاماری دوژمن بدات، ئەوە بوو لە ٧-١٠/٩ شەڕی ڕوباری ڕوس ڕوویداو هێزەکانی ڕوس ناچار بوون بکشێنەوە پشت "کۆپرکۆی". خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەبوو شارو ناحیەکانی ئەو دەڤەرانە کەوتنە بن کۆنتڕۆلی تورکەکان [٦٩٩:٣٣٥].

دوای سەرکەوتنەکانی تورك لە شەڕەکانی دەردەنیل، تورکەکان بەخ و لە خۆبایی ببوون. بۆیە ئەنوەر پاشا ویستی سەرکەوتنێکی گەورەتر لەبەرەی کوردستاندا، کە بەبەرەی قەوقاز ناسرابوو وەدەست بێنێت. چونکە سەرکەوتنێکی وا ڕێگای ئەودیو قەوقازو پاڤالۆژو کریم و بگرە هەتا تورکستانیشی بۆ پاك دەکردنەوە. بۆ هێنانەدی ئەم ستراتیژیەتە تورکەکان دەبوایە خۆیان لەسەر تاپای کوردستان قایم بکەن. بیکەنە گۆڕەپانی جەنگ و کوردیش تووڕی گێژاوی جەنگ بدەن. ئەوە ئاشکرا بوو کە مانەوەی پاشکۆی هێزەکانی تورکیا لەبەرەکانی شەڕدا دژی ڕوسیا لە قەوقازو هەروەها دژی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیادا لەسەر ئەو خاڵە وەستا بوو [٥٧٧:٤٦]. بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەشیان دەبوایە تورکەکان چالاکیەکانیان بەتەنیا لەباکورو باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستان نەهێڵنەوە، بەڵکو دەبوایە هێزەکانیان بە پانتایی هەموو کوردستان بەرەو پێشەوە بڕوات. بۆیە هەردوای دەستپێکی جەنگ، چەند لەشکرێکی تورك ڕژانە کوردستانەوە، لەسەرەتادا شیان بگەنە وورمێ و دەوروبەری و ئەو ڕوسانەیان دەرکرد کە لەو ناوەدا بوون، شکاکەکانیشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، گرتنی وورمێ و چەند دەڤەرێکی تر ڕێگای کارکردنی بۆ تورك و ئەڵەمانەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان خۆشترکرد [٥٨:٣٥]. دوای ئەمەش لە چەند قۆڵێکەوە دەستیان بە هێرش کرد، وەکو قۆڵەکانی خانەقین و هەورامان و ڕواندز، بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە هێزی سەربازی کە ژمارەیان ئێجگار کەم بوو، ژمارەیەکی زۆر هێزی عەشایری کوردیان لەگەڵدا بوو، هێزی سەفەریەیان پێکهێنابوو، کە لەبن

سەرکردایەتی هەندێك لە ئەفسەران و ئەندام و پەرلەمان و کەسانی تردا بوون. هێزی سەفەریەی یەکەم و دووەم لە هەورامانەوە تا تەوریز، هەر دوولای سنوور، بە تایبەتی وولآتی موکریان تالآن و ویران کرد و زۆر کەسیان کوشت.. دوو هێزی سەفەریەی تریش لە نێوان خانەقین و کرند ناوچەی لاهیجیانیان دوچاری زەرەر و زیانێکی زۆر کرد، جگە لەمانە دوو هێزی سەفەریەی تر لە ناوچەی بەدلیس و وانەوە روویان کردە ئێران و لە ناوچەکانی دیلمان چەند جولانەوەیەکی بێسوودیان ئەنجامدا [٢٤٧:٤٠] ئەمە لە کاتێکدا لێپرسراوانی عوسمانی دەچوونە مەهاباد و دێهاتەکانی موکری، رایاندەگەیاند کەوا بۆ ئەوە چوونە سوپای روس لە ئێران وە دەرنێن و داوای کۆمەك و یارمەتیشیان لە خەڵك دەکرد [٢٧٣:٣٢٦].

لە سەرەتای جەنگدا خەڵك بە نەشئەی غەزاوە گەرم ببوون، بۆیە ئەو هێرشە چڕ و سەختانەی تورکەکان دەیانکرد سەرکردایەتی گشتی روسەکانی لە بەدلیس ناچارکرد بڕیاری کشانەوەی هێزەکانیان بدەن لە کوردستان و ئازربایجان، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە رواندزەوە عومەر حەقی هێرشی بۆ کردن، ئەو هێزانە بە نیازی سووك کردنی باری هێزەکانی تورك لە قەوقاز، لە کانونی یەکەمی ١٩١٤ بەرەو مەراغە رۆیشتن. دوای گرتنی وورمێ دەرگای تەوریزیشیان بۆ کرایەوە. ئەحمەد شەمخاڵ بەسەرکردایەتی هێزی عەشایری کوردەوە لە ٨کانونی دووەمی ١٩١٥ چووە ناو تەوریزەوە [٨٠:٧٩:٩٤]، ئەو سەرکەوتنە سەرەتاییانە وایکرد تورکەکان، خۆیان بە هێزێك تێ بگەن کە دەشێ تای تەرازووی هێزەکان بگۆڕێ، هیچ شتێك لەوە زێتر نیگەرانی نەدەکردن کە پێیان بگوترێ لە سەرکەوتنەکانیان قەرزباری ئەڵمانەکانن. وەك هنری مورگنتا و باڵویزی ئەمەریکایی لە ئەستانە نووسیویەتی، ئەنوەر پاشا پێی گوتم: "راستە ئەڵمانەکان هەندێك ئەفسەریان بۆ ناردووین و بڕێك پارەیان بە قەرز پێداوین وەڵێ سەیرکە ئێمە چیمان کرد، کەشتیگەلی ئینگلیزەکانمان بە زاند کە ئەڵمانەکان نەدەشیان تێکی بشکێنن، هیچ نەتەوەیەکی تر نەدەشیا ئەو کارە ئەنجام بدا، ئێمە هێزێکی گەورەمان لە بەرەی قەوقازداناوە، بەمەش هێزێکی زۆری روسەکانمان خەریك کردووە، کە دەشیان لەبەرەی رۆژئاوا بەکاریان بێنن. ئینگلیزەکانمان ناچار کردووە هێزێکی زۆر لە میسر و میسۆپۆتامیا بهێڵیتەوە، بەم چەشنە هاوپەیمانەکانمان لە فەرەنسا لاواز کردووە! [٢٢:٢٧٤]، ئەم لووت بەرزیەی تورکەکان زۆری نەخایاند، لە شەڕی سەری قامیش دوچاری گەورەترین شکست بوون، لە نیوەی دووەمی کانونی دووەمی١٩١٥ روسەکان هێرشی پێچەوانەیان

کردەوە و کورد و تورکیان لە تەوریز کرد، لە ۳۱ کانونی دووەمدا تەوریزیان گرت و بەرەو دیلمان کەوتنەرێ، بەمەش مەترسی لەسەر باکۆ و ئازربایجان نەما. هەر لەم کاتەشدا هێزەکانی بەریتانی لە خوارووی رۆژئاوای ئێراندا، لە شوێنی سەرچاوە پەترۆلیەکان سەریان دەرهێنا و بەرەو خوزستان هەڵزنان [٥٩٩:٤٦] و رووەو کوردستان هاتن. روسەکان دوای ئەوەی یارمەتیان بۆ هات و هێزەکانیان رێکخستەوە، کەوتنەوە هێرش بردن و ناوچەیەکی زۆری رۆژهەلاتی کوردستانیان داگیرکرد. عوسمانیەکان دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوو مانگ مەهابادیان گرتبوو رۆسەکان شیان بچنە ناو شار و دەریانپەرێنن، هێزەکانی عوسمانی بەرەو بەرەی باشوری رۆژهەلات بۆ گردی (داش مەجید) و چیای (بووك و زاوا) رۆیشتن،بەم جۆرە شارکەتەوە دەست روسەکان و کەوتنە رەشەکوژی ئەو خەڵکانەی لە شاردا مابوونەوە، بە قەبلاندنی هەندێك لە ئاگادارانی ئەو کاتە ژمارەی کوژراوان لە ناو شاردا گەیشتە سێ هەزار کەس [٤٤:٣١٨] سەرکەوتنی روسەکان هەر لە رۆژهەلاتی کوردستان نەوەستا، بەڵکو هەموو باکوری کوردستانی گرتەوە، لە هێڵی هەمەدان و کرماشان و وورمێ، تا دەگاتە دەڤەرەکانی تەرابزون و ئەرزنجان و موش و وان، توانیان پێشرەوی بکەن. بەم شێوەیە خەونەکانی ئەنوەر پاشاتوایەوە، کە گەرەکی بوو سەرکەوتنێکی بەلەز لە قەوقازەوە وە دەست بێنێت. وەلێ سەرباری ئەمەش بەرای ئەلەمانەکان ئەو جولانەوەیە ئامانجی خۆی پێکا، بەوەی کە هێزێکی زۆری لە تیپە گرنگەکانی روس خەریك کرد [٩٢:١٥٨].

کوردەکان کە وولاتەکەیان ببووە گۆرەپانی جەنگ ، بە تەنیا لە دەست هێرشی روسەکان نەیاندەنالاند، کەبەوپەری هۆڤیەتیەوە رەفتاریان لەگەڵ دەکردن بگرە تورکەکانیش لەوان کەمتریان پێ نەدەکردن دوای ئەوەی بەرامبەر روسەکان خۆیان نەگرت و ناچاری پاشەکشێ بوون. رەشبگیر کەوتنە گیانی خەڵکی بێ تاوانی کوردستان و داخی شکانەکەی خۆیان بەوان هەڵرشت. عەبدولعەزیز یا موڵکی لەم بارەیەوە نووسیویەتی : "سوپای تورك کە ناچار بوو بەشکاوی ئەرزەرۆم جێ بهێڵی، هەڵیپێچایە سەر کوردەکان و بەخاو خێزانەوە رایگوێزانەوە ئەناتۆلیا". وەك لەیەکێك لە بەڵگەنامە رەسمیەکاندا هاتووە : "دەبێ خەڵکی ناوچە پردانیشتوانە کوردنشینەکان راگوێزرێن و لە وولاتی خۆیان دوور بخرێنەوەو لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بکرێن کە تورك نشینن، بەمەرجێك رێژەیان لە ٥٪ سەرجەم خەڵکانی تورکی ناوچەکان زیتر نەبێت، مناڵ و لاوان لەگەڵ خۆیان بەرن و نابێ تێکەلاوی یەکتربن.

هەموو جۆرە پەیوەندی و تێکەڵاویەکیش دەبێ بپچڕێ. جگە لە تورکیش نابێ بەهیچ زمـانێکی تـر بـاخێون. دەبێ داب و نـەریت و رەوشـتی خۆیـان بگـۆڕن، دەبـێ بەکۆمـەڵ و بەتـەواوی، بەزۆردارەکی بکرێن بەتورك !" [۲۸:۱۰۰]. هەرچـەندە لـەم پێواژۆکـەدا کـورد بەژمارەیـەکی زۆر شان بەشانی هێزەکانی تورك دەجەنگین، وەلـێ بە بیانگەی دوور خستنەوەیان لە گۆڕەپـانی شەڕ، کەوتنە راگوێزانیان. وەك لەیەکێك لە دۆسیەی راگوێزراوەکاندا هاتووە : "ژمـارەی ئـەو کوردانەی بۆ وولاتی تورك راگوێزراونەتەوە گەیشتە ۷۰۰ هەزار کورد، "جگـە لەمـە هـەندێك لەدۆسیەکان ئەوە دەردەخەن، سەرو شوێنی ئەو کوردانەی بەزۆر راگوێـزراون گومـەو دیارنیـە وەلـێ بلەج شێرکۆ گوتەنی "لای ئێمەی کورد نادیار نیـە، چونکـە بەشـێکی هـەرە زۆری ئـەو خەڵکە راگوێزراوە بەدەم سەرماو سۆڵەی رێگاوە زستان کوشتی، هەندێکی تر بەر لەوەی بگەنـە شوێنی دیاریکراوی خۆیان تورکەکان کوشتیان" [۱۱:۶۰]. جێگای سـەرنجە کـەوا سـەرباری ئەوەی ئەم هەموو کوردە بـێ تاوانـە لـەنێو بـران، کـەچی کەسـێکی مـرۆڤ دۆسـت دەربـارەی نەنووسیون. باڵویزی ئەمـەریکایی لـە ئەستانە هـنری مورگنتـاو بـەدرێژی بـاس لـە پرۆسێـسی راگوێزانی ئەرمەنەکان دەکات. بە ووردی وێنەی ئـەو کارەسـاتە گـەورەو دڵتەزێنـە دەکێشـێ، ئەگەر بهاتایە یەکێك کارەساتی راگوێزانی کوردەکانی بنووسیایە، دڵنیام ترازیـدیایەکی مـەزنی لـێ دەردەچوو. جەمال پاشا کـاتێك بـاس لـە کوشـتاری ئەرمەنـەکان دەکـات، راستەقینەیەکی درکاندووە، نووسـیویەتی : "گرێمـان ٦۰۰ هـەزار ئـەرمـەن لـەرێگادا لـە برسـان و مـاندوێتی مردوون، وەلـێ هیچ کامێك لـە ئێـوە دەزانـێ لـە ویلایەتـەکانی تـەڕابزۆن و وان و بـەدلیس و ئەرزەرۆم چەند کوردو تورك کوژران ؟ من لێرەدا بڕیار دەدەم کە ژمـارەی کـوردو تورکـەکان گەلێك لە ملوێن و نیوێك زێتر بوو" [۱٥٤:۳۲٤]. ئاشکرایە جەمال پاشا نـاوی تورکـی هـەر بۆ خوێی چێشت تێکردووە، ئەگینا ژمارەی تورك لەو دەڤەرانەدا ئێجگار کەمە. بۆیـە زۆربـەی هەرە زۆری ئەو کوژراوانە کورد بوون !

تورکەکان لەپاڵ ئەو پلانە نەگریسانەی لە دەڤەرەکانی بـن دەسـەڵاتی خۆیـان بـۆ کـورد نەخشەیان دەکێشا، لە دەڤەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتانیش دریغیـان لـە کوشـتنی کـوردان نەدەکرد. ئەگەرچی سوپای تورك لەسەر ئەستۆی کورد دەژیـا، وەك لەیـەکێك لـەو راپۆرتانـەی کە بۆ شالیارگەی ناوەخۆی ئێران بـەرز کراوەتـەوە، هـاتووە : لـە شـارێکی وەکـو "خـوی" بـە زۆری خۆراکیان لەدانیشتوان دەسـەند. لـەکاتێکدا ئـەوان لـە توانایانـدا نـەبوو بەرگـەی بـاری

سەختی ژیانی خۆیان بگرن [٢٧٤:٣٢٦]. هەرچی حکومەتی ئێران بوو، هیچی لە دەست نەدەهات و رۆڵێکی نەبوو، تەنانەت لایەنە شەڕوانەکان بایەخیان بە بێلایەنیەکەشی نەدەدا ! لەم بروسکەی سازانۆڤ لە ١١ شوباتی ١٩١٥ بەنهێنی بۆ باڵوێزی وولاتەکەی لە تارانی نووسیوە تیایدا هاتووە : "وای بۆ دەچین ئێران بداتە پاڵ ئێمەو بە ئاشکرا شەڕ دژی تورکیا رابگەیەنێ، وەلێ لە سۆنگەی بێ هێزی حکومەتی شا هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نابێ، لەلایەکی تر ئەرکی ئەوە دەخاتە ئەستۆی ئێمەو ئینگلیزەکان، کە نەك بەتەنیا یارمەتی چەك و داراییان بدەین، بەڵکو دەبێ یارمەتی سەربازیشیان بدەین، لە ناوچەیەکی واش کە بۆ ئێمە زۆر سەختە، وەکو ناوچەی کرماشان. لەهەمان کاتدا بەشداریکردنی ئێران لەجەنگ مافی ئەوەیان دەداتێ لە ئایندەدا داوای قەرەبوو بکەن. بۆیە ئێمە پێویستیمان لە بێلایەنی ئێران زیتر نیە" [٩٨:٢٣٥]. هۆی ئەم هەڵوێستەش، ئەگەرچی لەلایەك باری لاوازی حکومەتی ئێران نیشاندەدا، هاوکات ئەوە دەردەخات کە روسەکان لەسەرکەوتنی خۆیان خاترجەم بوون. دوای ئەوەی توانیان دەڤەرێکی فراوان لە باکوری کوردستان داگیر بکەن، لە مارتی ١٩١٥ دەستیان کرد بە چەسپاندنی شوێن پێی خۆیان لە وورمێ، بەم جۆرە گەفیان لەوان و موسڵ کرد. عوسمانیەکان چەند جارێك سنووریان بەزاندو پەلاماری هێزەکانی روسیاندا، وەلێ شکستیان هێناو گێڕاندرانەوە دواوە. شایەنی باسە لەو کاتەدا ئەرمەنەکانیش هاریکاری روسەکانیان دەکرد، لیوایەکی خۆ بەختکەریان بەیەکەوە نابوو بەناوی لیوای تۆڵە، لە ١٥ نیسانی ١٩١٥ ئەو هێزانە توانیان شاری وان بن دەست بکەن [١٦٤:١١٢]. هەر دوای ئەمەش لە پایزدا لەبن پاراستنی روسەکان، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیان لەوان راگەیاند، ئەمە سەرباری ئەوەی پەلاماری پاشکۆی هێزەکانی عوسمانیان دەداو گوندەکانیان ئاورتێ بەردەدا [١٣٩:١١٣]. هەرچی دەربارەی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ئەوا هەر لە ١٥ ئایاردا، هێزی سوارەی روس دوای پێکدادانێکی کەم لەگەڵ کورد توانیان شاری مەهاباد بگرن. کەسێکی ئەوتۆ لە شارا نەمابوو، کونسوڵخانەی روس لەناو شاردا کە کورد ئاوریان تێبەردا بوو هێشتا کادووی لێ بەرز دەبووەوە. رۆژی ١٨ ئایار روسەکان لەشنۆ نزیك کەوتنەوە، رۆژی ١٩ لە نزیك شنۆ وەستان [٢٦: ٢٨٨-٢٨٩]. روسەکان هەر کە گەیشتنە مەهاباد دەستیان کرد بەرەشە کوژی خەڵك، لە ٢٢ ئایار کوردەکانی شنۆیان بە جۆرێکی وا بێ بەزەییانە لەناو برد، کە ئیتر شنۆ نەیتوانی تا چەندین ساڵی تر بێتەوە سەرخۆ [٢٦: ٢٨٩-٢٩٠]. سەرباری کوشتاری

روسەکان، ئەرمەنەکانیش کە لە پێشەوەی سوپاکانیان بوون، لووت و گوێچکەی کوردانیان دەبڕی و هەتکیان دەکردن. بۆیە کوردی رۆژهەلاَت بەلێشاو، بە لووت و دەست، یا مەمك براوی، بەمناَلی ساواوە، ئاوارە بوون و خۆیان گەیاندە باشوری کوردستان. لەم لاشەوە سوپای تورکی موسڵمان رووتی کردنەوە ! [٦: ٨-٩].

هەرچی دەربارەی هەڵوێستی تورك و ئەڵمانەکان بوو، بایەخێکی زۆریان بە رۆژهەلاَتی کوردستان دەدا، چونکە لەوێوە ئاسانتر بوو دەست لە بەرژەوەندیە زیندووەکانی روس و ئینگلیز بوەشێنن. بۆیە گەرەکیان بوو ئێران پەلەکێشی ناوجەنگ بکەن. کاتێك لە هەوڵە سیاسیەکانیان لەم بوارەدا شکستیان هێنا، بڕیاریان دا بە کرداری یاخیگەریی سەربازی ئاژاوە بگوڕێنن. بۆ ئەو مەبەستە هێزێکیان بە فەرماندەی یەکێك لە ئەفسەرە دەریاییە تورکەکان بەناوی حوسێن رەئوف بەگ پێکەوەنا، کە نزیکەی فەوجێك دەبوو. هێزەکە لە سەرەتای نیسانی ١٩١٥ لە خانەقین گردبوەوە. پاشان چوونە ناو ئێران و شیان پشتگیری هەندێك لە هۆزە کوردەکان وەدەست بێنن. هەندێکی تریش دژیان وەستان [٢١:١٩٢]. لەلایەکی تریشەوە ئەڵمانەکان لە چالاَکیە سیخوڕیەکانی خۆیان بەردەوام بوون. هەرچەندە لە ئایار تا حوزەیرانی ١٩١٥ هێزی سوارەی ژەنڕال شاربانتە Sarbante، توانی دەست بەسەر مەڵبەندە سەرەکیەکانی رۆژهەلاَتی کوردستان دا بگرێت، بەو نیازەی وا لەکورد بکات دەست بەرداری بزاڤەکانیان بن دژی روسەکان، لەگەڵ ئەمەش چالاَکی تێکدەرانەی هەواڵگری (استخبارات) تورکی - ئەڵمانی لەو دەڤەرەدا دیماهی نەهات، بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکە کوردی و تورکیەکان سەر لەنوێ لە دەڤەرەکانی شنۆو مەهاباد هەوڵی پێشڕەویان دایەوە [١٥٦:٩٥]. لەهەمان کاتدا کاریان بۆ ئەوە دەکرد سوود لەو کەسانە وەربگرن کە بەدوای تەختی شاهەنشاهیەوە وێڵ بوون. (سالار ئەلدەولە) بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەیان کابرایەکی گونجاوو لەبار بوو. بۆیە لەسەرەتای ئەیلولی ١٩١٥، لە ناکاو سالار ئەلدەولە سەری هەڵدایەوە. قاوێکی وا کەوتەوە کەنیازی وایە لەگەڵ ئەوانەی دەوریان دابوو کە زۆربەیان کورد بوون، بگەڕێتەوەو تەختی ئێران وەربگرێتەوە، یەکەم پێواژۆکیشی بن دەستکردنی سنەو مەهاباد بوو. لەم کاتەشدا (شیومان) کە سیخوڕێکی بەناوبانگی ئەڵمان بوو، لەناوچەی کرماشاندا دەسەلاَتێکی زۆری هەبوو، نزیکەی دوو هەزار سوارەی کۆ کردبوەوەو دەیویست روو بکاتە ناوچەکانی ناوەوەی کوردستان [٤٦:٥٩٧]. بەم لەگوێنە نفوزی ئەڵمانەکان لە گەرمەی

جەنگدا رۆژ بەرۆژ لـەزێدە بووندا بـوو، بەتایبـەتی لەناوچـەکانی نـاڤین و باشـوری رۆژهـەڵاتی کوردستان. ئەو بزاڤە ئینگلیزو روسە هاوپەیمانەکانی نیگەران کردبوو. بۆیە هـەوڵیاندا رادەیـەك بۆ ئەم پەلهاویشـتنەی ئەڵەمانـەکان دابنێـن. ئەمـەش بەتایبـەتی دوای ئـەوە بـوو کـە ئەڵەمانـەکان ویستیان حکومەتێکی ئەلتەرناتیف بۆ حکومەتی شـا دامـەزرێنن. لـەکۆتایی ۱۹۱۵، ئینگلـیزو روسەکان بڕیاریاندا هاریکاری سەربازی بکەن لە کوردستان و میسـۆپۆتامیاو ئـێراندا. بـۆ ئـەم مەبەستە روسەکان چەند گۆڕانێکیان لە ریزی هێزەکانی خۆیان ئەنجامدا. هێزی باراتۆڤ بوو بە فەیلەقی قەوقازیٌ حەوتەم، کە لە ۱۳ هەزار پیادەو ۸ هەزار سوارو ۷۰ تۆپ پێکهاتبوو. وەڵـێ دووری ماوەی نێـوان هـەردوو فـەیلـەق لـە کـاریگـەری ئـەم هێـزەی کـەم کردبووەوە. هێزی فەیلەقی حەوتەم رووەو تـەورێـزو رواندزو موسڵ. هێـزی فەیلەقی یەکـەمیش دەبوایـە رووەو قەزوێن و کرماشان و بەغدا بـڕوا [۱۰۸:۹٤]. ئـەوە بـوو بەشـێك لـە هێزەکـانی بـاراتۆڤ لـە بەندەری ئەنزەلی کە دەکەوێتە سەر دەریای قەزوێن، بەرەو باشور کەوتە پـەلاماردان، هێزەکـانی کوردو تورکـی پەرتـەوازە کـردو بـەرەو هەمـەدان راوی نـان. لەسـەر داخـوازی ئینگلیزەکـان، ژەنـڕاڵ بـاراتۆڤ هێزەکـانی بـەرەو هێڵـی کرماشـان خانـەقین نـارد. روسـەکان داوایـان لـە ئینگلیزەکان کرد ئەوانیش بەرەو کرماشان هەڵکشێن. تا لەگەڵ هێزەکـانی ئـەوان یـەکبگرن و بەجووتە پەلاماری ئامەد Amed بدەن. وەلـێ لەبـەر ئـەوەی ئینگلیزەکـان دەترسـان روسـەکان بگەنە میسۆپۆتامیا، رازی نـەبوون ئـەم پلانـە ئـەنجام بـدرێ [٤٦:۲۰۲]. سـەرباری ئەمـەش لـە شوباتی ۱۹۱٦ روسەکان توانیان ئەرزەرۆم بگرن، دواتر بەچـەند مـانگێك، لـە هـاوینی هـەمان ساڵدا موش و بەدلیسـیان گـرت. کـە ئەمـە ئـەرکی لێدانـی هێزەکـانی تورکـی لـە رۆژهـەڵاتی کوردستان بۆ ئاسـان کـردن [۳۵:٥٦]. چونکـە ئـەرزەرۆم بنکەیـەکی سـتراتیژی و سیاسـی و ئابووری گەورەو گرنگ بوو. تەنانەت لە باکوری کوردستانیش تورکـەکانی خسـتە کـاودانێکی ناهـەموارەوە. هـەر لـەو گاڤەشـدا هێزەکـانی روسـیا لەناوچـەکانی گۆمـاوی وان و رۆخـەکانی دەریای رەشدا کەوتنە جموجۆڵ [٤٦:٦١٤]. هەرچی ئەو هێزەی لە تەورێزەوە دەهـات، توانـی وورمێ پاشان شنۆو مەهابادیش بن دەست بکات. ئەو هێزانە پڕیان دەدا ناموسی خەڵك و ژن و کچی کوردیان هەتك دەکرد. ئەوەی خۆیشی نەدا بونایە دەست بـۆ چاوترسـاندنی خـەڵکی تـر لەت لەتیان دەکرد [٤٨:۱۳]. دوا بەدوای پەلاماری روسـەکان بـە چـەند مـانگێك تورکـەکان توانیان بێنەوە کرماشان و هەمەدان، هەمدیس لایەنگرو پیاوانیان دژی هاوپەیمانـەکان کەوتنـەوە

کارو دەستیان بە پڕوپاگەندە کردن کردەوە. وەلێ ئەوە زۆری نەخایاند، چونکە لەشکری روس جارێکی تر توانی ئەو دەڤەرانە بگرێتەوە [٣٥:٦٠]. سەیر لەوەدایە هەردوو بەرەی شەڕوان تۆڵەی شکستەکانیان لە دانیشتووە کوردەکان دەکردەوە. بەپێی راپۆرتی (کاوریکا) کە یەکێك بوو لە سیاسەتوانانی روس، تورکەکان لەیەك هێرشی کت و پڕدا دوو هەزار کوردیان کوشت. ناوبراو لەم بارەیەوە نووسیویەتی : "تورکەکان سکی پیاوانیان هەڵدەدڕی و مەمکی ئافرەتانیان دەبڕی. تەنانەت بەزەییان بەکچۆڵە ساواکانیش نەدەهاتەوە". وەك عەبدولعەزیز یامولکی ئێژێ : "بەدرێژایی رێگای نێوان کرماشان و خۆرئاوای خانەقین لاشەی جووتیارە کوردەکان کە بەدەستی تورکەکان کوژرابوون، لەم لاو لەولای شەقامەکە فڕێدرابوون" [١٠٢:٢٨]. لەراستیدا ئەگەر هۆڤیەتی روسەکان نەبوایە، کورد دڵیان لە تورکەکان کرمێ ببوو هەرگیز بۆیان نەدەجەنگین. بگرە زۆر لەسەرکەوتنەکانی روسیش لە سۆنگەی چاوساغی و رۆڵی کوردە دژ بە تورکەکان بوو. بۆ وێنە کاتی روسەکان رواندزو دەورو بەریان گرت، سوودیان لە چاوساغی خەڵکی ئەو دەڤەرە بینی [٤٦:١٩٢] کە بێگومان کورد بوون !

روسەکان لە ١٣ ئایار رواندزیان گرت و وێرانیان کرد، تەنیا خانوەکانی سەرەوە نەبێت کە ئەفسەرە روسەکان تیایدا دادەنیشتن، ئەگینا ئەوەی تر خڕی خاپوور کرا، کە ئەمە کوردی دڵگران کرد. بۆیە لەهەموو لایەك، هەولێر و رانیەو کۆیە، عەشیرەتە کوردەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی سوپای روس پەیوەندیان بە تورکەکانەوە کرد، ئەو کاتە لە چیای کۆرەك بوون، کە دەڕوانێتە سەرشارۆچکەی رواندز، وەلێ دوای چەند رۆژێك لەبەر ئەوەی سوپای تورك لە توانایدا نەمابوو نانی ئەم هەموو خەڵکە بدات بێزار بوون و خەڵکێکی زۆر گەڕایەوە ماڵی خۆی [١٦٧: ٢٣٤-٢٣٥]. لە کوشتاری روسەکان بۆ سەر ناوچەی رواندز ٥ هەزار پیاو ئافرەت و زارۆکی کورد بوونە گوری. زۆربەیان فڕێدرانە خەرەندی رواندزەوە. لە ٢ هەزار خانوبەرەی ناو شار تەنیا ٢٠ ماڵ بەسەلامەتی دەرچوون [٣٥:١٤٧]. ئەمەش وەك ئاماژەی پێکرا ئەفسەرە روسەکانی تیا دادەنیشت.

لەو گاڤەدا، هێزەکانی ژەنراڵ تاوزەند لە کوت ئابڵوقە درابوون، باری هاوپەیمانان بەرەو نالەباری دەڕۆیشت. هەرچەندە لە نیسانی ١٩١٦ بەشێك لە هێزەکانی باراتۆف پەلاماری خانەقینیان دا، هەندێك لە پێشڕەوەکانی ئەو هێزە لە دیجلەش نزیك بوونەوە، کەچی

بەریتانیەکان لەگەڵ ئەم بارەی تیایدا بوون رازی نەبوون هاریکاری هێزەکانی روس بکەن [٦١٤:٤٦]. هەر لەم مانگەشدا هێزەکانی تاوزەند خۆیان بەدەستەوەدا. کە ئەمە وورەی تورك و ئەڵەمانەکانی بەرزکردەوە. بۆیە خۆیان خڕکردەوەو بڕیاریاندا سەر لەنوێ دەست بە پەلاماردان بکەنەوە. لە ئایاری ١٩١٦ ئەنوەر پاشا نماینەدەی فەرماندەی گشتی سوپای تورك و شالیاری جەنگ گەیشتە بەغدا، لەگەڵ نێردەی سەربازی ئەڵەمانی (فولۆسوف Folosov) پلانێکیان دانا، کە بەناوی هەردووکیانەوە (ئەنوەر - لۆسۆف) ناسرا. پلانەکە ئەو خاڵانەی بەخۆوە گرتبوو : ١-فەیلەقی ١٣ تورکی هێرش بەرێت و کرماشان و هەمەدان و قەزوێن بگرێت. ٢- هێزەکانی سلێمانی لەدوو لاوە بەرەو پێشەوە بچن، یا بەرەو سنە پێشڕەوی بکەن بۆ هاریکاری فەیلەقی ١٣، یاخود بەرەو سەقزو بۆکان بڕۆن بۆ هاریکاری هێزەکانی موسڵ. ٣- هێزەکانی موسڵ رواندز بگرن و بەرەو مەهابادو وورمێ و تەورێزو خوی بکشێن. ٤- لەم دەڤەرانەی کە دەیگرن، حکومەتێك دامەزرێنن (نیزامولسەڵتەنە) * کە لایەنگری تورکەکان بوو بکەن بەسەرۆکی ئەم حکومەتە [١٩٢: ١٧-١٨]. هەڵمەتەکە لەمانگی حوزەیراندا لەناوچەکانی خانەقین و قەسری شیرین و کرماشان سەرکەوتنی زۆر بەلەزی وەدەست هێنا. رۆژنامەی "الزوراء" ئەو هەڵمەتەی بە بروسکەی لەپڕەکی "البرق **الخاطف**" سالوخدان کرد. ئەم هێزانە کە چوونە هەمەدان، خەڵکەکەی لەبەر هۆڤیەتی روسەکان بەگەرمی پێشوازیان کردن و پەزیان لەبەر پێی سەربڕین ** [٩٤: ١١٤-١١٥]. هێزەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان مانەوە تا تورکەکان لە کوت شکستیان هێنا، ئەو کاتە خەلیل پاشا، فەرماندەی سوپای شەش، فەرمانی کشانەوەی ئەو هێزانەیدا [٣١:١٩٢].

هەرچی لە دەڤەرەکانی دەوروبەری موسڵ بوو، روسەکان گەیشتبوونە ئامێدی، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەکن تورکەکان هەبوو، بەرەی ئامێدی - ئاکرێ نزیکەی ٦٠٠

---

* سەرۆکی بەختیاریەکان بوو.

** تورکەکانیش بێ بەزەییانە کوردیان دەکوشت. لەو سکاڵانامەیەی کە مەجیدخان، سەرۆك عەشیرەتی باجەلان بۆ حکومەتی شای بەرز کردەوە، باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن سوپای عوسمانی گوندەکانیان تالان کردووەو حەوت کەسیان لە سێدارە داوە. هەروەها لەهەمان کاتدا ئەوەشی روونکردەوە کە چۆن هەوڵیداوە عەشیرەتەکان خڕبکاتەوە بۆ ئەوەی رێگا لەو رەفتارانەی عوسمانیەکان بگرێ، کەچی دەوڵەتی ئێران نەك هیچ کۆمەکیەکی نەکردووە، بگرە رەزامەندیشی بۆ ئەو کارە دەرنەبڕیوە [٥٩:٣٢٦].

سواری روسی لێ بوو. دوو تۆپ لەرێزانۆك و ٧٠٠ سوار لە بریسیا، کە ٢٠ کم لە ڕۆژهەلاتی ڕێزان بوو، ٧٠٠ سواریش لە سووریّ بوو، ئەو شوێنەی کە زێی گەورەو رویّ شینی تیا بەیەکدەگەیشت [٥١:١٩٢]. ئەو هێزانەش وەك هێزەکانی تری روسی لەو دەڤەرەدا هۆڤیەتی بێ وێنەیان ئەنجامدەدا، بەتایبەتی لەناوچەی بارزانیەکان. چونکە کاتێك هێزەکانی روس لە برادۆستەوە بەرەو ئەو دەڤەرە رۆیشتن، خەڵکێکی زۆر خۆیان لە چیاکان ڤەشارت، وەلێ هەندێك لە شێروانیەکان لە گوندەکانی خۆیان مانەوەو پێیان وابوو ئەو هێزانە بەپێی ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵ شێخە کۆچ کردووەکەیان (شێخ عەبدولسەلام) لە تفلیس، بۆ ئەو دەڤەرە هاتوون. بۆیە بەگەرمی چوونە پێشوازیان و ئەوانیش بە گوللە وەرامیان دانەوە [٢٣:١٤٥]. دوای ئەوە روسەکان لە باشوری ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەمدیس گەڕانەوە، لە تشرینی یەکەمی ١٩١٦ هێزەکانی باراتۆڤ شیان بێجارو سنە بن دەست بکەن. تورکەکان ناچار بوون بەبێ شەڕ بکشێنەوە، لەولاشەوە هێزەکانی ئینگلیز بە فەرماندەیی ژەنڕال مۆد بەرەو بەغدا هەڵدەزنان [٩٤:١٢١]. هەرچی لەبەرەی قەوقاز بوو، عوسمانیەکان توانیان بەرپەچی هێرشێکی روس بدەنەوە، کە کردبویانە سەر ئامەد (دیاربەکر) و هەروەها توانیان موش و بەدلیسیش بگەڕێننەوە [١٧:٨٥].

تورکەکان سەرباری شکستەکانیان لە بەرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆڵیان نەدەداو بەردەوام هێرشی پێچەوانەیان دەکردەوە، لە ٣ کانونی یەکەمی ١٩١٦ هێرشێکی تریان کردەوە سەر هەمەدان، دوای شەڕێکی سەخت لە سوڵتان داغ کە لە نزیك هەمەدانە، روسەکان سەرکەوتنێکی باشیان وەدەست هێنا، بۆیە تورك و ئەڵمانەکان ناچار بەرەو کرماشان کشانەوە. باراتۆڤ هێزەکانی لە نێوان قەزوێن و هەمەدان پارڤە کرد، پێی وابوو بەم کارەی توانیویەتی ئابلوقەی بەشێکی گرنگی ئێران بدات [٩٤: ١٠٦-١٠٧]. دوای ئەوە هێزەکانی روس دەستیان بە پەلاماردان کردەوە. لە سەرەتای ١٩١٧ توانیان خانەقین بن دەست بکەنەوە. هەمدیس لاپەڕەیەکی ترس و تۆقاندیان دەست پێکردەوە، کەس بەسەلامەتی لەو شارۆچکەیە دەرباز نەبوو، ئافرەتێك چیە لە دەستدرێژی کازاکەکان رزگاری نەبوو [١٢٩:١٩٧]. بەم چەشنە سوپای روس لە شوباتی ١٩١٧ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وورمێ و مەهابادو کرماشان، لە باشوری کوردستانیش خانەقین و پێنجوێن و رواندز، لە باکوریش ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و وان و بەدلیسیان لەبن دەستدابوو [٢٦:٢١٦]. ئەو ڕەفتارانەی روس وایکرد نەك بەتەنیا تورك و ئەڵمانە دوژمنەکانیان، بگرە ئینگلیزە هاوپەیمانەکانیشیان هەوڵبدەن سوودی لێ وەربگرن بۆ

ئەوەی نفوزی خۆیان لەو دەڤەرانەدا زیدەبکەن، کە روسەکان ئەو رەفتارانـەیان تیا ئـەنجامدەدا.
لـە سـەرەتای سـالی ١٩١٧ سـیخورەکانی ئینگلـیز چالاکانـە لـە رۆژهـەلاتی کوردستان، لـەو شوێنانەی کە لەچوارچێوەی بزاڤی هێزەکانی روسدا بوو کەوتبوونـە کـار، سـەریان لـە کـوردە بەگەکان دەداو هـەولیاندەدا بـۆ لای خۆیانیـان رابکێشـن، لەوانـە خێلـی بەدەسـەلاتی کـەلهور، یەکێك لە سیخورەکانی روس لەم بارەیەوە نووسیویەتی : "هەر ئەوەندەی شەڕ دیمـاهی بێـت و هێزەکانی روسیا لەو ناوە بکشێنەوە، ئینگلیزەکان سەرکەوتوانەو بەلەزی دەسـەلاتی خۆیـان لـە کوردسـتان بـلاو دەکەنـەوەو دەیچەسـپێنن، تـا بیکـەن بـەدیوارێك بەرامبـەر میسـۆپۆتامیا کـە داگیریان کردووە" [٤٦: ٦٥٣-٦٥٤]. لەپال ئەمەش ئینگلیزەکـان لـەباری نـاوەخۆی روسـیا دەترسان کە لەو گافەدا لەهەلچووندابوو. ئەوە بوو شـۆڕش بـەرپا بـوو، وەلـێ حکومـەتی نـوێ بڕیاریدالەشـەڕ بـەردەوام بێـت. هاوکـات سـوپای روس لـە باشـوری میسـۆپۆتامیا سـەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنیان وەدەست دەهێناو بەرەو بەغدا هەلدەزنان. لەبەر ئەوەی ژمارەی روسـەکان زۆر بـوو، ئینگلیزەکـان لـەوە دەترسـان هـەولێکی دلێرانـە بـدەن و پێشـڕەوی بکـەن، ئەگـەر سەرکەوتبوونایە، ئەو کاتە دەگەیشتنە موسل و سامەڕاو بەغدا، وەلێ بەر لەمانگی نیسـان ئـاوو هەوا رێگای نـەدەدا ئەمـە بێتـە دی. ئینگلیزەکـان بـەووردی زێـرەڤانـی ئـەو هـەوالانـەیـان دەکـرد، ژەنـڕال مـۆد لـە پـتەیوەندیەکی بـەردەوام دابـوو لەگـەل ژەنـڕال بـاراتۆڤ [١٢٨: ٣٧١]. سەرکەوتنەکانی ژەنڕال مۆد وای لە شالیارگەی جەنگی بـەریتانی کـرد لـە ٢٨ شوباتی ١٩١٧ "سیرولیەم رۆبەرتسـن"ی سەرپشـك کـرد کـەوا سیاسـەتی حکومەتەکـەی رابگەیەنێ، ئـەویش فراوانکردنـی نفوزی بەریتانیـەکان بـوو لەویلایـەتی بـەغداو وەبـەرهێنانی سەرکەوتنەکانی مۆد بوو تا ئەو پەڕی، بەمەرجێك توانای گواستنەوە لەبەرچاو بگرێ و پاراسـتنی هێزەکەشی دابین بکا، ئامۆژگاری ئەوەیان کـرد کـەوا جولانـەوەی هاوبـەش لەگـەل روسـەکان ئەنجام بدا. هەروەها پێشنیاری ئەوەشیان کرد هەموو جۆرە پێشوەچوونێك دوا بخـا، تـا دەزانـێ روسەکان چیان لەتوانادا هەیە. بە (مۆد)یشیان راگەیاند کە حـەز ناکـەن روسـەکان بـەر لـەوان بگەنە بـەغدا [١٢٨: ٣٩١]. پلانـی هاریکاریکردنەکـەی ئینگلیزەکـان لەگـەل روسـەکان بـەم چەشنە بوو، ژەنڕال مۆد هەلسێ بەشەڕ کردن لەگەل پاشماوەکانی سـوپای فەیلـەقی ١٨ لەبـەری دیجلە، هەرچی روسەکان بوون ئەوا فەیلەقی ١٣ دەربکـەن و لـە قـەوقازەوە بـەرەو موسـل بێـن [٨٣: ٢٦٣]. ئەوە بوو روسەکان هـەولیاندا زێـتر بێنـە پێشـەوە، لەناوەڕاستی نیسـانی ١٩١٧ ژەنڕال باقلوف جێگای ژەنڕال باراتۆڤی گرتەوە، هێزەکەی دەگەیشتە ٢٠ هەزار تفـەنگ و ٢٠ تۆپ. بەشی زۆری هێزەکەی لەنێوان خانەقین و قزلربات دامەزرابوو، دوای پەلاماردان لەشەوی

٨/٧ لەشوێنی مەیدان لەکەناری رۆژهەڵاتی سیروان پەڕینەوە بە ئامانجی ئـەوەی بگەنـە بـاوەنور، هەروەها هێزی دووەم لەتەنیشت گەز، لە ٩ ئایار قەڵای شێروانەیان بن دەسـتکرد. روسەکـان داوایان لە ژەنراڵ مۆد کرد هاریکاریـان بکـات و لـەدەلی عـەباس و بـەنداوی رۆخانـە "عظیم" بەگژ تورکەکان دا بچێتەوە، تا تورکەکان ناچار بن بەرەو باشـور بکشـێنەوەو روسـەکان بـەرەو کفری پێشـرەوی بکـەن. کـەچی ژەنـراڵ مـۆد هیـچ کاریگەریـەکی نـەنواند، ئەمە یارمـەتی تورکەکانی دا پەلاماری ئەو ناوچانە بدەن و بیگرنەوە. روسەکانیان لە روبـاری سـیروان ئـاودیو کردەوە [١٩٢: ٣٢-٣٣].موەلیَ دواتر سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیمپراتۆری ژەنـراڵ مـۆدی ئاگادار کردەوە کە روسەکان بەرەو موسـڵ نایـەن و بەرپرسـیاریەتی روسـەکان تـەنیا لـە هێڵـی رواندز – سلێمانی – قزڵربات دەبێت. کەچی مۆد سەرسام بـوو، کـاتێك لەشـەوی ٨/٧ ئایـار نامەیەکی لە ژەنراڵ راداتز Radatz پێگەیشت، تیایدا ئاگاداری کردەوە کەوا بارەگای سـوپای روسی بـڕیاری داوە لە رۆژئـاواوە بکشـێ بـۆ گرتنـی کفری و هێزەکـانی دەسـت دەکـات بـە پەڕینەوە لە رووباری سیروان [٢٦٤:٨٣]. هاوکات عوسمانی و ئەڵەمانـەکانیش، سـەرباری ئـەو شکستە یەك لەدوای یەکەی دوچاری هاتن، بەهەموو لەگوینێك هەوڵی وەدەرنانی روسـەکانیان دەدا، لە ئەنجامی ئەم ژێرکەوتنانە عوسمانیەکان هەستیان بـەلاوازی هێزەکانیـان کـرد لەناوچـەی سلێمانی. بۆیە لە ٢٣ حوزەیراندا دەستیان کرد بە پتەوکردنەوەی هێزەکانیان، تیپی (٤٦)یـان رەوانەی موسڵ کرد، بەشێکیش لە هێزەکانیان گەیشتە هەولێر بۆ ئەوەی رێگای کۆیـە بگـرن. فەرماندەی سوپای ١٣ فەرمانی بەهێزەکانیدا هێرش بەرن و پێنجوێن بگرن. لە هێڵـی قزڵجـە – شێخ مارین – باهی لەلای دەستە چـەپ و لەدەستەراسـتیش لەناوچـەی بێسـتان قـەڵا هێرشـیان کرد. ئـەو هـێزە سـەرکەوتنێکی بـێ وێنـەی وەدەسـت هێنـا. هاوکـات هێرشـیان کـردە سـەر پێنجوێن و گرتیانەوە. روسەکانیان ناچار کرد بـەرەو سـنە بکشـێنەوە، دوای ئـەوەی زیـانێکی زۆریان پـێ گەیاندن [٢٦٨:٨٣]. هەمدیس تورکەکان ناچار کران لە ٣٠ حوزەیران پێنجوێن چۆڵ بکەنەوە، کەچی دواتر خۆیان خـڕ کـردەوەو لـە ٣ تـەموز گرتیانـەوە [١٩٢: ٤٠]. بۆیـە روسەکان دووبارە ناچاری پاشەکشێ بوون. ئەو هەموو کشـانەوەی هێزەکـانی تـورك و روس و گەڕانەوەیان بووە سـۆنگەی وێرانکردنـی هـەموو دەڤـەرە سنووریەکان. کـە ئەمـە رێگـای بـۆ ئینگلیزەکان خۆشکرد کرداره سەربازیەکانیان ئاسانتر لەم ناوچەیە ئەنجام بدەن. ئـەوە بـوو هـەر لەو کاتەدا لەسەر داوای مستەفا پاشای باجەلان، یەکێك لە ئەفسەرە سیاسیەکانیان لـە خانـەقین دانا [١٨٨: ١٦٢]. ئەو ئەفسەرەش مێژۆر سۆن بوو، کە دواتر بووە دوژمنی سەرسـەختی شـێخ مەحمودو بزاڤی نەتەوەیی کورد.

ئەنجامی ئەو هەموو کردارە سەربازیانە، نەك بەتەنیا دەڤەرەکانی کوردستان وێران بوو، بەڵکو خەڵکەکەش قڕیان تێکەوت. لەو راپۆرتەی کە پرسی کۆکس Percy Cox لە ٧ کانونی یەکەمی ١٩١٧ بۆ شالیارگەی هەندەرانی هیندی ناردووە، زۆر بەروونی باری ئەو کاتەی باشوری کوردستان، لە دەڤەرەکانی خانەقین و دەوروبەری وەدەردەخا. تیایدا نووسیویەتی : "لەلایەن عەشیرەتەکانی جاف و باجەلان و شەرفیبانی و تاڵەبانی و پیاوانی قزلرباتەوە ئاگادار کراینەوە، هەموویان ئەوەیان رادەگەیاند رەوشت و رەفتاری روسەکان ناڕەزاییەکی زۆری ناوەتەوە، ئەوان گەرەکیانە ئەو شارۆچکەیە - خانەقین - لە خەڵك چۆڵ بکەن. بۆیە خەڵکەکە بەترسەوە رادەکەنە ئەو شوێنانەی لەبن دەستی تورکەکانە". کۆکس هەوڵدەدا ئەو بارە پەشۆکاوە لەچەند خاڵێکدا روون بکاتەوە، لەخاڵی دووەمیدا دەڵێ : "ئەم شارۆچکەیە لەمەڕو ماڵات خاڵی کراوە. هەموو کێڵگەکانی دەوروبەری خانەقین یا تێکدران، یا بێ بارتەقا بران، هەرچەندە خەڵك ناشێن خۆراك بۆ خۆیان دابین بکەن، روسەکان بەردەوام داوای خواردن دەکەن. ئەفسەرەکان ماڵ بەماڵ بەدوای خۆراکدا دەگەڕێن و خەڵك ناچار دەکەن میوانداریان بکات، تەنانەت بێوەژن و دایکی هەتیوانیش لەمە رزگاریان نەبووە" [٢٨٦: ١٠٣-١٠٥]. وەك لە راپۆرتی یەکێك لە ئەمەریکاییەکان هاتووە لەناوچەی کفری لە ٢٣١ گوند ١٠٦ گوند خاپوور کران، بەشێکیشیان بەهۆی نەمانی ئاودێریەوە چۆڵکران [٩٤:١٧١]. ئەم بارە بووە ئەگەری بڵاو بوونەوەی چەندین دەردو پەتای ترسناك، لە ئابی ١٩١٧ کۆلێرا هەموو دەڤەری هەمەدانی گرتەوە. ژمارەی مردووان تەنیا لەو شارەدا رۆژانە دەگەیشتە نزیکەی ٢٠٠ کەس. تەرمەکان کەوتبوون و نەنێژرابوون، بۆیە هەمەدان بەشاری برسیەتی ناونرابوو [٩٤:١٨٠]. سەرباری ئەم نالەباریە کاتێکیش لەلایەن روسەکانەوە پەلامار دەدران، دەبوایە بەپای پەتی و سکی برسی رابکەن و ئەو ناوە جێ بهێڵن. لەکاتی پەلاماردرانی خانەقین ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت و پیرو منداڵ لە سیروان پەڕینەوەو پەنایان بردە بەر ناوچەکانی کفری، لەلایەکی تر هۆڤیەتی سوپای روس وایکرد خەڵك بەرەنگاریان بێتەوە. زۆر شەڕ لەنێوان کوردو کازاکە خوری لەبەرەکان روویدا. تەنانەت زۆر جاران شەڕە شمشێری تاکەکەسی (مبارزە) روویدەدا [٢٥٦:٥٣].

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دواتریش کشانەوەی هێزەکانی روس لەجەنگ، ماڵوێرانیەکی گەورەی بۆ کورد تیابوو، چونکە وەك ئاشکرا بوو روس و ئینگلیز هەر

لەسەرەتای جەنگەوە بەرپرسیاریەتی رۆژهەڵاتی تورکیایان لەنێو خۆیاندا پارچە کردبوو، بەر پرسیاریەتی کوردستان و ئەرمەنستان کەوتبووە ئەستۆی روسەکانەوە. لەدوای سەرکەوتنی روسەکان بەرپرسیاریەتی هەموو دەڤەرەکە کەوتە ئەستۆی ئینگلیز.

فەرماندەی ئینگلیزەکان لە بەغدا بۆ ئەوەی رێگای خۆ چەسپاندنی تورك و ئەڵمانەکان لە قەوقاز بگرێ، تا لەوێوە هێرش نەکەنە سەر هیندستان [٣١٧: ٤٢-٤٣]. دەبوایە بەهەر شێوەیەك بێت ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە لە سۆنگەی چوونە دەرەوەی روسەکان لەجەنگ پەیدا ببوو. وەك پرسیٚ کۆکس لەو لێکۆڵینەوەیەی دەربارەی عێراق لە ٧ شوباتی ١٩٢٩ پێشکەشی کرد، گوتی : "لەسەرمان بوو بەلەزی رەفتار بکەین. هەندێك لەو بەڵگەنامانەی لەکاتی جەنگ وەدەستمان کەوتبوو، ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەڵمانەکان فەرمانیاندا بوو بە مارشاڵ ڤۆن گوڵتز، سەرکردەی سوپای شەشەمی تورك، وەك رێگا خۆشکردنێك بۆ هیند پێویستە روس و ئینگلیزەکان لەئێران وەدەرنێن" [٢٢٨: ٢٤]. لەهەمان کاتدا، ئەگەرچی روسەکان لەجەنگ دەرچوو بوون، وەلێ هێزەکانیان هێشتا لەو دەڤەرەدا مابوو. رێگای خانەقین و دەریای قەزوێن لەبەردەستی ئەواندا بوو، هەرچەندە بەگوێرەی ئاگر بەستی نێوان ئەڵمان و روسەکان، دەبوایە روس و تورك لەو ناوچەیەدا بکشێنەوە، وەلێ پێ نەدەچوو ئەڵمانەکان بەوە رازی بن، لەو کاتەشدا ١١ هەزار ئەڵمان لە تورکستانی روس دەست بەسەر بوون، نیوەی ئەو ژمارەیەش بەنهێنی هەبوون، وا دەبینرا کە رێکخستنیان ئاسان بێت بۆ ئەوەی پەلاماری ئەفغانستان بدەن، کە خەڵکەکە تەنیا پێویستیان بە هاندانێکی کەم بوو بۆ ئەوەی دژی هیندستان بەکاری دوژمنکارانە هەڵسن [١٢٩: ١٨٤]. لە ئەنجامی ئەو مەترسیانەو ئەو گۆڕانانەی هاتە ئارا، بەریتانیا ناچار بوو دوو هێز بنێرێتە ئێران و کوردستان، یەکیان لە بەغداوە بەرەو باکۆ بە فەرماندەیی دەنستەرڤیل، هێزەکەی تریش بە فەرماندەیی ژەنڕاڵ میلسن، ئامانجی ئەو سوپایەش پتەو کردنی ئەو پشتێنەیە بوو کە لە رۆژهەڵاتی ئێران درا بوو. ئەرکی دەنستەرڤیل سەرباری ئەمە ئەوە بوو کەوا رێگا نەدا پەترۆلی باکۆ بکەوێتە بن دەستی تورك و ئەڵمانەکان، هەرچی سوپای میلسن بوو، ئەرکی بەرپرسیاریەتی دابینکردنی گواستنەوە بوو لە دەریای قەزوێن [١٧٢: ١٠٣]. هەڵمەتەکەی دەنستەرڤیل بەلەزی بەڕێکرا. بەرایێ بڕیار وابوو نێردەکە لە ١٥٠ ئەفسەرو ٣٠٠ ئەفسەری پۆل پێکبێت. وەلێ دەنستەرڤیل لە ١٠ کانونی دووەمی ١٩١٨ هەڵمەتەکەی دەست پێکرد بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی گرد بوونەوەی هێزەکانی

بکات. ١٢ ئەفسەرو ژمارەیەك لە ئەفسەری پۆل و هەزار کەسی لەتەك خۆیدا برد، لەگەڵ بڕێکی زۆر لەپارەی زیوی ئێرانی و لیرەی زێڕی ئینگلیزی. نێردەکە بەرێگای بەغدا – کرماشان گەیشتە هەمەدان، دواتریش قەزوێن، بەسواری ٤١ لۆری بارهەڵگر، ئەم کارەشیان بۆ بەلشەفیکەکان بەوە پاساودان کرد، کەوا باری قەوقاز دەرگای بۆ تورك و ئەڵەمانەکان والاّ هێشتۆتەوە. وەلێ بەلشەفیکەکان رێگایان نەدا زیاتر برۆن و ناچار لە ٢٥ شوبات گەڕانەوە هەمەدان [٩٤: ١٤٩–١٥٠]. بەریتانیەکان لەپێناو ئەو هەڵمەتەدا بایەخێکی زۆریان بەرێگاو بانەکاندا، بۆیە کاتێك سەندرسن پاشا، پزیشکی تایبەتی فەیسەڵ، لەگەڵ شا فەیسەڵ چووە ئێران، باسی ئەو رێگاو بانانە دەکا کە تەنیا دەستێکیان پیا هێنرابوەوە [١٨٣: ١٧٢].

سەرباری ئەو هەڵمەتە ئینگلیزو فەڕەنگەکان هەوڵیاندا هێزێك لە ئاسوری و ئەرمەنیەکانی ناوچەی وورمێ بەیەکەوە بنێن بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی هاتبووە ئارا. بۆ ئەوەی ئەو هێزەشیان دڕتر بکەن، دەبوایە ئاوری رق و کینە لەنێوان نەتەوەکانی ئەو دەڤەرە خۆشتر بکەن ! لەم رووەوە شالیاری ئەمەریکی لە تاران (کالدوین) حکومەتەکەی ئاگادار کردەوە کەوا هێزێك لە ئەرمەنی و ئاسوریەکان بە فەرماندەیی ئەفسەری بەریتانی و فەڕەنگسی پێکهاتووە، ژمارەیان لەنێوان ٥–٧ هەزار کەسدایە [٩٤: ١٢١–١٢٢]. تەنانەت هەندێك پێیان وایە ئەمەریکایی و هاوپەیمانەکانیش یارمەتی دامەزراندنی هێزی ئەرمەنی و ئاسوریەکانیان داوە. بۆیە لە ١٩ کانونی دووەمی ١٩١٨ ئێران نارەزایی نامەیەکی دا بە کۆمیساری وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. دژی پێشێل کردنی سەروەرێتی خاکی ئێران، لە سۆنگەی بوونی ئەو هێزانەی کە ئەفسەری بەریتانی و فەڕەنگسی لەوورمێ رێکیان خستبوو، هاوپەیمانان و وولاتە یەکگرتووەکانیش یارمەتیان دەدان. شالیاری ئەمەریکی بەلەزی وەرامی دایەوە کە ئەوان هیچ زانیاریەکیان لەم بارەیەوە نیە، دوژمنەکانیان گەرەکیانە ئاوری دوژمنداریان بۆ دایسێنن [٩٥:١١٧].

وەك بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو هەولانە، لە شوباتی ١٩١٨ تورکەکان هێرشیان بردو توانیان خۆیان بگەیەننە دەڤەرەکانی خوارووی دەریاچەی وورمێ و لە باکوریشدا بەرەو پێشەوە چوون بۆ ئەرزەرۆم و ئەلکسەندەر پۆل، دواتر ئەرزنجان و تەرابزۆن و زۆر مەڵبەندی گرنگی تریان بن دەستکرد [٢٥٥: ٢٠–٢١]. ئەم بارە دژوارەی لە رۆژهەلاّتی کوردستان هاتە ئارا، وەك ئەنجامێکی ئەو ململانێیە سەختە، ئاوری ناکۆکی نەتەوەیی و ئاینی لەنێو

دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دایساند. بەرایێ شەڕ لەنێوان ئاسوری و عەجەمەکان دایسا، دواتریش کەوتە نێوان کوردو ئاسوریەکانیش. رۆژی شەممە ١٧ مارت مارشیمون کوژرا، دوو رۆژ دواتر ئەو هەواڵە گەیشتە وورمێ، رۆژی ٢١ بەتوندی کلپەی سەند، هەر لەو رۆژەدا چەکدارە کوردەکانی لای دیانەکان چەك کران و کوژران. نووسەرەکان ژمارەی کوژراوەکانی وورمێ بە ١٠-١٥ هەزار کەس دادەنێن، پاشان ئاسوریەکان پەلاماری "چاریق"یان دا، دوای شەڕێکی سەخت دایکی سمکۆو کچێکی جەعفەر ئاغای برای کوژران [٢٦: ٣١٠-٣١١]. بەم چەشنە کوردستان کرا بە مەڵبەندی ململانێی ئایینی و شەڕی نێوان کوردو ئاسوری، کە بێگومان ئەمە رەنگدانەوەیەکی ئاشکرای ململانێیە نێو دەوڵەتیەکە بوو. هاوکات ئەو رووداوانە بوونە ئەگەری زێتر خۆ تێ هەڵقورتاندنی دەوڵەتە گەورەکان. هەر لە مانگی مارتدا ئەمەریکاییەکان لیژنەیەکیان بۆ هاریکاریکردنی ئاسوریەکان بەیەکەوەنا، کە بەلیژنەی ئێران ناسرا. ئامانجی راگەیانراوی ئەو لیژنەیە فریاڕەسی ئاسوری و ئەرمەنە کۆچکردووەکان بوو لە تورکیاوە بۆ ئێران. وەلێ رۆژنامەی تریبون Tribune کە لە نیۆیۆرك دەردەچوو ئەو راستەقینەی نەشاردەوە کەوا لیژنەکە ئامانجی پەرەپێدانی بڕوایی ئێران بوو بە ئەمەریکا [٩٤:١٦٥]. شایەنی باسە تورکەکانیش کە لەباکورەوە هێرشیان دەکرد، ئەوانیش سڵیان نەکردەوە لەوەی ئاوری دووبەرەکی ئایینی خۆشبکەن، بۆ وێنە سوپای تورك هەر کە گەیشتە دەڤەرەکانی بایەزیدو دەوروبەری نزیکەی ١٠٠ ئەرمەنیان کوشت [٣٢٦:٢٧٣]. مەبەستیان لەمەش ئەوە بوو ناکۆکی نێوان کوردو ئەرمەنەکان قووڵتر بکەنەوە، چونکە زۆربەی سوپاکانی عوسمانی لەو دەڤەرانەدا، لەبەر ئەوەی کوردستان بوو، لە کورد پێکدەهات.

لەکاتێکدا تورکەکان لە باکورەوە سەرکەوتنیان وەدەست دەهێنا، ئینگلیزەکان هەوڵیاندەدا لە باشورەوە شوێن پێیان لەق بکەن. بۆیە ژەنراڵ مارشاڵ هەوڵیدا هەڵمەتەکەی دەنستەرڤیل بەهێز بکات، چونکە رێگای نێوان هەمەدان و قەسری شیرین بۆ بەریتانیەکان مەترسیدار بوو، ئەو پڕوپاگەندانەی ئەڵمان و تورکەکان لە نزیك کفری دەیانکرد، بۆ بزواندنی هۆزە کوردەکانی رۆژهەڵات، کاریگەریان لەسەر ئەو رێگایەدا هەبوو. بۆیە ژەنراڵ مارشاڵ بڕیاریدا هێزەکانی تورك لەقەرەتەپەو کفری و دوز خورماتو دەربپەڕێنێ و دەڤەرەکە بن دەست بکات [٢٥٠:١٥٣]. هاوکات شالیارگەی جەنگیی داوای لە ژەنراڵ مارشاڵ کرد بەرەو

سلێمانی و کەرکوك بکەوێتە رێ. تـا فشاری تورکـەکان لەسـەر قـەوقازو ئازربایجـان سـووکتر بکات [١٨٩:١٩١]. بەمەش لەلایـەك تورکـەکان ناچـار دەبـوون هێزەکانیـان لـەو دەڤەرانـەدا بکێشـنەوە، لەلایـەکی تـر کاریگەریـەکی گـەورەی دەبـوو لەسـەر رای گشـتی لـە ئـێران و ئەفغانسـتان، ئەمـەش دەبـووە سـۆنگەی ئـەوەی پاڵپشـتی سیاسـەتی بەریتانیـەکان بکـەن و پڕوپاگەندەی ئەڵەمانەکان چـرووك ببێ [١٦٦:٢٥٠]. ئینگلیزەکـان لـەمانگی ئایـاردا توانیـان کەرکوك داگیر بکـەن، وەلـێ دواتـر کـەرکوکیان جـێ هێشـت و کشـانەوە، ئـەو کشـانەوەیە کوردی نیگەران کرد، چونکە هیوایەکی زۆریان بە ئینگلیزەکان هەبوو لەم بـارە ناهـەموارەیان رزگار بکات ! کەچی تورکەکان بەخۆشحاڵیەوە سەیری ئەو کشـانەوەیان کـرد، وای بۆچـوون هاوپـەیمانان دوچـاری ئەسـتەنگ هـاتوون، بۆیـە لەیـەکێك لـە بەلاڤۆکـەکانیان بـۆ کوردیـان روونکردەوە کەوا چارەنووسێکی ترسناك چاوەڕوانی هەموو ئەو ساویلکانە دەکا کە هاریکـاری دەسەڵاتدارانی بەریتانی دەکەن. لەو بەلاڤۆکەدا کوردیان بە ئەرمـەن و ئاسـوریەکان چاوترسـای دەکرد، کە ئـەوان چیـان بەسـەرهات و چـۆن کـاروانی بێـوەژن و هـەتیوانیان بـەرەو هەمـەدان بەرێوەیە ! ئەوەشیان روونکردەوە کەوا هێزەکانیان بیجارو سـنەیان گرتـووەو لـەو ماوەیەشـدا هـەموو ئـێران پـاك دەکەنـەوە [١٥:١٤٥]. لەراسـتیدا کشـانەوەی ئینگلـیز بـۆ کوردەکـان رووداوێکی ناخۆش بوو. وەك رۆژنامەی تایمز لە ١٥ تشرینی دووەمـی ١٩١٩ نووسـی : "ئـەو رووداوە بەڵێنەکانی بەریتانیای خستە تاقیکردنـەوە، لـە ئـەنجامدا بـووە شکسـتێکی گـەورە لـە هەڵوێستی سیاسی و سەربازی بەریتانیەکان، هۆزێکی وەکو هەمەوەند تووشی بێ هیوایی بوون و بوونـە دوژمنـی ئینگلیزەکـان [٣٣:٨٧]. کـەچی دواتـر ئینگلیزەکـان هـەمدیس هێرشـیان کردەوە، تورکەکان ناچاری کشانەوە بوون. سوپای تـورك بەکۆمـەڵ ئـاژەڵ و موڵـك و ماڵیـان بردو دەستیان بەسەرداگرت. دێهاتەکانی کوردیان خاپوور کرد، تەنیا بەتاڵان کردن نەوەسـتان، بەڵکو دەستیان کرد بە کوشتنی کوردە دوورە پـەرێزو نیشتەجێکان. کـە ئەمـە بـاری کـوردی هێندەی تر سەخت کرد [١٩٥:٨]. لە راستیدا سوپای تورك پێویستی بەهەموو شـتێك هـەبوو، بێ بەش بوو لە هەموو ئەو شتانەی کە سوپا پێویستی پێ بـوو. هۆکـاری گواستنەوەیان نـەبوو، ئازووقەو خۆراکیان نەبوو. سەربازە تورکەکان لە شەوانی سەخت و ئەنگوستە چاوی زسـتان لـە دەرگای کوردە هەژارەکانیان دەدا: "هجی الله اشکنه اجـم، بـیر پارچـە اکمـك ویـر از هورمـا

هجی". بۆ خاتری خوا برسیمه، لەتێك نان و هەندێك خورمام بدەنێ [٢٥٦: ٤٦-٤٧]. وەك ئەحمەد خواجە لەبیرەوەریە مێژووییەکەی دەگێڕێتەوە : "سەربازەکانی تورك برسی، تینوو، بێ بەرگ، بێ پێڵاو، زۆریان بەتفەنگی بێ فیشەکەوە ڕەق دەبوونەوەو دەمردن، حکومەت لەجیاتی پۆستاڵی عەسکەری، بەشی جووتێك کاڵە زەوێڵە چەرمی دەدانێ، ئەوانیش لەجیاتی پێڵاو بەناچاری دەیانکوڵاندو دەیانخوارد !" [٨٥:٥٣]. ئەو گرانی و برسیەتیە گەیشتە رادەیەکی وا گەورەترین و قووڵترین دوژمنداری لەیاد بکرێ، ئاغا پەترۆس کە دوای کوژرانی مارشیمون بووە سەرکردەی سەربازی ئاسوریەکان، لە ١٩ نیسانی ١٩١٨ بەیاننامەی ئاشت بوونەوەی دیان و موسڵمانەکانی دەرکرد. تیایدا نووسیبووی : "... براینە من کورتەیەکتان لەهەلو مەرجی شنۆ بۆ ڕووندەکەمەوە کە بەچاوی خۆم دیومە. لە کۆڵان و ڕێگای ناو ماڵاندا ئێسقان گۆشتی پێوە نەمابوو، پارچەکانی سکەلیت و هەیولایان هەڵنەوەشاوەو وەکو خۆی پێکەوە مابوو. خۆراکی سەگەکانی ئەوێ گۆشتی مرۆڤە... چەند لەبەد بەدتر بینراوە، دایك گۆشتی رانی مناڵە خۆشەویستەکەی خۆی خواردووە، هەی هاوار براینە هاوارتان لێدەکەم، لەپێناوی مرۆڤایەتی هەرچی زووتر رۆژگاری ئاشتبوونەوە تەواو بکەن بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو پێویستیمان بە خواردنی گۆشتی نەوەی خۆمان نەبێ..." [٣١٥:٢٦]. ئەو برسیەتیە وای لەیەکێکی وەکو سمکۆ کرد، کەسی دەست نەکەوت لەچیا زێتر پەنای وەبەربا، بۆیە داوای یارمەتی لێکرد. ڕووی لەچیاکان کردوو هاواری کرد : "فریای میللەتی کورد بکەون، کە لەو شاخانەدا لە برسان ناچار بوون گیا دەخۆن... من چی بکەم دەنگم بگەیەنمە پاریس بۆ ئەوەی فریای میللەتی کورد بکەوێ، تۆ - واتە چیا - لە جیاتی ئێمە دەنگمان بگەیەنە بەو وڵاتانەو داوای ناردنی خواردنیان لێ بکە، پێویستیمان بە قوتابخانە هەیە، پێویستیمان بەهەموو شتێك هەیە کەبەرەو شارستانیمان ببات، من باوەڕم بەڕووس و تورك و ئێران نیە، ئێوەن هیوای ئەوەتان لێ بکرێت یارمەتی کورد بدەن" [٢٧٥:٤٣]. بەم چەشنە لەدوا ساڵی جەنگدا لە کوردستان برسیەتی گەیشتبووە رادەیەکی وا وەك ڕەفیق حیلمی دەڵێت : "ئیتر ئەوانەی خوا پاروە نانێکیشی دابوونێ و بە کولەمەرگی دەژیان، لەبەر هاوارو نوزەی بێ هێزو دەنگی پاڕانەوەی ژن و مناڵ و پیرەمێردە نەخۆشەکانی دەست و بێ ئاوساو بەدەست خۆیان نەبوو لە قوڵپەی گریانیان دەدا" [٢٠:٣٢].

ئینگلیزەکان سوودیان لەم بارە نالەبارە وەرگـرت و سـەرکەوتن لـەدوای سـەرکەوتنیان وەدەست هێنـا. لـە ٣١ تشرینی یەکـەمی ١٩١٨ هـەواڵی ئـاگر بەسـت بـەر گوێـی سـەربازە تورکەکان کەوت. هێزەکانی بەریتانیا لەو کاتـەدا لەباشـوری کوردسـتان لەسـەر هێڵـی گشـتی خانەقین – کفری – کەرکوك – گەیارە – عـەنا بـوون، سەربـاری ئـاگـر بـەست ئـەو هێزانـە بەردەوام بوون لەسەر پێشرەوی خۆیان تا (موسڵ)یشیان نەگرت نەوەستان [٢٠٧:١٩١]. بـەم چەشنە جەنگی جیهانی یەکـەم لەبـەرەی ڕۆژهـەڵات دیمـاهی هـات، ئـەو جەنگـە وەك ونسـتون چـەرچل دەڵێـت : "جیـاوازی لەگـەڵ هـەموو شـەڕە کۆنـەکان هـەبوو، لەلایـەنی هـێزی لـەبن نەهاتووی لایەنە شەڕوانەکان و هەبوونی هۆکاری خاپوورکردنی مەترسیدار. هەروەها جیـاوازی لەگەڵ هەموو شەڕە نوێیەکانیش * هەیە، لـەو دڕندەییـەی کـە تیـایدا ئـەنجامدرا، ئـەو شـەڕە هەموو مەرگەساتی سەدەکانی بەخۆوە گرتبوو، بەتەنیا سـوپا نەخرایـە جەنگـەوە، بـەڵکو گـەلان بەتەواوی خرانە نێو کورەکەیەوە، هەموو هەوڵێك درا بۆ برسیکردنی تەواوی نەتـەوەکان، بـەبێ گوێ دانە ڕەگەزو تەمەن، تا خۆیان بەدەستەوە بدەن" [١٩:١٣٦]. کوردستان بـووە گۆڕەپـانی ئەو جەنگە ترسناکە لەبـەرەی ڕۆژهـەڵات. بۆیـە بەشـێکی زۆر گـەورەی زیانـەکانیش بـەر ئـەو کەوت، بەبێ ئەوەی نەدەستی لە جەنگەکەدا هەبێت و نە لەبەرژەوەندی ئەویشدا بووبێـت و نـە ئارەزووشی لێ بوو بێت !

* بێگومان مەبەست لە شەڕەکانی ڕۆژگاری نوێ، بەگوێرەی ئەو سەردەمەی چەرچل تیایدا ئاخاوتووە، کە بەر لەجەنگی جیهانی دووەم بووە.

باسی دووەم: کورد لە نێوان

دۆزی نەتەوەیی و بەرژەوەندی لایەنە شەڕوانەکان.

وەك ئاماژەی پێکرا، بەر لە دەستپێکی جەنگ، لایەنە رکابەرو بەرژەوەندی دارەکان، چالاکی و جموجۆڵی سیخوڕی و چاو ساغیان لە کوردستان چڕتر کرد.روسەکان کە هێشتا هیوایان مابوو تورکەکان تێکەڵ بە جەنگ نەبن. بە وورياييەوە هەڵس و کەوتیان دەکرد، لە نامەیەکی سازانۆف کە بۆ یەکێك لە لێپرسراوە روسەکانی ناردبوو، هاتبوو : "ناتوانین ئەوە بێنینە بەر چاو ئەنجامی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان چی دەبێت. ورووژاندنی هەر هیوایەکی درۆزنانە لای کوردەکان، بە بەڵێنێکی دیاریکراو، بە کارێکی ترسناك دەژمێردرێت" [٨٨:١٥٦] . لەو سۆنگەیە بوو کاتێك شێخ عەبدولسەلام پەنای بۆ بردن و داوای یارمەتی لێکردن، پێیان راگەیاند باشتر وایە خۆی گوم بکا، چونکە لەم کاودانەدا لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو دوژمنداری تورکەکان بکەن.هەروەها پێیان گوت: پێویستە دوو تا سێ مانگ چاوەڕوان بێت. ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان بەرەو باشی چوو هەوڵدەدەن لێبوردنی بۆ وەربگرن، ئەگەر بەرەو ناخۆشیش چوو، ئەوا هێزو چەکی دەدەنێ و رەوانەی بارزانی دەکەنەوە ! [٣٠٨:٢١]. شایانی ئاماژە پێکردنە شێخ عەبدولسەلام گەرەکی بوو پەیوەندی بە ئینگلیزەکانیشەوە بکات. لەم بارەیەوە ویگرام نووسیویەتی: "کە شێخ زنەوتی ئێمە دەزڤڕینەوە بەریتانیا، ئامادەیی خۆی نیشاندا سەردانی پاشای بەریتانیا بکا و لە سەر دۆزی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵی باخێوی!"[١٣٧:١٦٨]. بەر لە دەستپێکی جەنگ ، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی بەرەو پێشوە چوون و پێشکەوتن هەنگاوی دەنا. لە زۆر لە دەڤەرەکانی کوردستان هەوڵدان بۆ سەربەخۆ بوون لە ئارا دابوو، سەرۆکە دیارەکانی کورد ئاگاداری یەکتر بوون و دوورو نزیك پەیوەندیان لەگەڵ یەکدا هەبوو، بۆ وێنە پەیوەندی لە نێوان شێخ عەبدولسەلام و سمکۆدا هەبوو.[١٣٧:١٤٤]، هەروەها لە نێوان عەبدولڕەزاق بەدرخان و شێخ عەبدولسەلام و شێخ عەبدولقادری نایری هەبوو [٣٠٨:٢١]. هاوکات بەدرخانیەکان پەیوەندیان لەگەڵ شێخ مەحمود هەبوو لە سلێمانی، هەر لەو دەمەشدا مەلا سەلیم لە بەدلیس راپەڕینەکەی سازدا،کە دواتر سەرکوتکراو پێشەوای راپەڕینەکە ، مەلا سەلیم خۆی لە باڵوێزخانەی روسەکان حەشاردا. ناوی سمکۆش لە ئۆفیسە دیپلۆماتیکیەکانی فارس و تورك و روس و ئینگلیز بە فراوانی ناسرابوو، لە باڵوێزخانەی ئەو دەوڵەتانە دۆسیەی گەورەی بۆ رێکخرابوو .[٢٣٥: ٢٤٩-٢٥٠].

بەم جۆرە لە لایەك كورد بۆ خۆی هەوڵیدەدا و لەلایەكی تر لایەنە بەرژەوەندی دارەكان گەرەكیان بوو لە پێناو بەرژەوەندیەكانی خۆیاندا سوود لە كورد وەربگرن. یەكێك لە شارەزاكان لەم بارەیەوە نووسیویەتی : "ئەڵەمانەكان هەوڵیاندەدا بگەنە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و جێ پێی خۆیانی تێدا قایم بكەن، جیاوازی ئەڵەمانەكان لەگەڵ روس و ئینگلیزەكان لەوەدا بوو ئەوان پشتیان بە یارمەتی و پشتگیری حكومەتی توركیا و بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەڤەرانە قایم بوو. لەوەش زێتر سیخوڕەكانی ئەڵەمانیا هەمیشە دەست پێشخەریان دەكرد و ڕێگایان پاك دەكردەوە" [٤٥:٣٩١]. ململانێیەكە بە تەنیا لە نێوان روس و ئەڵەمانەكان نەبوو بۆ ئەوەی كورد بەلای خۆیاندا ڕاكێشن. ئینگلیزەكانیش ڕۆڵێكی بەرچاویان هەبوو، بەر لە دەستپێكی جەنگ نمایندەی كونسوڵی بەریتانیا لە شاری (وان) كەوتە دامەزراندنی پەیوەندیەكی نزیك لەگەڵ سەرداره دەسەڵاتدارەكانی دەڤەری بەدلیس. لە لایەكی تر كونسوڵەكانی ئینگلیز لە ئامەد (دیاربەكر) و موسڵ بە گەرمی كەوتنە پرۆپاگەندە كردن دژی روسەكان، كە چاویان بڕیبووە رۆژهەڵات و باكوری كوردستان. ئەوانە خەڵكەكەیان وا تێدەگەیاند لە ماوەیەكی نزیك رۆژهەڵاتی ناڤین دەكەوێتە بن ڕكێفی ئینگلیزەكان. بەم چەشنە شیان ژمارەیەكی زۆر لە سەرۆكە كوردەكان بە لای خۆیان رابكێشن. لەوانە هۆزی كەلهوڕ [٣٥: ١٨-١٩]. چالاكی ئینگلیزەكان هەموو كوردستانی گرتبۆوە، بە شێوەیەكی تایبەتیش باشوور و ناوەڕاستی كوردستان. هەرچی روسەكان بوون، لەم پێواژۆكەدا زێتر بایەخیان بە كوردەكانی نزیك دەڤەرە سنووریەكانی خۆیان دەدا، بۆیە شكاكەكان و خانەكانی ماكۆ جێ چاوی روسەكان بوون. سمكۆ خۆشی ئارەزووی هەبوو لە روسەكان نزیك بێتەوە، هەرچەندە لە ساڵی ١٩١٣ هاریكاری ئازربایجانیەكانی دەكرد، كە لایەنگری عوسمانیەكان و دژ بە روسەكان بوون. وەلێ هەر لەو ساڵە یەكێك لە ئازربایجانیەكانی دایە دەست روسەكان، تا سەرنجیان بۆ لای خۆی رابكێشێ . لەمەش سەركەوتنی وە دەست هێنا. هەر بۆیەش لە بن جەختی روسەكان، دوو سەرۆكی كورد كە پێشتر ركابەری سمكۆ بوون، هەرێی ئەمەكداریان پێدا [١٠:٣١٠:١٤٤].

سەرباری ئەمەش ئەڵەمانەكان بە هۆی چڕی چالاكیەكانیان توانیان كاودانەكە هەڵوەگێڕنەوە، ئەوە بوو پەیتا پەیتا چاوساغیان دەنارده ئەو دەڤەرانە. لە بەهاری ١٩١٤ چەند ئەڵەمانێك سەریان لە هەرێمی وورمێدا، زۆر شوێنی تر گەڕان، وێنەی پرۆژە جەنگیەكانیان گرت. گەرەكیان بوو ئاگاداری هەڵوێستی جەنگی و ئابووری روسەكان بن لە باكوری

ڕۆژئاوای ئێراندا، واتە کوردستان. (شیومان) کە سیخوڕێکی بەناوبانگی ئەڵمان بوو، لە وورمێ لەگەڵ کونسوڵی تورکەکان کەوتە گفتوگۆ، بەو نیازەی کونسوڵخانەیەك لە وورمێ بکەنەوە و کاری سیخوڕیەتی وە ئەستۆ خەن [٤٦: ٥١٠]. هەروەها (شیومان) چاوی بە سەرداری کەلھوڕەکان کەوت، نزیکەی بۆ دوو کاتژمێر بە نهێنی گفتوگۆیان کرد، هەرچەندە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە نەزانرا، وەلێ ئاشکرا بوو کە گەرەکی بوو کەلھوڕەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ [٣٢٦: ٧٠]. لە ئەنجامی ئەو هەوڵە سیخوڕیانەی هەواڵگرەکانی ئەڵمان و تورك و ئەو پڕوپاگەندە فراوانەیَ لە کوردستان دەیانکرد، توانیان سمکۆ و مورتەزا گلی خان، سەرداری ماکۆ بۆ لای خۆیان ڕابکێشن [١٥٦: ٨٨].

لەو ماوەیەدا دۆزی کورد لە نێو بازنەی ململانێیەکی سەختدا دەخولایەوە، وەك لازاریف دەڵێ: "لە دراوێك دەچوو بۆ ئالو گۆڕ بشێت" [٤٦: ٥١٤]. لە دیماهیدا تورکەکان بە هۆی هاوئایینی و بانگی غەزادان توانیان بەشێکی زۆری کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە دەستپێکی جەنگدا ، هێزێکی تورکی بە پاڵپشتی هەزاران سوارەی کوردی چوونە ناو خاکی ئێران و مەهابادیان داگیر کرد. ئەو هێزانە لەگەڵ عەشیرەت و خێڵە کوردەکانی ئێران توانیان بە سەر روسەکان سەرکەون. پاشان بەرەو تەوریز چوون کە روسەکان پێشتر چۆلیان کردبوو، پارێزگارەکەشی بەرەو تاران رایکرد، ئەویشیان داگیر کرد [٣٤١: ٤٥-٤٨]. هەروەك لە هەواڵنامەکانی ڕۆژانەی عوسمانیەکان، کە لە ١٩١٤/٩/٢٧ نووسراوە، هاتووە: "شەڕێك لە نێوان عەشیرەتی قەرداری کورد و روسەکان روویدا، لە ئەنجامدا ئەفسەرێك و ٥٠ سەربازی روس کوژران [٨٣: ٦٤٢]. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا کورد جەنگاوەرو ئازا بووینە و کەمیان لێ کوژراوە . بگرە لە شەڕێکی وەکو چناق قەلاّ، ٤٠٠ کەس لە باشترین رۆشنبیرانی کورد لە ئەفسەرو سەرباز کوژران [٢٥٩: ٢٨٥]. هەر لە سەرەتای جەنگیشدا، سمکۆ بە هێزێکی ٣ هەزار کەسیەوە لە نزیك خوی هاوکاری سوپای تورکەکانی کرد، روسەکانیان ناچار کرد، ناوچەکە چۆل بکەن و ئەو ناوە کەوتە دەست تورك [٢٦: ٣٣٧]. نەك پیاوە دیارو ناسراوەکان ، بەڵکو ئەوانەی لە سەربازیش رایانکردبوو گەڕانەوە و بەرەو پیلی غەزا چوون ! ئەحمەد خواجە کە باسی هاتنی خەلیل پاشا دەکا بۆ لای شێخ مەحمود و داوای بەشداری جەنگی لێدەکا، نووسیویەتی : "دوای ماوەیەکی کەم وولاّت شلەژا، چەکداری سوارە و پیادەی ناو چیا کە دەستی حکومەتیان نەدەگەیشتێ، لە عەشایرو ناو شار و لادێی و هەلاّتووی سەربازیەوە، بە

ناوی (غەزا)وە بە چەك و كۆڵی خواردەمەنی خۆیانەوە، دەستە دەستەو بە هەزاران ڕژانە ناو شاری سلێمانیەوە" [٨٤:٥٣]. كورد بەو خوێن گەرمیەوە بۆ عوسمانیەكان چووە گۆڕەپانی شەر. كەچی توركەكان كوردەكانیان دەخستە بەرەكانی پێشەوەی جەنگ، چەكێكی واشیان نەدەدانێ كە بتوانن بەشێوەیەكی باش بەرگری لە خۆیان بكەن. ڕاستە دەوڵەت خۆی چەكی باشی كەم بوو، وەلێ سۆنگەی بنەڕەتی بڕوا نەبوون بوو بە كورد. زنار سلۆپی كە خۆی یەكێك بووە لە بەشدارانی جەنگ ، لەم بارەیەوە لە یاداشتەكانیدا نووسیویەتی: "كازاكە روسەكان بە جۆرە تفەنگێك چەكدار كرابوون كە دوو هەزار مەتر دەڕۆیشت، شمشێری كازاكیان پێ بوو كە بە تیژی بەناوبانگە و ووشتری دەكرد بە دوو لەتەوە. هەرچی كوردە هەژارەكان بوون تفەنگی ماوزەریان هەبوو، كە ئەو پەڕی هەزار مەتر دەڕۆیشت، دەبوایە دوای هەر تەقەیەكیش پڕ بكرێتەوە. دوكەڵێكی وەك دوكەڵی كوانوی لێ هەڵدەستا. شمشێرەكانیشیان هێندە ناسك بوو دەتگوت لە داری ساج چێكراوە. سەرباری هەموو ئەمەش، كوردەكان بەرەنگاریەكی توندی كازاكەكانیان دەكرد و زۆر جارانیش بە سەریاندا زاڵ دەبوون" [٤٥:١٧٦]. لە پاڵ ئەمەش لە سۆنگەی شارەزایی كوردەكان لەو ناوچانەدا، كە خاكی خۆیان بوو، واتە كوردستان بوو، توركەكان توانیان زۆر سەركەوتن وەدەست بێنن. ئەڵمانەكانیش پەیتا پەیتا نێردەكانیان دەنارده ئێران بە گشتی و كوردستان بە تایبەتی، لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەكانیان. ئەو نێردانە بە سەر شار و ناوچە جیاجیاكان پارڤە دەكران. لە هەموو كارەكانی ئەو نێردانە ترسناكتر ئەوەبوو چەك و پارەیان دەبەخشیەوە بۆ ئەوەی خۆبەختكەر (متطوع) خڕ بكەنەوە و فێری چۆنیەتی جەنگ كردنیان بكەن دژی روس و ئینگلیزەكان، بۆ ئەوەی ئەو نێردانە كارەكانیان بەباشترین شێوە ئەنجام بدەن . [١٠١: ٣٠] .

پڕوپاگەندەی غەزا كاریگەری خراوی لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی كورد هەبوو . وەك باسیل نیكتین دەڵێ: "جەنگ ئەو هەوڵە سەرەتاییانەی وەستان كە ئامانجی ڕێكخستن و چێكردنی بیرێكی نیشتمانی هاوبەش بوو. بانگەوازی جەنگی پیرۆز ڕێگای بە توركەكاندا جارێكی تر كوردەكان بە ڕێگایەكدا بەرن، دژی بەرژەوەندی نیشتمانی وگەلی راستەقینەی خۆیان بێت. توركەكان دەیانویست سوود لە كوردەكان وەرگرن لە پێناو ئامانجە جەنگیەكانی خۆیان ، وەلێ بە ووردیش زێرەڤانیان دەكردن. هەروەها نیكیتین ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كەوا لیستێكی گەورەی هەبووە ناوی ژمارەیەكی زۆر لە نیشتمان پەروەرانی كوردی تیا بووە لە كاتی جەنگدا لە سێدارە دران [٨٣:١٤٢].

روسەکان پێیان وابوو پێویستە بە وردیەوە مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد بکرێت. لەم رووەوە ماوەیەك بەر لە دایسانی جەنگ لێپرسراوێکی روسی نامەیەکی بۆ شالیاری کاروباری جەنگ نارد، تیایدا دەیگوت ئەگەرجەنگ لەگەڵ تورکیا دایسا، دۆزی کورد دۆزێکی گرنگ دەبێ و پێویستە بە ئاگاداری و وردیەوە ئاوڕی لێ بدرێتەوە [٤٥:٣٥١]. روسەکان بەتەنیا نەیاندەویست بۆ شەڕەکانی نزیك سنوورەکانی خۆیان سود لە کورد وەرگرن، بەڵکو هەندێکیان رایان وابوو کورد بۆ شوێنی تریش بنێرن. هەروەك چۆن تورکەکان ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کوردیان بە درێژایی چوار سەدە لە ئەوروپا بە کوشت دا ئەوانیش وا بکەن لەم بارەیەوە یەکێك لە ئەفسەرە روسەکان بە ناوی ئۆشاکرۆف، کە فەرماندەی بەتالیۆنی کازاکی ئێرانی بوو، لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ پێشنیارێکی پێشکەش بە کونسوڵی روس کرد لە کرماشان، تیایدا داوای کرد سوود لە عەشیرەتە کوردە شیعەکان و لوڕەکان وەربگیرێت بۆ داگیرکردنی کەربەلا. بۆ ئەمەش هاریکاری هاوبەش لەگەڵ ئینگلیزەکان بکرێت. کە لەوانەیە ئەو هەنگاوە ببێتە ئەگەری وەدەست هێنانی سۆزی موسڵمانەکان و کشانەوەی هێزەکانی تورکی لە سنوورەکانی روسیادا[٩٤:٨١].

تورکەکان بە تەنیا بەمە نەوەستان کورد بەکار بهێنن و وەکو قەلغانی مرۆیی بیخەنە پێشەوەی سوپاکانیان، بەڵکو دەیانویست ئەو کارە دزێو و نالەبارانەی خۆشیان ئەنجامیاندەدا بیخەنە ئەستۆی کوردەوە. وەك جاك جیفری سەرۆکی نێردەی ئینگلیزی دەڵێ : "شەڕی راستەقینە لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ دەستی پێکرد، لەو رۆژەدا هێزێکی گەورەی کورد هاتنە تەرگەوەڕ و ئۆردووی کازاکەکانیان وەدەرنا.، ئاوریان بەردایە گوندی نەستوریەکان و کەوتنە کوشتنی خەڵك و تالانکردنی ماڵەکانیان. ژمارەیەکی زۆری خەڵك رایانکرد و پەنایان بردە بەر ورمێ. دوای ئەوە بە دە رۆژ کوردەکان بەرەو دەشتاییەکان هاتن و هەر شەوە گوندێکی نزیکیان تالان دەکرد و ئاور تێبەردەدا، وردە وردە بەرەو شار دەچوون. نەستوریەکانیش وەك چۆن پەز لەبەر گورگ رادەکا، ئیوها رایاندەکرد. ئێمە بەرایێ لەو بڕوایە دابووین ئەو هەڵمەتانە کوردین، وەلێ راستەقینە پێچەوانەی ئەمە بوو، ئەو هەڵمەتانە هەڵمەتی حکومەتی رێکخراو بوو، ئەفسەری سوپای تورکی بوون، کە هۆزە کوردیەکانیشیان بەخۆوە دەگرت. ئامانجیان دەرکردنی روس و داگیرکردنی ورمێ بوو. هۆکارەکەشی پاڵپێوەنەری ئەڵمانی بوو [٢١٢: ٢٠٥-٢٠٦].

ئەگەر کوردەکان لە سۆنگەی ئەوەی لە پێشەوەی سوپا بوون و لە کاتی سەرکەوتنە سەربازیەکان کوشتن و برین بەشی ئەوان بوو، ئەوا لە ژێرکەوتنەکانیش هەمان چەشن بوو. کاتێك تورکەکان لە تشرینی دووەمی ١٩١٤ توانیان بەرەو ئەرزەرۆم و وان پێشڕەوی بکەن، ئەنوەر پاشا هێزێکی زۆری کۆکردەوە، کە ژمارەیان ٩٠ هەزار کەس دەبوو، توانیان هەندێك سەرکەوتن بە دەست بێنن و لە ٩ کانونی یەکەم بەرەو سەری قامیش بڕۆن، وەلێ روسەکان توانیان هێزەکانی عوسمانی بوەستێنن و هەندێك شوێنی ستراتیژی بگرن، دوای ئەوە بە چوار رۆژ سەرکەوتنێکی گەورەیان وە دەست هێنا و فەیلەقی نۆیەمی عوسمانیەکان هەمووی بە دیل گیرا [١١١:٧٢]. تەنانەت لەو شەڕەدا وەك عوسمان عوێزی باس دەکا، کە بە داخەوە ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە، ٤٠ هەزار جەنگاوەری کوردیان بۆ ئەو بەرەیە نارد. دوای ئەوەی کە زانیان ناتوانن بەرامبەر هێزەکانی روس خۆیان بگرن چونکە لە تفەنگ زێتریان پێ نەبوو، ئەو هێزەیان بە سەر چیای(الله اکبر) هەڵزنان، کە باوبۆران هەمووی لە گۆ خستن و رەقبوونەوە [٣٢: ٢٨-٢٩]. شایانی باسە جەمال نەبەزیش هەمان راستی دوپات دەکاتەوە کە دەڵێ لە ساڵانی جەنگدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی کوردیان نارد بۆ ناوچەی قەوقاز، زۆربەیان لە سەرماندا رەقبوونەوە[٨٧:١٥]. دکتۆر کەمال مەزهەریش لە کتێبەکەی کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی ئاماژە بۆ هەمان بابەت دەکات. ئەمە سەرباری ئەوەی کاتێك سوپای روس بایەزید و ئەلاگێرد و وانیان گرت، هێزی ئەرمەنی لە پێشەوەی سوپاکەیانەوە بوو، ئەوانە زیانێکی گیانی و ماڵی زۆریان لە کورد دا. جگە لەوەی تورکەکانیش تاوانیان بەرامبەر کوردەکان ئەنجامدەدا و هەندێکیشیان شانازیان پێوە دەکرد[٢٤٨:٤٠]. هەر لەو ماوەیەدا عەلی ئیحسان پاشا داوای لە سەردار رەشید و کوردەکانی ئەو دەڤەرە کرد پەلاماری بیجار بدەن . خەڵکی شارەکەش کە هەمووی کورد بوون و شارەکەش شارێکی کوردی بوو. ئارەزووی ئەوەیان هەبور روسەکان دەربکەن. بۆیە سەردار رەشید و سەید ئەحمەد و بابە رەسول و سوارەکانی جاف و لەگەڵ حاجی عارف بەگ ، هێرشیان بردە سەر ئەو شارە، بەرایێ هەواڵی ئەوە گەیشت کەشکستیان هێناوە، وەلێ دواتر ١٠٠ چەکدار لە دواوەی روسەکان سوڕانەوە. بەم شێوەیە سەرکەوتن و چوونە ناو شارەوە [٣٢٩:٣٣٢]. کاتێکیش روس پەلاماریان دەست پێکردەوە و گەڕانەوە، هەمدیس کورد کەوتنە پێشەوەی شەڕ. لە ناوچەکانی باکوردا وەك ئیحسان نوری دەڵێ: برایم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی جەلالی بەرەنگاری هێزەکانی روس بوەوە و ریگای نەدا بگەنە دۆڵ و شیوەکانی ئاگری. دواتر روسەکان لەگەڵی رێکەوتن، کە لەبری ئەوەی لە دواوە پەلاماریان نەدات، ئازووقەی بدەنێ [٩:١٢]. هەر بۆیە

تورکەکان کەوتنە پڕوپاگەندەی ئەوەی کورد ناپاکە و پێویستە لە ناوببرێن. دوای ئەمەش وەك لە باسەکەی تر ئاماژەی پێکرا، بە بیانگەی دوورخستنەوەیان لە گۆڕەپانی شەڕ، کەوتنە راگویزانیان. هەرچی لە ناوچەکانی باکوری رۆژهەلات بوو، روسەکان سەرۆك و میرە کوردەکانیان بەدیل گرت، لەوانەش سمکۆی شکاك، رەوانەی گورجستانیان کردن کوردەکان دژی ئەو کارە وەستان و بە پاڵپشتی یەکێك لە سەرپەرشتیارە ئەڵمانەکان کەوتنە پەلاماردانی روسەکان [۳۰۳:۱۱۰]. ئەو سەرکەوتنانەی روس وایکرد لە میسۆپۆتامیا نزیك ببنەوە. بێگومان ئەمە دەبووە ئەگەری وەدیهێنانی خەونە لەمێژینەکەی روس، بە گەیشتن بە ئاوە گەرمەکانی کەنداو، کە مەترسی بۆ ئینگلیزەکان هەبوو.یەك لە دوای یەك و خێرایی ئەو رووداوانە، بووە هۆی ئەوەی گۆڕانی خێرا لە هەڵوێستی دیپلۆماتیکی نێو دەوڵەتیدا روو بدا [۱۳۲:۲۳۷]. ئەو گۆڕانانە بە تەنیا ئینگلیزەکانی نەترساند بەڵکو زەندەقی حکومەتی تارانیشی برد. بۆیە بە توندی داوای لە ئینگلیز و روسەکان کرد هێزەکانیان لە خاکی ئەودا بکێشنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە ۲۳ کانونی یەکەمی ۱۹۱٤ چەند کۆبونەوەیەکیان لەگەڵ روس و ئینگلیزەکان گرێدا. ئینگلیزەکان وایان روونکردەوە کەوا باشترە روسەکان ئێران جێبهێڵن. روسەکان ئەوەیان رەتکردەوە! ئینگلیزەکان ویستیان وا دەربخەن یارمەتی ئەوان بۆ ئێران جیاوازیەکی رەهای هەیە لەگەڵ یارمەتی روسەکان کە گەرەکیانە ئێران لاواز و بێ توانا بێت، کەچی ئەوان گەرەکیانە بە هێزو توانا بێت! ئەو تەنگژە وایکرد پەیوەندی دیپلۆماتیکیان بشلەژێ ، بۆیە راستەوخۆ بە (سازانۆڤ)یان راگەیاند کە درێژبوونەوەی ماوەی ناکۆکیەکان لە سەر ئێران و کوردستان، لەوانەیە کێشەیەکی پڕ مەترسی لە نێوان روس و ئینگلیزەکان بێنێتە ئارا[۹٤:٦۹]. ئەگەر چی ئینگلیزەکان لە باشورەوە پاراستنی سەرچاوە پەترۆلیەکانی خۆیان مسۆگەر کردبوو، وەك لێپرسراوە ئینگلیزەکان بە لەندەنیان راگەیاند، بەختیاریەکان کارەکانی خۆیان لە پاراستنی کێڵگە پەترۆلیەکان بە پوختی ئەنجامدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیاندا بەختیاریەکان رازی بکەن بۆ ئەوەی هەر کاتێك ئێران چووە پاڵ ئەڵمانەکان لە جەنگ، ئەوان بەردەوام بن لە پارێزگاریکردنی دەڤەرە پەترۆلیەکانی خۆیان [۳۱۵: ۲۳۷-۲۳۸]. نەك بە تەنیا بەختیاریەکان بەڵکو سنجاویەکانیش کە لە تەك قەسری شیرین و کێڵگە پەترۆلیەکانی قورەتو نیشتەجێبوون، سوودیان لەم دەستکەوتانە وەردەگرت کە ئینگلیزەکان بۆیان بڕیبوونەوە. (شێرخان)ی سەرۆکیان کرابوو بە فەرمانڕەوای شارەکە، کونسوڵی ئینگلیز دەستی لە نێویانیاندا دەرۆیشت. هەرچی لە کرماشان بوو، روسەکان مەڵبەندێکی پڕوپاگەندەیان دژی دەوڵەتی ناوەند تیا دامەزراندبوو، کە ۳۰۰کازاکی ئێرانی پاسەوانیان دەکرد [۹٤: ۸۸-۸۹].

لەم پێواژۆکەدا چالاکی تورك و ئەڵمانەکانیش گەیشتبووە رادەیەکی زۆر بەرز، بە تایبەتی لە ناڤین و باشوری کوردستان. ئەمە وایکردبوو ئەو دەڤەرە ، کە بە گوێرەی رێکەوتننامەی ئینگلیزی – روسی ۱۹۰۷ پارڤە کرابوو. لە ناوچەی بێلایەن کە دەکەوتە ناڤین و بەشێکی زۆری رۆژهەلاتی کوردستانی دەگرتەوە. تورك و ئەڵمانەکان کەلێنێك بدۆزنەوە و دزەی تیا بکەن، بۆ دەست وەشاندن و لەیەکترازاندنی هەردوو هێزی روسی لە باکور و ئینگلیزەکان لە باشور. هاوکات لە ئەنجامی هاتنە خوارەوەی روسەکان و سەرهەڵدانی تەنگژە لە نێوان روس و ئینگلیزەکان وەك ئاماژەی پێکرا. خەریك بوو دەبووە ئەگەری لە یەکترازاندنی ریزی هاوپەیمانەکان. بۆیە روس و ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە نامە گۆڕینەوە، وەك راشد ئەلبەڕاوی دەڵێ: لەو کاتەی ئینگلیزەکان رایاندەگەیاند دژی ئەڵمانەکان دەجەنگن و بەرگری لە رێکەوتننامە و گرێبەندە نێو دەوڵەتیەکان دەکەن، بەرگری لە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆ نووسین دەکەن، لەو کاتەدا هاوپەیمانان رێکەوتن بۆ پارڤەکردنی وولاتانی رۆژهەلاتی ناڤین [۱۷۱: ۱۲۰]. بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە لە ۱۸ مارتی ۱۹۱۵ ، روس و فەرەنگ و ئینگلیزەکان لە سەر ئەوە رێکەوتن بە نهێنی بیروڕاو نامە گۆڕینەوە لە نێوان لەندەن و پاریس و پیتربورگ ئالوگۆڕ بکرێ [۱۵۸: ۱۰]. ئەوە بوو لە ٤–۱۰–۱۹۱۵ گەیشتنە رێکەوتننامەیەك کە بە رێکەوتننامەی قوستەنتینیە دەناسرێ، بە گوێرەی یەکێك لە بەندەکانی دەبوایە ناوچەی بێلایەن، کە لە رێکەوتننامەی ۱۹۰۷ ئینگلیزی – روسی دیاریکرابوو، بکەوێتە بن نفوزی ئینگلیزەکان [۲۱۷: ٤٤٦]. بەم چەشنە ناکۆکیەکانی نێوانیان تا رادەیەك چارە سەر کرا، وەلێ لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو، ئەو رێکەوتننامەیە هەوڵێك بوو بۆ داخستنی ئەو دەروازەیەی کە تورك و ئەڵمانەکان لە ناوچەی بێلایەندا دەشیان دزەی تیا بکەن.

لە کاتێکدا هاوپەیمانان خەریکی ئەو رێکەوتننامەیە بوون. ئەڵمان و تورکەکان شیان بە ناوی غەزاوە ژمارەیەکی زۆری کورد فریو بدەن و بیکەن بە گژ روس و ئینگلیزەکانەوە. ئەوە بوو شێخ مەحمود لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە کوردەکان بەرەو غەزا بەرێکەوتن و بەشداری شەڕی شعێبەیان* کرد. بەم چەشنە لەگەڵ ئینگلیزەکان کەوتنە شەڕەوە. لە شەڕی کوت و قەلای سالحیشدا بەشداریان کرد و ئازایەتیان نواند، زۆریان لێ کوژرا و ژمارەیەکیشیان لێ

---

* هەندێك وای بۆ دەچن شێخ مەحمود بەر لەوەی بکەوێتە رێ بۆ خوارووی عێراق، بڕیاری داوە دەم و دوی نوێنەرانی روسی تاقی بکاتەوە، وەلێ روسەکان لە زمانی مینۆرسکیەوە پێی دەڵێن: بڕیار وابوو کە ویلایەتی موسڵ بێ بە پشکی روسەکان، وەلێ ئەو بڕیارە تێکچوو[٦۰: ٦۲].

بریندار بوو، لەوانە سەید ئەحمەدی خانەقا [٢٦:٣٨]. لە راستیدا شەڕی شعێبە سەرەڕۆیی و خۆبەکوشت دانێك بوو**وەك لە یەکێك لە بەڵگەنامە بەریتانیەکاندا هاتووە پێیان وابوو هێشتا پڕەنسیپەکانی سوارچاکی لە ئارادایە [٤٨:٢٩٩]. لەو شەڕەدا بە هیچ شێوەیەك هاوسەنگی لە نێوان هێزەکانی تورك و ئینگلیزدا نەبوو، بە تایبەتی چەکی کوردەکان ، بە هەمان لە گوێن لە لایەنی رێکخستن و پلانی شەڕەوەش. کە ئەمانە دوو هۆکاری یەکلایی کەرەوەن لە جەنگی نوێدا. بۆیە کاتێك لە شەوی ١٢/١١ نیسانی ١٩١٥ هێرشیان برد، هەردوای پازدە خولەك تۆپەکانیان بێ دەنگ کرا، لە بەرە بەیانی ١٤ـنیسان ئینگلیزەکان هێرشی پێچەوانەیان کردەوە تورکەکانیان تووشی شکستێکی خراو کرد، زیانی بەریتانیەکان ١٢٠٠ کوژراو بوو، هەرچی زیانی تورك و لایەنگرەکانی بوو گەیشتە ٦ هەزار کوژراو و بریندار، سلێمانێ عەسکەری، فەرماندەی هێزەکەی عوسمانی کاتێ ئەوەی زانی لە داخا خۆی کوشت [١٩١: ٢٨-٢٩]. شەڕی شعێبە زۆر شتی بۆ کوردەکانی باشور روونکردەوە، بەتایبەتی ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە غەزا تەنیا پڕوپاگەندەیەکی دیماگۆکیە و پەیوەندی بە راستیەوە نیە! بۆیە دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان لێکەوت بە ناکامی گەڕانەوە زێدی باب و باپیرانیان.

تورکەکان هەرچەندە ئەو هەموو کارانەیان بە کورد کرد، تەنانەت رێزی ئەو کەسانەشیان نەدەگرت کە بۆیان دەجەنگین. زنار سلۆپی لەم رووەوە لە یاداشتەکانیدا دەڵێ : لە شاری خینس ژنەوتم کەوا سەرۆکی هۆزی سبیلکان بە سەختی بریندار و لە شار لە نێو جێگادا کەوتبوو. بە پێویستم زانی ئەو کەسە بناسم کە بە مێرخاسی و ئازایەتی ناوی دەرکردبوو. لە چادرەکەی خۆی بوو، هەوڵمدا دەربارەی دۆزی نەتەوەیی لەگەڵی باخێوم. ئەو کاتەی من لەوێ بووم دوو یا سێ کاتژمێری خایاند دوو جار ژاندارم هاتن و فەرمانی بەڕێوەبەری ناحیەیان پێڕاگەیاند کە مانەوەی لەو شوێنە قەدەغەیە، ژاندارم فەرمانیان دەکردە سەر ئەو کەسە کە نیشانەی سەرهەنگی سوپای لە سەر شان بوو ! [٤٦:١٧٦]. هەر لەبەر ئەمە بوو وەك پەیامنێری رۆژنامەی باکۆ بڵاوی کردەوە : زۆربەی کوردەکانی باکور دڵیان بە

** رەفیق حلمی ژمارەی ئەو چەکدارانەی لەگەڵ شێخ مەحمود چووبوون بۆ شعێبە بە (١٠٠٠)کەس دادەنێ. الحسنی لە کتێبەکەیدا "العراق في دور الاحتلال و الانتداب" بە (١٥٠٠) کەسی داناوە. دوکومێنتی ژمارەی F.O.5068-2205 کە لە ١٥ نیسانی ١٩٢٠ نووسراوە ٣ هەزار چەکداری داناوە [٣٤٦:٤٢]

جەنگەوە نەبوو لێی بێزار بوون. هاتبوونە سەر ئەو ڕایەی تورکەکان فریویان داون، بەوەی دەنگوباسی ناڕاست و تژی درۆ و دەلەسەیان پێ ڕادەگەیاندن [٥٨١:٤٦]. ئەو هەڵوێستانەی تورك وای لە هەندێك سەرۆکەکانی کورد کرد هەوڵبدەن پەیوەندی بە هێزی ترەوە بکەن. بۆ وێنە شێخ مەحمود دوای شەڕی شعیبە هەوڵیدا پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە بکات [٦٠].

هاوکات دوای ئەوەی ڕوسەکان لە بەرەکانی سەقزو بانە سەرکەوتنیان وە دەست هێنا، کوردەکانی ئەو دەڤەرە هەوڵیاندا دانوستانیان لەگەڵ بکەن، وەك شێخ ڕەئوفی زیایی لە یاداشتەکانی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکا، ئەویان بە نوێنەری بۆ ئەو دانوستانە هەڵبژاردووە. ئەویش دوای ئەوەی قەول و گلی هەموو عەشیرەتەکان وەردەگرێ، دەکەوتە گفتوگۆ لەگەڵ ڕوسەکان. لە کاتی گفتوگۆدا دەیەوێ وا لە ڕوسەکان بگەیەنێ کە ئەوان دەستیان بۆ درێژ نەکەن و ئەمانیش ڕێگا نەدەن خەڵك هێرشیان بکاتە سەر [٣١٨: ٥٨-٥٩]. لەو کاتەدا هاوپەیمانەکان هەوڵیاندەدا زێتر پەیوەندی بە نەتەوە بن دەستەکانی عوسمانیەکان بکەن. ڕوسەکان ویستیان لە ڕێگای سەفوەت بەگەوە پەیوەندی بە شێخ مەحمودەوە بکەن. سەفوەت بەگ لە ئەیلولی ١٩١٥، لە سەقز نامەیەکی بۆ شێخ مەحمود نارد، لەو نامەیەدا بۆی ڕوونکردەوە کەوا حوکمی عوسمانیەکان بەرەو نەمان دەچێ و دەزگای دەوڵەتیان خەریکە نەمێنێ. هەروەها لەو نامەیەدا باسی چەك و سوپای ڕوسی بۆ کرد کە چەند مەزن کوشندەیەو کورد ناتوانێ بەرەو ڕووی بێتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانی هاریکاری ڕوسەکان بکەن، تا ڕوسەکانیش یارمەتیان بدەن [١٨٧:٣٨]. وەك بەرپەرچدانەوەیەکی هەڵوێستی ڕوسەکان، تورکەکان ویستیان سەرکردە کوردەکان زێتر لە خۆیان نزیك بکەنەوە. لە تشرینی دووەمی ١٩١٥، تەلعەت پاشا کە ئەوسا شالیارگەی کاروباری ناوخۆی بە دەستەوە بوو، داوای لە عەبدولقادری شەمزینی کرد بەلەزی بگەڕێتەوە کوردستان و ڕاپەڕینێك دژی ڕوسەکان پێکبهێنێت. عەبدولقادر ناچار بوو بە سەرزاری ڕازی بێت، وەلێ هاوکات لە بنەوە خۆی گەیاندە ((سیراڤیموچ))ی نوێنەری ڕوسیا لە ئەستانە، کە پەیوەندی بە باڵوێزخانەی ئیتاڵیاوە هەبوو، خاترجەمی کرد پشتیان تێناکات و نایانفرۆشێت ! [٥٨٣:٤٦]. لە پاڵ هەوڵی ڕوسەکان، ئەگەرێکی تری ئەو هەڵوێستەی تورکەکان ئەو ڕاپەڕینە کوردیانە بوو، کە هەر لە نیوەی یەکەمی (١٩١٥)ەوە لە دۆڵی موش و دەرسیم و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا سەریان هەڵدا بوو [٩٠:١٥٦]. شایانی ئاماژە پێکردنە ئینگلیزەکان بە هەمان شێوە پەیوەندیان بە عەرەبەکانەوە کرد. لە ٢١ تشرینی یەکەمی ١٩١٥، ئەدوارد گرای، شالیاری هەندەرانی بەریتانی، باڵوێزی فەرەنگەکانی لە لەندەن پۆل کامبون **Paul cambon** ئاگادار کردەوە، لەو نامە گۆڕینەوەی لە نێوان ئەوان

و حوسێنی شەریفی مەکە رویداوە. ئارەزووی ئەوەی دەربڕی کە هەردوو دەوڵەت پێویستە لەم بارەیەوە بیروڕایان ئاڵوگۆڕ بکەن دەربارەی بەرژەوەندیەکانیان لە دەوڵەتی عوسمانی. دوای ئـەوە دەستکرا بـە دانوستان لـە نێـوان مـارك سایکسـی ئینگلیزی و جۆرج پیکـۆی فەڕەنگسـی [٤٣١:٢٦٥]. هەر لەو ساڵەشـدا کـاتێك شـاندەکەی ئەرمـەن، دکتۆر زاڤریـڤ و نۆبـار پاشـا چوونە پاریس، فەڕەنگەکان ئەو باوەڕەیان نیشاندا کە پێویستە ئەرمەنستانی ئۆتۆنۆمیدار لـە بـن بـاڵی روس و فـەڕەنگ و ئینگلیزەکـان دابمـەزرێ. هـەر لـەو دانیشـتنەدا باسـی ئۆتۆنۆمـی کوردستانیش کرا [٥٤:٥٠].

نزیـك بوونـەوەی هاوپـەیمانان لـە کـورد و عـەرەب و نەتـەوەکانی تـری بـن دەسـتی عوسمانیـەکان. لـە روانگـەی بـەرژەوەندی سیاسـی و سـتراتیژی و سـەربازی خۆیانـەوە بـوو، گەرەکیان بوو دەوڵـەتی عوسمـانی لـە نـاوەوە هەڵتـەکێنن. چونکـە دەرچوونـی عوسمانیـەکان لـە جەنگ، واتای ئارام بوونەوەی بەرەکانی رۆژهەڵات بوو، کە ئەمـە کـاری لێدانـی ئەڵەمانـەکان و دەوڵەتانی ناوەندی لە بـەرەکانی رۆژئـاوا ئاسـانتر دەکـرد. بۆیـە بـە هـەمان مەبەسـت هـەوڵیاندا خۆیـان لـە جـەمال پاشـا نزیـك بکەنـەوە، بـە تایبـەتی دوای شکستەکەیان لـە دەردەنیـل، تـا راپەڕینێك لە دەوڵەتی عوسمانی دایسێنێ. جەمال پاشا رازیبوو. بەو مەرجەی هاوپەیمانان دان بە مەرجەکانیدا بنێن، کـە بـریتـی بوو لە پاراستنی سـەروەرێتی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە ناوچـەکانی سوریا و فەلەستین و میسۆپۆتامیا و کیلیکیە و ئەرمەنستان و کوردستان. هەروەها جـەمال پاشا خۆی ببێتە سوڵتان. بەرامبەر ئەمـەش رابگەیـەنێ کـەوا سـوڵتان و حکومـەتی دیلـی بـن دەسـتی ئەڵەمانەکان و بانگەشەی جەنگ بکات لە دژیان. هەر کاتێکیش جەنگی راگـەیاند، هاوپـەیمانان هەرێی ئەوەی پێ بدەن کە چەك و ئازووقەی پێویست بۆ سوپاکەی دابین بکـەن، ئەمـەو لەگـەڵ چەند مەرجێکی تر. کەچی دوای ئـەوەی روسـەکان لـەم بارەیـەوە لەگـەڵ ئینگلـیز و فەڕەنگـە هاوپەیمانەکانیان ئاخاوتن، ئەوان بەو مەرجانە رازی نـەبوون [٧٦:٢١١]. جێگـای سـەرنجە هـەر لەو ماوەیەدا ئەڵەمانەکانیش هەوڵیاندەدا دەسەڵاتی سیاسـی لـە ئێران بگـۆڕن. قـاو واکەوتـەوە کودەتایەك خەریکە سەرتاسەری ئێران بگرێتەوە. ئەمە بووە سۆنگەی ئەژواری و هاموشـۆیەکی بـەهێز لـە نێـوان روس و ئینگلیزەکـان. روسـەکان فـەرمانیان بـە هێزەکانیـاندا بـەرەو تـاران بجولێنەوە. ئەمەش نوێنەری ئەڵەمانەکان و دۆستەکانی ناچار کرد بەرەو قـوم بـڕۆن. ئەڵەمانـەکان لەو کاتەدا (یەکێتی ئیسلامیان) دامەزراند بوو بۆ ئەوەی دژی ئینگلیز و روسە گاورەکان شـەڕ بکـەن! کۆمـەڵێکی زۆر خـەڵکیان لـە دەوری خۆیـان کۆکردبووەوە، لە پـاڵ لایەنـی دینـی دەیـانویست سود لـە لایـەنی ئـەتنیکیش وەربگـرن، وایـان بڵاودەکـردەوە ئێرانیـەکان ئـاری

نەژادن و کرمان، کە شارێکی ئێرانی بوو لە (جەرمان) هاتووە ! [١٧٠:٣١٧]. پڕوپاگەندەی ئەڵمانەکان هێندە بەهێز بوو، تەنانەت شای ئێرانیش دەیویست تاران جێبهێڵێ، تا لە دوا چرکە ئینگلیز و روسەکان پێی راگەیشتن، خاویان کردەوە و رازیان کرد واز لە بیرۆکەی جێهێشتنی تاران بێنێ [٢١:٣١٤]. وەك لە زۆر شوێنی تر ئاماژەی پێکرا، لایەنی ئاینی و تایفەگەری رۆڵێکی گەورەیان لەو جەنگەدا دەبینی، لەوانە هاندانی کوردە شیعەکانی بۆ گرتنی کەربەلا، هەروەها لایەنی ئایینی، لە پاڵ نیشتمان پەروەریتی، وای لە یەکێکی وەکو فەتاحی قازی کرد بە توندی پشتگیری غەزا بکا. وەلێ عەشیرەتەکانی ناوچەی دەوسیم لەبەر ئەوەی شیعە بوون، بایەخیان پێ نەداو بە بێلایەنی مانەوە [٤١:٣٢٠]. لەو سۆنگەیەش بوو فەتاحی قازی لە کاتی گەڕانەوەی روسەکان بۆ مەهاباد، بەوپەڕی لە خۆبوردوییەوە بەرەنگاریان بووەوە. کوڕێکی لەو شەڕەدا کوژرا، خۆشی تا دوا فیشەك شەڕی کرد، کاتی ئەویش کوژرا ١٧ گوللە بە لەشیەوە بوو ! [١٨٣:٤٣].

ئەڵمانەکان لەو گاڤەدا لە کوردستان بە گەرمی کەوتبوونە خۆ و چالاکیان دەنواند، مارشاڵی ئەڵمانی ڤۆن دەرگۆڵتز Von der Goltz لە کانوونی دووەمی ١٩١٦ خۆی سەردانی ناوچەکوردیەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی کرد، پڕوپاگەندەی تورکەکانیش لە نێو هۆزەکانی کاشان و کوردستان گەیشتبووە رادەیەکی وا لێپرسراوە ئێرانیەکانی تووشی دڵەڕاوکێیەك کردبوو [٢٤٥:٢٣٥]. هۆی زێتر بایەخ پێدانی تورك و ئەڵمانەکان لەو کاتەدا بە کورد، باوەڕنەمانی کورد بوو پێیان کە پەیتا پەیتا هێزەکانیان جێ دەهێشتن، لە کۆتایی ساڵی ١٩١٥ ژمارەی کوردەکان لە سوپای سێیەمی تورك کە بەرامبەر روس بوون، تەنیا ٨-١٠ هەزار کەس مابووەوە [٨٩:١٥٦]. لە کاتێکدا بەر لەو کاتە، کورد زۆرینەی هەرە زۆریان پێکدەهێنا. لە لایەکی تر ئەڵمانەکان هەوڵیاندەدا لە ناوچە گرنگ و ستراتیژیەکانی کوردستان کەلێنێك بدۆزنەوە تا بیکەن بە بنکەیەك بۆ فراوان خوازی بەرەو دەڤەرەکانیتر و دەستێکی کاریگەر لە هاوپەیمانان بوەشێنن لە سەرجەم رۆژهەلاتی ناڤیندا. بۆیە چاوساغەکانی تورك لە ناوچەکانی وورمێ و خوارووی رۆژهەلاتی کوردستان، چوستیەکی تەواویان دەنواند. دەیانویست دیوارێکی پتەو لە کورد دروست بکەن لە نێوان هێزەکانی روس و ئینگلیزدا. هاوکات ئەو هێزەی کورد رێگا لە باڵی راستی هێزەکانی روس بگرێت و رێگا نەدات هێرش بەرنە سەر هێزەکانی تورکیا لەبەرەی قەوقاز [٦٠٠:٤٦]. شایەنی باسە ماوەیەك بەر لەم کاتەش، بەهۆی کرداری هۆڤیانەی تورکەکان سەردارە کوردەکانی کرماشان نیگەران بوون، کە بەڕای ئەڵمانەکان ئەمە زیانی بە یەکێتی ئیسلامی دەگەیاند. بۆیە هەوڵیاندا دڵی کوردەکان رابگرن لە

خوسرەو ئاوا (خوسرەو ئاباد) لەگەڵ سەرۆکە کوردەکان کۆبونەوەو ڕێکەوتننامەیەکیان لەگەڵ گرێدان، کە هەر بەناوی ناوچەکە خوسرەو ئاوا ناسـرا. بـەپێی ئـەم ڕێکەوتننامەیـە کوردەکـانی کرندو ناوچەکانی سنوور بۆیان هـەبوو بـە ئاسـوودەیی لـەماڵی خۆیـان بژیـن و بەرهەمـەکانیان کۆبکەنەوە. جێگـای ئامـاژە پێکردنـە لـەنێو ئەوانـەی ئـەم ڕێکەوتننامـەیان مۆرکـرد سـیخوڕی بەناوبانگی ئەڵـەمانی (شـیومان) بـوو [٦٥:٣٢٦]. دوای ئـەم هەوڵانــە ئەڵەمانـەکان توانیــان حکومەتێك لە قوم دابمەزرێنن، پاشان گواستیانەوە بۆ کرماشان، تا لە سنوورەکانی خۆیان نزیك و لـە دەسـتی روسـەکان دوور بێـت. هـەروەها پشـت بـەو هێزانـەی تـورك ببەسـتێ کـە لـە میسۆپۆتامیادا بوو. ئەو حکومەتە بە سەرۆکایەتی (نیزامولسەڵتەنە) فـەرمانڕەوای لوڕسـتان بـوو، کە لە کانونی یەکەمی ١٩١٥ ڕێکەوتننامەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەڵەمانەکان مۆر کرد و هەرێی پێدان لە ناوچەکانی بن دەسـتیدا ٢٠ هـەزار سـەربازیان بداتێ. بارتـەقای ئـەوەش ئەڵەمانـەکان هەرێی چەك و تەقەمەنیان پێدا، لەگەڵ مەشقوانی ئەڵەمانی و دابینکردنی دارایی مانگانە. دواتــر کـۆمیسـاری ئـەڵـەمانـی بـە شێوەیەکی رەسمی کاغەزی پشت پێ بەستنی (اوراق الاعتمـاد) بـە حکـومـەتـی نیزامـولسەڵتەنـە داو نێـردەیـەکـی سـەربازی ئەڵـەمانی نـارد بـۆ ئـەوەی مەشـق بـە سـەربازەکانیان بکـات [١٥٨: ٧٤-٧٥]. هـەروەها ئەڵەمانـەکان بـۆ پتـەوکردنی ئـەو بەرەیــە هـەوڵیاندا پـەیوەندی بـە هـێزە بەرهەڵستکارەکانی روس بکـەن. وێدەچــێ لەگـەڵ ئــەوانیش گەیشتبوونە جۆرە ڕێکەوتنێك. لە نامەیەکی باڵوێزی ئەڵەمانی لە بـایرن، کـە لـە سـاڵی ١٩١٥ نووسیویـەتی و بۆ شالیاری هەندەرانی وولاتەکەی نـاردووە باسـی پرۆگرامێـك دەکـات کـە لـە هەشت بەند پێك هاتووە، تیایدا باسی ئەوە دەکا کەوا لینـین و هاوەڵـەکانی ئەگـەر دەسـەڵاتیان بکەوێتە دەست ئەو بەندانە جێبەجێ دەکەن، بـە گوێـرەی بـەندی هەشـتەمیش دەبوایـە سـوپای روس بەرەو هیندستان بکشێت [٢٧٧:٨٥]. بێگومان دامەزراندنی حکومەتێك لـە ناوچەیـەکی کــوردی و لــە ژێــر ســەرکردایەتی کـوردێــك واتــایــەکــی زۆری دەگــەیــانــد و هــەڕەشــەیــەکـی ئێجگــار زۆری لــە هــاوپــەیـمانــان دەکـرد، بـە تایبـەتی لـە ئینگلیزەکـان. دەتوانین ئێژین ئەو ململانێیە لـەو سـاڵەدا بـووە سـۆنگەی دامـەزراندنی حکومـەتێك لـە کـاتی جەنگدا کەسیماو مۆرکی کوردی زۆر پێوە بوو، هەروەها کاریگەری زۆریشی هەبوو لـە سـەر ئەو هێرشانەی کە دواتر کرانە سەر کوردستان.

روسەکان وەك ڕێگا گرتنێك لـەو کـارە هـەوڵیاندا هـۆزە کوردەکـانی ئـەو دەڤـەرە لـە خۆیان نزیك بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەسـتە باراتۆڤ هـەموو عەشـیرەتەکانی روانسـەر و جوانـڕۆ و سنجاوی و گۆران و هۆزەکانی تریشی بانگهێشتە کردجڤاتی یەکیەتی عەشایری(مجلس اتحـادی

عشایری) دامەزراند. دوای ئەوە کوردەکان لە ناوە خۆشیان کۆبونەوەیەکیان سازدا کە شێخ مەحمود و هەموو خانەکانی هەورامان و مەریوان بەشداریان کرد، کۆبونەوەکە لەماڵی مەحمود خانی کانی سانان ئەنجام درا. هەموویان بەڵێنیان بە یەکتردا کە یەکیەتیەکی عەشایری دابمەزرێنن، دواتر سەر لە نوێ بەڵێنەکەیان بۆ یەکتر دووبارە کردەوە [٣٢٩:٣٢٩]. لە راستیدا روسەکان دەیانویست هەرچۆنێك بێت ئەگەر نەشێن کورد بۆ خۆیان رابکێشن، وایان لێبکەن خەڵکیتر کاریان لێ نەکات. لە کۆتایی ١٩١٥ میر نیکولای نیکولاڤیچ، نوێنەریتازەی روسیا لە قەوقاز، فەرمانی دا نەخشەی سیاسەتێکی دەست نیشانکراو بۆ کورد دابنرێت. مەبەستیشیان لەم سیاسەتە ئەوە بوو ناکۆکی نێوان کوردەکان نەهێلن و بە هەر چۆنێك بێت کوردەکان بۆ لای خۆیان راکێشن، تا پێویستیەکانی سوپاییان پێ دابین بکەن، وەلێ تا بە ووردی لێیان نەکۆڵرێتەوە و زێرەڤانیان نەکرێت چەکیان نەدرێتێ ! [٤٦: ٦٠٥-٦٠٦]. هەر لە پێناو ئەم ئامانجەدا، سمکۆیان گەڕاندەوە، دوای ئەوەی لە دوای جەنگەوە بەدیلیان گرتبوو رەوانەی تفلیسیان کردبوو. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٦ سمکۆ تفلیسی بەجێهێشت و گەیشتە سەلماس، هەرچەندە بەرایێ پەیوەندی نێوان روسەکان لەگەڵ سمکۆ تژی گومان بوو، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا ژەنراڵ چێورنەزۆبۆف بەردەوام داوای لە سمکۆ دەکرد سەردانی بکات، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ لێپرسراوانی روس بکات [٤٦:٦٢٣]. شایانی باسە لەبەر ئەوەی روس و ئینگلیزەکان مێژوویێکیان بەیەکەوە هەبوو، متمانەیان زۆر بە یەکتر نەدەکرد، هەریەکەیان لە زێدەبوون و پەرەسەندنی نفوزی ئەوەی تر دەسەنگریەوە. لەو کاتەدا گوستریای روسی جیاوکی پەترۆڵی بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ لە ئێران وە دەست هێنا، ئەمە ترسێکی گەورەی خستە دڵی ئینگلیزەکانەوە، سەرباری ئەوەی لە وەدەست هێنانی پەترۆل بێ هیوای کردن. روسەکان بنکەیەکی تژی بایەخیان کەوتە دەست بۆ گرداني ململانێی ئیمپریالیستی لە نێوان خۆیان و بەریتانیادا [٢٤:٢٧٥]. ئەو گۆڕانە بەلەزانەی لە سەر گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناڤین روویاندا زەندەقی ئینگلیزو فەرەنگەکانی برد، بۆیە هەوڵیاندا رادەیەك بۆ ئەو مەترسی و ناکۆکیانە دابنێن. لە کۆتایی شوباتی ١٩١٦ دا سایکس و پیکۆ چوار چێوەی پرۆژەیەکیان دانا بۆ پارڤە کردنی تورکیای ئاسیایی. هەر لە مارتی هەمان ساڵدا ئامادەیان کردوو دایان بە روسەکان. کوردستان بە پێی ئەو پرۆژەیە بە شێوەیەکی وا لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتە پارڤە کرابوو، وەك پارچەیەك لەو دەوڵەتانەی لێ دەهات، یاخود هیچ نەبێت بە تەواوی دەیخستە بن سایە و دەسەلاتیان. فەرەنگەکان بەشە هەرە چاکەکەی کوردستانیان دەکەوتە دەست، باشوری کوردستان و هەموو رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا، لە سنوورەکانی ئێران تا دەریاچەی وورمێیان پێ

دەبڕا. چارەنووسی بەشەکانی تری کوردستان و ئەرمەنستان دانران بۆ ئەو کاتەی دەتوانن تورکەکان رازی بکەن، پاشان هەریێیان بە روسەکاندا، ئەرزەڕۆم و وان و دەڤەرەکانی کورد و لازەکانیان بدەنێ. ئەوەی لە باشوری رۆژهەلاتی ئەناتۆلیا دەمایەوە، لەوانە موش ئەویش بدرێتە فەڕەنگەکان [٤٦: ٦٣١-٦٣٢]. هەر لە مارتی ١٩١٦، بۆ ئەوەی باشوری کوردستان لەو مەترسیانە بپارێزن کە رووبەڕووی دەبۆوە، فەرمانیان بە پرسی سایکس دا، لە ئەفسەرانی ئینگلیزی و هیندی هێزێك دابمەزرێنێ. ئەوەبوو ئەو هێزەیان دامەزراند و ناویان نا (تفەنگدارانی باشوری ئێران S.P.R) هەرچەندە فەرمانفەرما، سەرۆکی حکومەتی ئێران لە تەموزی ١٩١٦ دامەزراندنی ئەو هێزەی واژۆ کرد، وەلێ ئینگلیزەکان هیچ کاتێك نەشیان ئەو هێزە بە رەسمی بێننە ناسکردن [٥٢:٣١٩]. لەبەر ئەوەی ئەو هێزە لە ناوچەکانی کوردستان بووە، بۆیە دەبێ کوردیش بەشداریان تیا کردبێ.

روسەکان لەو ماوەیەدا سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنیان بە سەر تورکەکان و ئەڵمانەکان وە دەست دەهێنا. لە بەهاری ١٩١٦ بەرەو خانەقین و رواندز هاتن، هەرچی لە بەرەی سلێمانی بوو، ئەوا هێزەکانیان لە لای سنە (Sne) وەستان [٣٥:١٩٢]. دوای ئەوە بانە و سەقز و میاندواو تا شاخی تاریەیان گرت لە سنووری سلێمانی. شێخ مەحمود بە سوپایەکی گەورە رووبەڕووی سوپای تەزازی روس بۆوەو لە لای بانەو مەریوان لە یەکیاندا، روسەکان دوچاری تێکشکان بوون [٢٧:٣٨]. لە پاداشتی ئەو سەرکەوتنانە، تورکەکان چەند سەرۆك هۆزێکی کوردیان گوللە باران کرد، گوایە لە کاتی شەڕدا گوندەکانیان تالآنکردووە ! وەلێ راستیەکەی ئەوە بوو دەسەلاتی ئەو کوردانە کەم بکاتەوە، کە لە سۆنگەی ئەو سەرکەوتنانەوە وەدەستیان هێنابوو [٤: ٢٠]. هاوکات رێگای ئەوە بگرن بەم سەرکەوتنانە بەخ و لە خۆبایی بن و چاویان بشکێنن. مستەفا پاشای یامولکی لە بانگی کوردستان سەر ووتارێکی بە ناوی عیبرەت نووسیوە ، تیایدا ژمارەی ئەو کوردانەی گوللە باران کران بە ١٧ پیاوی سەنگین دادەنێ [٩٨:٨٠]. روسەکانیش سەرباری ئەو کارە تژی هۆڤیەتیەی دژی کورد و خاکی کوردستان ئەنجامیان دەدا. بەردەوام بوون لە کارکردن بۆ راکێشانی کورد بە لای خۆیاندا، بە تایبەتی گەرەکیان بوو ئەو عەشیرەتانە بۆ لای خۆیان راکێشن کە لە خوارووی هێڵی کرماشان- خانەقین نیشتەجێ بوون، ئەمەش هێڵی لەیەکدابڕانی هێزەکانی روس و بەریتانیەکان بوو. لە راپۆرتێکی باڵوێزخانەی بەریتانیا هاتووە : "باشترین رێگا بۆ راکێشان و بێلایەنکردنی کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ئەوەیە، عەشیرەتەکانی دەورووبەر بۆ خۆمان رابکێشین، وەکو

بەختیاریەکان و والی پشکۆ و کۆمەڵەکانیان" [٣٨٩:٢٧٦]. ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە ئینگلیز و روسەکان لە یەك کاتدا بایەخیان بە هۆزەکانی ئەو دەڤەرە داوە. تا رادەیەکی زۆر پشتیان بە شوێن و رۆڵی کوردەکان بەستووە، لە حوزەیرانی ١٩١٦ سازانۆڤ بۆ تارانی نووسی : "ئەگەر هاتوو هێزەکانی باراتۆڤ کشانەوە، تەنیا ئەوە لە حکومەتی شا دەخوازین دەسەڵاتی خۆی بەکاربێنێ و بە هەموو توانایەکەوە هەوڵبدات کوردەکانی کوردستان* و کرماشان بدەنە پاڵ ئێمە" [٦٢٢:٤٦]. ئەڵمانەکانیش بەیاننامە و چاپەمەنیەکانی پان ئیسلامیەکانیان بە هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکردەوە. بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە روسەکان دووربخەنەوە و بەرەو تورکەکانیان رابکێشن [١٢:٣٥]. هەرچی دەربارەی هەڵوێستی کورد خۆیەتی، ئەوە لە سۆنگەی پارچە پارچەیی خاکەکەی و چون یەك نەبوونی رەفتاری لایەنە شەڕوانەکان لە هەموو ناوچەکاندا، یەك هەڵوێستی نەبوو. بەڵکو هەڵوێستەکانی وەکو کاردانەوەیەك بوو بۆ ئەو کارانەی لەو شوێنانە بەرامبەری کراوە. بۆ وێنە هەرچەندە روسەکان لە باشوری رۆژهەڵاتی کوردستان، بەو کارە هۆڤیانە هەڵدەستان، لە باکور بە هەمان شێوە نەبوون. بە تایبەتی لە ساڵی ١٩١٦. چونکە کاتێك ساڵداتی ** روسی ئەرزەڕۆمی گرت، ڕێگای نەدا یەك ئەرمەنی بچێتە نێو شارەوە، هەروەها فەرماندەی سوپای یەکەم کە ئەو شارەی بن دەست کرد، ڕێگای نەدا یەك تیپ ئەرمەنیان تیا بێ بەم لایەدا بچێ [٣٢٦:١٥٤]. هەر بۆیە کاتێك سوپای روسی بەرەو ئەرزەڕۆم و وان چوو، عەبدولڕەزاق بەدرخان پەیوەندی پێوەکردن. بەو ئامانجەی کورد هاریکاری روس بکەن، روسیش یارمەتی کورد بدەن بۆ سەرخوەبوون [٣٠٠:٢٧٦].

لە راستیدا بوونی رۆشنبیرانی کورد لە بەرەکانی جەنگدا، وای لێدەکردن بە وریاییەوە ئاگاداری ئەو سیاسەتە نەبن کە لە لایەن شەڕوانەکانەوە دژیان پیادە دەکرا. وەك سورەیا بەدرخان نووسیویەتی : گەلێك لە پیاوە کوردەکان کە لە سوپای تورکدا سەرباز بوون ئاگایان لە سیاسەتی تورك نەبوو لە کوردستان. لەو کاتەدا پڕوپاگەندەیەکی بەهێزیان دەکرد بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەرمەنی و دیانەکان، بە کوردەکانیشیان دەگوت، روسەکان لەگەڵ ئەرمەنیەکان ڕێکەوتوون کوردستانیان بدەنێ. بۆیە هەمدیس کورد بوون بە داردەستی تورکەکان. کاتێکیش سوپای تورك شکستی هێنا. کوردەکانی

---

* مەبەستی لە سنەیە.

** ساڵدات: سەربازی روسی

وان و بەدلیس و ئەرزەڕۆم رایانکرد و کشانەوە ناوچەکانی دیاربەکر و موسڵ [٤٨:٥]. ئەو بارەی لە کاتی جەنگدا دروست ببوو وایکرد پلانی تورکەکان بەرامبەر بە کورد سەربگرێ. سەرکەوتنی پلانی تورکەکانیش واتای سەرنەکەوتنی پلانی تێکۆشەرانی کورد بوو. کە هەوڵیاندەدائەو گوریەی کورد لە جەنگدا دەیدا شێوازێکی نەتەوەیی وەرگرێ و کە جەنگ دیماهی هات کوردیش شتێکی دەست کەوێت. لەو کاتەدا کورد زێتر هەوڵیاندەدا لە روسەکان نزیك ببنەوە، وەڵێ روسەکان گەرەکیان نەبوو هیچ هەرێیەك بە کورد بدەن. لە ساڵی ١٩١٦ چەند سەرۆکێکی کورد ئامانجی سەرخوبوونی کوردیان خستە بەردەم لێپرسراوە روسەکان. کامیل بەدرخان داخوازیە نەتەوەییەکانی کوردێ بە میری میران نیکۆلای نیکۆلاڤیچ راگەیاند، کەچی کاربەدەستانی روس لەم رۆژانەدا رازی نەبوون لە روانگەی دۆزێکی سەربەخۆوە بڕواننە دۆزی کورد ! [٦١٧:٤٦]. بۆیە کورد بە ناچاری، کە کەس دەرگای بە روویدا نەکردەوە، لە پاڵ تورکەکان مایەوە. لە ١٥ تەموزی ١٩١٦ هێزە کوردیەکانی سوپای تورکی لە دژی هێزەکانی روس کەوتنە شەڕەوە. ئەنجامی ئەو شەڕەش شکست و پاشەکشەی روسەکان بوو. ژمارەی ئەو کوردانەی لەبەر نەخۆشی و برسیەتی و سەرما و سۆڵە لە ناوچوون، زۆر لە زیانی شەڕەکە زۆرتر بوو [٣٨:٢٤].

لەگەڵ ئەوەی هەموو لایەنە رکابەرەکان گەرەکیان بوو کورد لە پێناو مەبەست و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاربێنن. پەیتا پەیتا دروشمی سەرنج راکێش و بریقەداریان بەرزدەکردەوە. یەکەم راگەیاندنی هاوپەیمانان دەربارەی گەلانی ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەو یاداشتنامەیە بوو کە شالیاری هەندەرانی بەریتانیا باڵفۆڕ لە ١٨ کانونی یەکەمی ١٩١٦ بۆ سەرۆکی ئەمەریکایی نارد. تیایدا ئەوەی درکاند یەکێك لە ئامانجەکانی هاوپەیمانان لەم جەنگەدا ئەوەیە ئازادی بۆ ئەو خەڵکە دابین بکەن کە لە بن دەسەڵاتی تورکی خوێناویدان[٧٥:٢٣٧]. نەك بەرژەوەندی لایەنە شەڕوانەکان لەگەڵ کورد یەکی نەدەگرتەوە، بگرە ئەو لایەنانە لە نێو خۆشیان کۆك و تەبا نەبوون. بۆیە لە بەهاری ١٩١٧ کاتێك روسەکان بەتەمابوون هێرش بکەن، ئینگلیزەکان توانیان بە بەرتیل و هەرێ پێدان ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای خۆیان رابکێشن [٩٨:١٥٦]. لەم بارەیەوە مینۆرسکی نووسیویەتی: "بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە ببینە هاورێی کوردەکان، بە تایبەتی لەم رۆژانەدا کە نیازی پەلاماردانی (موسڵ)مان هەیە. ئێستا کاتی ئەوە نیە کۆنە کا بەبا بدەین، راست نیە دان بە سەربەخۆیی کوردنەنرێت. من دڵنیام کورد میللەتێکی زیرەك و خاوەن ئامانجێکی نەتەوەیی

روونه" [٦٤٩:٤٦]. ئەم جەورو ستەمەی لە کورد دەکرا، چ لە لایەنی مرۆییەوە کە وەکو جەنگاوەر لە ژێر چەندین پەردەدا فریویان دەدا و لە جەنگ بە کوشتیان دەدا، یاخود وەکو میللەت، کە باری گرانی ئەو سوپایانە کەوتبووە ئەستۆی، بە تایبەتی سوپای عوسمانیەکان، کە هەر لە سەرەتای جەنگەوە باری ئابووریان پەرێشان بوو، چ لەوەی خاکەکەی ببوە گۆڕەپانی شەڕو بەیەکدادان. شاعیرێکی وەکو مەلا حەمدون زۆر بە جوانی سالوخدانی ئەم بارەی کردووە، کە دەڵێ:

"ژەندرمە ئەسوڕێتەوە وەك واشەی برسی

بۆ لاشەی میللەت بە فڕوفێڵی غەزاوە

فەوتاوە لەبەر سوخرە کەرو هێستر و یابو

حوشتر سەقەت و شەل بوە گا پشتی شکاوە

کەر شەوقی زەڕینی نیە حتی لە بەهارا

ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری قەضاوە"

[٢٢: ١٣٢-١٣٣]

هاوکات لەگەڵ ئەم بارە ناهەموارەدا بیری نەتەوەیی کوردی بوژانەوەیەکی بەسەرداهات، بۆیە دەتوانین ساڵی ١٩١٧ بە ساڵی بوژانەوەی بیری نەتەوەیی کورد دابنێین لە کاتی جەنگدا. لە سلێمانی شێخ مەحمود ئاوری خەباتی دایساند. دەنگی ناڕەزایی لە هەموو لایەك بەرز بوەوە، گەلێك لە خێڵەکانی کورد کەوتنەوە کۆچ و ڕەوی خۆیان بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو کۆسپ و ئەستەنگانەی تورك بۆی چێدەکردن [٦٣٨:٤٦]. هۆزی تر هەبوو بەرگەی ئەم بارە سەختەیان نەگرت، ژمارەیەکی زۆر بۆ چیاکانی ئەرمەنستان هەڵاتن، بنەماڵە و هۆزی جیاجیای یەزیدی لە عینتاب و هەرێمی فارس و وان هەڵاتن. لە سەرەتا لە (سورمالین)ی پارێزگاری یەریڤان گیرسانەوە [٩٧:٥٨]. هەرچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بارەکە جۆرە ڕێکخستنێکی بەخۆوە گرتبوو. لە ١٧ تەموزی ١٩١٧ یەکەمین کۆنگرە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرۆکەکانی کورد گرێدرا. ئەم کۆنگرەیە سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. خۆپیشاندانێك بوو بۆ دۆستایەتی و هاریکاری کوردی -ڕوسی، پەیوەندی باش لە نێوان

روسەکان و زۆر لە سەرۆك هۆزەکانی کرماشان بەسترا. هەروەها لە ١٤ ئـەیلول کۆنگرەیـەکی تر لـە سنـە لە نێوان ٢٧ سەرۆکی کورد گرێدرا. ژەنەڕاڵ باراتۆف ئـەو ڕێکەوتننامـەی لەگـەڵ خانە کوردەکـان مۆر کـرد. نـاوەڕۆکـەکـەی بـە گوێـرەی گلیـەکانی بـاراتۆف ئەوە بـوو: "عەشایرە کوردەکانی کوردستان و کرماشان، کە دوژمنی ئێمە بـوون، لە ئێستـاوە بـە تـەواوی دۆستـی ئێمـەن و تـەیـاری بـەرگـری کـردنـــن لـە سنوورەکانـــی کوردستـــان"[٩٩:١٥٦]. هەر لەو ساڵەشدا کە روسەکان خەریك بوون هێرشێکی تر بۆ نـاوچـــەی سـلێمانی بکەنـەوە، ساردی نێوان شێخ مەحمود و تورکـەکانیان بـە هـەلزانی ، بـاراتۆف نامەیـەك و شمشێرێکی بـە دیاری بۆ شێخ نارد. بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەرام بکات، نامەیەکی تریشی بۆ نارد، کە تیایدا باسی ئەو سەرۆکە کوردانەی دەکرد تورکەکان گوللە بارانیان کردبوون. داوای لـە شێـخ کـرد تۆڵەی ئەوانە بکاتەوە و وولاّتەکەی لە بن دەستی تورکەکان رزگار بکـات [٣٨:٢٨]. بەرامبـەر ئەو گۆڕانانەی لە هەڵوێستی کورد روویدا بەرامبەر بە روسەکان، دەبێ روسەکانیش بـەڵێنێکیان بە کورد دابێ ! لە راستیدا هۆی ئەوەی کوردەکان زۆرتر لەگەڵ روسـەکان بـوون، چونکـە لـە دەڤەرەکەیان نزیکتربوون، ئینگلیزەکان هێشـتا لـە باشوری میسۆپۆتامیاوە بـەرەو کوردستان نەهاتبوون. باسیل نیکتین کە کونسوڵی روسەکان بوو لە وورمـێ لـەم بارەیـەوە نووسیویەتـــی: "لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧ لە مەڵبەندی کونسوڵخانەکەم پێشوازیم لە شاندێکی کورد کـرد، کـە لــە لایــەن کۆمەڵەی رزگارکردنی کوردستان (جەمعیەی استخلاصی کوردستان) نـێردرابوون. نامەیەکیان لە سەید تـــەهاوە بۆ هێنا بووم، تیایدا داوای لێدەکردم چاوی بە پیـاوانی سـەربازی روسی بکـەوێ، بـۆ ئـەوەی لـە ســەر کـارێکـــی هـــاوبەش دژی تـــورکەکـــان لەگەڵیانـــدا رێکەون، کە بتـوانن کوردستان رزگار بکـــەن[١٤٢:١٨٤]. شایانـی ئاماژە پێکردنە هــەر لـەو ساڵەدا عـەباس خـانی سـەردار رەشید، کـە نـەوەو میراتگــری میــری ئـــەردەلان بـــوو، لـە روانسەرەوە راپەڕینی بەرپاکرد بۆ ئەوەی حکومەتە لە دەست چووەکەیان بگەڕێنێتـەوە. لەگـەڵ سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەو دەڤەرە لە بنەوە پەیوەندی بەست، هەموو هەرێیان پێدا یارمەتی بدەن و پشتی بگرن [٢٧: ٧٢-٧٣].لە لایەکی تریشەوە فەرەنگەکانیش هەوڵیاندا لـە کـورد نزیـك ببنەوە. حکومەتی فەرەنگسـا لـە ١٣ کـانونی یـەکـەمی ١٩١٧ هـەموو کاربەسـتانی ناوچەکـەی ئاگادار کردەوە، کە کۆلۆنێل شاردینی بکرێتە لێپرسـراوی دۆزینـەوەی رێگایـەك بـۆ گفتوگـۆ کردن لەگەڵ سـەرۆکە کوردەکـان [٢٦: ٢١٠-٢١١]. ئـەو نزیـك بوونەوەیـە لـە کـورد لـە

سۆنگەی ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە لە بەرەکانی جەنگدا روویاندەدا، یاخود وا چاوەڕوان دەکرا روو بدات.لە هەمان کـاتدا نـاڕەزایی کـورد بەرامبـەر تورکـەکان گەیشـتبووە ئاسـتێکی بـەرز، چونکە هیچ حسێوێکیان بۆ کورد نەدەکرد. تەنانەت دوای کشـانەوەی هێزەکانـی روس لـە بەرەکانـی جەنگ، پـاش سەرهەڵدانی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، وەك ئاشـکرایە تورکـەکان کەوتنـە پەلاماردانی باکوری کوردستان و قەوقاز و ئازربایجان. لە ڕێگادا کەوتنە قڕکردنـی ئەرمەنـەکان، ئەگەرچی ئەو سوپایە ژمارەیـەکی زۆری کـوردی لەگـەڵدا بـوو، کـەچی هـەندێك لـە ئەفسـەرە تورکـەکان، کـە دەسـتیان بـە سـەر تـەوریز داگـرت، بـە ئاشـکرا رایانگـەیاند بـە گەیشـتنیان (zo)*یان لەناوبرد لە گەڕانەوەشـیان (Lo)** یـەکان قـڕ دەکـەن ! [١٤٢:٣٤٨]. یـەکێکی وەکو جەلادەت بەدرخان لەو نامەیەی لە سیەکاندا بۆ مستەفا کەمالی نـاردووە، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکا کە رۆژانە چەندین جار ئەو پەیڤانەی لە بن گوێ گوتـراوە[١٨:١٥١]. سـەرهەڵدانی ئـەو گۆڕانانە و هەوڵدانی لایەنەکان بۆ نزیکبوونەوە لە کورد، بە تایبەتی نزیك بوونەوەی روسـەکان لە کورد، مەترسی خستە دڵی ئینگلیزەکانەوە. چونکە دەیانزانی ئەمە دەبێتە ئەگەری بالاّ دەسـتی نفـوزی روسـەکان. لـە کـانونی دووەمـی ١٩١٨ پیـاوانی ئینگلـیز راپۆرتێکیـان بـەرزکردەوە دەربارەی نادڵسۆزی ئەو عەشیرەتانەی لە سـەر سـنووری ئـێران ـتورکـی نیشـتەجێ بـوون. بـە تایبەتی عەشیرەتی سنجاوی کە مەترسیەکی بەردەوامی بـۆ ڕێگـای هـات و چـۆی بەریتانیـەکان چێکرد بوو.بۆیە لە نیسانی ١٩١٨ هێزیان کردە سەر ئەو عەشیرەتە، سـەرباری ئـەوەی لەگـەڵ ژمارەیەك لە سەرۆك و خاوەن دەسەلاّتە کوردەکان ڕێکەوتن، ئەو هێمنـی و ئارامیـە نەهاتـە دی لە ڕیـزی ئـەو کوردانـەی لـە ناوچـەی کـرداوە سـەربازیەکانی بـەریتانیادا بـوون [٢٦:٢٥٥]. سۆنگەی ئەمەش وەك ویلسن نووسیویەتی نماینەدەکانی دوژمـن چالاّکانـە لـە نێـو ئـەو هێزانـەدا کاریان دەکرد. بە تایبەتی لە نێو ڕیزی سنجاویەکان خەڵکی وایـان دۆزیبـوەوە ئـارەزووی ئـەم جۆرە کارانەیان هەبوو. بۆیە هێرشیان دەکـردە سـەر کـاروانی ئینگلیزەکـان. تـا ئینگلیزەکـان هەڵسان بە ڕێکخستنی کۆمەڵێك عەشیرەتی کوردی، کە دۆستیان بـوون ! شـەڕێکی سـەختیان لەگەڵ سنجاویەکان کرد و لە ئەنجامدا ((عـەلی ئەکبـەرخان))ی سـەرۆکی سـنجاویەکان زامـدار

---

* ZO مەبەستیان لە ئەرمەنەکان بوو.

** Lo مەبەستیان لە کوردەکان بوو.

بوو [٢٨٥:١٢٩]. ئینگلیزەکان لەم ماوەیەدا گەیشتبوونە ئەو پێوازۆکەی بەرەو باشوری کوردستان هەڵزنێن. بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ ئەو ئامانجە کەوتنە پڕوپاگەندە کردن، ئەوە بوو ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یان دەرکرد، زۆر جاران تێگەیشتنی ڕاستی دەکەوتە باسی ((خۆشەویستی)) و ((دڵسۆزی)) بێ هاوتای ئینگلیز بۆ کورد. دەینووسی: "حکومەتی ئینگلیز کوردانی زۆر خۆش دەوێ... چونکە دەزانێ لە تاریخی عالەمدا کوردان ناوێکی گەورەیان هەیە و بە مەردیی و ئازایی هەتا ئێستاکە خۆیان ڕاگرتووە. حەز ناکا بڵاوبێتەوەو خزمەتی ئەم و ئەو بکەن.. هەڵبەتە حکومەتی موعەزەمەی ئینگلتەرە، کە کوردانی لە هەموو کەس زیّاتر خۆش دەوێ، وەکو ئیشی ئەقوامی تری ئاسان کرد ئیش بۆ ئەوانیش ئاسان دەکا" [١١٨:٣٧]. لە کاتێکدا ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو بەم لە گوینە کورد فریو بدەن، تورکەکان هەوڵیاندەدا دوژمنایەتی کورد لەگەڵ دیانەکان هەڵایسێنن، وەك ئاشکرایە لەو کاتەدا باری نێو دەوڵەتی بەرەو ترسناکی دەچوو. روسەکان لە سۆنگەی بەرپا بوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئەڵەمانەکان لە دانوستاندا بوون. ئینگلیزەکان لە لایەك لەو بۆشاییە گەورەیە دەترسان کە دوای کشانەوەی هێزەکانی روس پەیدا دەبوو، لە لایەکی تر لەوە دەترسان تورکەکان لە بن فشاری ئەڵەمانەکان پەلاماری سنوورەکانی روسیا بدەن، تا تەوقی ئەو پشتێنەیە خنکێنەرە بشکێنن کە هاوپەیمانان بۆیان چێکردبوون. بەم جۆرە دوای بەستنی پەیمانی بریست-لیتوفسك، ئەو ناوچەیە بووە گۆڕەپانی ململانێی ئەڵەمانی-بەریتانی، بە هۆی شوێنی ستراتیژیکە دەگەیشتە نێوەڕاستی ئاسیا و هیندستان و ئەفغانستان و ئەو پەترۆڵە زۆرەی کە هەیبوو [١٤٧:٩٤]. لەو کاتەدا ئاوری دوژمنداریان لە نێوان کورد و ئاسوریەکان دایساند، هاوکات ئینگلیزەکانیش دەیانویست لە هێڵەکانی دواوەی بەرەکانی جەنگ ئەستەنگ بۆ تورکەکان چێبکەن. بۆیە لە تەموزی ١٩١٨ پەیوەندیان بە ئێزدیەکان کرد، بۆ ئەوە پاڵ بدەنەلای ئەوان و لە نێوان نیزیب و موسڵ ڕێگا لە کاروانەکانی تورك بگرن. بۆ ئەم مەبەستەش بڕێك پارە و چەکیان دانێ.لەبەر ئەوەی ئێزدیەکانیش بەر لەو کاتە لە لایەن تورکەکانەوە دەستدرێژیان کرابووە سەر.ڕایانگەیاند هەرکە هێزەکانی بەریتانی گەیشتە ناوچەکانی ئەوان پەلاماری هێزەکانی تورك دەدەن[٢٥٠: ١٩٤-١٩٥]. هەر لەو ماوەیەشدا لە مانشێتی یەکێك لە ژمارەکانی تێگەیشتنی ڕاستی هاتبوو: "حکومەتی بەریتانیای عوزما سەعی بۆ کورد دەکا، ئەو حکومەتە وەك دەڵێ قۆڵێکی موحتەشەمەی بۆ کورد درێژ کردووە بۆ ئەوەی

خۆی لە دەست حکومەتی تورك نـەجات دا، دەبێ کوردەکـان بـە کـەمالی دیقـەت حەرەکـەت بکەن. چونکە ئەمڕۆ لە حکومەتی موعەزەمـەی بـەریتانیا زیـاتر هیـچ حکومـەتێك نیـە خزمـەتی حوریـەتی بەشـەر و سـەعادەتی ئـەقوام بکـا" [١١٩:٣٧]. ئینگلیزەکـان هـەوڵیاندا کـوردە پەڕاگەندەکانی ئەوروپاش لەو پڕوپاگەندانە تێوەگلێنن، واتا پڕوپاگەندە بـۆ ئـەو بیروڕایانـەی بـۆ سەرخۆبوونی کورد دەکران. بۆ ئەمەش تەنیا پشـتیان بـەو کەسـانە نەدەبەسـت کـە لایـەنگری خۆیان بوون وەك سورەیا بەدرخان، بەڵکو پشتیان بەوانەش دەبەسـت کـە دڵیـان بـە روسـەکان خۆش بوو. وەکو عەبدولڕەزاق بەدرخان و یوسف کامیل بەدرخان. هەواڵگری تایبەتی بەریتانی هەوڵیاندەدا بڕوایی بە کورد بێنن کە دوای ئەوەی جەنگ دیماهی دێت ئەوان رزگار دەبن. هەر لـە تـەموزی ١٩١٨ هـەندێك لـە سـەرۆکە کـوردەکـانـی نـاوچـەی مـەهـابـاد بیرۆکـەی راگەیاندنی کوردستانێکی سەربەخۆیان لە بن سەرپەرشـتی بـەریتـانیـا راگـەیاند. موکریەکـان لەم بارەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵ کونسوڵی بەریتانیا لە کرماشان کـرد[٢٥٥: ٢٦-٢٧]. دوای هاتنە خوارەوەی هێزەکانی ئینگلیزیش بۆ باشوری کوردستان، بە تایبەتی بۆ ناوچـەکانی کفـری و کەرکوك، شـێخ مـەحمودی حـەفید پـەیوەندی پێوەکـردن. هاوکـات ژەنـڕاڵ مارشـاڵ چـەند ئەفسەرێکی ناردە ناوچەکانی خانەقین و کفری بـۆ ئـەوەی هـەندێك خۆبەختکـەر(متطـوع) لـە سوارەی کوردی ناونووس بکەن. تا هێزی ناوچەیـان لێ پێکبهێنرێ و بە موچەی تایبـەتی، دژی پڕوپاگەندەی تورك و ئەڵەمانەکان لە بەرزاییەکانی سـیروان بـەکاریان بێنـن [١٩٣:٢٥٠]. بـەم چەشنە تا دیماهی جەنگ کورد لە ململانێ دابوو، لە لایەك لە پێناو وەدیهێنانی ئاواتەکانی خۆی، کە بەداخەوە بە هۆی گەورەیی هێزە شەڕوانەکان، ئەو لایەنەی زۆر بێ هێز بوو، لە لایەکی تـر وەکو گەمەیەك لە نێوان ئەو زلهێزانەدا! تا ئـاگر بەسـتی مـودروس راگەیـەنرا، کـورد زیـانێکی ئێجگار گەورەی لێکەوت. هاوکات لەگەڵ وەستانی جەنگ بزافـی رزگـاریخوازی کوردیـش لـە سەرتاسەری کوردستان بەرەو پێواژۆکێکی نوێ هەنگاوی نا.

بەشی سێیەم

کوردستان لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم

باسی یەکەم : ناکۆکی و ململانێ

لەسەر بەرژەوەندیەکان دوای جەنگ و چارەنووسی کوردستان

دوای ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم دیماهی هات ، بە پێی ئاگر بەستی مودروس ، دەبوایە تورکەکان دەست بەجێ هێزەکانیان لە باکوری رۆژئاوای فارس کەدەکاتە باکوری رۆژهەلاتی کوردستان–و ئەو دیو قەوقاز بکشێنەوە، بۆ ئەو شوێنانەی بڕیاری لەسەر درابوو [XI : ٣٤٣]. دوای ئەمەش دەوڵەتی عوسمانی خرایە سەر خوانی پارڤە کردن . پارچەیەکی گەورەی کوردستانیش ، کەلە بن دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا بوو ، پڕوشکی ئەو ئاورەی بەرکەوت . ئەوەی رۆڵی گەورەی لەو کردارە دەگێڕا ، بە پلەی یەکەم ئینگلیزەکان بوون ، چونکە بەشێکی گەورەی ئەو دەڤەرە لە بن کۆنتڕۆلی راستەقینەی ئەواندا بوو .

ئینگلیزەکان هەر لەسەرەتاوە بەپێویستسان زانی کە ڕاو بۆچوون دەربارەی کێشەی کوردو پاشەڕۆژی کوردستان پێشکەش بکەن. هەر دەسەڵاندارێك لەوانە لەشوێنی خۆیدا چ لەبەغداو چ لەندەن و چ لەئەستەنبوڵ قاهیرە ڕاو بۆچوونی خۆیان خستە ڕوو بەشێکی باش لەم بۆچوونانە پۆزەتیڤانە بوون دەربارەی مافی کوردو وڵاتی کوردستان. بۆ وێنە مێژۆر نۆنێل دوای ئەوەی هاتە سلێمانی و لەلایەن خەڵکی سلێمانیەوە بەگەرمی پێشوازی کرا ڕایگەیاند کە ئەو هیچ ئەستەنگێك نابینێ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەژێر پاراستنی بەریتانیەکان [٢٨٥] هەروەها ویلسن پێی وابوو ڕاپرسی ناوچە کوردیەکان بکرێت، کەئەلتەرناتیڤی نەچوونە پاڵ میسوپۆتامیا دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیاوازو سەربەخۆ دەبێت کە نزیکەی هەموو ویلایەتی موصل (باشوری کوردستان) بگرێتە خۆ، کەلەژێر دەسەڵاتی تورکیش دا نەبێت هەروەها لەوانەیە لەژێر پاراستنی بەریتانیەکانیش نەبێت [١٢٩ : ٣٢٩–٣٣٠]. هەرچی کرزن بوو ئەویش لەسەرەتادا ڕای وابوو کە کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێت [٨٧] بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کەوا هەڵوێستی ئینگلیزەکان کە خۆی لەزۆربەی ئەو راوبۆچونانە دەنواند کە پێشکەش کرا لە ساڵەکانی دوای جەنگ هەتاوەکو کۆتایی هاوینی ١٩٢١ بەشێکی زۆریان پۆزەتیڤانە بوو. چونکە زۆر هۆ پاڵی بە ئینگلیزەکانەوە نابوو کە بایەخ بە دۆزی کورد بدەن.

وەك ویڵسن گوتی: یەكەمیان پاشەڕۆژی باشوری كوردستان (ویلایەتی موسڵ) كە زۆربەی دانیشتوانی كورد بوون دووەمیان دۆزی ئەو زەوی و زارانەی كە دەكەوتنە ژوور ویلایەتی موسڵ، سێ یەمیان بزاڤی نەتەوایەتی كورد بوو لە ڕۆژهەلاتی كوردستان كە پێویست بوو حسێبێكی تایبەتی بۆ بكەین .

بەم چەشنە چارەنووسی كوردستان كەوتە بەرنەشتەری بیروڕای جیا جیا ، هەریەكە لەروانگەیەكەوە سەیری دۆزی كوردی دەكرد،وەلێ هەموو رایەكان لەوە ڕێك و تەبا بوون كە دەوڵەتێكی یەككگرتوویی كوردی چێ نەبێ. لەو ڕۆچنەیەوە دەیانڕوانیە دۆزەكە چۆن بتوانن ئەو دەستكەوتانە بچەسپێنن كە لە جەنگدا وەدەستیان هێنابوو. وەك تەوەرێكی بنەڕەتی كوردستان بۆنی ئەوەی لێدەهات پارڤە بكرێ بۆ چوار پارچە، بەشی باكور، باشور، ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا. بەشی باشور بە میسۆبۆتامیاوە بلكێنرێ ، ئەو بیرۆكەش لەگەڵ بیرۆكەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی عەرەبی هاتبووە ئاراوە . كەلێژنەی ڕۆژهەلاتی ناڤین لە ٢٧ تشرینی دووەمی ١٩١٨ لەو كۆبونەوەیەی بەسەرۆكایەتی كرزن گرێدرا ، لەو دۆزەی كۆڵیبووەوە [١٠٠ : ١٧٠]. هەرچی بەشی ڕۆژهەلاتی كوردستان بوو ئەوا لەبەر دەستی ئێرانیەكاندا مابووەوە، چونكە ئێران بەشێوەیەكی ڕێژەیی، قەرزار نەبوو، لەجەنگدا بێلایەن بوو، داهاتێكی سەرەتایی پەترۆلی هەبوو. ئەو خاڵانە وایانكرد لەو چارەنووسە رزگاری بێ كە دەوڵەتی عوسمانی دوچاری بوو [١٧٩ :٢٥]. كرزن * لەم بارەیەوە گوتی : "بەهۆی شوێنی جوگرافی ئێران و بەرژەوەندی مەزنی ئێمە لەم وولاتەدا، هەروەها لە پێناو ئاسایشی ئیمپراتۆریای ئێمە لە ڕۆژهەلاتی ناڤین ، هەرگیز ناتوانین دەست بەرداری ئێران بین .ناتوانین ڕێگای ئەوە بدەین ، بە بیانگەی نالەباری حكومەت، ئاژاوە لەو هێڵە هەستیارە بێتە ئاراوە كەدەكەوێتە نێوان ئیمپراتۆریای ئێمە لە هیندو میسۆپۆتامیاو بكرێ بە مۆڵگەی پلاندانانی سیاسی نێو دەوڵەتیی و تەنگژەی ئابووری[٣١٦ : ٢٦-٢٧]. هەر بۆیە كاتێك كوردەكانی ڕۆژهەلات ئارەزووی ئەوەیان دەربڕی كە گەرەكیانە بچنە پاڵ حكومەتەكەی شێخ مەحمود، ئینگلیزەكان رایانگەیاند لە توانای ئەواندا نیە كارێكی وابكەن دژی سەربەخۆیی ئێران بێت و لەگەڵیدا نەگونجێن. هاوكات

---

* جورج نثنائیل كرزن (١٨٥٩ -١٩٢٥) یەكێكە لە سیاسەتوانە گەورەكانی ئینگلیز . لەتەمەنی (٣٩) ساڵیدا بوو بەپاشای هیند (١٨٩٨-١٩٠٥) هەروەها لە (١٩١٩ -١٩٢٤) پلەی شالیاری هەندەرانی وەرگرت. ڕۆڵێكی سەرەكی هەبوو لە چارەسەركردنی كێشەكانی ئەوروپاو ڕۆژهەلاتی نزیك لەدوای جەنگ . بەدرێژایی جەنگی جیهانی یەكەم ئەندام بوو لە شالیارگەی جەنگی بەریتانی [٣٠٠ : ٤٠] .

رایانگەیاند ئەو عەشیرەتانەی لە خاکی عوسمانیەوە کۆچیان کردووە بۆ ئێران، پێویستە بگەڕێنەوە خاکی خۆیان [٣٢٦ :٢٨٦] . مەبەستیشیان لە مەدا ئەوەبوو مەترسیەك بۆ ئەو هۆزە کوردانەی رۆژهەلات چێ بکەن کە یارمەتی (شێخ مەحمود)یان دەدا. هەروەك چۆن گەرەکیان نەبوو کەس خۆی لە سەربەخۆیی ئێران هەڵقورتێنێ ، بەهەمان لەگوین نەیاندەویست کەس دەست لەکاروباری باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) وەربدات. بۆیە کاتێك لە کۆشکی وێلز رای (ویلسن) یان دەربارەی دوا رۆژی ئەم دەڤەرە پرسی، گوتی : باشوری کوردستان و (دیرئەلزور) بە میسۆپۆتامیاوە دەلکێنرێ ، هەروەها ئەو دەڤەرە کوردیانەشی پێوە دەلکێنرێ کە ئێستا بەشێکن لە ویلایەتی موسڵ [٢٠٧: ١٣٥-١٣٦]. ئینگلیزەکان لەمێژ بوو بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە باشوری کوردستان دۆزیبووەوە، کە ئەگەرچی بەگوێرەی پەیماننامەی سایکس پیکۆ بەر فەرەنگەکان کەوتبوو ، واتە بەناو هی فەرەنگەکان و بەکرداریش لەبن دەستی ئینگلیزەکان دابوو ، هەرگیز ئامادە نەبوون دەست بەرداری بن ، ئەوە بوو لۆید جۆرج سەرۆك شالیارانی ئینگلیزی توانی بە فێڵێکی زیرەکانە لەبەردەستی کلیمانسۆی سەرۆك شالیارانی فەرەنگی دەربێنێ .

ئینگلیزەکان لە پێناو دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەزۆر شێوە کۆسپیان لەبەردەم قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی چێدەکرد . لەو ئەگەرەش بوو بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیان داهێنا ، کە بۆ یەکەمین جاربوو لە کوردستان و بگرە لە رۆژهەلاتی ناڤین ، لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە کارهات . ئەو بیرۆکەیان سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکەو بەرژەوەندیەکانی خۆیان داهێنا . تا بەرەنگاری بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێبکەن [١٤: ١٤]. تەنانەت جۆرو شێوەی ئەو ئۆتۆنۆمیەش ، وەك ویلسن لە کۆنگرەی ئاشتی پێشنیاری کرد دە بوایە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بەریتانیەکان دەست نیشانی بکەن ! [٤٢ :٣٣] .

ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی دوای جەنگ سەریان هەڵدا ، ترسێکیان لای سەرۆکەکانی کورد گوراند. ئەو نامەیەی سەید عبدولقادری شەمزینی لەرێگای نوێنەری کورد شەریف پاشا بۆ کۆنگرەی ئاشتی نارد لە پاریس ، ئەو ترسەی بە ئاشکرا پێوە دیاربوو، سەید عبدولقادر لە نامەکەیدا نوسیبوی : "ئەو پڕوپاگەندانەی بۆ پارڤەکردنی کوردستان * بۆ دووبەش وە هەرمێن دەخرێن ، وام لێدەکا سەرنجی بەرێزتان بۆ ئەوە رابکێشم، کە ئەم پارڤە کردنە پەرای ئاشتی ناکات لە رۆژهەلاتی نزیك" [٢٩٣ : ١٠٧]. تەنانەت مەترسی پێوەلکاندنی باشوری

* مەبەستی لەو پارچەیەی کوردستانە کە لەبن دەسەلاتی عوسمانیەکاندا بوو.

کوردستان بەمیسۆپۆتامیا ، وای لە هەندێك لە رۆشنبیرانی کورد کـرد بـەلایان چاکـتربێت بـە ئێرانەوە بلکێنرێن ! بۆ ئەم مەبەستە شەریف پاشا لە کۆنگرەی ئاشتیەوە تەلەگرافێکی بـۆ نـامق بەگ و مەحمودپاشای سەرۆکی جافەکان نارد ، ئەوەی دوپات کردەوە ، لەجیاتی میسـۆپۆتامیا ، کورد ئارەزوو دەکەن بە ئێرانەوە بلکێنرێن . بۆ ئەمەش داوای کۆکردنەوەی واژووی لێکـردن [٢٧٦ :٣٩٢]. ئەمە لە کاتێکدا ئینگلیزەکان هـەموو توانایـەکیان خستبووە گـەڕ بۆئـەوەی ئـێران لـە گفتوگۆکـانی کۆنگـرەی ئاشتی هـەڵاوێردن . بەبیانگـەی ئـەوەی بێلایـەن بـووە و بەشداری جەنگی نەکردووە [١٩٥ : ٢٨] .

لەو ماوەیەدا گۆڕانی زۆر بەلەز بەسەر تەرازووی هێزەکان دادەهـات، کـە ئەمـە رۆڵـی گەورەی لەسەر سیاسەتی جیهان بەگشتی ورۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبـەتی هـەبوو. کـە کاریگـەری راستەوخۆو ناراستەوخۆی لەم پێواژۆکەو پێواژۆکی دواتری مێژووی کوردبینی.

لەو گاڤەدا یەکێتی سۆڤیەت کە وەکو زلهێزێك سـەری هـەڵدابوو. ئەگـەر چـی خـۆی بەپشت و پەنای چەوساوەو بن دەستان دەزانی، نەك هەرپشتی کوردی نـەگرت ، بگـرە بەکۆنـە پارێزو چاوێکی دوژمنکارانەوە دەیڕوانیە هەموو بزاڤە نەتەوایەتیەکانی کورد.لـەو بانگـەوازەی کە ئاڕاستەی موسڵمانانی رۆژهەڵاتی ناڤینیشیان کـرد ، نـاوی دوانـزە میللـەتیان هێنـا، نـاوی کوردیـان نـەهێنا ! [٣٣: ٣٥] هـەر لەسـاڵی (١٩١٧) ەوە لینـین رایگـەیاند کـەوا حکومەتەکەیان بەشێوەیەکی گشتی هەموو رێکەوتننامە نهێنیـەکان رەتدەکاتـەوە، بەتایبـەتی ئەو رێکەوتننامە نهێنی یانەی دەرحـەق بـە دەوڵـەتی عوسمـانی گرێدرابوون [٢٣:١٠٧]. ئـەم هەڵوێستە مەترسی بـۆ ئینگلیـزەکـان چێکـردو وای لەیەکێکی وەکو لۆیـد جۆرج کـرد لـە ووتارێکیدا بڵێ : "بـەریتـانیا هـەرگیـز نەیـویستووە تورکیـا لـە پـایتەخت دووربکاتـەوە چونکە شوێنی رەگەزی تورکەکانە!" [٣٤٧ :٣٢٤ - ٣٢٥]. بـەم جـۆرە لەلایـەك کـار بـۆ پارڤەکردنی کوردسـتان دەکـرا ، لەلایـەکی تـر هـەوڵدەدرا کـورد بـەبن دەسـتی بمێنێتـەوە . کوردستان لە نێو بەرداشی دووزلهێزدابوو، کە هەوڵەکانی شتاقیان لە بەرژەوەندی ئەودانەبوو.

لەو کاتەدا کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە کۆبونەوەکانی خۆی بەردەوام بوو، لە دیمـاهی گفتوگۆیـەکدا کـە لـە ٣٠ کـانونی دووەمـی ١٩١٩ ئـەنجامیاندا گەیشـتنە ئـەو بریـارەی : "هاوپەیمانان و ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ ئەوان لەسەر ئەوە رێکەوتوون ، ئەرمەنسـتان و سـوریا و میسۆپۆتامیا و کوردسـتان و فەلەستین و نیمچە دورگـەی عـەرەب پێویستە بەتـەواوی لـە ئیمپراتۆریـای تورکی جـویێ بکرێتـەوە [٢٧٩: ٤١] . دواتـر لەسـەر پێشـنیاری سـەرۆك

شالیارانی ئیتالی (ف. ئۆرلانـدۆ) واژەی ئەرمەنسـتان و کوردسـتان و سـوریاو میسـۆپۆتامیا و فـەلەستین و نیمچە دورگەی عەرەبی لەدەقەکە لابران و کران "بەو زەویانەی کە پێشتر سەر بە تورکیـا بـوون". وەك نووسـەرێك نووسـیویەتی : "ناوهێنـانی ئەرمەنسـتان و کوردسـتان زۆر سەخت بوو هێشتا بەر لەکاتی خۆی بوو" [٢٥٥: ١٤٨] .

هەرچی ئەمەریکاییەکان بوو پێ یان وابوو ئەو ناوچە سروشتیە جوگرافیە بدرێتە کورد ، کە لە باکورەوەی ئەرمەنستانی پێشنیارکراو ، لە باشوریشیەوەی میسۆپۆتامیابوو ، هـەروەها لە رۆژئاواوە نێوان دیجلە وفـورات، لەرۆژهەلاتیشـەوە سـنووری ئـێران . دەلـوێ ئـەم زەویانـە بخرێنە ژێر حوکمی مانداتێکی توند، بۆ ئەوەی بۆ سەربەخۆ بوون تەیاربکرێن [٢٥٥ :١٥٧] . ئەگەر ئەو پێشنیارەی ئەمریکاییەکان لەسایەی ئەو گفتوگۆیانـەوە تـاوتوێ بکـەین ، کـە لـە کۆنگریسی ئەمەریکا هاتە ئـارا ، لـە ١٤ تشرینی یەکـەمی ١٩١٨ ، ئـەندامێکی کۆنگریـس بڕیارێکی هاوبەشی پێشکەش کردو تیایدا دانیان بە کۆمـاری (ئـارارات)نـا، یـاخود بڕیـاری ٣٧٨ کونگرێس کە دانی بە ئەرمەنستان دەنـا بەهـەر شـەش ویلایەتەکەیـەوە، [٢٥٩: ٨٨] ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە کەوا ئەو پێشنیارە تەنیا بزاڤێکی دیپلۆماتێکی ئەمەریکی بوو بۆ فشار خستنە سەر ئینگلیزەکان تا مەرامە سیاسی و ئابووریەکانی خۆیان وەدەست بێنن.

جێگـای ئامـاژە پێکردنـە ئـێران لـەو گاڤـەدا بـەو بـێ هێزیـەی خـۆی ، بـەبێ ئـەوەی چاوەڕوانی بانگهێشت بکات، لەژێر سەرکردایەتی شالیاری هـەندەرانی خـۆی (مشاور الممالك النصـاری) بـەهیوای بەشـداریکردن شـاندێکی نـاردە کۆنگـرەی ئاشـتی. شـاندەکە چاویـان بەژمارەیـەك لـە سـەرۆکەکانی دەوڵەتـە گـەورەکان کـەوت لەوانـە پوانکـارێ * وسـەرۆکی ئەمەریکی ویلسن [٣٢٢: ٥٣] . وەڵێ ئینگلیزەکان ئامادە نەبوون گـوێ بـۆ داواکاریـەکانی ئێران رادێرن، لەو نامەیەی ئەحمەد فروغی ، یەکێك لەئەندامانی شاندەکەی ئێران کە بۆ تارانی ناردووە نووسیویەتی : "تا ئێستا لە رەفتاری ئینگلیزەکان ئـەوەمان بـۆ دەرکـەوتووە دەیانـەوێ ئێران لە رووی سیاسی و ئابووریەوە لەبن دەستی خۆیاندا بێـت" [٣٢٢ :٥٤]. گومـانی تیـا نیە ئێرانیەکانیش دەیانویست سـوود لـەو کاودانـە نێـو دەوڵەتیـە وەربگـرن کـەدوای جـەنگ هاتبووە ئارا .هەستیان دەکرد یەکێتی سۆڤیەت ، ئەو هێزە نوێیەی لە سـنوورەکانی باکوریـان پەیدابوو، مەترسی بۆ سەر ئینگلیزو رۆژئاواییەکان هـەبوو. لەهـەمان کاتیشـدا سۆڤیەتیەکان

---

* سەرۆکی فەرەنگسا بوو

گەرەكیان بوو بە هەموو شێوەیەك دڵی ئێرانیەكان رابگرن. لە ٢٦ حوزەیرانی ١٩١٩ (ل. كاراخان) جێگری كۆمیساری كاروباری هەندەرانی سۆڤیەت یاداشتنامەیەكی دا بە ئێران، تیایدا پوختەی ئارەزووی وولاتەكەی دەربڕیبوو بۆ قەرەبوكردنەوەی ئەو زیانانەی ئێران لەسەر دەستی روسیای پێشوو لێی كەوتبوو. رایگەیاند، قەرەبوەكەیان بەوە دەبێت، دەست لەو قەرزانە هەڵدەگرن كە لە لایەن روسیای تەزاریەوە درابوو بە ئێران. هەروەها دەست بەرداری هەموو مافێكی دارایی دەبن لە گومرگ و تەلەگراف و پۆستەو باج و جیاوكە تایبەتیەكانی تر [٧ : ٢١٣].

ئاخاوتن لەسەر ناكۆكیەكان و چارەنووسی كوردستان بەو لەگوینەی ئاماژەمان بۆ كرد لەراستیدا گەڕانەوە بوو بۆ پارڤەكردنەكەی پەیماننامەی سایكس-پیكۆ، تەنیا ئەو گۆڕانەی تیاكرابوو باشوری كوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە فەرەنگەكانەوە گوێزرابووەوە بۆ ئینگلیزەكان. هاوكات لەسۆنگەی كشانەوەی روسەكانیش بۆشاییەك لەناوچەی نفوزی روسەكان هاتبووە ئارا. واتە لەباشورو رۆژهەڵاتی كوردستان بارەكە چەسپا بوو. تەنیا دیاریكردنی سنوورەكانیان مابووەوە. ناوچەكانی رۆژئاواش كەوتبووە بن نفوزی فەرەنگەكان و چارەنووسی بەو دەوڵەتە عەرەبیە بەستراوەوە كە خەریك بوو لە بن سایەی فەرەنگەكان لە سوریا دادەمەزرا واتە تەنیا ناوچەكانی ناڤین و باكوری كوردستان مابووەوە !

هەواڵی پارڤە كردنی كوردستان لەرێگای شەریف پاشا لە كۆنگرەی ئاشتیەوە گوێزرایەوە كوردستان ئەم هەواڵانە كوردیان وروژاندو مەترسیەكی گەورەشیان بۆ ئینگلیزەكان چێكرد بۆیە شالیارگەی هەندەرانی بەریتانی هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە روونكردەوە. دوپاتی كردەوە كەوا كۆنگرە دەربارەی چارەنووسی كوردستان هێشتا نەگەیشتۆتە هیچ بڕیارێك . ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە كۆنگرە لە كارەكانی خۆی بەردەوامە بۆ داماڵینی كوردستان لە ئیمپراتۆریای توركی و دابینكردنی سەربەخۆیی خۆی. هەروەها گوتی : "هێشتا هیچ توێژینەوەیەك نەكراوە بۆ ئەو رێگایانەی كە پێویستە بگیرێتە بەر بۆ وە دیهێنانی ئەم ئامانجە" [٢٧٦: ٣٣٩] لە هەمان كاتیشدا ئینگلیزەكان پەیتا پەیتا پڕوپاگەندەیان دەكرد و رێگایان بۆپارڤە كردنی كوردستان خۆشدەكرد. پەیامنێری رۆژنامەی تایمز لە ٢٢ ئایاری ١٩١٩ نووسی : "تاكە رێگا بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناوچەكانی خانەقین و سلێمانی ئەوەیە باشوری كوردستان بە میسوپۆتامیاوە بلكێنرێت" [١٣٥: ٣٠٧] هەر بەهەمان مەبەستیش بەڵگەنامەكانی بەریتانی ئەو سەردەمە هەوڵدەدەن باری كوردستان بە ئاڵۆزو

تژی ئاشوبە نیشان بدەن ، تارووی راستەقینەی نیازەکانیان لـە پەنا بشارنەوە . ئـەگینا ئەگـەر پلانی داگیرکەران نەبوایە ئامانجەکانی کورد روون و ئاشکرابوو .ئەم گێرە شێوێنیەی ئینگلـیز و دارو دەستەکانیان هەر بۆ ئەوە بوو هەستی راستەقینەی کورد بەدومان بێت و روخسارەکەی دیارنەبێت. ئەگەر چی هەست و نەستی ئەوان هیچ رۆڵێکی نەدەبینی و بەرژەوەندی زلهێزەکان سەنگی مەحەکی دانوستانەکان بوو ! سەرباری ئەمەش هەندێك لە لێپرسراوانی ئینگلیز رقێکی تایبەتیان بەرامبەر بە کورد هەبوو . لەیەکێك لەو بەڵگەنامانەی کە لـە ١٣ حوزەیرانـی ١٩١٩ لە لایـەن کـارگێڕی سیاسـی بـەغدا دەرچـووە، دوای ئـەوەی پرۆژەیـەکی بـۆ پارچـەکردنی کوردستان خستۆتە ڕوو لـە کۆتـایی بەڵگەنامەکـە نووسـیویەتی : "لام باشـترە لـە جیـاتی سەربەخۆیی کوردان، ئەمەریکا تەنانەت تورکیا لە کوردستان ببینم" [٤٥ : ٩٠] ئەمە رای راستەقینەی ئینگلیزەکـان بـوو، بۆیـە کـاتێك چـەند پێشنیارێك لەلایـەن لێپرسـراوێکیان دەربارەی وورمێ خرایە ڕوو، کە تیایدا پێشنیاری کردبوو وورمێ یا بە کوردستان بلکێنرێ ، یـاخود بخرێتـە بـن دەسـەڵاتی دەوڵـەتێکی بێگانـەوە، یـا بدرێتـە فارسـەکان [١٩٤ : ٣٩]. بەریتانیەکان رێگای سێ یەمیان هەڵبژاردوو خستیانە بن دەستی فارسەکان !

لەو ماوەیەدا ململانێ لەسەر کوردستان خەریك بوو بـەرەو پێواژۆکێکـی مەترسـی دار هەنگاوی دەنا، ئەمە وایکرد لە ئـەنجامی ئـەو ململانێ یـەدا هـێزی ناوچـەیی تـر سـەرهەڵبداو بەرزبێتەوە. وەك مێژۆرنۆئێل لە یاداشتەکانی رۆژی ٧ ئەیلولی ١٩١٩ نووسـیویەتی : "ئـەمرۆ مێژۆر برۆنۆی فەرەنگسی گەیشتۆتە ناوچەکە. لە بەشی ژاندارمی ناوچەی خارپوت و سیواس بە پشکنەر کاردەکات. نایشارێتەوە کە لایەنی مستەفا کەمال دەگرێـت و لـە زۆر بۆنـەدا ئـەو پشتگرتنەی بە ئاشکرا دەربڕیوە. بێزاری خۆی بەرامبـەر ئـەو هەنگاوانـە نیشانـداوە کـە دژی مستـەفا کەمال نراوە" [٤٩ : ٧٠]. ئەمە وای لە ئینگلیزەکان کرد هەڵوەستەیەك بکـەن و بسەنگرێنەوە . ئەدمیراڵ ویپ لە ٨ ئەیلولی هەمان ساڵدا حکومەتەکەی ئاگادارکردەوە کـەوا : "سەرنەکەوتن لەگەیشتن بە ئاشتیەکی هەمیشەیی گەورەترین گیروگرفتی چێکـردووە. [٣٤٣: ١٨١] . ئەم کردارانە وورەی کەمالیستەکانی بـەرز کـردەوە بۆیـە هـەوڵیاندا لەگـەڵ عەرەبـە توندڕەوەکـان دەست تێکـەڵ بکـەن ، کەلـە سـوریا دژی فەرەنگـەکان خـەباتیان دەکـرد . کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە قاهیرە لە ١٩ ئەیلول تەلەگرافێکی نـاردووە باسـی ئـەوە دەکـات "کەوا (رەمەزان شلاش) حەلەبی جێ هێشـتووە ، خـۆی بـە فـەرمانڕەوای (خـاپور و فـورات) ناساندووە، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی هەن پەیوەندیەکی پتەو لـە نێـوان حکومـەتی دیمەشق و

تورکەکاندا هەیە" [١٣٠: ٢١]. شایەنی باسە هەندێك جاران لەنێو ئەو نـاکۆکی و ململانێ یەدا راستی دەدرکێنرا ئەگەر چی ناراستیشیان مەبەست بوایە ! بۆ وێنـە لـە ١٦ تشرینی یەکەمی ١٩١٩ شالیاری هەندەرانی ئیران (نصر الله فیروز الدوله) بەکرزنی راگـەیاند : "ئـەو پێی راست نیە بڵێی کوردستانی تورکیا و کوردستانی ئێران، چونکە لەراستەقینەدا هـەموویان یەك کوردستان پێکدەهێنن. ئەوەی لەنێوان ئەم دووپارچەیە ناوی سنووری لێنراوە سنوورێکی ئەندێشـەییە.[٢٨٣: ٤٦]. لەنێوەڕاستی سـاڵەکانی ١٩١٩ وسـەرەتای سـاڵەکانی ١٩٢٠ کەمالیستەکان وەك هێزێکی بەرچاو وەدیارکـەوتن، دوورنیـە بەریتانیـەکان خۆیـان دەستیان لەمەدا هەبووبێ [٢١١]. بۆئـەوەی بیانکـەن بـەئامرازێك کێشـەکانی رۆژهـەڵاتی ناڤینیـان پـێ یەکلابکەنـەوە. بەشـکچی دەڵـێ : "لەسـالانی ١٩٢٠ کێشـەی کەمالیسـتەکان لەگـەڵ ئینگلیزەکـان لەسـەر زەوتکردنـی پارچەیـەکی گـەورەتر بـوو لەکوردسـتان. ئـەم کێشـەیە کێشەیەکی کۆلۆنیالی بوو ، ئەم کێشەیە لەسەر بەتورك کردن و کۆلۆنیکردنی کوردستان بوو. بۆیە کێشەی کەمالیستەکان هیچ ناوەڕۆکێکی دژ بە کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستی نـەبوو . [١: ٥٤] .

کەمالیستەکان هەوڵیاندەدا سوود لەو مەترسیانە وەرگـرن کـە سۆڤیەتیەکان چێ یـان کردبوو .ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ چەندەی ململانێ یە نێو دەوڵەتیەکە بەگوڕتر دەبوو، ئەو هێزە ناوچەییانەی کە خەریك بوو سەریـان هـەڵدەدا، هێنـدە زێتـر بـەرز دەبـوونـەوە. بارتـەقای ئەمەش دۆزی کورد کپ دەکرایەوە و پشتگوێ دەخرا !

سیاسەتی بەریتانیەکان ئەوەبوو چەند دەوڵەتێکی بـەهێز لەسنوورەکانی سۆڤیەتدا وەك داردەستەیەکی خۆیـان دامـەزرێنن . سۆڤیەتیەکانیش هاوکـات دەیانویسـت مەترسـیەکانی ئینگلیز لە خۆیان دووربخەنەوە و پەیوەندی دۆستانەو هاریکاری لەگـەڵ هاوسـێکانیان ببەستن .مستەفا کەمال و رەزاخان ئـەو دووکەسە بـوون ، بـۆ ئـەو گەمەیـە ، لـەلای هـەردوو بـەرەی ململانێ یەکە بەشیاو و لەبار دەبینران ! دەیانتوانی باشترین رۆڵ لەبەرێوەبردنی ئـەم سیاسـەتە بگێڕن . بەپلەی یەکـەمیش لەسیاسـەتی ئینگلیزەکـان ، چونکـە ئـەوان لـەو بـوارە دا دەست پێشـخەر بـوون . بۆیـە پێویـستە بەئاگاداریـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بەڵگەنامانـەدا بکـەین کەدەیانەوێ رووی راستەقینەی سیاسـەتی ئینگلیزەکان لەکوردستان بشـارنەوە کـە دەستیان لەهەموو شتێکدا هەبوو بۆ وێنە رەزاخان پەیوەندیەکی پتەوی بەگەورە ئەفسـەرانی ئینگلیزەوە هەبوو ، دوای ئەوەی دەسـەڵاتی کەوتـە دەست بـە "هـاوڕێ یـانی چـەك نـاوەزەندیدەکردن"

[١٩٥ : ٦٠]. لەو سۆنگەیەش بوو ئینگلیزەکان چەندین بروبیانگەیان بۆ سنوورەکانی باشوری کوردستان دەدۆزیەوە بۆ پاریزگاری کردنی دەوڵەتی عەرەبی. وەك ئەندمۆندز دەڵێ: بڕیارمان دا باشترین بیانگە کەبەرزی بکەینەوە بیانگەی ئابووریە ![١٨٤: ٣٦٦].

سەرباری ئەو هێزە نێو دەوڵەتیانە ، ئەو هێزە ناوچەییانەش کە بۆ سەربەخۆیی کاریان دەکرد ، گەرەکیان بوو خاکی کوردستان بۆ خۆیان بپچڕنەوە .هەر بۆئەم مەبەستەش عەرەبەکانی سوریا پەیوەندیان بەکەمالیستەکانەوە کرد. لەسەر چەند خاڵێك لەگەڵیان ریکەوتن . یەکێك لەخاڵەکان پەیوەندی بەهەندێك دەستکاریەوە هەبوو لەسنوورەکانی باکوری سوریا .[٩٩: ٦٠]. واتە داوای زێتر پچڕینەوەی خاکی کوردستانیان دەکرد بۆ سەر ئەو دەوڵەتە عەرەبیەی کە هێشتا لە سوریا دایاننەمەزراندبوو !

لایەنە بەرژەوەندی دارەکان ، ئەگەر لەکاتی جەنگدا بەچەك پاڵپشتی یەکتریان کردبێ ، ئەوا دوای جەنگ بەهۆی ناکۆکی بەرژەوەندیەکان بەردەوام لە دانوستان بوون . ئەمەش نیشانەی گۆڕانی بەردەوام بوو لەشێوازەکانی ئەوچارەسەریانەی کەدوای جەنگ بۆ ئەژواریەکانیان دادەنا. لە٢٣ نیسانی ١٩٢٠ ریکەوتننامەیەکی سێ قۆڵی لەنێوان حکومەتەکانی فەرەنگساو ئیتالیا وبەریتانیا گرێدرا. تیایدا ئەوەیان دەربڕی کە ئارەزووی دڵسۆزانەیان هەیە یارمەتی تورکەکان بدەن لەپێشوەبردنی داهاتەکانی خۆیان و وەلاوەنانی ململانێی نێو دەوڵەتی .کە ببووە ریگر لەبەردەم ئەم ئامانجانەدا .لەم ڕوانگەیەوە وەك دەیانگوت ! سەربەخۆیی کوردستان ئێستا یادواتر لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دانی پیادەنرێت ![٢٨٤: ١٠٠] .کەچی لەهەمان کاتدا لۆید جۆرج دەربارەی باری کوردستان گوتی : کە ئەو بۆخۆی هەوڵیداوە بیروبۆچوونی کوردەکان بزانێ . دوای گەڕان و پرسین لە ئەستانەو بەغدا و جێگای تر هیچ کوردێکی وەکو نوێنەری کورد بۆدەرنەکەوتووە ، هەرتەنیا نوێنەری هۆزەکانی خۆیان بوون ! لەلایەکی تر ئەوەی بۆ دەرکەوت ، کوردەکان هەستیان کردووە بەبێ ئەوەی هێزێکی دەرەکی هەبێت پاریزگاریان لێ بکات، ناتوانن پاریزگاری لەخۆیان بکەن . هیچ کامێکیش لەفەرەنگ و ئینگلیز، توانای هەڵگرتنی ئەو ئەرکەی نیە ! بۆیە هیوای ئەوەی خواست کەوازیان لێبهێنرێ و بکەونەوە بن چەپۆکی تورکەکان ،چونکە وولاتەکە لەبن دەسەلاتی ئەواندا راهاتووە . هەروەها گوتی : "شتێکی ئاسان نیە کوردستان لە تورکیا جویبکرێتەوە!"[٣٤٣ :١٠٣ -٢٠٣]. ئەم رایانەش رادەی ناکۆکی نێوان ئەولایەنانە دەردەخات کەهەردوو ڕۆژ دوای ئەوە کۆنگرەی (سان ڕیمۆ)یان گرێداو لایەکی کوردستانیان بەمیسۆپۆتامیاوە لکاند!.

وەك ئاماژەی پێکرا کوردستان لەرووی سیاسی و سەربازیەوە زوو پارڤـەکرابوو . ئـەو هەموو گفتوگۆو ڕێکەوتننامانەی لەو ماوەیەدا گرێدەدران تەنیا بـۆ ئـەوەیان بـوو شـێوەیەکی (یاسایی) و (شەرعی) بەپارڤەکردنەکە بدەن. سیستەمی ماندات کە لـە سـان ڕیمـۆ پیـادەکرا، لەراستیدا تەنیا بەرگێکی یاسایی بوو کردیانە بەر بەرژەوەندە یەکانی خۆیـان، لـەو دەڤەرانـەی لەرووی پراکتیکەوە لەبن نفوزو دەسەڵاتی خۆیاندابوو. ئەگینا کاتێك عەرەبەکانی میسۆپۆتامیا نارەزاییـیـان دژی مـاندات دەربـڕی. بەریتانیـەکان بەیاننامەیـەکیان بڵاوکـردەوە و تیـایدا ڕایانگـەیاند، کـەوا سیـستەمی مـاندات گەرەکیـەتی دەوڵـەتێکی عـێراقی لـەبن پاراسـتنی بەریتانیەکان دابمەزرێنێت و ئەرکی پاراستنی ناوەوە و ئاسایشی دەرەوەی بخاتە ئەستۆی خۆی![١٥٦ :١٢٣]. پاراستنی هێمنی و ئـارامی نـاوەخۆش سـەرکوتکردن و کـپ کردنـەوەی ئـەو بزاڤـە کوردیانـە بـوو ، کـە هـەوڵی سـەربەخۆ بوونـی کوردیـان دەداو دژی لکاندنیـان بـوون بەمیسۆپۆتامیا.

ئەو چاوچنۆکیەی ئینگلیزەکان لەلایەك و تەشەنەکردنی نفوزی سۆڤیەتیەکان لەلایەکی تر ،بەهیچ لەگوینێك لەبـەرژەوەندی کـورددا نـەبوو. کەمالیستەکان و دەسـەڵاتدارانی ئـێران هەوڵیاندەدا لە سۆڤیەتیەکان نزیك ببنەوە، کەمالیستەکان نامەیەکیان بۆ سۆڤیەت نارد، تیـایدا دەیانگوت : "ئێمە لەگەڵ ئێوە لەسەر یەك ڕێگاین . خەباتی هەردوو لامان دژی ئیمپریالیزمـە . گۆڕەپانی خەباتی ئێمە کە دژی ئیمپریالیزمە ، لەهەمان کـاتدا هێڵـی بـەرگریکردنی ئێوەیـە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەتان لێدەکـەین پشـتمان بگـرن . چـاوەڕوانی چـەك و ماڵتـان لێ دەکـەین" [١٣٨ : ٥٣]. فارسەکانیش لەهەمان ساڵدا خـەریکی دانوستان بـوون لەگـەڵ سـۆڤیەت بـۆ گرێدانی پەیوەندی دۆسـتایەتی لـەنێوان هـەردوولادا.سـۆڤیەتیەکانیش وایـاندەزانی ڕێکـەوتن لەگەل هاوسێکانی باشوریان لەئێران وتورکیاو ئەفغانستان رادەیەك بۆ لاتەریکی دیپلۆمـاتیکی یـان دادەنێ . هەروەها بەسەرکەوتنێکیان دەزانی دژی ئیمپریالیزم لە ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناڤین ! [١٥٨: ٢٣٠] .

ئەو گۆڕانانە تا دەهات زێتر کوردستانی دەخستە ژێر پێـی و دۆزی کـوردی فـەرامۆش دەکرد . بەریتانیـەکان لە هەمووان زێـتر بایـەخیان بەکوردسـتان دەدا . بەماوەیـەکی کـەم بـەر لەگرێدانی پەیماننامەی سیڤەر .بەراشکاوی بەشالیاری هەندەرانی تورکیان (حکومـەتی ئەسـتانە) ڕاگـەیاند کـە دۆزی کـورد بـە لای ئەوانـەوە زۆر گرنگـە . هـەر لـەو کاتەشـدا بەرپـەرچی پێشنیارێکی فەرەنگیان دایەوە دەربارەی پارڤەکردنی دەسەلات لەکوردستان [٧٠ : ١٧].

پەیمانی سیڤەر کەلەکاتژمێر ١٠،٤ خولەك لەرۆژی ١٠ ی ئابی ١٩٢٠ ئیمزاکرا [١٦٤ :١١٨]. سۆڤیەتیەکان بانگهێشت نەکران، ئەمەش تورك و سۆڤیەتی لەیەك نزیکترکردەوە. چونکە بەپێی ئەو پەیماننامەیە گەرووەکان لەنێوان تورك و یۆنانیەکان پارڤەکرا. هەروەها کەشتیەوانی جەنگی وبازرگانیان تیا ئازادکرا ، دەبوایە لەکاتی جەنگ و ئاشتیدا چەك لەگەرووەکان دامالرێ و ببێتە ناوچەیەکی بێلایەن[١١٥ : ٢٢]. لەراستیدا سۆڤیەتیەکان، وەکو تەزاری یەکانی پێش خۆیان، بەرژوەندی گرنگی خۆیان لەگەرووەکان دا دەدۆزیەوە. بۆ تورکەکانیش وەك دەسوقی دەڵێ :- ئەگەر ئەو پەیماننامەیە جێبەجێ کرابوایە واتای لەناوچوونی بوونی تورك بوو [٢٦٣ :٤١٧]. ئەو پەیماننامەیە پەیوەندیەکی زۆری بەکوردەوە هەبوو ، زۆریشی لەسەر نووسراوە. زۆر لەو نووسینانەی بۆ مێژووی ئەو پێواژۆکەی میللەتی کورد تەرخان کراون ، باسی بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) دەکەن لە چوارچێوەی مێژوویی خۆی زۆر گرنگەو سوودی بۆ کێشەی کورد هەبوو تاوەکو ئەمڕۆش کورد ئەم سآ بەندە بەسەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەنآ کە دان پیانانێکی ئاشکرای دەوڵەتە زلهێزەکان و هاوپەیمانەکانە کان بوو بەکێشەی کورد، هەر وەکو ئاشکرایە هەر لەبەندی یەکەمدا پێویست بوو لیژنەیەکی نێو دەوڵەتی دابنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. هەروەها بەگوێرەی دوو بەندەکەی تر حکومەتی عوسمانی پابەند بوو کە پێشەکی دان بەو بڕیارانەدا بنێت کە لەسەر کێشەی کورد دەدرا بەبێ ئەوەی هیچ ئاستەنگێگ بێنێتە پێشەوە بەپێی بەندی ٦٤ ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە پەیماننامەکە دەڵێت کوردەکانی ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) مافی ئەوەیان هەیە بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان بەم دەوڵەتە کوردیە ببەسترێنەوە بەم جۆرە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کورد پێك بێت.

بەگوێرەی بەندی (٢٧) سنووریان لەگەڵ سوریاو میسۆپۆتامیا جوێکرابووەوە. کەلەهەردوولاوە کوردستانی دەبڕی [٧٦ :٢٩]. هەرچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو ، بەهێچ جورێك لەپەیمانی سیڤەر ناوی نەهاتبوو. سەیرئەوەیە کە هەر ئەورۆژەی پەیمانی (سیڤەر) ی تیامۆرکرا، لەلایەکی ترەوە، بەریتانی و ئیتالی و فەرەنگەکان پەیمانێکی تری سێ قۆڵیان مۆرکرد بۆ ئەوەی ناوچەی دەسەلات لە باکوری کوردستان لە نێو خۆیاندا پارڤە بکەن.[٧٠-١٨] . لەمەش سەیرتر ئەوەبوو پەیماننامەی سیڤەر لەکاتێکدا ڕاگەیەنرا کە سوپای سوڵتان ئابلووقەی کەمالیستەکانی دابوو لە ئەنقەرەو زۆری نەمابوو بەسەریاندا زاڵ بێ، تەنانەت هەندێك لە نووسەران پێیان وایە ئەم ڕاگەیاندنە لەم کاتەدا ناسکەدا بەفریاچوونێکی کەمالیستەکان بوو چونکە بووە ئەگەری ئەوەی ڕای گشتی لە تورکیا دژی سوڵتان بورووژێنێ

[٢١١ :١٥٣] . لەراستیدا ئینگلیزەکان پەیمانی سیڤەریان وەك پێوازۆکێك لە پێوازۆکەکانی ململانێ بەکارهێنا .چونکە خۆیان کەهێزێکی گەورەو سەرەکی بوون لەپەیماننامەکە باوەڕیان پێی نەبوو ! ئەمەش لەو چاوپێکەوتنە دەردەکەوێ کە سەید تەها لە (١٨-٢٣)ی ئابی ١٩٢٠ لەگەڵ کاپتن هێی، فەرمانڕەوای سیاسی ئینگلیز لەهەولێر ئەنجامیدا . کاپتن هێی بەسەید تەهای گوت : "ئەرکی بەریتانیا نیە خۆی لەکاروباری کوردستان هەڵقورتێنی ،بەگوێرەی دەقەکانی رێکەوتننامەی ئاشتی بڕیار دراوە لەماوەی چەند مانگێکی کەم . لە ئەورووپاوە لێژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ دیاریکردنی سنووری ئەم وولاتە". کاپتن هێی خۆی گومانی لەسەرکەوتنی ئەو لێژنەیە، تەنانەت لەهاتنیشی هەبوو ![٢٧٦ :١١٣] . سەرباری هەموو ئەو خالانەی باسمان کرد .جگە لەئیتالیا هیچ لایەنێکی تر باوەڕی خۆی بەو پەیماننامەیە نەدا، ئەگەر چی (ئیتالیا)ش لەکۆنگرەی سان ریمۆ ،واتە کاتێك سیڤەر پرۆژەبوو ،رایگەیاندبوو بۆ پاراستنی رێکەوتننامەیەکی لەم بابەتە تاقە سەربازێك نانێرێ [٧٦ :٤٣] . بەم چەشنە وەك هەسرەتیان دەڵێ : "دۆزەکە ئەوە نەبوو ئارەزوویان هەبووبێ سەربەخۆیی بەکورد بدەن ،بەڵکو بەکارهێنانی هیوا نەتەوەییەکانی کوردبوو ،لەبەرژەوەندی و چاوتێبڕینە دوژمنکارانەکانی خۆیان" [٢٤٨ : ٣١] . لەو سۆنگەیەش بوو دزموند ستیوارت نووسیویە: "فێڵ کردن لەسەر پلەو پایە (مرکز) وسەوداکاری نهێنی ،وایانکرد توندترین پەیماننامە بێت لەمێژوودا ، بەڵکو لەهەموان هیچ وپوچتر (سخیف)تر بێت [١٦٩ :٢١٧].

پەیماننامەی سیڤەر ئەگەر چی لەرووی مێژووییەوە یەکەم بەڵگەنامەی نێو دەوڵەتیە کە باسی چارەنووسی کوردی دەکرد ،وەلێ هەمان سیڤەر ،کوردستانی بەجۆرێکی تر پارچەکرد .ئەویش پارچەکردنێکی کولۆنیالانەی کوردبوو [٧٦ :٣٩] . ئەو پەیماننامەیە هێندەی پەرای کەمالیستەکانی کرد ،نیو هێندەش پەرای دۆزی کوردی نەکرد ،چونکە رەتکردنەوەی سیڤەر لەلایەن کەمالیستەکان تەنیا لایەنگیری گەلی تورکی دەست نەخستن ، بەڵکو لایەنگیری سۆڤیەتیەکانیشیان دەستکەوت .کە نارەزاییان دژی ئەو پەیماننامەیە دەربڕی و پەیوەندیە دیپلۆماتیکیەکانیان لەگەل کەمالیستەکان دەست پێکردەوە.[١٦٩: ٢٣٥] .ئەمەش ئەوەی دەگەیاند سۆڤیەتیەکان ،تەنانەت دژی قەوارە ئەندێشەییەکەی کوردیش بوون ،کەنیاز بوو بەپێی سیڤەر لەسەر خاکی کوردستان دابمەزرێ! لە تشرینی دووەمی ١٩٢٠ ، یەکێك لەتوێژەرەوە بەناو دەنگەکانی سۆڤیەت گوتی : "شۆڕشێکی سۆڤیەت لەئەرمەنستان دا پیلانەکانی ئینگلیز پووچ دەکاتەوە، کەگەرەکیانە دەوڵەتێکی کوردی داردەستیخۆیان لەدژی ئێمە دابمەزرێنن" [٣٣ :٣٥].

کەواتە لەو ماوەیەدا باری ململانێ یەکە لەسەر کوردستان بەم جۆرە بوو : سۆڤیەتیەکان لەدامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئەندێشەییە دەترسان . ئینگلیزەکان وایان دەردەخست کە بەهێزبوونی بزاڤی کەمالیستەکان زەندەقی بردوون ! ئەو کەمالیستانەی ئەگەر لەگەڵ هێزی ئینگلیزەکان بەراوورد کرابونایە ، ئەوا زۆر لەخوارەوەی هیچ بوون .وەلی بیانگەیەکی لەباربوو بۆیان بۆ دامەزراندن و پتەوکردنی ئەو حکومەتە عەرەبیەی کەلەمیسۆپۆتامیا دا کاریان بۆ دەکرد و دەیانویست باشوری کوردستانی پێوە بلکێنن .بۆیە وەك لە تێبینیەکانی ئەفسەرێکی سیاسی ئینگلیز هاتبوو : "مستەفا کەمال سیاسەتێکی وا پیادە دەکات کە ئەزواری بۆ بەریتانیەکان چێدەکات .دەست لەنێو دەست لەگەڵ عەرەبە توندڕەوەکان کاردەکات تا سەربەخۆیی میسۆپۆتامیا تێك بشکێنێ، ئەگەر بەختمان یارنەبێ و نەتوانین لەو ماوەیەدا حکومەتێکی عەرەبی دابمەزرێنین ". هاوکات لێپرسراوانی شالیارگەی هەندەرانی بەریتانی فەرماندەکانیان لەمیسۆپۆتامیا ئاگادارکردەوە ،کە هاوپەیمانێتی کەمالی – بەلشەفی ،دەبێتە ئەگەری ڕاماڵینی کوردستان و ئێران .کەتا ئەو دەمە بەربەست بوون لەنێوان میسۆپۆتامیا وروسەکان، بۆیە گەیشتنە ئەو بڕوایەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا، بۆی هەیە بەربەستی تورکی بەرامبەر چاوتێبڕینەکانی روس دابمەزرێنێتەوە و گەفی کەمالیستەکان لە میسۆپۆتامیا دووربخاتەوە [٩٩ : ٥٠] . بەریتانیەکان لەپاڵ کەمالیستەکان هەوڵیاندەدا سوود لەسۆڤیەتیەکان وەربگرن بۆ وەدیهێنانی ئامەنجەکانیان . زۆر بەدڵیان بوو کاتێك سۆڤیەتیەکان یاداشتنامەیەکیان پێشکەش کردن، کەتیایدا دەیانگوت : "حکومەتی سۆڤیەت پشتگیری خەباتی میللەتی تورك دەکات ، پشتگیری هەوڵەکانی تورکیا دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر ،کە سەربەخۆیی و یەکێتی خاکەکەی دەخاتە مەترسیەوە . تورکیا لەو خەباتەیدا گشت گەلانی روسیای لەپشتە" [٣٣ : ٣٩] .تا زێتر جێی پێی خۆیان لە میسۆپۆتامیا قایم بکەن .شایەنی باسە لەو کاتەدا لەئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی تورك دەنگی وابەرز دەکرایەوە کەبۆنی کۆمۆنیستی لێدەهات ! ئەمەش بۆ ترساندنی ئینگلیزەکان و سەرنج ڕاکێشانی سۆڤیەتیەکان بوو لەروخساردا، چونکە لەوانەیە لەپشت پەردە وە ئینگلیزەکان هەر خۆیان دەستیان لەم گەمەیەدا هەبوبێ ! هەروەك چۆن لەعێراق حکومەت و بەرهەڵستکار بەپەنجەی ئەوان هەڵدەسوڕان ! لە ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٢٠ یەکێك لە پەرلەمانتارەکان لە ئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی تورکی گوتی : بەڕێزان ... وولات واتای ئابووری ئەو وولاتە ... هیچ کەسێك نوێنەرایەتی وولات ناکات تەنیا ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی نەبێت ، لەئاسنگەران کە چەکوشەکانیان لە دەست دایە ، جووتیاران کە لەپشت گاجووتەکانیانەوەن [١٦٢ : ٢٧]. هەر لەو مانگەشدا مستەفا کەمال نامەیەکی بۆ (شیشرین) شالیاری کاروباری هەندەرانی سۆڤیەت نارد، تیایدا دەیگوت: "بەتەنیا پلیشاندنەوەی ئیمپریالیستی تاوانبار

پێویست نیە ، بەڵکو پێویستە حوکمی بۆرژوازی بەگشتی پـان بکرێتـەوە" [٢٧٧ :٤٥]. لـە ١٨ کانونی یەکەمدا نامەیەکی تری بۆ لینین نـارد تیـایدا پێشـوازیەکی گـەرمی لەپتـەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردوولا کرد. سیاسەتی سۆڤیەتی لە رۆژهەلاتی ناڤین و سـەرتاپای جیهان بـەرز نرخـاند[١٣٨: ٥٤] .بۆیـە سـۆڤیەتیەکان بـاروبوێکی زۆری کەمالیستەکانیان کرد. هاوکات فەرەنگەکانیش بەهەمان جۆر لێ یان نزیـك دەبوونـەوە . ئـەو هـەموو یارمەتیـە بووە ئەگەری بەهێزبوونی کەمالیستەکان . لە کانونی دووەمی ١٩٢١ توانیان لەشەری ئینۆنۆ* سەرکەوتن وەدەست بێنن. ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەش لە٢٢ هەمان مانگدا کۆنگرەیەك لەپاریس گرێدرا. تیایدا نوێنەری ئیتالیەکان (سفۆرزا) ، داوای دەستکاریکردنی پەیمانی سیڤەری کـرد ،وەکو ئەوەی تورکەکان داوایـان دەکـرد . لـەو کۆنگرەیـە گەیشـتنە ئـەو بڕیـارەی پێویسـتە هاوپـەیمانان کۆنگرەیـەکی تـر لەلـەندەن گرێبـدەن [٨٥: ٨٨]. ئـەم سـەرکەوتنانەی کەمالیستەکان ،کە کورد رۆڵێکـی گـەورەیان تیـادابینی ،لـەرووی سیاسـی و سـەربازیەوە تـا ئاستێکی بەرز بەهێزی کردن . بۆیە کەوتنە مشور خواردن بۆ لێدانی راپـەڕیوەکانی کـورد لـە قۆچگیری ! ئەو گۆڕانە بەلەزانەی دوای سیڤەر روویاندەدا، وای لەکەمالیستەکان کرد بـەباوەڕ بەخۆبوونێکەوە دەیانگوت سیڤەر ئەو کاغەزەش ناهێنێ کەلەسەری ئیمزاکراوە .بەکورتی وەك لازاریـف نووسـیویەتی : شـەش مـانگ بەسـەر پەیماننامـەی سـیڤەردا تێپـەرێ کەکێشـەکەی چاوپێخشاندنەوەی خرایە ڕوو، بەرایێ بەشێوەیەکی نهێنی بوو ، پاشـان ئیتـالی‌و فەرەنگـەکان بەئاشکرا ئەوەیان نیشاندا. دواتریش ئینگلیزەکان چوونە ریزیانەوە . لە ٢٥ کـانونی دووەمـی ١٩٢١ ، ئەنجومەنی بالای دەوڵەتە هاوپەیمانـەکان بڕیارێکیـان لـەم بارەیـەوە دەرکـرد، تیـایدا بانگهێشتەی شاندی ئەنقەرەیان کرد بۆ بەشداریکردن لـەکۆنگرەی داهـاتوو لەلـەندەن [٢٥٥ :٢٦٦] .عیسمەت ئینۆنۆ دەڵێ : "دوای ئەوەی لە ئینۆنۆ سەرکەوتین ،کۆنگرەیـەك لەلـەندەن گرێدرا ،هەریەکە لەئێمەو حکومەتی ئەستانە بەتـەنیا بانگهێشـت کـرا، وەڵێ ئێمـە خۆمـان پـێ خاوەن دەسـەلات بـوو " [٣٣٣ :١٨] .ئـەم بانگهێشـتەی کەمالیسـتەکان دان پێنـانێك بـوو پێیـان .داننان بەکەمالیستەکانیش پشتگوێ خستنی دۆزی کوردبوو !

کۆنگرەی لەندەن لە٢١ شوبات دەستی پێکرد و تا ١٤ مارتی خایاند .لەدانیشتنی ٢٥ شـوبات، کەلەکۆشـکی (سـانت جیمـس) لەلـەندەن گرێـدرا، باسـی پەیماننامـەی سـیڤەرو ئەرمەنستان وکوردسـتان کـرا. باسـی ئـەو گۆڕانانـە کـرا کـە لـەدوای سـیڤەر هاتبوونـە ئـاراو کاریگـەریان لەسەر هەندێك لە بەندەکانی سیڤەر هـەبوو. بەتایبـەتی ئـەو بەندانـەی پـەیوەندیان

* ئینۆنۆ ناوچەیەکە لە باکوری کوردستان [٢٦٩].

بەکوردستان و ئەرمەنستانەوە هەبوو ،وەلێ وەك لۆید جۆرج گوتی: "پێویستە تورکەکان لە پێشەوە بەندەکانی تر قبوولْ بکەن" ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە ئامادەن دەست بەرداری ئەوبەندانەبن کە تایبەت بوو بە کورد ! تورکەکانیش گوتیان : "ئەوان کەبەزمانی نوێنەری ئەنجومەنی بالای نەتەوایەتی تورکیا داخێون کوردوتورکی تیایە ! " هەروەها لە ٢٦ ی شوباتیش کرزن هەمان شتی دووبارە کردەوە ،هەرچی بەکر سامی بوو سەرۆکی شاندی ئەنقەرە گوتی : "کوردەکان هەمیشە رایانگەیاندووە ئەوان بەشێکی جوێ نەکراوەن لەتورکیا" هەروەها گوتی : "کورد هیچ ئارەزوویێکی تایبەتیان نیە، ئەوان ئارەزوویانە وەکو برا لەگەلْ تورکەکان بەیەکەوە بژین" [٢٩٢ :١٠٦].

لەوکۆنگرەیەدا تورکەکان پێیان لەسەرداواکانی خۆیان داگرت .وەك مستەفا کەمال لەیاداشتەکانیدا نووسیویەتی : "بەگوێرەی سیڤەر دەبوایە ئێمە بەرهەلْستی لەسەر هیچ نەنوێنین ،وەلێ لەم کۆنگرەیەدا شاندی ئێمە وەرامی بەرهەلْستکارانەیان لەسەر هەموو ئەمانە دایەوە" تەنانەت تورکەکان زۆر داواکاریشیان پێشکەش کرد ،ئەوەی پەیوەندی بەکوردەوە هەبوو ،داوای ئەوەیان کرد کە ئابلْووقە کەم بکرێتەوە لەسەر نیشتەجێکردن و فراوان کردنی نیشتەنی کردن [٣٣٤ :٣٩٢-٣٩٣]. ئەو پێداگرتنەی تورکەکان ناکۆکی خستە نێو هاوپەیمانەکان، بۆیە خۆیان لەناوبژیوانی نێوان تورك و یۆنانیەکان کێشایەوە. ئەمەش بۆ یۆنانیەکان شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. وایان لێکدایەوە ئەو یارمەتیانەیان دەوەستێنرێ کەپێیان دەدرا [٩١ : ٢١]. ئەمە (فینتزیلوس)ی سەرۆکی یۆنانیەکانی زۆر تووڕە کرد ! چووەلای کرزن و پێی گوت : "ئێمە لەدەولەتە هاوپەیمانەکان بووین جەنگمان دۆڕاند، ئایا ئەندامێك لە هاوپەیمانان بەتەنیا جەنگ دەدۆڕێنێ ؟! هاوپەیمانان یان هەموو بەیەکەوە سەردەکەون، یا بەیەکەوە دەدۆڕێنن". لەکۆتاییدا گەفی لەکرزن کردو گوتی : "بۆ هەموو دنیا دەگێڕمەوە کە ڕێکەوتن لەگەلْ ئینگلیزەکان ئەمە ئەنجامەکەیەتی!!!"[٣٣٣ : ٢٤].

کۆنگرەی لەندەن هیچ ئەنجامێکی نەبوو ، چونکە بەکر سامی دەیگوت نابێ شاندی ئەستانە بەشداری کۆنگرەکە بکەن . لەلایەکی تر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە گفتوگۆکانی کۆنگرە نابێ لەسەر بنەماکانی پەیمانی سیڤەر بێت [٣٤٧ : ٣٥٨-٣٥٩]. هەرچۆنێکی بێت ئەو کۆنگرەیە هەلێکی لەباری بۆ کەمالیستەکان رەخساند کەپەیوەندی بەزۆر دەولەتانەوە بکەن ،لەوانەش بەریتانیا و ئیتالیا وفەرەنگسا ،کە سێ دەولەتی سەرەکی بوون لەبازنەی

هاوپەیمانەکاندا ،لەگەڵ بەریتانیەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن حکومەتی ئەنقەرە دیلەکانیان ئازادبکات .ئەوانیش دیلەکانی تورك ئازاد بکەن، تەنیا ئەوانە نەبێ کەبەخراوی مامەڵەیان لەگەڵ دیلە ئەرمەن و ئینگلیزەکان کردبوو . هەرچەندە حکومەتی ئەنقەرە باوەڕی خۆی بەم ڕێکەوتننامەیە نەدا،وەڵێ ژمارەیەك لەدیلەکانی هەردوولا ئاڵوگۆڕکران .لەوڕێکەوتننامەیەی لەنێوان فەڕەنگ و تورکەکانیش گرێدرا، بڕیاریاندا لەبەرەکانی باشور کاریدوژمنکارانە بوەستێنن .حکومەتی ئەنقەرە هێزەکانی لەو دەڤەرەدا چەك بکات و چارەسەری کێشەکانی سنووربکەن .فەڕەنگەکانیش هێزەکانیان لە عینتاب و روها (ئورفە) بەرنەدەرەوە، بڕیاری ئەوەشیان دا لەو پرۆژە ئابووریانەی لەو دەڤەرانەدا ئەنجام دەدرێن ،فەڕەنگەکان ڕێزی پێشەوەیان هەبێت .ئەمە جگە لە ویلایەتەکانی خارپوت و ئامەد (دیاربەکر) وسیواس و دەرهێنانی کانزا لە ئەرغەنی [٨٥ : ٩٣].

ئینگلیزەکان لەگۆشەنیگایەکی گەورەترەوە سەیری رۆژهەڵاتی ناڤینیان دەکرد . ئەگەرچی ئەو ڕووداوانە زۆربەی دەستی خۆیانی تێدابوو ،وایان نیشان دەدا کە لەبەرژەوەندی ئەواندانیە ! دەیانویست لەئێرانیش دیوارێکی پتەو بەرامبەر سۆڤیەتیەکان چێبکەن .قاجاریەکانیش هێندە لاوازو بێخێر بوون نەدەشیان ئەم ئەرکە ئەنجام بدەن .ئەمە وایکرد چاوێك بەسوودی مانەوەی سیستەمی قاجاریدا بخشێننەوە [٩٥: ١٧٠]. دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە ڕێکەوتننامەی ٩ ئابی ١٩١٩ بەئەنجام ناگات، لەوەترسان ئەو وولاتەیان لەبن دەست دەربچێت . بۆیە هەوڵیاندا سوپای کازاکەکان کەلەبن فەرماندەیی ئەفسەری روس بوون و بەشێك لەبۆجەکەیان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دابین دەکرا، بخەنە بن کۆنترۆڵی خۆیانەوە . شالیاری موختاری ئینگلیز لە ئێران لەم بارەیەوە یاداشتنامەیەکی دابەکرزن کەتیایدا هاتبوو : کۆنترۆڵکردنی سوپای کازاك لە لایەن ئەفسەرانی ئینگلیزو دەرکردنی (ئیستساروسلسکی) * و ئەفسەرانی روس ... لەئیجرائاتە یەك لەدوای یەکەکانی ڕێکەوتننامەکە خاترجەممان دەکا .[٣٣٠ :١٤٣] .چونکە دامەزراندنی هێزێکی یەکگرتوو ئامانجێکی بنەڕەتی ڕێکەوتننامەکەی ١٩١٩ بوو .بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە مارتی (١٩٢٠) ەوە کۆمسیۆنێکی هاوبەش لەئێرانی و ئینگلیزەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دامەزرابوو . کۆمسیۆنەکە بەیەك دەنگ ئەوەی دەربڕیبوو کەپێویستە سوپای کازاکەکان و پۆلیسی باشور لەسوپایەکی یەکگرتوو کۆبکرێتەوە [٣٢١: ٦٢-٦٣]. ئەم هەنگاوانەشیان بۆ ئەوەبوو

---

* ئەفسەرێکی روس و فەرمانده‌ی سوپای کازاك بوو.

بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە مەترسی سۆڤیەتیەکان دووربخەنەوە ! بەم جۆرە بەریتانیەکان بەر لەجەنگ بەبیانگەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە هیندستان و رۆژهەلاتی ناڤین هێزێکی زۆریان هێنابووە ئەم دەڤەرە. دواتر بۆ هێشتنەوەی ئەو هێزانە بیانگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە گەرەکیانە رێگا لە مەترسیەکانی سۆڤیەت بگرن[٣١٦ :١٢] . ئەوەبوو لە ٢١ شوباتی ١٩٢١ رەزاخان ،ئەفسەری سوپای کازاك ،کودەتاکەی ئەنجامدا، کەهەر بەناوی ئەو مانگە ناونراوە (حوت) کە کودەتاکەی تیا کرا. بەر لە کودەتاکە بە هەفتەیەك لێپرسراوێکی بەریتانی چاوی بەرەزاخان کەوت ، بۆ ئەوەی جڵەوی دەسەلات لەتاران بگرێتە دەست ، چەند مەرجێکی بۆ دانا ، لەوانە هیچ هەڵمەتێك ئەنجام نەدا بۆ دەرکردنی ئینگلیزەکان ، بەڵێنی ئەوەش بدا رێگای توندوتیژی نەگرێتە بەر . لێپرسراوەکە نووسیویەتی : "رەزاخان گوتویەتی بەگوێرەی ئارەزووی ئێوە کاردەکەم !" [٣٢١: ٦٩]. رەزاخان وەك مستەفا کەمال لەسەر دووپەت یاری دەکرد لەسۆنگەی مەترسی سۆڤیەتەوە دەیویست لە ئینگلیزەکان نزیك بێتەوە . لەیاداشتەکانی خۆیدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن کاتێك ئابلوقەی تارانی دابوو ئینگلیزەکان چونە لای، یەکسەر وای نیشاندا هۆکاری ناوەخۆی ئێران وای لێکردووە ئەو کارە ئەنجامبدا [٢٠٢: ٢٥] .بەمەش گوایە هەوڵیداوە ئەو گومانە لای ئینگلیزەکان بڕەوێنێتەوە کەسۆڤیەتیەکان دەستیان لەم کودەتایە هەبێت. ئەم سیناریۆیەش یەك سیناریۆ بوو مستەفاکەمال و رەزاخان ڕۆڵیان تیادەبینی ! تەنیا پێنج رۆژ دوای ئەو کودەتایە رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ سۆڤیەت مۆرکرد ! بەپێی بەندی شەشەمی ئەو رێکەوتننامەیە سۆڤیەتیەکان مافی ئەوەیان هەبوو سوپابنێرنە ئێران ،ئەگەر ئێران بکرابوایە بنکەیەك بۆ دەستدرێژی کردنە سەر سۆڤیەت [١٥٨: ٢٣١] .ئەوەی لەورێکەوتننامەیە زێتر پەیوەندی بەکوردەوە هەبوو بەندی چوارەم بوو .بەگوێرەی ئەوبەندە هەردوولایان رێگای پێکهێنانی هیچ گروپێك، یاخود جێگای هیچ تاقم و کەسێکیان نەدەکردەوە لەووڵاتی خۆیان جابەهەر ناوێکەوە بوایە ،چ دژی ئێران بوایە یاروس و هاوپەیمانەکانی. هەروەها دەبوایە کەسانی سەربازی وەرنەگرن و رێگانەدەن کەل وپەلی نەفەرات بۆ رێزەکانی سوپا بگوێزرێتەوە . هاوکات رێگا بەهیچ رێکخستنێك نەدەن، بەهەرچی ناوێکەوە بێت ، ئەگەر بیەوێ دژی پەیمانکاری بەرز خەبات بکا[٢٦: ٢١٩] .سۆڤیەتیەکانیش بۆئەوەی هاریکاری رەزاخان بکەن ،کۆمۆنیستەکانی ئێرانیان ئاگادارکردەوە لایەنگیری رەزاخان بکەن وپروپاگەندەی وابکەن کەئەوەی بەرهەڵستی بکات بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمە ![٢٣٢: ٤١] . لەو پێواژۆکەدا سۆڤیەتیەکان پێیان وابوو پێویستە هەموو توانایەکیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی نیازی دوژمنەکانیان بەربەست بکەن . بەڕای خۆیان ئەمە پاڵپشتی کردن بوو لەو بزاڤانەی دژی

بەریتانیا بوون لەئێران و تورکیاو ئەفغانستان .کەئەو بزاڤانە بەتەنیا گەفیان لەرێگای هیندستانی بەریتانی نەدەکرد ، بەڵکو هیوای ئەوەی لەکن دەگوراندن ئینگلیزەکان رازی دەبن کە چیتر خۆیان لە کاروباری ئەوان هەڵنەقورتێنن و دەست بەرداری ئەو سیاسەتەیان دەبن [٣٣٨: ٢٤].

ساڵی ١٩٢١ ساڵێکی چارەنووس ئامێزە لەمێژووی کورد ،چونکە بەهێزبوونی کەمالیستەکان وسەرهەڵدانی دەسەلاتی رەزاخان ،واتای کورزبوونەوەو داشکانی بزاڤی کوردو دۆزی نەتەوایەتی کوردبوو. هاوکات واتای پیادەکرن و جێگیرکردنی پارڤەکردنی نوێی کوردستان بوو، کەلەدوای جەنگەوە ،وەك ئاماژەی پێکرا دەستی پێکردبوو . بۆ وێنە لە ٧ مارتی ١٩٢١ ئەنجومەنی شالیارانی حکومەتی کاتی عێراقی، بڕیارێکی دەرکرد بۆ لکاندنی ناوچەی سلێمانی بەعێراق. لە خاڵی یەکەمی ئەو بڕیارەدا هاتبوو : "لەبەربا یەخی شوێنی جوگرافی لیوای سلیمانی وئەو پەیوەندیە سیاسیو ئابووریانەی بەمیسۆپۆتامیای دەبەستێتەوە،هەروەها لەبەر خوونەریتی هاوبەش لەنێوان هەردوو ناوچەدا ، ئەنجومەنی شالیاران پێشنیاری پایەدار کۆمیسیاری باڵادەکات،کۆن لەسەر کۆنیەتی خۆی بهێڵێتەوە و بەڕێوەبەرایەتی ئەو لیوایەش لەگەڵ میسۆپۆتامیا یەکبخات" [٢٠٣: ١٠٦] .وەك ئاشکرایە دەرچوونی ئەو بڕیارەش پەیوەندیەکی پتەوی بەکۆنگرەی قاهیرەوە هەبوو ، کە تەنیا پێنج رۆژ دوای ئەوە ئینگلیزەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەژواریەکانیان لەرۆژهەلاتی ناڤین لەقاهیرەی پایتەختی میسر گرێیاندا.

لەمانگی مارتدا چارەنووسی کوردو دۆزی نەتەوایەتی کورد لەنێو دووکۆنگرەدا تاوتوێ دەکرا . لەلایەك کۆنگرەی لەندەن لەلایەکی تر لەکۆنگرەی قاهیرە .شایەنی ئاماژە پێکردنە لەودەمەی تورکەکان لەکۆنگرەی لەندەن بەشداریان دەکرد ،سۆڤیەتیەکان دانوستانیان لەگەڵ کردن و لەهەمان مانگدا رێکەوتننامەی دۆستی و برایەتیان لەگەڵ مۆرکردن، کە بەڕای لینین ئەو رێکەوتننامەیە ئامرازێکی گرنگ بوو بۆ دوورخستنەوەی تارمایی جەنگ ، جەنگی هەتاهەتایی لەناوچەی قەوقاز . دوای ئەوە هاریکاری لەنێوان هەردوولا بووە یەکێك لە هۆکارە یەکلایی کەرەوەکان لەسەرکەوتنی کەمالیستەکان . سۆڤیەتیەکان لەساڵانی ١٩٢٠-١٩٢١ یارمەتیەکی زۆری تورکەکانیان دا کە زێتر لە ٤٩ هەزار تفەنگ و ٦٣ ملوێن فیشەك و ٥٤ تۆپ بوو لەگەڵ تەقەمەنی پێویست .هەروەها بیست هەزار دەمامکیان دانێ بۆ بەرگریکردن لەگازی ژەهراوی لەگەڵ چەندین جۆری تر لەچەك و بەنزین و پەترۆل [٢٣٧:

٢٤٣] . كە بەشێكی زۆری ئەو چەكانەیان بۆ لێدانی بزاڤی نەتەوایەتی كورد بەكارهێنا !
هەرچی لەكۆنگرەی قاهیرە بوو لەچەند خاڵێكیان كۆڵیەوە كە پەیوەندی بەكورد هەبوو وەك لە باسەكانی تر بەووردی باسی دەكەین . وەڵێ لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو بەشداربوانی كۆنگرە دەیانویست ئارەزووی كوردەكان بزانن ، كە ئایا گەرەكیانە لە عێراق جوێ ببنەوە یاخود پێیەوە بلكێن ! [١٤٦: ٥٠] . لەكاتێكدا كورد هەر لە دوای جەنگەوە دەنگی بەرزدەكردەوە وهاواری سەربەخۆبوونی دەكرد !

هاوكات ئینگلیزەكان هەوڵیاندەدا لەتوركەكان نزیك ببنەوە .دوای سەركەوتنی ئینۆنۆی دووەم پەیوەندیان پێیانەوە كرد [٢٦١: ٤٦-٤٧]. ئەنجامی ئەم هەولآنە لە ١٠ ئابی ١٩٢١ ئەنجومەنی بالآی جەنگی هاوپەیمانان رایگەیاند :كە شەڕی یۆنان و توركیا شەڕێكی تایبەت بەخۆیانەو بەریتانیا و فەرەنسا و ژاپۆن وئیتاڵیا بێلایەنی خۆیان رادەگەیەنن [٢٢٣: ٢٦] .هەردوای ئەوە لەدیماهی ئەیلول چەرچڵ گوتی: "ئێستا مستەفا كەمال دەشێ گەف لە میسۆپۆتامیا و باشوری كوردستان بكات". هەروەها فەرماندەی گشتی هێزەكانی بەریتانی لەبەغدا ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كەلەوانەیە مستەفا كەمال لەهەركاتێكدا بەبزاڤێكی سەربازی هەڵسێت بەرەو موسڵ [٣٣٦: ١١١-١١٢] . هاوكات یەكێك لە لێپرسراوانی ئینگلیز لەبیرۆی قاهیرە، كەسەر بەشالیارگەی هەندەرانی بەریتانی بوو لە ٢٦ ئەیلولدا نووسی : "دەست پێوەگرتنمان بە میسۆپۆتامیا، لەهەموو كاتێك زێتر دەوەستێتە سەرتوركیا. هێزە ناوخۆیەكانمان ئەركی هاریكاریكردنی مەدەنیان لەئەستۆدایە، نەك بەرگریكردن لە هێرشی دەرەوە .بۆیە پێویستە ببینە دۆستی توركەكان [٩٩: ٥٢] . هەرچی دەربارەی كۆمیساری بالآی بەریتانی بوو لەعێراق، لە ٢٨ تشرینی یەكەمدا نامەیەكی بۆ شالیاری دەوڵەت بۆ كاروباری كۆلۆنیاكان نارد، تیایدا پێشنیاری كرد رێگا بە فەیسەڵ بدرێت دانوستان لەگەڵ كەمالیستەكان بكات . چەرچل ، شالیاری كاروباری كۆلۆنیاكان لە ١١ تشرینی دووەم وەرامی ئەم نامەیەی دایەوە وگوتی : "ناتوانین ئێستا رێگا بدەینە فەیسەڵ دانوستان لەگەڵ كەمالیستەكان بكات . چونكە دانوستان لەئاستێكی بەرزتر لەئارادایە بۆ ئاشتی لەگەل توركەكان . لەكاتی ئێستادا پێویستە هەموو هەوڵێكتان بۆ ئەوە بخەنە كار لەسەر سنوور بمێننەوە وئارامی بچەسپێنن" [٢٠٣: ١٩٩] .لەو سۆنگەیەش بوو لەوەرامی نامەیەكی (سمكۆ)دا كە داوای هاریكاری ویارمەتی لێكردبوون . سكرتێری كۆمیساری بالآ لە بەغدا ،لەوەرامی نامەیەكیدا ، كەداوای كردووە وەرامی سمكۆ بدرێتەوە نووسیویەتی : "سیاسەتی ئەمڕۆی ئێمە

بەرامبەر بەسمکۆوبەرامبەر بەکوردستانی ئێران بریتی‌یە لەوەی هیچ جۆرە دەست تێوەردانێك لە لایەن ئێمەوە نەکرێت، بەتایبەتی بەرامبەر ئەو رووداوانەی پەیوەندیان بەئاسایشی سنوورەوە هەیە ... لەبەر ئەمە زۆر گرنگ و پێویستە هیچ شتێکی وانەکرێت لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئێمەدا یەك نەکەوێ"[٤٣ : ٣٣٤-٣٣٥]. لەهەمان کاتدا دانوستان لەنێوان فەرەنگەکان و کەمالیستەکانیش لەئارادابوو. بۆیە ئینگلیزەکان لەوە دەترسان فەرەنگەکان ئەو بارە ئاڵۆزە وەکو کارتێکی جەخت دژی ئەوان بەکاربێنن . بەپلەی یەکەمیش بۆ ئەم مەبەستەیان سوود لەکەمالیستەکان وەربگرن، چونکە لەوکاتەدا رێکەوتننامەی (فرانکلین-بۆیۆن) لە ٢٠ تشرینی یەکەمی (١٩٢١)یان لەگەڵ مۆرکردبوون. بەگوێرەی بەندی یەکەمی ئەو رێکەوتننامەیە شەڕلەنێوان هەردوولا دیماهی‌هات .بەگوێرەی بەندی سێیەمیش دەبوایە هەموو چەك و تەقەمەنی و ئازووقەی سوپای فەرەنگ ،لەو زەویانەی کەدانیان پیادەنرا بکەونە بن دەسەڵاتی تورك، بۆ تورکەکانی جێ بهێڵن [٩٨: ٤٦] هەروەها بەگوێرەی ئەم رێکەوتننامەیە فەرەنگەکان بەڵێنیان بەتورکەکاندا ئاسانکاریان پێشکەش بکەن تا سەربازەکانیان لەرێگای سوریاوە بگوازنەوە بۆ کوردستان . ئینگلیزەکان واتێدەگەیشتن مەبەستیان لەکوردستان باشوری کوردستانە، چەرچل گوتی: "فەرەنگەکان لەسەر حسێوی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەیانەوێ بەرژەوەندیەکانی خۆیان دابین بکەن". پێی وابوو بارەکە زۆر ترسناکەو پێویستە فشار بخرێتە سەر فەرەنگەکان .(کرزن) یش هەمان بۆ چوونی هەبوو، بۆیە داوای گۆڕینی ئەو بەندەیان کرد کەپەیوەندی بەگێڕانەوەی دەڤەرەکانی نیزیپ (نصیبین) وجزیرەی بۆتانەوە هەبوو، کەبایەخێکی ستراتیژی گەورەیان بۆ تورکیا هەبوو .وەڵێ فەرەنگەکان ئینگلیزەکانیان هێورکردەوە، پێ یان راگەیاندن کەئەو بەند بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەباشوری کوردستانەوە نیە وهەرگیز هەڕەشە لەبەرژەوەندیەکانی ئینگلیز ناکات [٢٥٥: ٢٧٤-٢٧٥].

نیشاندانی ئەو هەموو مەترسیە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە تەنیا بیانگەیەك بوو بۆ پتەو کردن و بەهێزکردنی حکومەتی عەرەبی لە عێراق .ئەگینا وەك لەیەکێك لەبەڵگەنامە بەریتانیەکاندا هاتبوو هەڵوێستی کەمال بەرامبەر گۆڕینەوەی دیلەکان زۆر پۆزەتیڤانە بوو.هەروەها گومانیان لەوە دەکرد مستەفا کەمال پەلاماری باشوری کوردستان بدات[٢٠٣: ١٩٨]. لەپاڵ ئەمەدا حکومەتی عێراقیش لەوە نەدەترسا کەمالیستەکان پەلاماریان بدەن ، بەڵکو لەوە دەترسان ئەو رێکەوتننامەیە دەستیان بگرێ لەوەی بەهەر کارێکی پێویست هەڵسن بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاسایش لەو دەڤەرەدا .بارەگای گشتی سوپای عێراق لە ٢٨ کانونی

یەکەمی ١٩٢١ ڕاپۆرتێکیان بۆ جافەر عەسکەری ،شالیاری بەرگری نووسی ،دەربارەی ڕێکەوتننامەی تورکی-فەڕەنسگی کەتیایدا هاتبوو: "ئەم ڕێکەوتننامەیە بارێکی تایبەتی لەسەر سنووری باکورو باکوری ڕۆژئاوای عێراق گوراندوە ،بەگوێرەی هەندێك ڕاپۆرت ئاشتی لەسەر سنوورەکانی ڕۆژئاوا دەچەسپێ .لەلایەکی تر دەبینین لەرووی سیاسی و سەربازیەوە دەستی حکومەتی عێراق دەبەستیتەوە، بۆ ئەوەی هەرکارێك، ئەنجام بدا تا ئاسایش لەبەشی باکوری وولات بچەسپێنێ" [٨٣: ٤٩٨ -٤٩٩]. وەك دەردەکەوێ ، ئەم ڕێکەوتننامەیە کاریگەریەکی یەکجار زۆری لەسەر کوردستان هەبوو. بووە سۆنگەی دابڕینێکی جوگرافی دەڤەرەکانی جزیرەو جەرابلوس لەچیاکانی باکوری کوردستان و شارە سەرەکیەکانی وەکو جزیرەو مێردین و نیزیپ و روها .هەروەها گەلێك عەشیرەتی کوردی ناچار کرد ژیانی خۆیان بگۆڕن و هات وچۆی زۆزان و ئارانیان ڕاگرن .بەم جۆرە کوردانی کورد داغی KURT DAGI(جبل الاکراد) کەدەکەوێتە لای ڕۆژئاواوە هەموویان بەسوریاوە لکاند بەبیانگەی ئەوەی یەکێتی جڤاکی و ئابووری پێکدەهێنێت [٧٨: ٧٦] .وەلێ لەهەموو بەندەکان ترسناکتر بەندی (١٣)بوو . بەپێی ئەو بەندە فەڕەنگەکان دانیان بە پەیمانی میللی (میثاقی میللی) تورکەکان نا .بۆیە مستەفا کەمال پێی وابوو ئەم ڕێکەوتننامەیە هیوای نەتەوەی تورکی بۆیەکەم جار ژیاندەوە .بۆ یەکەم جاربوو پەیمانەکە لەلایەن دەوڵەتێکی ڕۆژئاواوە دانی پیابنرێ [٣٣٦: ١١٣] . ئەو گۆڕانانە بوونە ئەگەری سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی کەمالیستەکان. دواسەرکەوتنیشیان لەشەڕی سەقاریا بوو کەوای لەهاوپەیمانان کرد کۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی ببەستن بۆ دەستکاریکردنی پەیمانی سیڤەر. لە٢٢ مارتی ١٩٢٢ کۆنگرەی ڕۆژهەلاتی نزیك لەپاریس بەسترا، شالیاری هەندەرانی هەموو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان تیایدا ئامادە بوون [٨٥:١٠٨]. لەوکۆنگرەیەدا باسی دۆزی کورد نەکرا . کەمالیستەکان توانیان ئەوە ڕەتکەنەوە کەوا دۆزی کورد بخرێتە بەرنامەی کۆنگرەی لۆزانەوە [٢٤٨: ٥١]. بەم جۆرە لە١١ تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ ئاگربەستی مۆدانیا مۆرکرا ،تیایدا مستەفا کەمال پێی لەسەر ئەوە داگرت کەوا پەیمانی میللی (میثاقی‌میللی) کەمترین ڕادەیە لەداواکاری تورکەکان . هەروەها داوای گەڕانەوەی خاکەکانی تریشی کرد [٢٢٣: ٢٧] . دوای ئەوە لە٢٠ تشرینی دووەم کۆنگرەی لۆزان دەستی پێکرد . شا فەیسەڵ جافەر عەسکەری هەڵبژارد تا نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق بکات لەم کۆنگرەیەدا . تورکەکان نارەزاییان بەرامبەر ئەو پێنگاوە دەربڕی . لۆرد کرزن ڕایگەیاند کەوا عەسکەری بۆ ئاسانکردنی کارەکانی شاندی بەریتانی وەك ڕاوێژکار بەشداری کۆنگرەکە دەکات لەکاتی لێکۆڵینەوە لە ئەژواریەکانی سنووری نێوان عێراق و تورکیا . جافەر ئەوەی دوپات کردەوە کەوازهێنان لەهەر پارچەیەکی باشوری کوردستان ڕێگا بۆ دەست تێوەردانی تورکەکان خۆشدەکات ، ئەمەش بواری ئاژاوە

فراوان دەکات و حکومەت دەخاتە هەڵویستێکی نارەحەتەوە . چونکە وازهێنان لەموسڵ پێویست بەوازهینان لەبەغدا دەکات ، وازهێنان لە بەغداش پێویست بەوازهێنان لە بەسرە دەکات ، ئەمەش زیان بەبەرژەوەندی بەریتانیەکان دەگەیەنێت لەکەنداوی فارس [٩٠: ٧٣] . تەنانەت بەرلەکۆنگرەی (لۆزان)یش ئینگلیزەکان رایانگەیاند ئامادەنین هیچ پێنگاوێك بەرەو ئاشتبوونەوە بنێن ، ئەگەر تورکەکان واز لەو کارە دوژمنکارانە نەهێنن کەلەباشوری کوردستان ئەنجامی دەدەن [٢٥٥: ٢٨٠] . هەرچی شاندی تورکەکان بوو، بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی لۆزان رێنمایەکیان پێدرا کەلە ١٢ بەند پێکهاتبوو ، پێنج بەندیان پەیوەندی بەخاکەوە هەبوو . ئەوەی تیا دوپات دەکرایەوە کە نابێ هیچ نیشتمانێك بۆ ئەرمەنەکان پێکبهێنرێت . هەروەها داوای گەڕاندنەوەی سلێمانی و کەرکوك وموسڵی تیابوو . لەهەمان کاتدا ئەوەشیان لەیاد نەکردبوو کەباسی چەند جیاوکێکی پەترۆل بکەن بۆ ئینگلیزەکان ! [٣٣٦: ١١٦] .هەر لەو ماوەیەشدا شاندێکی کەمالیستەکان خەریکی دانوستان بوو لە ئێران . لە٢٥ تشرینی یەکەم رێکەوتننامەیەکیان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ئینگلیزو ئەمەریکاییەکان مۆرکرد ، کەگەرەکیان بوو عەشیرەتەکانی سەر سنوور بجوڵێنن. ئەمەش بەیەکەمین رێکەوتننامەی نێوان ئێران و تورکیا دادەنرێ دژی کورد [٣٢٠: ٦٨]. دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لەپاش سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێی تورك وئێران. هەر ئەو ساڵەش ئینگلیزەکان بۆ فریودانی رای گشتی (شێخ مەحمود) یان گەڕاندبووەوە. بۆ هێورکردنەوەی باری رۆژهەلاتی کوردستانیش، یارمەتی رەزاخانیان دا بۆ لێدان و سەرکوتکردنەوەی راپەڕینەکەی سمکۆ . ئینگلیزەکان دەیانویست کورد وەکو کارتێکی جەخت بەکاربێنن . لەو نامەیەی مێژۆر نوئێل لە ١٩٢٢/١١/١٥ بۆ شێخ مەحمودی نارد ، باسی ئەوەی دەکرد لەگەڵ کۆمیساری باڵا ئاخاوتووە ، بۆی دەرکەوتووە کەئێستا ناتوانرێ بابەتی سەربەخۆیی کوردستان دیماهی پێ بهێنرێت ، ئەگەر شا فەیسەڵ و حکومەتی عێراق رازی نەبن [٣٨ : ١٠٠] . بەم جۆرە ئینگلیزەکان چارەنووسی باشوری کوردستانیان بەدەسەلاتی حکومەتی عێراقی بەستەوە . هاوکات ویستیان کورد هێور بکەنەوە و وایان نیشان بدەن کەئامادەن شتێکیان بۆ بکەن ، تاوەك فشارێك لەکۆنگرەی لۆزان دژی تورکەکان بەکاری بهێنن .

دوای دەست پێکردنی کۆنگرەی لۆزان، لەئێوارەی ٢٦ تشرینی دووەمدا عیسمەت پاشا داوای لەکرزن کرد کەگفتوگۆی ئاشکرا دەربارەی داوای تورکەکان بۆ باشوری کوردستان دوابخات ، تا ئەوان بیروڕایان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە. دوای ئەوە هەریەکیان روانگەی خۆی لەیاداشتنامەیەك نوسی و لەنێوان ١٤ کانونی یەکەم و ٣١ هەمان مانگدا بەسەر شاندی هاوپەیمانە سەرەکیەکانیان دابەشکرد [٢٢٣: ٣٠] . هەر لەکۆتایی ئەو مانگەدا

حکومەتی ئێران داوای لەنوێنەرایەتی فەڕەنگ و ئینگلیز و ئیتالیەکان کرد لەکۆنگرەی لۆزان ، کەلەبەرژەوەندی ئەوان چاوێك بەسنوورەکانی کوردستان و ئەو لایەنەی دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا بخشێننەوە . بەدەست پێشخەری بەریتانیەکان ئەم داوایەی ئێران ڕەتکرایەوە . تەنانەت کرزن رازی نەبوو نوێنەری ئێران بەشداری کۆنگرەکەش بکات [٢٥٥: ٢٩٢] .

دانوستانەکانی کۆنگرەی لۆزان ئەوەیان سەلماند کەوا کەمالیستەکان باکوری کوردستان ، واتە ئەو دەڤەرانەی پێشتر لەبن دەسەلاتی عوسمانیەکان دابوون مسۆگەرکردووە ، هەوڵیان بۆئەوە دەدا باشوریش دەست بخەنەوە . لەراستیدا کۆنگرەی لۆزان دەست بەرداربوون بوو لەمافەکانی گەلی کورد .ئەگینا وەك کەمالیستەکان گوتیان : "ئەگەر ئینگلیزەکان واتێدەگەن دەتوانن چارەسەری دۆزی کوردستان بکەن ، بابێنە ئەرزەڕۆم و بزانن کوردەکان چیان بەسەردێت!". تۆینبی لەم بارەیەوە گوتی: "تورکەکان وا تێدەگەن بەردەوام بوونی پارڤەکردنی کوردستان دەبێتە سۆنگەی ئاژاوە ، بۆیە رایانگەیاند کەدەست بەرداری هەموو جیاوکێکی پەترۆل دەبن ئەگەر واز لەکوردەکان بهێنن بۆ ئەوان" [٢٢٣: ٢٧١] . وەڵێ ئینگلیزەکان هەرگیز بەوە رازی نەدەبوون باشوری کوردستان بکەوێتە دەست تورکەکان ،چونکە ئەو کاتە گەورەترین پارچەی کوردستان دەکەوتە بن دەستی ئەوان، ئەمەش وایدەکرد تورکیا گەورەبێت و هەموو رەگەزەکانی بەهێزبوونی تیابێت. بوونی دەوڵەتێکی بەم شێوەیەش گەفی لەبەرژەوەندیەکانی ئینگلیز دەکرد لەرۆژهەلاتی ناڤین . ئەمەش یەکێك بوو لەو ئەگەرانەی کەدەوڵەتێکی عەرەبیان لە عێراق دروست کردو باشوری کوردستانیان پێوەلکاند ، بەبیانگەی ئەوەی پەیوەندی ئابووری و جوگرافی پتەویان بەیەکەوە هەیە. لەم بارەیەوە فۆستەر زۆر جوانی بۆچووە کاتێ نووسیویەتی : "حکومەتی عێراق بەتەواوی مل کەچی کۆنترۆلی بەریتانیەکان بوو ... ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراقیش کە داوای باشوری کوردستانی دەکرد ، رەگی پتەوی بەئامانجی ئینگلیزی - عێراقی هاوبەش هەبوو" [٢٧٢ : ٢٠٩]. جێگای سەرسوڕمانە تورك و ئینگلیز لەکۆنگرەی لۆزان لەسەر کوردو کوردستان مشت و مڕیان بوو . تورکەکان دەیانگوت مادامەکونێ باشوری کوردستان کوردی تیایە، کەواتە هی تورکانە، چونکە کورد لەرەگەزی تورکن ! ئینگلیزەکان دەیانگوت کورد لەرەگەزی تورك نین . موسڵ شارێکی عەرەبیە و بەچەند ناوچەیەکی کوردنشین دەوردراوە! هەروەها بیانگەی ئابووری وجوگرافیان دەهێنایە بۆ ئەوەی پاساودانی داواکانی خۆیان بکەن [٢٢٣] . لەکاتێکدا هیچ لایەکیان رێگای کوردیان نەدەدا تەنانەت بەرگریش لەخۆی بکات. جێگای ئاماژە پێکردنە

لەو کۆنگرەیەدا هەرکاتێك حکومەتی ئەنقەرەیان تاوانبـار کردبوایـە ، عیـسمەت سـوودی لـە گوێ گرانیەکەی وەردەگـرت و وای نیشـان دەدا گـوێـی لـێ نیـە ! جـەختـی لـەسەر ئەوە دەکرد کەوا حکومەتی ئـەنقـەرەش وەك بـەشـداربوەکـانـی تـری کـۆنگـرە پێویستـە مامەڵـەی وولاتێکی سـەربەخوێ لەگـەڵدابکرێت[٣٤٧ : ٣٦٥-٣٦٦] . هەرچـەندە عیـسـمەت لـەهیچ کۆنگرەیەکدا بەشداری نەکردبوو ، وەك خـۆی گـوتـەنـی لـەبواری سیاسـەت و دانوسـتاندا شارەزایی نەبوو ، تەنانەت لەسەرەتای کۆنگرەکەدا کـاتـی خـۆی بـەتـەنیـا لـەهـۆڵـەکـە دۆزیەوە، لەوە دەترسا کە ئەمە جۆرە فێڵێکی تری ئینگلیزەکان بێـت ! [٣٣٣: ٢٥-٢٦] . ئەمەش رادەی گەورەیی رۆڵی ئینگلیزەکان نیشاندەدات .

رۆژی ٢٣ کـانونی دووەمـی ١٩٢٣ رۆژێـکـی سـەخت بـوو لـەکۆنگرەی لـۆزان . هەموری بۆ کێشەی باشوری کوردستان و دۆزی کورد تەرخان کرابوو . کرزن دوای ئـەوەی پاساودان و بیانگەکانی خۆی خستە روو، گوتی : "هەڵبژاردنی فەیسەڵ بەشـای عـێراق واتـای ئەوەبوو باشـوری کوردستان خرایـە سـەر عـێراق![٢٥٥ : ١٨٤]. تورکـەکان چـەند ترسـی خۆیان بەرامبەر ئینگلیزەکان نیشاندەدا ،هێندەش زێتر زەندەقیان لەحکومەتەکەی شێخ مەحمود چووبوو. بەبیانگەی گرتنەوەی باشوری کوردستـان هـەوڵیاندەدا حکومەتەکـەی شـێخ مـەحمود لەناوبەرن . تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە تاتەمـەنی (٣٨) سـاڵی خـەڵك بەسـەرباز بگرن . هاوکات لەگەڵ حکومەتی ئێران رێکـەوتن کـەوا پاشـکۆی هێزەکانیـان بپارێزن لـەو باڵـەی باشـوری کوردستان کەدەکەوتـە نزیـك سنوورەکانی ئەوانـەوە[١٥٦ : ١٣١] . ئـەم رەفتارەی ئێران بەدڵی ئینگلیزەکان نەبوو . پێشتریش بە ئێرانیان راگـەیاندبوو ، بـەریتانیا کـە کۆسـپ دەخاتـە بـەردەم تورکـەکان لـە گەڕانـەوەیان بـۆ باشـوری کوردسـتان بـەرگری لەبەرژەوەندیەکانی ئێران دەکات . بۆیە ئێرانیەکانیش پێویستە یارمەتیان بدەن. هـەروەها پـێ یان راگەیاندبوون بەریتانیا لەگەڵ ئەوەیە هێمنی لەرۆژهـەڵاتی کوردستان بپارێزێ [٢٥٥ : ٢٤٥]. لەهەمان کاتدا ئینگلیزەکان وەستانی کۆنگرەی لۆزانیان بەهـەلزانی، دوو رۆژ بـەر لـە دەسـت پێکردنـەوەی قۆنـاغی دووەمـی کۆنگـرەی لـۆزان ،سـلێمانیان بۆردومـان کـردو یۆزدەمیریـان لـەرواندوز وەدەرنـا . پاساودانی ئـەم کارەشـیان بـەوە کـرد گوایـە بـەگوێرەی هەندێك بەڵگەنامەی کـەدەستیـان کەوتووە ، تورکەکان گەرەکیان بووە کرداره سەربازیەکانی خۆیان بەرەو خانەقین فراوان بکەن[١٤٦ : ٧٠]. بۆیە بەر لەوەی ئـەوان وەخۆکـەون ، ئـەوان کرداره سـەربازیەکانی خۆیـان دەسـت پێکـرد. ئەودەڤەرانـەیان خسـتەوە بـن دەسـتی خۆیـان کەگـەرەکیان بـوو بیخەنـە چوارچێوەی ئـەو دەوڵەتـە عەرەبیـەی دایەنمـەزراندبوو ، واتـە

چوارچێوەی عێراق . کە ئەو کارانەیان ئەنجامدا لە ٢٣ نیسانی ١٩٢٣ قۆناغی دووەم لەکۆنگرەی لۆزان دەستی پێکردەوە . لە ٢٤ تەموز کۆنگرەکە دیماهی هات و رێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد ، کە هەر بە ناوی کۆنگرەکەوە ناونرا . بەگوێرەی بەندی سێیەمی ئەو رێکەوتننامەیە سنوورەکانی باشوری تورکیا کێشرایەوە دواوە . هەروەها دان بەسنووری نێوان سوریاو تورکیا دانرا وەك ئەوەی کە لەبەندی هەشتەمی رێکەوتننامەی (تورکی- فەرەنگسی) دا هاتبوو ، کەلە ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢١ مۆرکرابوو . هەرچی دەربارەی سنووری باشوری تورکیا و باکوری میسۆپۆتامیا بوو ، بڕیاردرا لەماوەی ٩ مانگ بەرێکەوتنێکی دۆستانە لەنێوان تورك و ئینگلیزەکان دیاری بکرێت . ئەگەر نەگەیشتنە ئەنجام ئەوکاتە کێشەکە بدرێت بەکۆمەڵەی گەلان [٨٥: ١٢٨] . بەم جۆرە بەگوێرەی بەندی سێیەم، لەبەرئەوەی پێشتر رێکەوتننامە لەنێوان تورك و فەرەنگەکاندا مۆرکرابوو ، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەشی رۆژئاوای کوردستان خرایە سەر سوریا ،کەلەبن مانداتی فەرەنگەکان دابوو . رێکەوتننامەی لۆزان وەك بەشکچی دەڵێت : "بریتی‌یە لە پارڤەکردنی نەتەوەیی کوردو خاکی کوردستان ، بۆیە دوو واتای تەواو لێك جوێی هەیە بۆ کورد و تورکەکان ،بۆ تورك واتای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو ، بۆ کوردیش واتای بەیەکەوە لکاندن بوو ، واتای بەدامودەزگاکردنی کۆیلەیەتی و بەکۆلۆنیکردن بوو . ئەم رێکەوتننامەیە بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی کۆلۆنیالیستی نێو دەوڵەتی" [١: ٥٢] . وەك تۆمابواش دەڵێ : "ئەوروپا هەمدیس کوردو ئەرمەنەکانی فریودا". بەگوێرەی رای یەکێك لەشارەزاکانی نێودەوڵەتی : ئەوروپا کوردو ئەرمەنەکانی خستەوە بن دەستی جەلادەکانیان" [٣٤٨ : ١٤٣] . شایەنی باسە هەر لەو کۆنگرەیەدا کاتێك عیسمەت پاشا (ئینۆنۆ) باسی کەمە نەتەوەییەکانی لەگەڵ کرزن کرد ، کرزن بەسەرسامیەوە پرسی : ((ئایا کەمە نەتەوەییەکان ماون ؟)). عیسمەت پاشا لەم بارەیەوە نووسیویەتی : "بە(کرزن) م گوت ئێمە رەگەزپەرستی قبووڵ ناکەین . کرزن وەرامی دایەوە : "ئازیزەکەم جاخەوشی رەگەز پەرستی چیە ؟" عیسمەت لەگەڵ پوانکاریێ ،سەرۆکی فەرەنگساش لەم بارەیەوە ئاخاوت ،پوانکاریێ گوتی : "پیاوانی دەوڵەت نازانن بزاڤەکانی ئەناتۆلیا چیەو کێ لەم بزاڤانە بەرپرسیارە". هەروەها گوتی : "ئەوانە نەزانن لەوبڕوایەدان چەتەکان کە چونەتە چیا سەرکەوتن وەدەست دێنن" [٣٣٣: ٢٥-٢٦] .بەم چەشنە کەمالیستەکان لە لۆزان سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست هێنا . زۆربەی بەندەکانی لۆزان لەسەر ئەو مەرجانە دامەزرا کەپەیمانی میللی دیاریکردبوو ،هەروەها تورکیا وەك دەوڵەتێکی خودان سەروەریتی و سەربەخۆ دانی پیانرا [٩١: ٣٤]. هەرچی دەربارەی رۆژهەڵاتی کوردستانە ، ئەوا ئێرانیەکان بەنیازی ئەوەی فشار بخەنە سەر ئینگلیز لەتورکەکان

نزیك بوونەوە، چونكە ڕەزاخان لەوكاتەدا دەیویست لوڕەكان بخاتە بن دەستی خۆیەوە ، كەئەوانیش دۆستی ئینگلیز بوون . ئینگلیزەكان پێیان وابوو پلانی شالیاری جەنگ ڕەزاخان خراونیە و لەسەر بنەمایەكی دروست داڕێژراوە ، هیچ بیانگەیەكی نەدەدا بەدەستەوە بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان تێهەڵقورتێنن و یارمەتی بەختیاریەكان بدەن [٢٠٢: ٢١٠-٢١١] . ئەوەبوو هەردوای ئەوە ئەحمەدشای قاجاریان ناچاركرد پشت بەڕەزاخان ببەستێ و داوای پێكهێنانی كابینەی حكومەتی لێبكات . سەرباری ئەمە ئینگلیزەكان دەیانویست لەڕێگای ئێرانیەكانەوە سەرئێشە و ئەژواری بۆ حكومەتی عێراق چێبكەن . بۆیە لەساڵی ١٩٢٤ دەبینین ڕووداوەكانی سنووری هەردوولا بەڕادەیەكی زۆرّ ڕووی لەزێدەبوون كرد [١٤٩: ٢٨٤] . لەڕاستیدا ئەو پێنگاوانەی ئینگلیز زێتر ئادگاری و تەكتیكی بوو . ئەگینا ئەوان بەردەوام بوون لەهاریكاریكردن و بەهێزكردنی حكومەتی عێراق .بۆ ئەم مەبەستەش كارەساتی ئاسوریەكانیان لەكەركوك قۆستەوە بۆ بەهێزكردنی سوپای عێراقی . دوای كارەساتەكە جافەر عەسكەری گوتی: "نەبوونی سوپایەكی بەهێز بووە ئەگەری ئەوەی چەند چەكدارێك بەكاری توندو تیژی هەڵسن"[٩٠: ٩٢]. بەهێزبوونی سوپای عێراقیش بەپلەی یەكەم بەنیازی كپ كردنەوەی بزاڤی نەتەوەیی كوردبوو ،كە هەموو توانایەكیان خستبووەگەڕ بۆ ئەوەی نەهێڵن بەعێراقیانەوە بلكێنن . بۆیە دەیانویست بوار نەدەن دەنگی شۆڕشگێڕەكان بگاتە هیچ لایەك . ئەمەش بەئاشكرا لەو بروسكەیەدا دەردەكەوێ كە پێشمەرگەی كورد بۆ وڵاتە گەورەكان و كۆمەڵەی گەلانیان نارد، كەتیایدا دەیانگوت : "لەمانگی ئایاری ١٩٢٤ حكومەتی ئینگلیز هەموو جۆرە چەك و كەرەسەیەكی جەنگی دژی ئێمە بەكارهێنا .تەنانەت ڕێگای هاوارو شكاتیشیان لێگرتین ، بەئامانجی داگیركردنی كوردستان و بەستنەوەی بەڕەوڕەوەی عێراقی عەرەبیەوە" [٣٨ : ١٣٧] .

ئەژواری دیاریكردنی سنووری نێوان عێراق و توركیا ، كە دەیكرد دابڕینی بەشێكی گرنگ لەباشوری كوردستان و دیاریكردنی سنووری ئەوپارچەیەی كە بەعێراقەوە لكێنرابوو ،لە كۆنگرەی قوستەنتینیە كە لە ئایاری ١٩٢٤ گرێدرا بەئەنجام نەگەیشت ، بۆیە بڕیاریان دا كێشەكە بدەن بەكۆمەڵەی گەلان ئەو كاتە بەمكوڕیەوە بیر لەوەكرایەوە هێزەكانی عێراق فراوانتربكرێت و ژمارەی تۆپ و باڵە فڕو پیادە و سواریش زێتر بكرێت .هەروەها هەوڵێكی زۆریان دا بۆ ئەوەی پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دابین بكەن [١٧٣: ٤٣]. دوای ئەوە كۆمەڵەی گەلان هەوڵیدا چارەسەریەكی وا بدۆزێتەوە كە هەردوولای ناكۆك ڕازی بكات . لە٣٠ ئەیلولی ١٩٢٤ بەتێكڕایی دەنگ لەسەر ئەوە ڕازی بوون كەوا لێژنەیەكی لێكۆڵینەوە لەسێ ئەندام دیاری بكرێت بۆ ئەوەی زانیاری و پێشنیاری وا پێشكەش بكەن كە بیانگەیەنێتە بڕیارێك . بۆ ئەم مەبەستەش ، لێژنەكە دەست بەلێكۆڵینەوەكانی خۆی بكات لە خودی

باشوری کوردستان. له ٣١ تشرینی یه‌که‌م راگه‌یه‌نرا که لیژنه‌که له‌و سیٚ‌که‌سه پیٚکهات :جوگرافی زانی به‌ناوبانگ و سه‌رۆکی مه‌جه‌ری پیٚشووپۆل تلکی ، هه‌روه‌ها شالیاری سویدی (أ ی .أف .فرست) که ماف په‌روه‌ریش بوو ، له‌گه‌ل سه‌رهه‌نگی خانه‌نشین له‌سوپای به‌لژیکی (أ.پولس) . [١١٦: ٥٢]. له‌ترسی ئه‌وه‌ی ئه‌ژواری‌روونه‌دا، هیٚلیٚك پیٚشنیارکرا له‌نیٚوان هه‌ردوو وولاتدا ،که‌دواتر به‌ناوی هیٚلی برۆکسل ناسرا ، واته به‌ناوی ئه‌و شاره‌ی کۆبونه‌وه‌که‌ی تیاگریٚدرا [٢٠٩: ١١٩] . شایه‌نی باسه دوای ئه‌وه‌ی لیژنه‌که هاته کوردستان ، وه‌ك ئه‌دموندز ده‌لیٚ : "ته‌رازووی تاکتیك له‌به‌رژه‌وه‌ندی هه‌لویٚستی ئیٚمه‌ی نویٚنه‌ری به‌ریتانیاو عیٚراقدا بوو . هه‌موو دیارده ده‌ره‌کی یه‌کان ئاماژه‌یان بۆ لاسه‌نگی تای ته‌رازووه‌که ده‌کرد به‌لای ئیٚمه‌دا . چونکه کارگیٚری له‌بن ده‌سه‌لاتی ئیٚمه‌دا بوو ، له‌ناویشیاندا هیٚزی هه‌یته ، به‌مه‌ش ده‌مانتوانی فشار بخه‌ینه سه‌ر هه‌موو کۆمه‌لو تایفه‌یه‌کی دانیشتوان، هه‌روه‌ها ده‌مانتوانی دوازانیاری و ووردترینیمان به‌ده‌ست بگات"[١٨٤: ٣٥٩] . دریٚغیشیان نه‌کرد له‌وه‌ی فشار بخه‌نه سه‌ر خه‌لك وکه‌سانیٚکی زۆریشیان زیندانی کرد . ئه‌مه سه‌رباری ئه‌وه‌ی لیژنه‌که به‌هۆی سه‌ختی و نه‌بوونی ریٚگاوبان نه‌گه‌یشته زۆر شویٚن و ده‌ڤه‌ری کوردستان له‌گه‌لٚ ئه‌وه‌ش لیژنه‌که گه‌یشته ئه‌و بریاره‌ی که‌ئه‌گه‌ر بیٚت و به‌رژه‌وه‌ندی دانیشتوانی ناوچه‌که ره‌چاو بکریٚت که بیٚگومان زۆربه‌ی زۆری کورد بوون پیٚویسته حکومه‌تیٚکی کوردی دامه‌زریٚت [٢٢٣]. که ئه‌مه‌ش بایه‌خیٚکی تایبه‌تی هه‌یه چونکه دان پیانانی لیژنه‌یه‌کی نیٚو ده‌وله‌تی بوو به‌مافه‌ره‌واکانی گه‌لی کورد. هه‌روه‌ها لیژنه‌که : "دوای ئه‌وه‌ی گه‌رایه‌وه سه‌ر میٚژوو نووس و جوگرافی زانه کۆنه‌کان ، گه‌یشته ئه‌و بروایه‌ی هیچ کاتیٚك عیٚراق له هیت-تکریت ، یاخود ناوچه‌ی چیای حه‌مرین تیٚنه‌په‌ریوه . هه‌موو ئه‌ده‌بیاتی جوگرافی ، هه‌ر له‌سه‌رده‌می هیٚرشی عه‌ره‌به موسولمانه‌کانه‌وه تا سالی ١٩٢٥ ، ئه‌و زه‌ویانه‌ی ئیٚستا ناکۆکی یان له‌سه‌ره ، رۆژیٚك له‌رۆژان نه‌به‌شیٚك بووه له عیٚراق ،نه‌به‌شیٚکیش له عیٚراق سالوخدان کراوه" [٢٢٣: ٧٨] . که‌چی له‌دیماهیدا له‌به‌رئه‌وه‌ی به‌ریتانیه‌کان بالاّ ده‌ست بوون ، لیژنه‌که راپۆرتیٚکی پیٚشکه‌ش کرد له ١١٣ لاپه‌ره‌ی گه‌وره‌و ١١ نه‌خشه پیٚکهاتبوو ،تیایدا هاتبوو : "ئه‌گه‌ر سه‌یری دۆزه‌که به‌گشتی بکه‌ین و به‌رژه‌وه‌ندی خه‌لکه‌که ره‌چاوبکه‌ین ، به‌رای لیژنه‌که واباشتره ئه‌و ده‌ڤه‌رانه‌ی ناکۆکی‌یان له‌سه‌ره پارڤه‌نه‌کریٚت ! لیژنه‌که واده‌بینیٚ بیانگه‌ی گرنگ هه‌یه یارمه‌تی ئه‌وه‌ده‌دا هه‌موو ده‌ڤه‌ره‌که له باشوری هیٚلی برۆکسله‌وه به عیٚراقه‌وه بلکیٚنریٚت . هه‌روه‌ها پیٚویسته ئاره‌زووی کورده‌کان ره‌چاوبکریٚت به‌دامه‌زراندنی فه‌رمانبه‌ری کورد بۆ به‌ریٚوه‌بردنی وولاته‌که‌یان و ریٚکخستنی کاروباری نیٚوده‌وله‌تیی و خویٚندن له‌کاروباری ره‌سمی‌و قوتابخانه‌کاندا .لیژنه‌که واده‌بینیٚ ئه‌گه‌ر زیٚره‌ڤانی کۆمه‌له‌ی گه‌لان بۆماوه‌ی چوار سالٚ ته‌واوبوو ، که‌له په‌یماننامه‌ی عیٚراقی - به‌ریتانی دا هاتووه وهیچ هه‌ریٚ یه‌ك به‌کورد نه‌درا بۆ به‌ریٚوه‌بردنی خۆی، ئه‌وا هه‌موو خه‌لکه‌که حوکمی تورکی سه‌ر پشك ده‌که‌ن

لەسەر حوکمی عەرەبی [٢٠٥: ٢٦] . ئەوەی لەو گافەدا زیتر یارمەتی ئینگلیزەکانی دا لەکاتی تاوتویێ کردنی راپۆرتی لیژنەکە، دایسانی راپەرینەکەی شیخ سەعیدی پیران بوو. کە پاڵپشتێك بوو بۆ داواکاریەکانی بەریتانیا، ئەوەی دەردەخست بۆ کورد واباشترە بەعێراقەوە بلکێنرێت. چونکە ئەوان دەتوانن لەگەڵ عەرەب بژین ، هاوکات بەدرۆخستنەوەیەکی شاندی تورکیبوو لە لۆزان ، کەدەیانگوت : کەمینە موسڵمانەکان شادمانن بەچارەنووسیان لەسایەی دەوڵەتی تورکدا [١٤٢: ١٨٦] . ئینگلیزەکان بەهەمان لەگوین (عێراقی) یشیان دەترساند ، تاریکەوتننامەی جیاوکی پەترۆلیان لەگەڵ مۆربکات . کە ئەو ئاواتەیان بەئەنجام گەیشت ، لە ١٦ کانونی یەکەمی ١٩٢٥ کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دا کەهێڵی برۆکسل ،هێڵیکی لەبارە بۆ ئەوەی ببێتە هێڵی سنووری نێوان عێراق وتورکیا [١٣٥: ٢٦٦] . بەمەش قۆناغی پارچەکردنی کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دیماهی هات، دوای ئەوە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەرپارچەکرا، کەوتنە هەوڵی لەیەکتر نزیك بوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندیەکانیان، بۆ هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتری، لەپێناو سەرکوتکردن و داپلۆسینی بزاڤی نەتەوایەتی کورد وتەنانەت سڕینەوەی ناسنامەی مرۆڤی کورد .

هەر لەوماوەیەشدا رەزاخان سیستەمی قاجاری وەلاناو سیستەمی پەهلەوی دامەزراند .چوار رۆژدوای ئەوە لە٤ تشرینیدووەمی ١٩٢٥ یەکێتی سۆڤیەت دانی پیانا، واتە تەنیا یەك رۆژ دوای ئەوەی بەریتانیەکان دانیان پیانان. بەم چەشنە سێ دەوڵەتی داردەستی ئینگلیز، عێراق و تورکیا و ئێران لە دەڤەرەکەدا دامەزران. کە هەر لەو کاتەوە بەرژەوەندیی لێدان و سەرکوتکردنەوەی کورد بەیەکەوەیانی بەستیەوە. کە ئەمە کاریگەیەکی ترسناك و تراژیدی لەسەر چارەنووسی گەلی کوردو خاکی کوردستان هەبوو. وەك بەشکچی دەڵێت : "کوردەکان لەهیچ شوێنێك وەك کورد سەیر ناکرێن، لە تورکیا بەزۆر دەکرێن بە تورك، لە ئێران بەفارس، لە عێراق و سوریا بە عارەب. ئەمەش وەکو تورك و فارس و عارەبی پلە دوو" [١:٣٥].

بەم جۆرە ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی دوای جەنگ لە نێوان زلهێزەکان هاتە ئارا، لەسەر پارچە کردنی بەرژەوەندیەکانیان، بووە ئەگەری سەرهەڵدانی هێزی ناوچەیی نوێ. کە ئەمە زێتر یارمەتی دان ببۆ پارچەکردن و دەست بەسەرداگرتنی تەواوی کوردستان و هێشتنەوەی ئەژواریەك لەو دەڤەرە، کە لە هەستیارترین و سەختترین کێشەی رۆژهەڵاتی ناڤین و بگرە هەموو جیهان دەژمێردرێت. تا ئەمرۆش کورد بە دەستیەوە دەناڵێنێت و چارەسەری نەکراوە، ئەمەش وای کردووە دەڤەرەکە ئارامی بەخۆیەوە نەبینێ.

باسی دووەم : پەترۆل و شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان وەک دوو تەوەری ململانێ

لەگەڵ دیماهی هاتنی جەنگ و نەمانی مەترسی ئەڵەمانەکان، هەمدیس ناکۆکی کەوتەوە نێو ئەو رکابەرانەی ترسی ئەڵەمانەکان لەنێو یەك هاوپەیمانیەتی گردی کردبوونەوە . یەکێك لە ئەگەرەکانی ئەو ململانێ و ناکۆکیەش پەترۆل بوو . چونکە ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم ئەوەیان سەلماند کە باڵا دەستی سوپایی تەنیا بۆ ئەو لایەنە وەدی دێت، کە پەترۆل و سەرچاوەکانی تری سوتەمەنی هەبێت، ئەمە چ لەلایەنی بزاڤە سەربازیەکان، یاخود دۆزە سیاسیەکانەوە بێت . [١٠١:١٤٧] . زلهێزەکان لەو بڕوایە دابوون ، ستالین گوتەنی : "کێ زۆرترین پەترۆلی هەبێت ، ئەو چارەنووسی جەنگی ئایندە دیاری دەکات" [٩٧:٢٨] . بایەخی پەترۆل لە کاتی جەنگ و دوای جەنگیش تادەهات زێتر دەبوو . لەو ئاهەنگەی کە لە ٢١ تشرینی دووەمی ١٩١٨ بۆ دەستەی هاوپەیمانەکانی پەترۆل لە کۆشکی لانگستر هاوس سازدرا . کرزن ووتارێکی دەربارەی بایەخی پەترۆل پێشکەش کرد . تیایدا گوتی : "بەر لە جەنگ پەترۆل بە یەکێك لە پیشەسازیە هەرەگرنگەکان و کەرەستەیەکی نەتەوەیی دەژمێردرا . بەکارهێنانیشی بەمەبەستی ئابووری و گواستنەوە لە زێدەبووندا . وەڵێ بە دەستپێکی جەنگ، پەترۆل و بەرهەمەکانی تری بووە ئەو هۆکارانەی جەنگی پێ درێژە پێ بدرێ و سەرکەوتنی تیا وەدەست بێت. چۆن دەتوانرا بەبێ پەترۆل ، گواستنەوەی کەشتیگەل و سەرباز و بزافی پیشەسازی تانك و تۆپ بەلەز بکرێت ؟ لە راستیدا بۆمان هەیە بێژین : هاوپەیمانان لەسەر پێلی پەترۆل رووەو سەرکەوتن چوون" [٣١:١٧١] . یاخود وەك هنری برانژە ، نوێنەری حکومەتی فەرەنگ لەو کۆنگرەیەی کە لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ لە (رۆما)ی پایتەختی ئیتاڵیا بۆ پەترۆل سازدرا ، گوتی : "پەترۆل لە جەنگ وەك خوێن وابوو ، ئەو سەرکەوتنە وەدەست نەدەهات ئەگەر ئەو خوێنە نەبوایە ، ئەویش خوێنی خاك بوو ، کە ئێمە پێی دەڵێین پەترۆل" هەروەها ژەنراڵ (لۆندروف)ی ئەڵەمانی لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی : "ئەگەر پەترۆل لای هاوپەیمانان نەبوایە ، سەرکەوتنیان وەدەست نەدەهێنا" [٧٢:٢٠٦] . کرزن راشکاوانەتر گوتی : "بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناڤین لە پێناو پەترۆل شەڕی کرد ، بەرژەوەندیەکانی ئیمپراتۆریەت هەرگیز لە بەرژەوەندیە پەترۆلیەکانی جوێ نابێتەوە" [٢٥٠:١٣٥] . وەك لە راپۆرتێکی بەریتانیشدا هاتووە : "گیانێکی زۆرمان لە جەنگی (١٩١٤-١٩١٨) کردە گوری ، ئامانجی

بنەڕەتیمان هەبوو ، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی بواری هیچ دەوڵەتێکی دوژمن نەدرێت ، گەف لە ڕێگاکانی گواستنەوەی ئیمپڕاتۆریاکەمان بکات . هەروەها بەریتانیا بەرژەوەندیەکی ئابووری زۆر فراوانی لەو دەڤەرەدا هەیە ، گرنگترینیشیان کێڵگە پەتڕۆلیەکانی کەرکوکە" [٧٦:٢٠٧]

سەرباری بایەخی پەتڕۆل ، ئەگەر سەیری دەڤەرە پەتڕۆلیەکانی کوردستان بکەین ، کەوتۆتە سەر ئەو هێڵەی کە هەر لە کۆنەوە ڕێگای بازرگانی بووە . وەك ناوچەکانی کەرکوك ، خانەقین ، قەسری شیرین ، کرماشان . یەکێك لە نووسەرەکان نووسیویەتی : "ڕێگای هیند ، هەمان ڕێگای بیرە پەتڕۆلیەکانی ئاسیایە". [٢٢٨:٨٣] . کەئەمە بایەخی پەتڕۆلەکەی زیاتر کردووە ، هاوکات پەتڕۆلەکەش کاری لە بایەخە جیۆپۆلەتیکیەی کردووە. هەرئەمەشە وای لە یەکێکی وەك ئۆلسن کردووە ، بنووسێ : "ڕووی ئیمپریالیستی و ستراتیژی و نەتەوەیی و سیاسی بۆ ئینگلیزەکان ، ڕەنگە هاوشانی دۆزی پەتڕۆلەکە بووبێت" [٢٣٥:٢٤]. لەبەرئەوەی زۆربەی کێڵگە پەتڕۆلیەکانیش لە باشووری کوردستان بوو ، بۆیە بەریتانیەکان زیاتر بایەخیان بەو دەڤەرە دەدا ، ئەمەش لەبەر دوو ئەگەر بوو "پەتڕۆل و ئیمپڕاتۆریاکەیان" [٢٣١:٨٣] . بۆیە ئەگەر کێڵگە پەتڕۆلیەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی کوردستان ، بایەخی هەبوو بۆ ئەوەی پەترۆل بۆ کەشتیگەلی بەریتانی لەکەنداوی فارس ئامادە بکا ، ئەوا کێڵگەکانی کەرکوك ، مەڵبەندێك بوون بۆ ئامادەکردنی پەتڕۆل بۆ کەشتیگەلی بەریتانی لە دەریای سپی ناڤین. بەو پێیە دەبوایە هاوسەنگی هێزەکان لە ڕۆژهەلاتی ناڤین لە بەرژەوەندی بەریتانیەکاندا بێت ، لەگەڵ ڕەچاوکردنێکی سادەی هەست و سۆزی ناسکی فەڕەنگەکان .

بایەخی کوردستان ، کە ببووە هۆکارێك بەرژەوەندیەکانی بەریتانیای بە هیندستان دەبەستەوە . هەروەها وەك بنکەیەك بۆ تەیارکردنی پەتڕۆل بۆ کەشتیگەلیەکانی بەریتانی لە کەنداوی فارس و دەریای سپی، تا دەهات زیاتر بەرزدەبوەوە . بۆیە گرنگی کوردستان تەنیا لە سۆنگەی پەتڕۆلەکەیەوە نەبوو بۆ ئینگلیزەکان ، بەڵکو ئامانجی ستراتیژی خۆیان هەبوو، ئەگەر تا ڕواندز لە باکورەوە لەبن دەسەلاتی ئەواندا نەبوایە ، ئەوا ئەو دەڤەرە گرنگە دەکەوتە دەست دەوڵەتێکی ترەوە ، کە دەبووە ناوبڕێك لەنێوان کەنارەکانی دەریای سپی و هیندستان . [٢٥٣:٨٨] . بۆیە هەندێك لەنووسەران چیێ نەبوونی دەوڵەتی کوردی دەگەڕێننەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی ، یەکەمیان شوێنی ستراتیژی کوردستان ، دووهەمیان دەوڵەمەندی کوردستان ، بەتایبەتی باشوری کوردستان . [١٤٢:٧٩] .

لەبەرئەوەی بەشێکی باشوری ڕۆژهەڵات بەر ئێران کەوتبوو ، ئەویش دەروازەیەکی تر بوو بۆ ئینگلیزەکان تا بەرژەوەندیەکانیان لەو دەڤەرە بچەسپێنن ، بۆیە بایەخێکی زۆریان بە ئێرانیش دەدا . کرزن پێیوابوو ئێران شوێنێکی ستراتیژی و گرنگ بوو ، ئەگەر ڕێگایان بدابوایە دوژمنان دەهاتنە ناوەوەی ، ئەمەش گەفی لە بەرژەوەندیەکانیان دەکرد ، وەك زۆرجاریش دەیگوت : "ئینگلیز بەشێوەیەکی ژیانی پشت بە پەترۆلی ئێران دەبەستێ" [٨٣:٩٦]. هەرچی دەربارەی باکوری کوردستان بوو ، ئەوا هاتنەکایەی سۆڤیەتیەکانیان بەمەترسیەکی ڕاستەخۆ دەزانی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان . چونکە سۆڤیەتیش وەکو ڕوسیای بەری ، بەرژەوەندیە ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکیەکانی هەرمابوو. "ڕاستە دەوڵەت گۆڕانیان بەسەردا دێت ، سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بۆچوونی ئایدۆلۆژیان دەگۆڕێ ، وەلێ فاکتەری جیۆپۆلەتیك وەکو شتێکی گرنگ و کاریگەر لەژیانی دەوڵەتدا هەردەمێنێ" [٢٣:٥١] . بۆیە سەرهەڵدانی سۆڤیەت وایکرد ئینگلیزەکان زیتر ئێران لەباوەش بگرن . وەك لە یەکێك لەیاداشتنامە بەریتانیەکان دا هاتووە : "ئێمە خۆمان بە دەمڕاستی فارس نازانین ، وەلێ گەرەکمانە یارمەتی بدەین ، تا خۆی لەسەر پێ ڕادەگرێ . چونکە ئەگەر کەوتە هەمێزی ڕوسەکان ، یاخود بوو بە هاوپەیمانیان ، ئەوا شوێنمان لەڕۆژهەڵاتی ناڤین لەنگ دەبێ . بەجۆرێك پارێزگاری کردنی زۆری تێدەچێ " [٩:٢١٣] . بەشکچی لەم بارەیەوە ووردی بۆچووە کە دەڵێ : "لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دا جیهان بەشێوەیەکی توند گۆڕا ، لێرەوە دەبێ لەڕوانگەی تەرازووی هێزەکانەوە لەڕۆژهەڵاتی ناڤین و لەجیهانی دەرەوەیدا ، سەیری دۆزی کورد بکرێت" [٥٧:١] .

ئینگلیزەکان ماوەیەکی زۆر بوو لەکوردستان بوون و شارەزاییەکی باشیان تیاپەیدا کردبوو. باشوری کوردستانیش کە لەڕووی ستراتیژی و ئابووریەوە گرنگترین بەشەکانی کوردستان بوو، بەشێکی پڕ بایەخی باشوری کوردستانیش، بەپێی پەیماننامەی سایکس -پیکۆ ، بەر فەڕەنگەکان کەوتبوو، وەلێ لەگەڵ وەستانی جەنگ و بەستنی ئاگربەست ، ئینگلیزەکان نەوەستان و هێزەکانیان بۆ باشوری کوردستان ئاژوا . تەنانەت بەر لەبەستنی ئاگربەستەکە ، شالیارگەی جەنگ بروسکەیەکی بۆ ژەنراڵ مارشاڵ ، فەرماندەی هێزەکانی عێراق لێدا، کەهێزەکانی بەرەو باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بئاژواو هێندەی دەتوانن زەوی دەستبخەن، هەروەها پێیانی ڕاگەیاند، کە دامەزراندنی ئەو هێڵە ئاسنەی لەئێرانەوە بۆ دەریای

قەزوێن دەچوو، گـیرۆ نـەبێ. [٢٥٠:٢٠٠] . بـەم لەگوێنـە ئینگلیزەکـان بەشێك لەباشـوری کوردستان (ویلایـەتی موسڵ) یان خستە بن دەستی خۆیان . بۆ ئەم کارەشیان زۆر پاسـاودانیان دەهێنایەوە . تۆینبی پێی وابوو داگیرکردنی ئەو بەشەی باشور لەبەر بایەخی ستراتیژی بوو نـەك پەترۆل [٢٧٢:٢١٥] . هەرچی ویلسن بوو دەیگوت ئینگلیزەکان لەبەر شکستەکەی (کـوت) ئارەزوویان دەکرد شان و شکۆی خۆیـان بـەرز بکەنـەوە . سـەیر ئەوەیـە دواتـر ویلسـن هـەر خۆشی گوتی ئەو هەڵمەتە لەهەموو هەڵمەتـەکانی تـر زیـتری تێچوو [١٢٩:١٤٤] . لازاریـڤ رایەکەی تارادەیەك لەگەڵ تۆینبی یەکدەگرێتەوە . پێی وایە ئینگلیزەکان ئەو بەشەی باشوریان بۆ ئەوەبوو بیکەن بـەپردێك ، لـەوێوە فـراوان خوازیـە سیاسـی و سـەربازەکانیان بڵاوبکەنـەوە رووەو رۆژهەڵات و رۆژئاوا و ئەودیو قـەوقاز و دەریـای رەش . بەریتانیـەکان شـوێنی خۆیـان لەرۆژهەڵاتی ناڤین لەکن سەقامگیر نەدەبوو ، ئەگەر سەرپەرشتی ئەو ناوچـە بـەرز و سـتراتیژی و دەوڵەمەند بەسامانی سروشتی لەبن دەسەڵاتی خۆیاندا نەبوایـە، بۆیـە لـەکۆنگرەی ئاشـتی دۆزی کورد بەگوێرەی ئەوان پلەی یەکـەمی وەرگرتبـوو ، بـۆ ئـەوەی بـەزانایی بـۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سایکس-پیکۆ بەکاری بهێنن [٢٥٥:٥٥] چونکە ئامانجێکی گەورەی ئینگلیزەکـان هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سایکس-پیکۆ و بن دەست کردنی کوردستان بوو لـەژێر پـەردەی دارشتنێکی یاساییـەوە . بۆیە کاتی کلیمانسۆ سەرۆك شـالیارانی فـەرەنگ لـەکانونی یـەکـەمی ١٩١٨ سەردانی لەندەنی کرد . هەلێکی لەباربوو بوو ئینگلیزەکان ئـەو ئاواتـەیان بهێننـە دی . لۆید جۆرج* لەم بارەیەوە نووسیویەتی : "کلیـمانسـۆ کـەدوای جـەنگ هاتـە لـەندەن ، هـەموو ناوشاری لەگەڵ گەرام . جەماوەریش بەوپەڕی گەرمیـەوە پێشـوازیان کـرد . کـاتێ گەیشـتینە باڵوێزخانەی وڵاتەکەی ، لێی پرسیم گەرەکتە چیـت لـە فەرەنگـەکان دەسـت کـەوێ ؟ دەم و دەست وەرامم دایەوە (ویلایەتی موسڵ) بخرێتـە سـەر عـێراق و ... کلیمانسـۆ بـەبێ گفتوگـۆ لەسـەر ئەمـە رازی بـوو . هەرچـەندە ئـەو رێکەوتننامەیـەمان لـەهیچ شـوێنێك تۆمـار نـەکرد.

* لۆیـد جـۆرج (١٨٦٣-١٩٤٥) سیاسەتوانێکی ناسراوی ئینگلیز بـوو . ئـەندامی پارتـی سەربەخۆ خوازەکان (حزب الاحرار) بوو . لەسـاڵی (١٨٩٠)ەوە چـەند جـارێك بـۆ پەرلـەمانی بەریتانیا هەڵبژێردرا . لەساڵی (١٩١٦-١٩٢٢) پلەی سـەرۆك شـالیارانی پێ سـپێردرا . بـەر لەمردنی بەماوەیەکی کەم نازناوی (لۆرد Lord)ی پێ بەخشرا . [١٠٠:١١٢] .

لەگفتوگۆکانی داهاتوو بەدڵسۆزیەوە پێیەوە پابەند بوو" [١٥١:٢٣٧] . ئەگەرچی دواتر کلیمانسۆ لەناخیشەوە پەژیوان بوەوە ، وەك لەووتارێکیدا ئاماژەیبۆ کرد ، کەئەگەر بیزانیایە ئەو دەڤەرە ئەو هەموو پەترۆلەی تیایە هەرگیز دەست بەرداری نەدەبوو [٥٦:٣٠] . بێگومان ئەمەش زێدەڕۆییەکی تیایە . چونکە فەرەنگەکان لەمێژبوو لەو ناوە بوون و شارەزای هەموو شتێك بوون . هۆی راستەقینەی ئەم هەڵوێستەی کلیمانسۆ ئەوەبوو دەیزانی ئەو دڤەرە بەشێوەیەکی کرداری لەبن دەستی ئینگلیزەکان دابوو، ئامادەش نەبوون دەست بەرداری بن . لەوانەبوو لەسۆنگەی ئەمەش جەنگێك لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتە بکەوێتەوە . بۆیە بەرلەوەی بەناخۆشی دەست بەرداری بن ، بەخۆشی وازیان هێنا . ئەم راگەیاندنەش وەك پاساودانێك بوو بۆ رازیکردنی رای گشتی. چونکە کلیمانسۆ پێی وابوو " دیاریکردنی مەرجەکانی پێکهاتنەوە ، لەبردنەوەی جەنگەکە ئەستەنگ تربوو" [٧٤:١٧٥] . بەم جۆرە ئینگلیزەکان بەدەست گرتنیان بەسەر باشووری کوردستان دوو ئامانجیان پێکا . لەلایەك پەترۆلیان کەوتەدەست ، لەلایەکی تر سوودی ستراتیژی پێویستیان دابینکرد بۆ بەرگری کردن لەئیمپراتۆریەکەیان" [٢٥٠:١٣٥] . لەراستیدا پەترۆل بەتەنیا لەباشووری کوردستان نەبوو کە بەئێران و میسۆپۆتامیاوە لکێنران ، بەڵکو لەتورکیاش ، گرنگترین کێڵگە پەترۆلیەکان دەکەوتنە کوردستان و لەنزیك ئامەد (دیاربەکر)ەوە بوون [٢٤:٢٥١] هەرچەندە ئەو کێڵگانە بەرهەمیان کەم بوو .

ململانێ لەسەر پەترۆلی کوردستان ، بەرایێ بەشێوەیەکی تایبەتی لەنێوان ئینگلیز و فەرەنگەکان دابوو. ئەمەریکاییەکان پێشتر ، لەکاتی جەنگ ، لەژێر پەردەی یارمەتیدانی ئەوانەی دوچاری برسیەتی هاتبوون لەئەرمەنی و ئاسوریەکان ، لیژنەیەکیان نارده ئەو دەڤەرە ، کە بەلیژنەی ئێرانی دەناسرا . وەك یەکێك لەسیاسەتوانەکان گوتی : "ئەمەریکاییەکان شتێکی باشیان کرد فریاڕەسی برسیەکان کەوتن ، وەڵێ لیژنەکە لەکاتی گەڕانەوەی جیاوکی پەترۆلی لەگەڵ خۆی بردەوە !" [١٣٢:٩٥] .

کوردستان لەو کاتەدا کەوتبووە نێوان بەرداشی چوار هێزی سەرەکیەوە ، ئینگلیز و فەرەنگ و ئەمەریکایی و سۆڤیەتیەکان . ئەمە جگە لەهێزە ناوچەییەکان . ئەگەرچی سۆڤیەتی و ئەمەریکاییەکان بەناو مەترسیان زۆربوو ، بەتایبەتی لەماوە زووەکانی دوای جەنگ . کەچی لەراستەقینەدا لەئاستی دوو هێزەکەی تر نەبوون . بەپلەی یەکەمیش سۆڤیەتیەکان ، کەزۆر

جاران ئینگلیزەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان لەسەنگی خۆیان زێتر بەرزیان دەکردنەوە چونکە ئەوان گەرەکیان بوو تاقە سواری گۆڕەپانەکە بن و هەموو شتێك لەبن دەستی خۆیاندا بێت . هەرچی فەرەنگەکان بوون ، هەوڵیاندەدا دەستکەوتەکانیان بپارێزن و شوێنی خۆیان وەکو زلهێزێك لەململانێیەکە لەدەست نەدەن . لەپاڵ ئەمەش ئەو بەرژەوەندیانەیان وەدەست بێنن کەخوێنێکی زۆریان لەپێناو رشتبوو . ئەمەریکاییەکان بۆ ئەوەی زێتر شوێنی خۆیان لەو ململانێیەدا بگرن و وەك زلهێزێك خۆیان بنوێنن ، هەر لەکاتی جەنگدا ، ویلسن ، سەرۆکی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چواردە خاڵەکەی راگەیاند ، کە لەلایەك وەك بەرپەچدانەوەیەکی راگەیاندنە ئاشتیخوازەکەی سۆڤیەت بوو ، لەلایەکی تر لەپێناو کەمکردنەوەی گرژی نێوان زلهێزەکان بوو . بەکۆتایی پێهێنانی دیپلۆماتێکی نهێنی. ئەو بەندانە* زۆر دەنگیان دایەوەو بووە سۆنگەی بەرزکردنەوەی رۆڵی وولاتە یەکگرتووەکان . هەرچەندە بەشێوەیەکی پراکتیکی زۆر لەو بەندانە پشتگوێ خران [١٧٥:٣٤٥] . لەراستیدا هاوپەیمانەکان ناچار بوون ئەو بەندانە بکەن بەبنەمایەك بۆ ئاشتی . چونکە لەیەکێ لەدانیشتنەکان نوێنەری ئەمەریکا گەفی ئەوەیکرد ئەگەر ئەو چواردە بەندە قبووڵ نەکەن ، ئەوا وولاتەکەی ئامادەیە بەتەنیا رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانەکان مۆربکات [١٤٣:١٠٠] . هەرچەندە هاوپەیمانان بەهەندێك خۆپارێزیەوە لەسەر ئەو بەندانە رازی بوون ، وەلێ لەپاڵ ئەمەشدا بۆ هێنانەدی هاوسەنگیەك لە ٨ تشرینی دووەمی ١٩١٨ بەیاننامەی ئەنگلو - فەرەنگیان راگەیاند . کە لەلایەك دەیانویست متمانەی نەتەوەکانی بن دەستی عوسمانیەکان بگەڕیننەوە ، کەدوای ئاشکراکردنی پەیماننامە نهێنیەکان لەلایەن سۆڤیەتیەکانەوە دوچاری بێ متمانەیی ببوون. ئەمەش هەراسانی کردبوون و زیانێکی زۆری بەبەرژەوەندیەکانی ئەنگلۆ - فەرەنگی دەگەیاند . لەلایەکی تر وەك کرزن لەیەکێ لەکۆبونەوەکانی لیژنەی رۆژهەڵات ، کە لە ٥ کانونی یەکەمی ١٩١٨ گرێدرا ، گوتی : "بەیاننامەی ئەنگلۆ - فەرەنگی تارادەیەکی زۆر جێگەی رێکەوتننامەی سایکس - پیکۆی گرتەوە ، چەکێکی گرنگ بوو بۆ بەریتانیەکان لەکاتی چارەسەرکردنی ئەو رێکەوتننامەیە" [٣٨:٨٣] . لەگەڵ ئەوەش زۆر لە لێپرسراوانی ئینگلیز بەم راگەیاندنە رازی نەبوون. یەکێك لەوانە ویلسن، کەزۆر بەراشکاویەوە لەبروسکەیەکی بۆ شالیارگەی هیندستان گوتی : "ئەو بەیاننامە ، هێندەی پەیوەندی بەمیسۆپۆتامیاوە هەیە

---

* ئەو بەندانە لەشێوەی نامەیەك بوو ئاڕاستەی کۆنگریسی ئەمەریکی کرا ، لە ٨ کانونی دووەمی ١٩١٨ . هاوپەیمانان رەزامەندیان لەسەر دەربڕی و پاشان لەتشرینی دووەمی ١٩١٨ بووە ئەستوندەی رێکەوتن لەگەڵ ئەڵمانەکان . [٧٦:١٧٥] .

دوچاری ئەستەنگێکی گەورەمان دەکات . هـەوڵی ئەوروپاییـەکان دەخاتـە لـەرزە کەدەیانـەوێ دامو دەزگایەکی جێگیر لەرۆژهەڵاتی ناڤین دامەزرێنن" [٣١٦:١٢٩] . دیـارە ئـەو ئاخاوتنـەی ویلسن بەشێوەیەکی گشتی کوردستان دەگرێتەوە ، کە هەرگیز ئامادە نەبووینە هیـچ بـەڵێنێك بـەکورد بـدەن . هاوکـات سیاسـەتی ئینگلیزەکـان لەرۆژهـەڵاتی نـاڤین دیـاری دەکـا ، کـە نەئامادەبووینە و نەبیریان لێکردۆتەوە هیچ قەوارەیەکی کوردی دابمـەزرێنن . ئـەوان مەبەسـتیان تەنیا پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیـان بـوو ، کـە لەگـەڵ دامـەزراندنی قەوارەیـەکی کـوردی یەکی نەدەگرتەوە . بگرە کوردیان بەمەترسیەکی گەورەش دەزانی لەسـەر بەرژەوەندیـەکانیان ، لەسۆنگەی شوێنی ستراتیژی و دەوڵەمەندی وولاتەکەی و ئەو گەلە ئـازاو جـەنگاوەرەی تیـایدا دەژیا . بۆیە بۆ لەناوبردنی ئەو مەترسیە کەوتنە دامەزراندنی چەند دەوڵـەتێکی نەتـەوەیی لەهـەر چوار دەوری کوردستان و کوردستانیان بەسەر پارڤە کرد . بۆ چاوترساندنی ئەو دەوڵەتانەش، تا هەمیشە وەکو ئەلقە لەگوێیەکی خۆیان بمێننـەوە . ناوەنـاوە وایـان نیشـاندەدا کـەهانی بزاڤـی کورد دەدەن . یەکێك لەپەرلـەمانتارە فەرەنگـەکان ئـەم راستـەقینەی دەربـڕی کـاتێك گـوتی : "سیاسـەتی بـەریتانیا گـەرەکیـەتی تورکیـا بکاتـە میسـرێکی نـوێ و قەڵایـەك لەسـەر رێگـای هیندستان . لەوەش زێـتر چـالاکی سیاسـی و سـەربازی کاریگـەری خـۆی لەکوردسـتان زێـدە دەکـاو چـالاکی نەتـەوەیی کـورد جـۆش دەدا" [٣٨:٢٨٠] . تەنانـەت هـەندێ لەسـەرکردە کوردەکان خۆشیان هەستیان بەقووڵی ئەم ململانێیەو چاوتێبڕینی زلهێزەکان کردبوو . ئەمـەش بە روونی لەو یاداشـتنامە دەردەکـەوێ کـە ئەحـمەد سورەیا بـەدرخان لـە ١٦ کـانونی یەکـەمی ١٩١٨ ، بەناوی پارتی سەربەخۆی کورد لەقاهیرە بەسەر نوێنـەری دەوڵەتـە بێگانـەکانی دابـەش کـرد . کـە تیـایدا نـاڕەزایی دژی چاوتێبڕینـەکانی بێگانـە و پارڤەکردنی کوردستان دەربـڕی [٥٩:٢٨٩] .

وەك ئاشکرایە بـۆ چارەسـەرکردنی ئەژواریـەکانی دوای جـەنگ ، سزادانی دۆڕاوان و رازیکردنی سەرکەوتوان ، لە کانونی دووەمـی ١٩١٨ کۆنگـرەی ئاشـتی* لـەپاریس گرێـدرا، لەبن کۆنترۆڵی چوارکەسە زلەکە Bigfor ، ویلسن و کلیمانسـۆ و ئۆرلانـدۆ و لۆیـد جـۆرج . [١٦٧:١٢٧] . ئینگلیزەکـان سـەرباری ئـەوەی لـەم کۆنگرەیـەدا و لـەبواری دیپلۆمـاتیکیدا

---

*کۆنگرەی پاریس بۆ ئاشتی Paris Peace Conference کۆنگرەی بەیەکگەیشتنی هێزە یەکگرتوو هاوپەیمانەکان بوو .Alied and Associated Powrs . لە ١٨ کانونی دووەمی ١٩١٩ لەپاریس بەسترا . تا ٢٠ کانونی یەکەمی ١٩٢٠ خایاند ، بۆ ئەوەی بگەن بەچارەسەرێکی ئاشتیانە Peace Settment و ئەم پەیماننامەی بەخۆوە گرت ، Treatis ڤرسای و نیولی Neally و ترینان Trinan و سیڤەر Sevres . [١٦٧:١٢٧] .

بەگەرمی کەوتبوونە کارو هەوڵیاندەدا گەورەترین دەستکەوت وەدەست بێنن . لەبواری پراکتیزە و راستەقینەشدا ، لەبنەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەداو هەوڵیاندەدا کێڵگە پەترۆلیەکانی کوردستان بەیەکتر ببەستنەوە . هەر لەدوای جەنگەوە درێژەیان بەکارەکانیان دا بۆ راکێشانی هێلی ئاسنی بۆ قورەتوو ، کە لە نزیك خانەقین بوو . لە کۆتایی ئایاری ۱۹۱۹ ئەم هێلە کەوتەکار. کە بایەخێکی ئێجگار گەورەی بۆ ئینگلیزەکان هەبوو . نەك لەبەرئەوەی یەکێك لەحەوزە پەترۆلیەکانی تیابوو، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو خاڵەی هێڵەکەی تیا دیماهی دەهات تەنیا حەوت میل لە سنووری ئێرانەوە دووربوو . هەروەها دەکەوتە سەر ئەو رێگا بازرگانیەی کە دەگەیشتە کرماشان . وەك لە یەکێك لە راپۆرتەکاندا هاتووە : پلانی ئینگلیز بۆ ئەوەبوو رۆژئاوای ئێران ، -کەدەکاتە رۆژهەلاتی کوردستان - بە میسۆپۆتامیاوە ببەستێتەوە . دکتۆر کەمال مەزهەر پێی وایە پلانی ئینگلیز لەمەش دوورتر بوو ، ئەوان خەونیان بە رێگایەك دەدی کە بەغدا و باکۆ ، مەڵبەندی گشتی دەڤەرە پەترۆلیەکانی قەوقاز بەیەکەوە ببەستنەوە [۲۳٦: ٥٦-٥٧] . بەم جۆرە بەریتانیەکان گەرەکیان بوو پەترۆل و سامانی کوردستان بە هەموو دەروازە دەریاییەکانی قەزوێن و کەنداوی فارس و دەریای سپی ناڤین ببەستنەوە .

هەر لە مانگی ئایاردا ، خاوەن بەرژەوەندیە پەترۆلیە ئەمەریکاییەکان یاداشتنامەیەکیان دا بە شاندی ئەمەریکی لە کۆنگرەی پاریس ، دەربارەی گرنگی پەترۆلی کوردستان و پێداویستی پشکداری کردنی کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان لە وەبەرهێنانیدا . ئەندامانی شاندی ئەمەریکی لەو کاتەدا هەستیان بە دانوستانی پەترۆل کردبوو لە نێوان بەریتانی و فەرەنگەکاندا ، گەرەکیان بوو سروشتی دانوستانەکە بزانن ، وەلێ شالیارگەی هەندەرانی ئینگلیز و فەرەنگ توانیان نهێنی دانوستانەکە بپارێزن [۲۷۰:۳٥].

ئینگلیزەکان لەپاڵ ئەو هەوڵە ئابووریانە هەوڵی سیاسیشیان بەردەوام بوو ، بۆ ئەوەی پەیمانامەیەك لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە گرێ بدەن تا رێگا لە تەشەنەکردنی نفوزی سۆڤیەتیەکان بگرن . بۆئەم مەبەستەش گەرەکیان بوو ئەو دەوڵەتانە لەیەکتر نزیك بکەنەوە . [۱۹:٥۱] . کە کوردستان یەکێك بوو لە گوریە زلەکانی ئەم سیاسەتەی بەریتانیا .

ململانێی نێوان ئینگلیز و فەرەنگەکان تا دەهات گەرمتر دەبوو . لە دوا دانیشتنی رۆژانی ۲۱-۲۲ ئایاری ۱۹۱۹ ، وەك یەکێك لە پەرلەمانتارە فەرەنگەکان گوتی : گفتوگۆیەکی زۆر گەرم لە نێوان لۆید جۆرج و کلیمانسۆ روویدا ، کلیمانسۆ بە تووڕەیی بە هاوکوفەکەی خۆیگوت : "ئەگەر پێتگوتبام ، دەست بەردار بووغان لە باشوری کوردستان - ویلایەتی موسڵ - بە تەنیا دەست بەردار بوون نییە لە کێڵگەی پەترۆل ، بەڵکو دەست بەردار

بوونه له رووبەرێکی فراوانی زەوی ، هەر ئەو کاتە بڕیارم دەدا دەست لـە باشـوری کوردسـتان هەڵـنـەگرم" [٦٢:٢٧٩] . بۆیـە هـەر مـانگێك دوای ئەوە لۆیـد جۆرجـی گوتـی : "مـن زۆر بەتوندی هەست دەکـەم ئـەو دۆزە سیاسیە گرنگانـەی لـە نێـوان ئێمـە و فەڕەنگـەکاندا هەیـە پێویستە لەگەڵ ئەو ڕێکخستنانەی دەربارەی پەترۆل کراوە و کۆمپانیا تایبەتیـەکانی تێوەگـلاوە تێکەڵ نەکرێت" [٢٧٤:٣٤٣] .

ئینگلیزەکـان بەتـەنیا نەیاندەویـست ئـەو هێزانـە لـەم دەڤەرانـە دوور بخەنـەوە ، بـەڵکو ڕێگای زێدەبوونی نفوزی هیچ کەسێك ، یاخود هیـچ لایـەنێکی ناوچەیشیـان نـەدەدا . بۆیـە کاتێك نفوزی شێخ مەحمود لە زێدەبووندا بوو، وایان لێکدایەوە ئەمە گەفێکە بۆ سەر ئاشتی لـە هەموو دەڤەرەکە . وەك لە یەکێك لە یاداشتنامە بەریتانیەکان هـاتووە : بـە پێویـستیان دەزانـی بەهەموو جۆرێك ڕێگا لەزێدەبوونی شێخ مەحمود بگیرێ. بەتایبەتی لەو دەڤەرانەی ئینگلیزەکـان تیـایدا بەرهەڵستی حکومـەتێکی * کوردیـان دەکـرد ، چونکـە لەوانـەبوو هەڕەشـە لـە ئاشـتی ناوچەکە بکـا . [٦٠:٢٧٦] . بێگومـان مەبەستیشیـان لـەو دەڤەرانـە ، دەڤـەرەکانی خانـەقین و کەرکوك و شوێنە پەترۆلیەکانی کوردستان بوو . ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە ، سەرباری سـامانی کانزایی ، وەك شەمزینی دەڵێ : "کوردستان لە ڕووی سـتراتیژیەوە گرنگیـەکی تایبـەتی خـۆی هەبوو، کۆنترۆڵ کـردنی مەرجێکی پێویست بوو بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی سیاسـی و پاراسـتنی ڕژێمـەکانی دوو ڕۆژهـەڵاتی نزیـك و نـاڤین. مسـتەفا کـەمال بـەخۆڕایی نـەیگوتووە ئەگـەر بارودۆخی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هاوسەنگ بوو ، ئەو لایەنەی دەست بەسـەر کوردسـتان دادەگرێ سەرکەوتن بۆخۆی مسۆگەر دەکات" [١٨:٢٨] .

بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیـان ئینگلیزەکـان هـەوڵیاندەدا پشتێنەیەك بـەدەوری کوردسـتان بکێشـن، ئـەویش لـەڕێگای دامـەزراندنی چـەند دەوڵـەتێك و دروسـتکردنی چـەند حکومەتێکی دەسکەلای خۆیان. بەمەش لەلایەك ڕێگا لە پەرەسەندنی نفوزی سـۆڤیەت بگـرن ، لە لایەکی تر لە ڕێگای ئەوانەوە بتوانن ئامانجـەکانی خۆیـان لـە کوردسـتان و ڕۆژهـەڵاتی نـاڤین وەدەست بێنن و بەرژەوەندیەکانیان جێگیر بکەن . بۆیە کەوتنە ئـەوەی چـەند ڕێکەوتننامەیـەك

---

* لە ڕاستیدا ئینگلیزەکان بەرهەڵستی دامەزراندنی حکومەتی کوردیان دەکرد لە هەموو کوردستان . وەڵێ سەرەتا کەهاتنە باشوری کوردستان بۆ پتەوکردنی نفوزی خۆیان چەند کارگێڕیەتیەکی ناوچەییان پێکهێنا ، بەمـەش بـۆ ماوەیەك ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان سووکتر کرد. دواتریش هەر خۆیان کەوتنە لێدانی ئەو کارگێڕیانە .

لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە ببەستن . شوێنی ستراتیژی ئێرانیش ، لە سۆنگەی ئەوەی بەشێك لە كێڵگە پەترۆلیەكان لەبن دەسەڵاتی ئەو دابوو ، هاوكات سنووری كێڵگەكانی تریش بوو . ئەمە سەرباری ئەوەی سنووری باكوریان بە سنووری سۆڤیەتیەكانەوە بوو بایەخێكی تایبەتی هەبوو . بۆیە شاندێكیان بە نوێنەرایەتی هنری كۆكس (Henry cox) كەیەكێك بوو لە دیپلۆماتە هەرە زیخەكانی ئینگلیز و پسپۆریەكی تەواوی لە كاروباری رۆژهەڵاتی ناڤین هەبوو ، لەلایەن (كرزن)ەوە پشتگیری دەكرا ، ناردو لەگەڵ ئێرانیەكان دەستیان بە دانوستان كرد . كە ٩ مانگی خایاند و لەئاكامدا رێكەوتننامەی ٩ ئاب مۆركرا. ئەو رێكەوتننامەیەی بەرهەڵستیەكی زۆری كرا لەناوەوە و دەرەوەی ئێران . [١٧١:١٦٥] . كرزن مكوڕبوو لەسەر ئەو رێكەوتننامەیە ، پاساودانی بەوە دەكرد كە لە رێگای ئەو رێكەوتننامەیەوە دەسەڵاتی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا تا ئەو رادەیە جێگیر دەبێت وەك بەشێك لە خاكی بەریتانی لێ بێت . لەو سۆنگەیەش بوو بەگوێرەی بەندی یەكەمی ئەو رێكەوتننامەیە دەبوایە سەربەخۆی و سەروەری خاكی ئێران رێزی لێ بگیرێت [١٣:٣١٦]. رۆژنامەی لەتانی (Letani) نیمچە رەسمی فەرەنگسی لە ژمارەی ١٧ ئابی ١٩١٩ ، واتە ٨ رۆژ دوای مۆركردنی رێكەوتننامەكە نووسی : "كاتێك حكومەتی ئێران بەگوێرەی ئەو رێكەوتننامەیە بەڕێوەبردنی سوپاكەی دەداتە دەست ئەفسەرە بەریتانیەكان ، بەم كارەی واز لە ئازادی خۆی دێنێ . واز لە هەموو ئامرازێك دێنێ كە واژەی پێ لە سەروەرێتی خۆی بكات" [٦٩:٢٢٧]. هنری برانژە كە پسپۆرێكی پەترۆلی فەرەنگ بوو ، لە یاداشتنامەیەكی بۆ كلیمانسۆ ، باسی ئەوەی دەكرد كەوا سیاسەتی ئینگلیز لە ئاسیای بچووك و قەوقاز و تا هیندستان ، هەروەها لە ئێران و میسۆپۆتامیا بەتەنیا لە روانگەی نفوز و دەسەڵاتدارێتی نیە ، بەڵكو سیاسەتی پەترۆلیشە . [٣١٤:٢٥-٢٦] . بۆیە فەرەنگەكان بە دڵەڕاوكێوە پێشوازی ئەم رێكەوتننامەیان كرد . هەروەها لە ئەمەریكاش هەندێك لە ئەندامەكانی ئەنجومەنی پیران ئەوەیان دركاند كە نیازی بەریتانیا هەرچیەك بێت لە راستەقینەدا ئەو رێكەوتننامەیە ئەوە دەگەیەنێ كەوا ئێران بۆ كاتێكی نادیار لەبن پاراستنێكی دەمامك كراوی بەریتانیەكان دەمێنێتەوە [٢٧:٢٦٤] . ئەمەریكاییەكان پێ یان وابوو ئەم رێكەوتننامەیە لەگەڵ پرەنسیپەكانی دەروازەی واڵادا ناگونجێت، بۆیە دژی وەستان . لەم بارەیەوە شالیارانی هەندەرانی ئەمەریكا رایگەیاند كەوا وولاتەكەی بە هیچ شێوەیەك باوەڕی خۆی ناداتە ئەم رێكەوتننامەیە. چونكە ئێرانیەكان لەبن فشاری بەریتانیەكان ئەمەیان كردووە

[٤٠:١٩٦] . فەرەنگەکانیش بۆ شکست پێ هێنانی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئامادەیی خۆیان نیشاندا یارمەتی شاندی ئێران بدەن لە کۆنگرەی ئاشتی . بۆیە پرسی کۆکس (Percy cox) بۆ (کرزن)ی نووسی : "ئەمە پلانێکی هاوبەشە لە نێوان ئەمەریکی و فەرەنگەکان دژی حکومەتی وثوق الدولة * " [٢٤:٣١٤] . لە ڕاستیدا فەرەنگ و ئەمەریکاییەکان وا لەو ڕێکەوتننامەیە دەگەیشتن ، کەوا ڕێگای گەیشتن بە ئێران هەر لە ڕوس و ئەڵمانەکان ناگرێت ، بگرە ئەو ڕێگایە لەوانیش دەگرێت . [٧٠:٣١٩] . باڵوێزی ئەمەریکا لە لەندەن ڕایگەیاند کەوا بەریتانیەکان لەم ڕێکەوتننامەیە بەلایەنی کەم کۆنترۆڵی ئابووریان لە ئێران وەدەست هێناوە . ناوبراو بۆ شالیاری هەندەرانی بەریتانی نووسی : "هەر مکوڕبوونێکی بەریتانیەکان ، ئەو هەستە لای بەرژەوەندیدارە پەترۆلیە ئەمەریکاییەکان زێتر دەکا کەوا مامەڵە کردنێکی ناڕەوایان لەگەڵ دەکەن. بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا"[٩٥:١٦٥] . هاوکات ئەمەریکاییەکان پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە لەوانیە لەچەند ساڵێکی کەمی داهاتوودا بیرە پەترۆلیەکانیان ووشك بکات . ئەمەشیان کردە پاساودانێك بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە پسپۆڕە پەترۆلیەکانیان بنێرنە کۆمسیاریەکانیان لە دەرەوە . لە ١٦ ئابی ١٩١٩ شالیاری هەندەران داوای لەو کۆمسیاریانە کرد ، ئاگاداری هەموو شتێکیان بکەنەوە کە پەیوەندی بە پەترۆلەوە هەبێت. لە سەرچاوەکان و جیاوکەکانی پەترۆل لە دەڤەرەکانیاندا . هەروەها داوای کرد یارمەتی ئەو هاو وولاتیانە بدەن کە گەرەکیانە ئەو جیاوکانە وەدەست بێنن [٣٤:٢٧٠] . شایەنی باسە سۆڤیەتیەکانیش دەربارەی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەیاننامەیەکی دوور و درێژیان بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بڵاوکردەوە . بە زمانێکی توند هێرشیان کردە سەر بەریتانیە ئیمپریالیستەکان و نۆکەرانیان لە ئێران . دەسەڵاتدارانی ئێرانیان بە چەوسێنەر و بەکرێگیراو و کۆیلەی ئینگلیز ناوزەند کرد. هەروەها ئەوەی تیابوو کە حکومەتی سۆڤیەت دان بەو ڕێکەوتننامەیەدا نانێت [٨:٢١٣] .

---

* وثوق الدولە ، سەرۆکی حکومەتی ئێران ١٩١٩ ، بەریتانیەکان هێنایان بۆ ئەوەی ئەو ڕێکەوتننامەی پێ مۆربکەن ، زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکە پیاوی ئینگلیز بووە لە ئێران ، ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی شا ڕازی بکەن ، کابینەی حکومەت بە وثوق الدولە ڕاسپێری مانگانە ١٥ هەزار تۆمەنیان بۆ بڕیەوە . [٢٢:٣١٤] .

لە ڕاستیدا کورد و خاکی کوردستان یەکێك بوو لە گوریەکانی ئـەم هەوڵـە سیاسـی و دیپلۆماتیکیەی ئینگلیزەکان. جگە لەوەی کـە بـەگوێرەی بـەندی یەکـەمی ئـەو ڕێکەوتننامەیـە دەبوایە ڕێز لە سەروەرێتی و سەربەخۆیی ئـێران بگیرێ . کـە واتـای بـن دەسـت هێشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بـۆ ئێرانیـەکان. "ئینگلیزەکـان هـەرگیز نـەیاندەتوانی لایـەنگیری و پشتگیری کوردسـتانی یـەکگرتوو بکـەن" [٥١:٢٧٦]. بۆیـە هـەر لەسـەرەتاوە داوایـــان لـە کوردەکانی ڕۆژهەڵات کرد "وەکو هاو وولاتیەکی دڵسۆزی ئێران بمێننەوە"[٥١:٢٧٦] .

نـارەزایی دژی ئـەو ڕێکەوتننامەیـە ئینگلیزەکـانی ترسـاند . بۆیـە هـەوڵیاندا لـەزی لـە کارەکانیـاندا بکـەن و هـەموو دەڤـەرە پەترۆلیـەکان بەیـەکتر ببەسـتنەوە لـە ئـابی ١٩١٩ لـە بروسکەیەکی شالیارگەی هیند هـاتووە : "پێویسـتە هێڵـی ئاسـنی نێـوان قزلڕبـات و کفـری و کەرکوك ، بەلەزی و لەسەر بنەمایەکی ستراتیژی دابمەزرێت. سوودی دیماهی هەرچیەك دەبێـت گرنـگ نیـە، چونکـە بـە شـتێکی بنـەڕەتی دەزانـین بـۆ هێۆرکردنـەوە و هێشـتنەوەی باشـــوری کوردستان لەبن دەستی خۆمـان " [٢٠٠:١٣٠] . مەبەسـت لـەو هێۆرکردنـەوەش ئـەوەبوو تـا دەوڵەتە ڕکابەرەکانیان دۆزی کورد نەکەنە بیانگەیەك بۆ ئەوەی خۆیان لە کاروباری ئەو دەڤەرە هەڵقورتێنن و کۆسپ لەبەردەم بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز چێبکەن . لەلایەکی تـر ئینگلیزەکـان هەوڵیاندەدا ، فەڕەنگەکان لەو دەڤەرەدا بـە تـەواوی ئومێـد بـڕ بکـەن . لـە ١٥ ئـەیلول شـیان باشوری کوردستان بەئێجگاری لەبن دەستی فەڕەنگەکان دەربێنن . بەرامبەر ئـەو داواکاریانـەی خوارەوە ، فەڕەنگـەکان هـەندێك سـەرمایەیان لـە پـەترۆلی ئـەو دەڤـەرە – ویلایـەتی موسـڵ – دەستکەوێ بە هەموارکردنی ڕێکەوتننامەی ١٧ ئایاری ١٩١٦ . هاوکات پشتگیریەکی ڕەهای فەڕەنگەکان بکەن لەهەموو بەرهەڵسـتیەکی ئەمەریکاییـەکان. لەگـەڵ ئەمـەدا ئەگـەر سیسـتەمی مـاندات بڕیـاری لەسـەردرا ، ئـەوا دیمەشـق و حەلـەب و ئەسـکەندەروونە بکەونـە بـن مـانداتی فەڕەنگسی[٨١:٢٠٧].

ئەم پێنگاوانەی ئینگلیز تا دەهات ترسی ئەمەریکاییەکانی زێتر دەکرد . لە ٢١ تشرینی یەکەمی ١٩١٩ دا پسپۆڕێکی ئەمەریکایی یاداشتنامەیەکی دا بەکۆنگرەی ئاشتی لـە پـاریس ، تیـایدا دەیگـوت : "مونوپـۆل کردنـی کەرەسـتەکانی پـەترۆلی کوردستان (ویلایـەتی موسـڵ) کێشەیەك نیە بەتەنیا کار لە پیشەسازیەك بکات کە بـەگرنگترین پیشەسازیەکانی ئەمـەریکایی

دەژمێردرێت . بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو چارەسەریەکی گونجاو دەبێت ، بۆ هەموو ئەو کێشانەی لە ئەنجامی لەباریەك هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتیی عوسمانی و کۆلۆنیالە ئەڵەمانیەکان لە باشوری ئەفەریکاوە دێتە ئارا . هاوکات سیاسەتی دەروازەی والا هەڕەشەی لێ دەکرێت بەم مونۆپۆلەی کە بەریتانیەکان گەرەکیانە بەسەر کێڵگە پەترۆلیەکانی کوردستانی بسەپێنن . لەپاڵ ئەمەش ، مەترسیەکی راستەقینەی بۆ سەر پەیوەندی باشی نێوان ئەمەریکایی و بەریتانیەکان هەیە" [١٩٩:٢٠٠].

لەگەڵ ئەم ململانێیەدا ، تادەهات کەرەستەی نوێ و زێتر لە کوردستان دەدۆزرایەوە ، کە ئەمە رۆژ بە رۆژ رکابەری بۆ ئینگلیزەکان زێتر دەکرد . لە ٢ کانونی یەکەمی ١٩١٩ بریکاری فەرمانڕەوای مەدەنی ، راپۆرتێکی دەربارەی ئەو سەردانە نووسی ، کە لە رێگای ئاسمانەوە بۆ هەولێر و سلێمانی کرد . تیایدا دەیگوت: "ئەو راپۆرتە جیۆلۆجیانەی دەربارەی ئەو دەڤەرە دێت ، توانای زۆر لەوە گەورەتر وەدەردەخات کە چاوەڕوان کراو بووە" [١٩٤:٣٣] . لەگەڵ زێدەبوونی بایەخی پەترۆلی کوردستان ، پێ بەپێ بایەخی جیۆستراتیژی کوردستان زێتر وەدەردەکەوت . بۆیە بۆ خۆلادان لەو مەترسیانەی دەهاتنە ئارا ، ئینگلیزەکان لەدێو جامەیەك دەگەڕان رکابەرەکانیانی پێ فریو بدەن . هاوکات بیکەن بەبیانگەیەکی یاسایی بۆ ئەوەی لەکۆڕو کۆنگرە نێو دەوڵەتیەکان دەستی پێوە بگرن . باشترین چارەسەریش وەك ئاماژەی پێکرا دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی دەسکەلای خۆیان بوو . لەم بارەیەوە کرزن گوتی : "پەترۆل هی بەریتانیا نیە ، بەڵکو هی ئەو دەوڵەتە نوێیەیە کە لە میسۆپۆتامیا دادەمەزرێ !" [١٩٩:٢٤٩] . بەم جۆرە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی دەسکەلا ، جگە لە ململانێی پەترۆلەکە ، خاڵێکی گرنگ و بەرچاو بوو لە بایەخی جیوپۆلەتیکی کوردستان .

دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ، واتای دابڕینی باشوری کوردستانی دەگەیاند ، هەمان راستی بۆ پارچەکانی تریش گونجاوە . بۆیە بەدڵنیاییەوە دەشێین بێژین ، بایەخی کوردستان کرۆکی زۆربەی ململانێیە گرنگەکان بوو لە رۆژهەلاتی ناڤین . هەر ململانێیەك لە ئارادابوایە بە شێوەیەك لە شێوەکان کوردستانی دەگرتەوە . بۆ وێنە ئەگەر کێشەی سنوور بوایە ، ئەوا لەبەر ئەوەی کوردستان بەسەر زۆربەی وولاتانی ئەو دەڤەرە پارڤە کرابوو ، بۆیە سنوورەکانیان لەنێو خاکی کوردستاندا بوو ، ئەگەر کێشەی ئاو هەبوایە هەمدیس کوردستانی دەگرتەوە .

ئەگەر شلەژانی ئاسایش و تێکچوونی باری ناوەخۆ بوایــە ، ئـەوا لـە سۆنگەی بوونـی کـورد و بزاڤی نەتەوایەتی کـورد بـوو. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی سنووری بـاکوری کوردستان ، بـەهۆی خەباتی نەپساوەی کورد ، دەروازەیەك بوو بۆ دزەکردنی کۆمۆنیستەکان .

ستراتیژیەتی بەریتانیا بە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانە زەبرێکی پشت شکێنی لە کوردستان و دۆزی کـورددا . کـرزن لـە ٢٨ شـوباتی ١٩٢٠ بەراشـکاوی گوتـی : "ئینگلیزەکـان دوای ئـەوەی پـەترۆلی باشوری کوردســتان (ویلایــەتی موســڵ)یــان وەدەســت هێنــا ، ئامــادەن دانیشتوانەکەی لە دەست درێژی دەرەکی بپارێزن"[١٧٩:٢٥٥] . لە یەکێك لە دانیشتنەکانی ئەنجومـەنی گشـتی بـەریتانی لۆیـد جـۆرج گوتـی : "حکومەتەکـەی هـەرگیز واز لــە باشـوری کوردستان ناهێنێ . تا ئەگەر ئەو داگیرکردنە زۆریشی تێبچێ". بیانگەشی بۆ ئەمە ئەوەبوو کەوا کێڵگە پەترۆلیەکانی توانایەکی زۆریان هەیە ، ئەمە سەرباری ئەوەی ، لۆید گوتـەنی ، هـەندێك کەرەستەی سروشتی وای تیابوو لە هەموو شوێنێکی تری جیهان زۆرتربوو . پاشان گوتی : واز هێنان لە باشوری کوردستان ، واتای زڤرینەوەی هۆڤیەتی و ئاژاوەیە . ئەمە جگە لـەوەی ئەگـەر بەریتانیا واز لەو دەڤەرە بهێنێ ، ئەوا دەوڵەتێکی تر جێگای دەگرێتەوە . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە باری ئێستا بەردەوام دەبێ ، یاخود خراوتر دەبێت . [٢٠٣:١٩٩] . لەو سـۆنگەیەش بـوو کاتێك فەرەنگەکان داوایان کرد پاراستنی فەرەنگسی – بەریتانی لەسەر کوردستان رابگەیـەنرێ ، ئینگلیزەکـان قبووڵیـان نـەکرد ، پاساودانیشـیان ئـەوەبوو کـە ئارەزوویـان نیـە خۆیـان لــە کاروبـاری کوردسـتان هـەڵقورتێنن . [٥٣:٢٨٣] . کـەچی لـە راستەقینەدا گـەرەکیان نـەبوو کەسی تر پشکداری ئەو دەستکەوتەیان بکات . ئەمە وایدەکرد ئەو کۆبونەوانەی لەم بارەیـەوە گرێ دەدران هەرگیز نەگەنە ئەنجام . لەو کۆبونەوەی کە لـە ١٣ نیسـانی ١٩٢٠ لـەژێر نـاوی کوردستان و میسوپۆتامیا گرێدەدرا ، کرزن دەربارەی ئـەم دۆزە گوتـی: "ئـەم کۆنگرەیـە سـێ چوار کۆبونەوەی تایبـەت بـە کوردسـتانی ئـەنجامداوە ، بـەدرێژایی رێگـا گەیشـتونەتە ئـەنجامی ناکۆك و دژ بەیەك . ئەمەش لە هەڵەی کۆنگرەوە سەرچاوەی نەگرتووە ، بەڵکو لەسـۆنگەی ئـەو گۆڕانە بەلەزانەیە کە بەسەر کاودانەکە دادێت" [٩٣:٢٨٤] . وەڵێ سەرباری ئــەو ناکۆکیانـە ، لەو کۆنگرەیەی کە لە شاری (سان ریمۆ)ی ئیتاڵیا لە ١٩–٢٦ نیسان گرێـدرا ، کـە نوێنـەرانی فەرەنگسـا و بـەریتانیا و ئیتاڵیـا و ژاپـۆن بەشـداریان کـرد ، لەگـەڵ زێرەڤـانێکی ئەمـەریکی [١١٦:٢٣٧] . رێکەوتننامەیەکی پـەترۆلی لـە نێـوان ئینگلیـز و فەرەنگـەکان گرێـدرا. سـەیر

لەوەدایە کاتێك بەریتانی و فەڕەنگەکان بە نهێنی کاریان بۆ گرێدانی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەکرد، دەربارەی پەترۆڵی کوردستان ، هاوکات بەریتانیەکان لەسەر هەمان بابەت بەنهێنی نامەیان لەگەڵ ئیتاڵیەکان دەگۆڕیەوە ! بۆیە ئیتاڵیەکان سەرسام بوون ، کاتێك هەواڵی ڕێکەوتننامەی (سان ریمۆ)یان لە نێوان ئینگلیز و فەڕەنگەکان ژنەوت ، هەستیان کرد ئەو ڕێکەوتننامەیە دەبێتە ئەگەری دابینکردنی نیوەی پەترۆڵی جیهان بۆ ئینگلیز و فەڕەنگەکان . بۆیە ڕایانگەیاند کە ئەم ڕێکەوتننامەیە نەك تەنیا دژی خاڵەکانی (کۆمەڵەی گەلان)ە ، بەڵکو هەڕەشەیەکی توندە بۆ سەر دابینکردنی سەرچاوەکانی پەترۆل بۆ ئیتاڵیا . نووسینگەی هەندەرانی بەریتانی بەنهێنی ئەوەی درکاند کە لە باوەڕەدایە داواکاریەکانی ئەمەریکا بۆ هاوبەش بوون لە بەرژەوەندیەکان ، وایکردووە ئیتاڵیا ئەم داواکاریانە پێشکەش بکات . [١٤٨:٣٣٩-١٤٩] . هاوکات لە کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش لە باکۆ دەنگیان بەرزکردەوەو ناڕەزاییان دەربڕی ، کەوا ئینگلیز هەموو بیرە پەترۆلیەکانی میسوپۆتامیا ، تاکە سامانێك کە عەرەبی میسوپۆتامیا هەیانە ، بۆ خۆیان بردووە!!![٢٢٧:٦٦-٦٧] .

شایەنی باسە هەر لە (سان ریمۆ) سیستەمی ماندات بڕیاری لەسەر درا ، کە بەگوێرەی ئەو سیستەمە بەشێکی زۆری کوردستان کەوتە بن ماندانی ئینگلیزی _ فەڕەنگسی . لە ڕاپۆرتی ساڵانەی بەریتانیەکان بۆ ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ دا هاتووە: "کاتێك خاوەن شکۆ ڕەزامەندی لەسەر ماندانی میسوپۆتامیا دەربڕی ، لەو کاتەدا پەیماننامەی سیڤەر ، درا بە شالیارگەی هەندەرانی تورکی " [١٨٥:٢٦٧] . لە ڕاستیدا سیستەمی ماندات وەك (کیرك) دەڵێ : "تەنیا درۆیەکی بەئەدەبانە بوو بۆ ڕازیکردنی سەرۆك ویلسن و ئەو تیورانەی (کۆمەڵەی گەلان) دایانبوو " [١٥٧:٢٠٠] . بەپێی سیستەمی ماندات ، بەشێکی ڕۆژئاوای کوردستان کەوتە بەر ماندانی فەڕەنگەکان . کە ئەو ناوچانە وەك (کینان) دەڵێ : ڕاست یان چەوت وادەزانرا پەترۆلیان تێدایە، ئەمەش دەبووە ئەگەری ئەوەی فەڕەنگەکان کاریگەریان لەسەر چاڵە پەترۆلیەکانی نزیك موسڵ و کەرکوك هەبێت [٣٤٢:٢٣] .

لەم کاودانەدا هەواڵی ڕێکەوتننامەی (سان ریمۆ) گەیشتە ئەمەریکایەکان . نوێنەری کۆمپانیای ستاندارد نیوجرسی ، توانی بەنهێنی دانەیەکی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەست بخاو پاشان لە ڕۆژنامەدا بڵاوی کردەوە . بۆیە هەستی دژ بە بەریتانیەکان بزواو بەوە تاوانباریان کرد کە گیانی سەربازی و دەست بەسەرداگرتنی کێڵگە پەترۆلیەکانی ئاسیایان هەیە . هەردوو

حکومەت زۆر یاداشتنامەی توندیان ئالوگۆڕ کرد، ململانێیەکی دیپلۆماتیکی وایان لە نێوان دایسا ، کە بە توندترین ناکۆکی دادەنرێ لە مێژووی ئیمپریالیزمی ئابووری. تەنگژەکەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە گەیشتە ئەو رادەیەی خەڵك باسی جەنگیان دەکرد. تەنانەت لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانی گفتوگۆ لەسەر کەشتیگەلی بەریتانی کرا ، لەگەڵ باری کەشتیەکان بەگوێرەی کەشتیگەلی ئەمەریکایی . ئەمەریکاییەکان لەم ململانێیەدا پێیان لەسەر دەروازەی والآ (الباب المفتوح) دادەگرت . [٣٧:٢٧٠] . دەربارەی ئەم هەڵوێستە توندەی ئەمەریکی رۆژنامەکانی فەڕەنگ و ئینگلیزەکان نووسیان: "چڕی خوێن لەئاو زێترە ، وەڵێ وادیارە لای ئەمەریکاییەکان پەترۆل چڕی لەخوێن زێترە" [١١٧:٢٣٧] . بەریتانیەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیەو خۆ دەربازکردن لەو ململانێیەدا ، هانی (فەیسەڵ)یان دا سەرداني عێراق بکات و خۆی وەکو پاشایەك بخاتە روو . دوای ئەوە هیچ نارەزاییەك دەربارەی هەڵبژاردنی نەورووژێنرێ ! [٢١٣:١٨٨] . ئەمەش ئەوە رووندەکاتەوە ، ئینگلیزەکان زیرەکانە کاودانەکەیان هەڵدەسەنگاند و بەردەوام کاریان بۆ چێکردنی ئەو پشتێنەیە دەکرد کە لەچوار دەوری چاڵە پەترۆلیەکانی بکێشن . بۆیە دەبینین دوای ئەم پێواژۆکە ، وورده وورده چەند دەوڵەتێکی ناوچەیی ، وەکو تورکیا و ئێران و عێراق لەسەر گۆڕەپانە سەریان بەرزدەکەنەوە و رۆڵیان زێتر دەبێت . لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ حکومەتێکی کاتیان لە عێراق دامەزراند و هەر لەو ماوەیەشدا باڵوێزی بەریتانی بە مستەفا کەمالی گوت ؛ "لە تواناداا هەیە چارەسەریەکی گونجاوی دۆزی کوردستان و ئەرمەنستان و ئەزمیر بکرێت !!!" [٤٣:٢٦١] . هاوکات لە ئێرانیش رێگایان بۆ هاتنی رەزاخان خۆشکرد. وەك چەرچل دوای شانزەساڵ گوتی : "ئێمە خۆمان هێنامانە سەرتەخت و خۆشمان لاماندا !" [١٢٣:٩٦] . لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئەو دەوڵەتانەش ، کێشەی باشوری کوردستان ، کە بە کێشەی موسڵ ناوزەند دەکرا ، بەرزبووەوە ، چونکە ، وەك لەمەوبەر ئامازەی پێکرا ، باشوری کوردستان بە گوێرەی ستراتیژی و بەرژەوەندی بەریتانیەکان بایەخێکی تایبەتی هەبوو . بۆیە لە پەیمانی (سیڤەر)یش شوێنێکی پاشکۆیی پێدرابوو ، ئەمەش سیاسەتی راستەقینەی بەریتانیەکانی دەردەخست ، کە هەرگیز ئامادە نەبوون دەست بەرداری ئەو بەشە گرنگەی کوردستان بن .

شایەنی ئامازە پێکردنە ، بەندەکانی ٣١٠- ٣١٥ لە پەیماننامەی سیڤەرتایبەتن بە پەترۆل ، بەتایبەتی پەترۆلی کوردستان . بۆ وێنە لە بەندی ٣١١ دا هاتووە : "ئەو کۆمپانیایەی بەر لە تشرینی یەکەمی ١٩١٤ جیاوکی پەترۆلیان بەرێگایەکی یاسایی وەرگرتووە ، رێگایان

پێدەدرێ هەموو مافەکانی خۆیان بپارێزن . ئەو مافانەشیان بۆ دابین بکرێ کەپێشتر لەسەری ڕێکەوتبوون" [٨٢:٢٧٥] . ئەم بەندە زێتر بەریتانی و فەڕەنگسیەکانی دەگرتەوە ، بەپلەی یەکەمیش بەریتانیەکان . کەواتە ئەوەی خۆی بە بەشخوراو دەزانی ئەمەریکاییەکان بوون . لەو نامەیەی کە لە ٢٠ تشرینی دووەمی ١٩٢٠ بۆ شالیاری هەندەرانی بەریتانیایان نارد تیایدا دەیانگوت : "ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە هەواڵ و دەنگ و باسی سەرچاوەکانی پەترۆل لە کوردستان – ویلایەتی موسڵ – وەکو بابەتێکی ململانێی ئابووری ، رای گشتی وولاتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا و وولاتانی تری خەریك کردووە . بەم پێودانگە ، ئەم سەرچاوانە بوونە دۆزێکی ئابووری هەڵپەسێرراو، کە سیستەمی ماندانی لە پێناو دانراوە . ئەو تاقیکردنەوەیە دەوەستێتە سەر نیازپاکی ئەو نەتەوانەی رەزامەندیان لەسەر ئەم پرەنسیپە دەربڕیوە" [٩٢:٢٣١] . لەپاڵ ئەمەدا ئەمەریکاییەکان هەوڵیاندا لە دەروازەیەکی ترەوە خۆیان بخزێننە نێو ململانێیەکەوە . لە تشرینی دووەمی ١٩٢٠ واشنگتۆن ئامادەیی خۆی نیشان دا قەرزێك بداتە ئێران . تابتوانێ بەرەنگاری فشاری دارایی و ئابووری بەریتانیەکان بێتەوە . بارتەقای ئەمەش ، ئێران جیاوکی پەترۆل بداتە کۆمپانیا پەترۆلیەکانی ئەمەریکایی . کە ئەمە بەگوێرەی ئەمەریکاییەکان دۆزێکی زۆرگرنگ بوو . پێویستی بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیاسەتێکی بەرفراوان هەبوو ، لە سۆنگەی سیاسەتی بەریتانیەکان لە ئێران . [١٠٧:٩٥] . ئەوەی زێتر یارمەتی ئەمەریکاییەکانی دەدا لەو دەروازەیەوە بێنە ژوورەوە ، کزبوونی هەڵوێستی بەریتانیەکان بوو لە ئێران دوای رێکەوتننامەی ٩ ئابی ١٩١٩ . ئێرانیەکان خۆشیان ئارەزووی راکێشانی دەستی ئەمەریکاییەکانیان هەبوو . بۆ ئەم مەبەستەش نێردەیەکیان ناردە واشنگتۆن، تا بۆ وەبەرهێنانی پەترۆلەکانی ناوچەکانی باکور ، لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان رێکەوێ و هاوکات هەندێك قەرز وەدەست بێنن . [١٤٤:٢٣٥]. کۆمپانیای ئەنگلۆ – فارسی بەتوندی بەرهەڵستی ئەو پێنگاوەی کرد. سۆڤیەتیەکانیش لەلای خۆیانەوە دژی وەستان ، بۆیە ئێرانیەکان ناچاربوون ئەو جیاوکانە بکێشنەوە . [١٥٣:١٢٢] . ئەمە ئەوەی نیشاندەدا کە ئەمەریکاییەکان رۆژ بەرۆژ رۆڵیان زێتر و مەزنتر دەبوو لە گۆڕەپانی ململانێی نێو دەوڵەتی لەسەر پەترۆلی رۆژهەلاتی ناڤین بەگشتی و پەترۆلی کوردستان بە تایبەتی . بۆیە ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو پلانەکانی خۆیان بەلەزی ئەنجام بدەن . وەك یەکێك لە نوسەرە بەریتانیەکان نووسیویەتی : "سیاسەتی پەترۆلی کۆمپانیای پەترۆلی ئەنگلو –

فارسي و سیاسەتی هەندەرانی بەریتانیای مەزن ، پێویستیان بەوەهەبوو شانشینی عێراق لەو سنوورەیدا دابمەزرێ" [٥٤:٢٥٥]. هاوکات لە ڕێگای هێنانی فەیسەڵ ، دەیانویست ئەژواریەکان لە خۆیان دووربخەنەوە . سەرباری ئەو هەوڵانەش ، وەك دواتر لە گۆڤاری (النیوز پیلك) هاتبوو ، شالیارگەی هەندەرانی ئەمەریکا بۆ هاوکوفە بەریتانیەکەی ڕوونکردەوە، کە "ناشێ وولاّتە یەکگرتوەکان لە دەرەوەی وەبەرهێنانی کێڵگە پەترۆلیەکانی باشوری کوردستان بهێلریتەوە" [٢٨٨:٢٢٣] . ئەمە تارادەیەك ئینگلیزەکانی خاترجەم کرد ، کە ناتوانن دیماهی بەو ئاژواریانە بهێنن ، تا ئەمەریکاییەکان بەشداری لە پەترۆلی کوردستان نەکەن [٢٧٠:٤٧-٤٨] . بۆیە کەوتنە هەوڵی خۆنزیك کردنەوە لێیان. لە ساڵی ١٩٢٢ کۆمپانیا پەترۆلیەکانی ئەو وولاّتەیان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆمپانیای پەترۆلی تورکی بکەن . وەڵێ دەستەی کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان N.E.D.C لەسەر ئەوە مکوڕ بوو کە ئەویش سایەی کۆمپانیای ئەنگلو – ئێرانی و کۆمپانیای رویال دویچ R.Dutch – Shell Company و کۆمپانیای پەترۆلی فەرەنگسی پێویستە پشکداریەکی تەواو بکەن . کە ئەمەش دەبووە سۆنگەی ئەوەی گۆڕان لە چۆنیەتی پارڤەکردنی پشکەکانی کۆمپانیای پەترۆلی تورکی روو بدات . بۆیە لە دیماهیدا گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە کۆمپانیای ئەنگلو – ئێرانی ، پێویستە دەستکاری بکرێت [٢٣١:١٠٠-١٠١].

ئەمەریکاییەکان لە ئابی ١٩٢٢ نێردەیەکیان بە سەرۆکایەتی ئابووری زان (ئارپەر میلیسوگ) ناردە ئێران ، تا یارمەتی ئێرانیەکان بدەن لە ڕێکخستنەوەی باری دارایی و سوپاکەیان . ڕەزاخان شێگیرانە پاڵپشتی ئەو نێردەیەی دەکرد . تەنانەت کاتێك بوو بە سەرۆك شالیاران ، هەموو ئەو شالیارانەی لادا کە دژی نێردەکە بوون . شایەنی باسە نێردەکە داوای ئەوەی دەکرد کە پێویستە پشکی ئەمەریکی لە کۆمپانیای ئەنگلو – فارسی زیدەبکرێ . [١٢٢:١٥٣]. دوای ئەوە ، کاتێك لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ کۆنگرەی لۆزان دەستی پێکرد، لە چوارەم ڕۆژی کۆبونەوەکەدا ئەمەریکاییەکان خۆیان تێ هەڵقورتاند و داوای ئەوەیان کرد گفتوگۆ لەسەر پەترۆلی کوردستان – ویلایەتی موسل – بکرێت. ئەو خۆتێ هەڵقورتاندنەش لەبەرژەوەندی تورکەکان دابوو . بۆیە ڕازی نەبوون جیاوکی کۆمپانیای پەترۆلی تورکی نوێ بکەنەوە . بۆ ئەوەی هەلێك بۆ ئەمەریکاییەکان بڕەخسێنن ، تا پشکێك لەو کۆمپانیایە وەدەست بێنن و لەم ململانێیەدا بۆ خۆیانی ڕابکێشن [٢٧٦:٣٢-٣٣]. لەو

کاتەدا تورکەکان سیاسەتی ئەوەیان بەرامبەر هاوپەیمانان پیادە دەکرد ، کە وازی بە کارتی ئەمەریکی بکەن . بە تایبەتی بەهۆی بەرژەوەندیە ئابووری و پێویستیە پەترۆلیەکانی ئەمەریکاییەکان [١١٤:٣٣٦].

ئەو هەولآنە مەترسی بۆ ئینگلیزەکان و دەسکەلاکانی لە ناوچەکەدا هەبوو . بۆیە لەو کاتەدا لێپرسراوە بەریتانیەکان رایانگەیاند کە پەترۆل هیچ پەیوەندیەکی بە داواکانی بەریتانیا نیە بۆ لکاندنی باشوری کوردستان بە میسۆپۆتامیا . بەڵکو تەنیا لەبەر بەڵێنێکە ئینگلیزەکان بە کۆمەڵەی گەلان و شا فەیسەڵ و خەڵکی عێراقیان داوە ! [٢١٦:٣١٤] . نەك بەریتانیەکان بەڵکو رۆژنامە عەرەبیە عێراقیەکانیش تەنگەتاو بوون . رۆژنامەی (العاصمە البغدادیە) لە سەرووتاری ژمارەی ٧ کانونی یەکەمی ١٩٢٢ نووسیبوی : "واباشە ئێمە ووتەیەك ئاراستەی هاوپەیمانان بکەین لە کۆنگرەی لۆزان ، ئەوان هەڵەیەکی گەورە دەکەن گەر لەو بڕوایە دابن بە رێکەوتن لەگەڵ مستەفا کەمال و حکومەتەکەی بیرە پەترۆلیەکانی عێراق پارڤەبکەن . چونکە عێراقیەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان تورکیا و خەڵکانی تر بەرامبەر ژیان و بەرژەوەندیەکانی تری عێراقیەکان . ئەوەی دەست درێژی بکاتە سەر بیرە پەترۆلەکان ، عێراقیەکان بە دوژمنێکی سەرسەختی خۆیانی دەزانن ، جیاوازیش لەمەدا نیە لە نێوان مستەفا کەمال و هاردنگ و کرزن و پوانکارێ"[٢٩٤:١٩٩]. دیارە ئەو نووسینانەی رۆژنامەکانی عێراق بە فیتی ئینگلیزەکان بووە ، کە دەیانویست هەموو گومانێك لە خۆیان دووربخەنەوە و خۆیان وەك داکۆکی کەرێك لە گەلێکی خاوەن ماف نیشان بدەن !

ئەو ئەژواری و ناکۆکیانە ، ئەوە دەردەخەن کەوا دۆزی باشوری کوردستان دۆزێکی سەخت و ئالۆز بوو . پلان و دەست تێوەردانی زۆری لە دواوە بوو . بەپلەی یەکەم لە نێوان ئینگلیز و فەڕەنگەکان ، دواتر لە نێوان ئینگلیز و ئەمەریکاییەکان . بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش پەیوەندی بە سۆڤیەتیەکانەوە هەبوو . کە بە هەموو جۆرێك پشتگیری تورکەکانیان دەکرد بۆ گەڕاندنەوەی باشوری کوردستان . [٢٣٠:١٠٧] . وەلێ ئینگلیز و فەڕەنگەکان چارەسەری کێشەکانی نێوان خۆیان کرد . بۆیە کاتێك تورکەکان لە کۆنگرەی لۆزان هەوڵیاندا فەڕەنگەکان بۆ لای خۆیان رابکێشن ، وەرامیان دانەوە کەباشتر وایە لەگەڵ ئینگلیزەکان رێکەون. ئەگینا هەر ناکۆکیەك لە نێوان تورك و ئینگلیزەکان بێتەئارا ، ئەوان لایەنگری ئینگلیزەکان دەکەن [١١٩:٣٣٦]. سیاسەتوانانە ئینگلیزەکان توانیان تاڕادەیەك

ئیتالیەکانیش فریو بدەن ، لە ١٩٢٢/١٢/١٦ کرزن رایگەیاند کە دوای یەکلایی کردنەوەی دۆزی موسڵ ، ئیتالیا لە سود و بەرژەوەندیە پەترۆلیەکانی ئەو دەڤەرە بەشدار دەبێت . پاشان مۆسۆلینی داوای کرد بەشداری ئیتالیا لە پەترۆلی کوردستان مسۆگەر بکرێت . هەروەها داوای کرد عێراق رازی بکەن بۆ ئەوەی زەویان بۆ ئەم مەبەستە بۆ تەرخان بکات . کرزن ئەو دەمە بەراشکاویەوە گوتی : "موسولینی پیاوێکی سیاسی نیە" [٣٣٩:١٥٧-١٥٨] . لەپاڵ ئەمەدا ئینگلیزەکان هەوڵیاندەدا حکومەتە دەسکەلاکەی خۆشیان لە عێراق رازی بکەن بۆ ئەوەی دەست بەرداری ئەو پشکە بێت کە لە کۆنگرەی (سان ریمۆ) بڕیاری لەسەر درابوو . پێیان گوتن : "دانانی بە سەروەرێتی عێراق لە باشوری کوردستان ئەم گوریە دەهێنێ ، عێراق قازانجی لەوەدایە زێتر بایەخ بە سەروەرێتی بدات نەك بە پشکی پەترۆل" [٢٧٠:٦٠] . وەلێ وادیاربوو ئەمەریکاییەکان لەوە زۆرزانتر بوون بە ئاسانی فریو بخۆن و بەکەم رازی بن . لە ٢٣ کانونی دووەمی ١٩٢٣ ، شاندی ئەمەریکا بەیاننامەیەکیان خستە بەردەم لیژنەی سەربازی و هەرێمی ، تیایدا ناڕەزاییەکی توندیان دەربارەی وەبەرهێنانی سامانەکانی باشوری کوردستان دەربڕی و داوای پیادەکردنی سیاسەتی دەروازەی والایان کرد [٢٧٢:٢٤٠] . هەرچی تورکەکان بوون ئەگەرچی لەناو هۆڵی کۆنگرە رکابەری ئینگلیزەکان بوون ، بەنهێنی هەوڵیاندەدا دەمی کۆمپانیا ئینگلیزیەکان چەور بکەن . کرزن کە ئاگاداری هەموو شتێك بوو ، لە دانیشتنێکا ئەندامانی کۆنگرەی دوچاری حەپەسان کرد ، کاتێك بەراشکاوی گوتی : "لە کاتێکدا کۆنگرە دەربارەی کێشەی موسل دانیشتنەکانی خۆی ئەنجام دەدا ، شاندی تورکی لە دواوە نوێنەری دەنێرێتە لەندەن ، بۆ ئەوەی سەودا لەگەڵ خودانی جیاوکەکانی کۆمپانیای پەترۆلی تورکی بکەن، بۆ ئەوەی جیاوکی تریان لە پەترۆلی موسڵ بدەنێ ، کە هی خۆیان نیە !!!" [٢٠٠:١٧-١٨].

داوی ئەوەی قۆناغی یەکەمی کۆنگرەی لۆزان نوشستی هێنا ، تورکەکان هەمدیس ویستیان سود لە بەرهەڵستی و داواکاریەکانی ئەمەریکاییەکان وەربگرن . لە ١٠ نیسانی ١٩٢٣ ئەنجومەنی بالای نەتەوایەتی تورك باوەڕی خۆیدا بە جیاوکی چیستەر [٢٧٠:٦٢] . بە جۆرێك کە سێ بەقەدەر جیاوکە بنەڕەتیەکە بوو[٢٧٢:٢٤٢] . شایەنی باسە فەرەنگەکان بۆ قبوول کردنی جیاوکی چیستەر ، داوایان کرد ئەو جیاوکانەیان بدرێتەوە کە بەر لەجەنگ لەو دەڤەرە وەدەستیان هێنابوو [٣١٤:٢٠٣]. ئەمەریکاییەکان کە ئەم هەڵویستەیان بینی ، بەخ بوون و زێتر پێیان لەسەر سیاسەتی دەروازەی والا داگرت .

ئینگلیزەکان جگە لەوەی بەنهێنی کاریان بۆ ئەوە دەکرد لە ئەمەریکاییەکان نزیک ببنەوە ، هەوڵیاندەدا لە تورکەکانیش بچنە پێش . لەو کاتەدا جافەر عەسکەری بە ئینۆنۆی گوت : "هەڵویستی توندی تورکەکان وادەکا ئەوان زێتر بچنە هەمێزی ئینگلیزەکانەوە . وەڵێ ئەگەر تورکەکان نەختێك نەرمی بنوێنن ، ئەوا هەرگیز چاکەیان لەیاد ناکەن" [٩٠:٧٣]. لە راستیدا بێ ئەگەر نەبوو تورکەکان ئەو هەڵوێستە توندەیان دەنواند بەرامبەر دۆزی باشوری کوردستان . کاودانە نێو دەوڵەتیەکە تاڕادەیەك لە بەرژەوەندی ئەواندا بوو . لە روخسارەوە ، وادیاربوو ئینگلیزەکان بەتەنیا لە گۆڕەپانەکە دەمێننەوە . ئەمەریکاییەکان لەسەر داواکانی خۆیان مکوڕبوون . فەڕەنگەکان کە لەو کاتەدا هەرێمی (روهەر)ی ئەڵەمانیان داگیر کردبوو، لە هەڵوێستی نادۆستانەی ئینگلیزەکان بەرامبەر ئەم داگیر کردنە زویر ببوون . بۆیە کاتێ کرزن وێنەیەکی لە رێکەوتننامەی ئاشتی دا بە تورکەکان و مۆڵەتی دانێ کە بۆ ماوەی پێنج رۆژ قبووڵی بکەن ، مسیو رومپارد M.Rompard نوێنەری فەڕەنگ، چاوی بە عیسمەت پاشا کەوت و تێی گەیاند کەوا حکومەتەکەی هیچ لاریەکی نیە ئەگەر تورکیا داوای هەموارکردنی شێوازی ئاگادارکردنەوەکە بکات ، بۆیە کاتێك ماوەی دیاریکراو بەسەرچوو ، عیسمەت ئاگادارکردنەوەکەی رەتکردەوە . [١٧١:١٢٩].

ئینگلیزەکان دەبوایە لە دوو بەرەوە بجەنگن . بەرەی نێو دەوڵەتی و پتەوکردنی بەرەی ناوەخۆ ، کە بەهۆی بەردەوامی راپەڕینەکانی کورد هەمیشە لە شلەژان بوو . بۆیە سیاسەتی قامچی و کێکیان پیادە کرد ، لەلایەك هەوڵیاندا هەڕەشە لە بەرژەوەندیەکانی فەڕەنگ و ئەمەریکاییەکان بکەن ، لەلایەکی تر ویستیان دەمیان چەوربکەن . ئەوەبوو شالیاری کۆلۆنیالەکان گوتی : "فەڕەنگ و ئەمەریکاییەکان ناتوانن زۆر لە عێراق بکەن واز لە مافەکانی خۆی بێنێ لە بەشداربوونی کۆمپانیای پەترۆلی تورکی ، ئەگەر لایەنگیری عێراق نەکەن لە کێشەی باشوری کوردستان – کێشەی موسل – [٢٧٠:١١٧–١١٨] . هەرچی دەربارەی بەرەی ناوەخۆ بوو ، کوشتاری ئاسوریەکانیان لە کەرکوك قۆستەوە ، کە لە ئایاری ١٩٢٤ لە کەرکوك روویدا و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك کوژرا ، بۆ ئەوەی کەرکوك ، شاری دەوڵەمەند و مەڵبەندی پەترۆلی کوردستان ، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بخەنە بن بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی عێراق . [٢٠٨:٢٩] . هاوکات بڕیاری دەرکردنی شێخ مەحمودیان دا لە سلێمانی . دوای ئەوەی لە ١٩ ئایار کۆنگرەی قوستەنتینە دەستی پێکرد ، فڕۆکەکانی ئینگلیز بەیاننامەیەکیان

فرێدایە ناوشاری سلێمانی و داوایان لە شێخ مەحمود کرد تا رۆژی ١٩٢٤/٥/٢٢ بەبێ دواکەوتن یان بچێتە کەرکوك یا بەغدا . [١١٤:٣٨] . هەروەها سەرباری ئەو ئەستەنگە داراییانەی رووبەڕوویان دەبووەوە، هەوڵیاندا هەموو دەڤەرەکە بە تۆڕێکی هێڵی ئاسنی بەیەکتر ببەستنەوە . بۆیە لەو یاداشتنامەیەی سکرتێری کۆمیساری باڵا لە ٢٤ تشرینی دووەمی ١٩٢٤ بۆ سکرتێری ئەنجومەنی شالیارانی ناردووە ، تیایدا دەڵێ : "کۆمیساری باڵا فەرمانی پێکردم پێتان رابگەینم ، لە کاتی سەردانەکەی بۆ سلێمانی ، بینیویە راکێشانی هێڵەکە بۆ کەرکوك کاریگەریەکی گرنگی لە هەموو باشوری گوردستان هەبووە. وای لە خەڵکەکە کردووە گومانیان نەمێنێ کۆمەڵەی گەلان ئەو ناوچەیە بە میسۆپۆتامیاوە دەلکێنێ . وەلێ ئەگەر کارەکە بەهۆی ئەژواری داراییەوە پەکی بکەوێ ، ئەوا کاریگەریەکی پێچەوانەی دەبێ!". لەسەر ئەو بنەمایە لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا ، ئەنجومەنی شالیارانی عێراق ، بڕیاریدا پێویستە هەر چۆنێك بێت لەزی بکرێت لە راکێشانی ئەو هێڵە بۆ کەرکوك . [٥٨:٢٣٦]. دوای ئەوەی ئینگلیزەکان ئەم کارانەیان ئەنجامدا، بێباك بوون لە هەڵوێستی نێو خۆو نێو دەوڵەتیی .

لەو کاتەدا کۆمەڵەی گەلان لێژنەیەکیان پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) . لێژنەکە لە ٢٧ کانونی دووەمی ١٩٢٥ دەستی بەڕاپرسی خەڵکەکە کرد . حکومەتی عێراق ئەوەی بۆ دەرکەوت ئەگەر جیاوکی پەترۆل نەداتە کۆمپانیای پەترۆلی تورکی ، ئەوا کۆمەڵەی گەلان رێگا نادات باشوری کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە . [٢٤٩:١٨٦] . هەروەها وەك لەو نامەیەی کۆمیساری باڵا، کە لە ١٧ شوبات بۆ شالیارگەی کۆلۆنیالەکانی ناردووە، هاتووە : "ئەو راستیەی ئاشکرابوو ئەوەیە ، کەوا پۆلس، یەکێك لە ئەندامانی لێژنەکە بەرلەوەی بەغدا جێبهێڵێ بە شالیاری دارایی راگەیاندووە هەر لایەك جیاوکی پەترۆل بداتە کۆمپانیای پەترۆلی تورکی ، باشوری کوردستان بۆ ئەو دەبێت. منیش بەراشکاوی گوتم: ئەگەر حکومەتی عێراقی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی کەم و کوڕی بنوێنێ!!! بەنەزانیەوە پێ لەسەر رەتکردنەوەی ئەم جیاوکە دابگرێ ، واچاوەڕوان دەکەم لەم کاودانەدا بەریتانیا بایەخی بەدوارۆژی عێراق گوم دەکا ، ئەرکەکانی خۆی لەسەر چەند مەرجێکی بچووك دەهێڵێتەوە کە رێکەوتننامەی عێراقی - بەریتانی لەسەری چەسپاندووە" [٤٤:٣١١] . لە راستیدا ئەمە زێتر بۆ ترساندنی حکومەتی عێراقی بوو ، لەلایەکی تر گەرەکیان بوو لایەنە ستراتیژیەکەی کوردستان بشارنەوە ، ئەگینا وەك زۆر سەرچاوە ئاماژەی

پێدەکەن ، لەو کاتەدا تورکیا ئامادەیی خۆی نیشاندا کە ئەگەر باشوری کوردستانی بدرێتێ ، ئامادەیە دەست بەرداری هەموو جیاوکێکی پەترۆلی بێت ، هەروەها رایگەیاند کە ئەوان بە تەنیا کوردیان گەرەکە !

پلانی بەریتانیەکان بۆ ترساندنی حکومەتی عێراقی سەرکەوتنی وەدەست هێنا ، حکومەتی عێراقی رازی بوو، و جیاوکەکەی واژۆ کرد. کاتێکیش رەخنە لە حکومەتەکەی یاسین هاشمی گیرا دەربارەی ئەم کارەی ، گوتی : "رەتکردنەوەی ئەم جیاوکە دەبووە سۆنگەی ئەوەی کۆمپانیا پەترۆلیە خاوەن نفوزەکان پشتگیری تورکەکان بکەن لە داواکردنی ویلایەتی موسڵ" [٢٥٧:١٨٦] . تەنیا حەوت رۆژ دوای واژۆ کردنی جیاوکەکە ، هێزی ئاسمانی بەریتانی دەستی بە هێرشێکی بەرفراوان کرد بۆ سەر لایەنگرانی شێخ مەحمود . بۆ ئەوەی کاودانێکی لەبار بۆ کۆمپانیاکە بێتە ئارا ، تابتوانێ چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بداو خاوەن بەرژەوەندیە پەترۆلیەکانیش لەسەرمایەکانیان دڵنیا بکاتەوە" [١٢١:٢٧٠] . هاوکات شالیاری کۆلۆنیاکان و شالیاری فڕۆکەوانی ، سەردانی موسڵ و کەرکوك و سلێمانیان کرد . کاتێك لە دانیشتنی ٩ نیسانی ئەنجومەنی گشتی بەریتانی ئەم سەردانە بووە جێگەی مشت ومڕو گفتوگۆ ، لە وەرامدا گوتیان : "ئەو گەشتە بۆ گەڕان بوو بەدوای مەڵبەندێکی بەرگری سیاسی لەو شوێنە ، لەگەڵ هەندێك ئەژواری تر کە زۆر پێویست بوون و جێگای بایەخی حکومەتی بەریتانیایە" [١١٩-١١٨:٢٠١] . بەم جۆرە ئینگلیزەکان سەودایان لەگەڵ تورکەکان کرد . کە ئەوان کوردەکانی باکور بدەنە تورکەکان ، بارتەقای ئەمەش ئەوان واز لە باشوری کوردستان بێنن بۆ عێراق ، لە هەمان کاتدا رێگا بە هێزە رۆژئاواییەکان بدەن بنکەی سەربازی لەناو خاکی تورکیا دابمەزرێنن بۆ پارێزگاری کردنی پەترۆل لە مەترسی کۆمونیستەکان ! [١٤:٢٣٩] .

دوای ئەوەی باشوری کوردستان بە میسۆپۆتامیاوە لکێنرا ، ململانێیەکە هێور بووەوە ، وەلێ دیماهی نەهات. هەڵقولانی پەترۆلی بابەگوڕگوڕ لە ١٥ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ ململانێی سەر پەترۆلی کوردستانی چڕتر کردەوە . هەر لەم ماوەیەدا لیژنەیەکی فەرەنگسی نەخشەیەکی رۆژهەڵاتی ناڤینی کێشا ، ناوچەکانی کوردستان و عەرەبستان کە دەکەوتنە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیەوە ، بە هێڵی سوور کێشا ، نیازی فەرەنگەکانیش لەمەدا ئەوەبوو یەك دەنگیەك چێبکەن لەو جیاوکە پەترۆلیە نوێیانەی لەو چوارچێوەیەدا وەدست دەهات . دوای

دانوستانێکی زۆریش گەیشتنە ئەوەی دەروازەی سیاسەتی دەروازەی والآی ئەمەریکاییەکان دابخەن . [١١٧:١٦١] . ئەو ڕێکەوتننامەیەش بە ڕێکەوتننامەی هێڵی سوور ناسرا . ئەمەریکاییەکان توانیان ٢٤ پارچە زەوی لە دەڤەرە پەترۆلیەکانی کوردستان وەدەست بێنن ، کە ڕوبەری هەر یەکێکیان (١٣کم٢) بوو . [٤٩:٢٧٥] . وەلێ چوونی ئەمەریکاییەکان بۆ ناو ڕێکەوتننامەی هێڵی سوور، ڕێگای لەوە نەگرت بەرەو رووی هەوڵە تاکڕەویەکانی ئینگلیز بووەستن . ئینگلیزەکانیش بۆ ئەوەی هاوسەنگی ئەرازووی هێزەکان رابگرن، هەوڵیاندا رکابەری تر بۆ ئەمەریکاییەکان پەیدا بکەن و بە نهێنی هێزی تر بێننە ناو تۆڕی ململانێیەکەوە. لەو کاتەشدا ئیتالیەکان بۆ ئەم سیاسەتەی ئینگلیزەکان لەبار بوون، کە ئارەزووی وەدەست هێنانی جیاوکی پەترۆلیان هەبوو، بۆیە داوایان لە کونسوڵی ئیتالی کرد لە بەغدا کە لەگەڵ بنەماڵەی نەوتچی زادە لە کەرکوك و بنەماڵەی شێخ مەحمود لە سلێمانی ڕێك بکەوێ . بۆ ئەوەی بەپێی چەند مەرجێك ئەم بنەماڵانە دەست بەرداری زەویە پەترۆلیەکانیان بن بۆ ئیتالیەکان. هەروەها ئیتالیەکان لەم بارەیەوە رای نمایندەی (کۆمپانیای پەرەپێدانی پەترۆل)ی بەریتانیشیان وەرگرت. بۆ ئەوەی بزانن هەلی سەرکەوتنی ئەو دوو بنەماڵەیە چەند دەبێت ، ئەگەر کێشەکەیان بدەن بەدادگای نێو دەوڵەتی لە لاهای[٢٥٨:٢٧٠]. لە پاڵ ئەمە هەوڵیاندا بەرژەوەندی ئەڵەمانەکانیش بکێشنە ئەو دەڤەرە . لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٨، (١١) زانای ئەڵەمانی پسپۆڕ لە جیوفیزیك گەیشتنە کەرکوك ، تا کار بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی تری پەترۆل بکەن بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیای پەترۆلی تورکی . [٤١:٢٢٩].

هاوکات ململانێ لە نێوان فەڕەنگ و ئینگلیزەکان لەسەر ڕێگای لولەی پەترۆلەکان گەرم ببوو. ئینگلیزەکان پێیان باش بوو لولەکان بچنە سەر بەندەری حەیفا. کەچی فەڕەنگەکان بە باشیان دەزانی بچێتە سەر بەندەری تەرابلوس لە سوریا. شا فەیسەڵ لەو کاتەدا گوتی : "حکومەتی عێراق لای باشترە کە پەترۆلەکەی لەبن خاکدا بمێنێتەوە نەك لە ڕێگای سوریاوە بچێتە دەریای سپی " [٢٥٢:١٩٨]. هەریەکەیان لەپەنای ئەمەشدا ، سەرباری لایەنە ئابوریەکە ، مەبەستی سیاسی خۆیان هەبوو . بەریتانیەکان کۆمپانیای پەرەپێدانی پەترۆلی عێراقیان دامەزراند بوو ، بۆ ئەوەی گەفی پێ لە بەرژەوەندیەکانی فەڕەنگ بکەن . وەلێ لەبەر ئەوەی هەموو پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە هی بەریتانیەکان بوو ، کە ئەمەش لادانێك بوو لە

سیاسەتی دەروازەی والاّ و سەرئێشەی بۆ لەگەڵ ئەمەریکاییەکان دەگۆراندن ، وایان بە باشزانی بیکەن بە کۆمپانیایەکی نێو دەوڵەتی کە بەرژەوەندی بێگانەی تر بەخۆوە بگرێ . بەتایبەتی بەرژەوەندی ئیتالی و ئەڵمانی ، بۆ ئەوەی لەلایەك دەنگی ئەوانەش مسۆگەر بکەن بۆ ئەوەی عێراق بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان وەربگیرێ، هاوکات رێگای ئەوەشیان لێ بگرێ کە پەترۆل لە روس بکرن [١١٩:١٩٦] . شایەنی باسە نوری سەعید لەو پێواژۆکەدا دەرکی بەوەکردبوو کە دۆزی پەترۆلی کوردستان تا چ رادەیەك پەیوەندی بە بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانەوە هەیە لە دەڤەرەکەدا . بۆیە لە ئەیلولی ١٩٣٠ رایگەیاند : "ئەگەر دۆزی پەترۆل لە سیاسەت دامالرێ ، چارەسەری دۆزەکە زۆر ئاسانە" [٢٤٦:١٩٨] . ئەمەش ئەوە روونەدەکاتەوە کە ململانێیەکە بە تەنیا لەسەر خودی پەترۆلەکە نەبووە ، بەڵکو لەسەر چۆنیەتی پەیداکردنی بالاّ دەستی بووە لەسەر رۆژهەلاّتی ناڤین. کەواتە ناتوانرێ پەترۆلەکە لە بایەخی شوێنە ستراتیژیەکەی کوردستان جوێ بکرێتەوە و هەردوولا تەواوکەی یەکترن .

ئەم هەوڵ و سیاسەتەی بەریتانیەکان کاریگەری نەك بەتەنیا لە دادۆشین و بەتالاّن بردنی پەترۆلی کوردستان هەبوو ، بەڵکو کاریگەریەکی ترسناکی لەسەر کوردستان و بزاڤی نەتەوایەتی کورد هەبوو . لە سۆنگەی شوێنی ستراتیژی و ئەو پەترۆلە بوو، کەوا کوردستان بەم شێوەیە پارڤەکرا، کە تا ئەمرۆش بەدەستیەوە دەناڵێنی .

بەشی چوارەم

هێزە ناوچەییەکان و ململانێیان لەسەر کوردستان

باسی یەکەم : ململانێی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی تورک لەسەر کوردستان

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، تورکە ناسیونالیستەکان کەوتنە پیادەکردنی بیروباوەڕی تورانچیەتی*، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك لەگەڵ گەلانی تر، لەژێر پەردەی کۆمەڵەی "ئیتیحادو تەرەقی" پەرای ئەم بیرۆکەی خۆیانکرد.

دوای کودەتاکەی ۱۹۰۸، رۆشنبیران و سیاسەتوانانی تورك، پەردەیان لە رووی خۆیان هەڵماڵی. "حوسێن موجاهید" کە سەر نوسەری رۆژنامەی "طنین"ی زمان حاڵی ئیتیحادیەکان بوو، لە نووسینەکانیدا ناواخنی تورکە ناسیونالیستەکانی دەردەبڕی. سێ مانگ بەسەر کودەتاکە تێنەپەڕی بوو کاتێك نووسی : "پێشان و ئێستاش، هەر نەتەوەی تورك لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دەسەڵاتدار بووینە. لەبەر ئەوەی تورکەکان فاتح بووینە ماف و جیاوکی بەرزیان هەیە، کەوابێ بواری ئەوە نابێ دان بەیەکسانی مافەکان بنرێ لەگەڵ رەگەزە ناتورکەکان" [۹٦:۱٤۸]. لە نووسینێکی تریدا نووسی : "پێویستە وولاتمان لە رەگەزی ناتورك پاك بکەینەوە"[۲۷۸:۲٥۹]. هەر ئەو "حوسێن موجاهید"ەش بوو ناوی لە کوردستان نا

---

* بزاڤی تورانیزم رێبازێك بوو هەوڵیدەدا سەروەریەکانی تورکەکانی بەرایێ زیندوو بکاتەوە. هەروەها دەیویست تورکە نوێیەکان بە کەلتووری شارستانی کۆنی خۆیان گرێ بداتەوە. لەهەمان کاتدا هزرو وێژەی تورکی، لە کاریگەری فارسی و عەرەبی پاك بکاتەوە. سەیر لەوەدایە سەرەتای ئەم رێبازە لە سەرچاوەیەکی ناتورکیەوە هاتووە، ئەویش لە رێگای نووسینەکانی رۆماننوسی فەرەنگسی بەناوودەنگ لیون کاهون Leon Chaun، کە بابەتی شەڕو کوشتاری مەغۆلەکان، وەك "جەنگیزخان" و "تەیمور لەنگ"ی دەکردە کرۆکی چیرۆکەکانی بۆ ئەوەی لاوە فەرەنگەکان کاتی پێ بەسەر بەرن. لە چارەگی سێیەمی سەدەی نۆزدەهەم، کاتێ ئەو چیرۆکانە وەرگێڕدرانە سەر زمانی تورکی کاریگەری زۆریان لە دەروونی تورکەکان هەبوو [۲٥۸:۲٥۲].

ویلایەتەکانی رۆژهەڵات، بۆ ئەوەی ناوی کوردستان بسڕێتەوە. ئیتر لەو کاتەوە ووشەی کوردستان لەسەر نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی سڕایەوە [٢٥:١٧٦].

سەرباری ئەوەی کەوا لە روانگەیەکی نزمەوە، سایەی هەموو نەتەوەکانی تری بن دەستی عوسمانیەکان سەیری کوردیان دەکرد، دەیانویست وەکو نەوەکانی تری بەر لە خۆیان، کورد فریو بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش بە بەردەوامی لەژێی عوسمانچیەتیان دەدا. لە ژمارە ١٢ رۆژنامەی پەیمان هاتووە : "لەمڕۆوە گزیر یەکن، ئاغایەتی و عەشیرەتگەری نیە، ئێستا هەموو میللەت یەك عەشیرەتن. ئەویش عەشیرەتی عوسمانلیە، بۆیە وەکو پێشان لەسەربازی مەرەقن، سەربازی فەرزی جیهادە، کرمانج بۆ عەشیرەتی دەچنە شەڕێ، دەڵێن مردن هەیە زفرین نیە. ئەو بۆ شەیتانە، وەلێ سەربازی بۆ خوایە، بۆ پاراستنی ناموس و ئایین و میللەت و نیشتمانە" [٣٢:٦٤]. هەمدیس لەو هەنگاوەیان سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، کورد بەژمارەیەکی زۆر لە شەڕەکانی باڵکان شەڕی بۆ کردن، ئەوان دەجەنگان و لەپێشەوەی سوپاکان دەچوونە ناو شارەکانەوە، تورکەکان فیزیان پێ لێدەداو ووتارو دروشمی بریقەداریان بەناوی خۆیان دەخوێندەوە ! [٦٥].

جەنگی جیهانی یەکەم هەلێکی لەبار بوو بۆ ئیتحادیەکان، تا خەونی دامەزراندنی دەوڵەتە تورانیەکەیان بهێننە دی. وەلێ لەبەر ئەوەی لە جەنگ دۆڕاندیان، چەك کران و ئەو ئاواتەیان نەهاتە دی.

هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی کۆمەڵێك ئەژواری و تەنگ و چەڵەمەی وای چێکرد مەترسی بۆ هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین هەبوو. سەر لە نوێ پارچە کردنەوەی جیهان پێویستی بە ووردبینیەك هەبوو، بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکان و بە پلەی یەکەم ئینگلیزەکان، بتوانن لەم دەڤەرەدا بەرژەوەندی گەورە وەدەست بێنن و لە رێگای داڕشتنێکی سیاسیەوە ئەو دەستکەوتانەیان بپارێزن. تورکەکانیش دەیانویست بەهەر جۆرێك بێت وولاتەکەیان لە پارچە بوون رزگار بکەن. بۆیە حکومەتی سوڵتان کەوتە دانوستان لەگەڵ رێکخراو و کۆمەڵە کوردیەکان. کە لەدوای جەنگدا چالاکانە کەوتبوونە کار بۆ وەدیهێنانی ئاواتە نەتەوەییەکانیان. هوشیاربوونەوەی گەلانی بن دەستی عوسمانیەکان لەلایەك و هەوڵدانی تورکەکان بۆ هێشتنەوەی گەورەترین پارچەی ئیمپراتوریاکەیان لەبن دەستی خۆیان لەلایەکی تر، ئەژواریەکی گەورەی چێکرد. تورکە ناسیونالیستەکان کەوتنە خۆیان، مستەفا کەمال لە ١٥ ئایاری ١٩١٩ ئەستانەی جێ هێشت. نیازی وابوو بچێتە سامسۆن، کەچی چووە ئەزمیر. کەشتی ئەنیپۆلی کە

مستەفا کەمالی تیا بوو، لەبەندەری ئەزمیر لەنێوان کەشتیگەلی ئینگلیزی و پاپۆڕەکانی یۆنانی وەستا. مستەفا کەمال دابەزی و چووە ناو شارەوە![١١٦:٢١١]. وەك خۆی لەیاداشتەکانیدا دەڵێ : لە شەوی ٢٢/٢١ حوزەیرانی ١٩١٩، خاڵە بنچینەییەکانی بزاڤی ناسیونالیستی تورکی نووسی، لەوانە سەربەخۆیی گەل، لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی گەل لە مەترسی دابوو، پێویست بوو دەنگیان بگەیەننە گشت جیهان و هەموو توانایەکیان بخەنە کار بۆ رزگارکردنی گەل لەهەموو بەشەکانی ئەناتۆلیا. سیواس گرنگترین مەڵبەند بوو کۆنگرەی تیا ببەستن. لەپێناو ئەم ئامانجانەدا بڕیاریاندا هەر ویلایەتێك سێ نوێنەری خۆی بنێرێت، کە لە لایەن گەلەوە پشتگیری بکرێت. ئەمەشیان بەنهێنییەك دانا کە پێویست بوو بپارێزرێ [٣٣٤ :٢١-٢٢] . لە ڕاستیدا سیاسەتی مستەفا کەمال تەواوکەری سیاسەتی ئیتحادیەکان بوو، دەربارەی هەڵوێستی کەمالیستەکان، داماد فەرید پاشا، سەرۆکی حکومەتی عوسمانی، لەچاوپێکەوتنێکدا بەڕاشکاوی گوتی : "ئەوانە کۆمەڵێك ئەفسەرن، بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان لە ئەناتۆلیا بڵاوبوونەتەوە، هەوڵیانداوە ئەم بزووتنەوەیە چێ بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی زۆریان خەرج کردووە، کە لەکاتی جەنگدا پاشەکەوتیان کردبوو ! بزووتنەوەی ئیتحادو تەرەقیش پەنجەی ئاشکرای لەم کارەدا هەیە، بۆیە ئەم بزاڤە بوژانەوەی ئیتحادیەکان دەگەیەنێت بەشێوەیەکی فراوانتر [٣٣٧:٨٨].

مستەفا کەمال بۆ ئەنجامدانی پلانەکانی، بەشێوەیەکی بنەڕەتی، لە ڕووی زەمینی و مرۆییەوە پشتی بە کوردستان بەستبوو، چونکە ئەو ناوچانە تا ڕادەیەك دوور بوون و وەك ناوچەکانی تر نەکەوتبوونە بن دەستی هێزەکانی هاوپەیمانەکان، مستەفا کەمال "دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵاتی بە پێداویستیەکی ژیانی دەزانی"[٣٣٤: ٢١] بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی. بۆیە دەبوایە لە دوو بوارەوە کار بکات. لە لایەك کوردەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ، لە لایەکی تر بزاڤی نەتەوایەتی کورد کپ بکاتەوە و ڕێگا لە هەموو پەرەسەندنێکی بگرێ. بۆیە خۆی بەڕزگار کەری کوردستان نیشاندا، کە داکۆکی لەخاکی موسڵمانان دەکرد دژی دیانەکان. بانگەوازی موسڵمانان، واتە کوردەکانی کرد هێزەکانیان یەکبخەن تا داگیرکەران لە زێدی موسڵمانان دەربکەن، بە ئاگاداریەوە ناوی تورکی نەدەهێنا، پێی لەسەر برایەتی کوردو تورك دادەگرت [١٩:١٠٥]. ئەگەرچی بیرۆکەی ناسیونالیستی تورکی بە بنەڕەتێك دەزانی بۆ دارشتنەوەی ناسنامەی دەوڵەتی نوێی تورکی، کە بایەخێکی گەورەی هەبوو لە سەرەتادا

بۆ بەرەنگاربوونەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی تر کە یەکپارچەیی ئەناتۆلیای تێکدەشکاند، مستەفا کەمال دەیگوت : "کامەرانە ئەوەی خۆی بە تورك سالوخدان بکات" [٢٢٤ :١١-١٢]. کەمالیستەکان هەر بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکو کەوتنە هاندانی کورد بۆ راپەڕین دژی هاوپەیمانەکان. لەوانەش عەلی ئیحسان پاشا زۆر بەگەرمی بۆ ئەم کارە کەوتبووە خۆ، چەك و ئازووقەی بەکورد دەبەخشی و دژی بێگانەکان هانی دەدان. وای دەردەخست کار بۆ سەربەخۆی کوردستان دەکات. کەچی لە راستەقینەدا ئامانجی شلەژاندنی نفوزی هاوپەیمانەکان بوو، بەهیوای ئەوەی رێگا لە داگیرکردنی کوردستان بگرێ و بیگەڕێنێتەوە باوەشی دەوڵەتی عوسمانی [٢٩٦ :٩-١٠]. ئەمەش ئەوە دەردەخا کەوا تورکەکان، چ لایەنگرانی سوڵتان، چ کەمالیستەکان، بنەمای ستراتیژییان بەرامبەر کوردستان یەك بوو، گەرەکیان بوو بەهەر نرخێك بێت لەبن دەستی خۆیانی بهێڵنەوە. لە راستیدا کاریگەری کەمالیستەکان لەسەر کورد زۆر بوو، تا ئەو رادەیەی زانای بەناوبانگ سەعید نورسی، لەگەڵ (٧٦) زانای ئایینی و (١١) زانای ترو (٣٥) پەرلەمانتاری تر، فتوایەکیان دەرکرد بۆ لایەنگری کردنی بزاڤی کەمالیستەکان [١٠٢:٤٦]. بەم جۆرە دوای جەنگیش هەمدیس ئایینیان وەکو چەکێك بۆ فریودانی کورد بەکارهێنا، ئەوەی زێتر یارمەتی سەرکەوتنی ئەم پلانەی دەدا، راپەرینی ئەرمەنەکان بوو، کە ناو جەرگەی کوردستانیان بەخاکی خۆیان دەزانی. ئەمەش مەترسیەکی گەورەی خستبووە دڵی کورد، تورکەکانیش زانایانە لە ژێی ئەو مەترسیەیان دەدا، لەگەڵ ئەوەش دۆزی ئایین دوو ڕووگەی هەبوو، بەشێکیان سوڵتان نوێنەرایەتی دەکرد وەکو خەلیفەی موسڵمانان، بەشەکەی تریش مستەفا کەمال، کە بەتەواوی دەرکی بە بایەخی موسڵمانچیەتی کردبوو، بۆ بەکارهێنانی وەکو ئامرازێکی خەبات، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژیەوە پێی لەسەر بانگەوازی برایەتی موسڵمانان و خەبات دژی گاوران داگرت [١١٧:٣]. تەنانەت بۆ فریودانی گەل بەگشتی و کورد بەتایبەتی، مستەفا کەمال وێنەیەکی زۆری لەگەڵ پیاوە ئاینیەکان گرتبوو. بۆیە خەڵکێکی زۆری ساکار باوەڕیان پێکردو لە دڵەوە پشتگیریان کرد. هەندێك لە کەسایەتیە دیارەکان پڕوپاگەندەیان بۆ مستەفا کەمال دەکرد و وایان نیشان دەدا، کە ئەو سەرکردەیە کە دەتوانێ خەلافەتی ئیسلام لە چنگی زلهێزەکان و وولات لە داگیرکاری بێگانە رزگار بکات، لەو کاتەوە هۆزە کوردەکان کەوتنە رکابەری یەکتر بۆ ئەوەی هەموو تواناو هێزەکانی خۆیان بخەنە بن دەسەڵاتی ئەوەوە. مستەفا کەمالیش زۆر خەڵات و دیاری پێ دەبەخشین، کە بریتی بوو لە تفەنگی ماوزەر، دەنەخشێنراو ناوی ئەو کەسەی لەسەر دەنوسرا کە پێشکەشی دەکرا[١٧٦:٦٠-٦١].

کورد گەلێکی موسڵمان بوو، زۆر دەستیان بە ئایینەوە گرتبوو، و لەو بڕوایەدا بوون مستەفا کەمال لە پێناو خەلیفە تورکیا لە بێگانان رزگار دەکا. بە جۆرێك کە "کەژاوەی مستەفا کەمال تێدەپەڕی، هەندێك لەوان هاواریان دەکرد بژی سوڵتان !" [٤٦:١٠٢].

مستەفا کەمال بایەخی گەورەی جیۆپۆلەتیکی کوردستانی دەزانی، بۆیە کاری بۆ ئەوە دەکرد رێگا لە گەشەسەندن و پێشوە چوونی بزاڤی نەتەوەیی کورد بگرێ، لەو بروسکەیەی کە لە ١٥ حوزەیرانی ١٩١٩ بۆ جێگری والی "دیاربەکر"ی ناردووە، تیایدا دەڵێ : "پێویستە دەست بەجێ هەموو رێکخراوێك هەڵوەشێنرێتەوە کە دەیەوێ تۆوی دوو بەرەکی لەم وولاتەدا بچێنێ. ئەم جۆرە هەنگاوانە ئەرکێکی نیشتمانی‌یە، بۆیە بەتەواوی لەو رەفتارانە رازیم کە بەرامبەر یانەی کوردی ئەنجامتان دا" * [١٢:٢٤٩]. کەمالیستەکان بە ئەرکی خۆیان دەزانی شەڕی ئەو یاخیگەرانە بکەن، کە بە ووتەی خۆیان "حکومەتی ئەستانە پشتی دەگرتن" بۆ ئەوەی نفوزی خۆیان لەو ناوچانە بچەسپێنن کە نەکەوتبووە ژێر چەپۆکی داگیرکردن [١٠٤:٣٣٧]. وەلێ لەگەڵ ئەوەش، لە سۆنگەی کاودانە نێو دەوڵەتی و ناوچەییەکەدا نەیاندەتوانی بە ئاشکرا شەڕی کورد بکەن، بۆیە دەیانویست کورد بەشتی لابەلاوە خەریك بکەن، "هەوڵیاندەدا دەرەبەگە کوردەکان دژی بزاڤی رزگاریخوازی ئەرمەن بەکاربهێنن" [١٢:٢٤٩].

شایەنی باسە حکومەتی ئەستانەش، بەگەرمی کاری بۆ ئەوە دەکرد کوردستان بگەڕێنیتەوە بن دەستی خۆی. لە ١٧ حوزەیرانی ١٩١٩، لە کۆنگرەی ئاشتی رایگەیاند : "زنجیرە چیای تۆرۆس تەنیا هێڵێکی جیۆلۆجی‌یە. هەرچەندە ئەو ناوچانەی دەکەونە دواوەی، لە دەریای سپی ناڤینەوە تا دەریای عەرەب، هی خەڵکێکە بە تورکی ناخێون، وەلێ پەیوەندیەکی پتەویان بە ئەستانەوە هەیە، کە لە پڕەنسیپی نەتەوە زۆر قووڵترە بۆ ئەو خەڵکانەی لە هەردوو دیوی چیای تۆرۆس دەژین. لەمەدا هاوپەیمانیەتیەك چێ بووە کە ئەگەر دارما، ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناڤین دوچاری کارەسات دەبێت" [٢٥٥ :١٥٢-١٥٣].

ئاشکرایە هەر لەدوای جەنگ، زۆر کۆمەڵەو رێکخراوی سیاسی لە کوردستان سەریان هەڵدا. کە بەمەبەستی شێواندنیان بە لێژنەکانی بەرگری کردن لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات ناوزەند دەکرێن، ئەم رێکخراوانە لە پێناو دۆزی رەوای گەلەکەیان خەباتیان دەکرد،

---

* مەبەستی لەیانەی دیاربەکرە .

کەمالیستەکان و حکومەتی سوڵتان، بەهەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوانەیان دەدا، لەو نامەیەی مستەفا کەمال لە ١٨ حوزەیرانی ١٩١٩، بۆ جافەر تاریبگی نارد، کە فەرماندەی سوپای یەك بوو لە ئەدرنە، نووسیبووی : "بەسەرکەوتوویی روو بەڕووی ئەو پڕوپاگەندانە بووینەوە کە ئامانجی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بوو. لایەنگرانی ئەم بزاڤە پارچە بوون و کوردەکان خۆیان بەگەڵ تورکەکاندا" [١٩:٢٨٧]. هەرچەندە کورد بەشێکی زۆری دژی کەمالیستەکان بوون و کاریان بۆ دۆزی ڕەوای خۆیان دەکرد.

مستەفا کەمال بەرگی "غەزا"ی پۆشیبوو ! دەیویست ئەوانە لەبن دەستی سوڵتان دووربکاتەوە کە بەشداری یانە کوردیەکانیان کردبوو، بۆ ئەم مەبەستەش کەوتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ ئەو کەسایەتیە کوردیانەو بانگهێشتی کردن تا لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆم بەشداری بکەن. لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ئەرزەڕۆم وەکو جێگایەك بۆ بەستنی کۆنگرە، سەرباری شوێنی ستراتیژی، کە لە کوردستانی ناو جەرگەی خەباتدا بوو، لە دەسەڵاتی خەلیفەش دوور بوو. جێگای ئاماژە بۆ کردنە، کە ماوەیەك بەر لەو کاتەش، ڕێکخراو و کەسایەتیە دیارەکانی کورد کۆنگرەیەکیان تیا گرێدابوو، لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون پەیوەندی بە "مستەفا کەمال"ەوە بکەن تا لەسەر خەباتی هاوبەش لە ئایندەدا باخێون. بۆیە لەو شوێنە بۆ مستەفا کەمال ئاسانتر بوو پەیوەندی بە کوردەکانەوە بکات. بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی کورد بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی بانگهێشتەکەی مستەفا پاشایان کرد. (٣٥) * نوێنەر لە ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم و بەدلیس و سیواس و تەڕابزۆن و وان و مەلاتیە و دیاربەکر بە پیر بانگهێشتەکەوە هاتن [٥١:٨٥] ئاشکرایە کە ئەو ناوچانە لە ئەرمەنەکان نزیك بوون، بۆیە داواکانی ئەرمەن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم ویلایەتانە هەبوو، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە کێشەی نێوان ئەرمەن و کورد تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی خۆی لەم دۆزەدا دەگێڕا، کەمالیستەکانیش بە وریاییەوە ئەو مەترسیەیان دەقۆستەوە، لەو کاتەدا کە ڕۆژنامەکانی ئەستانە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ مستەفا کەمال دەکرد و دەربارەی ئەو ناوچانە پرسیاریان لێ دەکرد، دەیگوت : "ئەوان لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی پێشوازی لە ئەرمەنستان دەکەن" [٨٩:٣٣٧]، کەچی سەرباری ئەو هەوڵانەی کەمالیستەکان، بەشێکی زۆر لە کورد، دەستیان بە بیرۆکەی کوردستانی ئازاد

---

* هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ژمارەی نوێنەرانی کورد ٥٤ کەس بووە [١٠٥].

وەگرت و بەشداری کۆنگرەیان نەکرد. لەوانە تێکۆشەرانی یانەی دیاربەکر، ئەمەش لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە خەلیل بەگ، فەرماندەی تیپی ١٣ دیاربەکر، بۆ کاپتن عابدینی نارد، کە ئەفسەری سوارە بوو لە مەلاتیە، لەو نامەیەدا هاتبوو : "ڕاگەیاندنەکەی ئەکرەم جەمیل پاشا لە مانگی حوزەیراندا، کاتێك مێژۆر نوئیل گەیشت، دواتریش ڕاکردنەکەی بۆ حەلەب، هەروەها ڕەتکردنەوەی دیاربەکریەکان لە بەشداری کردنی کۆنگرەی ئەرزەڕۆم، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کەوا ڕاستەقینە لە کوێ دایە، بۆیە کە والی نوێ هات، مەغزای ڕووداوەکانمان بۆ شیکردەوە، ئەویش یانەی دیاربەکری داخست [٤٠:٢٨٠]. هەر بەم بۆنەیەوە کۆمیساری باڵای بەریتانی، لە بروسکەیەکدا، کە لە ١٠ و ١١ تەموز بۆ شالیاری هەندەرانی وڵاتەکەی ناردووە، دوای ئەوەی ئاماژە بۆ داخستنی یانەی دیاربەکر دەکات نوسیویەتی : "وا دیارە لە سۆنگەی چالاکیەکانی مستەفا کەمالەوە، سەرۆکە کوردەکان دوچاری دڵەڕاوکێیەکی زۆر هاتوون. دەیانەوێ ڕای ئێمە بزانن دەربارەی هەر کارێك دژی مستەفا کەمال ئەنجامی بدەن ؟ پێیان ڕاگەیەنرا، هەر کارێك ئەگەر لە لایەن دەسەڵاتی تورکەوە دانی پیانەنرێت دژی مستەفا کەمال ئەنجام نەدرێت! [٢٥:١٩٤]. بەمەدا دەردەکەوێت، کەوا ئینگلیزەکان هەر لەو پێواژۆکەدا نەیانویستووە لە کەمالیستەکان بدرێت. هەروەها ئەوە نیشان دەدا کە تا چ ڕادەیەك ململانێی نێو دەوڵەتی ڕۆڵی خۆی لەم ڕووداوانە گێڕاوە. هەر لەو کاتەشەوە مستەفا کەمال هەنگاوەکانی ئایندەی دیاری دەکا ! کە ئەمانە جێگای هەڵوەستەکردن و سەنگرینەوەیە ! بۆ وێنە یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی مستەفا کەمال لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی : کەوا لە کازیۆەی ١٩١٩/٧/٧، مستەفا کەمال گازی کردوەو بەنهێنی پلانەکانی خۆی بۆ ڕوونکردۆتەوە، کە بریتی بووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری تورکیاو لادانی خەلیفە و لادانی سەرپۆش لەسەر ئافرەتان [٧٣٢:٣٠٤] هاوکات لەگەڵ ئەمەدا مستەفا کەمال دەربارەی هێزی هاوپەیمانان دەیگوت : "چۆن هاتن ئاواش دەگەڕێنەوە"[٧٣٠:٣٣٥].

جێگەی سەرنجە لەو دەمەدا حکومەتی ئەستانەش، کە لەسەرەوە هەوڵی دانوستانی لەگەڵ کورد دەدا، لەبنەوە کاری بۆ بەتورك کردنی کورد دەکرد، مێژۆر نوئیل، لە ١٠ و ١١ تەموزی ١٩١٩ بروسکەیەکی بۆ نوێنەری سیاسی بەریتانی نارد، تیایدا دەیگوت : "حکومەتی تورکی فەرمانی پەرتەوازەکردن و پەڕاگەندەکردنی کوردەکانی لە وڵات دەرکردووە، بە جۆرێك کە لە هیچ شوێنێك لە ٥٪ دانیشتوان تێپەڕ نەکەن مەبەستیشیان ئەوەیە بەلەزی لەنێو دانیشتووە

تورکەکانیان بتوێننەوە، لەهەمان کاتدا هەموو شتێك دەکەن بۆ ئەوەی رێگای گەڕانەوەی کوردستانیان لێبگرن" [٢٢:١٩٤]. ئەمەش هەماهەنگی تورکەکان دەنوێنێ، کە سەرباری دوژمنداری و جیاوازی ئایدیۆلۆژیان لە هەنگاوەکانیان بەرامبەر کورد و کوردستان رێك و تەبا بوون.

کۆنگرەی ئەرزەڕۆم کە لە ٢٣ تەموز تا ٧ ئابی ١٩١٩ گرێدرا "بەیەکەمین سەرکەوتنی سیاسی مستەفا کەمال دەژمێردرێت" [١٠٠:٣٢٥]. لە بەیاننامەی کۆتایی ئەم کۆنگرەیەدا رایانگەیاند : "ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم و سیواس و ئامەدو خارپوت و وان و بەدلیس، بەشێکن لە ئیمپراتوریای عوسمانی و لێی جوێ ناکرێنەوە، لەژێر هەر بیانگەیەك بێت نابێ پارچە بکرێ، یا لە دەوڵەتی عوسمانی داماڵرێ. تایبەتمەندیتی رەگەزی و کۆمەڵایەتی، بۆ هەر کۆمەڵەیەك لەو موسڵمانانەی لەسەر ئەو زەویانە نیشتەنین بەوە دەژمێرێ کە نەتەوەی لێ پێك دێت. بەم جۆرە ئەم رەگەزانە هەموو خۆیان بە برای یەکتر دەزانن کە لە یەك دایك و باوك بووینە" [١٠٥:١٥٦]. شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەو لێژنەیەی سەرپەرشتی کۆنگرەکەی دەکرد لە هەشت کەسیان سیانی کورد بوون، ئەوانیش "شێخ فەوزی" سەرۆکی تایفەی نەقشبەندی لە ئەرزنجان و دەرسیم، "سعدالله بەگ" کە خەڵکی سیرت بوو، هەروەها سەرۆك عەشیرەتی ناسراو "حاجی موسا بەگ میرزا زادە" [٨٤:١١١].

بەیاننامەی ئەرزەڕۆم خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندی نێوان کوردو کەمالیستەکان. زۆر لە سەرۆکە کوردەکان نیازی راستەقینەی کەمالیستەکانیان بۆ ئاشکرا بوو. کە کاری کردە سەر رادەی هوشیار بوونەوەی گەلی کورد، بێگومان ئەمەش بەدڵی ئینگلیزەکان نەبوو. کە لەو کاتە بە کوردەکانیان دەگوت : "دژی مستەفا کەمال مەوەستن !" [١٨١:٢٥٥] لەهەمان کاتیشدا رێگایان بە سوپای سوڵتان نەدەدا هێرش بەرێتە سەر کەمالیستەکان، بەو بیانگەی بەگوێرەی ئاگر بەستی "مودروس" حکومەتی سوڵتان دەبێ سوپاکەی هەڵوەشێنیتەوە نەك بەیەکەوەی بنێ ! کاتێك سوڵتان داوای لە ئینگلیزەکان کرد خۆیان هێز بۆ لێدانی کەمالیستەکان بنێرن، گوتیان ئەوان نایانەوێ دەست بخەنە کاروباری ناوەخۆی تورك ! [١٢٨:٢١١].

هەموو لایەنەکان بە ووردی زێرەڤانی بزاڤی نەتەوەیی کوردیان دەکرد، وەك هەسرەتیان دەڵێ : "مستەفا کەمال هەر لە سەرەتای تەموزەوە ئاگاداری ئەوە بوو کەوا کورد خۆیان بۆ راپەڕینێك تەیار دەکەن، بۆیە ئاگاداری فەرماندەی سوپای ١٣ ئامەدی کردەوە

زێرەڤانی ئەو کەسایەتیە کوردانە بکات کە لە ئەستانە دێنە مەلاتیەو، لەکاتی گەیشتنیان بەبێ ئاژاوەو هەراو هوریا بیانگرێ" [٢٤٨:٢٦] لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان نەیاندەویست بزاڤی کورد بەهێزبێت، هاوکات گەرەکیان نەبوو کەمالیستەکان دوچاری ئەژواری ببن، دوور نیە هەر خۆیان ئەو زانیاریانەیان دابێتە کەمالیستەکان !. مستەفا کەمال بۆ ئەوەی ڕێگا لە دایسانی ڕاپەڕینەکە بگرێ، لەگەڵ هەندێك لە سەرۆکە کوردەکان کەوتە گفتوگۆ، بەو نیازەی لەو ڕاپەڕینە دووریان بخاتەوە کە کاری بۆ دەکرا [٢٤٨:٢٩] هاوکات لە ئابی ١٩١٩ دەقی بڕیارەکانی ئەرزەڕۆمی بۆ هەندێك لە دەرەبەگە کوردە بەدەسەلاتەکان نارد، تیایدا داوای لێدەکردن دژی جوجۆلەکانی ئەرمەن و دوژمنەکانی تر بوەستن، یەکێك لەوانەی نامەی بۆ ناردرا عەبدولڕەحمان ئاغای شەرناخی بوو. مستەفا کەمال بۆی نووسیبوو : "هەموو جیهان ئاگاداری گوێڕایەڵیتانن بۆ فەرمانەکانی تاج و خەلیفە. ئەمەش زۆر روون و ئاشکرایە کە تۆ هەرگیز ڕازی نابی "ئەرمەنەکان" خاکی پیرۆزی نیشتمانتان گلاو بکەن. لەبەر ئەوەی لە هەموو کەس زێتر ئاگاداری رەوشتی بەرزو هەڵس و کەوتی تۆم، دڵنیام بەم زوانە بەسەرکردایەتی ئەو ڕۆڵە نیشتمان پەروەرانە دەتبینم کە خۆیان لە ڕێگای نەتەوەو نیشتماندا دەکەنە گوری" [٧٤:٢٨].

جێگای داخە، هەرچەندە کۆنگرەی ئەرزەڕۆم پەیمانێکی ناسیونالیستی لێ هاتە ئەنجام، هەموو کوردستانی عوسمانی خرایە نێو سنووری ناسیونالیستی تورکەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە مافێك بۆ کورد دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا کورد چ بەپارەو چ بە چەکدار یارمەتی مستەفا کەمالیان دا. هەر لەو کۆنگرەیەدا، کورد سەد هەزار لیرەی زێڕی عوسمانیان بۆ مستەفا کەمال کۆ کردەوە [١٤:٨٨]. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، حکومەتی ئەستانە هەوڵی بچووك کردنەوەی دۆزی کوردی دەدا بەو نیازەی بیکاتە کێشەیەکی ناوەخۆ، زانیاری بڕوا پێکراو هەیە کەوا حکومەتی ئەستانە، شاندێکی کوردی بانگهێشت کردبوو، کە لە پیاوە دیارەکانی کورد پێکهاتبوون، بۆ ئەوەی باسی چالاکی حزبی کوردی بۆ بکەن. لەکاتی گفتوگۆکان، شالیارەکان ئەوەیان دوپات دەکردەوە کە ئەو کێشەیە کێشەیەکی ناوەخۆیەو دەروازەی بالا ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوان دەدا بەکورد [٢٨١:٥٠]. بێگومان نە حکومەتی ئەستانەو نە کەمالیستەکان بەرامبەر بە کورد ڕاستگۆ نەبوون، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەبوو کورد بۆ ماوەیەك هێور بکەنەوەو بزاڤەکەی گیرۆ بکەن، تا لەو تەنگژەیە رزگار دەبوون، کە لە ئەنجامی دۆڕاندنیان لە جەنگ دوچاری هاتبوون.

مستەفا کەمال بۆ ئەوەی جێ پێی خۆی پتەوتر بکات، بڕیاری دا بۆ ئەوە کاربکات کۆنگرەیەکی گشتی لە سیواس ببەسترێت. ئەوە بوو لە ٤-١٢ ئەیلولی ١٩١٩ کۆنگرەی

سیواس لەژێر دروشمی رزگارکردنی وولات لە پارچە بوون گرێدرا، ئەفسەرو فەرمانبەرو ماف پەروەرو توێژی رۆشنبیری ئەستانە بەشداریان تیا کرد، لە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە دەرەبەگ و سەرۆك خێڵ و بازرگان و پیاوی ئایینی و ووتار بێژ [٢٩:١١٤]. لە راستیدا رزگارکردنی وولاتیش لە پارچە بوون، تەنیا هێشتنەوەی کوردستان لەبن دەسەلاتی تورکی دەگرتەوە، چونکە زۆربەی ناوچەکانی تریان بەشێوەیەکی کرداری لەبن دەستدا نەمابوو. لەکاتی بەستنی کۆنگرەی سیواس بەدرخانیەکان و ژمارەیەکی تر لەگەڵ مێژۆر نوئیل بە کوردستان دا دەگەڕان. هاوکات، وەك ئاماژەی پێکرا، کورد لە مەلاتیە خۆیان بۆ راپەڕین تەیار دەکرد. ئەوە بوو مستەفا کەمال هێزی ناردە سەریان و ئەو هەوڵەی سەرکوتکردەوە. لە بروسکەیەکدا کە لە ١١ ئەیلولی ١٩١٩ بۆ حکومەتی فەرید پاشای نارد، بەوە تاوانباری دەکرد کەوا دەستی کردووە بە پارچە کردنی وولات. بەو پێیەی یارمەتی بزاڤی جوێخوازی دەدا لە کوردستان [١٢٩:٢٥٥]. لەهەمان کاتدا داوای لە رەشید پاشای والی سیواس کرد ئەو کوردانەیان بۆ گاز بکا کە پڕوپاگەندەیان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی کوردی دەکرد، تا دیدەنیان لەگەڵدا بکات، ئەو هەنگاوەی بۆ ئەوەبوو کۆسپ بخاتە رێگای کوردەکانی دەرسیم، تا نەدەنە پاڵ راپەڕینەکە. لەهەمان مانگدا، واتە لە ئەیلول، نوێنەرە کوردەکانی قوچگیری و سەرۆکی قەزای ئومرانیا چوونە دیدەنی مستەفا کەمال. کە داوای لێکردن لە چالاکی ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ئاگاداری بکەنەوە. عەلی شان بەگ وەرامی دایەوە : "بەگوێرەی ووتەکانی ویلسن مافی کورد رەچاو ناکرێ و کوردستان دەدرێ بە ئەرمەنەکان. بۆیە ئەوان هەوڵدەدەن ئۆتۆنۆمی لەژێر سایەی سوڵتان وەدەست بێنن". مستەفا کەمال وەرامی دانەوە کەوا لێرە پرەنسیپەکانی ویلسن ناخوا، هەروەها پێشنیاری کردن وەکو نوێنەری دەرسیم بەشداری کۆنگرە بکەن، پێی گوتن : ئەو لەو بڕوایەدایە کورد لایەنگیری پلانەکانی سوڵتان ناکەن کە دژ بە نیشتمانەو لە کۆنگرەی ئەرزەرۆمیش باوەڕی خۆیان بەو داوە، بۆیە ئەو نوێنەری ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتە [٢١:٢٤٩]. لەگەڵ ئەمەشدا لە ١٠ ئەیلولی ١٩١٩ فەرمانی دا راوی سەرکردە کوردەکان بنێن و بیانگرن. هەموو رێگایەکیش بگرنە بەر بۆ ئەوەی هیچ یارمەتیەك نەگاتە جوێخوازان، هەروەها فەرمانیدا "تۆفیق بەگ"ی سەرۆکی هێزی ژاندارم بکرێ بە موتەسەریفی مەلاتیە و "شۆڕشگێرێکی" تورکیش بکرێ بە والی خارپوت، بۆ ئەوەی رێگا لەوانە بگرن کە دەیانەوێ زیان بە نەتەوەو نیشتمان بگەیەنن [٣١:٧٤]. ئەو هەنگاوانەی مستەفا کەمال وایکرد ژمارەیەکی زۆری کورد بەشداری کۆنگرەی سیواس نەکەن، بۆیە مستەفا کەمال و رەئوف بەگ و خوجەرائف ئەفەندی و بەکر سامی بەگ، خۆیان نوێنەرایەتی کوردستانیان کرد. ئەستەنگیش

نیه بڵێین ئەوانە چۆن بەرژەوەندی کوردیان دەردەبڕی ! سەرباری بەیاننامەی کۆنگرە لە ١١ ئەیلول ڕاگەیانرا کە دژی ئیمپریالیزمن، وەلێ گیانی نەتەوە پەرستی پێوە دیار بوو، مافی هەموو کەمینەکانی پشتگوێ خستبوو، بەتایبەتی مافی کورد [١٠٦:١٥٦]. لە کۆنگرەی سیواس، وەکو کۆنگرەی ئەرزەڕۆم پێیان لەسەر ئەوە داگرت، ئەو زەویانەی لە چوارچێوەی مەرجەکانی ئاگر بەستی مودروس، لەنێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی دیاری کرابوو، یەك پارچەیەو لەیەکتر جوێ نابێتەوە. زۆربەی خەڵکی ئەو زەویانە، هەستی هاریکاری و ڕێزیان بەرامبەر یەکتر هەیە، بۆیە پێویستە وەك برای ڕاستەقینە سەیر بکرێن[١٣٣:٢٥٥].

سەرباری ئەو هەموو هەڵوێستەی دژ بە کورد، کەمالیستەکان بە ووریاییەوە مامەڵەیان دەکردو مەوڵیاندەدا هاوسۆزی کورد لە دەست نەدەن، بۆیە خۆیان وەك لایەنگرێکی دۆزەکەیان نیشاندەدا، بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سیواس، دوو لقیان بۆ "کۆمەڵەی داکۆکی کردن لە مافەکان" لە ئەناتۆلیاو کوردستان کردەوە، لەو نامانەی مستەفا کەمال بۆ سەرۆکی لقی دیاربەکری نارد، هاوسۆزی خۆی لەگەڵ کورد نیشاندەداو مکوڕبوونی خۆی لەسەر دۆزی کورد دەخستە ڕوو، ڕایدەگەیاند کە دۆزی کورد دۆزێکی ژیانیە بۆ کوردو تورکەکان، لەیەکێ لەنامەکانیدا هاتبوو : نیازی وایە دوای پاك کردنەوەی وولات لە داگیرکەرە بێگانەکان، هەموو مافە نەتەوەییەکان بداتە برا کوردەکانی [٥٨:١٧٦]. ئەم هەڵوێستانە کاریگەری گەورەیان لەسەر کورد هەبوو. وەك لە یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی لقی کۆمەڵەی "عەهد" لە موسڵ، کە لە ٨ تشرینی دوەمی ١٩١٩ نوسرابوو، هاتووە : "ئەگەر جۆرە هیوایەکی ڕزگاربوون هەبێت لە ئینگلیزەکان، ئەوا لە مستەفا کەمالی چاوەڕوان دەکەن، مستەفا کەمال بۆتە ناوێکی گەورە لەم وولاتەدا" [٥٢:٢٣٨].

دوای کۆنگرەی سیواس، کەمالیستەکان تیورە ناسیونالیستیەکەی خۆیان، تا ڕادەیەك ئاشکراتر پیادە دەکرد. مێژور نوئیل لە یاداشتەکانی مانگی ئەیلولدا نووسیویەتی : "زەقترین هۆی بێزاری لە تورکەکان ئەوەیە عەقل زبرو لووت بەرزو عەنات زلن، بە سووکی سەیری هەموو ناتورکێك دەکەن" [٣٣:٤٩]. هەروەها لە ١٧ تشرینی یەکەمی ١٩١٩، فەرماندەی سوپای بیست نامەیەکی بۆ مستەفا کەمال نارد، تیایدا دەیگوت : "تاکە ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەکان لە تورکیا ئەوەیە کەوا نیشتەنی و زەوی لەنێوان تورکیاو هاوسێکانی ئالوگۆڕ بکرێت، لەسەر حکومەت پێویستە تورك و موسڵمانەکان – مەبەستی لە کورد بوو – لەیەکتر جوێ بکاتەوە. هەرچی دەربارەی کەمینەکانی تر بوو، پێی وابوو تەنیا ژیانی سەرۆکەکانیان و موڵك و ماڵیان دابین بکرێ [١٣٩:٢٥٥]. بێگومان ڕوداوەکانی

ناوەخۆی تورکیاش کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە هەبوو، هەر لەم کاتەدا حکومەتی فەرید پاشا لە کارخراو عەلی رەزا کابینەی پێکـهێنا. ئەمـەش بـۆ کەمالیسـتەکان بەسـەرکەوتنێك دەژمـێردرا. مستەفا کەمال نامەیەکی بۆ عەلی رەزا نارد، تیایدا نووسی : "حکـومـەتـی پێشتـر، بـە ئـامـانجی لەناوبردنی ئەو شاندانەی بۆ کۆنگرە دەهاتن، لە ویلایەتی خارپوت پەنای بـۆ چەتـەو رێگـــران بـــرد" [١٢٢:٢٥٥] بـەم جـــۆرە مســـتەفا کـەمال بزاڤـی نەتـەوەیی کـوردی بـە چەتـەو رێگـر ناوزەند دەکرد.

بە سوود وەرگرتن لە ئاینی ئیسلام و ئەو پڕوپاگەندانەی لەو لایەنەوە بۆ مستەفا کەمال دەکران، کاریگەریەکی ئێجگار زۆریان هەبوو. تەنانـەت مسـتەفا کـەمال لـە روانگـەی زۆر لـە موسڵمانەکان، ببـووە رزگارکـەری ئیسـلام، "ئـەو شمشـێرە بـوو کـە پێغەمبـەر ناردبووی بـۆ رزگارکردنی بیرو بـاوەڕی ئیسـلام"[٣٥:٩٩] ئەمـەش پێداویسـتیەك بـوو بـۆ مسـتەفا کـەمال، تەنانەت لە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانیش بوو، بۆ ئەوانیش سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو، چونکـە دەیکـردە تێکشـکاندنی دەسـەڵاتی گیـانی سـوڵتان و خەلیفـەی موسـڵمانان، ئـەو لایەنـەی مەترسیەکی زۆری لای هاوپەیمانـەکان هـەبوو، ئەمـە یـاریدەدەرێکی بـاش بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەو پڕوپاگەندانە بەلەزی بڵاو بینەوەو تەشەنە بکـەن، وەك سـورەیا بـەدرخان، سـکرتێری کۆمەڵـەی سەربەخۆیی کوردستان، لەو نامەیـەی کـە لـە ٢٢ مـارتی ١٩٢٠ بـۆ سـەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی و لێپرسراوی دەوڵـەتی فەرەنگسـی نـارد، دەیگـوت : "کۆنگـرەی ئاشـتی کەوتۆتـە ژێـر پڕوپاگەندەکانی مستەفا کەمال" [٩٤:٢٤٥]، ئەمە لە پاڵ ئەوەی چـواردەوری خـۆی دابـوو بـە نزیکەی ٦٠ لە سەرۆکە کوردەکانی ئەو ناوچانەی ئەرمەنەکان چاویان تـێ بڕیبـوو" [٢٦٩ :٦ -٧].

کەمالیستەکان ئامادە بوون دەسـت بـەرداری هـەموو شـتێك بـن بـۆ لێـدان و خـامۆش کردنەوەی راپەڕینەکانی کورد، بۆیـە کـاتێك راپـەڕینی قۆچگیری دایسـا، مسـتەفا کـەمال بـە پێویستی زانی بەشێك لە هێزەکـانی لـە بـەرەکانی یۆنـان بکشـێنێتەوە و شـەڕی کوردیـان پـێ بکات. بەلەزی لیوای سیانزەی سوارەو تیپی چواردەی سوارەی بۆ سیواس نارد، سەرباری ئەمـە هێزێکی زۆری نادرە خارپوت و ئەرزنجان. بە ئامانجی کۆسپ خستنە بەر پێشوەچوونی کورد لـە باکورو رۆژهەڵات [٣٤:٢٤٩]. کەمالیستەکان بەر لەوەی بەکاری سـەربازی هەڵسـن، کەوتنـە پڕوپاگەندە کـردن بـۆ لەیـەکترازاندنی ریـزی شۆڕشـگێران. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سەرلەشکری

خارپوت بەناوی مستەفا کەمالەوە، بەناو خەڵکدا بڵاوی دەکردەوە کە "مچۆ ئاغا" و "دیاب ئاغا" کە دوو سەرۆکی بەناوبانگی کورد بوون، کراون بە نوێنەری دەرسیم لە ئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی تورکیا. هەروەها دەیانگوت، سەرۆکە کوردەکان، لە هەموو لایەکەوە بەرەو ئەنقەرە دەچن. بەم زوانە داواکاریەکانی کوردستان بە تێکڕایی جێبەجێ دەکرێ [٣٧:٧٤] لە ژێرەوەش سوپایان بۆ سەر کوردستان تەیار دەکرد. لە ١٥ مارتی ١٩٢١ باری ئابڵووقەدانیان لەسەر ویلایەتەکانی سیواس و خارپوت و ئەرزنجان ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی نیازی کوردەکانیش بزانن، بروسکەیەکیان بۆ سەرۆکەکانی دەرسیم نارد، تیایدا داوایان لێکردن، دەربارەی هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆیان ئاگاداریان بکەنەوە، کە ئایا لەسەر درێژە پێدانی خەبات مکوڕ دەبن یا نا ؟ سەرۆکەکانی دەرسیم وەرامیان دایەوەو گوتیان : "تا ئێمە لەوە خاترجەم بین کەوا حکومەتی تورکی گەڕەکیەتی کورد لەناو بەرێت، هەروەك چۆن پێشتر ئەرمەنی لەناو برد، بەردەوام دەبین لە خەبات و داکۆکی لەمافە نەتەوەییەکانی خۆمان دەکەین" [١٥٦:١١٢]. شایەنی باسە لەو کاتەدا گۆڕانە نێو دەوڵەتیی و ناوچەییەکانیش لە بەرژەوەندی کەمالیستەکان دا بوو. وەك لەنامەیەکی سەرۆك شالیارانی ئەنقەرە کە ماوەیەك بەر لەو کاتە بۆ هاوکوفی خۆی لە ئەستانەی ناردبوو، هاتبوو : "سیاسەتی پۆزەتیڤانەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەرامبەر تورکیا، لەم دواییەدا لە زێدەبوون دایە. ئەمەش بەرهەمی مکوڕ بوون و گوێڕایەڵی گەلە، ڕەتکردنەوەی پەیمانی سیڤەر لەلایەن ئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی تورك کاودانێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە"[٣٨٦:٣٣٤]. لەهەمان کاتدا تورکەکان لە بەرەکانی یۆنانیش سەرکەوتنیان وەدەست دەهێنا. لە ٣١ مارتی ١٩٢١ توانیان لە شەڕی ئینۆنۆی دووەم بەسەر یۆنانیەکان زاڵ بن و ناچاری پاشەکشەیان کردن لەو شوێنانەی کە پێشتر داگیریان کردبوو، بەم جۆرە ئەو هیوایەیان توایەوە کە پابەندی ئەو هێرشانەیان کردبوو. ئەمەش بووە سۆنگەی بەهێزبوونی هەڵوێستی کەمالیستەکان و وورەی بەرز کردنەوە [٤٦:٢٦١]. بۆیە توانیان بە ئاسانی بەگژ ڕاپەڕیوەکانی قوچگیری دابچنەوە. هەر دوای سەرکەوتنەکانیان بەسەر یۆنان، هارنگتون، فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان دەسەڵاتێکی فراوانی بەخشی، بۆ هاریکاری کردن لەگەڵ مستەفا کەمال، وەڵێ شێوەو جۆری ئەم هاریکردنەی باس نەکرد [١٧٣:٢١١]. هەر لەو کاتەدا فەڕەنگسیەکانیش هەوڵیاندەدا خۆیان لە کەمالیستەکان نزیك بکەنەوە، لە ٩ حوزەیرانی ١٩٢١، "فرانکلین بریون"یان ناردە لایان، دوای ئاخاوتنێکی زۆر ڕایگەیاند هاتنەکەی

کەسی‌یەو بۆ ئەوەیە تا لەسەر بنەمای پەیمانی سیڤەر لەگەڵ تورکەکان ڕێکەوێ [٩٢:١٢٣].
ئەو هەڵوێستەی فەڕەنگەکان، کەمالیستەکانی بەهێزتر کرد، بۆیە بەگەرمی کەوتنە خۆو خۆیان لەکاروباری باشووری کوردستان – ویلایەتی موسڵ – هەڵقورتاند، بۆ ئەم مەبەستەش یۆزدەمیریان ڕەوانەی رواندز کرد، کە یەکێك بوو لە پیاوە زیخ و چالاکەکانیان. ئینگلیزەکان وایان نیشاندەدا ئەمە مەترسیەکی زۆری بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان هەیە، بۆیە بەر لەوەی شێخ مەحمود بگاتەوە سلێمانی بەماوەیەك سلێمانی‌یان چۆڵ کرد. لەو کاتەدا، یۆزدەمیر نامەیەکی بۆ شێخ قادری برای شێخ مەحمود نارد، لە خاڵی پێنجەمی ئەم نامەیەدا یۆزدەمیر دەیگوت : "شێخ ، دەبێ باش بزانن لیستی ئەو خاکانەی کە لە پەیمانی میللی "**میثاقی میللی**"مان دانراوە، نابێ لەژێر چنگی بێگانەدا بمێنێتەوە. من بۆ ئەوە هاتوومەتە کوردستان ئەم ڕاستەقینە لە برا خۆشەویستەکانی ئێمەو هاوپەیمانەکانمان بگەیەنم، تاوەکو کوردەکانی برای دین و دۆستی دێرینمان نەبنە گوری سیاسەتی ئینگلیزە ناپاکەکان و بەهاندانی ئەوان کۆسپ و تەگەرە نەخەنە ڕێگامان" دوای ئەوە دەیگوت : "لەبەر ئەوە سەرپاکی وولاتی موسڵ خراوەتە ناو پەیمانی میللی تورکەوە، هێزێکی ناپاکی وا بەبیرا نایەت لەناو سنوورەکانی میللی ئێمەدا فەرمانڕەوایی بکا. تا ئیمڕۆ لەشکرە گەورەکانی تورك لە بەرەکانی تردا خەریکی لەشکرەکانی دوژمن بوون، نەدەپرژانە سەر ئەم هەرێمانە، ئەوا بە یارمەتی یەزدان بەرەکانی ڕۆژئاوا لە دوژمن پاك کرایەوە، لەبەر ئەوە لەم کاتژمێرەوە دەست دەکەین بە پاك کردنەوەی ئەم هەرێمەو پشت بەخوا زۆری پێ ناچێ هەرچی ناپاکێك هەیە لە کوردستان، لەگەڵ دوژمنەکان، پاکیان دەکەینەوە" [٥٩٥:٢١].

"چەرچل" پێش کەسانی تر لە حکومەت، هەستی بە پێویستی ڕاگرتنی دەست تێوەردانی تورکەکان کرد لە کوردستان. بۆیە لەسەرەتای ئابی ١٩٢١، لە پەرلەمان ڕایگەیاند کەوا ئارامی لە کوردستان پەیوەستە بەوەی ڕێکەوتنێك لەگەڵ تورکەکان ئەنجام بدرێت [٢٥١:٢٥٥] هەروەها ژەنراڵ تاوزەند، کە لە شەڕی "کوت" لە جەنگی جیهانی یەکەم بەدیل گیرا، ڕای وابوو " پێویستە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ تورکەکان ببەسترێ. چونکە ڕێکەوتننامەی ئەڵمانی – ڕوسی کە لەو کاتەدا بەسترا، هاوسەنگی ئەوروپای تێکدا"[٥٢٤:٨١]. لەهەمان کاتدا، فەڕەنگسیەکانیش ڕێکەوتننامەیان لەگەڵ کەمالیستەکان مۆر کرد، کە سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی و سەربازی بوو بۆ تورکەکان، چونکە

فەڕەنگەکان بەڵێنیان بە تورکەکاندا هەموو توانایەکیان بخەنە کار بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆییان [١٢٣ :٩٥-٩٦] ئەمە سەرباری ئەوەی نزیکەی (٨٠) هەزار سەربازی تورکی لەو بەرەیە رزگاریان بوو، توانیان بەچەك و تەقەمەنیەوە بۆ بەرەکانی یۆنانیان بنێرن [٢٣٣ :٦٩٢-٦٩٣]. کەمالیستەکان هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانە لە ئێرانیەکانیش چوونە پێش، وەك لە رۆژنامەی پێشکەوتنی رۆژی ٢٤ تشرینی دووەمی ١٩٢١ هاتووە : "کۆمیساری کەمالیستەکان لە تاران وا رادەگەیەنێ ئەو ئاخاوتنەی لەنێوان تورکیاو ئێران لە ئارادابوو، بەباشی دوایی هات و هەردوولا رێك کەوتن" [٨١:٣٧٥] وەلێ بەداخەوە خاڵەکانی رێکەوتنامەکەی رووننەکردۆتەوە. هەر بۆیە کاتێك شەڕ لەنێوان یۆنانی و تورکەکان گەرم بوو، ئێرانیەکان داوایان لە کۆمەڵەی گەلان کرد هەوڵبدەن ئەو شەڕە رابگرن، هەروەها گوتیان رای گشتی لە ئێران سەرسام ماوە کەوا بۆچی کۆمەڵەی گەلان، هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ راگرتنی ئەم شەڕە، کە لەوانەیە جەنگێکی جیهانی لێ بکەوێتەوە [٣٢٢:٩٧].

ئەو سەرکەوتنە جەنگیی و دیپلۆماتیکیانە، باڵا دەستی رەگەزی تورکی کردە شتێکی سەپێنراو، هەروەها شەڕی سەربەخۆیی بووە سۆنگەی باڵا دەستی سیاسی و سەربازی و دیمۆگرافی رەگەزی تورك[٣٠١:٣٤] لەو دەڤەرەدا، هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٢١ کێشەی بن دەستکردنی باکوری کوردستان لەلایەن کەمالیستەکانەوە یەکلاکرایەوە. توانیان بەندەکانی سیڤەر رەتکەنەوە. لەم کاتەوە کەوتنە هەوڵی گەڕاندنەوەی باشوری کوردستان. لەپێناو ئەم ئامانجەشیاندا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ ژمارەیەك لە ئەفسەرانیان ناردە سنووری زاخۆ، هەروەها تۆپێك و دوو مەترالۆزیشیان چەسپاندو ناوچەی رۆژهەڵاتی دیجلەو جزیرەیان بەناوچەیەکی جەنگی حسێو کرد. لە مانگی شوبات، بەهێزێکی تر کە لە (١٠٠) چەکدار پێکهاتبوو، پاڵپشتی ئەو هێزەیان کرد [٩١:٤٤] هاوکات لەگەڵ ئەمەدا هەوڵیاندا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ شێخ مەحمود فراوانتر بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر بەڵێنیان پێدا، وەلێ وەك لە راپۆرتی ١٩٢٢-١٩٢٣دا هاتووە : "لەگەڵ شێخ مەحمود دەستپاك نەبوون، دەیانویست بیکەنە داردەستێك بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی خۆیان" [٣٦:١٢٠]. هەر بۆ فریودانی رای گشتیش، وەك کۆمیساری باڵای بەریتانی لە ئەستانە لەسەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە گێڕایەوە، لە ٢٩ مارتی ١٩٢٢، لەنێو ئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی تورکی، گفتوگۆ لەسەر دۆزی کورد کرا. دەربارەی لیستێکی (لائحە) یاسایی کارگێڕیەتی تورك بۆ کوردستان.

که بەندی تایبەتی تیابوو بـۆ ئـەوەی کـورد خـۆی بەڕێوەبـەرێ و زمـانی کـوردی ببێتـە زمـانی فێرکردن. بەو مەرجەی نەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی کورد لـە ئـایندەدا داوای سـەربەخۆیی تـەواو بکەن [٢٧٦:٣٤٩]. کەمالیستەکان ئەو پێنگاوە دیماگوگیانەیان دەنا، لەکاتێکدا بە بـەردەوامی تێکۆشەرانی کوردیان لە سێدارە دەدا، وەك لە ژمارە ٩٤ رۆژنامەی پێشکەوتن دا هـاتووە، کـە لە رۆژنامەی بۆ سفۆری تورکـی وەریگرتـووە، لـە ئامـەد (دیاربـەکر) رەزا بـەگ و عـەلی غـالب نـمایندەی قوماندان، یەکێك لە شاعیرانی کورد بەناوی فـەرەج و مستەفای کـۆرەی کـورد لـە میلاك، لەسێدارە دراون [٨١:١٩:٤].

دوای سـەرکەوتنی تورکـەکان لـە بـەرەی یۆنـان * ، سـەرکردەکانی تـورك خـەریکی یاداشـت گۆڕینـەوە بـوون بـۆ هەڵسـەنگاندنی هـێزو توانایـان لـەپێناو هەڵسـان بـە هێرشـێکی بەرفراوان لەبەرەی رۆژهەڵات و جزیرە بۆ سەر باشوری کوردستان، – ویلایـەتی موسـڵ – تـا ئەو هێزانەی تورك کە لە ناوچەی رواندز بـوون پاڵپشـتیان بکـەن. لەگـەڵ ئـەم گۆڕانانـەی، کـە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێو دەوڵەتیدا روویاندا، لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ کۆنگـرەی لـۆزان بەسترا. بەماوەیـەکی کـەم دوای ئـەوە، مستەفا کـەمال لـە ئەنجومـەنی بـاڵای نەتەوایـەتی تـورك بەڕاشـکاویەوە رایگـەیاند : "ئـەو دەوڵەتـەی ئێسـتا گوراندومانــە، دەوڵـەتێکی تورکی‌یــە !" [٢١:١٠٥]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کـەوا کەمالیستـەکان هـەموو خـاکی کوردسـتانیان بـەهی تـورك زانیـوە. بۆیـە هـەرگیز نەیاندەویسـت دۆزی کـورد لـە کۆنگـرە نێـو دەوڵەتیـەکان بەرزبکرێتـەوە. یۆزدەمـیر لـەو نامەیـەی لــە ١٩٢٢/١١/٣ بـۆ شـێخ مـەحمودی نـاردووە، نووسیویەتی : "بۆ ئەوە هاتووین و تێدەکۆشین کە تا سنوورەکانی شاخی حەمرین بگریـن، ئـەو جێگایانە داگیر دەکەین کە بە وولاتی تورك دەژمێردرێت و لە دەستوری میللی تورکدا نیشـان دراوە [٢١:٥٩٩]. سەیر لەوەدایــە، لەلایـەك تورکـەکان باشـوری کوردسـتانیان بـە بەشـێکی جوێنەکراوە لە دەوڵەتی تورك دەژمـارد، لەلایـەکی تـر، عـەرەب و ئینگلیزەکـان، بـە بەشـێکی

---

* دەربارەی ئەو سەرکەوتنانە، عەبدولقـەدیم زەلوم پێـی وایـە لـەو شـەڕەدا یۆنانیـەکان سـەرکەوتنیان وەدەست هێنابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەریتانیا و فەرەنگساو ئیتالیا داوای ئاگر بەستیان کـرد، شـەڕیان وەستاندو هێزەکانیان کشاندەوە. واتە کشانەوەی یۆنانیەکان وەك زۆر لەمێژوونوسان باسـی دەکـەن و کەمالیستەکان پیێـەوە دەنازن، لە ئەنجامی شـەڕێکی یـەکلایی کـەرەوە نـەبووە، بـەڵکو بـەناچاری و لـە ئەنجامی جەختێکی نێو دەوڵەتی بووە. بەو بەڵگەیەی ئەوان خۆیان داوای ئاگر بەسـتیان کـردووە، ئـەوە بوو ئاگر بەستی مودانیایان مۆرکرد [٢١١:١٦٦].

جوێنەکراوەیان دادەنا لە میسۆپۆتامیا ! مەبەستی تورکەکانیش لەم هەوڵانەدا خودی کورد خۆی بوو. وەك حوسێن رەئوف بەگ سەرۆك شالیارانی تورك لەکاتی کۆنگرەی لۆزان * گوتی : "هۆی سەرەکی لە داوا کردنەوەی تورکەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ویلایەتە، نە ئابووری و نەستراتیژیە، بەڵکو سیاسیەو بەتەواوی بە کوردەوە بەندە، چونکە تورکەکان دەیانەوێ کورد لەنێو قەوارەی خۆیان بتوێننەوە" [٢٤٨:٢٥٥]. لە کۆنگرەی "لۆزان"یش، وەك لە باسەکانی تر ئاماژەی پێکرا، تورکەکان گفتوگۆیان هێنابووە سەر ئەوەی کەوا کوردو تورك یەك رەگەزن ! ئینگلیزەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وەرامیان دەدانەوە و دەیانگوت کورد تورك نین. کرزن لەم بارەیەوە گوتی : "کورد نایانەوێ بچنە پاڵ تورکەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی کورد لە رەگەزی تورانی نین وەك عیسمەت دەڵێ، بەڵکو وەك هەموو لەسەری رێکەوتوون، کورد لە رەگەزێکی ترن. داب و نەریت و زمانی خۆیان هەیە، کە لەداب و نەریت و زمانی تورك جیایە". کرزن خۆی لەنێو کوردان ژیابوو، بۆیە گوتی : "من دەتوانم جیاوازی لەنێوان کوردو تورك بکەم، وەك جیاوازیەکانی هەر رۆژێك لە رۆژەکانی هەفتە، تەنیا ئەگەر کوێر بم !" [٢٣٦:٢٧٢].

کەمالیستەکان ئەگەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیان تا مۆرکردنی پەیمانی لۆزان هەوڵیاندابێ کورد لە خۆیان نزیك بکەنەوە، ئەوا دوای لۆزان، کەوتنە وێزەی و دەستیان کرد بەکوشتن و تواندنەوەی. لە ٣ مارتی ١٩٢٤، واتە هەر لەو رۆژەی خەلافەتیان تیا رەتکردەوە، بڕیاری داخستنی هەموو خوێندنگا کوردیەکانیان دەرکرد [٥٠١:٢١]. لەمەش جۆرە سەوداکردنێك بەدی دەکرێت لەنێوان کەمالیستەکان و هاوپەیمانەکان، کەمالیستەکان خەلافەت لابەرن، بەرامبەر بەمەش هاوپەیمانان چاو لەهەڵوێست و رەفتارەکانیان بەرامبەر گەلی کورد بپۆشن ! وەك ئاماژەی پێکرا، هەر لە کۆنگرەی لۆزان، هاوپەیمانەکان رێگای پیادەکردنی رەگەزپەرستیان بۆ کەمالیستەکان کردەوە . وەك یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی مستەفا کەمال گوتی : "مستەفا کەمال مرۆڤێکی پایە بەرزە، وەڵێ ئەم بیروڕایانەی بەشێوەیەکی شێگیری و کت و پڕ نەهێناوە !"[٧٧:١٣٩]. هەر دوای ئەمەش کەوتنە هەنگاونان بۆ سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی

---

* هەندێك لە نوسەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نوێنەری تورك لە لۆزان عیسمەت ئینونۆ، لەگەڵ حاخام "حاییم ناحوم" بووە. کاتێك دانوستان لەنێوان کرزن و عیسمەت تەنگژەی تێکەوت، ناحوم لەو کاتەدا لەگەشتێکدا بووە بۆیە بروسکەیەکی نارد کە دەگەڕێتەوە، لەو بروسکەیەدا هاتبوو : "عیسمەت دۆستمە، لەژێر فەرمانی مندایەو وشەیەکم رەت ناکاتەوە ! " [٧٣٤:٣٠٤].

نەتەوەیی کورد، ڕۆژنامەو چاپکراوەکان داخران، ناوی کورد لەکتێبە مێژووییی و فەرهەنگیەکان سڕایەوە. بۆ سوکایەتی پێکردن نازناوی "تورکی کێوییان" بەسەر کورد بڕی، نیازیشیان لەمە ئەوە بوو لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتیشەوە بیکەن بە تورک [٢٣:١٦١]. لەم بارەیەوە نورەدین زازا لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە چۆن لە خوێندنگاکاندا هەوڵیانداوە ئایدۆلۆژیای کەمالیستیان فێر بکەن. نووسیویەتی : "پێیان دەگوتین ئێوە کورد نین، کورد هۆڤینە، نژدن و لە چیاکان دەژین" [٣٩:٢٦٩].

حکومەتی ئەنقەرە لەساڵی ١٩٢٤، هەوڵیدا هەموو ناوچە سنووریەکانی عێراق و سوریا لە ڕەگەزی ناتورک چۆڵ بکا. بەجۆرێك هەر شارو گوندێك لەم دەڤەرانە، یەك ڕەگەزی ناتورك بەرامبەر (١٠٠) ڕەگەزی تورك بهێنێتەوە [٥١:١٠٢]. مستەفا کەمال خۆی دانی بەم ڕاستەقینە نا کاتێك گوتی : "عەرەبەکان زۆرن و زمانەکەیان زمانی قورئانە، بۆیە ناتوانین بیانکەین بە تورك، وەڵێ بەگوێرەی ڕەگەزە موسڵمانەکانی تر جیایە، بەتورك کردنی ئەوانە ئەستەنگ نیە. سەرباری ئەمەش ئەوانە لە ئەناتۆلیا دەژین، بۆیە بە تورك کردنیان پێداویستیەکە بۆ دابینکردنی یەکێتی وولاتی تورك، لەبەر هەموو ئەمانە، لەسەر دەوڵەت پێویستە بەبێ وەستان کار بکا بۆ بە تورك کردنیان[٣١٩:٢٦٨]. تورکەکان ئەم هەنگاوانەیان وەك بەشکچی دەڵێت : "بە پێشکەوتووخوازو دیموکراسی پێناسە دەکرد !" [١:٦٤]. نەك تورکەکان، بەڵکو سۆڤیەتیەکانیش، کە ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە یارمەتیدان و بەهێزکردنی کەمالیستەکان، هاوڕای تورکەکان بوون. باڤلۆڤیچ کە یەکێك بوو لە هزرڤانە دیارەکانی ڕوس، لە ساڵی ١٩٢٤ گوتی : "تورکیا هەندێك چاکسازی ناوەخۆی پێشکەوتووخوازی ئەنجامداوە" بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەو هەوڵانەی پەسند کرد کە مستەفا کەمال بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی پێی هەڵسابوو[٤٣:٢٧٧].

لە ساڵی ١٩٢٤ حکومەتی تورکی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان، هەوڵەکانی خۆی چڕترو بەهێزتر کرد. لەمانگی ئەیلول شەش تیپی پیادەی نوێی نارد بۆ ژمارەیەك لە ویلایەتەکانی کوردستان. هەروەها فشاریان خستە سەر ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکانی کورد بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی هەڵنەبژێرنەوە [٢٢:١٠٥]. ئەو سیاسەتەی کەمالیستەکان کوردی ناچار کرد لە ترسی مانەوەو بوونی نەتەوایەتی خۆی، ئاوری شۆڕش دایسێنێ. ئەوە بوو لەساڵی ١٩٢٥ ڕاپەڕینێکی گەورەی کوردی دایسا، کە لە

مێژوودا بەڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران دەناسرێ، ئەگەرچی ئەم ڕاپەڕینە ڕەنگدانەوەی مەترسیەکانی کورد بوو لە لەناوچوون و تواندنەوە، هەر لایەك هەوڵیدا بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی وەریچەرخێنێ ! تورکەکان بەهەلێکی لەباریان زانی بۆ ئەوەی دەست بکەن بەرەشەکوژی کورد و سیاسەتە شۆڤینستیەکەیان ئەنجام بدەن، ئینگلیزەکان بەکارتێکی باشی تێگەیشتن بۆ ئەوەی لە دۆزی باشوری کوردستان - مەسەلەی موسڵ - لە دژی تورکەکان بەکاری بهێنن. وەك لاهوتی دەڵێ : "لەم زۆرانبازیەدا هەردوولا هەوڵیاندەدا تایبەتمەندیەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بیروباوەڕی جوێخوازی کوردی، بەشێوەیەکی زیرەکانە لەلایەن دیپلۆماتە ئینگلیزەکانەوە جۆش دەدرا، بۆ ئەوەی وەك چەكێك بە دەستیانەوە ببێتە ئەگەری لاوازی و شکستی سیاسەتی تورکیا لە میسۆپۆتامیا" [٥٥:١٥٥]. ئەم بارە ئاڵۆزە وایکرد، هەرچەندە ڕاپەڕینەکە نرکەیەکی دلێرانەی گەلی کورد بوو دژی چەوساندنەوەو زۆرداری کەمالیستەکان، زۆر لەخۆی گەورەتر بکرێت ! تا ببێتە پاساودانێك بەدەست تورکەکان و بەو پەڕی دڕندەییەوە بکەونە وێزەی کورد. ئەمەش لە ئەنجامدا بەدڵی تورکەکان وەرچەرخا، بەهاریکاری دەوڵەتانی هاوسێ و هاوپەیمان، بەدڕندەترین شێوە بەربوونە گیانی کوردی ستەمدیدە. سەرباری کوشتن و بڕین سڵیان لە هەتك کردنی ئابڕووی کچە کوردان نەکردەوە، وەك شەمزینی نوسیویەتی: "لە چەبەقچور ٢٨ کچی کوردیان گرت، کچەکان دران بە ئەفسەرەکان و پاشان بەسەربازەکان، ئینجا کە کاریان پێیان نەما، مەمکیان بڕین و لەناویان بردن" [٨٧:٢٨]. وەڵێ ئەو جەورو ستەمە دیماهی بە دۆزەکە نەهێنا، وەك پەرلەمانتارێکی تورك گوتی : "گڕی سووری ئەو شەڕانە دیماهی دۆزەکە نین، بەڵکو سەرەتای دەستپێکی خەباتی نێوان دوو ڕەگەزە، ڕەگەزی کورد، کە ئەوڕو پاییەکان وەکو خۆیان بە ئاری نەژادو ڕەگەزی تورك، کە بە مەغۆل نەژادیان دادەنێن" [١١٧:٢٨] ئیحسان نوری لەم بارەیەوە سەرسامی خۆی دەردەبڕێ، لەوەی کە تورکەکان دەڵێن : "ئێمە ئەو کوردانەی باکور کە داوای مافی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی دەکەن، هەموویان دەکوژین، هەموویان سەردەبڕین، ویلایەتی موسڵیش هەر دەگرینەوەو لەوێش بەهەمان دەردیان دەبەین" [١٠:٣٥]. ئەم کارانەی ئەتاتورك وای لە نووسەرێکی سویدی کرد مستەفا کەمال بە " باوکی لەناو بردنی ئیتنیکی دابنێت، بەڕای ئەو سوڵتانەکانی عوسمانی گەلێك

لەناسیونالی چنگ بەخوێن، مستەفا کەمال، شارستانی تر بوون" [٢٣:١٦٦]. تەنانەت تورکەکان ئەم ڕاپەڕینەی کوردیان کردە بیانگەیەك بۆ لێدانی بەرهەلستکارەکانی خۆشیان. لە مارتی ١٩٢٥ یاسای پاراستنی ئارامی کرایە ئامرازێك بۆ قەدەغەکردنی دەرچوونی ڕۆژنامەی بەرهەڵستکاران و، یانە کرێکاریەکان لە ئەستانە داخران، هەڵمەتی دەستگیرکردنی هەموو بەرهەڵستکارەکان دەستی پێکرد [١١٧ :١٥-١٦].

ئینگلیزەکان ئاگاداری هەموو ئەو ڕەفتارانەی کەمالیستەکان بوون، بێ دەنگ بوونیشیان نیشانەی ڕەزامەندیان بوو، لە تشرینی دوەمی ١٩٢٦ کاتێك هنری دوبس، کۆمیساری باڵای ئینگلیز لە عێراق، لە توفیق ڕەشید بەگ، شالیاری کاروباری هەندەرانی تورکی پرسی : کە ئایا نیازیان وایە کوردەکانی ئەناتۆلیاش ڕاگوێزنەوەو بەدەردی یۆنانیەکان و ئەرمەنیەکان بەرن؟ . زۆر بەڕاشکاوی وەرامی دایەوە : "کەوا تیوری فەلسەفی مێژوویی و سیاسی تورك زۆر ڕوونە. نازانم سیاسەتوانان خراوحاڵی بوون یا نایژنەون ! سەربەخۆی گشتی بۆ خەڵکێك کە لە ملوێنێك زێتر نین هەرگیز ناشێ، کوردەکان هەردەبی بەم جۆرە بەر فەرمان و چەوساوە بن" [٣٤:٥٤]. تورکەکان بۆ سڕینەوەی مێژووی کورد، زۆر توێژینەوەی وایان دەرخست کە باسی یەك ڕەگەزی کوردو تورکی دەکرد. بۆ پتەوکردنی بازنەی تواندنەوەکە، سیاسەتوانەکانیان پەنایان بۆ ئەوە برد جیاوازی ڕۆشنبیری و مەزهەبی، وەك پێداویستیەك لە سیاسەت ڕەتکەنەوە، کە بتوانێ داوای دامەزراندنی حیزب، یاخود بزاڤی سیاسی، یا ڕێبازی هزری بکات و کار بکاتە سەر بەهەڕمێن خستنی ئەو تایبەتمەندیانە لەنێو کۆمەڵگادا [١٠٩:١٠٩]. کەچی سەرباری ئەو هەوڵانەی کەمالیستەکان، هێشتا کورد لە کوردستان زۆرینەی پێکدەهێنا. لەو سەرژمێریەی لە ساڵی ١٩٢٧ ئەنجامدرا، کە بێگومان ساختەشی تیا کراوە ! ئەوەی دەرخست، "کورد لە ٧٧٪ دانیشتوانی ویلایەتی وان و ٧٥٪ ویلایەتی دیاربەکر و هەکاری ٦١٪ ویلایەتی مێردین و ٥٣٪ خارپوت پێکدەهێنین" [٩٢:٢٤٩].

سەرباری ئەم سیاسەتە کەمالیستیە ! باری ئابووری جیهانیش بەرەو نالەباری و تەنگژە دەچوو. لەو کاتەدا زەوی و زاریان لە کورد دەسەندو دەیاندا بە تورکەکان. هانی فەرمانبەرانی تورکیان دەدا بۆ کوردستان کۆچ بکەن، لە تەموزی ١٩٢٧ یاسای ژمارە (١٠٩٧)یان دەرکرد، بەپێی ئەم یاسایە، نزیکەی ١٤٠٠ خێزانی کورد گوێزرایەوە بۆ ناوچەکانی باکور،

هەروەها بەکاری سەخت مەحکوم کران [١٥٥:٣٤]. کە ئەمەش شێوازێك بوو بۆ لەناو بردنێکی لەسەرەخۆی ئەم خێزانە کوردانە. هەر لە هەمان ساڵدا، شالیاری ناوەخۆی تورکیا، لە ئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی، گۆڕینی شێوازی کارگێڕی لە کوردستان راگەیاند. بەگوێرەی ئەو یاسایە، ویلایەتەکانی خاربوت و روهاو بەدلیس و هەکاری و دیاربەکر و سیرت و مێردین بوون بەناوچەیەکی تایبەت، کە پشکنەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٢٩ یاسای ژمارە ١٥٠٥ دەرچوو کە بەپێی ئەو یاسایە زەوی کوردیان بەسەر تورك دابەشکرد [١٠٥:٢٤٩].

لە ٣٠ ئابی ١٩٣٠، بەبۆنەی کردنەوەی هێڵی شەمەندەفەری سیواس عیسمەت ئینونو رایگەیاند : "کە تەنیا تورك بۆی هەیە داوای مافی رەگەزنامەو ئەتنیکی بکا لەم وولاتەدا، هیچ رەگەزێکی تر ئەو مافەی نیە"، هەروەها گوتی : "ئەو یاخی بوونەی کە بۆ ماوەی پێنج ساڵە لە ئارادایە، تا ئێستاش لەناوچەکانی رۆژهەڵات بەردەوامەو لە دەرەوە ئاورەکەی خۆشدەکرێت، ئەمڕۆ نیوەی هێزی خۆی ونکردووە. تەنیا نەتەوەی تورك مافی دانانی یاسای هەیە لەم وولاتەدا، هیچ رەگەزێکی تر ئەو مافەی نیە، رۆژێکیش کە ئەو هێڵە دەگاتە سنوور هەموو یاخی بوونێك دەتوێتەوەو هەموو پلانێکیش بێ بەرهەم دەبێت" [٥١:٢٤٣]. عیسمەت مەبەستی لەم یاخی بوونە، راپەڕینەکەی ئاگری داغە. مستەفا کەمالیش لە ئەنجومەنی باڵای نەتەوایەتی تورك دەیگوت : "شادم لەبەردەمی ئێوە رابگەیەنم، کە نەمانهێلاوە و ناشهێلین، هیچ جۆرە شتێك دەرفەتی ئەوەی هەبێت ببێتە کۆسپ لەبەردەم نەتەوەکەمان، لەوەی بگاتە پلەیەکی بەرزی شارستانی و ئەو خۆشبەختیەی شایستەیەتی [٦١:٣٩]. دوای ئەوەی رێگایان نەدا کورد ببێتە کۆسپ لەبەردەم بە شارستانی بوونیان ! وەك لە ژمارە ١٢ ساڵی ١٩٣١ی دەنگ و باسی رۆژهەڵاتی نافین، دەربارەی هێرشی تورکە کەمالیستەکان بۆ سەر کورد هاتووە : "کەمالیستەکان لە کوردستاندا هەموو جۆرە چەکێکی تازەیان بەکارهێناوەو هەموو رێگایەکی خوێنرێژی و پیاو کوشتنیان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی بزاڤی ئازادیخوازی کورد کپ بکەنەوە. بە تۆپ و فڕۆکە گوندەکانیان بەتەواوی خاپوور کردو گاو گۆتاڵ و پەزی کوردانیان تاڵان کردو قڕیان خستە دانیشتوان، بەبێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان منداڵ و ئافرەتی بێ دەرەتاندا بکەن"[٢٦٣:٤١]. بەم جۆرە کەمالیستەکان هەوڵیاندا کورد بکەن بە تورك و کوردستانیش بە تورکستان. تەنیا لە ساڵی ١٩٣١، بڕیاریاندا، ١٠٠ هەزار تورکی بولگارستان و یوگسلافیا

بنێرنە هەندێك لەناوچە کوردیەکان، بە ئامانجی بەهێزکردن و زیندەکردنی ژمارەی دانیشتووە تورکەکان لە کوردستان [٨٣:٣٦]. بلەج شێرکۆ جوانی نووسیوە کە دەڵێ: " لەو رۆژەوەی تورك پێیان ناوەتە خاکی پاکی کوردستانەوە، ئارام و پشویان نەبووە بۆ لەناوبردنی زمانی کوردو نەتەوایەتیان و گاڵتە کردن بە کەلتوورو ئایین و خوورەوشتیان. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم تورکانە بۆ ئەوەی زێتر کورد لەهەرەمەکێتی و نەزانین نزیك بکەنەوە، هەموو دەرگاکانی زانین و شارستانیان لە روودا داخستوون" [١١:٣٤].

بەم جۆرە کەمالیستەکان، بەسوود وەرگرتن لە ململانێ نێو دەوڵەتی و ناوچەییەکەدا، بەشێکی گەورەی کوردستانیان لەبن دەستی خۆیان هێشتەوە، سەرباری ئەوەی وەك ئاماژەی پێکرا بەگەرمی کەوتنە تواندنەوەو لەناو بردنی کورد، هاوکات دەستیان کرد بە هاریکاری هێزە ناوچەیی و هاوسێکانیان بۆ ئەوەی ئەوانیش کوردەکانی خۆیان بەم دەردە بەرن. لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کورد، بو بە سیاسەتی رەسمی دەوڵەتی تورك، ئەو یاسایانەی لە ساڵانی ٣٠ دا دانران، بەتایبەتی دوای سەرکوتکردنی راپەرینی ئاگری داغ، کوشتنی گیانی نەتەوەیی کوردو هووشیاریيانی رەچاو کردبوو [١٩٧:٨] ئەمرۆشی لەگەڵدابێت، تورکەکان هەمان سیاسەتی کەمالیستی بەرامبەر کورد پیادە دەکەن.

باسی دووەم : ململانێی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی عەرەب لەسەر کوردستان

بیری نەتەوە پارێزی لای عەرەب، وەکو هەموو نەتەوەکانی تری بن دەستی عوسمانیەکان، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرەو پێشوەچوون دەچوو. ئەوانیش وەکو گەلانی تر کەوتبوونە دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی.

لاوە عەرەبەکان لە ١٨ حوزەیرانی ١٩١٣ لەژێر سایەی فەرەنگەکان کۆنگرەیەکیان گرێدا. ئەمەش یەکەمین ڕاگەیاندن بوو لەلایەن عەرەبەکانەوە بۆ چوونە پاڵ هاوپەیمانان دژی دەوڵەتی عوسمانی [٢١١:٣٠]. لەو سۆنگەیە بوو ئینگلیزەکان دواتر داکۆکییان لەعەرەب دەکرد. بۆ وێنە کاتێك "عەزیز میسری" لەلایەن عوسمانیەکانەوە دەستگیر کرا. ڕۆژنامەی تایمز لە یەکێ لە ژمارەکانی نووسی : "ئەگەر زوڵم لەو ئەفسەرە عەرەبە ئازایە کرا، ناتوانرێ لەوە زیتر سالوخدان بکرێ، کە تاوانێکی کوشتنەو بەرگی یاسایی پۆشیوە. ئەمەش کاریگەریەکی ترسناکی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان عوسمانی و میسریەکان دەبێت. لەوانەیە کاریگەریەکەشی بەتەنیا لەسەر پەیوەندیەکانی ئەم دوولایەنە نەوەستێ ! [١٣٢:١٥٠].

کە جەنگی جیهانی یەکەم دایسا، نەتەوە بن دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بێ دەستی خۆیان کەوتنە نێو داوی ئەم جەنگەوە. لەبەر ئەوەی عوسمانیەکان بەسەرداری جیهانی ئیسلامی حسێو دەکران، ئەڵەمانەکان هەوڵیاندا لەپاڵ خۆیاندا بیانخەنە جەنگ. ئینگلیزەکانیش بۆ ئەوەی ئەم هەوڵەی ئەڵەمانەکان چرووك بکەن لە ساڵی ١٩١٥ کەوتنە خۆ نزیك کردنەوە لە عەرەبەکان. دەستیان بەنامە گۆڕینەوە کرد لەگەڵ حوسێنی شەریفی مەکە. کە لە تەموزی ١٩١٥ تا مارتی ١٩١٦ خایاند. حوسێن لە دانوستانەکەی لەگەڵ ئینگلیزەکان پشتی بە پەیمانی میللی (**میثاقی میللی**) عەرەبەکان بەست، کە "کۆمەڵەی لاو" و "کۆمەڵەی عەهد" تەیاریان کردبوو. داوایان دەکرد بەریتانیەکان دان بەسەربەخۆیی وڵاتی عەرەبدا بنێن، کە سنوورەکەیان بەم جۆرە دیاریکردبوو، لە باکورەوە هێڵی مارسین - ئەدەنە، هاوتەریب لەگەڵ هێڵی پانی ٣٧ باکور، پاشان لەگەڵ سنووری ئێران تا دەگاتە کەنداوی فارس، لە خوارەوەش تا ئۆقیانووسی هیندی، بەهەڵاویردنی عەدەن. لە ڕۆژئاواشەوە بەدرێژایی دەریای سوور و پاشان دەریای سپی تا دەگەیشتەوە مارسین [٣٥٥:٨٣].

کاتێك شەریف حوسێن لە بەهاری ١٩١٥ خەریکی دانوستان بوو لەگەڵ ئینگلیزەکان، فەیسەڵی کوڕی بە سەرۆکایەتی نێردەیەك ناردە لای دەسەڵاتدارانی تورك و مل کەچی خۆی بۆ دوپات کردنەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بچێتە ناوەوەی رای گشتی عەرەب لەو شوێنە کە شوێنێکی گرنگی پڕوپاگەندە بوو [١٥٨: ١١٦-١١٧]. بەم جۆرە وەك یەکێك لە نوسەرەکان دەڵێت : "شەریف حوسێن جیهانی خستبووە سەرسامیەوە. لەلایەك ئاڵای ئینگلیزی بەرز دەکردەوە، لەلایەکی تر سەربەخۆی خۆی رادەگەیاند. هاوکات لە مزگەوتەکان ووتاریان بەناوی عوسمانیەکان دەخوێندەوە!"[٣٣٥: ٦٩١-٦٩٢].

راکێشانی عەرەب بۆ ئینگلیزەکان بایەخێکی گەورەی هەبوو، بۆیە ئامادەی خۆیان نیشاندا بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی داواکانیان. لەو نامەیەی مەکماهون لە ١٩١٥/١٠/٢٤ بۆ شەریف حوسێنی نارد، تیایدا باسی ئەوەی دەکرد کەوا لەو ناوچانەی بەریتانیەکان تیایدا ئازادن، بەبێ ئەوەی گوێ بە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکەیان، واتە فەڕەنگەکان بدەن، دەسەڵاتی پێدراوە، کە بەناوی حکومەتی بەریتانیا، عەرەبەکان دڵنیا بکاتەوە، ئەگەر مل کەچی ئەو گۆڕانانە بن کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کردبوو، ئینگلیزەکان ئامادەن دان بەسەربەخۆی عەرەبدا بنێن، لەو ناوچانەی شەریفی مەکە سنوورەکەی دیاریکردبوو، هەروەها ئامادەیی بەریتانیای دەربڕی بۆ یارمەتی دانیشیان [٣٤٩: ١٢-١٣]. بێگومان داواکاریەکانی شەریفی مەکەش، وەك ئاماژەی پێکرا، بەشێکی گەورە و گرنگی کوردستانی دەگرتەوە. لەو کاتەوەش کوردستان شوێنێکی گرنگی لە دانوستانەکانی نێوان عەرەب و ئینگلیزەکان داگیر کرد.

شایەنی باسە، ئینگلیزەکان لەکاتێکدا لەگەڵ عەرەب خەریکی دانوستان بوون، هاوکات لەگەڵ فەڕەنگ و دواتریش روسەکان دانوستانیان دەکرد، بۆ پارچە کردنی دەوڵەتی عوسمانی، کە ناوچەی عەرەبەکانیشی دەگرتەوە. بەم جۆرە پەیماننامەی سایکس-پیکۆ مۆرکرا. کە هەمدیس، بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیەش، بەشێکی کوردستان خرایە سەر ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە دەبوایە لە ناوچەکانی B و A دابمەزرێن [٢٣٧]. ویلسن دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی لە میسۆپۆتامیا نووسیویەتی : "کاتێك پلانی دامەزراندنی حکومەتێکی عەرەبی لە میسۆپۆتامیا دارێژرا، هێشتا بەغدا نەکەوتبووە بن دەستمان. لەکاتێکدا عەرەبەکانی میسۆپۆتامیا خۆیان بەبەشێك لەدەوڵەتی تورکی دادەنا، لەهەر شێوەیەك لە شێوەکانی ئۆتۆنۆمیان، لەژێر سایەی سوڵتان زێتر داوا نەدەکرد" [١٢٨:١٤٩]. دوای داگیرکردنی بەغدا، مود بەیاننامەکەی بڵاوکردەوەو دواتریش لەشکری ئینگلیز بەرەو کوردستان هەڵزنا،

چاو ساغ و سیخوڕەکانی ئەڵمان و تورك، ڕووداوەکانیان وا بۆ کورد ڕوون دەکردەوە، کە ئینگلیزەکان خۆیان بۆ ئەوە تەیار دەکەن، کورد بخەنە بن دەستی عەرەب و هیچ نیازێکیان نیە دان بەمافەکانی ئەواندا بنێن [٤٦:٦٦٤].

ئەو کاتەی عەرەبەکان چاویان بڕیە خاکی کوردستان، بەسەرەتایەك دادەنرێ بۆ دەست پێکردنەوەی ناکۆکی نێوان کوردو عەرەب لەسەردەمی نوێدا. ئینگلیزەکان لەم ململانێیەدا پاڵپشتی عەرەبەکانیان دەکرد. چونکە بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ عەرەب یەکی دەگرتەوە. لەو سۆنگەیەش بوو، کاتێك عیزەت مەدفەعی، لەکاتی جەنگدا بە نوێنەرایەتی شێخ مەحمود چووە لای ئینگلیز، چ لەبەغداو چ لە کەرکوك، پێیان گوت پێویستە ئێوە پەیوەندی بە شەریف حوسێن بکەن لە حیجازو لەرێگای ئەوانەوە داخوازیەکانی خۆتان پێشکەش بکەن [٤١:٣٦٧].

هەر بەچەند ڕۆژێك دوای ئاگر بەستی مودروس، شالیارگەی هیندستان بروسکەیەکی بۆ ویلسن نارد، پێیان ڕاگەیاند ئەو توانایە هەیە سەرنجی هاوڕێ عەرەبەکانیان بۆ ئەوە ڕابکێشن کە نایانەوێ جێیان بهێڵن و هەرگیز واز لەو کارە گرنگە ناهێنن کە دەستیان پێکردبوو. لەهەمان کاتدا ئەوەی تیا ڕوونکردبوەوە کە ئەوان بایەخ بە چارەسەری لەبارترین حکومەت دەدەن بۆ ئەم وڵاتە [٢١٠:٧٣]. هەر لەپێناو دیاریکردنی باشترین شێوازی حکومەتیش، شالیارگەی هیندستان بروسکەیەکی تری بۆ ویلسن نارد، تیایدا داوایان لێکرد کە ڕای گەلی میسۆپۆتامیا دەربارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە وەرگرێ : ١- ئایا دامەزراندنی یەك دەوڵەتی عەرەبی پەسند دەکەن، لە سنووری باکوری ویلایەتی موسڵ تا دەگاتە کەنداوی فارس لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا ؟. ٢- ئەگەر وابێ، ئایا وای دەبینن کە ئەو دەوڵەتە عەرەبیە لەبن فەرمانڕەوایی میرێکی عەرەبی بێت ؟. ٣- لەم بارەیەوە کێ لە میرەکانی عەرەب پێشنیار دەکەن ؟ [٥:٢٢٣]. ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هەر لەو کاتەوە شالیارگەی هیندستان، سنووری باکوری ویلایەتی موسڵی، کە دەکاتە باشوری کوردستان، کردۆتە سنووری باکوری ئەو دەوڵەتە عەرەبیەی گەرەکیان بوو لە میسۆپۆتامیا دایمەزرێنن. لەکاتێکدا دڵنیابوون خەڵکی ئەم دەڤەرە هەرگیز فەرمانڕەوایی عەرەبیان قبوڵ نیە، لەم بارەیەوە لیچمەن لە ٢٢ کانونی یەکەمی * ١٩١٨ ڕاپۆرتێکی نووسی، کە تیایدا هاتبوو : "دەربارەی هەڵوێستی خەڵکی ویلایەتی موسڵ، هەموو دیانەکان لایەنگری سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەریتانیەکان

---

* دەربارەی ئەو ڕاپۆرتە، فاضل حسین لەکتێبەکەیدا "مشكلە الموصل" دەیگەڕێنێتەوە بۆ ٢٢ ئەیلول کەچی ویلسن لەبەرگی دووەمی کتێبەکەیدا ٢٢ کانونی یەکەم، بەمێژووی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە دادەنێ، لەبەر ئەوەی خۆی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە، مێژووەکەی ئەومان بەڕاستتر زانی.

دەکەن، لەوانەش کلدان و کاثۆلیکە کان. کە پێشتر لایەنگری فەڕەنگەکان بوون، ئێستا لە ترسی فەرمانڕەوایی عەرەبی هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوە. هەروەها یەزیدیەکانیش لەهاتنی فەرمانڕەوای دیرئەلزور ترسان، کە نوێنەری شەریف حوسێن بوو، بۆیە بەشێوەیەکی رەسمی داوایان کرد دەڤەرەکەیان نەخرێتە بن دەسەلاتی پیاوێکی موسڵمان، هەروەها کوردەکان کە نیوەی ئەم دەڤەرەو سێیەکی ویلایەتی موسڵیان پێکدەهێنا دژی عەرەب بوون" [۳۳۰:۱۲۹]. واتە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، بەجیاوازی ئاینیەوە دژی دەسەلاتی عەرەب بوون. ویلسن خۆشی کاتێك لەهەمان مانگدا سەردانی سلێمانی کرد، دەڵێ: "بەشێوەیەکی گشتی هەموویان پاراستنی بەریتانیان دان پیا دەناو بە پێویستیان دەزانی، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بەتێرو تەسەلی و بە ئارامی بژین، هەندێکیان داوایان کرد کوردستان راستەوخۆ لە لەندەنەوە بەڕێوە ببرێت" [۱۹۰:۱٤۰]. وەلێ ئینگلیزەکان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان، گوێیان نەدایە رای خەڵکەکە. هانی کەمینەی عەرەبی سوننیان دا بۆ ئەوەی دەسەلاتی ئەو دەوڵەتە عەرەبیە بگرێتە دەست، کە کاریان بۆ دامەزراندنی دەکرد. بۆیە بزاڤی نەتەوەیی عەرەب لەعێراقدا لەنێو عەرەبی سونیدا سەری هەڵدا و پەرەی سەند، کە هەر لەسەرەتاوە بزاڤێك بەرامبەر شیعە تایفەگەرو بەرامبەر کوردو رەگەزەکانی تریش شۆڤینست. بۆیە بزاڤی ناسیونالیستی عەرەب، کە لە هەمێزی ئینگلیزەکان فراژی بوو، هیچ توخمێکی رۆشنگەری و نوێخوازی بەخۆوە نەگرتبوو [۱۸۷:۲۳].

بەم جۆرە بیری ناسیونالیستی توندڕەوی عەرەب ووردە ووردە لەگەڵاڵە کردن و پەرەسەندن دابوو. لە زستانی ۱۹۱۹ کۆمەڵەی "عەهد" کە لقێکی لە میسۆپۆتامیا کردەوە، ئامانجی سەربەخۆی میسۆپۆتامیا و بەستنەوەی بە سوریاوە بوو، لەسایەی بنەماڵەی هاشمیەکان لە حیجازە ئەو کۆمەڵەیە لەژێر سەرکردایەتی یاسین هاشمی بوو، دواتریش فەیسەڵ کەوتە بن کاریگەری ئەم کۆمەڵەیە [۱۳۰: ۱٦-۱۷] بۆیە لەو یاداشتنامەی کە لە ۲۹ کانونی دووەمی ۱۹۱۹ پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کرد، داوای سەربەخۆیی زۆربەی گەلانی ئاسیای کرد، ئەوانەی بەعەرەبی داخێون و لەباشوری هێڵی ئەسکەندەروونەو ئامەد (دیاربەکر) نیشتەجێن. بەگوێرەی ووتەکانی ئەو، هەموو گەلانی ئەم دەڤەرە بەعەرەبی داخاوتن ! یەك رەچەڵەکی سامیشیان هەبوو، رەگەزەکانی ناعەرەبی بە ۱٪ دانیشتوان دادەنا ! بەم لە گوینە فەیسەڵ بە ئاشکرا باشورو باشوری رۆژئاوای کوردستانی بە عەەرەبستان و خاکی عەرەب دادەنا، داوای لکاندنیانی دەکرد بەو دەوڵەتە عەرەبیەی هاوپەیمانەکان بەڵێنی دامەزراندنیان پێ دابوو [۱۵۰:۲۵۵] ئەم داوایەی (فەیسەڵ)یش کت و مت داواکانی کۆمەڵەی "عەهد" بوو. کە سنووری سروشتی میسۆپۆتامیایان بۆ سێ ناوچە پارڤە دەکرد. باکورو ناڤین و باشور. سنووری

باکور، که سنووری فورات بوو، دەکەوتە باکوری دیرئەلزوورو کەناری دیجلە، لەنزیك باکوری "ئامەد"ەوە تا کەنداوی بەسرە بوو. هەردوولای دیجلە و فوراتی، لەدەستە راست و دەستە چەپیش دەگرتەوە، کە بە کۆسپی سروشتی سنووردار بوون [٤٨:٢١٠].

هەر بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکو دژی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیش کەوتنە کار، کاتێك شێخ مەحمود لە حوزەیرانی ١٩١٩، لەشەڕی دەربەندی بازیان بە برینداری بەدیل گیرا. لێپرسراوە عەرەبەکانی بەغدا، هەمان رای ویلسنیان هەبوو، کە شێخ مەحمود لێبوردنی بۆ دەرنەچێ، چونکە پێیان وابوو بە لە سێدارەدانی، ئارامی لە باشوری کوردستان دەچەسپا [١٩:١٤٥]. هەروەها دواتریش لە کۆنگرەی سوریا، کەلە ٨ مارتی ١٩٢٠ بڕیاری لەسەر درا، لە یەکەمین بەندیدا هاتبوو : "دەوڵەتی سوریا لە هەموو ئەو زەویانە پێکدێت کە لەبن مانداتی فەرەنگسیدا بوو" [٧٦:١٧٠]. واتە بەشێکی زۆری رۆژئاوای کوردستان، کەبەر ماندانی فەرەنگسی کەوتبوو، بەخاکی عەرەبانیان حسێو کرد. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو حکومەتە عەرەبییەی لەدوای جەنگەوە لە سوریا دامەزرابوو، بەچاوێکی تژی گومانەوە سەیری کوردیان دەکرد. بەو پێیەی کورد لە جەنگدا پشتی عوسمانیەکانیان گرتبوو. ئەو رەگەز پەرستیەی عەرەب وایکرد، کاتێك فەرەنگەکان گەڕانەوە دیمەشق، کوردەکان بەخۆشحاڵیەوە پێشوازیان بکەن [٧٩:٧٨].

سەرباری ئەو نزیك بوونەوەی نێوان ناسیونالیستەکانی عەرەب و ئینگلیزەکان. نەشیان رێگا لەو هەڵچوونە جەماوەریە بگرن، کە لەئەنجامی تێکچوونی باری ئابووری لەلایەك و سەرهەڵدانی دژایەتیەك لەنێوان عەقلیەتی عەشایری عەرەبی لەلایەکی تر کە شێوازی کارگێڕی نوێی ئینگلیزەکانی بۆ قوتنەدەدرا، بووە سۆنگەی دایسانی ئەو راپەڕینەی کە لەمێژووی نوێی عەرەبدا بە شۆڕشی بیست ناسراوە. هەرچەندە هێزە عەشایریەکانی عەرەب بەو پەڕی درندەییەوە رەفتاریان لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز دەکرد، وەلێ ئینگلیزەکان لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئەو رەفتارانەیان دیزە بەدەرخۆنە دەکردو دەیانشاردەوە. وەك "گاربیت" راوێژکاری دارایی بەریتانیەکان بۆ یەکێك لە رۆشنبیرانی عەرەبی گێڕایەوە، عەرەبەکان وەکو پەز ژمارەیەك لە ئەفسەرانی ئینگلیزیان سەربڕی، دەست و قاچیان لێکردەوەو لەت لەتیان کردن، ئەوان خۆیان زیتر لە دە تەرمیان بەم شێوەیە بینیبوو. لەگەڵ ئەوەش، وەك گاربیت دەڵێ : نەیانگوت عەرەبەکان بەم جۆرە بەشەڕ دێن. بەڵکو بەخێزانی کوژراوەکانیان گوت، بەئاهەنگ و رێزلێنانی پێویستەوە تەرمەکانیان ناشتووە![٦٣:١٨٥].

لەوانەی سەرکردایەتی ئەو راپەڕینەیان کرد، دوو ڕێکخراوی تیابوو، "حارس الاستقلال" و "**الاخطل العراقي**" . ئەو ڕێکخراوانە کە هەوڵی سەربەخۆییان دەدا ! لەهەمان کاتدا دژی ئەوە بوون هیچ جۆرە مافێکی خۆ بەڕێوەبردن بۆ کورد دابین بکرێ، داوای ئەوەیان دەکرد ئەو دەڤەرانەی کوردیان تیا نیشتەجێیە، بخرێتە پاڵ دەوڵەتی عەرەبی لە عێراق [١٥٦: ١٢٣-١٢٤]. ململانێی نێوان زلهێزەکان لەو دەڤەرەدا، لە بەرژەوەندی عەرەبەکان دەشکایەوە. ئەگەرچی دەوڵەتەکەی فەیسەڵیان لە سوریا لەناو برد، وەلێ دواتر زۆر بەزێدەوە قەرەبویان بۆ کردەوە.

ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە میسۆپۆتامیا بشارنەوە، بەلەزی دەستیان کرد بە دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی. هەر لەگەڵ دامەزراندنی ئەو حکومەتە کوردەکان دژی وەستان. سەرکردەکانی کورد هەوڵیاندەدا بڕوا بەگەلی کورد بهێنن کە ئینگلیزەکان ئەو حکومەتە عەرەبییەیان بەو نیازە دامەزراندووە کوردستانی بۆ مل کەچ بکەن و فەرمانبەری عەرەبی تیا نیشتەجێ بکەن. هەروەها ئەوەیان ڕوونەکردەوە کە ئەو کەرەستانەی ئینگلیزەکان لە کوردستان دەستیان دەکەوێ بۆ عەرەبەکانی دەنێرن لە میسۆپۆتامیا [٢٥٥: ١٠٠]. شایەنی باسە بەتەنیا ئینگلیزەکان پشتگیری عەرەبەکانیان نەدەکرد، بەڵکو تورکەکانیش دژیان نەبوون ! پەیمانی میللی (**میثاقی میللی**) تورکی کە کوردستانی بەبەشێکی جوێنەکراوە لە دەوڵەتی تورك دەزانی! کەچی وەك شالیاری هەندەرانی تورك گوتی : بەگوێرەی دەقەکانی پەیمانی میللی (**میثاقی میللی**) گەلی عەرەب مافی چارەی خۆنووسینی هەبوو ! ئازاد بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی، هەرچۆنێکی گەرەك بوایە حکومەتی خۆی هەڵدەبژارد. هیچ کەسێك مافی ئەوەی نەبوو دەسەڵاتداری بێت [٤٧:١٧٠]. تورکەکان دەیانویست وا نیشان بدەن کە لە عەرەبەکان بێزارن. مستەفا کەمال پێی وابوو گرنگترین ئەگەری ڕاستەوخۆ لە دواکەوتنی تورکەکان، هێنانە ژێر ڕکێفی عەرەب بوو![٧٨:١٣٩]. کەچی لە ڕاستەقینەدا ئەمە پەیوەندیەکی پتەوی بەخودی ململانێیەکەو تەنانەت دامەزراندنی بزووتنەوەکەی "مستەفا کەمال"یش هەبوو [٢١١].

کورد لەبەر ئەوەی هەرگیز خۆی بەبەشێك لەو دەوڵەتە عەرەبیە نەدەزانی، بەشداری لەو حکومەتە کاتیە نەکرد کە بەسەرۆکایەتی گەیلانی دامەزرا. لەگەڵ ئەوەش هەڵوێستی دژ بە حکومەتی کاتی لەلایەن کورد، بەدڵی ئینگلیزەکان بوو. پاساودانێك بوو بۆ ئەوەی هێزەکانیان لەبەغدا بهێڵنەوە، هاوکات لەگەڵ ئەمەش، تا بەدانی سەربەخۆیی بەکورد، هەڕەشە لە حکومەتی

عەرەبی بکەن ! [٢١٦:٢٥٥]. ئەو حکومەتە عەرەبیەی کە دامەزراندنی بەگوێرەی ئینگلیزەکان، وەك مس بیل دەیگوت : "دۆزی ناموس و کەرامەت بوو!" [٥٥:١٨٥]. لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکە عەرەبە رەشۆکەکەش نەیاندەزانی حکومەتی عەرەبی چیە ! ئەمەش بە ئاشکرا بۆ جافەر عەسکەری روونبووەوە کاتێك لە کانونی یەکەمی ١٩٢٠ گەشتێکی کرد، بەدرێژایی فورات تا ناسریە، بۆ ئەوەی رای شێخەکان بزانێ دەربارەی ئەو حکومەتەی گەرەکیان بوو دایمەزرێنن. بینی زۆربەیان بایەخ بەم دۆزە نادەن. تەنانەت تورکیان لەخەڵکی تر بەباشتر دەزانی. چونکە لەمێژ بوو دەیانناسین ! [٦٦:٩٠].

لێپرسراوەکانی عەرەب، بەشێکی زۆریان، بەحکومەت و بەرهەڵستکارەوە، داردەستی ئینگلیزەکان بوون. کاری بەکام لایان بوایە، بە ئارەزووی خۆی و بەگوێرەی تاکتیك و بەرژەوەندیەکانی خۆی گەمەی پێدەکردن. هەردوولاش، بە حکومەت و حیزبە بەرهەڵستکارەکانەوە هاوبیر بوون لەدابڕینی باشوری کوردستان و لکاندنی بە میسۆپۆتامیاوە. هاوکات دژی هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی کورد بوون.

حکومەتی کاتی عێراق، هەر لە دامەزراندنیەوە، بەفیتی ئینگلیزەکان کەوتە داواکردنی باشوری کوردستان. لەکاتێکدا کە توانای پاراستنی خۆیان نەبوو. وەك لە یەکێك لە بەڵگەنامە بەریتانیەکان هاتووە : "ئەگەر هێزی ئاسمانی ئێمە فریای سوپای عێراق نەکەوێ، بەرگەی پاراستنی وولات ناگرێ"[٤٢: ١٨٥-١٨٦]. سەرباری ئەو بێ هێزیەش، دەبینین لە ٧ مارتی ١٩٢١، واتە تەنیا پێنج رۆژ بەر لەدەست پێکردنی کۆنگرەی قاهیرە، ئەنجومەنی شالیاران بڕیاری ئەوەی دەرکرد کەوا پێویستە ناوچەی سلێمانی بە میسۆپۆتامیا ببەسترێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا، وەك گۆڵد سمیث، فەرمانڕەوایی سیاسی سلێمانی لە ١٤ ئایاری هەمان ساڵدا، بۆ کۆمیساری باڵای نووسی : "کوردەکان، تەنانەت دژی یەکیەتیەکی مەرجداریشن لەگەڵ عێراق" [٣٣:٣٠٠].

وەك ئاشکرایە لەسەر داوای چەرچل، شالیاری کۆلۆنیالەکان کۆنگرەی قاهیرە بەسترا، بۆ ئەوەی هێڵە بنەڕەتیەکانی سیاسەتی بەریتانیا لە رۆژهەڵات نەخش بکەن. بۆ کوردستان لیژنەیەکی تایبەتی رێکخرا بەناوی لیژنەی کوردستان بەسەرۆکایەتی خودی چەرچڵ و شەش ئەندامی تر، لە لیژنەکەدا ئەندامان بوون بەدوو بەش بەشی سەرەکی کە پێك هاتبوون لە چەرچڵ خۆیو لۆرانسی عەرەب و مێژۆر نوئێل و مێژۆر یۆنگ ئەمانە بە ڕاشکاوی داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی تایبەتیان دەکرد هەرچی کۆکس و مس بیڵ بوو ئەوانە لەگەڵ لکاندنی

باشوری کوردستان بە میسۆپۆتامیا بوون ، کەچی سکرتێری لیژنەکە مستەر پادۆك دەنگی نەدا. سێر پێرسی کۆکس لەو باوەڕەدابوو کە ئەم ناوچانە بەشێکن لە عیراق، بەتایبەتی لەڕووی ئابووریەوە ئەو لەگەڵ خاتوو مس هاوباوەڕ بوو کە بەشێك لەم کوردانە ئامادەن بەشداری لە هەڵبژاردنی گشتیدا بکەن بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئەو بەگومانبوو لەهەڵوێستی دانیشتوانی سلێمانی لەم ڕووەوە، هەرچی یونگ بوو ووتی پێویست بە چاوەڕوانی ناکات و هەر لە ئێستاوە فەرمانڕەوایی بەکوردان بدرێت کە ڕاستەو خۆ لەژێر دەسەڵاتی کۆمیسیاری باڵای بەریتانیدا بێت و بەم چەشنە ناوچەکە سەربەخۆ بەڕێوە بچێت بەڵام نوئێل پێی وابوو کە بریارەکە بۆ ماوەی شەش مانگ دوا بخرێت دوا بخرێت ئەوسا کوردەکان خۆیان بڕیار بدەن لەسەر بەشداربوون لەگەڵ عێراقدا (پاشکۆی ژمارە-١ب).

لەم کۆنگرەیەدا ڕێگایان بەنوێنەری عێراق دا بەشداری بکات، وەلێ ڕێگای کورد نەدرا، هەرچەندە بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی بەستنی ئەو کۆنگرەیان کرد [١٣٨:٢٠٣]. هەر لەو کۆنگرەیەشدا دوو بڕیاری چارەنووس ئامێز درا، یەکەمیان هێنانی فەیسەڵ بوو، دووهەمیان هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانی بۆ بەرگری لە ئاسایشی ناوەخۆی عێراق، بەرپرسیەتی سوپا بگرێتە ئەستۆی [١١٠:١٨٤]. بێگومان پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆی عێراق بەهێزی ئاسمانی بەریتانی بەشێوەیەکی زەق ئەوەی دەگەیاند کەوا ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو هاریکاری حکومەتی عەرەبی بکەن، بۆ لێدان و سەرکوتکردنەوەی بزاڤی نەتەوەیی کوردی. چونکە باشترین ڕێگا بۆ مل کەچ پێکردنی چیا سەختەکانی کوردستان، هێزی ئاسمانی بوو. هەر لەو کۆنگرەیەشدا پرسی کۆکس گوتی : "کوردستان بەشێکی تەواوکەری عێراقە" [١٤٦: ١٨٦-١٨٧]. هەرچی دەربارەی فەیسەڵ بوو، بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کۆنگرەی قاهیرە، دوای ڕاپرسێکی ساختە، زۆرینەیەکی بێ وێنەی وەدەست هێنا. ئەمە لەکاتێکدا ناوچەی سلێمانی بەشداریان لەو ڕاپرسە نەکرد، ناوچەی کەرکوك ٤٪ بەشداریان کرد ئەوانیش لایەنگری فەیسەڵ نەبوون، کوردەکان داوای کارگێڕیەکی پوختەی کوردیان کرد [١٠٩:١٨٤]. بۆ وێنە ناوچەی پردێ لە ١٥٠٠ دەنگ، کەس دەنگی پێی نەدا، لەناوچەی شوان لە ١٢٦٣ کەس هیچ دەنگێکی وەدەست نەهێنا، لەناوچەی تاووخ لە ١٠ هەزار کەس، تاکە دەنگێکی نەهێنا ! [١٠٠:١٦٣]. هەرچەندە ئەم سەر ژمێریانەش دەوڵەتیەو ناڕاستی زۆر تیایە !

بەم جۆرە لە ٢٣ ئابی ١٩٢١ فەیسەڵ کرا بە پاشای عێراق، وەك ڕۆژنامەی "دەیلی هێرالد" نووسی : "فەیسەڵ لە پرێك، لە گۆڕەپان و لەنێو ئەستوندەکان کرا بە پاشا. بە ئامادەبوونی فەرمانبەرە ئینگلیزەکان و ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێکانی. لەدواوەشی بەتالیۆنێکی پیادەی بەریتانی وەستا بوو، نێزەکانیشیان لەو پەڕی ئامادە باشی دابوو". هەروەها مس بیل گوتی : هەفتەیەکی پڕ لەترس ژیاین، وەلێ بەرامبەر ئەمەش تاجمان نایە سەری پاشاکەمان ! من

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

گەر ئاشتییەکی گشتیی، لە ناوەندا ئەنجامدرێ، کورد لەو پرۆسێسە ئاشتییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێنەخوێندرێتەوە، ئەوا لە پاشەڕۆژدا، کاسەکە تەنیا لە سەری کورددا دەشکێ. چونکە، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، هەر جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی و ڕامیاریی سەردەربێنێ، هەر شۆڕشێکی چەکداریی بەرپابێ، دیارە باری هێمنیی ناوچەکە دەشڵەقێنێ، کۆسپێکی گەورە لە بەردەم، بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بەرەی خۆراوادا فووتدەکاتەوە. بۆیە ئەوانیش، جوڵانەوەکە بە جوڵانەوەیەکی تیرۆریستیی و سەرانی ڕێکخراو و شۆڕشەکەش، بە ئاژاوەچیی و گێرەشێوێن نێوەزەددەکەن، بە هەمووشیان دژی ڕادەوەستن و سەرکوتیدەکەن.

THE MAIN KURDISH PROBLEMS

BY

Dr. HUSSEIN M. A.

2000 (2700 K)